**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**پەرلەمانی**

**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢٧

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠٢٢)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

بەرگی: ١٢٧

چاپی یەكەم: ٢٠٢٣

تیراژ: ٢٥٠

پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن

ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب، عورفي فقی.

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧) ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – چوارشه‌ممه ٢٠٢٢/٦/٢٢ ل ٥
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨) ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – پێنج شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/٢٣ ل ١٣٧
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩) ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – دوو شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/٢٧ ل ٢٤٣
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠) ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/٢٩ ل ٢٨٥

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی
چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٢\٦\٢٢
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)
## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٢

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨)، بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی یاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٢) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە، پشت بەستن بە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٢-پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٣-دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).

دووەم: پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی لە بازاڕی ناوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.

٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردن و ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و تەواو نەکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە وادەی یاسایی دیاریکراو و ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

شەشەم: دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان (کاروان عبدالرحمن عبدالله) لە ئەندامییەتی لە لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی، (سروان محمد علی) لە ئەندامییەتی لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی وەرزی بەهارە، ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو، ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨)، بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی یاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٢) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە، پشت بەستن بە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٣- دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).

دووەم: پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
سێیەم: پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.
چوارەم: پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی لە بازاڕی ناوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.
٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پێنجەم: خستنەروو و گفتوگۆکردن و راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی پڕۆژەکانی رێگاوبان و تەواو نەکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە وادەی یاسایی دیاریکراو و ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
شەشەم: دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان (کاروان عبدالرحمن عبدالله) لە ئەندامییەتی لە لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی، (سروان محمد علی) لە ئەندامییەتی لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠) بەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١٥) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی یەکەم و سێیەمی بەرنامەی کار بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی ئەندامانی پەرلەمان.
پێنجەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ هەردوو پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
شەشەم: دواخستنی خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢).
حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەرمەبنای ماددەی (٤٨) یەکەم: داوا لە بەڕێزتان دەکەم دەنگ بدەن لەسەر ئالوگۆڕکردن لە نێوان بڕگەی یەکەم و شەشەم، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ چونکە دەمانەوێت ئەوانەی پێویستیان بە دەنگدان دەبێت بیانخەینە سەرەتا، زۆر سوپاس پەسەندکرا، بڕگەی یەکەم جێ بەجێ دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (کاروان

عبـدالرحمن عبـدالله)یە لە ئەنـدامیەتی لیـژنەی پەیوەنـدیەکان و ڕەوەنـدی کوردسـتانی بـا بفەرمووێت دەست بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس پەسەندکرا، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ دەست لە کارکێشانەوەی پەرلەمانتار (سروان محمد علی)یە لە ئەندامییەتی لیژنەی کاروباری پەرلەمان وسکالا بفەرمووێت دەست بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس پەسەندکرا، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین، ئەوەی دەنگدانی بووێت تەواوی دەکەین، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بێن بۆ شوێنەکەی خۆیان، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای پاراسـتن و چـاککردنەوەی ژیـنگە لە هەرێمـی کوردستان_عێراق، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، ئەم پڕۆژە یاسایە لە چوار مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچووانـدن، داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاسـتەی لیـژنەی تەندروسـتی و لیـژنەی یاسـایی و سـەرجەم ئەنـدامانی پەرلەمان دەکرێت، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای دووەم، پـڕۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای نەوت گـاز لە هەرێمـی کوردستان_عێراق، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە ئەم پڕۆژە یاسایە لە چوار مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچووانـدن، داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاسـتەی لیـژنەی وزە و یاسـایی و سـەرجەم ئەنـدامانی پەرلەمـان دەکرێـت، ئێستا نوقتە نیزامییەکان وەردەگرین، د.گەلاویژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاویێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان_عێراق، ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) خەسڵەتی بە پەلەی پێ بدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو دیارە هێرشە مووشەکییەکان و هێرشە دڕۆنییەکان بۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان زۆر زیـادی کـردووە، لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانـان ڕازیبـوون هاوکـاری هەرێمـی کوردسـتان بـکەن بـۆ پارێزگاریکردن لەسەرووەری ئاسمانی هەرێمی کوردستان.............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نوقتە نیزامییانە وەردەگرین کە پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەی دەنگدانی لەسەرە عادەتەن جێ بەجێمانکردووە، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان رازیبوون بەوەی کە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن لە پارێزگاریکردن لەسەروەری ئاسمانی هەرێمی کوردستان و خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی عێراقی بەڵێنی بە هەرێمی کوردستان دا کە پارێزگاری لە خاکی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە چەند مانگ تێپەڕیوە حکومەتی عێراق سەرکەوتوو نەبووە لە پارێزگاریکردنی هەرێمی کوردستان، پرسیار ئەوەیە باشە بۆچی هێزەکانی حەشدی شەعبی خاوەنی درۆن و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانن هەر رۆژ بیانەوێت دەتوانن هێرشی سەر هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمە پرسیارە لای ئێمە دروست دەکات، داواکارم لە بەڕێزتان سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر ئەم خاڵە زۆر بە جدی قسە بکات، داوا لە حکومەتی عێراق و وەزارەتی بەرگری عێراق بکات کە رێگە بە هەرێمی کوردستان بدات ببێت بە خاوەنی درۆن و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین سیفەتی ئیستیعجال بدرێتە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان_عێراق، ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا هەردوو هەڤالێت خۆ د،گەلاوێژ و گلیزار دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گوێرەی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٧٩) برگەی یەك لە پەیرەوی ناوخۆ یاسای ژمارە (١) لە ماددەی (٥٦)ی ساڵی (١٩٩٢) قسە دەکەم، ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان چەند پرۆژە یاسایەکمان پێشکەشکردووە وەکو پرۆژە یاسای مەقاسە و مووچەی فەرمانبەران و قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاشەکەوتی مووچە، بۆ ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، بۆ فەرمانبەرانی گرێبەست، دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەها دەیان و سەدان یاداشت بۆ چاککردنی دۆخی ناهەمواری هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان تەنها کێشەی بەنزین و مووچەمان نییە، دەیان کێشەی ترمان هەیە وەکو دامەزراندن و ڕەخساندنی هەلی کار و چاککردنی ئەو وڵاتە لە رووی گەندەڵی ئیداریدا، ئایا چارەنووسی ئەم پرۆژانە و ئەم یاداشتانە چی بەسەرهات، چاوەڕوانی وڵامی ئێوەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش بە گشتی رووبەرووی کێشەی ئاو دەبینەوە و کێشە و قەیرانی ئاو خەریکە دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە، بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە لە ساڵانی (٢٠١٤) تاوەکو (٢٠١٨) ئاگاداری خواروو و ناوەڕاستی عێراق ئێستا زیاتر لە دە ملیۆن تا دوازدە ملیۆن کەس لە ژێر هەرەشەی کێشەی ئاو دەبنەوە، وە لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە ئەو بیرانەی کە پێشتر بە سێ سەد مەتر و بە دوو سەد و هەشتا مەتر دەگەیشت بە ئاو ئێستا بە پێنج سەد تا حەوت سەد مەتر ناگات بە ئاو، بۆیە ئێمە یاداشتێکمان پێشکەشکردووە بە واژووی بیست و شەش پەرلەمانتار لە (٢٠٢٢/٦/٦)، بەڵام بەڕاستی تاوەکو ئێستا ئەم یاداشتە نە وەڵامی هەیە و نە خراوەتە بەرنامەی کاریش و لایەنی پەیوەندیداریش بانگهێشت نەکراوە، خاڵی دووەمی پەیڕەویم ئەوەیە..............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو کاک عبدالستار، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) قسە دەکەم، چەندین یادداشتمان داوەتە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی دانیشتن بکرێت بۆ ئەو قەیرانانە نموونە بەنزین، دەرچووی دانەمەزراو، سێ یەکەمەکان، گرێبەست، وانە بێژ، هەروەها کێشەی ئاو و دۆخی مووچە و هەموو ئەوانە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، داواکارم لە بەڕێزتان روونکردنەوەییەکمان پێبدەن بۆچی ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، وە سەبارەت بە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ کە پێموایە لە حکومەت دەمێکە دەگوترێت دەنێردرێتە پەرلەمان و نانێردرێت، ئایا روونکردنەوەییەکمان پێبدەن کە لەو خولە دێتە پەرلەمان، چونکە دەمێکە چاوەڕێی ئەوەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕی ماددێ (٥٦) یەك ژ ئەرکێن پەرلەمانتارا دیڤ چوونا گیر و گرفتێن هاوڵاتیانە، دماوەی دەربازبوویێدا پتر ژ سێ مامۆستاییێن ئاینی ل سنوورێ پارێزگەها دهۆکێ ل سەر بیروباوەڕێن ژ لەیەك جودا ژ مینبەرا پێغەمبەرێ ئێسلامێ محمد (د.خ) هاتینە دوورئێخستن، چونکی خودانێن

پەیـامە راسـت و رەوا بـوون رووناهیەك بـوون ژ بـۆ یەكـێ پەیمـا دینـێ ئیسـلامێ بگەهەیـنە هاووڵاتیان و ژ بۆ یەكێ ببـنەر رووشـنگەیەك ژ بـۆ ژیانـا هاوڵاتیـان، لەو را داخـازێ ژ جەنـابێ وە دكەم لیژنەیا پەیوەندیدار راسپێرن ژ بۆ دیڤ چوونا لادانا ئەوان مامۆستایێن ئـاینی ل سـنوورێ پارێزگەها دهۆكێ ل سەر بیرو رایێن ژ لەیەك جودا، ل دوماهیكێ یەكێش ژ وان نموونەیەكا دیار مەلا شـڤان بەرۆشـكیە كـو یەك ژ دەستەسـەرێن بادینـانە، ل نـوكەدا ژی ل گـرتیگەهێن هەرێمـا كوردستانێ دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

به یاداشتی نووسراو پێشكەشی پەرلەمانی بكە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە سـاڵی هەشـتەمە حكـومەت نە داهـاتی دیـارە و نە خەرجـی، نە یاسـای بـوودجە دەنێـرێتە پەرلەمـان، ئەمە تەعتیلكردنـی نـۆ مـاددەی یاسـایی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتانە، نەبـوونی یاسـای بـوودجە تەنهـا نەبـوونی یاسـایەك نیـیە، بەڕاسـتی دەبێـت لە پەرلەمـان هەڵوەستیەك بكەین لەسەر ئەم سەرپێچیە یاساییەی گەورەیەی حكومەت كە نمـوونەی لە هـیچ شـوێنێكی دنیـا نیـیە، یەعنـی بریـا مـن سـێرچێكم بكـردایە حكـومەتێكم بـدۆزیایەتەوە لە هەر شوێنێكی دنیا بۆ هەشت ساڵ لەسەر یەك یاسای بوودجە نەبێت، نەبوونی یاسـای بـوودجە واتە نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتی، واتە نەبوونی بەرنامە و پلان لەسەر باش دابەشـكردنی داهـاتی ئەم وڵاتە، واتە ئەنجوومەنی وەزیران دەسـەڵاتی ئەوەی نیـیە تەسـەڕوف بە پـارەی ئەم وڵاتەوە بكات بەبێ یاسا، ئێستا نە خەڵك دەزانێت داهـاتی ئەم وڵاتە چەنـدە و چـۆن خەرج دەكرێـت، نە پەرلەمـان دەزانێـت، نە چـاودێری دارایـی دەزانێـت، وە ئەمە كێشـەی میلاكـاتی دروسـتكردووە، كێشـەی وەڵام نەدانەوەی دانەمەزراوەكـانی دروسـتكردووە، كێشـەی ئەوەی دروسـتكردووە كە پڕۆژەكان ئێستا خەڵك ئاوی خواردنەوەی نییە، باشە پارەی ئەم وڵاتە بە نادیاری بمێنێتەوە ئـێمە نەزانین كام پڕۆژە گرنگی پێ دەدرێت و بە كام شار گرنگی دەدرێت، تا كەی ئەم جۆرە............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٨،٦٦) قسە دەكەم، لە چەنـد یاداشـتێكدا داوای سـەرۆكایەتی ئەنجـوومەنی وەزیرانمان كـردووە تارمـاییەكی گەورە بەڕێـوەیە روو لە هەرێـم و نازانرێـت چـی بەسـەر دێـت لەگەڵ عێراقـدا، لە نـاوخۆدا، بەڕاسـتی دۆخـی نەوت و دۆسـییەی زەوی، خـاڵە سـنوورییەكان، هەموو پرۆژەكان ئەمە پەیوەندی بە سەرۆكایەتی حكومەتەوە هەیە، راسـت و روون پەیوەنـدی بە هیچ وەزارەتێكەوە نییە حـالەیەن لە سـلێمانیدا هەشـت سـەد و حەفتـا دوو پـڕۆژە هەیە هەر هەشت سەد و حەفتا و دوو پڕۆژەكە راوەسـتاوە، ئـاوی زێـراب تێكەڵـی ئـاوی خـواردنەوە بـووە هیچ حەلێكی نییە، خەڵك تووشی كۆلێرە دەبێت، خاڵێكی تر شـەش مـانگە یاداشـتمان داوە مـن لەگەڵ پـلە بەرزكـردنەوەی هەرسـێ سـەرۆكایەتی پەرلەمـان و فەرمانبەرەكـانی پەرلەمـان و

ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی دادوری، هێزی ئاسایش و ناوخۆ، بەڵام چ مەنتقێکە بۆ فیئەیەك بکرێت، بەڵام بۆ فیئەیەکی تر نەکرێت، وەڵام نادرێتەوە، بۆیە داواکارم لە زووترین کات ئەگەر دەمانەوێت کوردستان بە دۆخێکی ناهەموار نەڕوات دەبێت سەرۆکایەتی حکومەت بێت وەڵامی ئەمەمان بداتەوە، ئەگەر نا وەزیرەکان دێن قسە دەکەن و ئێمەش هەندێك قسە دەکەین قەراریش لای ئەوان نییە، ئەوان دەڵێن ئێمە بەرزمانکردۆتەوە موافەقەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، دوو ئیدارەیی و چارەسەرەکەی لای سەرۆکایەتی حکومەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەخشینی سیفەتی بە پەلە بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و غاز ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کوردستان لە ماددەی (٤٨)، پشتگیری لە هەڤاڵانم بەڕێز د،گەلاوێژ و گلیزار خان و ڕۆژان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سێ ئەندام داوای ئەوە دەکەن کەوا سیفەتی بە پەلە بدرێت بەو دوو پڕۆژە یاسایە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ، (٨٧) کەس لە ژوورەوەیە بە دەنگی (٥٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، سیفەتی بە پەلەیان وەرگرت هەردوو پڕۆژە یاساکە، داوا لە هەردوو لیژنە دەکەین لە کاتی خۆیاندا کارەکانیان تەواو بکەن ئەوەی کە لە ناو پەیڕەودا هاتووە، کاك کاوە وەردەگرین دواتر یەکسەر دەچینە دەنگدان، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەموو ئەو پڕۆژانەی کە لە حکومەت دێت پێشینەیان پێ دەدرێت و دەخرێنە بەرنامەی کارەوە، بۆچی ئەو پڕۆژانەی تر کە لە بەرژەوەندی خەڵکن و ئەو یاداشتانەی کە دێن کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندی بە ئێستای هەرێمی کوردستانەوە هەیە ناخرێنە بەرنامەی کار، یەعنی ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ دوو سێ جار نووسراوی فەرمیمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ کردووە داوامان لێکردووە کە پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان وەعدیشیان داوە نانێرن، بەڵام پڕۆژەیەکی تر لە ماوەی حەفتەیەك لە ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر دەدرێت و دێتە پەرلەمان و سیفەتی بە پەلەی پێ دەدرێت، ئینجا دەیان یاداشت دراوە یەکێك لەو یاداشتانەی کەوا زۆر گرنگە ئێمە لە حەفتەی رابردووش باسمانکرد، هەولێر لە ژێر مەترسی کەم ئاویدایە، پێویستە بە زووترین کات وەزیری شارەوانی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، پلانی خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە ناکرێت لەو دۆخە خراپەی خەڵك کە ئێستا خەڵك لە دەورووبەری هەولێر خانووی خۆی دەفرۆشێت لە ترسی کەم ئاوی و لەبەر بێ ئاوی، ناکرێت حکومەت بێ دەنگ بێت و بڵێت بە تانکەر ئاو دابەش

دەکەین و بە تانکەر ئاو بۆ خەڵك دابین دەکەین، ئەی پلانی حکومەت چیە بۆ دابینکردنی ئاوی پاك بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، کێشەی بەنزین کێشەیەکی سەرەکیە تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە.............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموون دەنگدانەکان تەواو دەکەین دواتر وەرتان دەگرین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئامادەکردنی راپۆرتی ئەو چوار پێشنیاز و پرۆژە یاسایە بۆ دەنگدان لە حەفتەی رابردوودا پەنجا و پێنج ئەندامی پەرلەمان کاری لەسەرکردووە، بەڕێزتان دەزانن بە درێژایی حەفتەکە لیژنەی یاسایی شەونخونی کردووە بۆ ئەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەر هەمووی لێبداتەوە، وە سەرۆکی لیژنەی یاسایی گوێی لە هەر هەمووی گرتووە و کردویەتی بەو راپۆرتە و خستوویەتی بەردەمی ئێمە و لیژنەکان، وە رێکمان خستووە بۆ دەنگدان، ئەمە جوهدێکی پەنجا و پێنج ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانە، دەنگدان تەواو دەکەین دواتر ئێوەش وەردەگرین، ئەو قسانەی ئێوە دەیکەن بەشی زۆری رەوایە و حەقە و پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڵام نوقتەی نیزامی نیە، فەرموون.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە سێ حەفتەیە لەسەر یەك ئەم مەجموعەیە دوا دەخەیت و بیرتان دەچێتەوە و ئێمەش نامانەوێت گومان بخەینە سەر راستگۆیی بەینی خۆمانەوە، بەڕاستی ئەوە سێ حەفتەیە من ناوم دەنووسم و هاوڕێکانم ناو دەنووسن، ئەم سێ هاوڕێیەمان فەرامۆش دەکرێت، بۆ ئەوەی گومان دروست نەبێت........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە لە سەرەتاوە دەڵێین کێ هەیە کە دانیشتنەکە دەست پێ دەکات نیوەی ئەندامان هەر ئەسڵەن لە ژوورەوە نین، دواتر دێن لە ناوەڕاستی دانیشتنەکە هەمووی بە ناوی نوقتەی نیزامی دەست بەرز دەکاتەوە، بەڕاستی ئەوە نابێت، نوقتەی نیزامی نەبێت یەکسەر دەیبڕین، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، یەکەم ئەگەر ئێوە ئەوەندە پارێزەری ئەم پەیڕەوی ناوخۆییەی پەرلەمانی کوردستانن دەتانەوێت پێشێڵ نەکرێت کۆمەڵێك شتتان داهێناوە کەس نازانێت چییە، بۆ پەخشی راستەوخۆی پەرلەمانی کوردستان درەنگتر دەگاتە دەرەوە، بۆ مۆنتاژی دەکەن، قسەکانمان دەبڕن، ئەمە یەکەم، دووەم: بەپێی ئەم پەیڕەوە ئێمە یاداشتێکمان پێشکەشکردووە دەیان پرۆژە یاسا پێشکەشکراوە واژوومان کردووە بۆ هێزەکانی ناوخۆ وبۆ فەرمانبەرانی گرێبەست، بۆ مامۆستایانی وانە بێژ کە بخرێتە بەرنامەی کار و پەرلەمانی کاری لەسەر بکات، ئەمانە گرنگن یان ئەوەی پرۆژە یاسایەك لە ئێستادا هێناوتانە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەر بەپێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە داوا دەکەین کە دوا بخرێت بۆ کاتێکی دیکە یان لابرێت، دەیان بابەتی گرنگ هەیە کە پەیوەندی بە

ژیانی خەڵکەوە هەیە، ئەم پڕۆژە یاسایە یاسایەکە کە چەند ساڵە دەرکراوە جێ بەجێ نەکراوە حیکمەتەکەی لەچییە کە ئێستا دەیهێننە هەمواری دەکەنەوە و بڕگەیەکی بۆ زیاد دەکەن، لە پێناوی چییە، بەس لە پێناو ئەوەی حکومەت رازی بێت لەم پەرلەمانی کوردستانە، یەعنی من جاری پێشوو گووتم ئەم پەرلەمانە ئەگەر وابێت نەبێت باشترە، قسەکانم مۆنتاژکراوە لابراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە هەشت ساڵە هیچ دەرفەتێکی دامەزراندن نییە، سێ هەزار و پێنج سەد پڕۆژە وەستاون، دەرفەتی کارکردن لە کەرتی تایبەت نەماوە، بەو هۆیەوە لە کوردستان نزیکەی شەش سەد هەزار هاووڵاتی بێکارن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتریش چەند جار نوقتەی نیزامیم گوتووە لەسەر ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژە یاسای بوودجە کە حکومەت ئەمە سێ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ دەبێت لە (٧/١٠/........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی سێیەم، هەروەها ماددەی (٧٨) بڕگەی پێنجەم قسە دەکەم، داوا دەکەم گفتوگۆکردن لەسەر بڕگەی دووەم خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار لاببرێت یان دوا بخرێت، چونکە ناکرێت لەبەر شەخسێك هەمواری یاسای نەوت غاز بکرێتەوە کە شەست و یەك ماددە پێکهاتووە تاوەکو ئێستا زیاتر لە نیوەی جێ بەجێ نەکراوە، یەعنی ئەمە حیکمەتی تێدانییە، ئێمە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا سێ ساڵ پێش ئێستا......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەیشت کاك سەرکۆ ئەگەر پشتیوانیت هەبوو دەیخەنە دەنگدان، باشە، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتێکدا ئەم پڕۆژە یاسایە هاتووە کە بۆ ئەوەیە شەخسێك زیاد بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە سێ ساڵە پڕۆژە یاسامان پێشکەشکردووە بۆ خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ کە چەند ساڵە خزمەت دەکەن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەم با تەواو بكەم پێم مەبڕە تا تەواوی دەكەم سەد لە سەد دووبارە نییە، ماددەی (٥٦) بڕگەی یەكەم خاڵی یەكەم پاڵپشت بەوە قسە دەكەم، لە میدیاكاندا بینیمان خوێندمانەوە كە گوتەبێژی حكومەت دەڵێت شایستە داراییەكان و قەرزی مووچەخۆران لە ئەستۆی حكومەتی هەرێم نییە لە ئەستۆی حكومەتی بەغدایە، بڕۆینەوە بۆ یاسای چاكسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) ماددەی (١٣) بڕگەی یەكەم، دوو: بڕۆینەوە بۆ بڕیاری ژمارە (١٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) كە لە وەقائیعی كوردستان بڵاوكراوەتەوە، وە لە ماوەی رابردوودا چەند ساڵی رابردوودا سی و چوار مووچە یان نەدراوە یان لێی بڕاوە، هەموو ئەم بڕیار و یاسایانە تەئكید لەوە دەكاتەوە كە شایستە داراییەكان لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، پێویست دەكات پەرلەمانی كوردستان داوای روونكردنەوە لە حكومەتی هەرێم بكات ئەم قسەیە لە كوێیەوە سەرچاوەی گرتووە، وە دەبێت لەسەر ئەم مەسەلەیە بێ دەنگ نەبین پێشێلكارییەكی ئاشكرای ئەم یاسا و بڕیارانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی پەیڕەویم هەیە، یەكێكیان بەشێك لە قسەكانی كاك دیاری بەپێی ماددەی (٥٥) كە دەڵێت ئەم پەرلەمانە هەر نەبێت، داوا دەكەم لە پرۆتۆكۆڵ بسڕدرێتەوە، ئەوەی تر بە پێی ماددەی (٣٧) كە باس لەوە دەكات ئەگەر بۆ دەستەی سەرۆكایەتی روون بۆوە یەكێك لە لیژنە هەمیشەییەكان یان بەشێك لە لیژنەكان كارەكانی خۆیان ناكەن دەبێت ئێوەی بەڕێز بەدواداچوون بكەن، ئێمە دەبینین كە لە ناو لیژنەكاندا بەشێكی هاوڕێیان هەر نایەنە ناو كۆبوونەوەكان ئەوە بە هیچ جۆرێك، وە بەشێكیان لە كۆبوونەوەی وەزارەتەكان كە ئێستا لە ناو پەرلەمان و لەبەردەم كامیرە باسی نەوت و گاز و سووتەمەنی و هەندێك بابەتی دەكرێت لە ناو كۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ وەزیرەكان حزوریان نییە و كاتێك كە دێتە عەمەل ئامادەنین، بۆیە داواتان لێدەكەم رەخنەم لە ئێوەی بەڕێز هەیە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كە دەبێت بەدواداچوونی وورد بكەن لە مەسەلەی كاری لیژنەكان و جدی تر و وورد تربن لەوەی بزانن چ لیژنەیەك كارەكانی دەكات یان نایكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان رادەسپێرین ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە مۆڵەتەكەیان لە حەدی ئەوەی كە لە ناو پەیڕەو هاتووە زیادبووە بەڕێزان ئیجرائات بكات، فەرموو كاك هێمن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو سەرەنجانەی لەسەر لیژنەکان هەیە، بەڕێزان، لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو ئەندامە بەڕێزانە پێکهاتوون کە لە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانن، چەندین جار ئێمە پێوەرمان دانا بۆ هەڵسەنگاندنی لیژنەکان بەپێی ئەو پێوەرانە هەر بەشێك خۆشتان لە ناو لیژنەکان لەگەڵ ئەوە نەبوون ئەو پێوەرانە بمێنێتەوە، سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان بە راپۆرتەکان و بە بەدواداچوونەکاتان هەر خۆتان داواتان کرد ئەو شتانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رادەگەیندرا لە سایتی پەرلەمان بڵاو دەکرایەوە رابگیرێت، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان داوامانکردووە سەرەنجیشماندا وەڵامیشمان ئەوەبوو بەدواداچوونیشمانکردووە جەدوەلی کۆبوونەوەشمان بۆ هەموو لیژنەکان رۆژانی دوو شەممە و سێ شەممە داناوە بە ئەگاداری کاروباری پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە هەندێك لیژنەکان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دووبارە دەڵێم بۆ ئەوەی بیانووی غائب بوون لە ناو لیژنەکان نەبێت، بەڵام ئێوەن لە سەرۆکایەتی لیژنەکان داوامانکردووە هەماهەنگیتان هەبێت لەگەڵ یەکتری، وە ئەو ئەندامانەی کە ئامادە نابن ئاگادارمان بکەنەوە غیاباتیان بنووسرێتەوە و بەدواداچوونەکان بکرێت، داواشمان لە بەشێك لە فراکسیۆنەکان کردووە لە ئێستاشەوە داوایان لێدەکەین ئەو ئەندامانەتان پابەندی نین لە فراکسیۆنەکانی خۆتان داواتان لێدەکەین بیانگۆڕن تا ئێمەش بیخەینە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی بە دەنگدان لەو لیژنانە نەمێننەوە، بۆ ئەوەی ئەو بیانووانە هیچ لیژنەیەك و هیچ پەرلەمانتارێك نەمێنێتەوە، هەر فراکسیۆنێك رازی نییە لە ئەدای ئەندامانی خۆی لە لیژنەکەی با بنووسراوی رەسمی بداتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تا داخلی بەرنامەی کاری بکەین و لەو لیژنەیە نەهێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرمووو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خەڵکەکێ زۆر یێ زیندانێ دانە ئەڤە دەمەکی درێژە خێزانێ وان چاڤەڕێی عەفوەکێ دکەن ل پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەز داخازێ ل دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ و هەموو ئەندامێت پەرلەمانێ بەڕێز دکەم عەفوەکێ دەربکەن دا....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام ئێمە دەستمان بە پرۆسەکە کردووە لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی ئەنجوومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەو بابەتە پێویستمان بە کۆبوونەوەی هاوبەشە، کاك سروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك دیاری دەکەم لەسەر ئەوەی کە تەسجیلی ڤیدیۆیی لە پەرلەمان، ئێستا تۆ بەدواداچوون بکە لەسەر ئەوەی کە ئەو راست دەکات و منیش راست دەکەم، دانیشتنەکان ئەگەر بە حەزی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئێوە نەبێت ژاوە ژاوە لە دەنگی من خراوە ئەوە وەکو سروان، یەعنی بە بەڵگە ئێستا وا ڤیدیۆ لامە، یەعنی ئەوەی کە گوێ بیستی دەبێت نازانێت من چیم گووتووە، یەعنی بوونەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکیش رقی لێمان بێت ئەوانەی دەنگیان پێمان داوە، ئەوەی تریش من دەڵێم بەڕاستی ئێمە بە دەنگی خەڵك هاتووینەتە پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئێمە بە پیر داوا و حەزی خەڵکەوە بچین، لای من وەکو سروان هەمووجار دەڵێم خاڵی پەیڕەوی ئەوەیە کە دڵی جەماوەر خۆش بکەی نەك دڵی سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدواداچوون دەکەین لە بۆ بابەتی راگەیاندن، بەس ئەگەر شتێك لە پرۆتۆکۆڵ سڕدرابێتەوە، سەیری دەکەین، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دیف ماددەیا (٥٦) برگەی دووەم یەك خالا پەیڕەویم دکەم، پێنج ل گرتیێت بادینان کو سالەك و شەش هەیڤە ل زیندانا ئاسایشی دان و هاتینە حوکمدان ژی، سالەك و شەش هەیڤە رێڤەبەریا ئاسایش یا بەرهەڤ نینە ئەڤانە بگوازیتن بۆ چاکسازیا گەوران کو دا ل وێرێ مەعامەلاتێت ئیفراجی شەرتیش وانا بگرن، ژبەر هەندێ داخازێت دکەم ل جەنابێ هەوە لیژنەیێت پەیوەندیدار ئاڕاستە بکەن بۆ بەدواداچوونا ڤێ کەیسێ هەنێ، چونکی سالەك و شەش هەیڤە تو ل زیندانا ئاسایشێ دابیتن سەرپێچیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو بابەتە رادەسپێرین، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٧٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە ژمارەی یاسایی (٣٠) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٣/٢٩) پێشنیازە یاسایەکمان سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتی شەهید و قوربانیانی قەلەم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، هاوکات دەبوو بەپێی ماددەی (٧٩) لە ماوەی چواردە رۆژدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرایە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، دەپرسین کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئایا بە رەوای نابینن شەهیدانی قەلەم لەم پەرلەمانەوە بە شەهید بناسرێن.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتە لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕدرێتەوە، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان هەمیشە دەیڵێینەوە بەپێی ئەم پەیڕەوە کاری پەرلەمانتار بەدواداچوون و دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاساکان و پرسیارکردنە لە حکومەت، من لە مانگی شەشدا پرسیارێکم ئاڕاستەی حکومەت کردووە دەڵێم بۆچی مووچەی خانەنشینان دەکەوێتە خواری خوارەوە، بە مەرجێك لە کاتێکدا ئەم مووچەیە هەندە زۆر نیە کە بارگرانیەك بکەوێتە سەر شانی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی مولزەمکراوە ئەگەر پرسیارێك دووبارە بوو دەبێت بە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بڵێت لەو حاڵەتە بڕۆ بە سکرتێری پەرلەمان بڵێ زۆر نزیکە دەڵێت پرسیاری دووبارەیە زەحمەت نەبێت ئەندامەکەی تر کە پرسیاری کردووە کێیە، وەڵامەکەی چییە، ئەندامانی بەڕێز ئەو بابەتە ئەگەر مەبەستمان چارەسەرکردنە چارەسەرکردنەکەی لەلای سکرتێری پەرلەمانە، لێرە کە دەیڵێی یەك دەقەیە قسە دەکەیت و دەڕوات، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی ئەگەر متمانە لە نێوانمان بپچڕێت ئیتر هەموو شتێك دەپچڕێت، ئێمە هەست بە نا دادپەروەری دەکەین، هەست دەکەین ئێمە هەندێك پەرلەمانتارین بە ئەنقەست یان بەبێ ئەنقەست یان بە نازانم چی پشتگوێ دەخرێین و قسەکانمان دەبڕێت بۆ ئەوەی دەنگمان نەیەت، ئەگەر وایە ئێمەش کاری ترمان هەیە بمانبوورن، ئیتر بۆ خۆت لە ئێمە تووڕە دەکەیت، ئێمە زەمیلین، بەڕێزتان سەرۆکی پەرلەمانن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەم شوێنە بکەن، بەڕێزتان ئەرکەکەت قورسە، ئەرکەکەت پاراستنی دادپەروەریە، ئەرکەکەت لە ئێمە قورسترە.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا من یا پەیڕەوی ل گۆڕ یاسایا (١١) ل (٢٠٧) یا ئەوقاف و کاروبارێت ئاینی، ل دیڤ ڤێ یاسایێ وەکو ئەرمانجێت یاسایێدا هاتین دڤیا ئەڤرۆ هاڤینێ وەختێ بێن دانێ خولێت قورئان فێربوونێ ل هەمی مزگەفتێت مە ل هەرێما کوردستانێ هاتبانە ڤەکرن، لێ مخابن ئەوقاف ب رۆلی خۆ ناڕابیتن، خول ناهتنە ڤەکرن، وە ڕێنماییا ژی دەرنابیت کەس ڤە کەت ئیلا فەرمانبەرێ ئەوقافێ نەبیت، ئەوقافێ ژی ئەو فەرمانبەر نینە ل هەمی مزگەفتا خولێت قورئان بێنە ڤەکرن، مافێ خەڵکیە ئەڤرۆکە ئەو مزگەفتێت ل تاخا هەی خولا قورئان خوێندن بێنە ڤەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوێرەی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، بە مەبەستی دانانی سنوورێك بۆ بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و بەرزکردنەوەی نرخی بەکارهێنانی یەکەی کارەبا بە واژووی (٤٣) پەرلەمانتار لە (٢٠٢٠/٦/١٢) یاداشتێکمان پێشکەشکردوون، کەی دەیخەنە بەرنامەی کار، وا شەش مانگ لەساڵی (٢٠٢٢) تێپەڕی تاوەکو ئێستا حکومەت پڕۆژە یاسای بوودجەی نەناردۆتە پەرلەمانی کوردستان، بەم ساڵەوە دەبیتە هەشت ساڵ کە پڕۆژە یاسای بوودجەی نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی یەکەمت دەدەینەوە، ئێمە داوا لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەین راپۆرتی پێویست ئامادە بکەن بۆ ئەو یاداشتانەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاڕاستەی سەرۆکایەتیان کردووە، هەر یاداشتێك حازربوو هات بۆ سەرۆکایەتی ئێمە نەمانخستە بەرنامەی کار ئێمە تاوانبارین، بەس کە نەبێت چی بکەم، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆ قسە دەکەم، ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە لە (٢٠٢١/١١/٢٣) پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگەی دێرینمان ناردۆتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران نەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە جەختمان کردۆتەوە لە (٢٠٢٢/٦/٢١) داواکارین لە ماوەی کەمتر لە مانگێك حکومەت وەڵاممان بداتەوە، وەڵامی پێویست وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئاڕاستەکراوە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، وە داوای کۆبوونەوەی هاوبەش لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرجار لە ناو ئەو پەرلەمانە پێمان دەڵێن نوێنەری راستەقینەبن، دیفاع لە قەزییەی خۆتان بکەن، دیفاع لە قەزییەی خۆمان دەکەن، ئەو دەنگە دەنگی هەموو تورکمانە، ئەوە گلەیی هەموو تورکمانە با خەڵکی کوردستان گوێمان لێبگریت، دەچینە ناو نەخۆشخانە فایلمان بۆ پەردەکەنەوە بە کوردمان دەنووسن، دەچینە موختار و ئاسایش فۆرممان بۆ پڕدەکەنەوە بە کورد دەنووسن، لێرە پێمان دەڵێن نوێنەری راستەقینەبن، لێرە دەڵێن دیفاع لە قەزیەمان بکەن، ئەوە دیفاع لە قەزییەی خۆمان دەکەین، دەڵێین تورکمانین بۆ بە کوردمان دەنووسن دەڵێن بۆ خۆشناوی یان تورکمانی، بەسە ئەو ئیستیفزازیە، ئەو رەفتارانە بێزاری کردووین.............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئێستا بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)، فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: ڕاپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠)، کاتژمێر (٩:٣٠) بەیانی، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتووێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن بۆ تاوتووێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری و شیاندنی نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی، پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیارمان هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەسی لەگەڵ، زۆر سوپاس، بە دەنگی زۆرینە پەسەندکرا، فەرموو ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکریت، پیادەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٥٤): دادگای نەوجەوانان کۆدەبێتەوە بە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە بەلایەنی کەم لە پۆلێنی سێیەم بێت و دوو ئەندام یەکێکیان یاسایی بێت و ئەوەی دیکە تایبەتمەند بێت بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ، دادگا دەڕوانێتە تاوانەکان جینایات بە سیفەتی پێداچوونەوە و بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە یەکلایی دەکاتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت، پیادەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

مـاددەی (٥٤): دادگـای نەوجەوانـان پێکـدێت لە سـەرۆکایەتی دادوەرێـك کە بەلایەنـی کەم لە پۆڵینی سێیەم بێت و سێ ئەنـدام یەکێکیـان یاسـایی بێـت و ئەوەی دیـکە تایبەتمەنـد بێـت بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و پزیشکێکی دەروونی بێت کە خاوەن ئەزموون بن بـۆ مـاوەیەك کەمتـر نەبێـت لە پێـنج سـاڵ دادگـا دەڕوانێـتە تاوانەکـان جینایـات بە سـیفەتی پێـداچوونەوە و بڕیارەکـانی دادوەری لێکـۆڵینەوە یەکـلای دەکـاتەوە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

مـــاددەی (١): پیـــادەکردنی مـــاددەی (٥٤)ی یاســـاکە هەمـــوار دەکـــرێتەوە و بەم شـــێوەیە دەخوێندرێتەوە.

(٥٤): دادگای نەوجەوانان پێکدێت لە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە بەلایەنی کەم لە پۆڵینی سێیەم بێـت و دوو ئەنـدام یەکێکیـان یاسـایی بێـت و ئەوەی دیـکە تایبەتمەنـد بێـت بەو زانسـتانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بـۆ مـاوەیەك کەمتـر نەبێـت لە پێـنج سـاڵ، دادگا دەڕوانێتە تاوانەکان جینایات و بە سیفەتی پێداچوونە بە بڕیارەکانی دادوەری لێکـۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یەکلا دەکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەکەم سـێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـک لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەکەڵ نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٨٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی لەگەل ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە.

یەکەم: دەستەواژەی منداڵ بکرێتە مێردمنداڵ.

دووەم: دەستەواژەی سزا بکرێتە ڕێ و شوێن.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت، پیادەکردنی مـاددەی (٧٦)ی یاسـاکە هەمـوار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٧٦):

یەکەم: ئەگەر منـداڵ (صبی) تـاوانێکی جینـایی ئەنجامـدا سـزای ئەو تـاوانە زینـدانی بێـت کە ماوەکەی لە دە ساڵ زیاتر نەبێت، دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سـزاییەی بەپێـی یاسـا بـۆی دیاریکراوە بە یەکێك لەم ڕێ و شوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات.

أ-رادەستکردنی بەخێوکەر یان یەکێك لە خزمەکانی بەپێی بەڵێننامەی دارایی کە دادگا مەزەندی دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ باری دارایـی بگونجێـت بـۆ ئەوەی هەڵبسـتێت بە جـێ بەجێکردنـی

ئەو راسپاردانەی دادگا بڕیاری لێوە دەدات بۆ مسۆگەرکردنی باش پەروەردە و رفتارکردنی و ئەنجام نەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.
ب-دانانی لە ژێر چاودێری رفتاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
ج-دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
دووەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە زیندانی بێت کە ماوەکەی لە دە ساڵ زیاتربێت پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی دەدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
سێیەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیارکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە دە ساڵ.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٢): پیادەکردنی ماددەی (٧٦)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.
ماددەی (٧٦):
یەکەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزایەکەی زیندانی بێت کە ماوەی لە دە ساڵ زیاتر نەبێت دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە بە یەکێك لەم رێ و شوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات.
أ-رادەستکردنی بەخێوکەر یان یەکێك لە خزمەکانی بەپێی بەڵێننامەی دارایی کە دادگا مەزەندی دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ باری دارایی بگونجێت بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە جێ بەجێکردنی ئەو راسپاردانەی دادگا بڕیاری لێوە دەدات بۆ مسۆگەرکردنی باش پەروەردە و رفتارکردنی و ئەنجام نەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.
ب-دانانی لە ژێر چاودێری رفتاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
ج-دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
دووەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزایەکەی زیندانی بێت کە ماوەکەی لە دە ساڵ زیاتربێت پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی دەدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
سێیەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیارکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە دە ساڵ.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینەوە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماوەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەتێك لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دووەم چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەکەڵدا نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٣):پیادەکردنی ماددەی (٧٧)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٧٧):

یەکەم: ئەگەر ئەو منداڵە (فتی) تاوانێکی جینایەت ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

دووەم: ئەگەر ئەو منداڵە (فتی) تاوانێکی ئەنجام بدات سزایەکی زیندانی هەمیشەیی بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە چوار ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

سێیەم: ئەگەر لاو (فتی) تاوانێکی جینایەت ئەنجام بدات سزایەکی لە سێدارەدان بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندن لاوان بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە پانزە ساڵ.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەت لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لادەبرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیيە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی چوار بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەتێك لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوارەم دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیيە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٥): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نیيە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، زۆر سوپاس. ماددەی شەش خوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش هیچ پشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٦): لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جی بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش هیچ پێشنیارێك نیيە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٧): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، فەرموو سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی مادده (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو بۆ زیادکردنی دوو مادده بە زنجیرەی هەشت و نۆ، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان و بەم شێوەیەی خوارەوە.

ماددەی (٨): ماددەیەك بە زنجیرەی ماددەی یەك زیاد بکرێت بۆ یاساکە و سەر لە نوێ زنجیرەی ماددەکانی تر ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم: ماددەی سێ و بڕگەی یەکەم لە مادده (٤٧)ی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان لە هەرێم لە کار دەخرێت.

دووەم: بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت.

١- نەوجەوان (حدث): ئەوەی یازدە ساڵی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٢- منداڵ: ئەوەی تەمەنی یازدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٣- مێرمنداڵ: ئەوەی تەمەنی یازدە تەواوکردبێت و پازدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٤- هەرزەکار: ئەوەی پازدە ساڵی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٥- خاوەنەکانیان: باوك یان دایکە یان ئەو کەسەیە کە منداڵ یان مێرمنداڵەکی لە ژێر سایەدا بێت یان بە بڕیارێکی دادگایەکی لەو دووانە پەروەردە بکات.

سێیەم: هەر کەسێك لە کاتی ئەنجامدانی تاوان (جریمة)دا تەمەنی یازدە ساڵی تەواو نەکردبێت سکاڵای یاسایی لەسەر ناکرێتەوە.

ماددەی (٩):

ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بە زنجیرەی مادده پێنج بۆ یاساکە و سەر لە نوێ زنجیرەی ماددەکانی تر ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینایات لە هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بەر مەبنای ئەوەی کە لە هۆڵی پەرلەمان لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە داواکرا، لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند ئەو ماددەیان زیادکردووە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ ماددەی یەکەمی زیادکراوە

تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ، پەسەندکرا، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی دووەمی زیادکراوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: هۆیەکانی دەرچوواندن:

بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی رێ و شوێنی هەمە جۆر بۆ ئەوەی نەوجەوانان لە خێزانەکانیان دوور نەخرێنەوە و جیاوازی نەکرێت لە نێوان بەرپرسیاریەتی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ و مێرمنداڵ ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

**هۆیەکانی دەرچوواندن:**

لە پێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی فراوانتر بۆ دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی رێ و شوێنی هەمەجۆرتر بەو شێوەیەی نەبێتە مایەی دورخستنەوەی نەوجەوان لە خێزانەکەی و جیاوازیکردن لە نێوان بەرپرسیاریەتی منداڵ (صبی) و لاو (فتی) ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٩٠) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، تا ئەوان دێن کاك د. هێمن روونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموون.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دواداچوونی زیاتر بۆ کاروباری لیژنەکان بە پێویستمان زانی کە تەئکید بکەینەوە کە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بەدواداچوونی ورد بۆ کاروباری لیژنەکان کراوە، وە ئەمەش کە لەبەر دەستمانە بۆ نموونە ئەمە راپۆرتی ساڵێکی تەواوی لیژنەکانن کە ئاراستەی هەر شانزە فراکسیۆنەکەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، هەڵسەگەندن بۆ ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی بێ مۆڵەت و بە مۆڵەتی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەر لیژنەیەك کراوە، وە سەرەنج و تێبینیش لەسەر زۆرترین رێژەی بەشداربوون دراوەتە سەرۆکایەتی فراکسیۆنە بەڕێزەکان، ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٢٠_٢٠٢١)، ئەمەش بۆ ساڵی (٢٠١٩)یە کە لەبەر دەستماندایە، بۆیە ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین پێداچوونەوەیەك بە ئدای ئەندامانی بەڕێزتان لە لیژنەکاندا بکەن،

چونکە بەشێکی زۆری سەرۆکایەتی لیژنەکان گلەیی ئەوەمان لێدەکەن کە لە کۆبوونەوەکان نیسابیان بە زەحمەت تەواو دەکرێت، لە یانزە ئەندامی لیژنەکان زۆرجار خراپی نەبوونی نیساب بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان زۆری مۆڵەتەکان یان ئامادەنەبوون گرفتێکی گەورەی بۆ بەدواداچوون و راپۆرتەکانیش ئامادەکردووە، بۆیە داوا لە فراکسیۆنە بەڕێزەکان دەکەم پێداچوونەوەیەکی ورد بە ئەدای ئەندامانی بەڕێزتان لە لیژنەکاندا بکەن، هەر ئاڵوگۆڕێك کە پێویست دەکات، چونکە ئێمە ناچین لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەندام بۆ لیژنەکان بێنین، دەبێت ئیعتیماد لەسەر نووسراوی فراکسیۆنەکان بکەین بەپێی ئەو بەرکەوتەیەی کە خۆتان رێکەوتەتان لەسەرکردووە ئاڵوگۆڕی پێویست لە ناو لیژنەکاندا بکرێت، وە ئەگەر بە پەسەندیشی بزانن ئێمە ئامادەین تەقیمی هەموو ئەندامان لە لیژنەکان لەسەر سایتی پەرلەمانیش بڵاو بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو تەقیمەیان بۆ هاتووە، هەر کەسێك کە مولاحەزەی لەسەر تەقیمەکە هەیە با بۆ سەرۆکایەتی بنێرێتەوە، کاك د.شێرکۆ فەرمووە.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوو خاڵی پەیڕەوی کە ماددەی (٥٦) لەگەڵ ماددەی (١٨)، ماددەی (٥٦) باس لەوە دەکات کە پەرلەمانتار ئاخاوتن دەکات بەڕێزتان چەند جارە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان دەڵێن کە مولزەم نین بە وەڵام دانەوە، بەڵام لە ماددەی (١٨)دا ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە و ئەوەی کە لە جێگەی سەرۆکی پەرلەمان دادەنیشێت کە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانە کە پارێزەری پەیڕەو بێت، وە پەیڕەوی پەرلەمان جێ بەجێ بکات، بۆیە کاتێك پەرلەمانتارێك خاڵی پەیڕەوییە دەگرێت موخالەفەی پەیڕەوی بێت ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان مولزەمە بەوەی کە وەڵام بداتەوە، بەڵکو ئەگەر بڵێن پێشێلی پەیڕەوی بێت راستی بکاتەوە، نەك وەکو ئەوەی وەڵام نەداتەوە، چونکە ئەوە چەندجارە جەنابتان پێمان دەڵێن ئێمە مولزەم نین بە وەڵام دانەوەی خاڵی پەیڕەوی کە پێموایە ئەوە موخالەفەیە، خاڵێکی تر سەبارەت بەوە یاداشتەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان گشتاندنی بۆ کردووە کە دەڵێت هەموو یاداشتێك پێویستی بە داتا و بەمەعلومات و بە راپۆرتی مەیدانیەوە هەیە، ئەمە راستە شتێکی باشە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ مولزەم نیە رەفزی یاداشتی پەرلەمانتاران بکرێت لەسەر ئەساسی ئەوەی کە داتا و راپۆرت و شتی مەیدانی تێر و تەسەلی لەگەڵ نییە، لە کاتێکدا دەزانین ئەزمەی مەعلومات و پێدانی مەعلوماتە، بۆیە ئەو گشتاندنەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان پەیڕەوی نییە و مولزیم نییە بۆ پەرلەمانتار گەرچی شتێکی باشیشە کە پێویست هەبێت، بەڵام پەیڕەوی نییە و مولزەم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەوەی بە خاڵی پەیڕەوی بزانین پێمان وابێت لە پەیڕەومان لاداوە وەڵام دەدەینەوە، خۆمان وەڵام دەدەینەوە، ئەوەی تر هەندیك جار وەڵام دانەوەی بەردەوامی ئێمە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان نا ئارامی دروست دەکات، لە گفتوگۆی رەفیقانە و

هاوڕێیانەمان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوایان لە ئێمە کردووە ئەگەر دەتانەوێت ئارامی بپارێزن مەرج نییە وەڵامی هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بدەنەوە، چونکە هەندێك جار ئامانجەکە دروستکردنی ئەو پشێویە بێت، ئەوەی کە پێمان وابێت پەیڕەوییە و دووبارە نییە وەڵام دەدەینەوە، سەبارەت بە یاداشتەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لیژنەکان رادەسپێرین راپۆرت ئامادە بکەن بەر مەبنای ئەو یاداشتانە، هەندێك لە لیژنەکان خۆیان هاتوون شکوە دەکەن دەڵێن ئێمە نازانین ئەندامەکەی پەرلەمان بە دیاریکراوی مەبەستی کام بابەتەیە، لەبەر ئەوە ئامانج لەوە دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، وە ئامانج لەوە بەرهەمداری ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆ ئەو بابەتە دەکرێت، وە ئامانج لەوە ئامادەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ مەبەستەکەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، دەچینە سەر خاڵی دوو لە بڕگەی دوو جێ بەجێ دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، رۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠)، کاتژمێر (١١:٣٠) بەیانی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندی باڵا لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی، پڕۆژە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو ناونیشانەیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ماددەی یەك بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك شەش پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

سێیەم: دەستە: دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی متمانەبەخشینە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم بۆ چاودێری و دڵنیایی جۆری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی

پەروەردەیـی بە ئامـانجی دڵنیـابوون لە کـواڵێتی پەروەردەیـی و خوێنـدن بەپێـی ئەم یاسـایە دامەزراوە.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی شەشەمی ماددەکە لابرێت.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
ســێیەم: دەســتەیەکی دڵنیــاکەرەوەی زانســتی و چــاودێری و بەرەو پێشــبردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێـم بـۆ پاڵپشـتی و هاریکـاری هەردوو وەزارەتـی پەروەردە و وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی و دامەزراوەکـانی پەروەردەیـی بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە کواڵێتی پەروەردەیی و خوێندنی، کە بەپێی ئەم یاسایە دامەزرێنرا.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سـێیەم: دەسـتە: دەسـتەیەکی دڵنیـاکەرەوەی زانسـتی نێـودەوڵەتیە ئەرکـی متمانەبەخشـینە بە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم بۆ چاودێری دڵنیایی جۆری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی و دامەزراوەکـانی پەروەردەیـی بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە کواڵێتی پەروەردەیی و خوێندن کە بەپێی ئەم یاسایە دەمەزراوە.
پێشنیاری شەشەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەك شـەش پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری دووەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ سـێیەمە تکـایە دەسـت بەرزکاتەوە؟ کەس نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ چـوارەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس نیـیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ شەشەمە مـاددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم دوو پیشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری دووەم: پێشـنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، بەپێـی ئەو دەسـەڵاتانەی مـاددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە بە لیـژنەی یاسـایی و تایبەتمەنـد دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیازکراون لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیازە دەخەینە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: پاراسـتنی کـواڵێتی پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا بە شـێوەیەکی یەکسـان بـۆ سـەرجەم قوتابیـــان لە رێـــگەی دارشـــتن و دروســـتکردنی کەلتـــووری رۆشـــنبیری هەڵســـەنگاندن و بەرەوپێشچوونی بەردەوام.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی دووەم دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی سێ هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ماددەی چوار بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە.

یەکەم: بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.

سـێیەم: بەشـداریکردنی لەگەڵ هەردوو وەزارەتـی پەروەردە و وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ دانانی سیاسەتی گشتی و پلان و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی تـایبەت بە پڕۆسـەی بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی متمـانەیی بـۆ دامەزراوەکـانی پەروەردە و خوێنـدن و پرۆگرامەکانی خوێندن و فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی بـوودجە و پشـتیوانی دارایـی بـۆ ئەو دامەزراوانە بـۆ پڕکـردنەوەی پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی ئەو بڕوانـامەیە بەپێـی پێـوەرە کارپێکراوەکان.

دووەم: زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەکە بە زنجیرەی چوارەم بەم شێوەیە.

چوارەم: چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی جێ بەجێکردنی سیاسەتی گشتی و بنەما پەروەردەیـی و خوێندنی باڵا.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەم تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ماددەی شەش بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێبکرێت.

دووەم: دەستە بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی باڵا بۆی هەیە ببێتە خاوەنی مایەی گوێزراوە و نەگوێزراوە هەڵسان بە گشت ئەو رفتار و یاساییانەی پێویستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لە نێوانیشیاندا ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی کە تایبەتن بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی دەستە و قەبولکردنی و یارمەتی و بەخشین و دیاری.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٧): دامەزراوەکانی پێکهاتووە بەپێی ئەم یاسایە جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناگرێتەوە لەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بۆیان دەست نیشانکراوە لە یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە، جگەلە لە دانانی پێوەر و هەڵسەنگاندن و متمانە بەخشین.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٨): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی هەشتە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی نۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەستەبەرکردنی کواڵێتی خوێندن لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم: هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی دەمەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەستەبەرکردنی کواڵێتی خوێندن لە هەرێم بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدارتر ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥) کەسی لەگەڵە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، بەڕێزان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٥٩) کەسی لەگەڵە لە کۆی (٧٠) ئەندام کە لە ژوورەوەن، زۆر سوپاس، داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بفەرموون بێنە ژوورەوە ئێمە لە ناو پرۆسەی دەنگداندایین، جگەلە لە هەردوو لیژنەی تەندروستی و لیژنەی وزە کە خۆمان ئیزنمانداون، داوا لە

سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەین داوا ئەندامەکانیان بکەن ئێمە لە پرۆسەی دەنگدانین، بۆیە ئێمە دەنگدان دەخەینە سەرەتا دەزانین لە ناوەڕاستی دانیشتنەکە هۆڵەکە چی لێدێت، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموون دەست بە راپۆرتی دەنگدان دەکەین، داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بێنەوە ژوورەوە، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بابەت: راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی لە رۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠)، کاتژمێر (١:٣٠) دوای نیوەڕۆ کۆبوونەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یەك بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

پێنجەم: ئەنجوومەنی: ئەنجوومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێم.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یەك دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەم شێوەیان لێبکرێت.

یەکەم: دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانی وپەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازییەکانی شارەوانی لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی.

دووەم: پاراستنی ژینگەی هەرێم بە شێوەیەکی خاوێن و تەندروست و دروستکردنی ناوچە و پانتایی سەوزاییەکان و دروستکردن و بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی پارك و باخچە و ناوچە سەوزاییەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

پێنجەم: کارکردن بە پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت لە جێ بەجێکردنی پرۆژەکان بە شێوەیەك کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی شەشەم دەستەواژەی کەلتوور بکرێتە کەلەپووری.

پێشنیاری سێیەم: ئەم ماددەیە لابرێت بە شێوەیەك یەك بخرێت لەگەڵ ماددەی سێ.

پێنشیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت لەگەڵ زیادکردنی سێ بڕگە بە زنجیرەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم.

سێیەم: سەپەرشتیکردن و چاودێریکردن و بەشداریکردن لە دانانی پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شار و شارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنمایییە کارپێکراوەکان دەرنەچن.

دەیەم: دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و ماستەرپلانی شار و شارۆچکەکان.

یازدەیەم: پاراستنی شوێن و ئاسەوارە مێژووییەکان کە دەکەونە سنووری شارەوانی لە ئامادەکردنی هەر ماستەرپلانێك.

دوازدەیەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە قیرتاوکردن و دابینکردنی ئاوی خاوێن و راکێشانی هێڵی کارەبا بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوون.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و شەشەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە رێگای ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی ماستەرپلان و نەخشەی کەرتی بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم بەدەر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر بنەمای زانستی و پاڵپشت بە ستانداردی نەخشەسازی زانستی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجۆری زەوی ببێتە پاڵپشتی پەرەپێدانی شارستانی و ئابووری.
دووەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بە پەلە و بە کواڵێتی شیاو دروستکردنی رێگاوبان و پرد و تونێڵ لە سنووری شارەوانییەکان بە کۆنترۆڵی دیجیتاڵی و بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان و خۆشگوزرانی دانیشتووان.
سێیەم: سەپەرشتیکردنی چاودێریکردنی و هەڵسەنگاندن و پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شار و شارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان دەردەچن.
شەشەم: سەرپەرشتیکردنی سەرپەرشتی و بەدواداچووون و هەڵسەنگاندن و جێ بەجێکردنی نەخشەی کەرتی و نەخشەی سێکتەرەکانی دیکەی ناو ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێت بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەکان.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
دووەم: دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروستکردنی رێگاوبان و پرد و تونێڵ لە سنووری شارەوانییەکان بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان وخۆشگوزەرانی دانیشتووان.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ چوار پێنشیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەسی لەگەڵە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەکەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری چوارەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار هەشت پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

سێیەم: راوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن و خزمەتیان لە پانزدە ساڵ کەمتر نەبێت و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر بێت.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان بریتین لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی خوارەوە و هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی و خزمەتیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی پێنج لە بڕگەی شەشەمدا بەم شێوەیەی لێبکرێت.

پێنجەم: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن وپێکهاتەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەییەی خوارەوە دەبێت.

١- سەرۆکی دەستە: سەرۆك.
٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
٣- راوێژکاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام.
٤- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەندام.
٥- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندام.
٦- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەندام.
٧- بەڕێوەبەری گشتی و کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان ئەندام.

پێشنیاری سێیەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکان وئاراستەکردنی سیاسەتەکان و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی هەموو بڕیار و فرمان ورێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و رێکخستنی هەیە و بەپرسیارە لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەکانی خۆی رابسپێرێ بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆك و دەستە یان بەڕێوەبەری گشتییەکان یان بەرپرسەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بێت.

دووەم: نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەری دەبن.

سێیەم: راوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن لە بواری ئەرکەکانی شارەوانی و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن و خزمەتیان لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێت و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر بێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەمی خاڵی یەك و پێنج بەم شێوەیە لێبکرێت.

دووەم: یەك- بریکاری وەزارەت هاوکاری وەزیر دەکات لە رووی ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیر پێی دەبەخشێت، وە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

پێنج_ سەرۆكی شارەوانیەكان پۆلێن بكرێت بەپێی پلەی شارەوانیەكان.
١- سەرۆكایەتی شارەوانی لە پایتەخت یاسای تایبەت دەبێت و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی.
٢- سەرۆكایەتی شارەوانییەكان لە سەنتەری پارێزگاكان و ناوەندەكانی ئیدارە سەربەخۆكان بە پلەی نایاب.
٣- پلەی سەرۆكی شارەوانییەكان پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی دەبێت.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەی یەكەم خاڵی یەك و بڕگەی چوارەم خاڵی چوار و بڕگەی شەشەم خاڵی چوار بەم شێوەیە لێبكرێت.
یەكەم: ١- وەزیر سەرۆكی باڵای وەزارەت و بەرپرسە لە كاروبارەكان و ئاراستەكردنی سیاسەتەكان و سەرپەرشتی و چاودێریكردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەكانی پەیوەندیدار بە ئەركەكانی وەزارەت و پێكهاتە و دەسەڵاتەكان و هەموو كاروبارەكانی تەكنیكی و دارایی و كارگێڕی و ڕێكخستنی هەیە و بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەمانی كوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەكانی خۆی راپسپێرێت بۆ بریكاری وەزارەت و سەرۆكی دەستە یان بەڕێوەبەری گشتیەكان یان بەرپرسی پێكهاتەكانی وەزارەت.
چوارەم: ٤- بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.
شەشەم: ٤- هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.
پێشنیاری شەشەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەی یەكەمی خاڵی یەك و سێ بەم شێوەیە لێبكریت.
یەكەم: ١- وەزیر سەرۆكی باڵای وەزارەت و بەرپرسە لە كارەكان و ئاڕاستەكردنی سیاسەتەكان و سەرپەرشتیكردن و چاودێریكردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەكانی پەیوەندیدار بە ئەركەكانی وەزارەت و پێكهاتە و دەسەڵاتەكان و هەموو كاروبارەكانی تەكنیكی و دارایی و كارگێڕی و ڕێكخستنی هەیە و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەكانی خۆی راپسپێرێت بۆ بریكاری وەزارەت و سەرۆك و دەستە یان بەڕێوەبەری گشتییەكان یان بەرپرسی پێكهاتەكانی وەزارەت، بە لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت و لە پسپۆڕی وەزارەتەكەیدا.
٣_ راوێژكارەكان پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن و لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژكار زیاتر بێت و ساڵانی خزمەتییان لە پازدە ساڵ كەمتر نەبێت.
پێشنیاری حەوتەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها خاڵێك بە زنجیرەی نۆ بۆ بڕگەی چوار زیاد بكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.
چوارەم: ٩- بەڕێوەبەری گشتی باخچە و پاركەكان.
پێشنیاری هەشتەم: ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار هەشت پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (١) كەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ

پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری سێیەمە تكایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (٣) كەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە تكـایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری شەشـەمە تكـایە دەسـت بەرزكـــاتەوە؟ (٥) كەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێـــك لەگەڵ پێشـــنیاری حەوتەمە تكـــایە دەســـت بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشـیاری هەشـتەمە مـاددەكە وەكـو خـۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، زۆر سوپاس، ماددەی پێنج بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەكانی دووەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبكرێت.

دووەم: وەزیر دەسەڵاتی هەیە كەسێكی پسپۆڕ لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی بانگهێشت بكات بۆ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەكانی ئەنجـوومەن بە مەبەسـتی راوێژكـاری لە كـاتی پێویسـتدا بـێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

چوارەم: كۆبوونەوەكانی ئەنجـوومەن وەرزی دەبـن لە كـاتی پێویسـتدا سـاز دەكـرێن بە بڕیـاری وەزیر یان ئەنجوومەن.

پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنهـا خاڵێـك بە زنجیـرەی شـەش بـۆ بـڕگەی یەكەم زیـاد دەكرێت.

یەكەم: ٦- نوێنەرێكی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ئەندام.

پێشنیاری سێیەم: ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (١) كەس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە تكـایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەی یەكەم بەم شێوەیەی لێبكرێت.

یەكەم: ئەنجـوومەنی وەزارەت بـۆی هەیە گرێبەسـت لەگەڵ كەسـانی سرووشـتی و مەعـنەوی واژوو بكـات كە خـاوەن شـارەزایی و پسـپۆریەتین لە نـاوخۆی هەرێـم بە مەبەسـتی جـێ بەجێكردنـی ئامـانج و ئەركەكـانی وەزارەت بە رەچـاوكردنی یاسـا و رێنمـایی جـێ بەجێكردنـی گرێبەستە حكومییەكانی كارپێكراو.

پێشنیاری دووەم: ماددەكە لاببرێت.

پێشنیاری سێیەم: وەكو خۆی.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: وەزیـر بـۆی هەیە گرێبەسـت لەگەڵ کەسـانی سرووشـتی و مەعـنەوی واژوو بکـات کە خـاوەن شـارەزایی و پسـپۆریەتین لە نـاوخۆی هەرێـم بە مەبەسـتی جـێ بەجێکردنـی ئامـانج و ئەرکەکانی وەزارەت بەپێی یاسا بەرکارەکانی لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش چـوارەم پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٧): ئەنجوومەنی وەزارەت بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یـان بەش یـان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری دووەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

مــاددەی (٧): وەزیــر بــۆی هەیە لە کــاتی پێویســت و بەرژەوەنــدی گشــتی بە راوێــژ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزارەت بەش یان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکـایەوە یـان هەڵیـان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٧): وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویسـتدا بەڕێـوەبەرایەتی یـان بەش لە نـاو پێکهاتەکـانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی حەوت پێـنج پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری یەکەم تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکـاتەوە؟ (١)کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە مـاددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٨): ئەرك و دەسەڵاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە لەلایەن وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت کە لە ماوەی سێ مانگ تێپەڕ نەکات لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیاری هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نیە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوازدە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی سێزدە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێزدە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشینار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە.

هۆیەکانی دەچوواندن: بە هۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازی و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان بێت، لە شار و شارۆچکەکاندا بە مەبەستی جێ بەجێکردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو بەپێی پێداویستی هەنووکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم یاسایە دەچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی، فەرموون بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنی خۆجەییەکان، رۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠) کاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.
سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای گڵدانەوەی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق.
پێشنیاری دووەم: پێشنیازە یاسای دەست بەسەرداگرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین بۆ مەبەستی دەنگدان بێنە ژوورەوە، ئەمە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی کاڵای قاچاخ کە زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت لەم هۆڵی پەرلەمانە، جگەلە لە هەردوو لیژنەی وزە و لیژنەی تەندروستی داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بۆ جێ بەجێکردنی پابەندیەکانیان لە ناو هۆڵی پەرلەمان بێنە ژوورەوە، ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی کاڵای قاچاخ لە هەرێمی کوردستان کە زۆرترین قسەی لەسەر دەرکرێت، فەرموون.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یەکەم هەشت پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها برگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت و بەبێ دانانی رەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمەکی یاسا بەرکارەکان.
چوارەم: کاڵا قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەی کە مامەڵەی پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و هەرێم قەدەغە دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها برگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان مامەڵەپێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و هەرێم قەدەغە دەکرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
چــوارەم: کــاڵای قەدەغەکــراو ئەو کاڵایــانەیە کە لەلایەن دەســەڵاتە پەیوەندیــدارەکانەوە مامەڵەپێکردنیان بەپێی یاسا بەرکارەکان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانانی رەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵا و شمەکانەیە کە هاوردە و هەناردەیان پێوە دەکرێت لە دەرەوەی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان.
چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە هاوردە و هەناردەکردنیان لە بازاڕەکانیش قەدەغەیە.
پێشنیاری شەشەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایـانەیە کە هـاوردە و هەنـاردە دەکرێـت و بەبێ مـۆڵەت و رەسـم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.
پێشنیاری حەوتەم: ماددەکە وەکو خۆی.
پێشنیاری هەشتەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسـەڵاتانەی مـاددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە بە لیـژنەی یاسـایی و تایبەتمەنـد دراوە ئـێمە لە کۆبەنـدی ئەو بـژاردە پێشـنیارکراوانە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا، ئەم پێشـنیارە دەخەیـنە روو، داوا دەکەیـن بخـرێتە دەنگدان، مـاددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کـاڵای قاچـاخ هەر کـاڵایەك کە لە دەرەوەی یاسـا و رێکسـازیە کارپێکراوەکـان لە هەرێـم بەبێ جێ بەجێکردنی پابەندی رەسم و باجی گومرگی هاوردە و هەناردە دەکرێـت یـان هێنـان و بردنیان.
چـوارەم: کـاڵای قەدەغەکـراو هەر کـاڵایەك بەپێــی یاسـا بەرکارەکـانی هەرێـم لەلایەن لایەنە پەیوەندیـدارەکانەوە مـامەڵە و ئـاڵوگۆڕ پێکردنیـان لە بازاڕەکـانی نـاوخۆی هەرێمـدا قەدەغە دەکرێت.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەك هەشـت پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری شەشـەمە تکـایە دەسـت بەرزکــاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیــیە، هەر بەڕێزێــك لەگەڵ پێشــنیاری حەوتەمە تکــایە دەســت

بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری هەشتەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو شەش پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: ئەو کاڵایانەی کە بە بەڵگە سەلمێنراون بۆ قاچاخ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوون لە گواستنەوەیان.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

لایەنی پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم.

سێیەم: خاوەنی ئەو کاڵایانەی کە لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمدا هاتوون.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی گرتنی بکرێت بە دەست بەسەرداگرتن.

پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری شەشەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٢): هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی.

یەکەم: ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاخ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان.

دووەم: کاڵای قەدەغەکراو لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو شەش پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموو ماددەی سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارە بە مادده سێ شەش پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆکان لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە

وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و تەندروستی دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی گیراو بکرێت بە دەست بەسەرداگیراو.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی.
پێشنیاری شەشەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.
ماددەی (٣):
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆکاندا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تەندروستی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
دووەم: لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
١- وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی کە بەپێی حوکمی ماددەکانی دووی ئەم یاسایە گیراون.
٢- خەمڵاندنی بەهای کاڵای گیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکان.
٣- رادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.
٤- دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بەهاکەیان لە پێنج ملیۆن دینار کەمترە، وە دابەشکردنی بڕی بەرامبەرەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و رەوانەکردنی ئەو کاڵایانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند.
٥- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، ئەگەر بۆ لیژنە یەکلایی بووەوە کە کاڵای قاچاخن یان بۆ قاچاخی ئامادەکراون.
٦- فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لە داوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگیرێت.

٧- ڕەوانەکردنی قاچاخچی و ئەو کەسانەی مامەڵە دەکەن بە کاڵای قەدەغەکراو و شۆفێری ئامرازی گواستنەوە و کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیان بەشداربووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیان دەرنەچێت.

٨- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی لە هەردوو ماددەکانی پێنج و شەشی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە لە پاش ئەوەی حوکمەکەیان پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

سێیەم: سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی (١٩٤)ی یەکەمی (ب) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)، دەبێت بۆ مەبەستی جێ بەجێکردنی حوکمی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ شەش پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە لاببرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها دەبێت، بەهاکەیمان لاداوە بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی پێنج بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەکە بە زنجیرەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە.

پێنجەم: ئەگەر هەواڵدەر لە هەمان کاتدا فەرمانبەربوو جگەلە لە پاداشتە داراییەکە سوپاس و پێزانینێکی پێدەبەخشرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: پاداشتی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەپێی ئەو ڕێژانەی خوارەوە دابەش دەکرێت.

١- له (٦٠٪) بۆ هەواڵدەر.
٢- له (٤٠٪) بۆ ئەو کەسانەی هەڵساون به ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: هەواڵدەر ئەو کەسانەی کاڵای قاچاخ یان قەدەغەکراو ئاشکرا دەکەن یان دەیگرن پاداشتی داراییان پێ دەبەخشرێت بە رێژەی له (٢٠٪)ی بڕی بەرامبەری یان بەهای کاڵای دەست بەسەرداگیراو، دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش پێنج پیشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی ئەو پاداشتەی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە خەرج دەکرێت، لە ئەستۆ دەگرێت و سەبارەت بەو کاڵایانەی کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ناو دەبرێن شیاوی فرۆشتن نین.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قەدەغەکراو بکات کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراون بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

پیشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قاچاخ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراو بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکریت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قەدەغەکراو بکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراون بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان بە سەرپەشتی لیژنەی تایبەتمەند.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکریت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکارەکانی هەرێم رەفتار بە کاڵای قاچاخ یان قەدەغەکراو بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش پێنج پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێیەمی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا تۆمار دەکرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی دووەم لابرێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پیشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێ لە بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی بڕی بەرامبەری ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز ذكرى احمد اسماعيل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی هەشت هیچ پێشنیارێك نییە ماددەكە وەكو خۆی.
ماددەی (٨):
دادگای گومرگی تایبەتمەند بە شێوەی خێرا دەڕوانێتە ئەو داوایانەی حوكمەكانی ئەم یاسایانەی دەیانگرێتەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەكە وەكو خۆی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی نۆ بخوێننەوە.
**بەڕێز ذكرى احمد اسماعيل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی نۆ دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.
ماددەی (٩): پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.
پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیبە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە.
**بەڕێز خديجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی دە دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.
ماددەی (١٠): وەزیری ناوخۆ بە هاوهەنگی وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەردەكات.
پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیبە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.
**بەڕێز خديجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نیە ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەكە وەكو خۆی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ماددەی (١١) هەر بەڕێزێكی لەگەڵە وەك خۆی؟ هیچ پێشنیارێك نییە، پەسەند كرا، ماددەی (١٢).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (١٢) وەك خۆی؟ هیچ پێشنیارێك نییە، پەسەند كرا، هۆیەكانی دەرچوواندمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

سەبارەت بە هۆیەكانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/

بۆ ڕێگری كردن لە كاڵای قاچاغ و قەدەغەكراو و دەست بەسەردا گرتنیان و ئاشكراكردنی ئەو تاوانانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و سزادانی بكەران، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم/

هۆیەكانی دەرچوواندن/ بە مەبەستی ڕێگەگرتن و قەدەغەكردن و دەست بەسەردا گرتنی كاڵای قاچاغ و قەدەغەكراو و بنبڕ كردنی هەنارده و هاوردەكردن و مامەڵە پێكردنیان و دابین كردنی سەلامەتی و سەقامگیری بازاڕە ناوخۆییەكانی هەرێمی كوردستان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هۆیەكانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ یەكەمە؟ كەس لەگەڵ نییە، لەگەڵ دووەم؟ دوو ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ سێیەمە؟ پەسەند كرا.

كۆی یاساكە (یاسای گرتنی كاڵای قاچاغ و قەدەغەكراو لە مامەڵە پێكردن لە هەرێمی كوردستان) دا دەخەینە دەنگدان، خۆزگە زۆرترین ئەندامی پەرلەمان لە ژوورەوە بوایە، بە دەنگی (٦٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، بەڵێ زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی ناوخۆ، دەستتان خۆش بێ، ماندوو نەبن، ئێوە بڕۆن، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی دەكەین بفەرموون بۆ

شوێنی خۆیان، بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەمڕۆمـان کە پێشنیازە یاسای (گەشتوگوزار)ە لە هەرێمی کوردستان، دانانی ژینگەی یاسادانانە بـۆ کەرتێکی ئـابووری گرنـگ لە هەرێمـی کوردسـتان، هیـوادارم باشـترین موناقەشـە و تـاوتوێ بکـرێ، بەڵـێ فەرمـوون، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەمووتـان راپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد و راسـتێنراو لەلایەن لیژنەی یاسایی لە ناو سندووقەکانتان دا بووە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە ببێتە بنەما بۆ موناقەشە، بۆ گفتوگۆ، بـا بفەرمـوێ دەسـت بەرز بکـاتەوە، راپـۆرتی لیـژنە بکرێتە بنەما، بەڵێ پەسەند کرا، یەکسەر دەست بە خوێندنەوە بکەن.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی**

لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی رۆژی چوارشـەممە، رێکەوتـی (٢٠٢٢/٦/١٥) کـاتژمێر (١٠)ی بەیـانی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسـایی و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوون دەقەکـان لەگەڵ دەسـتور و یاسـا کارپێکراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی مـاددەی (٨٥) بڕگەکـانی (یەکەم) و (سـێیەم) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان تـایبەت بە راپـۆرتی لیـژنەی شـارەوانی و گواسـتنەوە و گەیانـدن و گەشـتوگوزار، کە لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی بـۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسندە.

**پێشنیازە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان-عیراق**

بەشی یەکەم/ پێناسە و ئامانجەکان:

ماددەی یەکەم:

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە زاراوە و دەستەواژەکانی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنێ:

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان-عیراق.

٢- **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- **وەزارەت:** وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

٤- **وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

٥- **دەستە:** دەستەی گەشتوگوزار.

٦- **سەرۆکی دەستە:** سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار.

٧- **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

٨- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سـەربەخۆکان کە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

٩- **گەشتوگوزار:** گەشت و گوزەر کردنی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بۆ ماوەیەکی کـاتی بە مەبەسـتی حەوانەوە، چێـژ وەرگـرتن، پشـوودانی دەروونـی، یـان جەسـتەیی، بینینـی شـوێنەوار، یـان هەواری

مێژوویی، یان دیمەنی سرووشتی، وەرزش کردن، چارەسەری سروشتی یان هەر بابەتێکی دیکەی هاوشێوە.
١٠- **ناوچەی گەشتیاری:** هەر شوێنێك كە بۆ مەبەشتی گەشتیاری بگونجێت، چ سروشتی بێ یان دروستکراو، موڵکی گشتی یان تایبەت، یان تێکەڵ بێ.
١١- **دامەزراوەی گەشتیاری:** کۆمپانیا نوسینگە و بریکاری گەشتیاری دەگرێتەوە، کە گەشت رێك دەخەن یان خزمەتگوزاری و چالاکی گەشتیاری بەڕێوە دەبەن، گشتی بن یان تایبەت، یان تێکەڵاو بێت.
١٢- **گەشتیار:** کەسێکی سروشتی هاونیشتیمانی بێت یان بیانی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ مەبەستی گەشتیاری.
١٣- **پرۆژەی گەشتیاری:** هەر پرۆژەیەکی بواری گەشتوگوزار کە لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ئەنجام دەدرێ، گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ بێت.
١٤- **وەبەرهێنانی گەشتیاری:** بەگەڕخستنی سەرمایەی مرۆیی و دارایی لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بۆ بونیادنان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم.
١٥- **چالاکی گەشتیاری:** ئەو چالاکییە دەگرێتەوە کە لە شوێنە گەشتیارییەکان دا لەلایەن دامەزراوە گەشتیارییەکانەوە لەلایەن گروپ و کەسانی ترەوە ئەنجام دەدرێ.
١٦- **رێنوێنی کاری گەشتیاری:** ئەو کەسەیە کە لەلایەن دەستە و مۆڵەتدارەوە و ئەرکی رێنوێنی گەشتیاران لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سەبارەت بەم ماددەیە هەر بەڕێزێك دەیەوێ قسە بکات؟ کاك سیروان، خدیجە خان، حسیبە خان، رۆژان خان، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم (نۆیەم) لە پێناسەکردنی گەشتوگوزار نوسراوە گەشت و گوزەر کردن، گەشتەکە راستە، بەس گوزەر کردن لێرە نایێتەوە بۆ ئەو یاسایە، گوزەر کردن لە بازارێك دا، لە کۆڵانێك دا، پێموایە ئەم وشەیە زیادەیە ئەگەر لاببرێ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی (نۆیەم) و بڕگەی (دوازدەیەم)، سەبارەت بە بڕگەی (نۆیەم) کە پێناسەی گەشتوگوزارە، باس دەکات دەڵێت کە گەشتوگوزاری کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، من پێموایە دەبێ ئەم ماوەیە دیاری بکرێت، چونکە ئێمە رێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیمان هەیە، کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەوە لەوێ دا باسی ماوە دەکات کە نابێت ئەو ماوەیە لە بیست و چوار کاتژمێر کەمتر بێت و نابێ لە یەكساڵیش زیاتر بێت، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە بەم شێوازەی لێ بکرێت:

گەشتوگوزار کردن یان دەتوانین لە جیاتی گەشتوگوزار کردن سەفەر کردنیش بەکار بهێنین، سەفەر کردنی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بۆ ماوەیەکی کە کەمتر نەبێت لە بیست و چوار کاتژمێر و زیاتر نەبێت لە ساڵێك، بە مەبەستی حەوانەوە، چێژوەرگرتن، پشوودانی دەروونی، یان جەستەیی، بینینی شوێنەوار، یان هەواری مێژوویی، یان شوێنی ئاینی پێویستە لێرە زیاد بکرێت، چونکە گەشتوگوزاری ئاینیش جۆرێکی گرنگە لە جۆرەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی دونیا و هەموو وڵاتان زۆر گرنگی پێ دەدرێت، بۆیە باشترە کە ئەویش ئاماەی پێ بکرێت.

هەروەها سەبارەت بە بڕگەی (دوازدەیەم)یش گەشتیار دیسان سەبارەت بە ماوەیەکی دیاریکراو من تێبینیم هەیە کە پێویستە بەم شێوازەی لێ بکرێت:

گەشتیار کەسێکی سروشتی یە، هاونیشتیمانی بێت یان بیانی، کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە دەچێتە شوێنی گەشتیاری، بە مەرجێك دووری نێوانیان کەمتر نەبێت لە هەشتا کیلۆمەتر، بە مەبەستی گەشتیاری، ئەوەش هەر لە رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری هەیە، ئاماژەی پێداوە و پێویستە لێرەش ئاماژەی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، رۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیاری خدیجە خانم هەبوو سەبارەت بەو بڕگەیەی کە پێشنیاری کرد گەشتیاری ئاینی زیاد بکرێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان شوێنی ئاینیمان زۆرە، لە زۆربەی ئاینەکان دا هەمانە، پێشنیار دەکەم گەشتیاری ئاینی زیاد بکرێت و لە بڕگەکانی تریش دا جێگای بکرێتەوە بۆ پەرەپێدانی و بۆ ئیدامەدانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز، سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسيبه سعيد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم و پێناسەکان، وێڕای پاڵپشتیم بۆ رەئی مامۆستا خدیجە و رۆژان خان، راستە لێرە تەحدیدی جۆرەکانی گەشتوگوزار زۆر جۆرمان هەیە کە خەڵك دێت، بۆیە یان تەحدیدەکەی (هتد) لە کۆتایی دابندرێت، یان بەو شێوە موتڵەقە کۆتایی پێ نەیێت، چۆن ئێمە گەشتوگوزارمان هەیە، خەڵك بۆ خۆ رۆشنبیری کردن، یان لە بواری پەروەردە، بۆ ڤیستیڤاڵ و بۆنە ئاینییەکان هەیە، بۆ ئارەزووییەك کە گەشتی شوێنەکە، ئەوانە هەموو جۆری گەشت کردنن، بۆیە ئەم پێناسەیە بە شێوازێکی تر دابڕێژرێتەوە باش دەبێ، هەروەها پێشنیاردەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە و بە بڕگەی (حەڤدەم) بۆ ماددەی (یەکەم) پێناسەی رێبەری گەشتیاری بکرێت، چۆن رێبەری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە هەم ئەلیکترۆنی

هەیە هەم لە شـێوازی نـامیلکە، بەڵام لە نـاو ماددەکـانی تـریش بـاس دەکـات، بەڵام پێناسـەی نەکرایە، من بەم شێوەیە پێناسەم کردییە ئەگەر لایان پەسەند بێت:
(رێبەری گەشتیاری ئـامرازێکە تـایبەت بە شـوێن و پـڕۆژە گەشـتیارییەکانی هەرێـم، بە شـێوازی گەشـــتیاری پەڕاوەیـــی و ئەلیکترۆنـــی لە شـــێوەی (Application)ی تـــایبەت، کە کـــاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لە بەرزکردنەوە و بە بازاڕکردنی شوێنەوارە گەشتیارییەکان لە هەرێم)، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، بە نووسراو بۆیان بنێرە، گوڵستان خان، فەرموو.
**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**
پشتەڤانیا خدیجە خانێ و رۆژان خانێدکەم، سەبارەت پێناسا شارەزا لڤێرە نەکریە، دڤێت پێناسا شارەزا ژی بێتە کرنێ، ئەو کەسێ شارەزایەکا باشـتر د کەرتـێ گەشـتوگوزارێدا هەبیـت و دڤێـت زێدەتر ژ بیست سالا ڤێ کەرتی دا کار کردبیتن ب بەلگە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ (ظاهر). فەرموو.
**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تێبینی من لەسەر خاڵی (پێنجەم) دەستەی گەشتوگوزار، پێمباشە پێناسەی گەشتوگوزار بکرێت، یەعنـی پێکهـاتەکەی چییـە؟ چـۆن دروسـت بـووە؟ چ کەسـێك سـەرۆکایەتی دەکـات؟ خـاڵی تـر (حەوتەم) (ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێـوەبردنی دەسـتە)، (ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردنی دەسـتە) بکـرێتە (ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردنی دەسـتەی گەشـتوگوزار)، خـاڵی (هەشـتەم) بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری لە پارێزگاکان و ئیدارە سـەربەخۆکان کە دەبـنە ئەنـدامی ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردنی دەسـتە، پێمباشـە بکـرێتە (بەڕێـوەبەرانی گشـتی) نەك (بەڕێوەبەرایەتی گشتی)، بەڕێوەبەرانی گشتی ببنە ئەنـدام، چـونکە ئەوە شـتێکی مەعـنەوی یە، ئەوەی نوێنەرایەتییەکـان کەسـێکی سروشـتی یە، خـاڵێکی تـر بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، دوازدەیەم (گەشـتیار کەسـێکی سروشـتییە) پێمباشـە بکـرێتە هەمـوو کەسـێکی سروشـتی چ هاونیشـتیمانی بێـت یـان بیـانی، پرسیارێکیشـم بـۆ لیـژنەی تایبەتمەنـد ئایـا ئەگەر کەسـێك نیشتەجێی شوێنە گەشتیارییەکان بێـت و ڕۆژانەش بە مەبەسـتی گەشـت کـردن سـەردانی ئەم شوێنانە بکات بە گەشتیار هەژمار دەکرێت یان نـا؟ خـاڵی شـازدەیەم،بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان، ڕێنـوێنی کـاری گەشـتیاری ئەو کەسـەیە کە لەلایەن دەسـتەوە مـۆڵەت دراوە و ئەرکـی ڕێنـوێنی کردنی گەشتیار لە ئەستۆ دەگرێـت، لە مـاددەی (٩) (یەکەم) بە مـۆڵەتی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشتوگوزار لێرە لەلایەن دەستەوە، پێموابێ جۆرێك لە تێکگیرانێك هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سوپاس بۆ بەشداریەکانتان، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

ماددەی دووەم:

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە:

١- ڕێکخستنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم بە جۆرێك ڕۆڵی ئابووری و ژیاریو ڕۆشنبیری ژینگەیی خۆی بەرجەستە بکات لە ئێستا و لە داهاتوودا.

٢- پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری: کارکردن بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ڕۆشنبیری و کەلتووری و فەرهەنگییەکان و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ و هاندانی سەرمایەگوزاریی و نیشتیمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی دا.

٣- ڕێکخستنی هەماهەنگی و کاری تەواوکاری لە نێوان دامەزراوە حکومی و ناحکومییە ناوخۆیی و دەرەکی پەیوەندیدارەکان دا، بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٢) ئامانجەکان؟ د.إسماعیل، مژدە خان، کاك مەم، حسیبە خان، بەڵێ کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) من پێشنیاز دەکەم هەر لابرێت، بۆ ئەوەی لە هۆیەکانی دەچوواندن دا ڕوون بکرێتەوە و بە سێ دێڕ دەتوانی جێگەی ئەمانە بکرێتەوە، بە زەرووری نازانم ئامانجەکان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) بڕگەی (یەکەم) کە دەڵێ (ڕێکخستنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم بە جۆرێك ڕۆڵی ئابووری و ژیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی خۆی بەرجەستە بکات لە ئێستا و لە داهاتوودا) ئەو وشەی (ژیاری)یە یان بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە، تۆزێك ناڕوونە، سەبارەت بە خاڵی دووەم کە دەڵێ (پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری: کارکردن بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ڕۆشنبیری و کەلتووری و ئاینی و فەرهەنگییەکان) وشەی (ئاینی) بۆ زیاد بکرێت، ئێمە شوێنی ئاینیمان هەیە، هەر لە دێڕی سێیەمی بڕگەی دووەم دا وشەی (و تێکەڵ) نووسراوە ئەوە پێموایە زیادەیە و ناشیرینە لەوێ لابرێ باشە، دەستتان خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز پشتگیریا کاك (مەم)ی دکەم، ئەڤ مادده بێته لاکرن و ماددێ هۆییێت دەرچوونێ دا جهێ وێ بێته کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی دووەم و ئامانجەکان من پێشنیار دەکەم چەند بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بە نیسبەت بڕگەی دووەمی ماددەکەش بەم شێوەیەی لێ بکرێت (٢- پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە ڕێگەی پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ و کارکردن بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە رووی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و ئاینی...هتد، بۆ سەرنج راکێشانی گەشتیاران بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان)، بڕگەیەك زیاد بکرێت بکرێتە زنجیرەی (چوارەم) (٤- هاندان و سەرمایەگوزاری نیشتیمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە پێی پێویست)، خاڵێکی تر (رەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی گەشتوگوزار و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریی بنکە گەشتیارییەکان و ئامادەکردنی کادیری گەشتیاری بە توانا)، خاڵێکی تر (ناساندن و بە بازاڕ کردنی شوێنەوارە گەشتیارییەکان لە هەرێم)، دوا خاڵ (گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بە گرنگی گەشتوگوزار و سوود وەرگرتن لە بەڕێوەبردنی ناوچە و شوێنەوارە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان دا)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

بەشی دووەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە:

یەکەم/ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەستەی گەشتوگوزار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

١- دانانی پلانی ستراتیجی و بەرنامەی ساڵانەی تایبەت بە گەشتوگوزار و گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان و جێبەجێ کردنی دوای پەسەند کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە.

٢- دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسازی مۆدێرن و گەرەنتی رەچاوکردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان دا و ئامادەکردنی سیستەمی پۆلێن کردنی دامەزراوە و پڕۆژە گەشتیارییەکان بە پێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دوای پەسندکردنی لەلایەن وەزیر.

٣- پێدانی مۆڵەتی کارکردن و شوێن و دامەزراوە گەشتیارییەکان بە پێی یاسا و ڕێنمایی یە بەرکارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
٤- پێدانی لاری نەبوون بۆ دروست کردنی پڕۆژەی گەشتیاری بە پێی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم و پێدانی مۆڵەتی دروست کردنی پڕۆژەی بچووکەکانی بواری گەشتیاری کە بە پرۆژەی وەبەرهێنان هەژمار ناکرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەدیدارەکان.
٥- چاودێری کردن و پشکنینی شوێنە گەشتیارییەکان و ئاراستە کردنیان بۆ چاککردنی جۆریەتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و پەرەپێدانی چالاکی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.
٦- ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکان دا ئەوانەی بنەماکانی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری تێدایە بۆ هەر بوارێکی دیکە جگە لە پڕۆژەی بواری گەشتیاری.
٧- بڕیاردان لەسەر دانانی چالاکییە گەشتیارییەکانی هەرێم وەك براندێکی نێوخۆیی و ڕێکخستنی کەرنەڤاڵی گەشتوگوزارییە نێودەوڵەتییەکان بە پێی ڕێنماییەك کە وەزارەت لەسەر پێشنیاری دەستە دەریدەکات.
٨- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری و ئامادەکردنی ڕێبەریً گەشتیاری و پەڕاوی ئەلیکترۆنی لە شێوەی ئەپلیکەیشن تایبەت بە شوێن و پڕۆژە گەشتیارییەکانی هەرێم.
٩- دامەزراندنی ناوەندی پسپۆڕی و هاندان و پێشنیازی کردنەوەی پەیمانگا و ناوەند بۆ ڕاهێنانی کارمەندانی بواری گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.
١٠- بەشداری کردن لە چالاکی ڕێکخراوە گەشتیارییە جیهانییە تایبەتمەندەکان و کۆنفرانس و بۆنە و پێشانگا نێودەوڵەتییە تایبەت بە چالاکی گەشتیاری دوای ڕەزامەندی وەزارەت.
١١- دامەزراندنی نووسینگەی زانیاری و گەشەپێدانی گەشتیاری لە فرۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و شوێنە پێویستییەکانی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەکارهێنانی شێوازە هەمەڕەنگەکانی ریکلام بە مەبەستی ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان.
١٢- ئامادەکردن و پێشنیازکردنی ڕەشنووس و ڕێنمایی تایبەت بە کەرتی گەشتیاری لە هەرێم.
١٣- هەر ئەرکێکی دیکەی هاتوو لەم یاسایەدا و یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێم پەیوەست بە چالاککردن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

دووەم/ دابەشکردن و پۆلێن کردنی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێن کە وەزیر پشت بەست بەم یاسایە و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری بەرکار لە هەرێم دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە؟ د.إسماعیل، مژدە خان، کاك سیروان، کاك باڵانبۆ، کاك بەڵێن، کاك شەمۆڵ، شیرین یونس، د.ڕێبوار، کاك چیا، حسیبە خان، کاك مەلا وەیسی، گوڵیزار خان، خدیجە خان، کێمان نەنووسیوە؟ کاك پێشەوا، گوڵستان خان، بەڵێ د.ڕێبوار، فەرموون.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
جەنابیشتان ئەزانن کە شوێنەوار بنچینەیەکە لە بنچینەکانی گەشتوگوزار لە هەموو وڵات دا، ئەوەی کە دیقەتم داوە لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی گەشتوگوزار لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە کە ئەم شوێنانە بپارێزرێ، چونکە لە زۆرێك لە وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو (سائح) یان سەقافەی سیاحە لەوێ بە ئاراستەی ئەوەیە کە بەرەو ئەو شوێنانە بچن کە ئاساری تیایە، بۆیە زۆر گرنگە لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزاریش بێ، هەم بۆ پاراستنییان، هەم بۆ بەرەو پێشبردنییان، من پێشنیار دەکەم کە ئەمەش ئاماژەی پێ بکرێ لەم ماددەیەدا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر، کاك چیا، فەرموو.
**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**
من ژی تەنها یەك خاڵ زێدە بکەم هەر لە ئەرك و دەسەڵاتا، ل خالا (٥) (چاڤدێری کردن و پشکنینێ شوێنە گەشتیارییەکان)، هەر چەندە دەستخۆشی بۆ وێ لیجنێ ژی بەس ل ڤێرێ پتر باشترە کو ئەڤ چاڤدێرییە ل سەر ئەسعارا و تەندروستی و شێوازێ پاقژی و خاوێنیێ بت و کو لبەر پتر ئیشارەت بێتەدان سەر جۆرەتیا چ شێوازێ چاڤدێری کرنێ بێتە دەستنیشان کرن، تەندروستی بیت، ئەسعار بیتن، کواڵتی بیتن، تەنها ڤان چەند کەلیمە لێ بێتە زێدە کرنێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك پێشەوا، فەرموو.
**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەستخۆشی لە بەڕێزانی لیژنە دەکەم، چونکە ئێمە ئەم یاسایانە دەردەکەین بۆ خەڵکی کوردستانی دەردەکەین، دەبێت برادەرانی لیژنە یەعنی ئایا کەسێکی شارەزا پشتی پێ دەبەستن لە رووی زمانەوانییەوە؟ من بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ وشەیەك بکەم، لە رووی زمانەوانییەوە زیاتر بە کوردی بکرێت و پوختتر بکرێتەوە، پێویستی بە هەندێك دەستکاری زمانەوانی هەیە، کەسێکی شارەزا دەتوانێت لەگەڵتان بێت، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، گوڵستان باقی، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت پڕۆژە یاسایێن تێنە دەرکرن ل پەرلەمانی کوردستانی هەر ژ بۆ هەندێیە هاووڵاتیێن هەرێما کوردستانی مافا وان ژ پڕۆژە ببینن، خەلکی پسپۆڕ و شارەزا تێدا یەعنی دەمێ یاسا دەرچیتن کەسێن پسپۆڕ و شارەزا وەختێ کە دکەڤیتە بواری جێبەجێ کرنێ دەبێ کار تێدا بکەن، لەوما ڤێ پرۆژە یاسادا بەحسێ وان کەسا نەکریە دەرچووێن گەشتوگوزارێ بن، ژبەرهەندێ یەعنی دڤێت مافێتڤان کەسێن دەرچوویەت گەشتوگوزار بهێنە فەراهەم کرن، یاسایا گەشتوگوزارێ بهێتە دانان دا مافێن دەرچوویان تێدا بهێنە فەراهەم کرن، ئەڤرۆ ل هەرێما کوردستانێ مە پتری (٣٥٠٠) تا (٤٠٠٠) وان کەسان هەنە یێن دەرچوویێن گەشتوگوزارێ بن، ژ ئامادەیێ بگرە، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا، بە گشتی دبێژم، حەتا نووکە مافێت وان نەهاتنە دابین کرن، ئەم هەمی دەزانین د کەرتی گشتی ژی دا نەهێنا دامەزراندن، چونکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ شوێنی دامەزراندنێ نینە، د کەرتی تایبەتێ ژی دا مافی وانا تێدا نینە، إژن دێ چا دەلیڤا هەلی کاری ڤان کەسانە پەیدا کەن، دەلیڤەن کارێ ڤان کەسانە بهێنە بەرجەستە کرن، چونکی کەسێن پسپۆڕ و شارەزانە، شارەزاییەکا زۆرا باشتر هەیە ل کەرتێ گەشتوگوزارێ دا، تایبەت دبێژم بۆ نمونە د کابینا (٩)یا هەرێما کوردستانێ دا ڤێ کابینێت دا گەلەك تەکەز ل سەر پێشخستنا کەرتێ گەشتوگوزاری کریە، مادام ب ڤێ رەنگییە پشتەڤانییەکا کەرتێ گەشتوگوزارێ دکەن، إژن دبێت جهێ ڤان کەسان هەبیتن، ناڤ ڤێ یاسایێ دا بهێتە فەراهەم کرن، لەوما لە هەرێما کوردستانێ کەسێن پسپۆڕ و شارەزا هەنە،ئەم دزانین ژی... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس گوڵستان خان، ئێمە لە ماددەی ئەرکەکانین ئێستا، تکایە بەس قسە لەسەر ئەرکەکان بکەن، شیرین یونس، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشخستن و گەشەپێدانی گەشتوگوزار بەندە بە پێشخستنی بنەماکانی گەشتوگوزار، دابینکردنی ڕێگای هاتووچۆی باش بۆ ئەوەی گەشتیاران بە باشی و بە سەلامەتی بە شوێنە گەشتیارییەکان بگەن، بە یەکێك لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و خاڵە گرنگەکانی ژێرخان دادەندرێت، ئەوەی پەیوەستە بە وڵاتی خۆمان کوردستان ڕێگەی وشکانە و لای هەمووان روونە ڕێگاکانمان چەند خراپن، گەشتیاران چەند بە ناخۆشی و سەختی دەگەنە شوێنە گەشتیارییەکان، ئەوە جگە لە ڕوودانی کارەساتی ناخۆشی هاتووچۆ، بۆیە پێشنیار دەکەم چاککردنی ڕێگەوبان، گەیشتن بە شوێنە گەشتیارییەکان وەکو خاڵێك لە ئەرکەکانی دەستە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بێجگە لەوەی کە پشتیوانی لە راکەی کاك د.ڕێبوار دەکەم لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی شوێنەکانی ئاسەوار و مێژووییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ بنەماکانی گەشتیاری لە هەرێم، وەکو بڕگەیەك زیاد بکرێت وەکو پشتیوانییەك بۆ قسەکانی کاك د.ڕێبوار، لە بڕگەی (یەکەم) خاڵی (١)ی (دانانی پلانی ستراتیجی و بەرنامەی ساڵانەی تایبەت بە گەشتوگوزار و پەرەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان و جێبەجێ کردنی دوای پەسند کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە)، بکرێ بە (دوای پەسندکردنیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە)، چونکە لە یاسای گەشتوگوزاریش ئاماژەمان بە ئەنجومەنی وەزارەت داوە کە ئەنجومەنێکی راوێژکاری گرنگە و ئەو دانانی پلان و ستراتیجە ناکرێ بە تەنیا لە دەسەڵاتی وەزارەت دا بێ، ئەنجومەنی وەزارەت بە ئەرکەکە هەستێ، خاڵی (چوارەم) لە راستی دا ئێمە هەمووومان دەزانین یەکێك لە تێبینی یە گرنگەکان کە ئێستا لەسەر یاساکانی بەرکار لە هەرێم هەیە یاسای وەبەرهێنانە، پێدانی لاری نەبوون بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری بە پێی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم و پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پڕۆژە بچووکەکانی بواری گەشتیاری .... هتد، من دەمەوێ یەك ئیزافە بکەم و لیژنە جێگەی بکاتەوە (بە بێ لێخۆشبوونی باج و گومرگ)، یەعنی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە لە یاسای وەبەرهێنان زۆر مەشاریع هەیە کە وەبەرهێنانیش نییە، بەڵام بۆ مەصاڵحی لایەنێکی دیاری کراو، بۆ کۆمپانیایەکی دیاری کراو، بۆ وەبەرهێنەرێکی دیاری کراو، لە باج دەبەخشرێ، هیوادارم ئەوە لێرە روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شەمۆڵ، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی د.ڕێبوار دەکەم سەبارەت بە گرنگی دان بە شوێنە گەشتیاری و شوێنە شوێنەوارییەکان، سەبارەت بە ماددەی (٣) خاڵی (یەکەم) بڕگەی (٢) (دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسازی مۆدێرن و گەرەنتی رەچاوکردنی لە پڕۆژە گەشتیارییەکان دا و ئامادەکردنی سیستەمی پۆلێن کردنی دامەزراوە و پڕۆژە گەشتیارییەکان بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دوای پەسندکردنی لەلایەن وەزیرەوە) نووسراوە، پێشنیار دەکەین بکرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) وێڕای پشتگیری کردنم بۆ وتەکانی (شیرین یونس)، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەم ماددەیە، لەبەر ئەوە لە ئێستادا دەبینین لە زۆربەی شوێنە

گەشتیارییەکان ڕێگری دروست کراوە لەوەی کە هاووڵاتییان بە ئاسانی بتوانن سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەکە بەم شێوەیە زیاد بکرێ (بوژاندنەوەی ئەو شوێنە گەشتیاریانەی کە بە هەر هۆکارێك بێت پەکخراون یان ڕێگری دروست کراوە بۆ ئەوەی کە هاووڵاتییان بە ئاسانی سەردانییان بکەن و ڕەخساندنی ڕێگای گونجاو بۆ ئەوەی کە هاووڵاتییان بە شێوەیەکی ئاسان بتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، بۆ ئەوەی هەم لۆد و قەڵەباڵغی لەسەر دانیشتووانی ناوچەکان دروست نەبێت، هەم هاووڵاتییان لە کاتی سەردان و گەڕانەوەیان دا کاتێکی زۆری تێدا نەکوژن).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) (دووهەم) باس لە دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسازی مۆدێرن دەکات...هتد، من داوا لە لیژنەی بەڕێز دەکەم ئیزافەیەکی بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی دنیا لە پێشکەوتندایە، مەسەلەن ساڵێکی تر، ئێستا ئینتەرنێت هەیە، هەندێك شوێنی گەشتوگوزاری ئینتەرنێتی دانەناوە، یان ئەو قادرمانەی کە بۆ ئاگر کوژانەوە، یان شتێکی تر لەو بیناسازییە، کەواتە من پێشنیاز دەکەم لە کۆتایی دا بنووسرێت (پێویستە گشت پرۆژە گەشتیارییەکانی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەست بەکارن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە)، لە بڕگەی (٩) (ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکان) هەر کەسێك کە ئەمە بخوێنێتەوە یەکسەر وا دائەنرێ کە وەبەرهێنان ڕەت دەکرێتەوە، یەعنی خوێندنەوەی بۆ بکرێ (نەفی) نابێ لە سەرەتای ڕستەدا هەبێت، پێموایە ئەگەر چاکی بکەنەوە من پێشنیازەکانم نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی کات نەگرم، دەیدەم بە سەرۆکی لیژنەی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستتان خۆش، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (سێیەم) بڕگەی (٥) پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بکرێت (چاودێری کردن و پشکنینی شوێنە گەشتیارییەکان و شوێنەواری و کلتوورییەکان و ئاراستە کردنیان بۆ چاککردنی جۆریەتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و پەرەپێدانی چالاکی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت)، (و تێکەڵ)ەکە لابرێ، چونکە مادام باسی کەرتی گشتی و تایبەت کراوە پێویست ناکات ئەو زیادەیەی دیکەی هەبێ، پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی دیکە زیاد بکرێ بەو شێوەیە ( لە پێناو گرنگیدانی زیاتر بەو شوێنانەی کە کلتووری و شوێنەوارین، لە پێناو گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری) یەعنی گرنگی پێدانی زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مژدە خان سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من چەند تێبینییەکێت هەین، ئێك/ (بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەستەی گەشتوگوزار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت..) مـن دبیـنم تێبینـی دکەم یەعنـی ئەڤە بێـتە لادان، ئەمە رەئسەن (دەسەڵاتی دەستەی گەشتوگوزار)، رەئسەن ئێك و دوو پێ تڤی ناکات ئەم ئەڤێ جوملە بێژین بۆ هێنانەدی ئامانجەکـان، تێبینیـا مـن یـا دووێ/ پرسـیارا ژ لیژنـا تـایبەت دبێـژیتن دەستە دێ دەستووریێ دێتە هەنـدە پـڕۆژە و پـڕۆژە نـاهێتە هەژمـاردن پڕۆژێـت وەبەرهێنـانێ، چـاوادی دەسـتووریێ داتـێ و نـاهێتە هەژمـاردن، یەعنـی ئەکە نەیێـتە هەژمـاردن بـۆچی ئەو دەستووری ئیدیا وێ چییە؟ تێبینیا من یا سێیی/هەرچەندە یا شەکلیە ژی بەس بلا نێ پێتڤیا مە ئیهتیمامێ بدەینە زمانێ خۆ، یەعنی زمانێ مە کوردی یە ئەگەر ئەمە پەیـڤ هەبـن جهـێ هەنـدە زمانی دی بگری، پێتڤیا مە زمانی کوردی ئیهتیمام و گرنگـی بـدەینێ، وەکـو سـتاندارد گەلە جـارا پێوەرمان هەی،بۆچی ستاندەرێت دهێتە بکارهێنان؟ پێوەرێـت جیهـانی یەعنـی ژ نە سـتاندەری جهێ وێ بگریتن، مەی هەی (براند)، براند کەلیمەکا ئینگلیزییە، کا چیـا مەعقـولە یەعنـی کـوردی جهێ براند نەگریتن؟ مەی هەی (application) (تطبیق)، (تنفیذ)، عەرەبی تەرجـومە (جێبەجـێ کردن) وشەیەکی بدەن ئەڤە یاسایێ دا نەبن، کوردی کوردی بن، تێبینیا منیا ئەخیری ل سەر خالا (٩) دامەزراندنی ناوەندی پسپۆڕ و هاندان و پێشنیازی کردنەوەی پەیمانگا و ناوەند بۆ ڕاهێنـانی کارمەنـدانی بـواری گەشـتیاری لە کەرتـی گشـتی و تـایبەت و تـێکەڵ ئیـزافە بکـرێ بە پێـوەرە جیهانییەکان، بە پێوەرە جیهانییەکان بێتە ئیزافە کرن ئەو سەنتەرە سەنتەرێکی علمی بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (سـێیەم) (یەکەم) منـیش پشـتگیری ئەو هەڤـاڵانە دەکەم کە داوا دەکەن لە دوا دێـردا ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە، یەعنی وشەی (ئەنجومەن) لە پـێش وەزارەت زیـاد بکرێت، لە خاڵی (چـوارەم) پێـدانی لاری نەبـوون و دروسـت کردنـی پـرۆژەی گەشـتیاری بەپیـی یاسای وەبەرهێنـانی بەرکـار لە هەرێـم و پێـدانی مـۆڵەتی دروسـت کردنـی پـرۆژە بچووکەکـانی بـواری گەشـتیاری کە بە پـڕۆژەی وەبەرهێنـان هەژمـار نـاکرێن، بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بێ، خاڵی شەشەم (رەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکان) یەعنی نـازانم مـن بـاش لەو بـڕگەیە تێنەگەیشـتوومە ئەگەر هەڤـاڵان روونکردنەوەیەکیان هەبێت، ئەگەر نا بەو شێوەیەی لـێ بکرێـت، نابێـت یەعنـی پێویسـتە خـاڵی

لەسـەر ئەو بـابەتە دابنرێـت، (نابێـت وەبەرهێنـان لەو شـوێنە گەشـتیاریانە دا بکرێـت ئەوانەی بنەماکانی سەرنج راکێشانی گەشتیاریان تێدایەبۆ هەر بوارێکی دیکە جگە لە پرۆژەکانی بـواری گەشــتیاری)، ئەگەر ئەو پــرۆژانە بەر لەوەی ئەو یاســایە دەرچــوون چــۆن حوکمەکــانی ئەم یاسایەیان لەسـەر جێبەجـێ دەکرێـت؟ پێویسـتە ئەوەشـیان تێیـدا روون بێـت، لە خـاڵی نـۆیەم (دامەزرانـدنی ناوەنـدی پسـپۆڕ و هانـدان و پێشـنیازکردنەوەی پەیمانگـا و ناوەنـد بـۆ راهێنـانی کارمەنـدانی بـواری گەشـتیاری لە کەرتـی گشـتی و تـایبەت و تـێکەڵ)، ئـێمە خـۆی لە هەرێمـی کوردسـتان پەیمانگـای لەو بابەتەمـان هەیە، کە سـاڵانە (٤٩٠) کارمەنـدی بە توانـا پێشـکەش بە کەرتی گەشتیاری دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە تاوەکو ئێستا دەرفەتی دامەزرانـدن بـۆ ئەم کەسانە نەبـووە، بـۆیە مـن دیسـان ئەگەر بێـت و لە ئامانجەکـان ئەم خـاڵەی پێشـنیارم کردبـوو جێبەجێ نەکەن بە ئەرك بێت لەسەر وەزارەت کە ئەم خاڵە زیاد بکات (رەخساندنی هەلی کار بـۆ دەرچــووانی گەشــتوگوزار و بەرزکردنــی کــواڵتی خزمەتگــوزاری بنکەکــانی گەشــتیاری و ئامادەکردنی کادیری گەشتیاری بە توانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر خـاڵی هەشـتەم بـڕگەی (یەکەم) مـاددەی (سـێیەم) کە کاتێـك دەڵـێ (بڵاوکـردنەوەی رۆشنبیری گەشـتوگوزاری و ئامـادەکردنی رێـبەرێ گەشـتیاری و پەڕاوی ئەلیکترۆنـی لە شـێوەی ئەپڵیکەیشن تایبەت بە شوێن و پـرۆژە گەشـتیارییەکانی هەرێـم) ئەمەی بـۆ زیـاد بکـرێ (بە هەر یەك لە زمانەکانی کوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی) پێویسـتە، هەروەهـا لێـرەدا لەم چەنـد خـاڵەدا خاڵی (سێیەم و چوارەم)ی هەمان بڕگەی و هەمـان مـاددە زۆر بـاس لە لایەنە پەیوەندیـدارەکان کـراوە، بەڵام کاتێـك دەچـی لە پێناسـەی زاراوەکـان هـیچ پێناسـەیەکی بـۆ نەکـراوە، لە زۆربەی پرۆژەکانی پێشتر و پێشنیازەکان پێناسە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، بۆیە پێم باشە ئەگەر بکرێ ئەم پێناسەیە زیـاد بکـرێ بەو شـێوەیە (لایەنە پەیوەندیـدارەکان: هەر یەك لە ئەنجـومەنی بەڕێوەبردنی دەستە و بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکان دەگرێتەوە)، خاڵێکی تریش لێرە گرنگە بۆ لە پێناو پارێزگاری کردن لەو شوێنە گەشـتیاریانەی کە سروشتین، بۆ ئەوەی تێك نەدرێن پێم باشە لە پێناسـەکان دوو پێناسـەی دیـکەش زیـاد بکرێـت، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئەمەش تەنهـا بـۆ ئەوەی کە ئەو شـوێنانە تێـك نەدرێـن، ئەو شـوێنە سروشـتیانە، ئەویـش جیـا بکـرێتەوە لە یەکتـری، نـاوچەی گەشـتیاری دروسـتکراو، نـاوچەی گەشتیاری سروشتی، بـۆ هەر یەکێکیـان پێناسـەیەکی دیـاریکراو بکـرێ، بـۆ ئەوەی پارێزگـاری لە ناوچە گەشتیارییە سروشتییەکان بکرێـت و باڵەخـانە و بینـا و شـتی تێـدا دروسـت نەکـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ماددا (٣) بڕگا (٤) و (٧) دوو بڕگێت گەلەك جێی خۆ دانا و ئەرکی وەزارەتا شارەوانی یە ب دروستی ئەگەر ئەم بێژن مەسەلەن دانانی پلانی گونجاو بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگەی هەرێم لە ڕێی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك لە شار و شارۆچکەکان، بڕگەك ڕوونە و گەلەك جهێی خۆ دایە، بەس کۆکردنا زبل و خاشاکی چ ڕێگە؟ چ پلان؟ چ پرۆگرام بێت کرنێ؟ نوکە گلەش مە سەرەدانا کربی سالا (٢٠١٩) وەك لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر مخابن هەیڤا (٧) مە سەرەدانا دوکان، چەمچەماڵ، بازیان کرد، گلەیا ژ ئاخت کرن، ئاڤ و ئاوەڕۆ ب شکلەکی گەلەك نەزانستی سەر ئاڤا دوکان، مخابن ئەوەش ئەنجام ژی پەیدا بینا نەخۆشیا وەکی کۆلێرا ژێ چێ بین، ئەم حەز دکەم پتر ئەڤ بڕگەیە بێتن دروست کرن، ئەو ڕاسپاردێت مە ژی هەر جارەك ڕاسپاردە تنێرن وەکی لیژنە، پتر گرنگیێ پێ بدەن، هەرچەندە ئەڤە هەڵگرتبی بۆ خالی پەیڕەوی، بەس نزانم چەند خالی پەیڕەوی هاتن، دەرفەتی دی ئەز لڤێرێ بەحس بکەم، نوقتەکی دی ژی بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، یاسا وەزارەتا تەندروستی ل وێ بنکا یاسادانانێ دا ئەوە ژ لایی جەنابی وە پەرلەمانی هاتی داینایە یاسا (٢٠٠٧)ی کری ئەساس (٢٠٠١)ی کری تەعدیل، ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان، ئەوە پەیوەندی بەم ماددەیەوە چیە؟ نازانم، هیچ پەیوەندی نییە، ئەوە بنکەی یاسادانانی پەرلەمانی کوردستان وتوویانە ئێمە لە تێستین، هەر بەڕێزێك مولاحەزەی هەیە ئێمە لە تێستین، دەبێ ئیمەیلێکی کراوە هەیە لەگەڵ ئەوان قسە بکرێ، کاك مەلا وەیس، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەم پێشنیازە یاسایە کە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگی بایی خۆی هەیە، چونکە یەکێك لە بنەماکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت گەشتوگوزارییە، بۆیەش لە بەشی دووەم لە ئەرك و دەسەڵاتەکان لە ماددەی (٣) لە بڕگەی (یەکەم) پێشنیار دەکەم کە خاڵێکی تر زیاد بکرێت بە دانانی نوێنەری گەشتوگوزار لە نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی ڕیکلام کردن بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بڕۆنە ماددەیەکی تر، قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك لای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە لیژنەی تایبەتمەند کراوە، ئێمە ئەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم پێشنیازە یاسایە بەرەنجامی چەندین کۆبوونەوە بووە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ، شارەزایانی بواری گەشتیاری، دەستەی گەشتوگوزار، وەزارەتی شارەوانی و دواجار نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و ڕای حکومەتیش بە هەند وەرگیراوە، ڕای شارەزایان بە

هەند وەرگیراوە، سەبارەت بە بۆچی باسی پاراستنی شوێنەوار نەکراوە؟ تەبعەن هەشت هەزار ناوچەی شوێنەواری لە هەرێم هەیە، بەڵام بیرمان نەچێ ئێمە لەم خولەی پەرلەمان یاسایەکی باشمان بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەوار داناوە، لەوێ شوێنی کراوەتەوە و هەر لەوێ لە چوارچێوەی ئەرکەکانی دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی یە، سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکان، ئاماژە بەوە کراوە، تەبعەن هەندێ شوێنی گەشتیاری هەیە دەسەڵات دەدرێتە دەستەی گەشتوگوزار بۆ ئەوەی ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بوو پرۆژەیەکی تر لەو ناوچەیە کرا جگە لە بواری گەشتوگوزاری، ئەمە ڕەت بکرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر ناوچەیەکی گەشتیاری وەکو (گەلی علی بەگ) وەربگرین، ئەگەر پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون یان بوارێکی تری لێ کراوە، دەستەی گەشتوگوزار دەسەڵاتی هەیە ئەم پرۆژەیە لەم ناوچەیە ڕەت بکاتەوە، ئامانجەکە ئەوەیە، سەبارەت بە ڕەخساندنی فرسەتی کار، پرسیار کرا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٧) لە خاڵی (پێنجەم) بۆ بەگەڕخستنی دەستی کاری ناوخۆیی فەرز کراوە لەسەر کۆمپانیاکان و پرۆژەکانی گەشتیاری دەبێ (٧٥٪)ی کرێکارەکانیان کرێکاری ناوخۆیی بن و فرسەت بدرێ، سەبارەت بە کردنەوەی پەیمانگا ئەوە پەیمانگای ڕاهێنانی یە، حەسیبە خان پرسیاری کرد، ئەمە لە خاڵی (٩):(دامەزراندنی ناوەندی پسپۆڕی و هاندان و پێشنیاری کردنەوەی پەیمانگا..)، ئەمە کۆلیژ و پەیمانگاکانی گەشتوگوزار ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمە ناوەندی ڕاهێنانی کاری پیشەیی یە بۆ ئەو کرێکارانەی کە لە کەرتەکانی گەشتوگوزار کار دەکەن، بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێ بکرێ بە باشترین شێواز بتوانن خزمەتگوزاریی گەشتیاری پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (چوار)مان بۆ بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم/ دامەزراوە گەشتیارییەکان:

ماددەی (٤):

١-ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیازی وەزارەت کۆمپانیای گشتی یان تێکەڵاو لە بواری گەشتوگوزاری بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دابمەزرێنێت.

٢-ئەو کۆمپانیانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێدراوە سەربەخۆیی دارایی و کارگێریان دەبێت بە پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوەك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە دەریان دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی (٤) بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ د.إسماعیل، کاك عمر، شیرین خان، کاك علی، کاك جلال، د.گەلاوێژ، لێرە کێ قسە دەکات بەڕێزان؟ د.إسماعیل و کاك عمر و کاك سیپان، لێرە کاك علی حەمە صالح و شیرین خان، کاك عثمان ، لێرە بەڕێزان کێ قسە دەکات؟ کاك جلال، د.گەلاوێژ، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی (١): (ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیازی وەزارەت کۆمپانیای گشتی یان تێکەڵاو لە بواری گەشتوگوزاری بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دابمەزرێنێت)، پێشنیاز دەکەم سەبارەت بە (کۆمپانیای گشتی یان تێکەڵاو) بکرێت بە (کۆمپانیای گشتی یان کۆمپانیای هاوبەش)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێکەڵاو بکرێ بە هاوبەش؟.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

بەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاک علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم، وەڵلا شیرین خان مولاحەزەکەی وت، هەر هاوبەشە، فیکرەکە کەرتی گشتی و تایبەت پێکەوە هاوبەش بن، بەڵام سەرنجی من جگە لەوە لەسەر خاڵی (دووەم)ە، تەبعەن پشتیوانی ئەو سەرنجەی شیرین خان دەکەم، خاڵی (دووەم) ئەوەیە ئایا بۆ هەر کۆمپانیایەکی هاوبەش ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەویێك دیار بکات؟ ئەمە عەمەلیەن قورسە، ئەمە ئەتوانێ ئیتیفاقێکی ستاندارد هەبێ بە پێی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا، چونکە کۆمپانیا بە تەنیا هی حکومەت نییە تا حکومەت پەیڕەوی بۆ دابنێ، بەڵکو ئەمە دەبێ لەو گرێبەستە دروست بکرێ، لەم گرێبەستە ئەمە داندرێ کە لە بەینی کۆمپانیا و حکومەت دا دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بڕگەی (١) و (٢) من قسەم لەسەری نییە، بەڵام قسەم لەسەر ئەوەیە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت کە (ئەنجومەنی وەزیران ئەمنییەتی شوێنە گەشتیارییەکان لە ئەستۆ بگرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك عثمان ، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ماددە (٤) (یەکەم) ب گونجای دبینم شینا کو هەموو دەسەڵاتەك زڤڕیتن ژ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بشێ بێژین دەستە دەستەیا گەشتوگوزارێ دەتوانێ ل سەر پێشنیاردا وەزارەتێ ژبۆ دانانا هەر کۆمپانیەکا تێکەڵاو د ناڤبەرا کەرتێ حکومی و کەرتی گشتی دا، کەواتە دەسەڵات ڤە

گـرتن ژ بـۆ دەسـتەیە نەك هەمـوو دەسـەڵات بێـتە کـۆمکر ل ئەنجـومەنی وەزیـران، ئەوە ژی پێچەوانەی بەرنامەی کاری حکومەتە ژ بۆ شۆر کرنـا دەسـەڵاتێ ژ وەکـێ هەر دەسـەڵاتێ بشـێتن مومارەسا دەسەڵاتێت خۆ بکاتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بە ناوی خوا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو خـاڵم هەیە لە مـاددەی (٤)، خـاڵی یەکەم/ پشـتگیری لە قسـەکانی بەڕێـز شـیرین خـان دەکەم، خـاڵی دووەم/ پێشـنیار دەکەم بـڕگەیەك زیـاد بکـرێ بە ژمـارە (٣) ئەویـش ئەوەیە ( لە (٥٠٪)ی داهـاتی ئەو کۆمپانیـا و دامەزراوانەی بە پێـی مـاددەی (١) دروسـت دەکـرێن لەلایەن حکومەت یان کەرتـی تـایبەت یـان تـێکەڵاو) بـۆ پەرەپێـدانی ژێرخـانی ئەو نـاوچە گەشـتیاریانە تەرخان بکرێ، بەڕاستی ناوچەی گەشتیاری زۆر زۆر دڵگیرمان هەیە کە هەر بە سروشـت خۆیـان وان، هەورامـــان و هەنـــدێ دەڤەری تـــر، بەڵام زۆر زۆر مانـــدوون بە هـــۆی نەبـــوونی خزمەتگوزارییەوە، شەقام و ڕێگاوبانی زۆر خراپیـان هەیە، خزمەتگـوزاری گشـتیان کەمە، بـۆیە پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سـوپاس، مـن ئومێـد دەکەم ئەو کۆمپانیـانەی گەشـتیاری کە مۆڵەتیـان پـێ دەدرێ یەعنـی هەندێکیان نەبنە جێگـای فەسادبەڕاسـتی، ڕەچـاوی خـاڵێکی زۆر گرنـگ بکـرێ کەوا دابـونەریتی کوردەواری بپارێزرێ ئەوجا ئەو مۆڵەتەیان پێ بدرێ، سەبارەت بە کۆمپانیـای گشـتی و تـێکەڵاو، بـۆ نمـونە پـارکی سـامی عبـدالرحمن، ئەکـوا پـارکی هەولێـر کە تـایبەتە بە پارێزگـای هەولێـر، مەلەوانگەی تـایبەت بە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، ئەوانە بێگومـان باسـی کەرتـی گشـتی و تـایبەت دەکرێ، یەعنی مۆڵەتەکە تێکەڵ دەبێ، باشە بۆ حکـومەت بە خـۆی ئەو کەرتـی گشـتیانە، ڕاسـتە هانی کەرتی تایبەت دەدرێ بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەت بـن، ئەو فشـارە لەسـەر حکـومەت کەم بێ، ئێستا بۆ نمونە ئەوانە هەمووی کەرتی تایبەت زیاتر بەڕێوەی دەبات، ڕاستە شوێنەکە گشتی یە، بەڵام بۆ حکومەت بە خۆی بیر لەوە ناکاتەوە دەیـان کارمەنـدی بە توانـای هەیە، بـۆ بە خـۆی بەڕێوەی نابات؟ ئەو مۆڵەتە کە دەدرێ بۆ حکومەت بە خۆی گرنگی بەوە نـادات؟ بـۆ ئەو فشـارە زیاتر لەسەر حکومەت بێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە لێرە بە پێی ئەوەی بەشی سێیەم عینوانەکەی دامەزراوە گەشتیارییەکانە، ماددەی (چوارەم/ ١) ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیاری وەزارەت کۆمپانیا یان دامەزراوەی گەشتیاری دابمەزرێ، چونکە لە ماددەی (پێنجەم) نووسراوە دامەزراوەی گەشتیاری عەینەن بە مۆڵەت، ئەوجا ئێرە دامەزراوەیە یان کۆمپانیایە؟ ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینیێت هەین، یا یێکێ/ (ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیاری وەزارەت..) ئەز حەز دکەم ڤێرێ جێهەك بێتە دیتن ڕۆڵێ دەستەی تێدا دیارە بیت، یەعنی نە بەس لەسەر دەستەدا وەزیر پێشنیارێ بکاتن بۆ ئەنجومەن و ئەنجومەن ڕەئسەن کۆمپانیایەکی دامەزرێنیت و دەستە ئاگا لێ نەبیتن، وێ جارێ پێتڤیا یەعنی بە بلێن بە پێشنیاری دەستە و وەزارەت، دەستە و وەزارەتدا دەستە ژی ئاگا هەبیتن، یەعنی کۆمپانیا دروست نەبیتن و دەستەی ئاگا لێ نییە، چونکو جیهەتی تەخەصوصی تایبەتمەند دەستەیە، نە وەزارەتە، تێبینیا دویێ/ ئەز دبینم ئەڤە لێ زێدە ببیتن ئەخیرێ کاتێ د بێژیتن (پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات و دڤێت..) بکەنە سۆرانی ئەزی بادینی بێژم (دڤێت ل ژێر چاڤدێری وردبینیا دیوانا چاودێریا دابیت)، یەعنی پێتڤیا (خاضع) بیت بۆ (الرقابة المالیة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی پێنجەم بخوێننەوە بەڕێزان، ڕوونکردنەوەت هەیە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) چەند پرسیارێك کرا، تەبعەن دامەزراندنی کۆمپانیا لەگەڵ دامەزراوەی گەشتیاری دوو بابەتی لێك جیان، تاکو ئێستا کۆمپانیای گشتی و کۆمپانیای تێکەڵ، کۆمپانیای گشتی کە کۆمپانیای موساهەمە دەبێت لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان دانەمەزراوە، بە حوکمی ئەوەی یاسای گەشتوگوزارمان نەبووە، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەسەڵات دەدرێ کە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی بدات لەسەر کردنەوەی کۆمپانیای گشتی لە بواری گەشتوگوزار کە لە شێوەی موساهەمە دەبێ لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کۆمپانیای تێکەڵاو بە هەمان شێوە تێکەڵاو لەسەر داخوازی دەتوانم بڵێم یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بوو کە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن، کە

داوایان کرد پڕۆژەی گەشتیاری بە شێوازێك دەتواندرێ پێش بکەوێ کە پڕۆژەی تێکەڵ بێ، گەشتیاری و سەکەنی، گەشتیاری و کشتوکاڵی، بەم شێوازە ڕەنگە باشتر بتوانین هەنگاو بەرەو پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار بنێین لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە، با بڵێین لەسەر ئەم ماددەیە جێگیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٥) بخوێننەوە بەڕێزان، لێرە مەبەستمان لە گشتی یەعنی (قطاع عام)ە، لە تێکەڵاو یەعنی (مختلطە)، لە (خاص) تایبەت یەعنی کۆمپانیا تایبەتەکانە، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)

١-دامەزراوەی گەشتیاری بە مۆڵەتی دەستە پیادەی کار و چالاکییەکان دەکات.

٢-پۆلین کردنی تایبەتمەندی دامەزراوە گەشتیارییەکان و مەرجەکانی مۆڵەتی گەشتیاری بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٥) بەڕێزان؟ کاك پێشەوا، حسیبە خان، مامۆستا أبوبکر، بەڵێ حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٥) من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێ:

١-دامەزراوەی گەشتیاری بە مۆڵەتی دەستەی گەشتوگوزار کار و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات بەپێی پۆلین کردن و تایبەتمەندی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٢- لەسەر پێشنیاری دەستەی گەشتوگوزار مەرج و مۆڵەتی گەشتیاری لەلایەن وەزارەت بە ڕێنمایی تایبەت ڕێکدەخرێن.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێك هەیە کە پەیوەندی بە گەشتوگوزارەوە هەیە لە زۆربەی ماددەکان دا سەیرم کرد ئەم بابەتەی تێدا نییە، تەقریبەن نزیکەی (٣٠٠) گوند زیاتر لە هەرێمی کوردستان هەن کە لە باشترین ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەرێمی کوردستان، دەیان هەزار هەلی کار دروست دەکەن نەك هەزاران، زۆربەیان دەکەونە مەنتیقەی بادینانەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە (ئامێدی) و ئەوەی کە لە (هرور) هەیە لە هیچ شوێنێکی دونیا نییە ئەو جوانیە و کەش و هەوای کە لەوێ هەیە، بەڵام بوونەتە ناوچەی شەڕ و ناوچەی بۆردومان و کێشەیەکی زۆریان بۆ خەڵکی کوردستان دروست کردووە، جگە لەوە لە ڕووی دارایـیەوە زیانێکی گەورەیان بە هەرێمی کوردستان

گەیاندووە، جگە لەوەی ئەو گەشتیارانەی کە دەچنە ئەو شوێنانە سەلامەتی ژیانیان پارێزراو نییە، یەکسەر لە ژێر مەترسی تۆپ و تەیارە و فڕۆکە و هێرشدان، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکرێ یەعنی؟ ئایا بەپێی یاسا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە سەلامەتی ئەو گەشتیارانە بپارێزێ کە نزیك دەبنەوە لەو ناوچانە؟ ئایا داوا لەو هێزانە دەکرێ کە هاتوونەتە ئەو ناوچانە بکشێنەوە؟ بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانێ لەو ناوچانەدا هەلی کار دەستەبەر بکات، حەزم دەکرد لە ناو یاساکە ئاماژەیەك بەمە بکرێت، سێ سەد گوند کەم نییە کە هەموویان ناوچەی گەشتیارین و لە ژێر مەترسی تۆپ و بۆردوماندان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك پێشەوا، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی (٥) و (٦) بکرێت بە یەك، چونکە هەمووی باسی مۆڵەتە، مۆڵەت هەم لە دەستە و دواتریش لە ماددەی (٦)دا باسی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەکات، بۆیە ئەوە پێشنیاری منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس مامۆستا أبوبکر،ماددەی (٦) بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

١-داواکاری مۆڵەتی وەرگرتنی کارکردنی دامەزراوەی گەشتیاری پێشکەش بە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت.

٢- ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دوو ساڵە و شیاوی نوێکردنەوەیە.

٣- دەستبەرداربوون (تنازل) لە مۆڵەتی دامەزراوەی گەشتیاری بۆ دامەزراوەیەکی دیکە تەنها بە ڕەزامەندی دەستە دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنینەوە: کاك پێشەوا، د.ڕێبوار، کاك عثمان سێدەری،کاك علی، کاك شەمۆڵ،شیرین خان، کاك کاروان، کاك دابان، کاك أرشد، مامۆستا عمر، مامۆستا أبوبکر، مژدە خان، د.إسماعیل، کاك سیپان، د.شێرکۆ، کەس هەیە نەمانووسیبێ؟ کاك دابان،فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێك پشتیوانی قسەکەی مامۆستا أبوبکر هەڵدەنی دەکەم کە ئەم دوو ماددەیە پەیوەندیدارن بە مۆڵەتەوە، بکرێ بە یەك، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦) (داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت لە کارکردنی دامەزراوە گەشتیارییەکان پێشکەش بە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان

دەکرێت) ئەمە تەنیا بۆ داواکارییە؟ یان بۆ نمونە ڕەزامەندییەکەش هەر لەوێـوە دێـتەوە؟ ڕوون نییە، ئەگەر داواکاری هەر پێویست ناکات هین بێ، چونکە ئێستا ئالیەتەکە وایە هەموو شوێنێك بەڕێـوبەرایەتی گەشـتوگوزاری هەیە، لەوێـوە داوای مـۆڵەت دەکـرێ، بـۆ نمـونە لە مەنتـیقەی گەرمیـانەوە نـاهێڵن لە سـلێمانی داوا بکـات یـان لە سـلێمانییەوە بـێ لە هەولێـر داوا بکـات، لە ماددەی (٣) (دەسـتبەرداربوون) (تنـازل) لە مـۆڵەتی دامەزراوەی گەشـتیاری بـۆ دامەزراوەیەکـی دیکە..)ئەم بڕگەیە داواکارم کە لاببرێ، چونکە ناکرێ بە یاسـایی ئـێمە ئەو صـەلاحیاتە بـدەین بە کۆمپانیایەك کە مۆڵەتەکەی بفرۆشێتەوە بە کۆمپانیایەك و دەستی لێ هەڵبگرێ، پێویست ناکات چونکە ئەزمـوونی ناخۆشـمان هەیە لە ئیستیسـمار، لە شـوێنەکانی تـر، کە ئەو مـۆڵەت فرۆشـتنە پێشینەیەکی خراپی هەیە، دووبارە نەبێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەناوی خودا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من چەند ئامارێکم کـۆکردۆتەوە لەسـەر دەسـتەی گەشـتوگوزاری هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئەوەی بزانین لە هەرێمی کوردستان چ مەئساتێکی گەورە لە بواری گەشتوگوزاردایە، لە کاتێك دا کە هەرێم پێموایە کە هەریمی کوردستان شوێنێکی زۆر زۆر باشە بۆ ئەوەی کە دەکـرا داهـاتێکی زۆر زیاترمان لەو دەستەیە هەبوایە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان لەسەر ماددەی (٦) قسە بکە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

لەسـەر مـاددەی (٦) قسـە دەکەم بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئەگەر مـاددەی (٦) نەبـوو مایـك داخەرەوە وەك هەمیشە، دەستەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردسـتان کێشـەی مـۆڵەت یەکـێکە لەو کێشانەی کە لە زۆر لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان هەیە لە هەرێم، لە گەشتوگوزاریش بە هەمـان شـێوە، هیـوادارم لیـژنەی بەڕێـز ئاسـانکاری بە شـێوەیەك بکـات کە زۆر زۆر زۆر زۆر ئاسـانکاری هەبێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داهاتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر بۆ چەند ساڵێك وەرمگرتووە ئەوەی کە ئامـاری ڕەسـمییە (٧٧٠) ملیـۆن دینـار بـووە، لە سـلێمانی ملیارێـك دینار بووە، لە دهۆك (٤١٧) ملیۆن دینار بووە، لە گەرمیان (١٩) ملیۆن دینار بـووە، ئەمە بە دینـارە بەم ڕەقەمانە، واتا ساڵی (٢٠١٨) ئێمە چوار ملیار دینار داهاتی گەشتوگوزارمان بووە، ساڵی (٢٠١٩) سێ ملیار، ساڵی (٢٠٢٠) کە دەبوایە زیاد بێت بەداخەوە کۆرۆنـاش بـوو دەکـرێ ڕەچـاوی ئەوەش بکرێـت دوو (٢٢٧١٣١٤٠٠٠) دوو ملیـار و دوو سـەد و حەفتـاو یەك ملیـۆن و سـێ سـەد و چـواردە هەزار دینار بووە، یەعنی موتابەعە بکە ساڵ بە ساڵ کەم دەکـات، (٢٠٢١)یشـم لایە، بەڵام دەقیـق نییە ئامارەکە بۆیە لێرە باسـی نـاکەم، بەشـداری داهـاتی گەشـتوگوزار لە کـۆی داهـاتی هەرێمـی کوردســـتان (٠,٧٪) کە ئەمە خـــۆی کێشـــەیەکی زۆر زۆر گەورەیە، ئەمە هۆکـــارەکەی چیـــیە؟

هۆکـارەکەی کە ئاسـانکاری ناکرێـت، هۆکـارەکە ئەوەیە کە مۆڵەتەکـان زەحمەتـن، هۆکـارەکەی ئەوەیە کە گرنگی پێ نادرێ، هۆکارەکەی ئەوەیە کە حکـومەت خـۆی دەستپێشخەری ناکـات بـۆ ئەو بابەتە، من پێشنیاز دەکەم مۆڵەت هەر باس نەکرێ، بە شێوەیەك بێت کە ئەوەندە ئاسانکاری بۆ بکرێت کە خەڵك هان بدرێت لە گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، پـرۆژە دروست بکـات، چونکە ئێمە شوێنی زۆر باشمان هەیە، بەڵام فەرموو شوێنمان هەیە جاددەی بۆ ناچێ، شوێنمان هەیە کارەبای بۆ ناچێ، شوێنمان هەیە ئاوی زۆر سازگار و باشی لێیە ئیستیغلال نەکراوە ئـاو بـۆ خەڵـك، یەعنـی ئەوانە هەمـووی هۆکـارن کە گەشـتوگوزار لە هەرێمـی کوردسـتان داهـاتی بەم شێوەیە کەم بێت، کە پەیوەندی بە مۆڵەتەوە هەیە، پەیوەندی بە ئاسـانکاری حکـومەتەوە هەیە، بۆیە تکا دەکەم هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکرێت و بە تەواوی پشتیوانی قسەکانی کاك دابـانیش دەکەم بۆ بڕگەی سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستبەرداربوون لە مۆڵەتی دامەزراوەیەك بۆ دامەزراوەیەکی تر لە چوارچێوەی بڵێین لە کەرتی گەشتوگوزاردا بـابەتێکی گرنـگ و هەسـتیارە، ئەگەر زۆر ورد نەبیـنەوە لێـی و ئەگەر بە گـوێرەی ڕێنمایی و هەندێك زەوابت نەبێ ڕەنگە گەندەڵی دروست بکـات، ناکرێـت ئەو دەسـەڵاتە بـدرێتە دەستە بە بـێ ڕێنمـایی، چـونکە جـاری وا هەیە دەسـتە بە گـوێرەی میزاجـی خـۆی بەرژەوەنـدی شەخصی یان بەرژەوەندی چۆن بڵێم بە گوێرەی مەصڵەحەتێکی ماددی بـۆی بکـات، بـۆیە دەبـێ زەوابت هەبێ و ڕێنمایی هەبێ، ناکرێ ئاوا واڵا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مەسـەلەی تەنـازول پاڵپشـتی لە قسـەکانی هـاوڕێم کـاك دابـان دەکەم، ئەوی دیـکە کە باسـی مۆڵەتی دوو ساڵ دەکات، ئەگەر کەسێك بێت لە پڕۆژەیەکی گەشـتیاری دا بـۆ نمـونە (١٠) ملیـۆن دۆلار خەرج بکات یان زیاتر خەرج بکات، کە پڕۆژەیەکی گەورەی سـتراتیجی بێـت، بە دوو سـاڵ دەتوانێ چی بکات یەعنـی؟ یەعنـی چـۆن هـانی دەدەی ئەگەر دوو سـاڵ مـۆڵەتی پـێ بـدەی بـۆ ئەوەی پڕۆژەیەکـی مەسـەلەن بیسـت ملیـۆن دۆلاری بکـات لە هەرێمـی کوردسـتان دا؟ بـۆیە دەستکارییەکی ئەو ساڵە نازانم چۆن دەکرێت، برادەرانی لیژنە ئەگەر تەوزیحێك بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك پێشەوا، کاك أرشد، فەرموو.

**بەڕێز أرشد حسين محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش پشتگیری لە قسەكانی كاك پێشەوا و كاك دابان دەكەم لەسەر بڕگەی سێیەم، هەروەها پێم باشە ئەم دوو ساڵە زیاد بكرێ، یەعنی ناكرێت كابرایەك مەصرفێكی زۆر لە پڕۆژەیەك بكات و بۆ دوو ساڵ بێ، لەوانەیە نەكاتن، ئەگەر ئەو موددەیە زیاد بكرێ بەلایەنی كەم (٥) ساڵ بۆ (١٠) ساڵ بێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، شیرین خان، فەرموو.
**بەڕێز شيرين أمين عبدالعزيز:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٦) بڕگەی (١) و (٣) قسەكانی من لەلایەن كاك دابانەوە كرا، بۆیە پشتگیری لە قسەكانی دەكەم، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ، كاك عثمان سێدەری، فەرموو.
**بەڕێز عثمان كريم سواره:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دیارە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دوو ساڵ و شیاوی نوێكردنەوەیە، ئەم دوو ساڵە زۆر كەمە، ئەگەر بكرێت بە چوار ساڵ یان پێنج ساڵ، كەمتر نەبێ، پشتیوانی لە قسەكانی كاك پێشەوا، كاك كاروان، كاك دابانیش دەكەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ، كاك علی حەمە صالح، فەرموو.
**بەڕێز علی حەمە صالح طه:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
وێڕای پشتیوانیم لە قسەكانی كاك دابان، ماددەكە بەم شێوەیە من ڕێك دەخەمەوە، خاڵی یەكەم وتا هەنگاوی یەكەم وەڵام دانەوەیە، واتا كۆمپانیا دێ پێشكەشی دەكات، پێویستە موئەسەساتی حكومەت وەڵامی خواستەكەی بداتەوە، بە قبوڵ یان قبوڵ نەكردن، كە پێموایە پێویستە لە ماوەی مانگێك دا وەڵام بدرێتەوە، چونكە ئێستا هەندێ مامەڵە هەیە ساڵێكی پێ چووە، خاڵی دووەم ئەوە بۆ تەواوكردنی پڕۆژەكە نییە، بۆ دەستپێكردنی پڕۆژەكەیە، چونكە لە خاڵی یەكەم دا كە تۆ وەڵام درایتەوە ئیتر كاتی پڕۆژە، ماوەی پڕۆژە، كولفەی پڕۆژە، هەمووی دیاری كراوە، من پێموایە دوو ساڵ یەكێك زەوییەك وەرگرێ، یان شوێنێكی بۆ دیاری بكرێ و دەست بەكار نەبێ زۆر زۆرە، پێویستە لە ماوەی ساڵێك دا بێ و بۆشی درێژ نەكرێتەوە، یەعنی ئێستا ئێمە ئەو گرفتەمان هەیە لە چەندین شوێن، پڕۆژە هەیە ماوەیەكی ئێجگار زۆرە، دەست بەكاربوون ناكرێ و بۆی درێژ دەكرێتەوە، خاڵی سێیەم كە پشتیوانی كاك دابان دەكەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە،

ڕێگە نەدرێ بە تەنازول کـردن، بـا مـۆڵەتەکە هەڵوەشـێتەوە، یەکێکـی تـر ئەگەر دەرفەتـی هەبـێ خۆی دەبێ دیسانەوە تەقدیمی مـۆڵەت بکـاتەوە، پێـی بـدرێتەوە چـونکە تـۆ دوو سـاڵ نەتـوانی تەواوی بکەی دوایـی بـڕۆی بیفرۆشیتەوە بە یەکێکـی تـر و مـۆڵەت و زەوییـەکە و ئەوانە، ئەمە ئێستا بووە بە ڕێگـایەکی گەورەی فەسـاد، مـن مـۆڵەتم لایە خـۆم دەستنووسـی مـامەڵەکەم لایە دەستنووس، بەس مۆڵەتەکە بە سێ ملیۆن دۆلار فرۆشراوەتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان، ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، ئەگەر بگەڕێـنەوە بـۆ پێناسـەکان ئـێمە لێـرە باسـی دامەزراوەی گەشـتیاری دەکەیـن، باسـی پـڕۆژەی گەشـتیاری نـاکەین، دامەزراوە بریتـی یە لە کۆمپانیـا، لە نووسـینگەکانی گەشـتوگوزاری، لەگەڵ ئاژانسـەکان، یـان وەکـالات و بریکارەکـانی گەشتوگوزاری، کۆمپانیاکان ئەسڵەن دەبێ سالانە مۆڵەتی کارکردن تازە بکەنەوە، نەك دوو سـاڵ جارێ، ئەمان حافزێکیان داوە لیژنەی بەڕێز و لیژنەی یاسـایی، بەوەی کە بۆیـان کـردوون بە دوو سـاڵ بـۆ هانـدان، بـۆیە بـا تێکەڵـی نەکەیـن لە نێـوان دامەزراوە گەشـتیارییەکان و پـڕۆژە گەشتیارییەکان دا، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

هەرچەند ڕوونکردنا تە تەمام بوو، ئاخافتن بـۆ مە نەهـێلا، چـونکی ڕوونکردنەکـا ل جهـێ خـۆدا بوو، بەس من دڤێت ئاماژە بوێ چەندێ بدەم کو ماددەی (٦) بڕگا دووێ ژ بۆ یەکێ ئەو ڕۆتینـات نی کرنا مۆڵەتێ دا هەر چەند مەهەك پێ چوو هەتاکو مۆڵەت بهێتە نـی کـرن، رسـووماتێن زێـدە تێنە دان، لەوڕا پێشنیار دکەم ل کۆمبوونا لیژنەی دا مە ئاماژە ب وێ چەندێ دا کو ئەڤ مۆڵەتە ژ بۆ سێ سالان بیتن، چونکی ساڵەکیدی ڕۆتیناتێت جێبەجێ کردنا دەبێ بە چیـتن و رسـوومات و باجێت زێدە دێتن، ئەگەر سێ ساڵ بیتن، دێ گونجاوتر بیتن ژ بـۆ وێ موئەسەسـێ، دەسـتخۆش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی کاك أبوبکر و کاك دابان و کاك کاروان و کاك أرشد و شیرین خان و کاك علی حەمە صالح دەکەم بۆ مەسەلەی لابردنی بڕگەی سێیەم، ئەم سێهەمە تەنـازول کـردن لە مـۆڵەت، بەڕێزان، یەعنـی دەرگـایەکی گەورەیە بـۆ یـاری کـردن بە شـێوازێکی نادروسـت، بەو مـۆڵەتە، بـا دامەزراوەی گەشـــتیاریش بـــێ، لە دامەزراوەی گەشـــتیاریش دا ئەوە زۆر ڕوویـــداوە و زۆر ڕوودەدات، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام کە بڕگەی سێیەم هەر لابرێ ئەسڵەن، بـۆ ئەوەی ئەو دەروازەیە نەکرێتەوە بۆ هیچ جۆرە پێشێلکارییەك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا أبوبکر و کاك دابان و کاك کاروان و وابزانم یەك دوو بەڕێکی دیکەشی هاتە سەر، منیش هەمان مولاحەزەی کاك پێشەوام هەبوو لەسەر ئەو دوو ساڵە، خۆ ئەگەر بۆ نمونە تێچوویەکی زۆری هەبێت لە دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە، یان ئەو دامەزراوە گەشتیاری یە، ئایا دوو ساڵ قابیلی ئەوەیە درێژ نەکرێتەوە؟ ئەو کەسە زیانی گەورە دەکات، ئەوە لە کاتی درێژ نەکردنەوەیدا کێشەیە، خاڵێکی تر ئەو کێشەیەی کاك علی باسی کرد من پێشنیار دەکەم بە بڕگەیەك بەم جۆرە زیاد بکرێ، ئەویش ئەوەیە(تا ساڵێك تێپەڕ نەبێت بەسەر کار و چالاکی کرداری دامەزراوەی گەشتیاری دا مافی فرۆشتنەوەی نەبێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شەمۆڵ، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) خاڵی (یەکەم) پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان دەکەم کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی دامەزراوەیەکی گەشتیاری پێویستە لە قەزاکانیش بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزارمان هەیە، پێویستە ئاڕاستەی ئەو بەڕێوبەرایەتییانە بکرێ ئەوان ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان بکەن، سەبارەت بە خاڵی (٣)یەمیش پشتیوانی قسەکانی کاك دابان دەکەم لابردرێ ئەو خاڵی (٣)یەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستم هەڵگرد وامزانی بۆ عەرزەکەیە، چونکە ویستم موناقەشە لەسەر ئەوە بکەین، ئێمە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی یاسای کڕین و فرۆشتنی ماڵ و موڵکی دەوڵەت هەیە، یەعنی نەك دەستە کەس ناتوانی بە کەیفی خۆی بە وەرەقەیەکی کاك (علی) باسی کرد بە سێ ملیۆن دۆلار بفرۆشیت، یەعنی ئەو بابەتەی برادەران ترسیان لەسەر هەیە ئەسڵەن بە قانون لەم پەرلەمانە دەرچووە، ئەو ڕێگایەی لە هەموو ئەو گەندەڵیانەی کە پێشتر دەکرا گیراوە، بۆیە ویستم بەوە بەشدار بم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر خاڵی (دووەم) هەبوو کە دوو ساڵ زۆر کەمە، خۆمان دەزانین ئەو وڵاتەی ئێمە ڕۆتینات و هێنان و بردن چەند زۆرە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بکرێت بە چوار ساڵ، پشتگیری کاك (دابان)یش دەکەم کە خاڵی (٣) لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی مامۆستا أبوبكر دەکەم کە ماددەی (٥) و (٦) لێك بدرێ مادام بابەتەکە وەرگرتنی مۆڵەتە، سەبارەت بە بڕگەی (دووەم)یش پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە باسی ئەو دوو ساڵە دەکەن، زۆر کەمە و بکرێ بە چوار ساڵ، سەبارەت بە بڕگەی (٣)یەمیش لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مژدە خان، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینیا من هەی ئەز پشتگیری ل کاك (سیپان)ی دکەم و هەموو برایێت کو گوتی دوو ساڵ کێمن، چونکی گەلەك باج و رسوومات و ئەو چنە گەلەك مەصرەف دچیتە سەر، خودانەت شەریکا، تێبینیا منا دوویێ پشتەڤانیا وان دکەم ئەوی گوتییە ئەڤ ماددا بێتە لادان، دەستبەردانبوون ئان (تنازل)، پشتەڤانیا د.شێرکۆ دکەم، علی حەمە صالح، أبوبکر، برایێ دابان، خوشکە مژدە، چونکی ڕاستی ئەڤە دەرگەهەکێ گەندەلی بەرفرە دێ ڤەکەت ئیجازە شیانی دکەن خودان دەسەڵاتە، شیانی تەی ئیجازا مۆڵەتا تشتی وەرگرین، ئێدی دێ تەنازولی بۆ هێدی هێدی دکەت بەرامبەر ماددەکی مەزن و ئەڤە واقیعەن دەرگەهێ فەسادێ یە، دەرگەهێ گەندەڵییە، دڤێت ئەم پەرلەمان ڕێکێ نەدەینە وان ڕێکێت کو گەندەڵی تێرا بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی حەوت بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧)

دامەزراوەی گەشتیاری پابەند دەبێت بە:

١- پیادەکردنی چالاکییەکانی بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراو لە مۆڵەتەکەی دا.

٢- پێدانی زانیاری لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکانییەوە بە دەستە دەربارەی پلان و پرۆگرامە گەشتیارییەکان پێش جێبەجێ کردنیان.

٣- پێدانی زانیاری بە دەستە لە بارەی گەشتیاران و هەر زانیارییەکی دیکە کە پەیوەندیدار بێت بە گەشتوگوزار لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکانەوە ئەگەر دەستە بە نووسراو داوای بکات.
٤- ئاسانکاری بە مەبەستی چاودێری و پشکنین.
٥- بەگەڕخستنی دەستەی کاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەك کە لە (٧٥٪) کەمتر نەبێت، جگە لەو پرۆژانەی کە پێویستی بە پسپۆڕی تایبەت و دەستی کار و شارەزا هەیە، بە مەرجێك لە هەرێمی کوردستان بوونیان نەبێت.
٦-هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت یان دەستە گرێبەستی نێوانیان زیاد دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڵێ، کاك شێخ ضاهر، ڕۆژان خان، کاك چیا، شیرین أمین، شیرین خان، کاك فیصل، کاك کاروان، کاك شەمۆڵ، مامۆستا عمر، سەرچنار خان، د.شێرکۆ، کاك سیپان، د.إسماعیل، لیزا خان، کاك زیاد، مامۆستا أبوبکر، کاك زیاد، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی (٥)ی ماددەکە لێرە شتەکی دیکە لەو پرۆژانەی کە پێویستە پسپۆڕیان دەڵێ (جگە لەو پرۆژانەی کە پێویستی بە پسپۆڕیان هەیە و دەستی کار و شارەزا هەیە)، ئەمە شەرعییەتێك دەدات بەوەی کە ئەو لە (٧٥٪)ە نەییتە ڕێ، لەبەر ئەوە ئەو پسپۆڕی تایبەت و دەستی کاری شارەزا با بکەوێتە زیمنی لە (٢٥٪)ەکە، نەك ئەوە کە لە (٧٥٪)ەکە بێ کە ئەمە شەرعییەت دەدات کە دەستی کاری ناوخۆیی بەکار نەیێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك زیاد دەستخۆش، کاك فیصل، فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) دامەزراوەی گەشتیاری پابەند دەبێت کە پێکهاتووە لە شەش خاڵ، من دەمەوێ بەم شێوەیە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ لە خوارەوە (بەگەڕخستنی دەستی کاری ناوخۆیی لە پرۆژە گەشتیارە گەورە و فراوانەکان دا بۆ دەرچووانی بەشەکانی گەشتوگوزار لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان) بە ڕێژەیەکی گەنجاو کە ببێتە مایەی بەکارخستن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگاکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك فیصل سوپاس، کاك شەمۆڵ، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) خاڵێ (٥) پشتیوانی لە قسەکانی کاك زیاد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شیرین خان، شیرین أمین، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) بڕگەی (٥) (بەگەڕخستنی دەستەی کاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەك کە لە (٧٥٪) کەمتر نەبێت، جگە لەو پڕۆژانەی کە پێویستی بە پسپۆڕی تایبەت و دەستی کار و شارەزا هەیە، بە مەرجێك لە هەرێمی کوردستان بوونیان نەبێت) منیش پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك زیاد دەکەم، دڵنیاین بە بیانووی ڕێژەی (٧٥٪)ەکە کەم دەکرێتەوە بە بیانووی دەستی کاری شارەزا، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك زیاد دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس شیرین خان، دەستتان خۆش بێ، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بڕگەی (٥) وێڕای پشتیوانیم بۆ قسەکانی کاك زیاد دەمەوێ پرسیارێك بکەم، کاتێك کە باس لە (٧٥٪) دەکرێ ئەمەی تری بۆ پسپۆڕی بەجێ دەهێڵدرێت، خۆ ئێمە باسی مەجالی نەوت ناکەین ئێمە موهەندیسێکی جیۆلۆجیمان بوێت، باسی بابەتی گەشتوگوزار دەکەین، یەعنی (٢٥٪) بۆ خەڵکانی پسپۆڕ بۆچی بەجێدەهێڵدرێت؟ یەعنی سەیری کە لە هەرێمی کوردستان ئەو ئامارانەی کە بەردەستن، من چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری بازرگانی ئامارەکم خستەڕوو کە دەستی کاری بیانی لە هەرێمی کوردستان لە کۆمپانیاکان بەتایبەتی و لە کۆمپانیا ناوخۆکانیش، یەعنی زۆر زۆرە، تێکڕای مووچەکەشیان نزیکی هەزار دۆلارە، ڕێژەی بەشداریکردنیشیان لەو کەرتانە نزیکی (٨٠٪)یە، لە کاتێك دا کە لە هەرێمی کوردستان دەیان و هەزاران گەنجی بێکارمان هەیە، وێڕای ئەوەی کە پێموایە ئەوەی کاك فیصل باسی کرد کە تەواو پشتیوانی دەکەم، ئەو بڕگەیەشی بۆ ئیزافە بکرێ، ئەولەویەت بدرێ بە دەرچووانی گەشتوگوزاری زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام لە هەمان کاتیش دا ئەم (٧٥٪)ە زیاد بکرێ، یەعنی بکرێ بە (٨٥٪)، بکرێ بە (٩٠٪)، چونکە گەشتوگوزار نەوت نییە تا بڵێی خەڵکی پسپۆڕی بۆ دێنم لە دەرەوە جیۆلۆجی یە یان کەسێکی شارەزایە لە مەجالی خاك، یان لە مەجالی نەوت بۆ دەرهێنان، یان موهەندیسێکی بیانی یە، ئەمە شتێکی گەشتوگوزارە، پێموایە کۆمپانیا محەلییەکانیش دەتوانن ئەوە بکەن، ڕەنگە بە ڕێژەی (١٠٪) خەڵکی پسپۆڕ و تایبەتی بوێت، ئەو ڕێژە دەکرێ بەجێبهێڵدرێت، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بە دوو بڕگە یەکەمینیان (٧٥٪) بکرێ بە (٨٥٪) بۆ (٩٠٪)، ئەوەی کاك (فیصل)یش ئەولەویەتی بدرێ بە دەرچووانی گەشتوگوزار و زانکۆ و پەیمانگاکان، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

خاڵەك كو مقیا بەحس بكەم پێشتریش كاك جلالی بەحس كر ل خالەكا دی، بەلێ من هەمان خال زێدە بكەتن ل ڤێرێ، دامەزراوی گەشتیاری پابەند دبیت بە ڕێزگرتن لە دابونەریتی كۆمەڵایەتی و تایبەتەمەندیێت دەڤەرێ، هەر دەڤەرەكێ تایبەتمەندیا خۆ و دابونەریتێ خۆ هەیە، كۆمپانیای گەشتیاری بێتە تەكلیف كرن كو ڕێز ل ڤان دابونەریتا بێتە گرتنێ، ئەڤ خالە ژی یەكەم خال بێتە زێدە كرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی منیش بە هەمان شێوە لەسەر بڕگەی (٥) بەگەڕخستنی دەستەی كاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەك كە لە (٧٥٪) كەمتر نەبێت، جگە لەو پڕۆژانەی كە پێویستی بە پسپۆڕی تایبەت و دەستی كار و شارەزا هەیە، بە مەرجێك لە هەرێمی كوردستان بوونیان نەبێت، منیش پێشنیار دەكەم ئەو ڕێژەیە زیاد بكرێت، بكرێت بە (٩٠٪)، پشتگیری قسەكانی كاك كاروان و كاك فیصلیش دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر هەمان بڕگە هەیە، بڕگەی (٥) لە ماددەی (حەوتەم)، بۆیە پشتگیری لە قسەكانی كاك زیاد و كاك شەمۆڵ و شیرین خان و كاك كاروان دەكەم، ئەگەر بێت و ئەم مەرجە دابنرێت بەوەی كە پێویست بكات كە پسپۆڕی بیانی بهێنرێ بۆ هەرێمی كوردستان لەسەر بابەتی گەشتوگوزار، ئەوە وابزانم ئەو دامەزراوانە دەستكراوە دەكەین بۆ ئەوەی دەستی كاری خۆماڵی وەلا بنرێت و تۆزێ ئیهمال بكرێ، بۆیە باشتر وایە بەم شێوەیە بنووسین (بەگەڕخستنی دەستەی كاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەك كە لە (٧٥٪) كەمتر نەبێت.) هەر ئەوەندەی لێ بنووسین، ئەوی تر (٢٥٪) دەمێنێتەوە، تەبیعی ئەو (٢٥٪)ەش كۆمپانیاكان، دامەزراوەكان دەتوانن سوود لە خەڵكی شارەزا و پسپۆڕ لە دەرەوە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.شێركۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەم ماددەیە، ماددەی (٧) بڕگەی (٦) باس لەوە دەکات کە هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت، بۆیە ئەم شەشەمە مەتاتیەتێك دەدات بەوەی کە پابەندی تر بە بێ دیاری کردنی داوا بکرێ لە دامەزراوە گەشتیارییەکان، بۆیە پێموایە لابرێت باشترە وەك لەوەی ئاوا بمێنێتەوە بە مەتاتی مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) (چوارەم) داخازی دکەم بهێت لادان، چونکی ل ماددا (٨) (سێیەم) هەمان نقیسان هەیە و هەمان گوتن دیار دکەتن، لەورا پێشنیار دکەم (چوارەم) بهێتە لادان، چونکی ماددێ (٨) (سێیەم)دا هەیە، هەروەسا ژ بۆ ماددێ (حەفت) (پێنجەم) پشتگیریا کاك فیصل و کاك کاروانی دکەم، ماددا (٦) پشتگیریا د.شێرکۆ دکەم، هەروەسا دخازم ماددەیەك لێ بهێتە زیاد کرن، مە دامەزراوە گشتی دانە، هەمی ئاسانکارییەك دێ ژبۆ دێتە کرن، لێ گرنگیا ئەوە چاوانیا مارکێتینگ کرنا جیهێن گەشتیاری، ژ بۆ یەکێکی بشێتن هاندانەکا زیاتر بکاتن ژبۆ سەرنجا راکێشانا جهێن گەشتیاری ژ بۆ هاووڵاتیێن بیانی ژی بشێت بێهتە ناڤخۆیا هەرێما کوردستانی و ئەڤ جهێن گەشتیاری سوودمەند ببن ژ هاتنا وان گەشتیار، لەورا بە گرنگی دبینم خالەکا ب ڤێ ڕەنگی نقیسا ئاڕاستەی لیژنەی کەم ژ بۆ هاندانا هێنانا گەشتیارێن بیانی ژ بۆ ناوچەی گەشتیارییێن هەرێما کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە نیسبەت بڕگەی (پێنجەم) بەڕاستی پشتگیری قسەکانی کاك کاروان دەکەم، ئێمە لە پرۆژەیەکی گەشتیاری دا نەتوانین دەستی کوردی خۆماڵی جێ بکەینەوە، ئەی ئەگەر لقی کۆمپانیایەکی دروستکردنی ئۆتۆمبێل چۆن دەتوانین خەڵکی خۆمان جێ بکەینەوە؟ بۆیە لە (١٠٠٪) لەگەڵ ئەوەم دەستی خۆماڵی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەستنیشان بکرێ، خاڵێکی تر ئەوەیە پرۆژە گەشتیارییەکان ستافەکانیان پابەند بکرێن ئەگەر تەنانەت لەو ڕێژەیە ڕێژەیەکیش بیانیشی تیا بوو پابەند بکرێن بە فێربوونی زمانی کوردی، دەچینە هەندێ پرۆژە، هۆتێل، چێشتخانە کەسی تیا نادۆزیتەوە زمانی کوردی بزانێ، زۆرینەی غەیری کوردە بەداخەوە، خاڵێکی تریش ئەوەیە پرۆژە و شوێنە گەشتیارییەکان پابەند بن بە پاراستنی زمانە فەرمییەکان، زۆر (menu) لە زۆر چێشتخانە زۆر هۆتێل دەچی ئەسڵەن کوردی لەگەڵ نییە، یەعنی یان ئینگلیزی یە یان عەرەبی یە بەداخەوە، وەك ئەوەی خەڵکی کوردستان ئەو شوێنانە بەکار نەهێنێ، یان عەیب بێ بە کوردی بنووسن، خاڵێکی تر کە من زۆر زۆرم بەلاوە گرنگە وابزانم کاك

چیا باسی کرد، کاك جلالیش له ماددەی (٤) باسی کرد، ئەویش ئەوەیە ئەو شوێنانە پابەند بن بە ئادابی گشتی، بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەمان، لیژنەی پەیوەندیدار حەز دەکەم زۆر بە جیددی ئەم بابەتە وەرگرن، بەداخەوە ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بینیمان خەڵکی عەنکاوە خۆپیشاندانیان کرد بە دەست ئەو هەموو فەساد و خەراپەکارییەی ڕووی کردۆتە شوێنەکانیان بە هۆی ئەو شوێنانەی گەشتیارییەوە، لە سەرچنار ئێوە ئاگادارن چەند خەڵك بێزارە لەو شوێنانە، لە ژێر ناونیشانێك دا بە ناوی پڕۆژەی گەشتیارییەوە شوێنێك دەکرێتەوە لە ناوەوە لەشفرۆشی تێدا دەکرێت، بازرگانی بە مرۆڤی تێدا دەکرێت، قومارخانەیە، بەڕاستی ئەمانە دەبێ ڕێکبخرێنەوە و دەبێ ڕێگە بەم جۆرە کارا نایاساییانە نەدرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کاك لقمان گیان بڕگەیەك ئاوا زیاد بکەن، کە ئەو بەڕێزانەش باسیان کرد، شوێنەکانی گەشتیاری و پڕۆژەکان پابەند بن بە پاراستنی ئادابی گشتی لە چوارچێوەی بنەما دەستوورییەکان و یاسا بەرکارەکان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (چوارەم) دامەزراوەی گەشتیاری مادام نووسیومانە پابەندبوون مولزەمە خاڵی چوارەم بە مەرج و ڕێکارەکانی چاودێری و پشکنین، نەك ئاسانکاری بکات، دەبێ تەواوی ئەو مەرج و ڕێکارانە پابەند بێ پێوەیان، لە خاڵی (پێنجەم)یش دا بە هەمان شێوە پشتگیری کاك کاروان و کاك زیاد و مامۆستا عمر و هاوڕێیانی تر دەکەم کە ڕێژەکە بکرێتە لە (٩٠٪)، ئەوەی کە پەیوەندی بە پاراستنی بەها باڵاکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە پێموایە پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە (پیادەکردنی چالاکییەکانی بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراو لە مۆڵەتەکەی دا بە ڕەچاوکردنی بەها باڵاکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی (دووەم) و (سێیەم) هەردووکیان پێدانی زانیاری یە لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتییەوە بە دەستە دەربارەی پلان و پرۆگرامە گەشتیارییەکان پێش جێبەجێ کردنی، ئەوە دەتوانێ لەگەڵ خاڵەکەی دوای ئەوە سێیەم لابرێ و بنووسرێ (هەروەها پێدانی زانیاری

بەدەستە دەربارەی گەشتیاران یان هەر زانیارییەکی دیکە)، بۆ ئەوەی ببێ بە یەك خاڵ، خاڵی (چوارەم)یش ئاسانکاری بە مەبەستی چاودێری و پشکنین، تۆزێ مەعناکەی نادا بەدەستەوە، ئەگەر ئاسانکاری کردن بێ بۆ مەبەستی چاودێری کردن و پشکنین ئەوە باشترە، خاڵی (پێنجەم)یش ئەو ڕێژەیە منیش هاوڕام لە (٧٥٪)ەوە بکرێتە (٩٠٪)، ئەوەی تریشی هەر لاببرێ، چونکە دەقی مەتاتی ناکرێ لە ناو یاسا بێت، خاڵی (شەشەم)یش کە تۆ پابەندییەکانت بەم پێنج خاڵە دیاری کردووە، بۆ یەك خاڵێکی مەتاتی دادەنرێ هەر پابەندییەکی دیکە، ئەگەر هەیە لێرە ئاماژەی پێ بکە، ئەگەر نیشە لای بە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەم کە ئەو خاڵی (شەشەم)ە لاببرێ، هەر بەڕێزێکیش وتوێتی لاببرێ من پشتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

تێبینیا من یێکێ پشتەڤانیا وان بۆچوونێت دکەم کو رێژەیا (٧٥٪) ببیتە (٩٠٪)، ئەو برایەت گوتین پشتەڤانیا وان هەمیا دکەم، دوو/ پشتگیریا د.شێرکۆ دکەم، کاك سیپانی، کو خالا شەشێ خوشکە سەرچنار خالا شەشێ نەمێنیتن، چونکی ڕاستی نەیا وازحە پابەندییەکی دیکە، یەعنی چ پابەندی دیکە مادام بەری نیکە هاتینە دیاری کرن حەوجا نینە مەتاتی بیتن، تێبینیا من دووماهیکی ئەز پشتەڤتنیا مامۆستا (عمر)ی دکەم لسەر بۆچوونا وی خالەکا دی بێتە ئیزافە کرن، زێدە کرن، دڤێت ئەڤ جهە پابەند بن بە (آداب العامة)، پێتڤیا پابەند بن ئەگەر پابەند نەبوون ئەوە موخالەفە ئیجازا خۆ کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٨) ئەگەر وەڵامەکتان نییە، فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

بەشی چوارەم/ ناوچە گەشتیارییەکان

ماددەی (٨):

١- ناوچەی گەشتیاری دەستکرد و بونیاتنراوەکانی سەر ناوچەی گەشتیاری سروشتی تەنها بە مۆڵەتی دەستە دادەمەزرێت و مەرجەکانی مۆڵەتی شوێنی گەشتیاریش بە ڕێنمایی دیاری دەکرێتکە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکات.

٢- داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی شوێنی گەشتیاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێ.

٣- شوێنە گەشتیارییەکان پابەند دەبن ئاسانکاری بۆ مەبەستی چاودێری و پشکنین.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، بۆ ماددەی (٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکات با دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (٨) بریتین لە بەڕێزان کاك د.شێرکۆ، کاك

د.إسماعيل، مامۆستا أبوبكر، سەرچنار خان، مامۆستا عمر، كاك مـلا ناصـر، د.گەلاوێـژ، كـاك شـێخ ظاهر، كاك حاجی هەڵكەوت، كاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) بڕگەی (٣) (شوێنە گەشتیارییەكان پابەند دەبن ئاسانكاری بۆ مەبەسـتی چـاودێری و پشـكنین)، پـێم باشـە صـیاغەكەی بەم شـێوەی لـێ بكـرێ (شـوێنە گەشـتیارییەكان پابەنـدن بە پێشكەش كردنی ئاسانكاری بۆ مەبەستی چاودێری كردن و پشكنین)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) (دووەم)/(داواكاری وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی شوێنی گەشتیاری پێشكەش بە بەڕێوبەرایەتی گشتی دەكرێ)، واتا یەعنی بەپێی ئەو یاسایە، هەندێك ڕوونكردنەوەم دەوێ، ئایا ڕێكارەكـان دەگۆڕێـت؟ یەعنـی وەبەرهێنـان و ئەوانە بەشـداری نـاكەن لەوە؟ تەنهـا ڕێكارەكـان دەبێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی؟ سێیەمیش پاڵپشتی لە بەڕێز شێخ ظاهر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی هەڵكەوت، فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت أنور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) لە بـڕگەی (٣) هـاتووە دەڵـێ (شـوێنە گەشـتیارییەكان پابەنـد دەبـن و ئاسـانكاری بـۆ مەبەستی چاودێری و پشكنین)، من پێم باشە بڕگەیەكی بۆ زیاد بكرێ هەر شـوێنێ ئەمنیـیەت و ئاسایشـی هەبـێ لەو شـوێنە گەشـتوگوزارانە بنكەیەكـی ئاسـایش دابـمەزرێ، لەبەر ئەوە زیـاتر ئەمنییەتی ئەم شوێنە بپارێزرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نـاوچە گەشـتیارییەكان مـاددەی (٨) بـڕگەی (٢) (داواكـاری وەرگرتنـی مـۆڵەتی دامەزرانـدنی شــوێنی گەشــتیاری پێشــكەش بە بەڕێــوبەرایەتی گشــتی دەكــرێ) لێــرە دیــاری نەكــراوە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئایا لە وەزارەت؟ یان لە پارێزگا و ئیـدارە سـەربەخۆكان؟ بـۆیە پێویسـتە ئەگەر تەنها لە بەڕێـوبەرایەتی گشـتی و وەزارەت دا بەڕێـوبەرایەتی گشـتی لە پارێزگـا و ئیـدارە سەربەخۆكانی زیاد بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك د.شێركۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیاری ئەوە دەکەم، داوای ئەوە دەکەم کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، چونکە باس لە ناوچەی گەشتیاری یە، باس لەوەیە کە چۆن مۆڵەتی پێ دەدرێ، باس لەوەیە کە چۆن داوا دەکرێ، بەڵام باس لەوە نەکراوە کە پێویستە نەخشەی ناوچە گەشتیارییەکان هەبێت، یەعنی شوێن دیاری کرابێ وەکو چۆن نەخشەی ئیستیسماری کە ئەمە بۆ پیشەسازی یە ئەم مەنتیقەیە، ئەمە بۆ بازرگانی یە، ئەمە بۆ کشتوکاڵی یە، وەبەرهێنانەکان، بۆ گەشتیاریش بە هەمان شێوە لە دنیایێ ئەوە پەیڕەو دەکرێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەی چوارەم زیاد بکرێ کە بڵێین (پێویستە دەستە نەخشەی گەشتیاری پەیڕەو بکات بۆ دیاری کردنی جۆر و شوێنی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم)، جۆری گەشتیارییەکە و شوێنی گەشتیارییەکە، ئەوە پێی دەووترێ (نەخشەی گەشتیاری).

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك د.إسماعیل، فەرمووو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینی هەبوون، تێبینیا یێکێ/ جهێ (شوین) ببیتە (ناوچە) گونجاو بیت دل گەل عینوانێ ڤی فەصلی، بێژیت بەشی چوارەم ناوچە گەشتیارییەکان بلا لڤێرێ ژی شوینە ببیتە ناوچە، تێبینیا منا دووێ/ ئەز پشتگیریا د.شێرکۆ دکەم بۆ زێدە کردنا وێ خالا وی بەحس لێ کری، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) بڕگەی (١) پشتگیری لە قسەکانی کاك د.شێرکۆ دەکەم، لە بڕگەی (٣) پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ ظاهردەکەم بۆ داڕشتنەوەی بڕگەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا أبوبکر، فەرمووو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەشی (پێنجەم)ە باسی ڕێمینکاری گەشتیاری و مافی گەشتیار دەکات، شتێکمان لە بیرچووە ئەرکی گەشتیارە، گەشتیار چۆن مافی لەسەرشانە...

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی (چوارەم)ە مامۆستا أبوبکر، ماددەی (٨)، ئێستا موناقەشەی ئەوە دەکەین جارێ.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

بەڵێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر بڕگەی (٣) هەیە و پشتگیری لە قسەکانی د.إسماعیل و د.شێرکۆ دەکەم بە زیادکردنی بڕگەی چوارەم، بڕگەی (٣) دەڵێ شوێنە گەشتیارییەکان، جارێ هەر سەر مەوزووعی بەشی چوارەم ناوچە گەشتیارییەکانە، ڕاستە لە پێناسەکە دەڵێ ناوچە گەشتیارییەکان شوێنە گەشتیارییەکانە، بەس لێرە دەبێ ئەو (شوێنە) ناوچە گەشتیارییەکان بێ، ئاوای لێ بکرێتەوە، ئینجا شوێن پابەند نابێت، دەبێ شەخص پابەند بێ، خاوەنی ناوچە گەشتیارییەکان، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (خاوەنی ناوچە گەشتیارییەکان پابەند دەبن بە ئاسانکاری بۆ مەبەستی چاودێری کردن و پشکنین).

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیەکتان نییە بچنە ماددەکەی تر، ناو نەنووسراوە ناومان خوێندەوە، کە خوێندمانەوە کەستان نەتانووت ئێمە هەین، فەرموون دەی، کاك کاروان، لیزا خان، کێی ترە؟ فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٨) پشتیوانی کاك د.شێرکۆ دەکەم بۆ ئیزافە کردنی بڕگەیەك، لە بڕگەی (٣) پشتیوانی خاتوو سەرچنار دەکەم لەوەی کە فیعلەن شوێن نابێ، دەبێ خاوەنەکانیان بێ، پشتیوانی کاك مەلا ناصر دەکەم لەوەی کە لە ئیدارە سەربەخۆکانیش بێ، بەڕاستی ئەمە کێشەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ناکرێ هەر کەسێك مۆڵەتێکی دەوێ بێتە بەڕێوبەرایەتی گشتی لەوێ تەقدیمی بکات، ئینجا موددە دیاری بکرێ بۆ ئەمە، بۆیە ئاسانکاری بێ دووبارە، من پێشتر باسم کرد یەعنی ئاسانکاری بۆ پڕۆژەکانی گەشتیاری بکرێ لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئامارەکانمان خستەڕوو، ئامارەکان مەترسیدارن، یەعنی زۆر زۆر کەمە، ڕێژەی داهاتی گەشتوگوزار زۆر کەمە، ئەگەر ئاسانکاری لە مۆڵەت دا بکرێ و موددەیەکی بۆ دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی کە خێرا کە بەشێوەیەکی خێراتر وەڵام بدرێنەوە لە ئیدارە سەربەخۆکانیش ئەمە بکرێت، پێموایە کە ئاسانتر بێت، چونکە زۆرێك لە شوێنە گەشتیارییەکان لە دەرەوەی سەنتەرەکانی شارە، بە نمونە لە مەنتیقەیەکی وەکو باڵەکایەتی، یەعنی چ ئیجاب دەکات کەسێك لە مەنتیقەی چۆمان و باڵەکایەتی بێتە ئێرە، یان لە هەورامانەوە بێتە ئێرە، یان لە مەنتیقەیەکی ترەوە لە کوردستان بێتە ئێرە، بێتە ناو هەولێر ئینجا بتوانێ مۆڵەت وەربگرێ، بۆ لە ئیدارەی خۆی تەقدیم نەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی پشتگیری لە بۆچوونەکەی شێخ ظاهردەکەم، هەروەها داواکارم بڕگەی (دووەم) لە مـاددەی (٨) بەم شـێوەیە دووبـارە دابڕێـژرێتەوە (داواکـاری وەرگرتنـی مـۆڵەتی دامەزرانـدنی شوێنی گەشتیاری پێشکەش بە بەڕێوبەرایەتییەکانی گشتی لە شارەکان و ئیـدارە سـەربەخۆکان دەکرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی (پێنجەم) بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە سـەرنجی ئەنـدامانی پەرلەمـان سـەبارەت بە بەڕێـوبەرایەتی گشـتی، مەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ مـاددەی (١) لە بـڕگەی (٨) بەڕێـوبەرایەتی گشـتی پێناسـە کـراوە، کەواتە لێـرە بەڕێوبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە، ئامـانج لە جێگیرکردنـی ئەم خـاڵە ئاسـانکاری بـووە بـۆ پێـدانی مـۆڵەت، بـۆیە ئەمە بەڕێـوبەرایەتی گشـتییەکان ئیـدارە سەربەخۆکانیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەشی (پێنجەم) ماددەی (٩)، فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبد الغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (پێنجەم) ڕێنوێنییەکانی گەشتیاری و مافەکانی گەشتیار

ماددەی (٩):

یەکەم/پیادەکردنی کاری ڕێنوێنی گەشتیاری بە مۆڵەتی بەڕێوبەرایەتییە گشـتییەکانی دەسـتەی گەشـتوگوزار دەبـێ، مەرجەکـانی مـۆڵەتیش بە ڕێنمـایی دیـاری دەکـرێ کە وەزارەت بـۆ ئەو مەبەستە لەسەر پێشنیازی دەستە دیاری دەکات.

دووەم/ڕێنوێنیکار گەشتیاری پابەند دەبێ بە:

١- پیادەکردنی کاری ڕێنوێنیکارە بەو مەرج و ڕێکارییانەی لە مۆڵەتەکەدا هاتووە.

٢- پیادەکردنی ڕێسا پیشەییەکانی کاری ڕێنوێنیکار.

٣- هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێ.

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٩) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکـات بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، بەس کە ناومان خوێندەوە تەواو ئیتر دوای ئەوە ناوی تر ئیزافە ناکەین.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆ لەسـەر (٩) بـکەن بـریتین لە: کـاك د.شـێرکۆ، کـاك د.إسماعیل، مامۆستا أبوبکر، کاك سیروان، مامۆستا عمر، سەرچنار خان، کاك زیاد، کاك عبدالستار، کاك کاروان، کاك شێخ ظاهر، کاك عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٩) کە باسی پیادەکردنی کاری ڕێنوێنیکار دەکات، بەڵێ ڕێنوێنیکار کارێکی گرنگە بەڕاستی لەم بابەتە، چونکە دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەوە کە تۆ گرنگی بە گەشتیار بدەی و گەشتیار دڵی خۆش بێ بەوەی کە گەشتی کردووە بۆ ئەم ناوچانە، بۆیە من پێموایە وێڕای ئەمە، وێڕای ئەوەی کە لەوێ هاتووە کە حەتمەن ڕێنمایی دەبێ و لائیحەیەکی دەبێ بەوەی کە چۆن ڕێنوێنی بکات، من پێموایە پێویست دەکات خاڵێکی بۆ زیاد بکەین، خاڵی (٤/ پێویستە ڕێنوێنیکار خولی شاندی بۆ بکرێتەوە کە چۆن تەعامول و مامەڵە لەگەڵ ئەو گەشتیارانەدا بکات)، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زیاد، فەرموو.

**بەڕێز زياد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (دووەم) (١) مادام ئەو مەرج و ڕێکاریانەی لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، مادام ئەمە هەیە، خاڵی (٣) بەڕای من پێویست ناکات بمێنێ، ئەم خاڵە لابرێ (هەر پابەندییەکی دیکە..) چونکە ئەمە ئیجتیهادات دروست دەکات، تۆ ئەوەی کە لە مۆڵەتەکەدا هاتووە و لە ڕێکار و مەرجەکان دا هاتووە ئەوەی بەسەر جێبەجێ بکەی، پێموایە ئەوەی خاڵی (٣) (هەر پابەندییەکی دیکە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێ) ئەوە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ضاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) تێبینی من لەسەر خاڵی (٣)یەمە (هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێ) پێمباشە بەم شێوەیەی لێ بکرێت (هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێك دەخرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) ئەم خاڵی (٣)هەمە کە دەڵێ (هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت) ئەویش وەکو ماددەکەی پێشتر مەتاتییەتێکی تیایە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە لابرێت، چونکە لە سەرەوە لە بڕگەکانی تردا لە (١) و (٢)دا یەکلایی کردۆتەوە، ئەمەی کە هەروا بڵێین هەر پابەندییەکی دیکە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت لابرێت، پێموایە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

پشتگیریا ئاخافتنێ د.شێرکۆ و کاك زیـادی دکەم، ئەڤە خـالا (٣) یـێ یـا زێـدەیە، مـادام مە مەرج هەنە مۆلەتی دان مەفروزە ئەو مەرج تەواو کافی بن، وافی بن، پێتڤی هەندێ ناکـاتن ئەڤە بێـتە دروست کرن و هەندە پابەندێت مەجهول ئەم نازانین کانێ چ دێ تێدا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) منیش هەمان شێوە، جارێ پێشەکی پشتگیری لە د.شـێرکۆ و کـاك زیـاد و کـاك شـێخ ظاهردەکەم، بەڵام من پێموایە هەر کە دەڵێ ڕێنوێنیکاری گەشتیاری پابەند بێ بەم سێ خـاڵەوە، هەر سێ خاڵەکە یەك شتە، لە یەك دێردا، تەبعەن حیکمەتی یاسا لەوەدایە کە کـورت و پوخـت و جێی ئەوە نەبێت کە زیاتر خوێندنەوەی بـۆ بکەیـن، مـن پێمـوایە بـۆ لیـژنەی بەڕێـز مـادام دەڵـێ پیادەکردنی کاری یەعنی هەتا کۆتایی بە مەرج و هینەکانەوە، دیسانەوە دەڵێ لەسەر ڕێکارەکـان بێت و لە ئەخیریش دا دەڵێ هەر پابەندییەکی دیـکە، کەواتە بە دێڕێـك، بە یەك بـڕگە جێبەجێـی بکەن و ئەو دوانەی تری زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٩) من پشتیوانی قسەکانی کاك زیاد و کاك د.شـێرکۆ و کـاك شـێخ ظـاهردەکەم، لێـرە ئەو برادەرانەی کە پێشتر ئیزافەیان کرد مامۆستا عمر و کاك جلال و نازانم کام هەڤاڵی تر بوو لە ماددەکانی پێشووتر کە ڕێزگرتن لە ئاداب و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، پێموایە لێـرە ئیـزافە بکـرێ بە بڕگەیەك کە ڕێزگرتن لە ئادابە گشتییەکان و پاراستنی قیەمە نیشتیمانییەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سـێ تێبینـیم هەیە، یەکەیمـان پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك عبدالسـتار دەکەم بـۆ کـردنەوەی خول، دووەمیان پشتگیری لە قسەکانی کاك زیاد و کاك د.شێرکۆ و کاك د.إسماعیل و کاك کـاروان دەکەم بۆ ئەو خاڵی سێیەمە کە زیادە، خاڵێـك زیـاد دەکەم ئەویـش لە پێنـاو ڕەخسـاندنی هەلـی کـاری زیـاتر بـۆ گەنجانمـان، ئەویـش ڕێنوێنکـاری گەشـتیاری پێویسـتە دانیشـتووی هەرێمـی کوردستان بێت و دەرچووی بەشەکانی گەشتوگوزار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم و دووەم تەقریبەن هەمان مانا دەگەیەنێ، دەتوانین بیکەین بە یەك خاڵ ئێمە، پیادەکردنی کاری ڕێنوێنیکاری، ئەو خالەی دووەم کە پیادەکردنە، ئەوە لابرێ یەکسەر ڕێسا پیشەییەکان بێنە دوای ئەوەوە، یەعنی (پیادەکردنی کاری ڕێنوێنیکاری و ڕێسا پیشەییەکان بەو مەرج و ڕێکارییانەی لە مۆڵەتەکەدا هاتووە)، یەعنی خاڵێکمان کەم کرد و مەعناکەشی دەگەیەنێ، خاڵی سێهەم (هەر پابەندییەکی دیکە..) ئەوە منیش هەر پشتیوانی کاك زیاد و د.شێرکۆ و د.إسماعیل دەکەم کە ئەوە زیادەیە و نابێ خاڵی مەتاتی لە ناو یاسادا بێ، لە خاڵی چوارەمیش دا پشتگیری لە مامۆستا عبدالستار دەکەم کە خولی شیاندن زۆر زەرووره لەم ماددەیەدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە (خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەم) لە خالی (یەکەم) دا هاتووە، واتا مەرجەکانی مۆڵەت لێرە دووبارە بۆتەوە و (هەر پابەندییەکی دیکە)ش زیادە، بۆیە بڕگەی دووەم تەنها خاڵی (دووەم)ی بمێنێتەوە کە بریتی یە لە (پیادەکردنی ڕێسا پیشەییەکانی کاری ڕێنوێنیکاری)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیەکتان نییە، فەرموون، دوای ئەوە ماددەی (١٠).

**بەڕێز نزار ملا عبد الغفار:**

ماددەی (١٠):

١- مافەکانی گەشتیار بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان پەسندکراوەکان پارێزراو دەبێ.

٢- دەستە ڕێوشوێن بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەشتیار لە بەرامبەر دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکان دەگرێتەبەر.

٣- ئەگەر هەمان جۆری چالاکی گەشتیاری لەلایەن زیاتر لە یەك دامەزراوەی گەشتیاری ئەنجام درا، ئەوا سەرجەمیان هاریکارن (متضامن) لە قەرەبووکردنەوەی بەرامبەر هەر هەڵە یان سەرپێچییەك کە زیان بە گەشتیار بگەیەنێت و دەرەنجامی کاری هاوبەشی ئەم دامەزراوانە بێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، بۆ ئەو ماددەیە هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکات با دەست بەرز بکاتەوە، کاك سیروان، د.إسماعیل، مامۆستا وەیسی، کاك د.شێرکۆ، مامۆستا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) زیاتر باس لە مافەکانی گەشتیار دەکات، من پێشنیار دەکەم کە خاڵێکی تر لەو ماددەیە زیاد بکرێت مافی فەرمانبەرانی گەشتوگوزاریش دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر دووچاری گرفت وکێشە بوون ئەوانیش مافەکانیان نەفەوتێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠) (یەکەم) باسی مافەکانی گەشتیار دەکات، هەموو شتێك هەم ماف و هەم ئەرکە، چۆن هاووڵاتی مافی هەیە و ئەرکیشی لەسەرە، گەشتیاریش مافی هەیە و ئەرکی لەسەرە، من پێمباشە ئەگەر لە شوێنێکی تردا ئاماژەی پێ نەکرابێ، پێی کرابێت و من بەسەرما تێپەڕی بێ، پێمباشە وا دابڕێژرێتەوە (ماف و ئەرکەکانی گەشتیار...هتد)، سوپاس

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك سیروان دەکەم، ئەوەی کە خاڵی پێشوو ویستم بیڵێم، هەموو ئەو شوێنە گەشتیارییانە یەعنی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەندێك لە شوێنەکان شوێنی مێژوویین یان جینۆساید و قوربانی میللەتەکەمانە، گەلەکەمانە، یاخود ئەوەی کە پەیوەندی بە سیمبولەکانەوە هەیە، سیمبولی میللەتەکەمان، ئیزافەتەن بە هاونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەمە هەمووی ئەچێتە چوارچێوەی ئەرکی گەشتیارەوە، بینیتان لەم ڕۆژانەدا لە گرتە ڤیدیۆییەکدا لە ئێران هەندێك گەشتیاری عێراقی دەڕۆن خاوەن چێشتخانەکە نایانکاتە ژوورەوە، کە جۆرێك جل و بەرگیان لەبەردایە پێیانوایە بۆ ئەو شوێنە نابێ لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان ناگونجێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز دبینم نزانم تا کو عیبارەتەکا ئەڤە یا درستە یان نا، پرسیارش لیژنا تایبەت بێژیتن ل خالا (٣) (ئەگەر هەمان جۆری چالاکی گەشتیاری لەلایەن زیاتر لە یەك دامەزراوەی گەشتیاری ئەنجام درا، ئەوا سەرجەمیان هاریکارن (متضامن)، (متضامن) یەعنی بە مەعنای (هاریکار) دێتن، ئەگەر هەر بیکەینە ئەم شکلە ئەوا سەرجەمیان بەرپرسن لە قەرەبووکردنەوە، چونکو (تضامن) نە (هاریکاریە)، (تضامن: تحمل المسؤلیە من الجانبین) هەردوو، (هاریکاری) نە تەعبیرا درست نینە، یەعنی لێ زڤڕینەکی تێدا بکەن باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی کاك سیروان و کاك أبوبکر و د.إسماعیل سگێری دەکەم، چونکە هاریکار بە مەعنای (متعاون) دێت نەك (متضامن)، بۆیە (بەرپرسن) نزیکترە لە (تضامن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئی نییە بچنە سەر ماددەی (١١)، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) :

١- بینینی داوای شارستانی مەدەنی لە بواری گەشتوگوزار و یەکلایی کردنەوەیان لەلایەن دادگاکانەوە سیفەتی بە پەلەی پێ دەدرێت.

٢-لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دادەمەزرێت و ئەرکیان پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان دەبێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، هەر بەڕێزێك گفتوگۆ لەسەر ماددەی (١١) دەکات، بەس کاك شێخ ضاهرە، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١- بینینی داوای شارستانی مەدەنی لە بواری گەشتوگوزار و یەکلایی کردنەوەیان لەلایەن دادگاکانەوە سیفەتی بە پەلەی پێ دەدرێت) پێمباشە بکرێتە سیفەتی بەپەلە وەردەگرێت، خاڵی دووەم ( لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دادەمەزرێت و ئەرکیان پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان و گەشتیاران دەبێت) گەشتیارانیشی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەشی (شەشەم) حوکمە سزاییەکان، ماددەی (١٢)، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (شەشەم)/ حوکمە سزاییەکان

ماددەی (١٢): دامەزراوەی گەشتیاری بە داخستنی کاتی و پێبژاردنێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) و ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە کرد یان زانیاری و بەڵگەنامەی نادروستی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لەسەر ماددەی (١٢) هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بكات، كاك سیروان، كاك حكمت، حسیبە خان، مامۆستا جیهاد، كاك عثمان ، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) (دامەزراوەی گەشتیاری بە داخستنی كاتی و پێبژاردنێك كە لە یەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەی یەكەمی ماددەی (٥) و ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە كرد یان زانیاری و بەڵگەنامەی نادروستی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشكەشی دەستە كرد) ئەوەی یەكەم لە حوكمە سزاییەكان و غەرامات بڵێین كێشە نییە، بەڵام لە بەشی دووەمی زانیاری و بەڵگەنامەی نادروست بە ڕای من هەر كەسێك زانیاری و بەڵگەنامەی نادروست پێشكەش بكات پێویستە هەر مۆڵەتی جاری دووەم پێ نەدرێتەوە، چونكە ئەمە بە فێڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان، بە ناوی پەرلەمانی كوردستان زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و شاندی یاوەرییان دەكەین، كاك حكمت، فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من ژی هەمان تێبینیا حەسیبە خانێ هەبوو، ژ بەر كو ئەوێ ئەوراقێت ساختە یان زانیارییێت نادروست یەعنی پێشكەشی دەستە بكاتن بۆ وەرگرتنا ئیجازێ، ئەوی ئامادەیە هەر تشتەكی خەراپتر بكاتن بۆ دەست ڤە هینانا پارەی، من ژی پێباشە یەعنی كو ئیتر ئەو ئیجازە پێ نەیێتە دانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) تەبعەن هەر ئەو قسەیە هەڵدەگرێ كە دوو هاوڕێم كاك حكمت و حسیبە خان وتیان (ما بنی علی باطل فهو باطل) ئەمە بنەمایەكی تەواوە و هەر كەسێك شەهادەیەك وەربگرێ لەسەر پێدانی زانیاری هەڵە، مۆڵەتەكەی لێ دەسەنرێتەوە نەك مۆڵەتی تریشی پێ نادرێ، یەعنی بكرێ بە دوو ماددە، ماددەیەكیان ئەو كەسانەی كە لە ماددەی (٥) ماددەی (٧) هەندێك شتی یاسایی پێشێل دەكەن ئەوە سزا بدرێن، بەڵام من پێموایە ئەگەر جیای نەكەنەوە دەستكاری كردنی دادگایە كە نەشیاوە، بكرێ بە دوو بڕگە و مۆڵەتەكەی لێ بسەنرێتەوە، چونكە وەكو وتمان، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا جیهاد، فەرموو.

**بەڕێز جیهاد حسن إبراهیم:**

**ب ناڤا خودا مەزن و دلوٚڤان.**

**بەڕێز سەروٚكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت مە هاتنە گوتن، پشتگیریا حسیبە خانێ دکەین، زوٚر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عثمان سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەروٚكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، وەڵلاهی من پێبژاردنەكە پێموایە بكرێت بە پێنج سەد هەزار بە ملیۆنێك، چونكە زۆر زۆرە، ئێمە نابێ وابكەین، كارئاسانی بكەین بۆ ئەو كۆمپانیانە كە بتوانن كارەكانی خۆیان باشتر ئەنجام بدەن، نەك لە ئێستاوە بە شێوەیەك لە شێوەكان ترسیان هەبێت لە ئەوەی كە كۆمپانیایەك یاخود پرۆژەیەكی گەشتیاری بكەن و ئەوانە، بۆیە من لەگەڵ پێبژاردنەكەم بەم شێوەیە كەم بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیرانی تایبەتمەند ئەگەر ڕایەكتان هەیە لەسەر ئەو حوكمە سزاییە، ئێوەش لیژنەی تایبەتمەند، فەرموون ماددەی دوای ئەوە، ماددەی (١٣).

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

ماددەی (١٣)

١- دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێك كە لە سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت بۆ هەر ڕۆژێك دواكەوتن لە نوێكردنەوەی مۆڵەتی كاركردن.

٢-ئەگەر دامەزراوەی گەشتیاری ماوەی زیاتر لە شەست ڕۆژ بەسەر نوێنەكردنەوەی مۆڵەتەكەدا بە بێ پاساوی ڕەوا تێپەڕی ئەوا سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دوای ئاگاداركردنەوەی نوێكردنەوەی مۆڵەتەكەی بۆ ماوەی سێ مانگ دوادەخرێت و ئەگەر هەر پابەند نەبوو بۆ ماوەیەك كە لە یەك ساڵ كەمتر نەبێت مۆڵەتەكە دوادەخرێت و لەمەودوا ڕێگەی كاركردنی پێ نادرێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان تەنها ڕوونكردنەویەك، ئەمڕۆ ئەم دانیشتنە بۆ تەواوكردنی ئەم پێشنیازە یاسایە بەردەوام دەبێ، بەیانی دانیشتنی هاتنی وەزیری ئاوەدانكردنەوە دەست پێ دەكەین سەعات (١٠)، هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بكات لەسەر ماددەی (١٣) با بفەرموێت، بەڵێ بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆ بكەملەسەر ماددەی (١٣) بریتین لە بەڕێزان كاك

د.شێرکۆ، کاك سیروان، کاك عبدالستار،کاك عثمان سێدەری، حسیبە خان، کاك حکمت، کاك شێخ ضاهر، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان، خاڵی یەکەم (دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێك کە لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن لە نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن)، من پێم باشە صیاغەکەی بەم شێوەیەی لێ بکرێت (دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت..) سزادانەکە بێتە پێشتر ئینجا ئەوانی تر تەواو بکرێت (..بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن لە نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا سەبارەت بە دیاری کردنی سزا بە پارە من ڕام وایە ئەوەی کە پەیوەندی بە پارەوە هەبێ، چونکە پارە بەڕاستی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە گۆڕانکاری بەرزبوونەوەی نرخی، قیمەتی پارە، کەمبوونەوەی، من پێموایە هەڵەیە، خۆ ناکرێ ئێمە هەموو ڕۆژیش بێین یەعنی یاسا هەموار بکەین، ئەگەر بۆ نمونە ئێستا باسی یەك ملیۆن دەکرێ، یان باسی سەد هەزار دەکرێ، سبەی لەوانەیە ئەم سەد هەزارە بە دە هەزاری ئێستا بێ، بۆیە من ڕام وایە بەڕاستی قەزیەی سزا بە پارە لێرە بە ڕێنمایی، بنووسین یان ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارەتی پەیوەندیدار بڕی سزای بە پارە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر بە هەمان شێوە پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عبدالستار دەکەم، لەبەر ئەوە هەندێ پڕۆژە هەیە لەوانەیە دامەزراوەیەکی زۆر گەورە بێ، ئەوە تەبیعی بێ، بەڵام پڕۆژە هەیە پڕۆژەکە زۆر بچووکە، ئەگەر ئێمە سزایەکی ئە لەم بابەتانە دابندرێت، یەعنی کابرا لەوانەیە تووشی داڕمانێکی زۆر گەورە ببێتەوە، بۆیە پڕۆژەش نەوعییەتی هەیە کە لێرەدا دیاری نەکراوە بەداخەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵــلا مــن پێشــنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو مــاددانەی کە بــاس لە حــوکمە ســزاییەکان دەکەن هەموویان یەك بخرێن، لە ماددەی (١٢) حوکمی سزایی یە، ماددەی (١٣)، (١٤)، (١٥)، مـاددەی (١٦)، کەواتە ماددەی (١٢) بکرێتە بـڕگە و هەمـوو حـوکمە سـزاییەکان لە نـاو یەك مـاددە کـۆبکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب خێراتنا وەزیرێت هێژا دکەین، ئەو ئاخافتنێت من دڤیـا بێـژم لای حسـیبە خـانێ هـاتنە گـوتن، پشتگیریا شێخ ضاهریشی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) کە باس لە سـزاکان دەکـات بـۆ تـازە نەکـردنەوەی یـان دواکەوتـن لە تـازەکردنەوەی مۆڵەتەکانیان، پێمباشە نیو دێڕی تری بۆ زیاد بکرێ (ئەگەر هاتوو سووچ یان پابەنـدنەبوونەکە لە خاوەن پڕۆژەکە بوو)، ئەی ئەگەر هاتوو سووچ و پابەندنەبوونەکە یان هۆکاری تازەنەکردنەوەکە لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بوو، یان فەرمانگەکە بوو، یان شتێی تر بوو، کەواتە بەس ئەوەندەی بۆ زیاد دەکرێ (ئەگەر سەلمێندرا خاوەن پڕۆژەکە خۆی کەمتەرخەم بووە)، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشـتگیری لە وتەکـانی مامۆسـتا عبدالسـتار و کـاك عثمـان سـێدەری دەکەم سـەبارەت بە مەسـەلەی پـارە لە قەوانـین دا پـارە بە پێـی قیمەتـی پـارەکە دەگـۆڕێ، بـۆیە تەعـدیلی قـانونی پێویســتە دواتــر ئەگەر قیمەتــی پــارەکە گــۆڕا، بــۆیە بــدرێتەوە دەســت ڕێنمــایی و ئەوانەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی پەیوەندیدار کە خۆی ئەو بڕە دیاری بکات بە پێی ئەو کات و هینــانە بــۆ ســزادانی دواکەوتنــی ڕۆژێــك، بەڵام ئیــزافەی دووهەم کە هەمە بــۆ ئەم مــاددەیە، مەسـەلەی بەرواری حیسـاب کردنـی غەرامەکەیە، ئایـا لە بەرواری پێشـکەش کردنـی وەرگرتنـی مــۆڵەتەکەوەیە؟ یــان لە بەرواری وەرگرتنــی مــۆڵەتەکەیە؟ یــان لە بەرواری پەســەندکردنی

مۆڵەتەکەیە؟ بۆیە داوا دەکەم کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەوە ئیزافە بکرێ کە لە کۆتایی دا بڵێین لە بەرواری پەسەندکردنی مۆڵەتی وەبەرهێنانەکەش دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان وەزیری تایبەتمەند یان لیژنە ئەگەر هیچ ڕا و سەرنجێك نیـیە، فەرمـوون ماددەی (١٤).

**بەڕێز نزار ملا عبد الغفار:**

ماددەی (١٤):

هەر یەك لە دامەزراوەی دەستبەرداربوو و دامەزراوەی دەستبەردار بۆ کراو بە پێبژاردنێك کە لە یەك ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت ولەدوو ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سـزادەدرێت، ئەگەر دەستبەرداربوونەکەیان بە پێچەوانەی بڕگەی سێیەمی ماددەی (٦)ی ئەو یاسایە ئەنجام دا.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێـزان، هەر بەڕێزێـك دەیەوێ گفتوگـۆ بکـات لەسـەر ئەو مـاددەیە، نیـیە؟ مـاددەی (١٥)، فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبد الغفار:**

ماددەی (١٥): شوێنی گەشتیاری بە داخستنی کە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتـر نەبێـت و لە یەك ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سـزا دەدرێ، ئەگەر سـەرپێچی حـوکمی مـاددەی (٨)ی ئەم یاسـایەی کـرد یـان زانیـاری بەڵگەنـامەی نادروسـتی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لەسەر مـاددەی (١٥) هەر بەڕێزێـك دەیەوێ گفتوگۆ بکـات، کـاك بـاڵانبۆ، کـاك مەلا ناصر، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) کە دەڵێ (شوێنی گەشتیاری بە داخسـتنی کە لە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ زیـاتر نەبێـت و پێبژاردنێـك کە لە پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و لە یەك ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێت..) ئەگەر هاتو سەرپێچی ماددەی (٨)یکرد، ئەمە گونجاوە بـۆ خـاڵی سـێیەمی مـاددەی (٨) (شوێنە گەشتیارییەکان پابەند دەبـن بە ئاسـانکاری بـۆ مەبەسـتی چـاودێری کـردن)، بەڵام ئەگەر هـاتو کەسـێك لە ئەو شـوێنە گەشـتیاریەی کە دامەزراوە بە بـێ ڕێنمـایی دەسـتەکە بینـایەکی دروست کرد، ئەو کاتە تەنها ئەوەیە بەس پێنج سەد هەزار تا ملیۆنێکی پـێ غەرامە بـکەن و (٣٠) ڕۆژ دایخەن و ئیتر بینایەکەی بۆ دەبێ بە ڕەسـمی؟ ئەمە هەق وایە بەم شـێوەیەی لـێ بکـرێ کە ئەو سەرپێچیەی کە کردووێتی پێی هەڵبوەشێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، لە ماددەی (١٠) (شوێنی گەشتیاری بە داخستنی کە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێك کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێ، ئەگەر سەرپێچی حوکمی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەی کرد یان زانیاری بەڵگەنامەی نادروستی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد) بۆیە ئەو ماوەیە زۆر کەمە ئەگەر کابرا سەرپێچی بکات و بەڵگەنامەی نادروست بدات، بۆیە پێویستە ئەو پڕۆژەیە دابخرێت و هەروەها ئەگەر بشکرێ سزاکەی زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ماددەی (١٦).

**بەڕێز نزار ملا عبد الغفار:**

ماددەی (١٦)

١- ڕێنوێنیکاری گەشتیاری بە پێبژاردنێك کە لە دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێ ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٩)ی ئەم یاسایەی کرد، یان زانیاری بەڵگەنامەی نادروستی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

٢- ڕێنوێنیکاری گەشتیاری بە پێبژاردنێك کە لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە دوو سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێ بۆ هەر جارێك کە سەرپێچی پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٩) بکات.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لەسەر ماددەی (١٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکات، کاك عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمباشە ئەم سزایانە ئەمانەش هەر وەزارەت سزایەکان دیاری بکات بە پێی ڕێنمایی، لەبەر ئەوە ئەم پێبژاردنانە من بە زۆر دەزانم لە ئێستادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ماددەی دوای ئەوە، فەرموون، ماددەی (١٧).

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

ماددەی (١٧)

١-لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی (١٢) و (١٤) و (١٥) و (١٦)ی ئەم یاسایە بڕی پێبژاردنەکان دەبنە دوو هێندە.

٢- ئەگەر سەرپێچیکار بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئەوا بەپێی قەبارەی سەرپێچییەکە مۆڵەتەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگیرێت یان هەڵدەوەشێنێتەوە. سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لەسەر ماددەی (١٧)، کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ.**

بەخێرهاتنا جەنابێت وەزیرا هەردووکا دکەین، سەبارەت ماددەی (١٧)، یەکەم و دووەم یەکەم پێـڤ بـژاردنەك دیـڤ مـاددی (١٤، ١٥، ١٦) سـەردانەك کە سـەرپێچی کردبێـت هنـدە بڕگـا (٢)سـەرپێچیەکان ئەگەر بەردەوام بـوون دی مۆڵەتـا وی هێـتە راوەسـتاندن، یـان دێ هێـتە هەڵوەشاندن ئەز بێژم خۆی سەرپێچی کارە پێتیڤی ناکاتن تۆ مۆڵەتا وی راگری رائسەن بێتە هەڵووەشاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٨) بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددە (١٨)یەکەم سـەرۆکی دەسـتە یـان ئەوەی رادەسـت پێرێـت دەسـەلاتی سـەپاندنی دەسەڵاتەکانی هاتوو ئەم یاسایە هەیە، پشت بەستن بە راسپاردەی لێژنەیەك کە دەستە یـان بەرێـوەبەرایەتی گشـتی بـۆ ئەو مەبەسـتە دروسـتی دەکـات، دووەم بڕگەکـانی سـزادان بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە لە مـاوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری پێراگەیانـدنیان یـارایی تـانە لێـدانن لە بەردەمن هەتا دادگای کـار پێگێـری بە پێـی حوکمەکـانی یاسـایی ئەنجـومەنی شـورای بەرکـار لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان ماددەی (١٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێـت گفتوگـۆی لەسـەر بکـات، نیـیە، مـاددەی (١٩) فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی(١٩) سـەپاندنی سـزاکانی هـاتوو لەم یاسـایەدا رێگـر نیـیە لە سـەپاندنی هەر سـزایەکی دیکەی هاتوو لە یاسای سزاکانی بەرکار لە هەرێم .

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلـێ بەڕێـزان لەسـەر مـاددەی (١٩) هـیچ بەڕێزێـك نیـیە، بەشـی حەوتەم حـوکمی و گشـتی و کۆتاییەکان فەرموون .

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم حوکمی گشتی و کۆتاییەکان ماددەی (٢٠) بڕی رەسـمی پێـدان و نـوێ کـردنەوەی مۆلەتی پیادەکردنی کات کاری دامەزراو شوێنی گەشتیارییەکان بە پێی پاشـکۆی هـاوپێچی ئەم یاسایە دەبیت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٢٠)، محی الدین حسن یوسف،بالاّنبۆ محمد علی.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پێشنیار دەکەم کە ماددەی (٢٠) بچێتە دوای ماددەی (٢٩) بۆیە ڕێك بکەوێت لەگەڵ ئەو بابەتەکانی ترو تێکەڵاوێك دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بالاّنبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیار ئەکەم ئایا ئەم ڕەسمانە لەسەر ئەساسی چی دیاری کراون؟ کاتێك کە خۆمان دەزانین شوێنی گەشتیاری وا هەیە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێ ئەکات وە شوێنی گەشتیاری وا هەیە گەشتیارێکی کەم ڕووی تێ ئەکات، لە کاتێکدا ئەم ڕەسمە بۆ هەمووی وەکو یەك دیاری کراوە ئەمە حەق بوو لەسەر ئەساسی داهات ڕەسمەکانی دیاری بکرابایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەگەر وەڵامێك یان سەرەنجێك پێویست دەکات ئەگەرنا ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٢١): مەرج و خەسڵەت و تایبەتمەندی هی ئەو شوێنی گەشتیارییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایانەی دەیانگرێتەوە لە لایەن وەزارەتەوە بە ڕێنماییەك دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان، هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات؟ کاك ساسان فەرموو.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢٠) بڕی ڕەسم و پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی پیادەکردنی کاری دامەزراوەو شوێنە گەشتیارییەکان بە پێی پاشکۆی ئەم یاسایە دەبێت، پێم وایە ئەو بڕگەیە لەگەلی زیاد بکرێت، ئەو بڕە ڕەسمانە دەکرێت گۆڕانکاری لەسەر بێت وە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، چونکە جاری وا هەیە بەهای دینار بەرز دەبیتەوە، یاخود دێتە خوارەوە بۆ ئەوەیە عەدالەتێك بپارێزرێت لە کاتی پێویست ئەو ڕەسمانە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٢) فەرموون.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٢٢) یەکەم دوای لاری نەبوونی وەزیری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی گەشتیاری، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم دا بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژە گەشتیارییەکان دەکوژێندرێتەوە، دووەم بەدەرلە زەوییە کشتوکاڵییەکان

وەزارەت دەتوانێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان هەر زەوییەکـی تـر بـۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان تەرخان دەکات.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان ماددەی (٢٢)، عبدالستار مجید قـادر، هێـرش حسـن حمـد، کـاوە عبـدالقادر حسـن، بدریە اسماعیل محمود، گەلاوێژ عبید عثمـان ، سـفین اغـا عمـر اغـا، بهجـت علـی ابـراهیم، بەلـێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی گفتوگۆ لەسەر ماددەکە بکەن ماددەی (٢٢) بریتین لە بەڕێزان.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من دەمەوێت توزێك بە وردی باسـی ئەو بـابەتە بـکەم، چـونکە پەیوەنـدی بە سـەرمایەکی گەورەی ئەم وڵاتەوە هەیە کە بریتیە لە کشتوکاڵ، ئێمە لە هەرێمی کوردسـتان خـاوەنی زیـاتر لە (١٨) ملیون دۆنم زەوی کشتوکاڵ و دارستان و باغداری و ئەوانەین پاوان، بەڵام تەنها (٦) ملیـون و (١٤٣) هەزاری بەکاردێ و وە بەکەڵك دێ بۆ کشتوکاڵ، کە دەکـاتە تەقـریبەن (٣٣٪) ئەم رێـژەیە لەو (٦) ملیۆن دۆنـمە، بـۆ زانیـاری هەمـوو لایەك تـا ئێسـتا زیـاتر لە (١) ملیـۆن (٦٥٠) هەزار دۆنـم زەوی کشتوکاڵی بۆ پڕۆژەی غەیری کشـتوکاڵی بەکـار هـاتووە، واتە لە دەسـتمان داوە لە وڵاتـان، بەراستی زۆنکاو پردەکەنەوە، بـۆ ئەوەی کە کشـتوکاڵی تێـدابکەن گـرد تەخـت دەکەن بـۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا بکەن، بەڵام ئێمە هەر زۆر بە ئاسـانی ئەو زەوییـانەی کە کوژێنـدراینەوە ئەوانەی کە زێدەڕۆیی کراونەتە سەرێ ئێمە هەر لە ئێستا لە (٩٪) لە دەستمانداوە، بەراسـتی لە یاسـاکانی کە هەیە لە یاساکانی عێراقی، لە یاسـاکانی رێکخسـتنی زەوی دەولـی ژمـارە سـاڵی ١٩٧٦ دەڵێـت زەوی کشـتوکاڵی یـان بـۆ مەبەسـتی بەکارهێنـانی رووەکـی، یـان ئـاژەلی بەکـار بێـت، یاسـایی پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٨ دەڵێت زەوی کشتوکاڵی بـاغ و دارسـتان و پاوان سامانی نەتەوەیـن نابێـت بـۆ مەبەسـتی دیکە بەکاربێـت، تەنیـا بە پێـی پلانـی حکومەت دەبێت و پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت، یاسـایی دارسـتان ژمـارە (١٠) سـاڵی ٢٠١٢ رێـگە نادرێـت رەفتـار بە دارسـتان بکرێـت و خـاوەن داری زەویـیەکەی نـاگوازێتەوە بـۆ هـیچ کەس و لایەنێـك مەگەر بۆ پڕۆژەی ستراتیژی بێت و هیچ چارە نەبێت، ئەنجومەنی وەزیران رازی بێت، و ماددەی (٤) یاسای پاوان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٣ نابێت زەوی پاوان بۆ کشتوکاڵ یان مەبەستی دیکە بەکـار بێت، ماددەی (٣) هەموو ئەوانە بەراستی بەڵگەن لەسـەر ئەوانە زەوی کشـتوکاڵی نابێـت بەکـار بێت بۆ پڕۆژەی غەیری کشتوکاڵی، مەگەر بەراستی زۆر بە نایاسایی دابێت، بەراسـتی ئەوەی کە لێرە هاتووە ئەم ماددەیە ئەمن پێم وایە ئەم ماددەیە هەر لابرێت، چونکە بە حەقـیقەت دەبێـتە مایەی بە هەدەردانی زەوی کشتوکاڵی، هەر بە عەسـتەم رێـگە بـدرێت یەعنـی ئەوە کە لە نێـوان (٢) وەزیـر، دوو وەزیـر مـوافقە دەکەن کە ئەم زەوییـانە بەکـار بێـت بـۆ کشـتوکاڵ بـۆ پـڕۆژەی شـارەوانی و پـڕۆژەی غەیـری کشـتوکاڵی، لە جێـی ئەوەدا بەراسـتی ئەمـن پێشـنیارێك دەکەم سەرۆکی پەرلەمان ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بین یان ئەنجومەنی باڵا یـان بەراسـتی ئەنجـومەنی وەزیران ئەمە موافقە بکەت هەر لە بەینـی (٢) وەزیـر نەبێـت، چـونکە پڕۆژەیەکـی گـرنگە وەکـو عەرزم کردن ئێمە (٩٪) باشترین زەوی کشتوکالیمان لە دەست داوە فەرموو تەماشاکەن جەنـابی سـەرۆکی پەرلەمـان، ئـێمە لە ئەنجـامی ئەوەدا ئێسـتا لێـرە لەم دەورووبەری هەولێـردا لە

شوێنەکانی دیکە، پشت فەرموو ئێمە (٤) هەزار دۆنمی کشتوکاڵیمان هەیە لێرە لە دارەبەن و لە ئاشۆکان، ئیستا خەریکن (٧) هەزار دۆنمی دیکەش بەرێوەیە کە یەعنی بۆ پرۆژەی گەشتیاری بەکاربێت، ئێ باشە من دەڵێم ئەو هەموو شوێنەمان هەیە لە کوردستان ئێستا باسی گەشتیاری دەکرێت، ئەو هەموو شاخەمان هەیە، ئەو هەموو دۆڵەمان هەیە، ئەو هەموو مەسەلەن ئاوەمان هەیە، بەردەلانمان هەیە، کە بەکەلکی کشتوکاڵ ناهێت کە باشە بۆ گرگر مەسەلەن بۆ وەزارەت بێت، یەعنی چاو چرکاتەوە لەسەر زەوییەك کە بەکەڵك کشتوکاڵ دێت، باشترین زەویش ها باشترین زەوی کشتوکاڵە کە بەکەلك کشتوکاڵ بێت ئێستا دەبردرێت بۆ پرۆژەیەکی گەشتیاری کە دەکرێت تۆزێك وا بچێت کە شێخ تۆرابی لێیە، کاکە ئەو هەموو شاخ و دۆڵەمان هەیە، کە بۆ ناهێی پارەی لێ سەرف کەی، ئەم سەرمایە گرنگە هی ئێمەش و نەوەکانی داهاتوومانە، دێ مەسەلەن بە بڕیارێك کە کۆمپانیا قازانج بکات بە حسابی خۆت گەشتیاری بکەی بە هەدەر دەدەی ئەم ماددەیە بە هەدەردانی زەوی کشتوکالی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە ماددەی (٢٢) پشتیوانی قسەکانی مامۆستا عبدالستار دەکەم، پێویستە بە هیچ شێوەیەك کوژانەوە بۆ زەوی کشتوکاڵی نەکرێت، لەبەر ئەوەی لە کوردستان ناوچەیەکی زۆرو بەردەلان و شاخاوی هەیە، سوود لەو شوێنانە ببینریت بۆ پرۆژەی گەشتیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك عبدالستار و کاك حاجی هێرش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین کە کشتوکاڵ زۆر زۆر گرنگە لە داهاتوودا لە وانەیە جێگەی نەوت و بازرگانی تریش بگرتێەوە، ڕاستە بە پێی گەورەبوونیش شارو شارۆچکەکان و گۆڕانی ماستەر پلانەکان، لەوانەیە زۆربەی زەوی کشتوکاڵی یەکانمان بە ناچاری لە دەست دابێت، بۆیە من پێم باشە ماددەی یەکەم لابردرێت ماددەی (٢) بەدەر لە زەویە کشتوکاڵییەکان، وەزارەت دەتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەر زەوییەکی تر، مەبەست لێرە هەر زەویەکی تر، یەعنی زەوییە بەردەلاکانیش بگرێتەوە، سەخەریەکان بۆ مەبەستی پرۆژە گەشتیارییەکان تەرخان بکات نەك دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزکان دەکەم، منیش پێم باشە ئەو ماددەیە لابدرێت بەدەرلە زەوییە کشتوکاڵییەکان پشتگیری هەر هەموو قسەکانی کاك عبدالستار و کاك حاجی هێرش و کاك عثمان سێدەری و دکتۆرە گەلاویژ دەکەم، لەبەرئەوەی کەرتی کشتوکاڵ ئێستا زۆر زۆر زەرووری لە کوردستان، ئێمە پێویستمان بە سەرمایەی کشتوکاڵی هەیە، ئێستا حکومەت دەستی بە ئەوە کردیە بۆ کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، داوادەکەین کەرتی کشتوکاڵ بپارێزرێتن، نەك تەرخان بکرێت بۆ گەشتوگوزار، جێگای زۆر شایستەمان هەیە کە بۆ گەشت گوزار بەکار دێت، بەردەلانە جێگای سەر زێ و سەر رووبارو ئەوانەیە، داوادەکەین ماددەی (٢٢) خاڵی یەکەم لاری نەبوون بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوە بەدەربیت لە زەوی کشتوکاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێکی تر غیابات وەرئەگرینەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیمزابکەن بۆ جاری دووەم بەلێ کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددی (٢٢) برگا دووەم بەدەلە زەوییە کشتوکاڵییەکان وەزارەت دەتوانیت بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەر زەوییەکی تر بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان تەرخان دەکات، راستی هەر پڕۆژەیەکی گەشتیاری ئەگەر کەسەك (٢) کەپراژی جهەکێ دانیتن نابیت بیتە پڕۆژی گەشتیاری، ڤێرە ڤێتن وازحی بێتە دیارکرن کە بێژن بۆ مەبەستی جێبەجێ کردن، تەنیا پڕۆژە ستراتیژیەکانی گەشتیاری بۆ هندێ هەم دا زەوی نەهێتە هەدەردان، هەم ئەو پڕۆژە ئەوێت پێتڤی کۆ پلانا دەستەیدا وەزارەتێدا هەی ئەو پڕۆژە بێنە جێبەجێ کرن کە گەلەکێن گرنگ بن وەت فەربن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە کاك عبدالستارو برادەرانی تر ئەکەم پشتگیریان کرد، منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەم ماددەیە بەتایبەتی بڕگەی (١) لابدرێت، لەبەرئەوەی رەواکەی یەکەی ئەدات بە لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایەی کۆمەڵێك زەوی کشتوکاڵی، یان رووبەرێکی زۆر کشتوکاڵی بۆ پڕۆژەی گەشتیاری تەرخان بکرێت، ئێمە شوێنی ترمان هەیە کە دەتوانین سوودی لێببینن بۆ پڕۆژەی گەشتیاری، یەعنی پێویست ناکات کە ئەو زەوییانەی کە بەکەلکن بۆ کشتوکاڵی و گرنگن بۆ پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵی بەکار بهێندرێن بۆ پڕۆژەی گەشتیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٢٢) منیش پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز ماموستا عبدالستار ئەکەم هەردوو بڕگەکە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای ئێمە ئەندامی لێژنەی شارەوانی و گەشتوگوزارین، بەڵام خۆم تێبینم هەیە بەراستی لە ماددەی (٢٢) یەکەم دوای لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ ئێمە پێمان باشە پشتگیری ئەم پرۆژە یاسایە بکەین، نەك هەر وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵکو وەزارەتی تریش هەیە کەوا زەوی هەیە، پێمان باشە وەزارەتەکانی تریش بێنینە نێو ئەو ماددەیە، بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ گرفت بۆ ئەو زەوییانە دروست نەبێت کە پەیوەستن بە وەزارەتەکانی تریش، وام پێ باشە لەسەر ماددەی یەك و دووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئیتفا بۆ زەوییە کشتوکاڵییە ماددەی (٢٣) بەرێزان، دەتانەوێت قسە بکەن بەڕێز وەزیری شارەوانی بەلێ فەرموون.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ئەنجامی فراوان بوونی شارو شارۆچکەکان وە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی شارۆ شارۆچکەکان، هەندێك جار بمانەوێت یان نەمانەوێت زەوی کشتوکاڵی بەبەر فراوانی بوونی شار دەکەوێت وە ئەو مانای ئەوەنییە حکومەت یان وەزارەتە پەیوەندار پێی خۆشە کە ئەو زەوییە کشتوکاڵییە دەبێت ئیتفا بکرێت، بەڵام زەرووڕەتی فراون بوون ئەو بابەت دەسەپێنێت وە سەبارەت بە قسەی کاك حاجی سفین کە گوتی حکومەت زۆر زەوی ئیتافا کردیە، هەر لە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان تازە من لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران هاتمەوە وە موناقشەی (٣) ساڵەی رابردووی کارەکانی ئەنجومەنی وەزارەتەکان کرا، لە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئەوەی خستەڕوو کە بەڕێژەی (٨١٪) ئیتفا کردنی زەوی کەم کراوەتەو وە، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان سەبارەت بەو بڕگەیە دەکرێت وەکو هەندێك لە ئەنجامانی پەرلەمانی بەڕێزم ئیشارەتیان پێدا ئەو بابەت قورس بکرێتن بۆ رەزامەندی هەموو لایەنە پەیوەندارەکانی، پێویست بێ ئەنجومەنی وەزیران پێویست بێت وەزارەتە پەیوەندارەکانی، پێویست بێت وە پرۆژەکەش پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی بێت کە ئەوە بخوازێتن لە ناحیەی مەردودی ئیدارەیەوە وە لە ناحیەی قازانجی هەرێمەوە جێبەجێ بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان ماددەی (٢٣) بخوێنەوە بەڕێزان.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣) یەکەم خاوەنی ئەو زەوییانەی موڵکی تەواون دەتوانن بە ڕەزامەندی دەستەی پڕۆژەی گەشتیاری بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابمەزرێنن، بە ڕچاو کردنی پێگەی جوگرافی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەشە پێدانی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم، دووەم خاوەنی مافی ڕەفتار پێکردن لەسەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بەدەر لە یاسایی ژمارەی یەکی ساڵی ٢٠٠٨ دەتوانن لەسەر ڕووبەرێك کەلە (٢٠٪) تەواوی ڕووبەری زەوییەکە تێپەڕنەکات، لەسەر داواکاری کەسەکەو پێشنیازی دەستە پڕۆژەی گەشتیاری دوای لاری نەبوونی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بونیات بنێن بەرامبەر بە کرێ کە بڕەکەی بە ڕێنمایی لەلایەن و وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیر دیاری دەکرێت، سێیەم خاوەن مافی ڕەفتار پێکردن لەسەر زەوییەك کە ڕووبەرەکەی لە (٥) دۆنم کەمترە بە هەمان مەرج و ڕێکار کە هاتووە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەتوانێت لە (٥٠٪) ڕووبەری زەوییەکە بکاتە پڕۆژەی گەشتیاری بە پابەندبوون بە پاراستنی پارێزراوە سرووشتییەکان و پابەندبوونی ژینگیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان ئەم ماددەیە ماددەیەکی گرنگە کێ قسەی هەیە لەسەری؟ دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣) برگەی (٢) مافی ڕەفتار پێکردن لەسەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بەدەر ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ دەتوانن لە ڕووبەرێك لە (٢٠٪) تەواوی ڕووبەری زەوییەکە تێپەڕنەکات، کۆمەڵێك ئیجرائاتی دانایە لەسەر داواکاری کەسەکە، پێشنیازی دەستەتە پڕۆژی دروست بکات، پڕۆژەی گەشتوگوزاری دروست بکات، دوای لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵی سەرچاوەکانی ئاو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەبکات، یەعنی کەس بیەوێت پڕۆژەیەك بکات (١٠) دۆنمی هەبێت (٢) دۆنم بکاتە پڕۆژەیەك، یەك دونیا موافەقاتی دەوێت ئەو ڕوتینیاتە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کە کەسێك بیەوێت پڕۆژەیەکی گەشتیاری بکات، پێمان وایە دەبێت ئاسان کاری بکرێت، ئەو کۆمەلە ڕێنماییانە پێم وایە دەبێت کورت بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خێرهاتنا وەزیرێن بەڕێز کەین و گەل شاندێ گەل دا خێربێن سەرچاڤان تێبینیامن سەر ماددی (٢٣) خالا (٢) لڤێرە تڤیا ناڤ و نیشانێت یاسایێ بێتە دیار کرن تنێ ڤێرە بەعسی یاسا ژمارە (١)

ساڵا ٢٠٠٨ یاكری تڤیا ناڤ و نیشانێت یاسایێ بێنه دیار كرن، یان ژی ڤـی شـكلی بەدەل لە یاسـای ڕێكخستنی مافی دەستكاری كردنی زەوی لە وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان / عێراق یا ژمارە (١) ساڵا ٢٠٠٨، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

مافی ڕەفتاری پێكردن یەعنی ئەم بێژینێ (حق التصرف) زیاتر ئەو مـوڵكن یـێ زراعـی پـاراپتریێ هەر زراعی نە، یەعنی مەعناوی ئەڤە ڕێكێ دەتە هنـدێ ئەوێـت كـۆ مـافی حەقـێ هەی (٢٠٪) ژی دۆنەمـا كێمتـر بیـتن ئـو (٥٠٪) ئەگەر ژی (٥) دۆنەمـا زێـدەتر بیـتن مەعنـا وێ ڕێكـێ تەمـام كەتە دووسایت بـۆ زەوێـت كشـتوكاڵی عەردێ كشـتوكاڵ بێـتە وەرگێـران بـۆ گەشـت گـوزاریێ ئەز بەر هنـدێ گەڵ هنـدێ مە خـالا (٢) و خـالا (٣) تەمـامەن بێـنە لادان نە نـاف پـڕۆژەی دا نەمیـنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله منیش بە هۆكاری ئەوەی كە ئەم دووخالە خاڵی بەتایبەتی (٢ و ٣) دەبێتە دیسـانە كە ڕێگـا خۆشكردن بۆ یەعنـی بەهەدەردانـی زەوی كشـتوكاڵی، یەعنـی مەسـەلەن ئەتـوو (٥) دۆنـم هەیە كابرا بە دەستی وەتی، كـابرا زۆر بە ئاسـانی دەتوانێـت ئەم یاسـایە بـاخی دروسـت كـات، ڤێلای دروست كات، بلێت كاكە من پڕۆژەیەكی گەشتیاریم دروست كردووە، یەعنی من نـازانم بـۆ وابە ئاسانی ڕێی بكەینەوە كە زەوی كشتوكاڵی بە هەدەر بـدرێت، وە منـیش پشـتگیری ڕایەكەی كـاك اسـماعیل دەكەم، ڕایـی مـن وایە ئەو هەردوو بڕگـانە لابچـن، چـونكە یاسـامان هەیە بەراسـتی ببڕنەوە ناهێلیت ئیش ناهێلێ بەكـار بێـت یەعنـی لـێ نـاگەرێ زەوی كشـتوكاڵی بـۆ ئەم پـڕۆژانە بەكاربێت دەبێت دوای شتێكیش بنووسێت، یان دەبێت هەموو ئەو یاسانە هەڵبوەشێنەوە ئەوی كـاتی خـۆی مجلسـی ئەعـلای عێراقـی زراعـی هەیە، مەسـەلەن ئەوەی حكـومەتی عێراقـی گەر بخـوێنەوە پـێش ئێسـتا دەبێـت هەمـوو ئەوانە هەلبوەشـێنەوە سـەیرە، یەعنـی نـازانم چـۆن بە ئاسانی دەست بەرداری ببین، مـن پـێم وایە دەبـوایە ئـێمە بـێن پـڕۆژەكەی خۆشـمان لەگەڵ ئەو هاورێەكانی، ان شاءالله دەتان دەینێ دەبێت بەراسـتی بـێن كـۆدو زنجیـری تونـدتر لە ئەوەی كە زەوی كشتوكاڵی بە ئاسان بۆ پڕۆژەی غەیری كشتوكاڵی، جا گەشـتیاری بێـت جـا یـان مەسـەلەن ماستەر پلانـی شـارەكان بێـت لەگەڵ خـۆمن، لەگەڵ بەڕێـز وەزیـری شـارەوەانیم ئەگەر شـارەكە فـراوان بێـت چـی بكـات، بەڵام بـۆ ئـیلا بـێم یەعنـی ئەو زەوییـانە بەكـاربێنم كە باشـترین زەوی كشـتوكاڵیین، مەسـەلەن بـۆ نمـوونە لە جیـاتی ئەوەی بـێم ئەو مەنـتقەی بەكـاربێنم كە زەوی كشتوكاڵی باشە بۆ ناچی ئەو زوورگانەی پشتی مەنتەقەی كەسنەزان و ئەوانە لە جیـاتی خەڵـك

بکاتە ڤێلا زێدە ڕۆیی تێدا بکات، وەرە با حکومەت با پلانی هەبێت خانی باشی لێ دروست بکات، باوەڕبکە دەبێتە مەنتەقەکی گەشتیاریش زۆریش جوان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری شارەوانی قسەتان هەیە، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (٢٤) دەستە دەتوانیت بۆ ئەو مەبەستانەی گەشتیاری تەرخانکراون تەنها بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بە کرێی بدات، دووەم ماوەی گرێبەستی بە کرێدانی زەوی و پڕۆژەی گەشتیاری لە دوای رۆژەك لە تەواو کردنی یان نوژەنکردنەوەی پڕۆژەکە کە پێشتر ماوەکەی لە رێگای لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دیاری کراوە هەژمار دەکرێت و کرێی ماوەی تەواو کردنی پڕۆژەکەش لەسەر زەوییەکە وەردەگیرێت، دوو ئەگەر خاوەن پڕۆژەکە دەستی لە پڕۆژەکە هەڵگرت یان نەیویست گرێبەسەتەکە نوێ بکاتەوە، ئەوا لە بە کرێدانی بە ئاشکرا بە کرێ دەدرێتەوە سێ، أ- جگە لە گرێبەستی شارەوانی گرێبەستەکانی بەکرێدانی شوێن و پڕۆژە گەشتیارییەکان لەلایەن دەستەوە کە ماوەیان لە (١٥) ساڵ کەمترە بۆ یەك جار یارای درێژکردنەوەیان بەو مەرجەی ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوەی پێکەوە لە (١٥) ساڵ تێپەڕ نەکات و بڕی بەرامبەری راستەقینەی بە پێی ئەو رێکارانەی لە یاسایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ دا هاتوون بخەملێندرێن، ب- ماوەو بڕو مەرجەکانی بەرامبەرو درێژکردنەوەی بە رەزامەندی وەزیر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (٢٤) کێ قسەی هەیە؟ شێرکۆ جودت مصطفی ، عثمان علی سمایل، سەرچنار احمد محمود، سیروان فرج محمد، بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم، عثمان کریم سوارە، جمال حوێز مصطفی ، چیا حمید شریف، نجاة شعبان عبدالله.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) دووەم برگەی یەکەم ماوەی بەکرێدانی زەوی پڕۆژەی گەشتیاری لە دوای رۆژێك تەواو کردن یان نوژەن کردنەوەی پڕۆژەکە کە پێشتر ماوەکەی لە رێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە دیاری کراوە هەژمار دەکرێ تائێرە تەواوە، بەڵام تێبینم لەسەر ئێرە هەیە تەواو کەرەکەی کرێی تەواوکردنی ماوەی پڕۆژەکەش لەسەر زەوییەکە وەردەگیرێت ماوەی تەواو هێشتان پڕۆژەکەی تەواو نەکردیە، حەق نییە ئەو باجەی لێی وەربگیرێ و تە واو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە بۆ ئەوەیە کە کە پێنچ شەش ساڵ پڕۆژەیەك نەهێڵێتەوە وە داوای تەمدید بکات بە بەردەوامی خەتەری لەسەربێت.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) بڕگەی سێیەم أ- جگە لە گرێبەستی بانەوانی گریبەستی بانەوانی لەلای خەڵكی ئێمە كەلیمەیەكی روون نییە ئەگەر بكرێت روونتر بكرێتەوە، یاخود تەقریبەن تەفسیری بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان كەلیمەی (بانەوانی) لەبەرئەوەی لەیاسایەك لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە یاسایی فرۆشتن و بە كرێدانی موڵكەكانی دەوڵەت لەجیاتی موساتەحە بەكار هاتووە كەلیمەیەكی كوردییە، فەرموو كاك بەڵێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە بەتایبەت بڕگەی یەكەمی، بڕگەی دووەمی، پێم وایە هەمووی زیادە لەبەرئەوی ئێمە دەتوانین ئەو ماددەیە بەم شێوازە دابڕێژینەوە، دەستە دەتوانێت ئەو زەوییانەی كە بۆ مەبەستی گەشتیاری تەرخان كراون تەنها بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بدات، بە پێی ئەو رێكارانەی كەلە یاسای (١) ژمارە ساڵی ٢٠٢١ هاتوونە، ئەگەر سەیری یاسای بەكرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت بكەین كە یاسایی ساڵی ٢٠٢١ پەسەندكراوە هەموو ئەم رێكارانەی تێیایە ناكرێت، ئێمە بۆ هەمووشتێك لە نێو قانوونێكە پێچەوانەی قانوونێكی تر یان بە تەفاسیلی قانوونێكی تر تێدا جارێكی تر بڕێژینەوە، هەموو ئەو تەفاسیلانەی لە قانوونێكەی تر هەیە، بۆیە پێشنیاز ئەكەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی منیش تێبینیەكەی كاك بەڵێنم هەبوو بە تایبەتی خاڵی یەكەم، دەستە دەتوانێت ئەو زەوییانەی بۆ مەبەستی گەشتیاری تەرخان كراون تەنها بۆ پرۆژەی گەشتیاری بەكرێ بدات، ئەگەر ئەمەی بۆی زیاد بكرێت بە پێی یاسا بەركارەكان بێت یان ئەوە بێت، یان بەپێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ ئەوانی تر هەست ئەكەم ئیجرائاتی زیادە، هەر خاڵی ب- بڕگەی دووەمیش ماوەو بڕی بەرامبەرو مەرجەكانی درێژكاتەوە بە رەزامەندی خۆی خۆ ئەوانە هەر رێنمایی تیایە بە رەزامەندی وەزیر ئەبێت، چ پێویست ئەكات جارێكی تر بێتەو ئەوانە لابرێت و بەو شێوەیە لێبكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددی (٢٤) بڕگێ (٢)سێ أ- ڤێرەژی هەمان تشت تڤیا ناڤ و نیشانێت یاسایێ بێهنە نڤیسین نەهاتیە نڤیسین مادێ کی بێژیت ئەف یاسایە چاوایە بەروکێ وێ چاوایە بەهندێ تڤیا لڤێرە بیتە دیار کرن کۆ لە یاسای فرۆشتن و بە کرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان/ عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە پرسیارە ژ جەنابێ وەزیری هەبوو ئەگەر لڤێ ماددێ دا مەسەلەن خالەك هاتبێتە زێدەکرن یان تایبەتی ناف بەینا خاڵا ئێکێ، دووێی دا مەسەلەن گەلەك گرێبەستێن گەشت گوزاری هاتینە حەوالەکرن بۆ کەسان دڤی ماوەیدا نەهاتینە جێبەجێ کرن، چارەنڤیسێ ڤان گرێبەستا دێ چاوابیتن، بۆ نموونە هەتانها گەلەك گرێبەست نەهاتینە وەرگرتن بۆ کارێن گەشتیاری بەلێ جێبەجێ نەبووینە دەست بکار نەبوونە، ئەگەر مادەك هاتبا زێدەکرن بۆ ماوەی (٦) هەیڤا گەل گرێبەستێن گەشتوگوزاری دەستب کار نەکرێت ئەڤ گرێبەستە دووبارە بێنە هەڵوەشاندن ناڤ بەینا ماددا (١ و ٢) دا هەمان ئەو گرێبەستێن کە بۆ نوی کرنێ ئان ژی هەستاندنێ بێتە زێدەکرنێ دێ گەلەك باشتربیت و من ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم بەشی ب- ئەڵێت ماوەی بڕی بەرامبەر وە مەرجەکانی درێژکردنەوە بە ڕەزامەندی وەزیر بێت، ئێمە ئەڵێین بە پێشنیاری دەستە بێ و ڕەزامەندی وەزیر بۆی دەستە خۆی کردبێت لەو پێشنیارە، ئینجا بە ڕەزامەندی وەزیربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینیامن یان ئێکی ئەز پشتگیریا خوشکا سەرچنارێت کەم ئو هەر سەر وی بابەتی خالا ئێکی پرسیارێش لێژنا تایبەتت کەم، کانێ رامانانڤێ عیبارەتی چییە دەتوانیت ئەو زەوییانەی کە مەبەستی گەشتیاری تەخانکراون تەنها بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بە کرێ بداتن نادەتن یا حەسرێ یەی، یەعنی بە مەعنا بەس دڤێت بۆ کرێ بیت، باشە ئەگەر دەستەی ڤیا ئەو پڕۆژەکێ سەر دروست کەت ڤێریدا وەکو ئەوێ وی حەق نینە، چونکو تەنها بە کرێ بدات ئەگەر دەستەی ڤیا پڕۆژەکێ دروست بکەتن ئەڤە راماناوێ نادەت، چونکە ئەڤە عەسرا مەعنا کرێدانێ دەتن خاڵا (٢)

پشتگیریا دکتۆر شێرکۆ دکەم پێتڤیە دەستەیژی ئاگاهی ژێ هەبێتن نە بەس وەزیر چونکی جارەکادی دێ بێژین جیهەتێ پسپۆری تەخەسوسی تایبەتمەند دەستەیە دەستە تەفاسیلاتا پتر ئاگادارەش وەزارەتێ ژبەرهندێ پێتڤیە پێشنیارا دەستە بێت پاشێ بە رەزامەندی وەزیربیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) خاڵی (٢) باس لە ماوەی بەکرێ دانی گرێبەستی زەوی ئەکات، ئێمە لەم پەرلەمانە بەڕێزەیە یاسایی (١) ژمارە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان مان هەیە کە ئێستا لەم دەقەی کەمن قسە بۆ جەنابت ئەکەم لە سلێمانی کێشەمان هەیە، فەرمانگەکان وەکو خۆی جێبەجێ ناکەن خەلکانێك یان تووشی دڵەراوکێ کردووە، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم هەر لێرەوە چارەسەری بۆ بکەن، بۆیە لەبەر ئەوەی کە یەعنی خەلکێ کەوە دیسانەو دڵەڕاوکێکی بۆی ئەکرێ، من بەنووسراو ئەیدەم بە بەڕێز سەرۆکی لێژنەوە وە پێشنیازێکشم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرەوە بە رووخسەتی جەنابتان بۆیان ئەنێرم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری شارەوانی قسەیەکتان هەیە؟

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوابی ئەو خاڵەی کە کاك چیا ورووژاندی ئەوە خۆی هەر لە شروتی عەقد هەیە دادەنرێتن ماوەیەك دوومانگە، سێ مانگە، چوار مانگە، شەشە مانگە، ئەگەر بێت و جێبەجێ نەکرا هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزیت مادده (٢٥).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٢٥) یەکەم دەستە لە ڕێگەی لێژنەیەکەوە کە پێکهاتەکەی بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت کە وەك وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە دەری دەکات لە داواکاری ئەو کرێچیانە دەڕوانێت کەوا وەبەرهێنان گەشتیاران لەسەر ماڵ و موڵکی دەوڵەت بە گرێبەست لە ناوچە تازە گەشەسەندووەکاندا کردەوەو پرۆژەکانیان مایەی خۆی ناهێنێتەوەو، داوای لێخوش بوون دەکرێ لێ دەکەن، دووەم ئەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لێژنەکەی گەشتە ئەو ئەنجامەی کە داواکاریەکەی مەرجی لێخوش بوونی تێدایە پێنشیازی لێخوش بوون دەکرێ بۆ وەزیر دەکات، سێ وەزیر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچە تازە گەشەسەندوانە بڕیاری لێخۆش بوون تەنا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کەلە (٢) ساڵ زیاتر نەبێت دەدات، دووەم دەستە دەتوانێت دوای رەزامەندی وەزارەت ماوەی گرێبەست گرێبەستی پڕۆژە

گەشتیاری بەکرێ دراوەکان لە گوندەکان درێژبکاتەوە ئەگەر لە ماوەی بە کرێدانەکەدا دوای جێبەجێ کردنی لەرێژەی (١٠٠٪) پرۆژەکە بە پێی توێژینەوەی کەلکی ئابووری سەرمایەی پرۆژەکە بە دەست نەهاتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس لەسەر ماددەی (٢٥) کێ قسەی هەیە؟ عمر عبداللە فتاح، دابان محمد حسین ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە، اسماعیل علی طە، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و ئەو شاندەی میوانی ئەکەم، ملك و ماڵی دەوڵەت بەهیچ جۆرێك نابێت بە بەلاش بێ، بۆیە مەسەلەی لێ خۆش بوون لە کرێ کە پێم وایە ئەم دەستەواژەیە دەقیق نییە، چونکە ملك و ماڵی دەوڵەت نابێت بە بەلاش بدرێت بە خەڵکی لە بڕی ئەوەی بڵێ لێخۆش بوون لە کرێ کە بلێین لە (٧٥٪) بابلێین کەم بکرێتەو، چونکە تەئکید دەکەمەوە ماڵی دەوڵەت ئەبێ بە بڕە پارەیەك بدرێت بە خەڵکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی لە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین، ڕاستە ئەم پرۆژەیە بۆ دەستەی ژینگەیە، بەڵام بەشێکی سەلاحیات و دەسەڵاتی گەڕاوەتەوە بۆ وەزیر لە ڕێگەی شوێنەکانە، بۆ نموونە دەستە لە ڕێگەی لێژنەیەکەوە کە پێکهاتەکەی بە ڕێنمایەك لەلایەن وەزارەتەوە دیاری ئەکرێت، هەر سیاغەکەشی لێرە هین نیە، دووجار ئەڵێت بە ڕێنمایەك دیاری ئەکرێت کە ئەڵێت وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە دیاری ئەکات، ئەگەر ئەوە دابڕێژرێتەوە، دوو پشتیوانی قسەکانی کاك ڕێبوار ئەکەم ئەو سەلاحیاتی لێخوش بوونە ڕەنگە تەناقوس لەسەر بۆ نموونە پرۆژە لەسەر داهاتی وەزارەتی شارەوانی بەکرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت دروست بکات، ئەم دەسەلاتە حەسری نەبێ و بۆ وەزیر سێ بڕگەی دووەم دا دەستە دەتوانێت ڕەزامەندی وەزارەت ماوەی گرێبەست گەشتیاریەکە بەکرێ دراوەکان لە گوندەکان درێژکاتەوە ئەگەر لە ماوەی بەکرێدانەکەدا دوای جێبەجێ کردنی ماوەی لەرێژەی ١٠٠٪ پرۆژەکە بە پێی توێژینەوە، یەعنی جەدوای ئابووری نەبوو بۆی درێژبکاتەوە پرۆژەکە جەدوای ئابووری نییە بۆچی جارێکی تر بۆی درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەکی زەمەنی، یەعنی لە ئەساسە کە پرۆژەیەك دوای نەبوو وە قازانجی نەبوو کەسێك زەرەری کردبوو بۆچی ڕێگەی پێی بدرێت درێژ بکرێتەوە ئەو ماوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

راستی ڤان لێژنێت تێنە دروست کردن پێچەك بۆمە گومان و شك یا چێکری کۆ مـومکنە سسـتی بکەن، عەدالەتێ نەکەن، یەعنی لێخۆش بین لێ کرێ ژبەر هندێ ئەز بینم باش بۆ ئەگەر ئەو پێك هاتا ئەو لێژنا هەر قانونێـدا هـات بـا دەسـت نیشـان کـردن نەك رێنمایـا هەر لێـرەدا هاتبـا دەسـت نیشان کرن کا لە کوێ پێك دەهێت ئەو لێژنەکە هەر لێژنەك با هەر قانوونەك کربا دا رێـك نەهاتبـا دان کۆ لێژنەکا نەیا گەلەکا یاسایی بێتە رێکرن و خەلـك بێتـە ئـازا کـرن و عەف و کـرن ژێ کـرێ دوو ئەز پشتگیریا کاك رێبوارو دابانی دەکەم شینا لێخـۆش بـوون بیـت، بێـت سـڤکرن تەخفیـف کرێ بێتە سڤکرن هەتـا (٧٥٪، ٨٥٪) خـالا سـێ بێـژیتن لە (٢)سـاڵ زیـاتر نەبێـت، یەعنـی مەعقـولە (٢)ساڵا عەفوکەن ژێ کرێ ئەگەر بۆ سـڤکرن موشـکیلە نیـنە، ئەگەر نە سـڤکرن (٢)سـاڵ گەلەکـن ئەزبینم سالك زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (٢٥):

هەردوو بـڕگە کە بـڕگەی یەکەم و دووەم بـاس لە دوو نـاوچە ئەکـات کە پێویسـتیان یەك بە لێخـوش بـوون، دووەم بە درێژکـردنەوەی گرێبەسـت هەیە، لە یەکەمیـانەوە نـاوچە تـازە گەشـە سەندووەکان تەبعەن ئەمە گرنگە بەراستی، بۆئەوەی هاندانی وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاری لەو شـوێنانە بکـرێ، هەروەهـا گونـدەکانیش کە زۆر جـار شایسـتەی ئەوەن کە پەرەیـان پـێ بـدرێت، دیاری کردنی ئەم ناوچە تازە گەشەسەندوانە لەگەڵ گوندەکان بەراستی زۆر زۆر گـرنگە، یەعنـی کرۆکی ماددەکە لەسەر ئەمە وەسـتاوە، بـۆیە پیشـنیار ئەکەم بـڕگەیەك بە ژمـارە (٣) زیـاد بکـرێ ئەویـش ئەوەیە وەزیـر لەسـەر پێشـنیاری ئەنجـوومەنی دەسـتە بە بڕیارێـك نـاوچە تـازە گەشـە سەندووەکان لەگەڵ ئەو گوندانەی بڕگەی دووەم ئەی گرێتەوە دەست نیشان ئەکات وە (٢) ساڵ جارێکیش پێداچوونەوە ئەکات، یەعنی ئەکرێت ئەم ساڵ نـاوچە تـازە گەشـەیەکی سـەندو تـازە گەشەسەندووبێت دوای (٢) سـاڵ (٣) سـاڵ ببێـتە نـاوچە تـازە گەشەسـەندو، پێویسـت بەو لێـی خۆشبوونە نەکات، خاڵێکی تریش تێبینیەکـی تـریش ئەوەیە پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك دکتـۆر رێبوارو کاك دابان و کاك دکتۆر اسماعیل ئەکەم، خاڵی سێیەم ئەمەی بۆی زیاد بکرێـت بە بـڕی لە (٥٠٪) لێخۆش بوونەکە بکرێت، ئۆ بۆ یەك ساڵیش، واتە بۆ یەکجار پڕۆژەیەك یەك جار داوائەکات ئۆ کرێ کە دەری نەهێنایتەوە یەك جار داوا ئەکە یەکجار داوای ئەکـاتەوە، بـۆ ئەو یەکجـارە یەك ساڵ نیوەی لێخۆش بوونی بۆی بکرێت، بۆ سالێکی تر دوای ئەوەی دەرکەوت جارێکی تـر زیـانی کردووە، ئینجا بڕیارێکی تر بۆی بدرێت بۆ ساڵی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری شارەوانی قسەتان هەیە؟

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لەو بابەتەوە من قسە لەسەر ڕێژەکە ناکەم، قسە لەسەر ماوەکەش ناکەم، بەڵام کرۆکی ئەو فەقەرەیە ئەوەیە کە لەبۆ ئەوەیە کە ڕۆتینیات کەم بێتەوە، وەلە بۆ ئەو کاتەی کە بابەتێکی نەخوازراو دوور لە دەسەڵات کە ڕوودەدات وە خاوەن پڕۆژە گەشتیارییەکان ناتوانن وەکو پێویست ئیش بکەن، بۆ بار سووك کردنی ئەوان ئەو فەقەرە زیاد کرایە تەنها ئەو ڕوونکردنەوەم هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (٢٦) بخوێنەوە .

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٦):

یەکەم: ئەو کەسەی زەوی بەبێ بەرامبەر بۆی تەرخان دەکرێت، بە بەرامبەر بۆی تەرخان دەکرێت مافی هەیە بە ڕەزامەندی دەستە، یان پڕۆژە ئەو شوێنە گشتییە کە لەسەری دروست کراوە لە دوای تەواو بوونی بە ڕێژەی لە ١٠٠٪ بەبێ زەوییەکە بفرۆشێتە کەسانی دیکە، بە مەرجی زیاد کردنی لە (٢٠٪) زیاد کردنی کرێی ساڵانەی زەوی.

دووەم: خاوەنی پڕۆژەی گەشتیارییەکان کە لایەنی کەم لە (٥١٪) پڕۆژەکەیانی دروست کردووە، دەتوانن بە مەبەستی تەواو کردنی پڕۆژەکە داوای هاوبەش ئیدخال شەریك بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان کاك علی حەمە صالح، سیروان فرج محمد.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەکەم، یەك پرسیارم هەیە ئێمە لە لێژنەی پیشەسازی بەردەوام ئەم گرفتەمان هەیە، یەکێك ئەیەوێت کارگەیەك دروست بکات (٢) ئوڤەری لە پێشە، وەزارەتی پیشەسازی، دەستەی وەبەرهێنان، من ئێستا بمەوێت پڕۆژەیەکی گەشتیاری بکەم ئەچم وەبەرهێنان ئەکەم، یان وەبەرهێنان زەوی بێ بەرامبەر (١٠) ساڵ لە باج عەفو دەکرێ ئیتر بەراورد بە ئەوەی کە ئەم هەموو تەگەرە لەبەردەما دانراوە حیکمەت چییە کە نەچێت بۆ وەبەرهێنان بێت بیکا؟ دووەمیان خاوەنی پڕۆژەی گەشتیاری کە لایەنی کەم لە (٥١٪) تەواو کردبێت، بۆ لە سەرەتا پڕۆژەکە تەقدیم ئەکا دراسەی بکا، ئەوجا ئیقتیصادی ناکرێت، ڕائسەن پڕۆژەی تەحدید ناکرێت، ئیتر بۆچی دەرفەتی پێ بچێت ئەمە دەرگا ئەکاتەوە دیسانەوە بۆ مەعامەلە یەکی گەورەتر کە ئێستا لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنانە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بێجگە لە پشتگیری قسەکانی کاك علی، من ئەم بڕگەیە زیاد دەکەم، بۆیە دەرفەت بەو نەدرێت خەلکانێك کە ئیستفادە لە دەسەلاتەکانیان و ئەوانە بکەن وە پڕۆژەکان وەربگرن و ئەوا بیان فرۆشنەوە بەهۆی ئاسانکارییەوە، ئەویش ئەوەیە لەدوای تەواو بوونی لە ڕێژەی (١٠٠٪) ی کارکردن و پاکارکردنیش بە شێوەیەکی کرداری بۆماوەی (٢) ساڵ کەسەك پڕۆژەکەی وەردەگرێت (١٠٠٪) تەواو ئەکات وە (٢) ساڵیش خۆی بەگری ئەخات، پاشان دەسەلاتی ئەوەی هەبێت بیفرۆشێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك سیروان.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٢٦) تەبعەن هەر یەکەم من پشتگیری لە هاوڕێ وتەکانی کاك علی و مامۆستا عمر ئەکەم، یەعنی بۆئەوەی کە ئیتر کێ پڕۆژەیەك ئەکات ئیتر ئەبێ بەرچاوی روون بێت ئەم پڕۆژەیە بۆچی ئەکات، هەر لەسەرەتاوە ئەو پارەیەی پێی نەمێنێ و خەڵکی تر بەشدار پێ بکات ئەمانە و دوای ئەوە یەعنی یاسای پێویست ئەکات کە ئەوەنە تەفسیرو خوێندنەوەی بۆی نەکرێت، ئەمن پێم وایە قسەکانی کاك علی کاك عمر باسی یان کردوو، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك دابان.
**بەڕێز دابان محمد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزان کاك علی، مامۆستا عمر وکاك سیروان ئەکەم، ئێمە لە یاسای وەبەرهێنانمان ماددەی (٢) بڕگەی (٣) ئۆتێل و پڕۆژە گەشتیاری و کات بەسەر بردن و شارەکانی یاریمان هەیە، لەوێ وەکو کاك علی وتی کەسێك ئەگەر یاسای وەبەرهێنان ئەمە وەربگرێت لە باج و زۆر شتی تر ئەبەخشرێت، بۆ نموونە پڕۆژەی چاقی لاند وەکو ئەو وەرگیراوە، بۆ نموونە ئوتێل و روستێرانت لە تەنیشتی چاقی لاندا هەر بەو ماددەیە وەرگیراوە، ئایا ئەم یاسایە شمولی ئەوانە ئەکات لە کاتێکدا خۆی یاسای هەیە، یان نە ئەگەر وایە هیچ کەسێك بەم یاسایەی کە لەبەردستمانە پڕۆژەی گەشتیاری و وەرناگرێ و وەهەروەها بە یاسایەکی وەبەرهێنان بەلاش بۆی تەرخان ئەکرێ و هەروەها هاوکاری ئەکرێ و لێخوش بوون و هەرچی هەیە، یەعنی بۆ ماوەی (١٠) ساڵیش هیچ جۆرە باج و هینێك نادات، ئەوە خاڵی دووەمی ماددەکەش خاوەنی پڕۆژە گەشتیارییەکانش لەلایەنی کەم لە (٥١٪) پڕۆژەکانیان دروست کردبێت بۆیان هەیە شەریك داخل کەن، قسەکە ئەوەیە کەسێك بۆ لە نیوەی پڕۆژەکەیە کەسێکی تر داخل ئەکات لە کاتی داواکردنی مۆڵەت ئەبێ خۆی سەرمایەکەی و جا داواکەی و بۆ نموونە رأس مالەکەی هەمووی تەقدیم کردبێ، ئەگەر پێی تەواو ناکرێ بۆچی مۆڵەتەکە لە ئەساسا ئەدرێ، یان کە

مۆڵەتەکەی پێ تەواو ناکرێ بۆچی لە نیوەی پڕۆژەکەیە شەریکێکی تر داخل کات بۆ خۆی، لەگەڵ ئەوەیەم ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزێت بەڕێز وەزیری شارەوانی قسەتان هەیە؟

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری بۆ پڕۆژەی پیشەسازی رێیەکی تریش هەیە کە لیژنەی پیشەسازی یە کە لە پارێزگاکان راستەوخۆ زەوی بۆ پڕۆژە پیشەسازییەکان دابین دەکەن، بێجگە لە وەبەرهێنان و بێجگە لە وەزارەتی پیشەسازی هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لیژنەی بەڕێز سەرنجەکانی ئێمەی لەبەرچاو گرتییە، سەبارەت بەو بڕگەیە بۆیە هیچ کومێنتێکم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی (٢٧).

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢٧): وەزیر لەسەر پێشنیازی دەستە رێنمایی بۆ رێکخستنی ئەمانەی خوارەوە دەردەکات:

یەکەم: چاودێری و پشکنینی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

دووەم: کردنەوەی پەیمانگاو ناوەندەکانی تایبەت بە راهێنانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی تایبەت و تێکەڵاو.

سێیەم: مۆڵەتدانی پرۆژەی گەشتیارییەکان بە پێی سیستەمی دابەشکردنی کات بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

چوارەم: ئامادە کردنی رابەرە گەشتیارییەکان.

پێنجەم: مۆڵەت دانی ئاهەنگ و يارییە ئەلکترونییەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، اسماعیل علی طه، مەم بورهان قانع، زیدان رشیدخان اودل، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من تەواوی ئەم ماددەیە هەڵگیرێت لە ناو یاساکە، هیچ زەروورەتێك نایبینم بۆی کە هاتووە لە ماددەی (٣٠) ئیتر وەزیر رێنمایی دەرئەکات کە دەرئەکات ئەم تەفاسیلەی پێویست ناکات، ئەگەر وابێت لە هەموو یاسایەك ئەبێ بڵێین رێنمایی بۆ ئەوەش دەری ئەکاو رێنمایەکانیش دەرئەکا، بۆیە بە زیادی ئەزانم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز پشتگیریا کاك مەم دکەم بێتە لادان، ئەگەر نەهاتە لادان ئەز ڤێ پێشنیارێ دکەم ئەوەلەن وەزیر لەسەر پێشنیاری دەستە ڕێنمایی بۆ رێك خستن نەرێك خستن رێك خستن و بەکار کردن، یەعنی التنفیژ مادده، ئەما خالا (٢) بێژیت کردنەوەی پەیمانگەو ناوەندەکانی تایبەت بۆ راهێنانی گەشتیاری و کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەل، ئەز بێژم مە ئەڤە یاهەی مەڵ کوردستانێ زانکۆێت مەکۆلێژێت تایبەتێت هەی پ گەشتیاریێ ئومە پەیمانگەژی یێت هەی کارێ ئەڤانە ئەڤەیە تەخەسوسیە جارەکادی، یەعنی هەندەك پەیمانگێت ئەهلی بێنە ڤەکرن هندەك سەنتەرو زانکۆێت ئەهلی بێنە ڤەکرن، ئەزێ گەل ڤێ خالێ نینم یا (٢) هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مەبەستمان لەو پەیمانگانە پەیمانگای تەدریب و تەئهیلە، نەك پەیمانگای خوێندنی ئەهلی ئەکادیمی، بەڕێزان کاك زێدان فەرموو، قسە ناکات کاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٧) خالێ (٢) کە دەڵێت کردنەوەی پەیمانگاو ناوەندەکانی تایبەت بە راهێنانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ، ئەوەی بۆی زیاد بکرێت (بە سود وەرگرتن لە دەرچووانی بەشی گەشتوگوزار کە لە زۆربەی زانکۆ پەیمانگاکان هەیە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی قسەکانی کاك مەم والله لەسەرخاڵی (٥) ئەمانەوێت هەندێ تەوزیحاتمان پێبدات، ئایا ئەم ڕێنوێنی ستاندەر بۆ هەموو حالەتێ نموونەی ئەوەی لە نەورۆز، لەوانەیە لە سەدان شوێن بۆنەو ئاهەنگ بگیرێیا لەشەوی سەری ساڵ شەوی ئاگرین ئایا هەموو حاڵەتێ ئەبێ داوای مۆڵەت بکاو موافقەی پێبدرێ و بڕواتەوە ئەوە کەمێ شتێکی عەمەلی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێز وەزیری شارەوانی وەڵامی کاك علی حمە صالح.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە رەئی خۆمان پێشکەشی لێژنە کردیە، کە پێمان وایە ئەو ماددەیە زیادە پێویست ناکات، لەبەرئەوی لە ماددەی (٣٠) بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە دراوە بە دەرکردنی ڕێنمایی بە ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (٢٨) بەڕێزان.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢٨): ئەو ماددەو پڕۆژە گەشتیارانەی دەکەونە ناو پۆلێن کراوی وەبەرهێنانی گەشتیاری ئەو لێخوش بوونانە دەیانگریتەوە، کە بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بڕیاریان لیدراوە بێجگە لە روسوماتی پیادەکردنی پیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادده (٢٨) سەرچنار احمد محمود، دابان محمد حسین، علی حەمە صالح، مەم برهان قانع، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دیقەتی ماددەی (٢٨) بدرێت ئەم پڕۆژە ئەڵێت هیناویتی لە ئەخیرە ئەڵێ بێجگە لە روسوماتی پیادەکردنی پیشە، ئەمە بێجگە مەبەستی ئەوەیە ئیستسنای کردووە، ئەگەر کردوویەتی بۆ روسووماتی پیادەکردنی پیشەی کردووە، ئەگەر مەبەستیشی ئەوەیە بڵێت سەرەرای، یەعنی لەگەڵ ئەوانەیا ئەروات بێجگە ئەوا رێك بکرێتەوە، ئەگەر روونکردنەوەیەکمان بدەنێ لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستیان ئەوەیە روسووماتی پیادەکردنی پیشە لێخۆش بوون نایگرێتەوە .

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرچنار خان قسەکانی من کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە زۆر زۆر گرنگە، جارێکی تر جەختی لێدەکەمەوە ئەمە بەرمانای یاسای وەبەرهێنان ئەمە نووسراوە، چونکە لە یاسای ئەمە یاسایەکی ترمان هەیە، کۆمەڵێك پڕۆژە ئێستا خەڵك هەیە رێستورانت و کافیە، بۆ نموونە نان و بە یاسای ئیستمرار وەرئەگرین وە بۆ نموونەش پڕۆژەی گەورەی گەشتیاری هەردیسانەوە لە وەبەرهێنان وەرئەگری، چونکە تەسیهلاتی زۆر زۆر کردووە، قسەکە ئەوەیە تەسنیفەکە چییە؟ بۆ نموونە هەرکەسێك ناوچەیەکی گەشتیاری لەسەر بنەمای یاسای وەبەرهێنان دائەرێژرێ سەر بنەمای ئەمە، چونکە ئەمە کۆتوبەندی زۆر زۆرە، ئەگەر بێتە سەر واقیع یەعنی هەر لە وەرگرتانی مۆڵەت و روسومات و شتەکانی ترو ئێستا ئاسانترین شت ئەوەیە کە زەوییەکی بەلاش بۆی تەخسیس ئەکرێ وە مۆڵەتەکە ئەدرێتێ، پێت ئەلێم لە ریستورانت و کافیەکەوە تاوەکو شوێنێکی گەشتیاری وەکو چاقیلاند بە ماددەیەکی

یاسای وەبەرهێنان و وەر ئەگیرێت کە رەئس مالی چاڤیلاند رەنگە (٣٥٠) ملیۆن دۆلاربێت، رەنگە ریستورانت و کافەیەك(٥٠٠) هەزار دۆلاربێت تەسنیفەکە چییە، دوای دەرکردنی ئەم یاسایە هەموو رووناکاتە یاسای وەبەرهێنان و گەشتیارییەکان لەسەر بنەمای ئەو، بۆ نموونە بڕگەی(٣) لەو مادده یاسای وەبەرهێنانە دەرناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من دیسانەوە پرسیاری ئەوە ئەکەم موستەسمیرێك دێت پرۆژەی یەکی گەشتیاری ئەکات، رێوشوێنەکە وایە لە وەبەرهێنانی بەرێوەبەرایەتی شارەکان دەچێتە دەستە، دواتر دەستە موافەقە ئەکات ئاڕاستەی شارەوانی ئەکات بۆ تەخسیسی زەوی، باشە شارەوانی پێ ئەڵێ بە یاسای وەبەرهێنان نە بەم یاسایە بیکە، بۆی هەیە تەدەخول کات، ئەگەر هەر وەبەرهێنەرێك بێت لە یاسای وەبەرهێنان زیاتر ئاسانکاری کراوە، ئیمتیازی زۆرتر دراوە، ئەگەر نیەتێکیش هەبێت یاسای وەبەرهێنان هەموار کەینەوە و بیگونجێنین ئەمە بایەتێکی ترە، ئێمە لە ٢٠١٤ وە خاسێتی یاسای وبەرهێنانمان هەیە، دیسانەوە ئەمانەوێت بەڕێز جەنابی وەزیر بۆمان روون کاتەوە، چۆن پرۆژەیەکی وەبەرهێنان ئاڕاستەی ئەکرێت، بۆ کام لەم یاسایانە بچێت ئایا حادیقەیەکی ئستیسماری هەیە، یان نەخێر ئەوە خاست و ویستی وبەرهێنەرە خۆی کامەیان هەڵ ئەبژێریت و لە تەخسیسی زەویشە، شارەوانی خۆی قەرار ئەدان کە ئەمانەبێت، بۆ ئەوەی ئایا ئەکرێت، ناکرێت نادات یان پارەی لێ وەرئەگیرێت، ئەوە رێو شوێنەکانی زۆر زۆرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس وەزیری شارەوانی بەڕێزتان، بەلێ کاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە خاڵی(٤) لە بڕگەی(١) مادده (٣)باسم کرد، ئەم مەسەلەی تێکەڵ کردنی گەشتوگوزار راستە وەبەر هێنان گەشت گوزاری هەیە، بەڵام تێکەڵ کردنی یاسای وەبەرهێنان کە لەوێش پێشنیازم کرد، یەعنی ئەو مەرجی لێخۆش بوونی باج و گومرگانەی لە یاسای وەبەرهێنان هەیە لەسەر ئەم یاسایە تەتبیق نەبێت، ئەو ماددانەی کە لێرە ئاماژەی یاسای وەبەرهێنان کردووە هەمان ئەو خەتەریانەی هەمان ئەو گەندەڵیانەی کە ئێستا بەناوی وبەرهێنانەوە ئەکرێت، پرۆژە گەشتیارەکانیش ئەگرێتەوە، چونکە خۆمان دەزانین یەك لە هەواڵەکانی کابینەی نۆیەم هەمواری قانوونی وەبەرهێنان بووە، بەڵام بە بۆنەی ئەو هەموو دەست تێوەردانەی بە هەبوونی ناکوکی سیاسیەوە، ئێستاش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەکی کەوتووە ناهێتەوە پەرلەمان، تێکەل کردنی بڕگەو ماددەکانی ئەو نە عەدالە یاسانە بە یاسایەی وەبەرهێنان و بەراستی نیەتێکی باش لە پشتی وە نابینین، لەبەر ئەوە تەسنیف بکرێتەوە کە

بەدەر لێبکرێ لە لێخۆش بوون و بۆ ئەو ئیمتیازاتانەی کەلە یاسای وەبەرهێنان بە وەبەرهێنا و تەسمیمەکانی داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز وەزیری شارەوانی قسەیەکتان هەیە ؟ بەڕێزان من بە خۆم لە کۆبوونەوەی لێژنەکان بووم تەسنیفێك هەیە، چی بە پڕۆژە وەبەرهێنان ئەژمار ئەکرێ و چی ئەژمار ناکرێ تەحدید کراوە بە رەئس مال یەعنی بەڵێ تەسنیفێك هەیە، بەلێ بەڕێزتان وەزیری شارەوانی ئیلاقەی بە رەئس مالەکەیەوە هەیە با بەڕێزیان قسەبکات وە بابەتی بەدەرکردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان لە هەموو ئیمتیازو حەوازفێك، ئێ ئیتر ئەوە چۆن کەرتی گەشتیاری بدەین وای لێبکەین ببێتە بەدیلی کەرتی نەوتی یەعنی وەکو کەرتێکی ئقتیصادی بەدیل لە هەرێمی کوردستان بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەیەوێت قسەیەك بکات، فەرموو.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە لێخۆش نەبوون بە رسووماتی پیادەکردنی پیشە، دیارە لەو فەقەرەیە دەمانەوێت داهاتی گەشتوگوزار زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی هەتاکو ئێستا وەکۆ پێویست سکتەری گەشتوگوزار موقارنە بە سێکتەرەکانی تر داهاتەکەی وەکۆ پێویست نییە، سەبارەت بەوەی کە بەو یاسایە وەبەرهێنێك تەقدیم بکات لە بۆ پڕۆژەیەکە گەشتیاری یاخود بە یاسای وەبەرهێنان، ئەوە ئازادییەکە بۆ وەبەرهێنانەیە کە دەیەوێت کە ببێت بە کام یاسا تەقدیم بکاتن، دیارەش لەوەش ئاسانکاری پێویست هەیە وە باشیشە زیاتر ئەو یاسایە بە رەئی ئێمە بۆ تەنزیم کردنی کەرتی گەشتوگوزارە وە پەرپێدانییەتی، چونکە فەقەرەکانی زۆرباشن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ماددەی (٢٩) بەڕێزان ئەسل لە ماددەکەیە لێخۆش بوونە ئیستیسنا لێ خۆش نەبوونە، لەبەرئەوە بڕگەکە لە بۆ ئەوە هاتووە هیچ قەلەقیتان نەبێت، چونکە نەصەکە وا رادەگەینێ رسووماتی کردنی پیشە وەردەگیرێ وەکو لیژنە دەتوانن قسە بکەن، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو جەنابیشتان ئاگادارن لە کۆبوونەوەکانی کە کردیتمان هاوبەش و لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، هەم پڕۆژەکان بە وەبەرهێنان ئەژمار دەکرێن کە بەسەرەوە (١) ملیۆن دۆلارین ئەو پڕۆژەکان کە لە خوارەوە (١) ملیۆن دۆلارین، وەك وەبەرهێنان ئەژمار ناکرێن، ئەو پڕۆژانەی کە وەکو وەبەرهێنان ئەژمار دەکرێن کە گەشتیاری بن لە باج و رسوومات بەشێکیان لیخۆش دەبیتەوە، بەڵام ئەو باج و رسووماتەکان کە ئەتوو پیشەی خۆت ممارسەی دەکەی ئەوانە خۆش دەبیتەوە، ویستم ئەوە شەرح بکەم وازح بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٢٩)پشـکەکانی کۆمپانیـای ئەنیشـکەی پشـکی تـێکەڵ کە لە (٤٩٪) پشـکی سـەرمایەی کۆمپانیایە کەیەو ناوی وەزارەتی دارایی عێراق تۆمار کراوە، بەبێ بەرامبەر، بە نـاوی وەزارەتـی تۆمار دەرکرێت و لە باج و روسومات دەبوردرێ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زيدان رشيد خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاساکانی پێشتریش موڵکەکـان و پشـکەکانمان بەنـاوی وەزارەتـی داریـی تۆمـار کـراون، بـۆی دەکرێت ناوی وەزارەتی دارایی هەرێم بێت بۆ کەرتی گەشتوگوزار تەرخان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعيل.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

والله من بەس پرسیارەکش لێژنا یا تایبەت، یەعنی بۆچی روسوماتاو باجێ دێ لێبوریت یەعنـی ئەگە لبەرچ سەبەکێ ئێکێ بۆمە دیاری کەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سيروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٩) من نازانم بۆچی نـاوە کۆمپانیـایەك هـاتووە، یاسـاکە ئەگەر مەبەسـت لە وەبـێ ئەم کۆمپانیایە لە رابردوو هەبووە یان هەڵوەشاوەتەوە، یان ئەچێـتە سـەر شـوێنێك ئەوە لە ئەسـلی یاسایەکە هەیە، هەر کۆمپانیایەك لەناو بچێت یان نەمێنێ یـان ئەوەیە پشـکەکانی ئەبەخشـرێت بە کوێ، مـن داوام لە بەڕێـز وەزیـری شـارەوانی هەیە بۆمـان روون کـاتەوە بـزانین بـۆ ئەو نـاوە هاتووەو ئەگەریش وابێ بە ڕێنمـاییەك ئەتـوانێ بـێ، بـۆچی لەم یاسـایە یەك کۆمپانیـا نـاو نـاوە خۆئەمە تەعمیم ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هەمـان راوبۆچـوونی کـاك سـیروانم؟ هەیە، ئەم مـاددەیە لای مـن روون نەبـوو ئەم کۆمپانیایە چییە پشکەکانی کامەن؟ بۆچی لە (٤٩٪) بەناوی وەزارەتی دارایـی عێـراقە وە ئێسـتا کێ خاوەن دارییەتی ئەکا؟ داهاتەکەی بۆ کەێ ئەگەرێتەوە؟ جەنابی وەزیـر روونـی کـاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تائێستا نەمبینیوە ناوی یاسا ناوی کۆمپانیا بێت، مەسەلەن بۆ نموونە بڵێین پشەکەکانی کۆمپانیای ئەنیشکی پشکی لە (٤٩٪) سەرمایەکەی کۆمپانیاکە بەناوی وەزارەتی دارایی عێراقیشەوە ئەمە بەناوی وەزارەت تۆمار کراوە، بەبێ بەرامبەریش بەناوی وەزارەت تۆمار دەکرێت، ئینجا لەگەڵ ئەوەشە باج و روسوماتیش دەبوردرێت، یەعنی ئەمە چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمیان لە ماددەیە مولکێك هەیە لە (٤٩٪) بەناوی وەزارەتی دارایی عێراقەوەیە، ئێمە لێرە قوەتی قانوونیمان نییە کە دەستی بەسەردا بگیرێ ئەمە یەك، دووەمیان لە کوێ قانوونی پەرلەمان هاتووە ناوی کۆمپانیای بڵێ ئەوە ئیشێکی رۆتینی حکومەتە رێنمایی هەیە، خۆی حکومەت پەیڕەوی هەیە شتی بواری جیاجیا هەیە، رێکخستنی مەسەلی گەشتیاری و وانەی کۆمەڵی پەیوەندی بەکاری کۆمەڵی چ پێویست بەم قوەتە هەیە، ئەگەر حکومەت خۆی ئەو قوەتەی نییە لەسەر ئەو پرسەی یەك لای بکاتەوە، پێم وانییە هیچ داعی نییە لە یاسایەکە ئەم متامانەیە بدرێتێ، نوقتەیەکی دیکە ئەمە دیسانەوە بەشی ئاخیری ئەمەیە کە ئەڵێت لە باج و روسومات ئەبووری دیسانەوە ناکۆکە لەوەی کە قسەی وەزیر پێشتر ئاماژەی پێکرد کە ئامانج زیاد کردنی داهاتە تۆ لە باج و رسوومات بی داهات بە چی زیاد ئەکەی، بۆیە بە بڕوای من پێویست ناکات لە ماددەیەش دیسان وەکو ماددەکانی تر ئاماژەم پێکرد هەڵبگیرێت، خزمەتی یاساکە باشتر ئەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینەییەکەم لەسەر ئەوەیە کە نووسراوە بەناوی وەزارەت، پێم وایە تەحدیدی وەزارەتەکەی بکەین وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، چونکە یاساکە تایبەت بە دەستەی گەشتوگوزار، تەحدیدی وەزارەتەکەی نەکراوە بە ناوی وەزارەتی دارایی دەکرێ یان بەناوی وەزارەتی شارەوانی، من پێشنیاردەکەم کە بە ناوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بکرێ و ئەو کۆمپانیایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە لێخـۆش بـوون لە بـاج و رسـوومات بـۆچی لێخـۆش بـوون هەبێت و چـۆن داهـات زیـاد دەکرێـت، تەبـعەن ئەگەر سـەرماگوزارێك بـڕی (١٠) ملیـۆن دۆلارێـك سـەرما گـوزاری لە کەرتێکـی گەشتوگوزاری کەتـن، بێگومـان پێویسـتی بە مەودایەکـی درێـژ هەیە پـارەی بـۆ بگەڕێـتەوە، بۆئەوەی دەعمی کەرتی سیکتەری گەشتوگوزار بکەن بۆ ئەوەی ببیتە سەرچاوەیەکی داهات پێویستە ئاسانکاری بۆ ئەو سەرما گوزارە بکـرێتن لە بـاج و روسـومات، بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا ئەگەر پرسـیار کەن چـۆن داهاتەکە زیاد دەبێتن، بەم شێوەیە زیاد دەکرێتن ئەگەر سـێکتەرێکی گەشـتوگوزار هەبێـت و گەشـتیار سـەردانی هەرێمـی کوردسـتان بکـات تاکسـی، ریسـتوران، هوتێـل و هەلـی کـار بـۆ هـاووڵاتی ئـێمە دەرەخسێتن و بەم شێوازەیە کە داهاتی هەرێمی کوردستان زیاد دەبێـت، ئەمە بە مانـای ئەوە نیـیە کە ئەتۆ لە بـاج و رسـوومات خـۆش ببـی، هـیچ داهـاتەك بـۆ هەرێمـی کوردسـتان نـاگەڕێتەوە، ئەگەر هەر گەشتیارەك بە تاکەك (٥٠٠) دۆلار یان (١٠٠٠) دۆلار لە هەرێمی کوردستان سـەرف بـکەت، ئەمەیە داهـاتی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بەڕێز وەزیری شارەوانی قسـەتان هەیە؟ یـان داوا لە لیـژنە بکەیـن روون کـردنەوە بدات ئەم کۆمپانیایە چییە؟.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی /وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لەو روونکردنەوەی کە لە بۆ لێژنەی بەڕێزمان نووسیوە و نووسیتمان ئەو ماددەیە لەلامـان روون نیـیە، بەڵام وەکـۆ تێگەیشـتینە ئەگەر لە بـۆ چارەسـەر کردنـی بـابەتێکی مـوعەلەقە کە چارەسەری ئەو بابەتە دەکات و ڕێگا بە کەرتـی گەشـتوگوزاری دەدات لەو نـاحییەیەوە تەهیـدی دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە کۆمپانیایەکی تێکەڵە موساهەمەیە، هەندێك موڵکی هەیە ئەو بەشـەکە بەشـەکەی قتاعی عـامە نـاوی وەزارەتـی دارایـی عێـراقەوە هەیە، ئامـانج لەو مـاددە ئەوەیە بخـرێتە سـەر وەزارەتـی گەشـتوگوزار وە لەبـاج و رسـوومات، بەس پرۆسـەی تەحویـل کـردنەکە لە وەزارەتـی دارایـی عێـراقەو بـۆ وەزارەتـی گەشـتوگوزاری لە بـاج و رسـوومات دەبوورێـت کە مەبلەغێکـی ئەوەنـدە زۆر نیـیە، ئەمە بـۆ عـیلاج کردنـی مـوڵکییەتی کۆمپانیـایەکی مـوعەلەقە کە بەشـێکی کەرتی گشتییە و کۆمپانیایەکی موسـاهەمە بـووە لە کـاتی خۆیـدا وجـودی هەبـووە، ئێسـتا ئەو کۆمپانیــایە کــار ناکــات، مــاددەی (٣٠) بەڕێــزان ئەوەش بــۆ وامــان لێکــرد پــێش ئەوەی ئەوە بخۆێندرێتەوە گۆڕینی تۆمارەکە لە باج و تۆمارەکە لە باج و روسومات دەبوورێت،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر لەسەر پێشنیازی دەستە ڕێنمایی پێویست ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار احمد محمود، سیروان فرج محمد، ظاهرمحمد علی، شیرین امین عبدالعزیز، دابان محمد حسین.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەردەکات، نەك لەسەر پێشنیاری داواکاری، یاخود لەسەر پێشنیاری دەستە وەزیر ڕاستەوخۆ ڕێنماییەکان دەربکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) کە نووسراوە وەزیر لەسەر پێشنیازی دەستە، یەعنی ئەی ئەگەر وەزیر جەنابیان خۆی پێشنیازێکی هەبوو ئەبێت بچێت لە ژێرەوە بۆیان بنووسێت بڵێت ئەوە بۆم پێشنیاز کەن، کەواتە هەم پێشنیازی خۆی ئینجا بە ڕاوێژ لە گەڵ دەستەیە، یەعنی ئەوە دەسەڵاتەکە شەفاف ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دەستە خۆی بەشێکە لە ئەنجومەنی وەزارەت و هیچ ڕێنماییەك بە بێ تێپەڕبوونی ئەنجومەنی وەزارەت ناڕوات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٠) لە یاساکەدا لە ماددەی (٥ و ٨) هەمان بابڵێین تەعبیر هاتووتەوە، بۆیە هەست ئەکەین لە (٣) ماددەداو هەمان شێوازی تەعبیر بێتەوە، بە زیادە ئەژمار ئەکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆ چوونم هەیە، پێویست ناکات بنووسێت لەسەر پێشنیازی وەزیر، چونکە ئەوە تەحصیل حاصلە وەزیر خۆی ئەبێ ڕێنمایی ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە كۆتایی ئەم پرۆژە یاسایە رەسم و خزمەتگوزارییەكانە .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتان نە گەیشتوونە ئەو موناقەشەیە .

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـا بەسـەر ئەو مـاددەیە تێـنەپەرین ئەگەر پەیوەنـدی نەبـۆ بەسـەرچاو هەیە، چـونكە لە یاسـای شارەوانییەكان ئیستغلالی ئەو ماددەیە كراوە، شتی تری پێكراوە، ئەگەر رەسم و خەدمی گوزارییەكان لە ئێستاوە كۆمپانیا كۆی ئەكاتەوە وە ئەدرێ بە كۆمپانیـا، بـا لە یاسـاكە ئامـاژەی پـێ بكەیـن، یـان ئەو ماددەیە ئاماژەی پێ بكەین وەكو چۆن رەسمی وەرگرتنی خۆڵ و خاشاك درا بە كۆمپانیا، بۆ نموونە ئاو درا بە كۆمپانیا لەم ماددە ئیستفادە كراوە كە ئەڵێ بـۆ نمـوونە رێنمـایی پێویسـت ئاسـان بـۆ جێبەجـێ كردنی ئەم یاسایە دەر ئەكات، ئەگەر وەرگرتنی رەسم و خزمەتگوزارییەكان ئەدرێـت بە كۆمپانیـا بـا لە ماددەكە ئاماژە پێبكەین، دوای یەعنی جۆرێك لە مەتاتییە دروست نەبێت و ئـێمەش نەڵـێن نـا یاسـایی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان ماددەی (٣١) بیخوێنەوە بەڕێزان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كەس قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) كار بە هیچ دەق یاساو بڕیارێك ناكرێـت كە لەگەڵ حوكمەكـانی ئەم یاسـایە نـاكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كەس قسەی هەیە بەرێزان؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣٣) ئەم یاسـایە لە رێكەوتـی بڵاوكـردنەوەی لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـائعی هەرێمـی كوردستان جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە؟ هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکـــانی دەرچوواننـــدن: بەر لەبەر چـــاوگرتنی گرنگـــی گەشـــتوگوزار لە فەراهەمکردنـــی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم وە ئەو ڕەهەندانەی لە هەرێم ناساندنی شووناسی شارستانی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و دەسکەوتی تەلارسازی گەلی کوردستان هەیەتی و بۆ جەخت کـردنەوە گرنگی پلان دانـان و کـارکردن لەسـەر پیـادەکردنی سـتراتیژیەتێکی روون و کـارا کردنـی کەرتـی گەشـتوگوزار بـۆ لە بەشـداریکردن لە گەشـە پێـدانی ئـابووری نیشـتمانی دا ئەم یاسـایەدا دەرچووێنرا. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێـزانەی لەسـەر هۆیەکـانی دەرچوواننـدن قسـەیان هەیە، پـێش ئەوەی بگەیـنە خشـتەکە بەڕێزان، سیروان فرج محمـد، مـژدە محمـود محمـد، سـەرچنار احمـد محمـود، مەم برهـان قـانع، حسیبە سعید ابراهیم، سوسن محمد میرخان، نجاة شعبان عبدالله، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە لە هۆیەکـانی دەرچوواننـدن یەعنـی داڕشـتنێکی باشـترو گونجـاو تـری بـۆ بکرێ، چونکە لێرەدا ئاماژەی بەوە دراوە کە لەبەرچاو گرتنی گرنگی گەشـتوگوزار لە فـرە کردنـی سـەرچاوەکان دا لە هەرێـم و ئەو ڕەهەنـدانە لە ناسـاندنی شووناسـی شارسـتانی و کەلتـووری ڕۆشنبیری و دەسکەوتنی تەلارسازی گەلـی کوردسـتان هەیەتـی، بکـرێتە یەعنـی دەسـت کەوتـی یەعنی تەلارسازی بۆ شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان، نەك دەستکەوتی تەلار سازی گەلی کوردستان، یەعنی مەعنایەکی ئەو تۆو نادات، بۆیە پێشنیار دەکەم کە دارشتنێکی باشـترو گونجاوتر بۆی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن تەنها چەند وشەیەکی کەمە، دەتواندرێت بەم شێوەیە پوخت بکـرێتەوە بە لەبەرچاو گرتنی گرنگی گەشتوگوزار لە فرە چەشن کردنـی سـەرچاوەکان داهـات لە هەرێـم و ئەو ڕەهەنـدانە لە ناسـاندنی شووناسـی نیشـتمانی و بەهاکـانی کەلتـووری و ڕۆشـنبیری و دەسکەوتنی تەلارسـازی هەیەتـی وەجەخـت کـردنەوە لە گرنگـی پـلان دانـان و کـارکردن لەسـەر پیـادەکردنی سـتراتیژییەکی روون بـۆ کـاراکردنی کەرتـی گەشـتوگوزارو بەشـداری کردنـی لە گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی ئەم یاسایە دەرچوێندراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك نجاة.

**بەڕێز نجاة شعبان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچووانـدن، ئەگەر ئەم بەرێ خۆبدەینێ رێـزا بەری دوماهیکێ و یـا دوماهیکێ بێژیتن بۆ کارا کردنی کەرتی گەشتوگوزار و بەشداریکردن لە گەشە پێدانی ئـابووری نیشتمان دا ئەم یاسایە دەرچووێندرا، ئەگەر لڤێرە وشا بۆ کارا کردنـی ئـو گەشـە پێـدانی کەرتـی گەشـتوگوزار لڤێـرە گەشـەپێدانی بـکەتە گەشـتی گـوزارو ئـو بەشـداری کـردن لە گەشـە پێـدانی ئـابووری نیشـتمان دا، هەکە هەمـا ئەم لابـدەین وەکـۆ ئوتۆمـاتیکی وەکـۆ مەگـوتی گەشـەپێدانا گەشتوگوزارێ، یەعنی ئوتۆماتکی گەشە پێدانا ئابووری یا نیشتمانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە موداخلەکانی پێشوومە باسم لەوە کرد کە پێویستە مـاددەی (٢) لابرێـت، پاڵپشـت بەوەی هیوادارم لێژنەی یاسـایی بە هەمـاهەنگی لێـژنەی کاروبـاری تایبەتمەنـد کە لێـژنەی شـارەوانییە، بەپێی ماددەی (٩١) بڕگەی (٤) ئەتوانن جێبەجێ بکەن، جا من پێشنیاز ئەکەم کە من وتم ماددەی دوو لابرێـت پێشـنیاز ئەکەم داڕشـتنەوەکە بـۆ هۆیەکـانی دەرچووانـدن جـێگەی مـاددەی دوو ئەگـرێتەوە بەم شـێوەیە لێبکرێـت، ئەگەر پێـان بـاش بـوو لە مـاددەی (٩١) پاڵپشـت بەوە بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو بـیخەنە دەنگـدان، هیـوادارین دەنـگ بێنـێ سـیاغەکەی مـن بەم شـێوەیە پێشنیازی ئەکەم (بە بەرچاو گرتنی گرنگی گەشتوگوزار هەمە چەشنکردنی سەرچاوەکان داهـات لە هەرێم و ڕێکخستنی کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرێم پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری سـەرەڕای ڕێکخستنی هەماهەنگی دووکاری تەواوکاری لە نێوان دامەزراوی حکومی و ناحوکمییە نـاخۆیی و دەرەکییەکان و پەیوەندیدارەکاندا و گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی ئەم یاسایە دەرچوێنـدرا یەعنی ئا بەشێوەیە بێت تەصور ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی هۆکـاری دەرچووانـدن لەگەڵ ئامـانجی یاسـایە یەك شـتە، یەعنـی ئامانجەکـان و کارەکـان ئەکرێـت بکرێـت بە یەك، مـن ئـاوام لێکـردووە ئەو بە لەبەرچـاوگرتنە هەر لابرێـت، بکـرێتە بە مەبەستی ئەم یاسایە ڕێکخستن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزارە، بە مەبەسـتی ڕێکخسـتن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ئەو فرە کردنەش بکرێت بە هەمەچەشەنکردن، یەعنی وە هەمە چەشـنکردنی سـەرچاوەکانی داهـات لە هەرێـم ئەو ڕەهەنـدانەی لە نەناسـاندنی شووناسـی کەلتووری و ڕۆشنبیری، تا ئەخیر ڕێك بکرێتەوە و ئەوەی پێشەوە بەو شێوازەی کە وتم دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیە لێبکرێت (بە مەبەستی گرنگی گەشتوگوزار لە هەمە چەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم و وەبەرهێنانی کەرتی گەشتیاری ئەو ڕەهەندانەی ناساندنی شووناسی شارستانی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و ئاینیشی) بۆی زیاد بکرێت، دەستکەوتی تەلارسازیش شوێنەوارە مێژووییەکان گەلی کوردستانی هەیەتی مای باقی کە ئەوەی ماویشە بۆئەوەی کاتە کە نەبەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن من تێبینییەکم هەیە بە نووسراو هەڵەیەکی چاپە، ئەیدەم بە بەڕێز کاك لقمانی سەرۆکی لیژنەی شارەوانی، پشتگیری تەواوی قسەکانی مەم برهان قانع ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان سەبارەت بە خشتەی ڕەسم و کرێی خزمەتگوزارییەکانی ساڵانە بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان، هەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت قسەی لەسەر بکات ناوەکانتان دەنووسین، زانا خالد سمایل، دابان محمد حسین، باڵانبۆ محمد علی، اسماعیل علی طە، ابوبکر عمر عبدالله، مەم برهان قانع، سەرچنار احمد محمود، هلز احمد محمد، عمر عبدالله فتاح، رزگار محمد محمود، سیروان فرج محمد، سوسن محمد میرخان، شاخوان رؤوف مصطفی .

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیا لەسەر خشتەی ڕەسم و کرێی خزمەتگوزارییەکانی، بایلێین ساڵانە بۆ شوێنە گشتییەکان بابڵێین لە هەرێمی کوردستان یەعنی لێرە لە جۆرەکانی خزمەتگوزاری باسی هوتێلی (٥) ئەستێرە ئەکات، یەعنی بۆ ساڵێك (٤٥٠) یەعنی چوار ملیۆن (٥٠٠) هەزاری دیاری کردووە بۆ مانگێك، بۆ ساڵێك چوار ملیۆن و (٥٠٠) هەزار، بۆ هەر مانگێك (٣٧٥) هەزارە یەعنی تەقریبەن ئەمە ئەکات ڕۆژی (١٢) هەزارو (٥٠٠) دینار، بۆ نموونە بۆ یەك ڕۆژ بۆ هوتێلێکی (٥) ئەستێرە، لەبەر ئەوە هەم بۆ یەعنی (٥) ئەستێرەکە بۆ ئەم مەبلەغە زۆر کەمە، هەم بۆ (٤) ئەستێرەکەش تەقریبەن ڕۆژێ (١٢) هەزارو (٥٠٠) دینار ئەکات، بۆ (٥) ئەستێرەکە بۆ (٤) ئەستێرە (٧) هەزارو (٥٠٠) دینار ئەکات وە بۆ (٣) ئەستێرەکەش تەقریبەن ئەکاتە، یەعنی ڕۆژی مانگی (٥٦) هەزار شتێکی ئەوا تەقریبەن بۆ هەرسێ پوینکە (٣/٤/٥) هەرسێ ئەستێرەکە، بەڕاستی ئەمە مەبلەغێکی کەمە دیاری کراوە لە هەندێ شوێن لە (٥) ئەستێرەکان تەنها یەك ژوور بە (٢٠٠$) بۆ

شەو رۆژێـك، بەڵام ئەم هـاتووە لێـرە بـۆ یەك مانـگ (٤) ملیـۆن و (٥٠٠) هەزار دیـاری کـردووە کە مانگی (٣٧٥) هەزارە کە رۆژی (١٢) هەزارو (٥٠٠) دینارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خشتەکاندا هاتییە بەتایبەت لە بـڕگەی (٨١/٨٢) وە لە هەنـدێك لە بڕگەکـانی دیـکەش، بـاس لە رسووماتی شوێنی مەی فرۆشتن دەکات، هەم شوێنی مەی فرۆشتن، هەم بـۆ دەرهێنـانی یەکەم جـار مـوڵەتەکەی و هەم بـۆ نـوێ کـردنەوەی مـۆڵەتی سـاڵانەی وە هەنـدێ شـوێنی دیـکەش ریسـتۆرانت و باڕەکـان و یـان شـوێنی مەسـاجە، ئەم بابەتـانەیە ئـێمە پێمـان وایە کە چەنـدین رسووماتی ئەم شوێنانە زیاتربێت باشترە، بۆیە هەر هـیچ نەبێـت تەشـجیعی خەڵـك نەکـرێ ئەم شـوێنانە بکـرێتەوە کە دوورن لە ئـادابی گشـتی و کۆمەڵگـای کوردسـتان وەکـاتی خـۆی ئـێمە موناقشەمان لەسەر یاسای ماددە هۆشبەرەکان دەکرد، هەموو بەڕێـزان بە بیریـانە کە هەوڵمانـدا توندترین سزا دابنێن لەسەر بازرگانی کردن لەسەر مادە هۆشبەرەکان، پێمـان وایە ئەم بـابەتەش چی کەمتر نییە لە مادە هۆشبەرەکان کە بەرێ لابردنـی کۆمەڵگـای کوردسـتان و گەنـج و لاوانـی ئێمەیە، بۆیە بتوانین رسووماتەکان زیاد بکرێت لەم خاڵەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـرای پشـتگیریم لە قسـەکانی کـاك زانـا و هەروەهـا منـیش پـێم وایە لە راسـتیدا سـەبارەت بە هۆتێلی گەشتیاری (٥) ئەستێرەو (٤) ئەستێرە، یەعنی مەبلەغەکە زۆر جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوە دەتـوانن لێکـی نزیـك کەنەوە هـۆتێلی (٤) ئەسـتێرەو (٥) ئەسـتێرە توزێـك، یەعنـی بـاجی رسووماتەکان لێك نزیك بێت و باشترە، چونکە جیاوازییەکی زۆری هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر دەمێکە نزیکەی سـێ چـوار مـانگە موناقشـەی ئەم یاسـایە ئەکەیـن، کەچـی (٦/٢٠) ئەم رسـووماتە هـاتووە و یەعنـی زۆر درەنـگ، یەعنـی هەر ئەم شـەویش هـاتووتە نـاو صـندوقی پەرلەمانتارانەوە، ئەمە بۆ یەکەم دواکەوتـووە، دووەم فعلەن ئـێمە لە لێـژنەی شـارەوانی ئێسـتا خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێکین، رسووماتی لە هەندێ هۆتێلی (٤) ئەسـتێرەو (٥) ئەسـتێرەکان زۆرە، یەعنی کە هەتا هەندێکیان بەتەمان ئەستێرەکان کەم کەنەوە، سێیەم پشتگیری ئەو قسەی کاك زانا ئەکەم هەموو ئەو شوێنانەی کە مەساج و باڕو ئەمانەنن خەریکە کۆمەڵگای کوردسـتانی ئەبێتە کافتریاو مەساج و بار کە لە هەموو دونیایە مەشروب و جگەرە گومرگی لەسەر زۆرە، بـۆ

ئەوەی کەم بێتە ناو وڵاتەوە زیان نەگەیێنێ، بۆیە من رسووماتی ئەوانە زیاد بکرێت و رەچاوی باری کۆمەڵایەتی و بەهای کۆمەڵگەی کوردەواری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با گوێ لە یەکتری بگرین.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خشتەی رەسم و کرێ خزمەتگوزارییەکان لە دونیایە ئەو شتانەی زەرەر بە میللەت ئەگەیێنێت نابێت بێتە ناو وڵاتەکەوە، یان کە باجێکی ئەخەنە سەر، بۆ نموونە لە وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ نموونە لە ئەڵمانیا کە بەنزین تێ ئەکەی نووسراوە ئەم پارەی کە تۆ ئەدەی وەکو (٥٠) سەنتە یۆرو نووسراوە (٨٦) سەنتی زەریبەیە، یان جگەرە یان شتی تر، جا لەبەر ئەوە هیچ مانای تێدا نییە باڵانسی سینەما ئێمە وامان لێهاتووە خەڵك ناچێت فلیم ببینێت، بۆ ئەوەی گەشەی ئەقلی بێ، سینەما باج و رسووماتێکی زۆری بیخەیتە سەر، بەڵام کە شوێنیك قومارخانە بێت باجەکەی بە (١) ساعەت دەری ئەهێنیت، ئەبێ ئەو زیاد بکرێ، مەسەلەن سینەما و شانۆ شوێنی گەشتیاری ئەگەر ئێمە بمانەوێت گەشتیاری پەرە پێ بدەین لە شوێنیکی دیکە کۆشکی گەشتیاری، کۆشکی گەشتیاری ئەگەر باجەکەی زۆربێت ئێ خۆ باجەکەی نایدات، لە کرێچییەکانی وەرئەگرێت لەو گەشتیارانەی وەرئەگرێت کە هاتا شوێنێك، ئەگەر باجەکەی ملیۆنێك بێت ئەو ئەیخاتە سەر خەڵکەکە، هەتا حکومەت باج زیاتر ئەخاتە سەر فرۆشیارو وەبەرهێنەرو کاڵا هێنەر ئەویش خۆ لە گیرفانی خۆی ناداتێ ئەیخاتە سەر نرخی کڕین و فرۆشتنەك،ە لەبەر ئەوە من ئەڵێم، تکایە با کاتێکی ترمان بدەنێ کە موناقشەی ئەوەی کە زیاتر هینی بکەین، یان با ئەو دادپەروەرییەی تێدابێت، خاڵیکی تر کە زۆر گرنگە کە ئێمە باسی پارە ئەکەین وڵاتی عێراق بەتایبەتی کوردستان ستایبل نییە لە پارەیە، رەنگە ئەم پارەی ئێمە هەر بە دینار نەمێنێت ببێت بە شتێکی تر، یان دابەزین و سەرکەوتنی تێدایە، هەڵبەت ئەبێ باڵانسی راگیرێت کاتی گۆڕینی ان شاءالله ئاستی ئابووریمان باش ئەبێتەوە، ئەمە دەستکاری بکرێت خوانەخواستە ئەگەر شتێك بۆ ئەبێتە خوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە رەسمەکان، هۆکار چییە یەعنی گرنگی یەکی وا بە ئیدارە سەربەخۆییەکان لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە نەدراوە، کە هەوڵ بدەن هەلی کاری زیاتر لەو شوێنانە دەستەبەر بکرێت وە هەوڵ بدرێت ئەو شوێنانە بە شێوەیەکی باش یەعنی پەرەی پێبدرێ، هەوڵی ئەوی تیا نەدراوە کە بڵێین ئەمانە زیاتر رسووماتەکەیان بۆ بڵێین کەم بکرێتەوە و لە هەمووشی سەیرتر لە هەموویان بەرامبەر پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و دهۆك دانراون، یان شتێك لەوان کەم کراوەتەوە بەس لە رسووماتی تەلەفریکا کە ئەو شوێنە نە گونجاو ترن رسووماتی پارێزگای سلێمانی وهەولێرو دهۆك (٢) ملیۆنن، بەڵام رسووماتی ئیدارە سەربەخۆییەکان پارێزگای هەڵەبجە کراوە بە (٢) ملیۆن و نیو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەی رسووماتەکان (١٠٩) جۆری خزمەتگوزاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من جارێکی تر تەئکید ئەکەمەوە ئەم رسووماتانە کێ پارەکەی وەریئەگرێت، ئایا وەزارەت وەریئەگرێت، ئایا بۆ نموونە لە کاتی معامەلەکردنی ئەو شوێنانەیە کە پارەکەی ئەدرێت بە وەزارەت، ئەگەر ئەمەیە خۆ بۆ نموونە خۆڵ و خاشاك (٦٣) جۆر رسوومات هەیە، ئێستا دراوە بە کۆمپانیا، ئێمە بۆ ئیشەکی نائاسایی نەکەین، ئەگەر کۆمپانیا وەریئەگرێت با لە قانوونەکەیا جیابکەینەوە، ئەگەر نا با ئەوانی تریش هەڵبوەشێتەوە، زۆر زۆر سوپاست ئەکەم ئەگەر وەڵامێك هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەگەڕێمەوە بۆیا ئایا ئێمە ئەمانەوێت داهات زیاد کەین، بە ئارەزووی خۆمان رسوومات و کێ زیاد کەین لەسەر خەڵك، یەعنی ئەڵێ شیرینەمەنی، یەعنی نازانم ئەگەر مەبەستی دوکانی پەقڵاوە و شیرینەمەنییە، نەك شیرینەمەنی مەبەستی لەوەیە من لە شەقڵاوەم گریمان دوکانێکی پەقڵاوەم هەیە، شوێنێکی گەشتیارییە ئێ مەنتق نییە ملیۆنێك و (٥٠٠) هەزار کرێی ئەوە بدرێ، یەعنی ئەمە زۆرە، هەندێ شت هەیە زۆر تێکەڵ و پێکەڵە، من پێشنیاز ئەکەم هەم بۆ وەزارەت هەم بۆ لێژنە پەیوەندیدار هەردوو لێژنە ئەم رسوومات و کرێیانە پێداچوونەوەیەکی وردی تێدا بکەن عەدالەتی تێدا بێت، ئەوەی کە شایەنی ئەوەیە رسووماتەکەی لە حەدێکی مەعقول دابێت و ئەوەی کە شایەنی ئەوەنییە بارگرانی لەسەر دوکان دارو کاسب کارو ئەو شتانە زیاد نەکرێت، ئەگەر تۆ دوکانت لەسەر شیرینەمەنی هاتووە زیادت کرد پەقڵاوە بە گران ئەفرۆشرێ کە بە گرانی فرۆشت، گەشتیاریش زۆر رووی ناکاتە ئەو مەسەلەیە هەرنە یەعنی ئەمە تەحصیل حاصلە ئەم مەسەلە، ئەم نرخانە زۆر لە بەینی دوو کەوانەیە، یەعنی جۆرێك لە ناعەدالەتی و لە هینی تیایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان پشتگیری لە قسەکانی کاك زانا ئەکەم بەراستی خاڵی (٢) پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا ابوبکر، سێیەمیش لەوەی کاك مەم، هەرسێکیان شتی زۆر گرنگیان باس کرد، یەکەمیان پەیوەندیدار بە شتە زیان بەخشەکان ئەوەی کاك زانا بۆ کۆمەڵگا، کاك ابوبکر باسی کرد ئەو شوێنانەی کە باشن و چاکن و ئیشێکی ئاسایی ئەکەن، ئەبێت دانانی نرخەکانی رسوومات بەراستی رەچاوی بەرژەوەندی گشتی کرابێت، یەك، دووەم بەرەچاوی

مانەوەی ئەو شوێنانەی کرابێت وەکو ئۆتێلەکان و چێشتخانەکان (٤) ئەستێرەو (٥) ئەستێرە، بەداخەوە ئێستا بەهۆی خستنەسەر باجێکی نایاسایی لەسەریان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کە باجی فرۆشراوەکانیان بە ڕێژەی لە (١٠٪) ئێستا هۆتێلی (٥) ئەستێرەو (٤) ئەستێرەو خۆیان دێن عەریزە ئەدەن بە بەرێوەبەراتییەکانی گەشتیاری ئەستێرەیەك لێدەکەنەوە بۆ ئەوەی لەو باجە رزگاریان بێت، یا ئەڵێ وابکەین یا ئەبێت شوێنەکانمان دابخەین، بۆیە لێرەش ئەو رسووماتانەی لەسەریان دەست نیشان کراوە زۆرە خاڵی سێەمیش ئەوەی کاك مەم شوێنی ئاسایی سادە مەسەلەن بۆ ئەو رسووماتە زۆرەی لەسەربێت بەراستی کە نەتوانێ کەسابەتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

راستی پێتڤیە هەر تشتەکێ بێتە ئەگەرێ هندێ گەنجێت مەو تولازێت مە لاوێت مە هەست بە بەرپرسیارەتیێ نەکەن وە نەبنە هاولاتێت صالح چاك باش ناف میللەتی دا چ، ئەگەر چ سەبەبن پێتڤیە ئە موان ئەگەرا ئەم وان سەبەبا داێخین و رێکێ نەدەینێ ڤەکولەرێت جاڤاکی و دەمێ سەر جەریمێ تاخڤن پارا پترێ بێژن ئەگەرێ ڤێ جەریمێ تاوانە ناڤ گەنجا چێ بوویی هندە تشتن ژ وانا ئەڤ یانە ێت شەڤێنە نادێت شەڤێنە ئو رێکێت مەساجێنە ئۆ ئەڤ جهێت مەیی خارنێنە ڤەکری ڤی شکلی یان نەئەز گەل هندێ مە کۆ باجاوانا بێتە کێم کرن، ئەزی گەل هندێ مە باجاوانا بێتە زێدەکرن مۆلەت بۆ نەهێتە دان هەر مۆلەت دانا یا ڤان جها بیتە ئەگەرێ هندێ یە ئەم گەنجێت خۆ تولازێتی خۆ ژمارەیا کۆ رێژەیەکا گەلەکا زۆرا مەزن ژ دەست بدەین و بەرەف نەباشیێ و خرابی یێ ڤە بچن نەکۆ ئەم بێن بێژین بەس (اضعف الایمان) ئیمان ئەڤەیە، ئەز پشتگیریا دکتۆر زانا دکەم و ئو ئەوانێت گوتی رسوومات ئەگەر هەر نەبیت کۆ نەهێنە قەدەغە کرن تەمامەن ئو مۆڵەت بۆ نەهێتە مەنعە کرن باجاو غراما شکلەکێ وەسابیت ئەم گەنجێت و عەلەل ئەقل ئاستەکرن بۆ وان جها زۆر زۆر زێدە کێم بکەین، بەڵێ گەڵ هندێژی ئەز دێ بێژم ئەز گەڵ نەداما ڤان مۆلەتا ڤان جهامە چونکی خرابیا وێ پترەژ باشیاوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا من وەك نوقتە نیزامێك ئەم خشتەیە بەدەست لێژنەی یاسایی نەگەشت، بۆ لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتە، یەعنی ئەمە پێویستی بەوە بۆ کە زیاتری ئێمە کە ئەڵێن رسوومات بە پێی یاسا دەرچێ، ئەمە لە دەستوورا هاتووە، پێویستی بە دیراسەتی زیاتر هەبوو، یەعنی ناکرێ هەر ئەمرۆ بە دەست ئەندامان گەشتوەو ئەمرۆش تێبینی، یەعنی تێبینی چۆن بدەین لەسەر هەموو بڕگەیە کەلەم خشتەیە هەیە، ئەمە تێبینیەك کە وەکۆ نوقتە نیزام کە

بەعام لەسەر کۆی خشتەکە ئەمن تێبینیم ئەوەیە، هیوادارم رەچاوی بەرژەوەندی هاوڵاتیان بکرێت، یەعنی ئێمە وا نەزانین کە لە ماددەی (١) بڕگەی (١٢) هاتووە باس لە پێناسەی گەشتیار ئەکات، گەشتیار هاونیشتیمانیش و بیانیش ئەگرێتەوە وەهیچ پێوەرێکی دیاری نەکردووە وەکۆ پێوەرە، جیهانیەکان کە ماوەی گەشتەکە دیاری ئەکات لە کەیەوە بۆ کەیە لە چەند کێلۆ مەتر ببڕێت بە گەشتیاردا دیاری ئەکرێت، ئەمانەی تێدانیە یەعنی کەواتە هاونیشتمانیش ئەگرێتەوە، هیوادارم یەعنی بەدواداچوون هەبێت دوای لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە کە زیاد کردنی ئەم رسووماتانە نەبێتە بارگرانی لەسەر هاونیشتمانیان، چونکە ئەگەر هۆتێلێکی (٥) ئەستێرە بەهۆی ئەوەیەوە کە (٥) ئەستێرەیە رسووماتی زۆر لەسەرە بێت ئەمە بارگرانییەکی لەسەر هاووڵاتییان دروست کات، هیوادارم موتابعەی بەدوابێت لەلایەن وەزارەتەوەو، زۆر سەپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕایی مامۆستا ابوبکرو رۆژان خانیشم، ئەو لیستەیە ئێمە وەکۆ لێژنەش لە ئامادەکردنی راپۆرت دا ئێمە نەمان بینیوە، بۆیە پێویستە دەرفەت بدرێت لە کاتی ئامادە کردنی راپۆرتی هاوبەش پێداچوونەوە لەسەر نرخەکاندا بکرێت، بەلایەنی کەم کە دەڵێن هۆتێلی (٥) ئەستێرە نرخێکی بۆی داناوە دەڵێن ریستورانتی (٥) ئەستێرەش نرخێکی تری بۆ دانراوە، چونکە مەرجە هۆتێلی (٥) ئەستێرە خۆی ریستۆرانتی دەبێت یان لە گوندی گەشتیاری (٥) ئەستیرە نرخی ملیۆنێك و (٨٠٠) ی داناوە، هوتێلی دەرەوەش (٥) ئەستێرەش (٢) ملیۆنی داناوە، ئێ گوندی گەشتیاری خۆی (٥) ئەستێرەیە ریستۆرانتی تێدا دەبێت، بۆیە پێداچوونەوەی ووردی پێدا بکرێ لە هەردوو لێژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو پرسیارێت هەی ژ لێژنێت مەعنی، ئەگەر مەجال هەبیتن ئایا ئەڤ خشتێ هەنێ دەمێ نڤیسنا راپۆرتێ گەهشت بۆ هەوە؟ چونکە دیارە راپۆرتێ لی (٢٠) هەیڤێ یاهاتیە نڤسین هەمان رۆژدا خشتەیا هاتی، ئایا هەوە مناقشاوێ کریە یانە ئان کۆ شنیاکا گەل هۆلا پەرلەمانی هەوەژی دیتیە ئەڤ پێشنیازە یاسا یا پەرلەمانی یە لێژنێ یە عەجەب نەت شیان هنگ خۆپ خۆپ خشتەی دانێن، یەعنی بۆچی دێ حکومەت بۆمە خشتەی دانێتن مەعلم پێشنیازا یاسایا پەرلەمانی خۆپ خۆپ یە ڤێرێدا دووسێ جارەکا جەنابێ وەزیری سناك یا هاتی من ببورن، یەعنی هندەك موستەلەحا دەڤ مە خوپ غەریبن، یەعنی مەعنا وێ چیە چەندین جارادا یا هاتی (٨٠/٧٩/٧٨/٧٧/٧٦) سناك چیە، یەعنی تێنەگەهشتم بزەبت کانێ ئەڤە مەوزووعێ وێ چیە، تێبینەکادی تر من یاهەی ڤێرێ ئەگەر ئەم بەرێ خۆپ دەینە فرۆشگا مەهی فرۆشتنێ (٣) مليون و (٥٠٠) ئەگەر ئەم بەرێ خوبدەینە ساردەمەنی یەك دوو ملیونن ئایاە کەنگی مەهی ڤەخارن باجا

وێ تەقریبەن یا هندێ بیتن یەك بۆ دووكانەكێ یان بێژین كارگەهەكا ساردەمەنی یێ چێكەتن، ئەز گەل هەمی راوبۆچوونێت دكتۆر اسماعیل سگێریمە نەك تنێ باجە سەرڤانە بهێتە گرانكرنێ، بەلكۆ مولەتژێ بۆ ڤانە نەهێتە دانێ، چونكە ئەگەر تە مۆلەت داڤی كۆژمێ هەنێ احتیمالە كوردستان وەلێ بێتن زۆر بەی هەرە زۆرا كوردستانێ ببنە یانا شەڤا ببنە مەهێ خانە، چونكێ دڤێرێدا دەلیڤا كاری دێ هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم خشتەیە كە بۆ بە پاشكۆێك لە یاساكە یاساكە، پێشنیازی لیژنەی شارەوانییەو خشتەكەش بە دوو رۆژ بەرۆژێ بەرلەمە لە وەزارەتەوە بەپەلە دەهێنرێت و رەبت دەكرێ بەمەوە، هەرخۆی جێی پرسیارە، دووەم ئەم بابەتانەی (١٠٩)بابەت هاتووە، ئەمانە پڕۆژەی گەشتیارین، یانەی شەوانەو مەساج و مەی خواردنەوە، ئەمانە شەرعیەت دانە بەم مەوزووعانە، لە كاتێكدا كە موجتەمەع خەریكە هەڵدەوەشێتەوە، بێن باسی بكەین بە (٢) ملیۆن بێت، یەعنی ئەوە هانی خەڵكی ئەدەی لە برِی ئەوەی دابخرێت و حكومەت ئیش بكات لەسەری وە ئەخلاقی كۆمەلگا بگەرێتەوە ئەیاد بە (٢) ملیۆن باج، یەعنی ئەوە (٢) ملیۆن باج برِۆ بۆخۆت یانەیەكی شەوانە دابنێ و نازانم چی بكە، كە ئەمە تەئسیراتی زۆر سلبی ئەبێت وەكو وتم شەرعییەت دان لە حاڵەتێكی تریش ئێمە خۆمان یاسایی باج و رسووماتمان هەیە وە پێویست ناكات ئەم وردەكاری و ئەم تەفاسیلە بێت تیایە و وەهەندێ جاریش بار گرانی دروست دەكات، من سەیری ئەم پڕۆژە خزمەتگوزاریانەم كردووە بۆ نموونە دووكانی ساردەمەنی لە ساڵێكا (٢) ملیۆن بێ باجی رسوومات بدات بە حكومەت، ئەی چی بۆی ئەمێنێتەوە، خۆخۆی هەر لەو ئەچێت زەرەریش بێت، بۆبە بەها بابەتەكانی تریش لەبەر ئەوە پێم باشە هەر رەفز كرێتەوە، من لەگەل ئەوەم وەكۆ مامۆستا اسماعیل سگێری ئاماژەی پێكرد منیش هاورام لەگەڵ ئەوەی كە رەفس كرێتەوە وە بۆ باج و رسووماتی ئەو بابەتانەی كە شەرعیە وە كە لەگەل ئەداب و نەریتی كۆمەڵگاو موخالەفەی ئادابی عامە نییە بگەرێنەوە بۆ یاسایی بەركارو وەكۆتایی بەم بابەتە بێنین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

بناڤێ خودایێ مەزن و دلوڤان، بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی ڤێت چشتەكی بیرا پەرلەمان تارێت بەرێز بینم كۆ وەختێ مە ڤێ میمبەرێ سیندخاری كەسیش مە سویند نەخارینە كۆ ئەم نوێنەراتیا پێك هاتەكا دەست نیشان كری، یاڤی وڵاتی یان باژێرەكی یان گوندەكی یان عەشیرەتەكی مە سیندا خاری ئەم ڤێ نوێنەراتیا هەمی خەڵكی كوردستانێ بكەین، خەلكێ كوردستانێژی هاولاتێت ڤێ هەرێمێ موسلمانن و غەیرە موسلمانن كوردن، عەرەبن، توركمانن،

هەمینە ئەڤ رەعێت كۆ ئەز پەرلەمانی بینم داسەپاندنەك، یان بۆ چـوونەك كـریە سـەر ئازادیـا خەلكێ دیتریژی راستیژی ئەڤە دەڤ من خۆژی مەترسیە كـۆ تڤێـت هـزر بـكەن ئێـدی مسـتەق بەلی ئازادیا تاك ڤی ولاتـی كەڤیـتە ژێـر مەترسـیدا، ئەڤ یاسـایە وەختـێ ئەم دەردكەیـن ئەڤە حكمێ ڤێ یاسایێ سەر هەمی خەلكێ هەرێما كوردسـتانێ جێبەجـێ بیـت، بەس ئەڤ خەلـكە هەمی وەكی من هزار ناكەت ئەڤ خەڵكە هەمی موسـلمان نیـنە، ئەڤ خەلـكە هەمـی مسـیحی ژی نینە، ئەڤ یاسایە سەر موتەدەهینەكێ تێتە سەپاندن، كا چـاوا سـەر مەشـرۆب خـۆرەكیژی تێـتە سـەپاندن وەختـێ ئەم بەعسـی بـابەتێ گەشـتیاریژیت كەیـن مـن ڤێـت ئـاخفتنەكێ زۆر سادەیی بێژم راستیژی گەشتوزارێ ئەڤـرۆكەژی هەمـوو دونیـایێ رەگەزێـت خۆێـت تایبەتێـت هەی تۆ نەشێی گەشتیاری جەهەكێ پێش بێخی تونەشێی جهەكی گەشتیاری ئاڤاماست پێش بێخی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی یەك ئەندام پەرلەمانی هێنابا رام ئەگرت، قەی چـی ئەكـات ئێـوە هەمووتـان رەئـی خۆتـان وتووە، با ئەویش رەئـی خـۆی بلێـ بەڕێـزان موناقشـەكردنی بـابەتی، كـاك اسـماعیل كـاك دكتـۆر جەنابت بە ئازادی قسەت كرد، قەی چی ئەكات خەڵكی تریش بە ئازادی قسـەبكا، ئەگەر نـاوی یە كەس لە ئێوە بێنن من رێگەی پێنـادەم، بەڕێـزان بەم شـێوە كۆتـایی بە دانیشـتنەكامان ئەهێنـین سبەی ساعەت (١٠) جەلەسەیە.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منی نبی قهوچی |
|---|---|---|
| سەرۆكی پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سكرتێری پەرلەمانی |
| كوردستان - عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی
پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢\٦\٢٣
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)
## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٣

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٣) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و تەواو نەکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون لە وادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیاندا بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموار کردنی یاسای فیدراڵی و واژووی ئەلکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی وەرزی بەهارە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین سەرەتاش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادە نەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی

ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٣) بەم شێوەیە بێت:
یەکەم: خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی پرۆژەکانی رێگاوبان و تەواو نەکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون لە وادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیاندا بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموار کردنی یاسای فیدراڵی و واژووی ئەلکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی:
بەپێی حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٢٠٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٢) بەم شێوەی خوارەوە بوو:
یەکەم/ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم/ دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم/ ئاڵوگۆڕ کردنی بڕگەی یەکەم و شەشەمی بەرنامەی کار بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان.
پێنجەم/ پەسندکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان (کاروان عبدالرحمن عبدالله) لە ئەندامەتی لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی و (سروان محمد علی) لە ئەندامەتی لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵای پەرلەمانی کوردستان.
شەشەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بە دەنگی (٥٢) ئەندامی پەرلەمان سیفەتی بە پەلەی پێدرا.
١- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).
٢- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧).
حەوتەم/ دەنگدان لە سەر ئەو پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:
١- پێشنیازە یاسای هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).
٢- پرۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
٣- پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کورستان.

٤- پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە ناوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.

هەشتەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

نۆیەم/ دواخستنی بڕگەی پێنجەم و شەشەمی بەرنامەی کار.

دەیەم/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیستی ئامادە بوو و ئامادە نەبووانی ئەندامان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی لە (٢٠٢٢/٦/٢٢) بەیانی و ئێوارە هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان مۆڵەتیان پێدراوە (احسان محمد سليم، جنان جبار بۆیا، راهی رهبر ابراهیم، صباح محمود محمد، عثمان علی سمایل، هەورامان حمه شریف، یاسین خضر طه، کاظم فاروق نامق) بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادە نەبوون، لیستی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٢/٦/٢٢) ئێوارە (ارشد حسێن محمد مۆڵەت، دیاری انور حمه رحیم مۆڵەت، سروان محمد علی مۆڵەت، سلام عبدالله حسن ئامادە نەبوو، سەرکۆ ازاد حسێن ئامادە نەبوو، محسن حسێن مصطفی مۆڵەت، هاوڕێ بناء محمد ئامادەنەبوو، هەڵکەوت انور خلیفه مۆڵەت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی لە لیژنەی وزە و تەندروستی و شەهیدان بوون بیانکوژێننەوە لە دانیشتنی ئێوارە.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەر چاو ئاگاداری کاروباری پەرلەمان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من باس لەم پەیڕەوە دەکەم بە نوقتەی نیزامی و بە پێی ماددەی (٥٤)یش حەز دەکەم هەندێك شت هەیە لێرە پەیڕەوییە قسەی لەسەر بکەین ڕۆژانە لەم پەرلەمانە موشکیلەمان هەیە لەسەر پرۆژە یاسا قسە بکەین و لەسەر بابەتی گشتی قسە بکەین قسە کردن لەسەر ئەوەیە ئایا دەقەیەك بەش دەکات یا بەش ناکات حەز دەکەم پەیڕەوییەن جەنابت وەك قانوونی و سەرۆکی پەرلەمان تەرکیز بکەی لە سەر ئەو ماددەی پەیڕەوییانەی کە قسە لەسەریان دەکەم یەکەم لە ماددەی (٦٦) بڕگەی چوار و پێنج خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ زەحمەت نەبێ لە کوێ باسی دوو خولەك کراوە؟ لە کوێ باسی ئەوە کراوە کە ئەندامی پەرلەمان تەنها دەتوانێت دوو خولەك قسە بکات کاتێك کە بابەتێکی گشتی دەخرێتە گفتوگۆ کردن ئەم کات دیاری کردنەی ئێوە بەرمەبنای چ ماددەیەکە ئەگەر پێمان بڵێن سوپاستان دەکەین ماددەی (٦٧) بڕگەی سێ ئاراستە کردنی راپۆرت بۆ لیژنەکان هەرچەندە من لە لیژنەیەکم سەرجەمی راپۆرتەکانمان نوسیوە، بەڵام لە بڕگەیەك باس لەوە دەکات کە بڕگەی سێیەمە دەڵێت دەکرێت راپۆرتەکان ئاراستەی لیژنەکان بکرێن ئەو یادداشتانەی کە تەقدیم دەکرێن بە چ پێوەرێك وە بە کام ماددەی پەیڕەوی ئێوە داوا دەکەن ئەگەر راپۆرت ئامادە نەبێت

دانیشتنەکەی پەرلەمان لەسەر یادداشتەکان ناکەن جوابی ئەوەشمان بدەنەوە سوپاستان دەکەین سێیەمینیان کاتێك کە باس لە قسەکردن لە ناو قاعەی پەرلەمان دەکەین گفتوگۆکردن ئێمە ماددەی (٥٤)مان هەیە کە لە بڕگەی چوارەم سێ خولەك کاتی پێداوین قسە بکەین ئەسڵەن نوقتەی نیزامی بۆ شتێکە کە تۆ ماددەیەکی پەیڕەوی لە ناو قاعەی پەرلەمان لە بەرنامی کاردا یاخود شتێکی زۆر هاکەزایی لە ناو قاعەی پەرلەمان روو دەدات بۆ ئەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقەکەت تەواو، ماددەی (٥٤) بەکەم ئەوە بۆ عامە بۆ شتێکی عامە بۆ ئەوە نییە لە سێ خولەك زیاتر بدوێ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی قانون و موناقەشەی قانونەوە هەیە دوو خولەکە نوقتەی نیزامیش یەك خولەکە لە سێ زیاتر نەبێت دەتوانین دوو دانێین، لەبەر ئەوەی ژمارەکە زۆرە، بەڵێ شیرین خان فەرمووو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئەندامانی ئامادەبوو یاخود ئامادەنەبوو بەداخەوە ئەندامی وا دەبینین لەم پەرلەمانە تا ئێستا زیاتر لە مانگێکە حزووری نەبووە لەناو قاعەی پەرلەمان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە ناوەکەی ناکرێت نە بە مۆڵەت نە بە بێ مۆڵەت، بۆیە داوای روونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو کێ؟

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆتان دەتوانن بەدواداچوون بکەن دەزانن کێیە.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو خشتەی کە لەلایەن کاروباری پەرلەمان بۆمان ئامادە دەکرێت هەموو ناوەکان ئەوەی کە ئامادە دەبێت بە ئامادەبوو بۆی هەژمار دەکرێت ئەوەشی کە ئامادە نەبووە و مۆڵەتیان پێدراوە هیچ شتێکی وا نەبووە و ئەسڵ و ئەساسی نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدواداچوون دەکەم شیرین خان، (کاك کاوە، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، کاك سیروان، مژدە خان، سەرچنار خان، دکتۆرە شایان، هلز خان، کاك جلال، مامۆستا ابوبکر) ئەو ناوانەی خوێندمەوە کێی تێدا نەبوو؟ کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە لە مانگی یەك زیاتر لە پێنج مانگە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێی ماددەی (٥٨) پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی کردووە سەبارەت بە داهاتی

ناوخۆ و داهاتی گومرگەکان تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە هۆکار چییە و بۆچی تا ئێستا وەزارەتی دارایی وەڵام ناداتەوە حەز دەکەین بەدواداچوونێك بکرێت بەتایبەت لەو پێنج مانگەی رابردوو کێشەی گومرگەکان و مەسەلەی داهاتی ناوخۆ زۆرترین قسەی لە سەر کراوە و زۆرترین ناشەفافیەتی تێدا بووە هەتا لە دوو مانگی رابردوو لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەك کراوە بڕیار دراوە کە بە داهاتی نەوت و بەو دوو سەد ملیارەی بەغدا مووچەی فەرمانبەران بدرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە داهاتی ناوخۆ و گومرگەکان نەکراوە کە لە هەر دوو زۆنەکە ئەوەی کە وا ئیمە دەزانین لە نێوان حزبەکانی دەسەڵات دابەشکراوە و ناگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت هەتا لە ساڵێك و شەش مانگ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر محی الدین فەرموون.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم یەکەم سەبارەت بە مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەم ماوەیە ژمارەیەك لەمامۆستای زانکۆ وفەرمانبەرانم بینیوە بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان بەرەو خانەنشینی دەڕوات لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا پلەکانیان وەستاوە ئەگەر غەدرێك لە فەرمانبەران و مووچەخۆران دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا ئەوانەی خانەنشین دەکرێت پلەکانیان لە شوێنی خۆیانن، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم لەو کاتەی کە فەرمانبەران و مووچەخۆران خانەنشین دەکرێن پلەکانیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی مووچەی بنەڕەتیان بۆ هەموار بکرێتەوە و زەرەرێکی زۆریان پێ نەگات، چونکە دوو جار زوڵم لەو فەرمانبەر و مووچەخۆرانە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا (٥٦) هەر پەرلەمانتارەك حەقێ یەك دەقەیێ هەی خاڵا پەیڕەوی وەرگریت دوهی یا من خاڵا پەیڕەوی بوو ئو جەنابێ تە لیژنا مەعنی راسپارد بەس گەل هندێ دا خاڵا پەیڕەوییا من قەتع کر من بەرێ خۆ دا پرۆتۆکۆڵی سی و نۆ سانیا تە مەجالێ دایە من ئەز باخڤم، ژبەر هندێ ئەز ڤێ داخازێ دکەم ئەگەر خاڵا پەیڕەوی نەبیت هەر دەستپێکێ قەتع بکە ئەگەر خاڵا پەیڕەوی بیت پێلە ئەز دەقا خۆ تەمام بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی (٦٦ و ٥٨) قسە دەکەم ئەوە چەندەم جارە دووبارە دەکەمەوە لە سەر لێبووردنی گشتی نازانم ئایا هیچ هیوایەك هەیە؟ ڕۆژانە پەیوەندیم پێوە دەکەن سجنی هەیە

حوكمەكەی سێ مانگە تەواو بووە، یەعنی هیچ سزای لە سەر نەماوە سێ مـانگە هەر لە شـوێنی خۆیەتی ئایا لێبووردنی گشتی دەدرێت یا نا؟ ئەوی تر سەبارەت بە یاسای ئاسایشی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ ئایا ئەو یاسایە بە کوێ گەیشتووە ئەگەر وەڵام بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بە پێـی مـاددەی (٤٣) بـڕگەی یەك و دوو قسـە دەکەم داوا لە جەنابتـان دەکەم تەبـعەن بە نووسـراویش داوا دەکەم لە مانگەکـانی پێشـوو بەدواداچـوونم کـرد بـۆ کەم ئـاوی شـارۆچکەی چەمچەماڵ حکومەت هەم بڕیاری دەرکرد و هەم بەیاننامەی دەرکرد بۆ دابینکردنی پـارەیەك بـۆ ئاوی چەمچەماڵ هەتا ئێستا ئەوە نەکـراوە ئەوەی بەڵـێن دراوە لێـرەوە داوا لە جەنابـت دەکەم لیژنەیەك پێك بهێنن بۆ بەدواداچـوونی ئەو بـابەتە شـاری چەمچەمـاڵ نە ئـاوی هەیە نە شـوێنی بۆری ئاوی هەیە ئەو پارەیەش ئەگەر تەخسیس کراوە لە لایەن حکومەتەوە کوا و چی لێهـاتووە لە بڕگەی یەکەمیش ساڵ و نیوەك پێش هەر بە هەمـان شـێواز داوام لە بەڕێزتـان کـرد لیـژنەیەك پێك بێنن بۆ سلێمانی کە حاڵەتێـك ڕوویـدابوو جەنابتـان بە سوپاسـەوە لیـژنەی مـافی مـرۆڤ و ناوخۆتان پێکهێنا چەندین پەرلەمانتار هاتنە سلێمانی هیچیان نەکرد...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەیرە ئێمە ڕۆژانە یادداشت دەدینە دەستەی سەرۆکایەتی بـۆ هەموو قەیرانەکـان یادداشـتمان داوە کە بخـرێتە بەرنـامەی کـارەوە بـۆ نمـونە سـەبارەت بە پـلە بەرزکـردنەوە و دەرچـووی دانەمەزراو و گرێبەسـتەکان و وانەبێژەکـان و ئـاو و کارەبـا و ئەو قەیرانانەی کە هەیە دەبینین ڕۆژانە شـارەکانی هەولێـر و چەمچەمـاڵ و دەربەنـدیخان خەریـکە بخنکێن لە بێ ئاویدا و کێشەی ئـاوی پیسـیان هەیە نە پەرلەمـان دەیخـاتە بەرنـامەی کـارەوە نە حکومەتیش چارەسەری دەکات لە کاتێکدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پارێزگارەکـان دەڵـێن هەولێـر و فلانە شوێنمان کردووەبە دەستەخوشکی پاریس، بەڵام ئەگەر یەکێکی نەشارەزا بێـت ببینێـت لە دوای سی ساڵ حکومڕانی کێشـەی بـێ ئـاوی و ئـاوی پیسـمان هەیە ئەوە نەك دەسـتە خوشـکی پاریسە دەیکەن بە دەستە خوشکی سودان، بۆیە پێویستە بە زووترین کـات دانیشـتنکان بـۆ ئەو بابەتانە دەست پێبکرێت هەموو ڕۆژێك لە بەرنـامەی کـاردا شـتێکی وا هەبێـت، وە سـەبارەت بە خانەنشـینی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ دوێنـێ پرسـیارم لـێ کـردی سـەرجەم بـرا ئاسـایش و پێشمەرگەکانمان چاوەڕێی ئەو بابەتەن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو یادداشتمان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە چل و یەك ئیمزا بۆ مامۆستای وانەبێژ وە بە چل و پێنج ئیمزا بۆ فەرمانبەرانی گرێبەست، وە داواکارین ئەو راپۆرتە بە زووترین کات بخرێتە بەرنامەی کار ئێمە داوای دوو وەزیرمان کردووە پێنج دەقە لە پەرلەمانەوە دوورن وەزیری دارایی و وەزیری پەروەردە هۆکار چییە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە ئەوە پەیوەندی بە سی هەزار فەرمانبەر و سی هەزار گرێبەستەوە هەیە داواکارین بە زووترین کات چارەنووسی ئەو یادداشتە دیاری بکەن و بیخەنە بەرنامەی کار، وە خاڵێکی تر ئەو راسپاردانەی کە لیژنەی پەروەردە بە لایەنی پەیوەندیداری داوە بۆ شایستەی وانەبێژان و چەند بابەتێکی تریش لە سەر وانەبێژان تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە بۆ نمونە لە هەڵەبجە شایستەی وانەبێژ سێ مانگ دوای ئەوە وەردەگیرێت وە هاکەزا لە پەروەردەکانی تریش داواکارین ئەم بابەتەش بەدواداچوونێکی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صاڵح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بە پێی ماددەی (٥٢) قسە دەکەم سەرەڕای ئەوەی پشتگیری لە قسەکانی شیرین خان دەکەم داوا دەکەم هەر بە پێی ماددەی (٥٢) بڕگەی دووەم راستاندن بکرێت بۆ پوختەی کۆنووسی دانیشتنەکانی پێشوو، چونکە ئێمە کە لە دواوەین دەبینین چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز ئامادە نابێت و ناویشی ناخوێنرێتەوە ئەگەر بە مۆڵەتە یا بێ مۆڵەت پێویستە راستاندنی بۆ بکرێت، هەروەها بە پێی ماددەی (٢٢)ش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت یاخود لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە روانگەی ماددەی (٥٢) دوێنێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی ئامادە نەبوونی لە لیژنەکانی پەرلەمان کرد حەق نییە تەڕ و وشك بەیەکەوە بسووتێ ئێوە ئەو ناوانە بۆ لە سایتی پەرلەمان بڵاو ناکەنەوە من خۆم سێ وەرزی گرێدانە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی لیژنە و پەرلەمان تەنانەت دوانەکەوتووم لە راستیدا، بۆیە حەقە ئەو ناوانە بڵاو بکەنەوە، چونکە دەبێت هەر کەس هەست بە مەسئولییەت بکات و پەیوەندی بە خۆیەوەیە کە ئامادە بێت یا ئامادە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڵاوی دەکەینەوە بێ گومان، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك كە سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە بەردەم پەرلەمانی كوردستان متمانەیان پێدرا بەڕێز سەرۆكی حكومەت لە كارنامەی هێڵە گشتییەكانی حكومەتدا باس لەوە كرا كار لە سەر ئەوە دەكەن كە بودجە بێت بۆ پەرلەمانی كوردستان بەداخەوە ئەوە سێ ساڵ بەسەر تەمەنی حكومەتی هەرێمی كوردستان تێدەپەڕێت تاكو ئیستا پڕۆژە یاسای بودجە نەهاتۆتە پەرلەمان كە بە راستی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە پلە بەرزكردنەوەی فەرمانبەران راگیراوە و دابەشكردن و سەرف كردنی پارە بووە بە میزاجی شەخسی هەموو بە هەدەردان و گەندەڵییەك لەوەدایە كە یاسای بودجە نییە، وە یەكێك لە كارە ئەساسییەكانی پەرلەمانی كوردستان كە چاودێری كردن و یاسادانان و یاسای بوودجەیە كە یاسای بودجە نییە كە یاسای بودجەش نەبوو بە هەمان شێوە چاودێریكردنەكەش چارەسەر نابێت، بۆیە هۆكارمان پێ بڵێن كە پەرلەمانی كوردستان بۆ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، خالا من یا پەیرەوی ل دور ماددێ (٥٨)یە مخابن من ئەڤ ئاخفتن و داخازییە ژی گەلەك دووبارە كر پرسیارێت مە ئو بەرسڤێت وەزیرا هەر یەك دونیایەكە ئەم دێ تشتەكی بێژینێ ئەو موجەرەد بەس دێبێژیت من وەڵام دایە و دێ تشتەكێ دی بێژیت مە (٢٠٠٢/٤/١٨) پرسیار ئاراستەی وەزیرێ خوێندی باڵا كر بۆ چی هەتا ڤێ گاڤێ بڕیارا ئەنجومەنێ وەزیران یا (٢٠٢١/١١/٢٤) نەهاتییە دان هاریكاریا قوتابیان بهێتە كرن و بەشێت ناڤخۆیی هەتا ڤێ گاڤێ نەهاتییە كرن زانكۆیا دهۆكێ وەك نیشان و وەك دەلیل هەتا ڤێ گاڤێ هاریكاری بۆ سەخبێری نەهاتییە كرن مە پرسیار بۆ هنارد د وەڵامیدا دبێژیت بەلێ بڕیارا دای ل فلان بەرواری حەفت ملیار و دوو سەد و پێنجی ملیۆن یێت هاتیینە تەرخان كرن مە دڤێت بێژین بۆ چی هەتا ڤێ گاڤێ شایستێت قوتابیا نەداینە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دەست بە جێبەجێ كردنی بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار دەكەین كە خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە هۆكاری وەستاندنی پڕۆژەكانی ڕێگاوبان و تەواو نەكردنی یەكەكانی نیشتەجێ بوون لە وادەی یاسایی دیاریكراوی خۆیان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن بە پێی حوكمی بڕگەی یەكەم ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان داوا لە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن دەكەین بێنە شوێنی خۆیان، وە داوا لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان دەكەین بێنە شوێنی خۆیان بەناوی پەرلەمانی كوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە و هاوكاران و شاندی یاوەری دەكەین سەرەتا داوا لە سەرۆكی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان دەكەین راپۆرتی لیژنەكەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەخێـر هـاتنی بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانكردنەوە و سـتافەكەی دەكەین بەخێر بێن بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بابەت راپـۆڕت بە پێـی مـاددەی (٣٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان چەند لیژنەیەكی لاوەكی پێكهێنـرا بە مەبەسـتی سەردانی كردنی پڕۆژەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كـردن لە هەر دوو سـێكتەری رێگاوبان و بیناسازی لە سنووری پارێزگاكانی هەرێم و یەكە ئیدارە سەربەخۆكان، دوای سەردان و بەدواداچوون بۆمـان دەركەوت كە چەنـدین گرفـت هەن بەتـایبەت نەهـاتنی مـاف و شایسـتە داراییەكـان لە بـوودجەی گشـتی عێراقـی فیـدڕاڵ لە سـاڵی (٢٠١٤) تـا ئێسـتا كە بـۆتە هـۆی خـاو بەڕێوەچـوونی پڕۆژەكـان و وەسـتاندنی بەشـێكیان ئـێمە وەكـو لیـژنەی ئـاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان بە ئەركی خۆمان زانی بۆ زیاتر هاتن بە دەم داخوازییەكانی هاوڵاتی و باشتر كردنی پڕۆژەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و لە هەر دوو سێكتەری ناوبراو ئامـاژە بە چەنـد سـەرنج و تێبینییەك بكەین لەگەڵ خستنەڕووی چارەسەرییەكان بۆ رێكخستنەوەی زیاتری كار و پڕۆژەكان و پەرەپێدان بە خزمەتكردنی هاوڵاتیان.

یەكەم/ گرفتەكان

نەبوونی یاسای بوودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

كەمی نەختێنە لە بانكەكان بۆ پڕۆژەكانی نیشتەجێ كردن.

كەمی سلفەی سیانە كە زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوونی پڕۆژەكانی رێگاوبان.

لەناو چوونی زۆربەی مەكائین و ئالییەتی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لە شەڕی نەگریسی داعش.

وەستاندنی پڕۆژەكانی بیناسازی و یەكەكانی نیشـتەجێ بـوونی كەم دەرامەتەكـان كە ژمارەیـان (٧٢) پڕۆژەیە لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانی هەرێمی كوردستان.

دروست نەكردنی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ پڕۆژەكانی رێگاوبان.

هەموار نەكردنـی یاسـای ژمـارە (١٦)ی سـاڵێ (٢٠١١) بـۆ دابـین كردنـی یەكەی نیشـتەجێ كردنـی هاوڵاتیانی كەمدەرامەت.

هەبـوونی كێشـەی زۆر لە پڕۆژەكـانی رێگاوبـان لە هەر چـوار پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆكانی هەرێم كە بە (١٤١) پڕۆژە پۆلێن دەكرێن بەم شێوەی خوارەوە:

(١٩) پڕۆژە لە كار وەستاون.

(٥٠) پڕۆژە بەردەوامن.

ج- (١٠) پڕۆژە هەڵوەشاونەتەوە.

د- (٥٠) پڕۆژە پێوانەی كۆتایی بۆ نەكراوە.

هـ- (١٢) پڕۆژە پاكتاوی دارایی بۆ كراوە.

و- چەندین پڕۆژە رێگاوبانی گرنگ هەن كە بڕیاری لە سەر دراوە، بەڵام پارەی بۆ دابین ناكرێت.

ی- (٢٦,٢) كم تونێل لە پلاندا هن كە زۆر گرنگن بۆ كورت كردنەوەی مەودای شارەكان.

یەكەم/ هەڵسەنگاندن

چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی زۆرورەتێکی حەتمییە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیان بە گەیەشتن بە خۆشگوزەرانی، چونکە مانەوەیان باری حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ قورستر دەکات و دەبێتە کۆسپێکی گەورە بۆ بونیادنانی داهاتوو بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان کە دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لە سەر رێگاوبان و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی و هتد.

دووەم/ پێشنیار و راسپاردەکان

بە زووترین کات پێویستە سندوقی پاڵپشتی دارایی لە پرۆژەکانی رێگاوبان و بیناسازی دروست بکرێت و بە یاسایەك رێك بخرێت کە سەرچاوەی داهاتی سندوقەکە دیاری بکات وەکو داهاتی وێستگەکانی کێش و رسووماتی گومرگی لە خاڵە سنوورییەکان و داهاتی وەزارەتی ناوخۆ لە سێکتەری هاتووچۆ، هەروەها پێویستە لە یاساکەدا رووەکانی خەرجکردنی داهاتی ئەو سندوقە دەستنیشان بکرێت و ئەولەوییەت بدرێت بە پرۆژەکانی رێگاوبان بە تایبەت بەشی چاککردن.

هەموارکردنی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ کردن بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١١) بە مەبەستی درێژکردنەوەی ماوەی پێدانی کرێی مانگانە تا (٣٠) ساڵ یان زیاتر و کەم کردنی بڕەکەی، چونکە ئەو یاسایە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هاوڵاتیان ناگونجێت.

بە هۆی بەردەوامبوونی قەیرانی دارایی و کەمی داهات کە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر هاوڵاتیان.

بە هۆی زۆری خستەڕووی شووقەکانی بازرگانی کە بۆتە مایەی کەم کردنەوەی بەهای یەکەکانی نیشتەجێ بوون بەراورد بە کاتی دروستکردنیان.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە دروستکردن و تەواوکردنی شارێگاکانی نێوان شارەکان و یەکە ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم بە شێوازی راستەوخۆ ئەنجام بدات یان سوود وەرگرتن لە سیستەمی (BOT) یان سیستەمی (PPP).

پەلە کردن لە دروستکردن و چاککردنی رێگاکانی نێوان شار و گوندەکان کە دەبێتە مایەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە هەموو بوارەکان و بە تایبەت ئابووری و کشتوکاڵ و خۆشگوزەرانی و هتد

پەلە بکرێت لە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر کە دەبێتە مایەی بووژاندنەوەی ئابووری و رزگار کردنی رێگاوبانەکان لەو لۆدەی لە سەریانە بە کەم کردنەوەی تێچووی گواستنەوە و دابینکردنی سەلامەتی و پاراستنی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ لەم رووانگەوە پێویستە چەند رونکردنەوەیەك بدرێت ئەو پرۆژەیە لە چ قۆناغێکدایە ئێستا؟ جەدوا و نەخشە رێگای هێڵەکان دیاری بکرێت.

پەلە کردن و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ تەواوکردنی ئەو (٩٤٠٠) یەکە نیشتەجێ بوونەی کە رادەستی خاوەنەکانیان بکرێت ئەمەش بە رێگای پاڵپشتی کردنی بەڵێندەرەکانی پرۆژەکان یان قەرەبوو کردنەوەیان بە پێدانی گوژمەیەك پارە وەکو پێشینە یان بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە رێگای وەبەرهێنەرەکان بەرامبەر بە قەرەبوویەك کە پارچە زەوییەك بێت لە دەرەوە یان لە ناوەوەی پرۆژەکان یان پێدانی بەشێك لە یەکەکان.

کارا کردن و پاڵپشتی سندوقی نیشتەجێ بـوون کە بە پێـی یاسـای ژمـارە (١٦)ی سـاڵی (٢٠١١) لە ماددەی (٤) بڕگەی سێیەم بڕیاری لە سەر دراوە.
تێبینییەکان:
سـەبارەت بە خـاڵی دووەم لە نووسـراوی بەڕێزتـان ژمـارە (ك ٩٤٩) لە (٢٠٢٢/٦/٥) نـاعەدالەتی لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پاش بەدواداچوونەکان دیـار بـوو کە بـابەتەکە تـایبەت بە وەزارەتـی پلانـدانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و لیـژنەی دارایـی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرۆکی لیژنە لە خوێندنەوەی راپۆڕتی لیژنە دەبێت بە دەق پابەند بێت بەوەی کە لە ناو لیژنەکەدا لە سەری رێککەوتووە بەدەر لەوە بۆی نییە هیچ راوبۆچوونێکی خـۆی بڵێـت بەدەر لەوەی ئەو قسـەیەکی هەیە و نەیتوانیـوە قەنـاعەت بە برادەرەکـانی بێنێـت وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە قسە بکات، کاك دیاری ئەوە بۆ پڕۆژە یاسایە کە ئەنـدامانی لیژنەکە بە یەکەوە موناقەشە دەکەن و گفتوگۆ دەکەن ئیمـزای دەکەن ئێـوە کە پرسـیارتان هەیە پرسیارتان لەوان هەیە تۆ ناتوانی نەهێڵی قسە بکات، بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە بزانن کێمان نەنووسیوە (کاك رۆمیۆ، مامۆستا نجاة، کاك مم اسکندر، کاك محسن، لیزا خان، کـاك مەلا ویسـی، کاك هیڤیدار، کاك نزار، کاك بهجت، کاك بهمن، کاك ارشد، کاك جلال، خـدیجە خـان، حسـیبە خـان، کاك چیا، دکتۆر رێبوار، دکتۆر زیدان، کاك شوان، سوسن خان، کاك باپیر، کاك حاجی سفین، ژیـان خان، دکتۆرە گەلاویـژ، کـاك پێشـەوا، گلسـتان بـاقی، گلوسـتان سـعید، مامۆسـتا عبدالسـتار، کـاك جمال، کاك باڵانبۆ، کاك بەڵێن، رۆژان خان، کاك زکری، هەژان خان، بدریە خـان، روپـاك خـان، کـاك جلال، شنۆ خان، کاك عباس، کاك عثمـان سـێدەری، کـاك مەلا ناصـر، کـاك دابـان، کـاك رزگـار، کـاك شاخوان، شیرین امین، دکتۆرە شایان، کاك علی حمە صالح، کاك کاروان، کاك لقمان، کاك شەمۆڵ، کاك سەرکۆ، کاك هێرش، کاك کاوە، کاك دیاری، کاك سیپان، دکتۆر اسـماعیل، مامۆسـتا عمـر، کـاك سیروان، کاك مسـلم، مـژدە خـان، مامۆسـتا ابـوبکر، کـاك مەم، سـەرچنار خـان، هلـز خـان، دکتـۆر شێرکۆ، دکتۆر محی الدین، کاك زیاد) ئێسـتا (٦٧) ئەنـدام نـاوی نووسـیوە یەکـێ دوو دەقە قسـە دەکەن، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن دوای بەخێرهێنــانەوەی جەنــابی وەزیــر و وەفــدە یــاوەرەکەی دەستخۆشــی لە لیــژنەی پەیوەندیدار دەکەم بەداخەوە کە راپۆڕتەکەم خوێندەوە تووشی رەشبینییەکی زۆر بـووم، لەبەر زۆری ئەو هۆکـارانەی کە بـوونەتە هۆکـار لە بەرو پێشخسـتنی رێگاوبـان لە هەرێمـی کوردسـتان دووەم ئەوەی مـن لە بیـرمە هەر لە خـولی دووەمیشـدا بـۆ مەسـەلەی رێگاوبـان و یەکەکـانی نیشتەجێ بوون بە راستی پێموایە بەشێکی زۆر لە قسەکانی مـن کـراون لە خـولی دووەمـدا، وە تەئکیدیش لە سەر قسەی ئەو بەڕێزانەی دوای من قسە دەکەن قسە کراون لە سـەر زۆرورییەتـی بوونی پلانێکی تۆکمە بۆ دەستکردن بە دانانی بناغەیەکی باش بۆ رێگاوبان هەمووماـن دەزانـین رێگاوبــان یەکــێکە لەو نیشــانانەی کە جــوانی ســیمای وڵات بە شــار و بە قەزا و نــاحیە و

گونـدەکانەوە دیـار دەکـات هەر دوێنـێ بـوو ئـێمە پـرۆژە یاسـای گەشـتوگوزار خوێنـدنەوەی دووەممان بۆ کرد یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێـتە هـۆی ئەوەی گشـتوگوزار پـێش بکەوێـت لە وڵاتدا لە مەسەلەی ڕێگاوبان بوو کە کەمیەکی زۆر هەیە لەو مەسەلەیە دەستخۆشـی لە لیـژنەی پەیوەندیـدار دەکەم لە لاپەڕە چـوار لە بـڕگەی (ب) بە هـۆی زۆری خسـتنەڕووی شـووقەکانی بازرگـانی کە بـۆتە مـایەی کەمکـردنەوەی بەهـای یەکەکـانی نیشـتەجێبوون بەراورد بە کـاتی دروستکردنیان یەعنی دەبێت پلانێك هەبێت بۆ ڕێکخستن لە نێوان شووقەی بازرگانی و یەکەی نیشتەجێبوون کە حکومەتی هەرێم دروستی دەکات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بلی دەستخۆشـیێ ل لیژنـا تایبەتمەنـد بـۆ چێکرنـا وێ راپـۆرتێ بخێرهاتنـا جەنـابێ وەزیـری و شاندێ گەلدا دکەین پرسیارا من بۆ جەنابێ وەزیری هەمان دەم ژی بۆ لیژنا تایبەتمەند کو ئێـك ژ گرفتا ئەوە کو پڕۆژێت ستراتیجی وەکی رێك و بانا دەمێ تێتە درستکرن فەترا سیانی گەلەکـێ کێمە بۆ نمونە ئەگەر دوو سـاڵ بـن پڕۆژەکـێ هنـدێ سـتراتیجی بـۆ دوو سـاڵا کـێمە، ژبەر هنـدێ دەمێ ئەو پڕۆژێ ستراتیجی خـراب دبیـت دووبـارە رازی بـوون سـەر چێکرنـا وی پـرۆژەی کـات پێدڤێت ب تایبەت ئەو ناوچێت شاخاوی ئاڤ گەلەك کەڤیتە سـەر جـادا و دبیـتە ئەگەرێ هنـدێ کـو زووتـر ل وی فەتـرەی خـراب بـبن، ژبەر هنـدێ ل ڤێـرێ داخـازێ دکەیـن کـو ئەو پڕۆژێـت ستراتیجی یێت درێژخایەن وەکی رێك و بان ماوێ سیانەی زێدەتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەم بۆ ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە هەروەها بەخێرهـاتنی جەنابی وەزیر و سـتافەکەی دەکەم مـن دەمەوێـت بـاس لە پڕۆژەیەکـی کۆتـایی نەهـاتوو بـکەم پڕۆژەی جووتسایدی سلێمانی کەلار بە راستی جێگای داخە کە لە (٢٠١٣/٣/٢٧)وە بەردی بناغە بۆ ئەم پڕۆژەیە دانراوە بە بڕی سەد و سی حەوت ملیار و دوو سەد و شەست و دوو ملیۆن دینار و تا ئیسـتاش کۆتـایی نەهـاتووە بڕیـار وا بـوو لە مـاوەیەکی دیـاریکراودا پـڕۆژەکە بە سـێ قۆنـاغ جێبەجێ بکرێـت قۆنـاغی یەکەم کەلار بـاوەنوور کە تەواو کـراوە، قۆنـاغی دووەم بـاوەنوور بـۆ دەربەندیخان کە لە (٥٣٪)ی کارەکانی تەواو کراوە، قۆناغی سێیەم دەربەندیخان بۆ سـلێمانی کە ئەمە جـگە لە جـووت سـایدی زەڕایەن بـۆ سـلێمانی ئەوی تـر هیچـی بـۆ نەکـراوە بە پێـی بەدواداچوونەکـان بڕیـار بـوو دوو تونێـل بە ڕێگـای زەڕایەن دەربەنـد دروسـت بکرێـت، بەڵام دەگوترێت بە هۆی نەمانی پارەی تەرخانکراو کۆمپانیاکە لە پڕۆژەکە کشاوەتەوە بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە وا بـۆ دە سـاڵ دەچێـت ئەو پـڕۆژەیە هەر تەواو نەکـراوە نـازانین ئایـا ئەمە چارەنووسی خەڵکی سـلێمانییە کە پڕۆژەکـان بە دە سـاڵ تەواو دەکرێـت هەر وەك نەخۆشـخانە

چوار سەد قەرەوێڵەییەکە لە کاتێکدا لە ماوەی کەتر لە دە ساڵ لە هەولێر زۆر زۆر پڕۆژەی دیکە جێبەجێ کراوە لەوانە شەقامی سەد مەتری یا سەد و بیست مەتری هەروەها جووت سایدی نێوان هەولێر و پیرمام و هەولێر و دهۆکە هەر بۆ ئاگاداری ئەو پڕۆژانەی لە هەولێر تەواو کراون یەك سەنتی لە داهاتی نەوت بۆ خەرج نەکراوە هەمووی لە داهاتی ناوخۆی پارێزگاکانە بەڕێزان بە قسەی یەکێك لە ئەندازیارانی پڕۆژەی جووت سایدی سلێمانی کەلار ئەگەر هەر مانگێك حکومەت هەشت ملیار دینار بۆ پڕۆژەکە خەرج بکات ئەوە کۆمپانیای جێبەجێکار دەتوانێت لە کارەکانی خۆی بۆ تەواو کردنی جووت سایدەکە بەردەوام بێت ئەو بڕەی کە باس دەکرێت زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت لە داهاتی مەرزی پەرویزخان و هەروەها مەرزی پشدەر دابین بکرێت ئەوە جگە لە داهاتی ناوخۆ کە باس لەوە دەکرێت مانگی دوو تەنها داهاتی مرور و داهاتی ناوخۆی شەست و پێنج ملیار دینار بووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەین و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کرد بە وردەکارییەوە، بەڵام تا ڕادەیەك گشتگیری تێدا بوو لە ئاماژە کردن بە کەم و کوڕییەکانی ڕێگاوبانەکان دیاری نەکرا بوو بە شێوەیەکی گشتگیر لە نێوان شارەکان ئەو شوێننەی کە کەم و کوڕی تێدایە ئاماژەی پێ نەکرا بوو لە ڕاپۆرتەکەدا زۆربەی ڕێگاوبان لە بەستنەوەی شارەکاندا دەستی پێکراوە هەیە دە ساڵە، هەیە شەش ساڵە، هەیە پێنج ساڵە و هەیە دوو ساڵە ماوەیەك چەند کیلۆمەترێکی لێ دەکرێت و ڕادەوەستێت تا ئەوەی تر دروست دەکرێت ئەوەش تێك دەچێتەوە دوو دەربارەی هێڵی شەمەندەفەر کە چەند جارێکە باس دەکرێت بۆ دروست کردنی هێڵی شەمەندەفەر پێك بەستنەوەی شارەکان و کاریگەر دەبێت لە کەم کردنەوەی ڕووداو و لە هەرزان کردنی گواستنەوە ئەوە پڕۆژەیەکی گرنگە ئەگەر بەرچاو ڕوونیمان بدەنێ ئەو قۆناغە بە کوێ گەیشتووە و لە چ قۆناغێکدایە و چەندی پێ دەچێت بۆ ئەوەی ببێتە مژدەیەك بۆ هاوڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکانیان لە لایەکی تر بە هۆی هۆیەکانی گواستنەوە و زیاد کردنی ڕێگاوبانەکان بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووداو زۆر بووە لە هەمان کاتدا ئەگەر هەر پڕۆژەیەك تەواو دەکرێت ماوەیەکی کەم ئەو ڕێگاوبانە تێك دەچێتەوە وەزارەت تا چ ڕاددەیەك بەدواداچوونی کردووە و تا چ ڕاددەیەك لێپێچینەوەی کردووە زۆربەی ڕێگاوبانەکان دوای مانگێك دوو مانگ زۆری هەیە دوای ساڵێك تێك دەچێت بە پێی ئەو گرێبەستەی کە کراوە کە بەدواداچوون دەکرێت لە زۆربەی ئەو گرێبەستانەی کە کراون یان ئەوانەی جێبەجێ کراون پڕۆژەکان ئەو کەم و کوڕییەی تێدایە ئایا تا چ ڕاددەیەك لێپرسینەوە کراوە لە هەمان کاتدا....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كريم محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، بابەتەکەی من داواکارییەکە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە دوای دروستکردنی ڕێگای (هەولێر_ گۆپاڵ) و (گۆپاڵ _ دهۆك) ئێستا لە مەفرەقی خاڵوان بۆ گۆمەسپان من جارێکی تریش چوومە وەزارەت داواکاریشم پێشکەش کردووە ئەگەر بێت و ئەو ڕێگایە لە مەفرەقی خاڵوان تا دەگاتە گۆمئەسپان بە دوو ساید بکرێت کە ئێستا وابزانم لە بەرنامەی وەزارەتە ئاسانکارییەکی زۆر باش بۆ سەیارەکانی بارهەڵگر کە لە ڕێگای دهۆکەوە بۆ سلێمانی دەچن پێویست ناکات بێنە ناو هەولێر و دەبێتە ئاسانکارییەکی زۆر باش هەم بار سووکییە بۆ ناو هەولێر هەم ئاسانکارییە بۆ ڕێبوارەکانی کە لە دهۆکەوە بۆ سلێمانی دەچن هیوادارم بەڕێز جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەمان بداتێ کە ئەو پرۆژەیە بە کوێ گەیشتووە، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، سوسن خان فەرموو.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز دەکەین و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین لە ڕاستیدا هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بووژانەوەیەکی باش و ئاوەدانی بەخۆیەوە ببینێت تا سیمای وڵاتەکەمان بگەشێتەوە، بەڵام من لە وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەپرسم ئایا ئەو هەموو یەکەی نیشتەجێ بوون کە لە سەنتەری پارێزگاکان دروست دەکرێت بە پێی پلانی ستراتیجی وەزارەتە؟ وە ئایا زەرووره‌تە؟ چونکە هەمووماننن دەزانین کە شووقەیەك لەوانەیە بە قەد یەك گەڕەك ئاو کاریبایان پێویست بێت، وە ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە لە چەند ساڵی داهاتوو تووشی کێشەیەکی گەورەی کەم ئاوی دەبین وە هەروەها کێشەی کارەبا، بۆیە بەو ڕێژە بەرزەی کە شووقە دروست دەکرێت لە ڕاستیدا لە ئایندە تووشی کارەساتێکی زۆر گەورە دەبین، وە هەروەها پرسیارێکی ترم سەبارەت بە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان ئایا لە پلانی ستراتیجی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە کە لەو گەڕەکانە یان لەو شار و شارۆچکانەی کە قورسایی کەس و کار و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی تێدایە بۆ نمونە ئەگەر باسی کەم ئاوی چەمچەماڵ و ئەو ڕێگای کەلار و سلێمانی کە لە ڕاستیدا ڕۆژانە دەیان کچ و کوڕی ئەنفالکراوان لەو ڕێگایە هاتووچۆ دەکەن، بەڵام دەیان ساڵە ئەو ڕێگایە چاك نەکراوە و کەس و کاری شەهیدان لەو کاتەدا کە لەو ڕێگایانە گوزەر دەکەن خەم و خەفەتێکی زۆر دایان دەگرێت و تەنانەت ئینتیمای نیشتیمایشیان کەم دەبێت بە هۆی....
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنەی پەیوەندیدار بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و ستافی بەڕێزیان دەکەین، بە دوو خاڵی گرنگ داواکارییەکانم پێشکەش دەکەم خاڵی یەکەمیان ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر سۆرانە تا حاجی ئۆمەران کە چەندین گیر و گرفتی تێدایە و تونێلی نێوان کۆڕێ و شەقلاوە تەواو بووە تەنها چەند کاری کەمی ماوە پێویستە کاری لە سەر بکرێت لەگەڵ تونێلی چیای هەریر خاڵی دووەمم پێشتر لە بەرواری (٢٠١٩/٩/٢٣) سەردانی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوەم کرد کە بە خۆشحاڵییەوە داواکاری ئێمەی قبوڵ کرد لە داواکارییەکە ئێمە هەشت خاڵمان پێشکەش کرد کە ڕەزامەندی لە سەر سێ خاڵی درا، دواتر ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسندی کرد داواکارییەکان تایبەت بوون بە دەڤەری برادۆست کە خرابترین ناحیەیە لە رووی ڕێگاوبان، وە لەو دیدارەشدا داوام لێ کرد کە پێکەوە بچین سەردانی ئەو شوێنە بکەین، بەڵام کە پەسند کرا تەنها چوار کیلۆمەتر قیرتاو کرا لەگەڵ پینە کردنی چەند ڕێگایەك، بۆیە پێویستە بە وردی دیراسەی ئەو داواکارییە بکرێت و پێداچوونەوەیەك بەو دەڤەرەدا بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك باڵانبۆ فەرمووو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوبراو لە گرفتەکان لە خاڵی چوارەم لەناو چوونی زۆربەی مەکائین و ئالیاتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە شەڕی نەگریسی داعش پاڵپشت بە چ داتایەك ئەم زۆرترین مەکائینی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەناو چووە وە جۆرەکانیان چیین؟ لەبەر ئەوەی ئەمە موڵکی گشتییە ناکرێت بە هەڕەمەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وە پێویستە روونکردنەوە بە پەرلەمانی کوردستان بدرێت چەند ئالییەت لەناو چووە و جۆرەکانیان چییە و لە کوێ لەناو چوون و پارچەکانیشیان چی لێهاتووە، لەبەر ئەوە بە ڕاستی مامەڵەکردن بە موڵکی گشتی بەم شێوازی شتێکی دروست نییە، وە پرسیارێکی ترم ئەوەیە سەبارەت بەو گوژمەی کە تەرخان دەکرێت بۆ دروست کردنی ڕێگاوبانەکان ئایا ئەمە تەنها ژمارەیە؟ وە لە کاتێکدا ئەگەر ئەم گوژمەیە بەردەست بوو ئەو کاتە دەست بە پڕۆژەکان دەکرێت؟ ئەگەر ئەمە تەنها ژمارە بێت و چاوەڕێی ئەوە بکرێت کاتێك کە پارە بەردەست بوو ئەو کاتە ئەو ڕێگاوبانانە دروست بکرێن بە ڕاستی خەڵکی کوردستان دەست بخەنە ژوور سەریان و بە تەمای ئەوە نەبن کە بەم زووانە بتوانرێت ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکرێن و پێویستە بە ڕاستی بە گرنگی لەم بابەتە بڕوانن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبینین ڕۆژانە بە چەندەها کەس بە دەیان و سەدان کەس لەم ڕێگایانە دەبن بە قوربانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم و دەستخۆشیشم بۆ لیژنەی تایبەتمەند من دوو بابەت باس دەکەم یەکەم کە پەیوەندییان بە یەکەکانی نیشتەجێ بوونەوە هەیە کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە دیارە سەرجەمیان راگیراون، وە بابەتی دووەم پەیوەندی بە ڕێگاوبانەوە هەیە کە هەر دووکیان پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە وێڕای ئەوەی کە ئەو پڕۆژانەی کە باس دەکرێت زۆربەی ئەو پڕۆژانەن کە رەنگە خەڵکێکی بە توانا بتوانێت بیانکرێت وە تێیدا بحەوێتەوە، بەڵام ئایا پلانێك هەیە بۆ ئەو کرێنشینانەی کە هەر توانای کرێی خانووەکانیشیان نییە ئایا هیچ پلانێك هەیە بۆ ئەم بابەتە؟ کە بە راستی لە ناو کۆمەڵگای ئێمە چین و توێژێکمان هەیە لەم رووە ئاستی هەژارییەکەی یەکجار دابەزیوە بۆ نمونە ئەمڕۆ پیاوێکی پیر و بە تەمەن پەیوەندییان پێوە کردم نەخانوویان هەیە نە توانای کرێی خانوویان هەیە وە خاوەنەکەشی دەریان دەکات ئایا ئەم حکومەتە و ئەم دەسەڵاتە بەرپرسیار نییە جێگایەکی بۆ پەیدا بکات نمونەی وامان زۆرە و چەند کێشەی کۆمەڵایەتیش پەیدا بووە ڕێگاوبانەکانیش هەمووومان دەزانین هەندێکی نەبێت ئەوەی تر کەلکی ئەوەی نییە پێیدا بڕۆی یەعنی بووەتە جەبهەی شەڕ کە رۆژانە خەڵك تێیدا دەبێتە قوربانی ئێمە بۆ لەم رووەوە گرنگی بەم کارگانە نەدەین کە کارگەی قیر کردنە بۆ زانیاریتان من مەعلوماتی تەواوم هەیە کارگەی قیری بەستۆڕە رۆژانە تەقریبەت دەتوانێت هەزار تەن قیر بەرهەم بێنێت دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەی ئەوەی کە ئەو جادانە قیر بکرێن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ راپۆرتەکەیان، من سەرنجێکم لە سەر تێبینییەکەی کۆتایی راپۆرتەکە هەیە کە لێرەدا ناوی لیژنەی دارایی هاتووە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە دەڵێت نوسراوی بەڕێزتان دیارە هیچ شتێك رووبەڕووی ئەمە نەکراوەتەوە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەگەر مەبەستەکەش ئەوە بێت پەیوەندی بە پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان رەنگە بەشێکی پەیوەندی بەوە هەبێت، بۆیە داوا دەکەم ئەو لیژنەی دارایی و ئابوورییە لەو راپۆرتە لابرێت دووەم سەبارەت بە ڕێگاوبانەکان بەداخەوە لە دوای قەیرانی دارایی ڕێگاوبانەکان چاککردنی ڕێگای تازە وەکو پێویست نەبوون و پڕۆژەکان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکراون، بەڵام خەڵك ئومێدی ئەوەی هەیە لە دوای (٢٠١٤)ەوە کە ئەم ڕێگایانە چارەسەر دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن لە قۆناغێکدا ئەوەی کە نائومێدی دروست دەکات ئەوەیە کە لە ئێستادا وەکو مژدە دەدرێت بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە مەسەلەن شەست ملیار دینار بۆ فلانە جادە دەرچووە، بەڵام دوای کە خەڵك دەبینێت دەڵێت تەخسیس کرا لە داهاتی ناوخۆی شارەکە خەڵك لێرەوە نائومێد دەبن بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە جەنابتان و وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران هەموو لایەکتان

ئەوە دەزانن کە داهاتی ناوخۆی سنووری پارێزگای سلێمانی بەشی ئەوە ناکات ڕێگاوبانەکانی چاك بکەی لە دەرەوەی ئەوەی ئەو ئامانج کردنەی شاری سلێمانی و موزایەدە کردنەی کە بە سەر داهاتی سلێمانی دەکرێت ئێوە لە ئەنجومەنی وەزیران لە سەر ئەو داهاتە ناتوانرێت پڕۆژە خزمەتگوزارییانە جێبەجێ بکرێت و داهاتی هەرێمی کوردستانیش ئێمە هەموو لایەك دەزانین داهاتی نەوت یەکەم داهاتە لە هەرێمی کوردستان و ئێستاش فرۆشتنی نەوت لە ئاستێکی بەرزدایە واتا ئیستا لە رووی ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی باشدایە، بۆیە دەکرێت ئێوە لە ئەنجومەنی وەزیران و لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کاتێك باسی تەخسیساتێك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك زیاد، گلوستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز و شاندی یاوەری بەخێربێن سەرچاو، من دوو پرسیارم هەیە ئەو یەکانەی نیشتەجێ بوون کە لە چەند مانگی رابردوو مژدە درا بە هاوڵاتیان کە بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون دروست دەکرێت لە پاڵ ئەمە نۆ هەزار و چوار یەکە هێشتا بەجێهێڵراون و تەواو نەکراون ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو یەکانە تەواو ناکات لە کاتێکدا بەشێك لەو یەکانە تەواو بوون بە تایبەتی ئەوانەی سیتە کە ئێمە ئاگادارین هیچ شتێکی ئەوتۆیان نەماوە بۆ چی دابەش ناکرێن لەگەڵ ئەوەی کە یەکەکانی کە لە گوندی سەد و بیست هەیە ئەمانە جێهێڵراون زەرە و زیانێکی گەورە بەر یەکەکان کەوتووە لە رووی بردنی دەرگا و پەنجەرە و ئەو شتانە کە ئەمە جگە لە رووی کەش و هەواوش کە زۆر زیانی بەرکەوتووە خراپی ڕێگاوبانەکان و خراپی کوالیتی قیر کە ئەمە بەشێك لەو ڕێگاوبانانەی کە ڕێگای بەینی سلێمانی و هەولێرە دەبینین لە زۆربەی شوێنەکان سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی یەك دوو ساڵی رابردوو تەعمیرێکی باشکرا، بەڵام دەبینین لە رووی کوالیتی قیرەکە بەجۆرێکە لە زۆر شوێن ئەرزەکان دا چووە کە ئەمەش گرفتە بۆ هاوڵاتیان لە رووی دروستبوونی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو جگە لەوەی ئەو بارهەڵگرانەی کە دێن لەو ڕێگایەوە لە ماوەیەدا زیاتر ڕێگاکەیان هیلاك کردووە ئایا بیر لەوە کرواەتەوە ڕێڕەوێکی تایبەتی بۆ بارهەڵگرەکان بدۆزرێتەوە، بۆئەوەی ئەو قورساییە ئەو زەرەر و زیانانە بەر ئەو شەقامانە نەکەون، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر ڕێگاوبان دەمەوێ قسە بکەم و بەوە دەست پێ دەکەم ئەگەر ئاوەدانی کوردستان ئەوە بێت کە ژمارەی بۆ نمونە شووقەکانی نیشتەجێبوون و سیتییەکان زۆر بێت ئەوە پێموایە تەنها خەڵکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو تێیدا سوودمەند دەبن، لەبەر ئەوەی تەنها پڕۆژەی نیشتەجێ بوون و شووقەمان نەبینیوە لە هەرێمی کوردستان کە خەڵکی کەمدەرامەت لێی

سوودمەند بێت یان نرخێکی وا کەم بێت کە ژمارەی کرێنشین کەم بکاتەوە، وە بۆچی سندوقی نیشتەجێبوون کارا ناکرێت و دەعمی ئەو سندوقە ناکرێت بۆئەوەی ژمارەی کرێنشینان روو لە کەمبوونەوە بێت ئایا وەزارەت چ کاری کردووە دەعمی ماددی بکرێت و بۆئەوەی حکومەت دەعمی ماددی ئەو سندوقە بکات خراپی رێگاوبان وای کردووە قوربانیانی رێگاوبان لە قوربانیانی جەنگ زیاتر بێت، بۆیە ئێمە ئەومان لا دروست بووە کە داوا بکەین راستە لە دەسەڵاتی ئەم وەزیرە نییە، بەڵام قوربانیانی رێگاوبان بە شەهیدی هاوڵاتی لە قەڵەم بدرێن، چونکە ئەوەندە رێژەکەی زۆرە ئەوەندەی رێژەی قوربانیانی جەنگی لێهاتووە جگە لە کەمئەندامبوون کە رێژەی کەمئەندامبوون بە هۆکاری رێگاو زۆر زیادی کردووە بۆچی حکومەت دوای سی ساڵ لە حوکمڕانی نەیتوانیوە رێگایەکی خێرا دروست بکات بۆ ئەوەی هاتووچۆی نێوان شارەکان یاخود چوار پارێزگاکە بەیەك بگەیەنێت ئایا دوای سی ساڵ حکومڕانی تا ئێستا حکومەت بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو رێگا خێرایە چونکە کوردستان ئەوەندە گەورە نییە کە نەتوانێت رێگایەکی خێرا لە نێوان شارەکان لە دەرەوەی شارەکان دروست بکرێت و شارەکان بەیەك ببەستێتەوە، وە خاڵێکی تر دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ئایا پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون کە رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوونە لە شارەکان و لە پارێزگاکان، بەڵام تا ئێستا بۆچی ئەو پرۆژانە نەیانتوانیوە کاریگەری لە سەر کەم کردنەوەی هەلی کار بۆ گەنجانی خۆمان...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە رێگاوبان و پرۆژەی راکێشانی بۆری ئاو بۆ گوندی خێڵی ئاخەو چاککردنی رێگای کانی باژگە و دروستکردنی پردی دەرزیلە لە ناحیەی سەنگاو بە نوسراوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ژمارە (٤٣٢٤/٣١) لە (٢٠١٩/٩/١٧) داوا کراوە لە وەزارەتی دارایی کە برێك پارەی بۆ تەرخانکراوە لە لایەن کۆمپانیایەکی کۆرییەوە کە بڕەکەی (٢٦٥٩٢٩$) بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژانە داواکراوە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە ئەم پارەیە بنێردرێت بۆ جێبەجێ کردنی کە لای وەزارەتی داراییە تا ئێستا وەزاەتی ئاوەدانکردنەوە چ هەنگاوێکی ناوە دوای ئەو نوسراوە؟ من دوو جار پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان کردووە کە ئەم کۆمپانیایە لەو بوارەدا ئیشی کردووە وەزارەتی سامان سرووشتییەکان دەڵێت ئەمە لە تایبەتمەندی ئێمەدا نییە و ئەو پارەیە لای ئێمە نەماوە پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی داراییش کردووە دەڵێن ئەم پرۆژەیە لە تایبەتمەندی ئێمەدا نییە ئایا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چ هەنگاوێکی ناوە کە تەنیا یەك پرۆژە جێبەجێ کراوە و پارەکە دیار نییە ئەم پارەیە چۆتە کوێ و کەی ئەم پرۆژانە جێبەجێ دەکرێت؟ وە سەبارەت بە شووقەکانی کە بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت دروست دەکرێت لە سنووری ئیدارەی گەرمیان ئەم شووقانە هێشتا تەواو نەبووە لە زۆربەی شوێنەکان هێشتا تەواو نەبووە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان داواکراوە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێشنیار بنێرن بۆ چۆنیەتی تەواو کردنی داوا

کراوه له لایەن ئیدارەی گەرمیان کە کەمترین تێچووی تێ بچێت و هاوڵاتیان لێی سوودمەند بن، بەڵام وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە داوای کـردووە کە بەم شـێوەیە ناکرێـت و سـولفەیەکی زۆر و پێشەکییەکی زۆریان داناوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش ڕۆژان خان، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و ستافەکەی دەکەم، من ناڵێم سی ساڵ حکـومڕانی، بەڵام بەس ئەو بـڕە پـارەی کە لە سـاڵی (٢٠٠٣) بـۆ (٢٠١٣) لە لایەن حکـومەتی عێـراقییەوە هـاتۆتە ئەم وڵاتە کە بڕەکەی نزیکی نەوەد ملیار دۆلار بووە تێدەگەی کە بە راستی حکومڕانی هەرێـم چەنـد کـۆڵەوار بووە لە دروستکردنی پڕۆژەی ستراتیجی جادە و ڕێگاوبانی نیشـتیمانی، وە ئەگەر بیـر بـکەیەوە نازانی ئەو پارەیە هەر چۆن سەرف کراوە وەك لە راپـۆرتەکە ئامـاژەی پێـدراوە ئێسـتا یەکێـك لە گرفتەکانی نەبوونی پارە بۆ پڕۆژەکان ئەوەیە کە ئەم بـڕە پـارەیە لە داهاتەکـانی نـاوخۆ سـەرف دەکرێـت یەعنـی ئەگەر پـڕۆژەیەك قەراری لـێ بـدرێت بـۆ دهـۆك دەبێـت لە پـارەی دهـۆك بێـت پڕۆژەیەك بڕیاری لێ بدرێت لە سلێمانی دەبێت لە پارەی سلێمانی بێت هەمووشـمان دەزانـین لە ماوەی رابردووشدا چەندین بەدواداچوونمان کـردووە بـۆ مەسـەلەی داهاتەکـانی نـاوخۆ بە دوو ئیـدارەیی مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێـت و دەسـتوەردان هەیە کە ئەوەش بـووەتە هـۆی کەمـی و نەبوونی پارە لە بانکەکان، بۆیە پێشنیاز دەکەم و هیوادارم کە ئەوە ببێتە راسپاردەی پەرلەمـانی کوردسـتان لەم کۆبـوونەوەیە مانگـانە ئـێمە لە داهـاتە نەوت بە تـایبەت کە ئێسـتا نـرخ بەرز بووەتەوە من ناڵێم رێژەیەکی زۆر بۆ ئەوەی لەولاوە تەئسیر بکاتە سەر مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام دەتـوانین مانگـانە دە ملیـۆن دۆلار لە داهـاتی نەوت بـۆ پڕۆژەکـانی رێگاوبان تەرخان بکرێـت هەم بـۆ تەکمیلە کردنـی ئەو پـارانەی لە نـاوخۆ دادەنرێـت هەم ئەگەر پڕۆژەیەکی ستراتیجی هەبوو بتوانین بەو بڕە پارەیە تەواویان بکەین بە تـایبەت ئەو پـڕۆژانەی کە ئێستا پڕۆژەی زۆر زۆر ستراتیجین و دەمێکە خەڵك دەناڵێنێت بە دەست تەواو نەبوونیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەوە دەسـت پـێ دەکەم دوای سـی و یەك سـاڵ حکـومڕانی بەداخەوە تـا ئیسـتا نەتـوانراوە رێگایەکی سەرەکی نێوان هەولێر سلێمانی بکرێتە جووت ساید یەعنـی بە راسـتی ئەمە جـگە لە شکسـتی حکـومڕانی حکومڕانـانی هەرێمـی کوردسـتان هـیچ وەسـفێکی تـری ناکرێـت ئێسـتا هاوڵاتییەك ئەگەر لە هەولێرەوە بڕوات بۆ سلێمانی یان لە سلێمانییەوە بێـتە هەولێـر نازانێـت بە کام رێگادا بڕوات بە سماقوڵیدا بڕوات بە رێگای کۆیە یا کلکە سـماقەدا بـڕوات هیچـی لەوەی تـر باشتر نییە، ئینجا ئاماری قوربانیـانی هـاتووچۆ لە هەرێمـی کوردسـتان سـاڵانە بە قەد یەك وڵاتە

یەعنی حکومەت بۆ چی بێدەنگە بۆ چی بێ پلانە بەرامبەر بەو هەموو قوربانییەی کە دەکەوێتەوە چەند پرسیارێکم هەبوو نۆ هەزار و چوار سەد یەکەی نیشتەجێ بوون تا ئیستا تەواو نەکراوە و بۆ کرێچی و کەمئەندامان حکومەت بڕیاریداوە بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ بوونی تر دروست بکات جارێ بۆ ئەمە تەواو ناکەن خەڵك چەندین ساڵە چاوەڕێیە ئینجا بێن ئەوەی تر تەواو بکەن ڕێگای دووسایدی کۆیە هەولێر یەعنی یەك لە قەزا گرنگەکانی هەرێمی کوردستانە کە نزیکە لە هەولێر ئیدارییەن سەر بە هەولێرە و بەداخەوە سیاسیەن سەر بە زۆنی یەکێتییە زیاتر لە دە ساڵە ئەم دوو سایدە تەواو نەکراوە کەی تەواوی دەکەن؟ خەڵکی کۆیە بە راستی هیلاك بووە بە دەست ئەو ڕێگایە توونێلی شەقڵاوە ماوەران کە تەواوکەری ڕێگای قەندیل پیرمام تا دەگاتە هەولێر ئەویش زیاتر لە دە ساڵە ئەم توونێلە ماوەتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ فەرموو، ئەوە کاتە پەیوەندی بە ئەندام پەرلەمانەوە نییە، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و شاندی یاوەری دەکەین، ئێمە لە مەعاناتیان تێدەگەین کە مەسەلەی دوو ئیدارەیی و دوو دارایی ئێستا وای لێهاتووە گشت وەزارەتەکان تەخسیسات دەکەن بۆ پرۆژەکانیان بە تەندروستی و بە ئاوەدانکردنەوە، بەڵام لە بانکەکان دەڵێن سیولە نییە بۆ نمونە بانکی سلێمانی دەڵێت سیولە نییە لەو مەعاناتە تێدەگەین پرسیاری یەکەم ئەوەیە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە چی کردووە و چی دەکات بۆ ئەو بابەتە، چونکە سەد مەتری سلێمانی ئەوە بوو بە سێ ساڵ (٤٠٪)ی جێبەجێ کراوە دەڵێن پارە نییە لە بانکەکان مەسەلەی ڕێگای کەلار و سلێمانی بە هەمان شێوە وە پرۆژەکانی تریش ئەوە کرۆکی دواکەوتنی پرۆژەکانە من ڕێزم هەیە بەڵا م سیمای ڕاپۆرتی پەرلەمانی پێوە دیار نییە بۆ نمونە بیدایەتەکەی پێشەکییە دوایی گرفتەکانە دوایی پەرەیەکی بێ ناونیشانە، ئینجا دێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن کە دەبووایە لە پێشەکی بووایە نازانم زەرورییەتی چییە لێرە، ئینجا دوایی دێتەوە بۆ پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکان لە کۆتایی تێبینییەکی داناوە کە دەڵێت چ نوسراوێکە چ کتابێکە لە کوێیەوە هاتووە دەشڵێت بەرپرسیارییەتی لیژنەی داراییە نازانین ئەمە چییە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە جەنابت بەرپرسیاری بە نیسبەت نەبوونی یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان بە سیفەتی ئەندامێتی ئەنجومەنی وەزیران چۆن قبووڵ دەکەی نۆ ساڵە تەبعەن ئەو چوار ساڵەی جەنابت وەزیری چۆن قبووڵ دەکەی یاسای بودجە نەبێت بۆ ئەوەی کە مەشاکیلەکانی وەزارەتەکانی تێدا حەل بکرێت کە بوودجەی ئیستسماری لە ناو بودجەدا ڕۆح و دڵی هەموو یاسای بوودجەیەکە یاسای وەبەرهێنان گەورەترین گرفتی بۆ ئێوە دروستکردووە هەر لە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون و پرۆژەکانی تریش بۆ چی هەموارتان نەکردۆتەوە سێ ساڵە ئێمە تەقدیممان کردووە بۆ هەموار کردنەوە حکومەت ڕەفزی دەکات دەڵێت خۆم پرۆژەم هەیە پرۆژەکەشی تەقدیم ناکات بۆ هەموار کردنەوە زۆرینەی گەندەڵییەکان لەوێ هەیە لە فرۆشتنەوەی پرۆژەکان و لە دواکەوتن و لە پەکخستنی، هەروەها مەسەلەی خەرجنەکردنی ئەو پارانەی کە لە گرێبەستە نەوتییەکان هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەین و دەستخۆشی لە برادەرانی لیژنە دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆڕتە سەرەڕای تێبینییەکانی سەری، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا نزیەکەی حەوت سەد هاوڵاتی بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانیان داوە ڕەنگە دەیان هەزار یا خود هەزاران هاوڵاتیش دیسان پەکیان کەوتووە ئێمە لە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان تێدەگەین وە ئەو غەدرەی حکومەتی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەکات، وە جگە لەوەی خۆشمان غەدر لە خۆمان دەکەین لەوەش تێدەگەین کە دوو داراییمان هەیە لە هەرێمی کوردستان لەوانە هەموو تێدەگەین، بەڵام ئینسان خەم لەوە دەخوات ئەو پارانەی خەرج دەکرێن بە ڕاستی ئەو ڕێگاوبان و و باڵەخانە و بینایانەی دروست دەکرێت کوالیتیان زۆر خراپە لە هەرێمی کوردستان دەیان نمونەمان هەیە زۆربەی ئەو بینایانەی بۆ قوتابخانەکان و بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان دەکرێت دوای ماوەیەك سەقفەکانی و دیوارەکانی شەق دەبات ڕێگاوبانەکان دوای ماوەیەك هەمووی قۆرتی تێدەکەوێت ڕێگای هەولێر خەبات ڕەنگە چەند جار نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام ئێستا بڕۆ سەیری بکە ناتوانی پێیدا بڕۆی ڕێگای هەولێر دیبەگە مەخمور بە هەمان شێوە نوێیە، بەڵام بڕۆ ئێستا سەیری بکە چەند تاسەی تێدایە کەواتا لای هاوڵاتیان نیگەرانییەك و دڵەڕاوکەیەك و پرسیارێك هەیە کە ئەو مەوادانەی بەکار دێن لە ڕێگاوبانەکان کوالیتییان خراپە یاخود ئەو نمونانەی کە دەبرێن بۆ تاقیگای بیناسازی و ڕێگاوبانەکان ئەو نمونەیە نییە کە بەکاردەهێنرێت لە ڕێگاوبانەکان، جگە لەمانە بەشێك لەو مەوادانە کە بەکاردەهێنرێت دەرناچن لە فەحسی تاقیگەکاندا ڕێگای هەولێر سلێمانی دەربەندیخان کەلار، ڕێگای هەولێر کۆیە، شەقڵاوە ماوەران، ڕێگای هەولێر خەبات، شەقامی سەد و بیست مەتری هەولێر ئێستا بە لای فڕۆکەخانە درزی گەورەی تێکەوتووە چەند ساڵێکە دروستکراوە پەیوەندی بە جۆری کار کردنەکە و جۆری کوالیتی ئەو مەوادانەیە کە تێیدایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بهجت لە پێشدا دەقەت بۆ حساب نییە وتت وەڵانی تێبینی دەدەمەوە مەستت چییە لە تێبینی فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتەی کە نوسراوە لە ڕاپۆڕتەکەدا هاتووە نوسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە بۆ لیژنەکەمان هاتووە بە نوسراوی بەڕێزتان ژمارە (ك ٩٤٩) لە (٦/٥) کە لەم نوسراوەدا دوو بابەت هەبوو یەك ئامادەکردنی ڕاپۆڕتێك لە لایەن لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان سەبارەت بە کێشەکانی ڕێگاوبان و یەکەی نیشتەجێ بوون دوو خاڵێکی تێدابوو سەبارەت بە ناعیدالەتی لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەم پڕۆژەیە لە پاش بەدواداچوونەکانمان لەگەڵ بەڕێز وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە بریکاری وەزیر بۆمان دەرکەوت کە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی

دارایی و ئابووری کە بودجە دادەنێن ئەو کاتە حسەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەوێ دادەنێن، وە پەرەپێدانی پارێزگاکان لەوێ دەکرێت، بۆیە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە جەنابی وەزیریش لێرەیە هیچ پەیوەندییەکیان بە دانانی ئەم پلانە نییە وە پرۆژەکە لە لایەن ئەمانەوە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ئەوە لێرە هاتووە وە سەبارەت بە بابەتی تر..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گەیشت ئێمە لە سەرۆکایەتی نوسراومان بۆ کردوون بۆ حازر کردنی راپۆرت لە سەر دوو یادداشت، بەڵام یەکێك لە یادداشتەکان کە داوای لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کراوە لە ئەسڵدا لە زمنی ئیختیساسی ئەوان نییە، بۆیە ئەمان تەنها ئەو بەشەی راپۆرتەکەیان ئامادە کردووە کە پەیوەندیدارە بە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە وایە؟ بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر راستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بێگومان، ئێستا کاتەکەی خۆتە قسە بکە فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب راستی من هندەك تێبینی دی ژی هەبوون سەر هندەك بەڕێزا سەر راپۆرتێ حەقیقەت رەشبینی ل سەر نڤیسینا راپۆرتێ و ئیحساس کرنا وانا ب هندەك تەعبیراتێت دی تشتەکێ باش نینە، ژبەر کو ئەڤ راپۆرتە سەر ئەساسەکێ ئەکادیمی هاتییە نڤیسین وە دیر ژ بابەتێ سۆشیال و ڤان تشتا ئەگەر تو بەحسێ پرۆژا بکەی و ئەنجامدانا پرۆژا بکەی تە پێویستی ب بودجێ هەیە ئەگەر بودجە نەبیت پلان نابیت ئەگەر پلان نەبیت پرۆژە ژی نینە، بەر هندێ لەوما ئەو بەڕێزێت کە رەشبینییا خۆ دیار دکەن سەر ڤی بابەتی تڤێت پێداچوونەڤێ بکەن سەر هندێ کانێ ئەڤ هەرێما کوردستانێ ئەڤە ل (٢٠١٤) هەتا نوکە شیایە ببیتە خودانێ بوودجەیەکێ کو ژ حکومەتا عێراقا فیدراڵ بۆ هەرێما کوردستانێ بێت ئەگەر ئەو نەبوویە یاسایا بودجا حکومەتا هەرێمێ ژی نەبوویە، ڤێجا ئەڤە بوویە سەبەبەك بۆ هندێ کو تو نەشێی پرۆژا وەکی تە دڤێت ئەنجام بدەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی خۆت بکە دوای دەرفەتتان دەدەین بۆ وەڵام بەس تێبینی خۆت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من پێشنیارەك هەبوو کە ئەم گەڵ بەڕێز وەزیرێ ئاڤەدانکرنێ تەرح بکەین ئەو ژی بابەتێ تووونێلایە (٢٦,٢) کم توونێل پێویستن وەکو پلانا وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ کە ل هەمی شار و شارۆچکێت هەرێما کوردستانێ بێنە ئەنجامدان ئیزافەتەن بۆ ڤان (٢٦,٢) کم داخازێ دکەین گەڵ پارێزگەها دهۆکێ ل دەمێ رۆژێت بێنڤەدانێ کە خەڵك دەردکەڤیت ژ پارێزگەهێ بۆ جهێت دی سەفەرێ دکەت دەڤەرەکا هەی بێژنێ گەلیێ زاویتەی کە لۆدەکێ زۆر

سەر ئەوان جیهادا چیتبیت خەڵکەکێ مە ب ئاسانی نەشێت سەفەرێ بکەت، لەوما داخاز دکەین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، راستی بابەتێك کە بابەتی گەرمی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بووە لەم کابینەیە وە لە هێڵە گشتییەکانی کابینەکە و بەڕێز سەرۆکی حکومەت بابەتی هێڵی شەمەندەفەر بوو پێم خۆشە هەم وەکو پرسیار وە هەم وەکو روونکردنەوە قسەی لە سەر بکەم، لەبەر ئەوەی یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوە کە شەمەندەفەرە وە هەندێك بابەت هەیە بۆ نمونە نەبوونی پەیوەندی بەهێزی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ کە لە ئەوروپا هەندێك جار کە شەمەنەفەر بەکار دێت یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە ئەو هەموو بازگە و سەیتەرە نییە خۆ ناکرێت شەمەندەفەرێك بە خێرایی دوو سەد برِوات و بازگەیەك بیوەستێنێت کە لە هەرێمی کوردستان دەزانین ئێستا بەداخەوە بازگەکان چی کردووە، بۆیە بە جدی ئایا شەمەندەفەر دەبێت بۆ کوردستان؟ وە جوگرافیای کوردستان و نزیکی شارەکان کە شارێك بۆ شارێکی تر بیست دەقەیە ماوەی نێوانیان خەڵك سەعاتێك لە وێستگەکان راوەستن لەبەر ئەوەی نەبووە بە نەرێتیش لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش لە ساڵی شەست و هەفتاکان فەشەلی هێناوە، وە بەرز و نزمی هەرێمی کوردستان لە رووی جوگرافییەوە خاکەکەی بەرز و نزمی زۆر تێدایە، بۆیە پێموایە کولفەیەکی زۆری دەوێت لەبەر ئەوەی کە توونێلی زۆری دەوێت توونێلی دەربەندیخان لە نێوان گەرمیان سلێمانی دەبینین ئێستا بە چ دۆخێکدا تێدەپەڕێت یەعنی پێموایە ئەو تاقە بەشەرییە و ئەو تاقە ماددییە لە توونێلی دەربەندیخان سەرف بکرێت یان ئەو رێگایانەی تری پێ چاك بکرێت زیاترین خزمەت بە هەرێمی کوردستان بکات و گیانی خەڵکیش رزگار بکات، دواتر لە سەر یەکەکانی نیشتەجێ بوون کە نۆ هەزار و ئەوەندە یەکەیە پێم خۆشە یەك حەقیقەت بڵێم ئایا ئەم کابینەیە خۆی بە خاوەنی کابینەکەی پێشوو نازانێت چ وەزارەت چ سەرۆکایەتی حکومەت، لەبەر ئەوەی ئەم نۆ هەزار یەکەیە سەرووی پێنج سەد ملیۆن دۆلاری تێدا سەرف کراوە وە ئەگەر بێتوو ئەم یەکانە بدرێتە دەست ئەم خەڵکە کەم دەرامەدانە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی بیخوێنەوە لە کاتی جوابی ئەندامان، کاك مم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، وەزیرێ ئاڤەدانکرنی و هەڤالێت گەلدا بخێر بێن سەرچاڤان، سەرەڕای دەستخۆشیێ ل لیژنا تایبەتمەند بۆ ئامادەکرنا ڤێ راپۆرتێ من ژی ئەو تێبینی هەبووە کو پێتڤییە هندەك وردەکارییێت دیترێ د ڤێ راپۆرتێدا هەبانە بۆ هندێ بەرچاڤرۆنییە بۆ مە ژی وەکو ئەندام پەرلەمانا دروست ببا بۆ نمونە ئەو پرۆژێت کو هاتینە راوەستاندن یان ئەو پرۆژێت

کو هاتینە هەڵوەشاندن هۆکار و سەبەبا وان هاتبانا دیار کرن و دێ چارەنڤیسێ وان پڕۆژا چ بیت ئەوێت هاتینە راوەستاندن ئەگەر ئەو روونکرن تێدا بانە دا باشتر بیت هەڤاڵ بەحسێ رێگاوبانا کر ب تایبەت رێکا هەولێر سلێمانی یان سلێمانی کەلار ڤێ ماوەی رابردوودا دووەم جارە من سەرەدانا کەلار یا کری ب راستی ئەز بەحسێ وان بابەتا ناکەم ییێت هەڤاڵ بەحس کری و ئەو پارێ بۆ هاتییە خەرج کرن و ئەو ڤۆناغێت کو تێدا دەرباز بووین و پڕۆژە وەکی خۆی ماین، بەس ئەز بەحسێ هندێ دکەم رێگا سلێمانی بۆ کەلارێ ب راستی هەر وەکی وێیە تو بچییە شەڕەکێ و زڤڕین مەحال بیت یەعنی رێکەکا گەلەکا نەخۆشە و خەلکێ وێ دەڤەرێ ژی هەژی هندێیە کو رێکەکا شایستەی وی خەڵکی بۆ بهێتە چێ کرن پڕۆژێ جووت سایدێ دهۆك بۆ سنوورێ قەزا ئامێدیێ د وی وەختیدا هەتا هاتییە تەمام کرن ماوەیەکە ژبەر هۆکارێت ناڤخۆییێت هەرێما کوردستانێ شەڕ و قەیران راوەستایە جەنابێ وە ل وەزارەتا ئاڤەدانکرنێ بەرنامە و پلان هەیە بۆ هندێ ئەو جووت ساید بهێتە تەمام کرن، چونکی هاتن و چوونا د ناڤبەینا سنوورێ قەزا ئامێدیێ و دهۆکێ گەلەك زێدەیە و ئەو پڕۆژە هەتا هاتییە تەمام کرن و پڕۆژە بهێتە تەمام کرن هەتا گەلیێ باڵندا ئایا بەرنامە هەیە ئەو جووت ساید بهێتە تەمام کرن یان نە؟ گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیران بەخێر بێن، من باسی ئەوە ناکەم کە ئەو نەکراون کە بودجە نییە باسی ئەوە دەکەم کە کراون بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە (٤/٦) وەڵامی پرسیاری منتان داوەتەوە وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆ بەڕێزتانم ناردووە هەشت سەد و چل ملیار دینار بوونەتە پڕۆژە لە هەرێمی کوردستان ئێوە پڕۆژە لە سەر ئاستی ئەو پارێزگا و شارانە دەکەن کە کەمترین خزمەتگوزاری هەبووە یان هەر دابەشکاری کە ئەو پارێزگایە بە قەد ئەوە بێت ئەگەر وا بێت یەعنی پارێزگای دهۆك کەمترین پڕۆژەی تێدا ئەنجام دراوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تکایە وەڵام بدەنەوە بۆ وایە؟ یەعنی بۆ کەمترین پڕۆژە لەوێ بێت لە هەشت سەد و چل ملیار هەشت سەد و حەوتا و پێنج ملیار بایی سەد و نەوەد و سێ ملیار بەس بۆ دهۆك بووە کە چی نیوەی داهاتی هەرێمی کوردستان هی دهۆکە (٥٢٪) داهاتی نەوتی دهۆکە (٤٩٪) داهاتی گومرگەکان لەو پارێزگایەیە کەچی کەمترین پڕژە لەو پارێزگایە ئەنجام دەدرێت بۆ؟ کە زۆرترین هەژاری و فەقیری و بێکاریش هەر لەو پارێزگایەیە کە تۆ زۆرترین پڕۆژە لەوێ ئەنجام بدەی کە حەقی خۆیەتی ناکرێت پارێزگای هەولێر لێرە بێت سلێمانی لێرە بێت دهۆك هەر لێرە بێت تۆ کە عەدالەت بکەی لایەنی کەم دەبێت هاوسەنگییەك دروست بکەی لە نێوان پارێزگاکان لە ئەنجامدانی پڕۆژە جەنابی وەزیر، وە (٨١,٢٪)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ناو شارەکاندا دەژین بۆ؟ لەبەر ئەوەی کەمترین پڕۆژە جادە و رێگاوبان چوونەتە بۆ گوندەکان خەڵك کۆچی کردووە، وە کۆچکردن لە گوندەکان و شارەکان و ناحیەکان زۆرە بۆ شارە گەورەکان یەکێك لە

خاڵە سەرەکییەکان ئەوەی کە ڕێگای بۆ دروست بووە نەچووە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە پێم خۆش بوو جوابیان وەرگرمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسێن مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشیێ ل لیژنا تایبەتمەند دکەم بۆ ئامادە کرنا ڤێ ڕاپۆرتێ و بخێرهاتنا جەنابێ وەزیری و ستافێ وان دکەین، ئەز حەز دکەم روونکرنەکێ ژ جەنابێ وەزیری وەرگرم ب ڕاستی جەنابێ وەزیر ژی وەکی هەر تاکەکێ ئەڤێ کۆمەڵگەهێ پشتی ئەنفالێت رەش خەلکێ سنوورێت تورکیا و عێراقێ ب تایبەت دەڤەرا نێروە و ڕێکان و دۆسکییا و بەرواربیان چەندین جارا مالێت وان هاتینە خراب کرن و وێران کرن ئاوارەی تورکیا بوون، وە سی ساڵە ناڤێت وان هاتینە نڤیسین بۆ قەرەبوو کرن هەم ب ڕێکا حکومەتا هەرێمێ هەم ب ڕێکا حکومەتا عێراقێ کو ئەو خەلکە بهێتە قەرەبوو کرن نوکە ژی بەر شەرەکێ چەپەڵ یێ تورکیا و پەکەکێ ل ڤی سنووری خەڵك ژ گوندێت خۆڤە هاتینە ڤەقەتاندن و ئاوارە بووینە ناوڤ سەنتەرێت ناحییا و قەزایادا ل دیڤ وان پرۆژێت نووکە ژی دبینین بارا پتر ل سەنتەرێ بازێرا تێنەکرن ئەز داخازێ دکەم روونکرنێ بدەن ئایا چ پلان هەیە بۆ قەزا و ناحییا کو ئەڤ وەبەرهێنانە یان ژی ئەڤ ئاڤەدانکرنە بگەڕێتەوە ل قەزا و ناحییا دیسان وەکی کاك بهجت ژی ئاماژە پێدای بابەتێ توونێلا چیای مەتینا کو ل بامەڕنێ هەتا کانی ماسێ هەمی تێتە برین و مەنتیقەیەکا زۆرا ستراتیجییە چەندین ساڵە د بەرنامەدایە ئەنجامێ ئەوی بابەتی چ لێ هاتییە بابەتێ سێ ئەو نیشانێت هاتن چوونێ ل سەر ڕێگاوبانا بەڕێز وەزیر ب ڕاستی ئەز نزانم دڤێ کۆمبوونێدا پێتڤی بوو هەم سەرۆکێ دەستەیا وەبەرهێنانێ ئامادە با، چونکە هندەك بابەتێت پێکڤە گرێدایی یێت هەی هەم ژی بابەتێ هاتن و چوونێ، چونکی ڕێگاوبان هاتن و چوون ناهێنە لێك قەت کرن ئەگەر تو بچییە وڵاتێت دەرڤە دێبینی نیشانێت هاتن و چوونێ گەلەك گرنگییا پێ هاتییە دان، بەڵام ل هەرێما کوردستانێ کێماسییەکا زۆر یا تێدا هەی، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتن بۆ جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری، هەموومان دەزانین وڵاتە زلهێزەکان جیهان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە ئابوورییەکی بەهێز دروست دەکەن و بڕبڕەی سەرەکی پێشکەوتنی وڵاتانە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمیش هەمیشە جەخت لە کەرتی تایبەت دەکاتەوە لە گشت سێکتەرەکان ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم گرفت و کێشەی ڕێگاوبانە بە تایبەتی ئەو ڕێگایانەی بە ڕێگای مردن ناوزەد دەکرێن وەك ڕێگای هەولێر کۆیە و هەولێر خەبات و دوو سایدی سلێمانی کەلار و ڕێگای قەڵادزە و ڕانیە و زاخۆ هەتا دوایی هەمیشە باس لەوە دەکرێت کەوا فلان مقاول کارەکەی ڕاگرت لەبەر ئەوەی سیولەی لەبەر دەست نییە بە تەئکید

باسی مقاولەکان دەکەم دەبێت ئەو پڕۆژە گرنگانە کەوا لە خزمەتی هاوڵاتیاندایە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە مەزاد بدرێت بەو کەسانە یا خود بەو مقاولە نیشتیمانپەروەرانە کە هەمیشە لە خەمی میلەتەکەمانن نەك لە خەمی گیرفانیانن نمونەش گروپی کۆمپانیاکانی هێمنە کە نیشتیمانپەروەر و کوردپەروەرن کە خالید خۆشناو خاوەندارییەتی دەکات باشترین گەواهیش بۆ قسەکانم شەقامی سەد و بیست مەتری و سەد و پەنجا مەترین کە زۆر جار سیولەش نەبووە کەچی ئەو بەڕێزە ئەو پڕۆژە ستراتیجییەی ڕانەگرتووە چوار پێنج مانگ پێش وادەی خۆی تەسلیمی کردووە بە هاوڵاتی خۆیان واتا بە ئەندازیاری ناوخۆ دەمەوێ یەك شت بڵێم بۆ مێژوو کە تیرۆریستانی داعش هجومیان کرد لە ساڵی (٢٠١٤) هێرشیان کردە سەر کوردستان هەر کەسێك هەر سەروەت و سامانەی لەبەر دەستی بوو کۆی دەکاتەوە بڕوات و کوردستان بەجێ بێڵێت کەچی ئەو پیاوە بەڕێزە هات بەردی بناغەی سەد و بیست مەتری دانا لە سەر حسابی خۆشی هەموومان دەزانین، بۆیە من دەڵێم حەقە ئەو پڕۆژانە جەنابی وەزیر تازە زۆربەی زۆری هەڤاڵان باسیان کرد ئەو پیاوەی نیشتیمانپەروەرە لە خەمی خەڵکدایە لە خەمی میللەتدایە با تەکریم بکرێت نەك ئەوانەی دێن هەزار ڕێگا دروست دەکەن بە مانگێك ڕێگامە سەقەت دەبێت و کۆتایی پێ دێت هەمان قسەشکم بۆ کابین گروپە کە بە هەمان شێوە بە ستانداردی جیهانی و بە نیشتیمانپەروەرانە کارەکانیان جێبەجێ کردووە ئەوەی دووەمم تایبەتە بە شووقەکانی نیشتەجێ بوون بەڕێز جەنابی وەزیر چ پێوەر هەیە مەسەلەن ئەوانی کە بە سەریان دابەش دەکرێت چۆنە هەیە موستەفیدە ناوی خۆی نووسیوە هەیە خانووی بە ناوە ناوی خۆی نووسیوە ئەو یەکانەی نیشتەجێ بوون چۆن بەسەریان دابەش دەکرێت، وە پێوەرەکان چیین؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵ هەیە کە من دەمەوێ باس بکەم یەکەم سەبارەت بە دەڤەری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران باسی شووقەکان دەکەم کە جەنابیشت حەتمەن ئاگاداری کە لە ساڵی (٢٠١٢) لە سۆران سەد و چل و چوار شووقە دروست کراون وە هەروەها لە رواندوز هەفتا و لە چۆمانیش بە هەمان شێوە هەفتا شووقە دروست کراون ئەوانەی سۆران تەواو کراون، بەڵام ئەوەندە لە مێژەیە هێشتا دابەش نەکراون هەموویان تێکچوون و دووبارە پێویستییان بەوە هەیە کە چاککردنەوەیان بۆ بکرێت و سیانە بکرێن ئەوانەی رواندوز و چۆمانیش هێشتا تەواو نەکراون و بەشێکیان هەیکەلن مەبەستمە بزانم و پرسیار لە جەنابت بکەم کە ئایا ئەوانە کەی تەواو دەبن و دابەش دەکرێن بە سەر خەڵکی بە تایبەت کە ئێستا بارودۆخی دارایی باشترە و پێمانوایە دەتوانن ئەو بابەتە چارەسەر بکەن خاڵێکی تر سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی سۆران کە جەنابت دەزانی کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تازە لە سۆران کراوەتەوە وە لە کاتی کردنەوەش جەنابت ئامادە بووی ئەو بەڕێزانەی کە لەوێ بوون لە مودیر ناحییەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە رووی تەکنیکی زیاتر شارەزان موعاناتی ئەو دەڤەرەیان باس کرد لە

رووی ڕێگاوبان و ئەو بابەتانە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە دروست کراوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ ئەم دەڤەرە، چونکە جەنابت دەزانی ئەو ناوچەیە ناوچەی ئیدارەی سۆران لە رواندوز بگرە لە مێرگەسۆر و چۆمان ناوچەی شاخاوین، وە ئەو ڕێگاوبانانە زوو زوو تێك دەچن و خـــراپ دەبـــن، بەڵام ئەو بـــوودجەی کە هەیە زۆر زۆر کەمە ئێســـتا بـــوودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە ئێستا دروست بووە دەوری بیست بۆ سی ملیۆن دینارە ئایا بەو بودجە کەمە چ کارێك دەتوانرێ بکرێت بۆ ڕێگاوبان جەنابت دەزانی ڕێگاوبان ژێرخانێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری بۆ هەموو ناوچەیەك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بە کاتەوە هەیە بەوە نییە کە تەواو بووە یا نە، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و شاندی یاوەری دەکەم و دەستخۆشیم بۆ لیژنەی تایبەتمەند، من لە یەکەم وەرزی یاسادانانی ئەو پەرلەمانە بەڕێزەوە باسی ڕێگاکانی دۆڵی بالیسان و مەلەکان و ئاکۆگرەوان ئەوە خۆلەکە بە کۆتایی دێت، بەڵام هەتا ئێستا مەترێکیان بۆ نەکرا باسی گوندەکان ناکەم کە چەند وێرانەنە پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو شووقە و باڵەخانانە بوەستێنن و بە عەدالەت ئەو پڕۆژانە بەسەر قەزا و ناحییەکان و گوندەکان دابەش بکەن؟ گوند هەیە پازدە ساڵە بیری بۆ لێدراوە تا ئیستا ئاوی بۆ دابەش نەکراوە خەریکە گوندەکە چۆل دەبێت، وە هەروەها دیارە ئەو مەترسییانەی باسی وشەکەساڵی و ساڵانی ئایندە دەکرێت کە کارەساتی گەورە بەڕێوەن بۆ زیاتر ئیهتیمام بە گوندەکان نادەن بۆ ئەوەی ئاوەدان بکرێنەوە و کشتوکاڵ و سێکتەری کشتوکاڵی بووژێنرێنەوە بۆ رانیە دیارە نەخۆشخانەیەکی دوو سەد و نەوەد قەرەوێڵەیی کە جەنابیشت عیلمت هەیە و ئاگاداری (٨٠٪)ی بەسەرەوە تەواو بووە ئەو هەموو مەسرەفەی بۆ کراوە و دە ساڵە بۆ راگیراوە؟ شەستییەکەی رانیە بە راستی ئێستا رانیە بە گوند دەچێت بە شار ناچێت داواکارم ئەو پەیامەمان بگەیەنن بە ئەنجومەنی وەزیران لێرە بەدواوە عەدالەت پیادە بکەن لە دابەشکردنی پڕۆژەکان هەر ئیهتیمام بە شارە گەورەکان مەدەن و بگەڕێنەوە بۆ خانووە قووڕەکان و قەزا و ناحییەکان و گوندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی سوپاس، نوقتەی نیزامی وەرناگرین کاك هاوڕێ، كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و وەفدی یاوەری دەکەین، رەوشی ڕێگاوبانەکان بە راستی لە سەرجەم کوردستاندا لە نێوان شار و شارۆچکەکان زۆر خراپە بە تایبەتیش گەرمیان من باسی گەرمیان دەکەم کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە هەموو جادەکانی لە نێوان کەلار دەربەندیخان، سلێمانی کەلار، جەلەولا کەلار، کفری کەلار، مەرزی پەروێزخان، کەلار پشتە، کەلار سەنگاو، وە هەروەها کفری کارێز کە ئەو جادە سەرەکییە

رۆژانە هەزاران سەیارە پێیدا هاتووچۆ دەکەن کە نێوانەکەی هەزار و پێنج سەد مەترە و چەندین جار بەڕێز وەزیریشم ئاگادار کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو جادەیە تەواو بکەن، بەڵام هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە بە راستی ئێمە ئەگەر سەیری جادەی کەلار دەربەندیخان بکەین بە نموونە (٥٥٪)ی تەواو بووە ئەو جادەیە بە جادەی مەرگ ناسراوە رۆژ نییە رووداوی هاتووچۆ روو نەدات ئەمە هەم لە رووی ئەوەی کە خەڵك گیان لە دەست دەدات هەم لە رووی داراییشەوە هەم لە رووی ئابووریشەوە و هەم زەرەر لە هاوڵاتیان و حکومەتیش دەگەیەنێت، بۆیە ئێمە لێرە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەڵێندان زۆر ئاسانە، بەڵام کردار شەرتە لە دوای سی و یەك ساڵ حکومداری کوردی گەرمیان ئێستا دوو ساید و سکەی قەتارمان ناوێ تەنها ئەو جادە کۆنانە قیرتاو بکەن کە پەنجا شەست ساڵە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دروستکراوە تەنها قیرتاوێکمان بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی خۆشت رۆژانە هەم لە نێوان هەولێر سلێمانی و هەولێر کۆیە هاتووچۆ دەکەی جادەکەکان دەبینی و سەردانی گەرمیانیش دەکەی ئەو جادانە وەزعی چۆنە نازانم ئیتر سەیارەکانی ئێوە تاسە دەکات یا ناکات وەڵاهی ئەوە نازانین بە راستی وەزعی ئەو جادانە زۆر زۆر خراپە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بیستومانە شەست ملیار دینار سەرف دەکرێت بۆ جادەی نێوان کەلار دەربەندیخان....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حمە صاڵح فەرمووو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە بەخێر بێن، یەکێك لە گرفتە گەورەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هیچ بەرپرسێك قسەی لەسەر ناکات ئێستا کە من قسە دەکەم لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئیدارەی سلێمانی هەشت سەد و حەفتا و سێ پرۆژە لە ناویاندا پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە سەد لە سەد وەستاوە ئەو فۆرمە لە حکومڕانی بەردەوام بێت ساڵێکی تر و دووی تر و سێی تریش نە پرۆژەی شارەوانی نە ئاودێری نە ئاوەڕۆ نە جادە و نە رێگاوبان ناکرێت لە داهاتی خۆت سلێمانی دەڵێت داهاتم سەد ملیار دینارە بەس بۆ مووچە و نەسریە سەد و پێنج ملیارم پێویستە پرۆژە بە چی بکرێت ئەگەر ئێستا داهاتی نەوت سەد و دە دۆلار بێت نەتوانرێت بکرێت و کەواتا ناکرێت لە نەتیجە بەشێکی گەورەی کوردستان وێران دەبێت هیچ پرۆژەیەکی خەدەمی ناکرێت رۆژانە دەوترێت سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا بە تەرخانکردنی پارە بۆ نمونە بۆ ئاوی چەمچەماڵ بۆ رێگای دەربەندیخان بۆ رێگای هەڵەبجە بۆ رانیە نەتیجە لە داهاتی خۆت داهات نییە قسە لەگەڵ کاك عبدلرحمن مودیری بانك دەکەی دەڵێت هەزار کتابم لەبەردەمدایە کە سیولە نەبێت لە نەتیجە کوردستان ئاوای لێدێت شوێنێك دەبێت کە ژیانی تێدا نامێنێت، بۆیە چارەسەر چییە داهاتی کوردستان دەبێت بە رێك و پێکی کۆ بکرێتەوە بێتە خەزێنەی دەوڵەت بە عەدالەت تەوزیع بکرێت ئەگەر نا ئێستا هاوڵاتییەکی گەرمیان دەپرسێت چی من و ئەو حکومەتە بە یەکەوە دەبەستێتەوە هیچ خەدەماتێکم نەبێت هیچ شتێکت نەبێت، بەڵام لە شوێنێکی تر کە داهات هەیە برۆ تەبیعییە خەدەمات هەیە دەڵێن پارە لە کوێ بوو پارە تەنها داهات نییە تەنیا ئەو سێ چوار ئامارە دەخەمە روو زەوی ئەم وڵاتە گەورەترین فەسادی تێدایە کە بەکار

ناهێنرێت تەنیا بە سێ پارچە زەوی بچووك لە چاڤیلاند بەهاکەی سەد و بیست و چوار ملیۆن دۆلارە سێ جار ڕێگای کەلاری پێ تەرخان دەکەی بە دوو پارچە لە سەر سەد مەتری و سەد و بیست مەتری کە هەمووی پێنج سەد ملیۆن دۆلاری تێچووە بەهای دوو پارچە زەوی یەکییان سێزدە ملیۆن مەترە یەکییان شەش سەد و دوازدە پێنج ملیار دۆلارە بەس ئەو دوو پارچە زەوییە بەهاکەی دە هێندەیەتی دوو دۆنم زەوی لە زۆنی زێڕ دەدرێت بە یەکێك بەهاکەی دە ملیۆن دۆلارە ئەم فەسادانەی لە زەوی بخرێتە ڕێگاوبان شەش جار تەواو دەبێت، پاشان بۆ سکەی قیتار من سەرنجێکم هەیە هەندێك برادەر باسیان کرد کە سکەی قیتار لە سەر بوودجەی حکومەت ناکرێت ئیستیسمار ناکرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دەستخۆشیم بۆ لیژنەی تایبەت و بەخێرهاتنی وەزیری تایبەتمەند دەکەم، بێگومان خراپی ڕێگاوبانەکان کاریگەری خراپی هەیە لە سەر تەواوی سێکتەرەکانی تر، بۆیە من چەند پرسیارێکم لە وەزیری بەڕێز هەیە دەربارەی ڕێگاوبانەکانی سنووری ئیدارەی راپەڕین دوو سایدی نێوان قەزای رانیە و قەزای قەڵادزێ کە بەشێکی تەواو کراوە و لە ئێستادا رانیە دەربەند تەواو بووە، بەڵام دەربەند بۆ قەڵادزێ تا ئێستا بە تەواونەکراوی ماوەتەوە و ماوەی چەند ساڵێکە هیچ کارێکی تێدا ناکرێت ئایا لە پلان و بەرنامەدا هەیە کە ئەم دوو سایدە تەواو بکرێت لە داهاتوودا؟ هەروەها بە نسبەت ڕێگاوبانی گوندەکانی بناری قەندیل کە ناوچەیەکی دوورە دەستە و دابڕاو و شاخاوی و ناوچەیەکی سەختە هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیە ناتوانن بۆ خیان ڕێگاوبانەکان بە شێوەیەکی وا ڕێك بخەن کە هاتووچۆی پێدا بکەن بەرنامەی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چییە بۆ ئەوەی ئەم گوندانەش ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و جادەی پێویستیان بۆ جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیر و ستافە بەڕێزەکەی دەکەم، من لە سەرەتا بە راستی دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ماوەیەکە دەبینم هەنگاو دەنرێ بۆ قیر کردن و چاککردنی هەندێك ڕێگای گوندەکان هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم ناکرێت هەر شتە خراپەکان باس بکەین لێرە من دەمەوێ ئەوەش باس بکەم هەست بەوە دەکەم و بینیومە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم چەند پرسیارێکم هەیە موختەسەر دەچمە ناو بابەتەکە ئەو پارانەی کە لە بازگەکان بە ناوی سۆنەر وەردەگیرێت ئایا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پارەکە وەردەگرێت یان نا؟ ئەگەر وەریدەگرێت ئایا چۆن سەرف دەکرێت؟ دوو پێویستە برێك بە راستی پێموایە (٧٪)ە بە پێی یاساکە ئەم پارەی نەوتە بۆ چارەسەر و چاککردنی بە هۆی تێکچوونی بارهەڵگرەکان و بۆ

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سەرف دەکرێت وەردەگیرێت یان نا؟ سەبارەت بەو شوقانەی تەواو نەکراون پێویست نەبوو بە راستی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزتان و سەرۆکی حکومەت قۆناغی یەکەم تەواو بکەن و بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە مەسرەفی لێ نەکرێتەوە و بیر لە بیست هەزارییەکەی تر بکەنەوە چەند رێگایەکی گرنگی سەرەکی هەیە زۆربەی باسکراوە من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە کەلارە کفریە راپەڕین و دوکانە کۆیە و هەولێرە، بەڵام ئەوەی کە من سێ جار نوسراوی تایبەتم لە سەر رێگای کۆیە کردووە و دوا نوسراویشم پێشنیارێك بووە بۆ جەنابتان کە لە (٥٠٪)ی ئەو پێویستییەی هەیەتی دەتوانرێ چارەسەری بکەین، وە پێشمویە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە رێگای کۆیە هەولێر رێگایەکی ستراتیجییە کۆمەڵێك رێگای تری تێکداوە بە هۆی بارهەڵگرەکانەوە ئەگەر چارەسەری نەکەن خۆ ئەگەر بتوانن ئەو رێگایە تەواو بکەن دەتوانن ئەو رێگایەی ئێستا بۆ بارهەڵگرەکان بە تەنیا بە کار بێنن پێموایە سودی لێ دەبینن ئێستا رێگای دۆڵی سماقوڵی تێکچووە رێگایەکەی کۆیە و هەولێر جارێکی تر چاککراوە رێگای دەشتی کۆیە جارێکی تر چاککراوە رێگای ئاغجەلەل جارێکی تر چاککراوە پێموایە هەموو ئەو رێگایانە بە هۆی بارهەڵگرەکانەوە تێکچووە ئەگەر بیر لەوە نەکرێتەوە رێگایەك تایبەت بکرێت بەوە من پێموایە کۆتایی بەم رێگایانەش دێت وردە وردە گلەیی و گازندەکانمان زیاد دەکات، وە ناتوانین چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانمان بکەین هیوادارم بەدواداچوون هەم بۆ وەڵامی ئەم پێشنیارەی من کە سێ جار ناردوومە بۆ وەزارەت جوابتان نەداوەتەوە حەقە بە بوون و نەبوون هەر وەڵامێك هەبێت وە مەسەلەی ئەو رێگایەش بخەنە بەرنامەی کارێکی ستراتیجی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، لە دە ساڵی رابردوودا چل هەزار رووداوی هاتووچۆ روویداوە هەشت هەزار کەس بە هۆی رووداوەکانی هاتووچۆ گیانیان لە دەستداوە هەشتا و پێنج هەزار کەس بریندار بوون کە بەشێکیان کەمئەندام بوون ئەم ئامارانە زۆر گرنگن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ دە مانگی ساڵی (٢٠٢١) سێ هەزار و سەد و حەوت رووداوی هاتووچۆ لە کوردستان روویداوە چوار سەد و حەفتا و شەش کەس بە هۆی رووداوەکانی هاتووچۆ گیانیان لە دەستداوە پێنج هەزار و سێ سەد و هەشتا و چوار کەس بریندار بوون کە بێگومان بەشێکیان کەمئەندام بوون لە هەرێمی کوردستاندا زۆرترین رێژەی مردن بە هۆی رووداوەکانی هاتووچۆ و زۆرترین رێژەی کەمئەندام بوون دیسان بە هۆی رووداوی هاتووچۆیە زۆرترین رێژەی قوربانی بۆ منداڵ دیسان بە هۆی رووداوەکانی هاتووچۆیە بەڕێزان باسیان لە رێگای نێوان کەلار بۆ سلێمانی کرد تەنیا ئەو رێگایە نییە هیچ ئیدارەیەکی سەربەخۆ و پارێزگای سلێمانی رێگاکانیان دوو ساید نین یان بەشێکی کراوە و بەشێکی بە نیوەیی ماوەتەوە داهاتی مەرزی پەروێزخان بۆ مانگێك زیاتر لە بیست ملیار دینارە خۆ ئەگەر داهاتی ناوخۆی گەرمیان وەرگری حدودی سی ملیارە نیوەی ئەو ژمارەیە کە لیزا خان وتی هەر کەسیش هەر دەڵێت وانییە با

بە رەقەم بـۆی بخەیـنەڕوو قسـەکە ئەوەیە لە مـاوەی رابـردوودا سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان حەفتا ملیاری تەخسیس کرد بۆ ئەم رێگایە، وە ئێستاش دەڵێن شەست ملیـار دینـاری تر تەخسیس کراوە بۆچی تەواو نابێت؟ ئایا کەسێك لە (٥٠٪)ی رێگاکەی تەواو کردبێت چـاوەڕێ بێت بە دەقیقی (٥٠٪) پارەکە وەرگرێت ئەمە دەڵاڵییە ئەمە بۆ نمـونە کۆمپانیـا نیـیە رێگاوبانێـك تەواو بکات یەعنی تۆ لە (٤٠٪) تەواو بکەی ئینجـا (٤٠)ی پـارەکە وەرگری لە (٥٠٪) تەواو بـکەی و (٥٠٪)ی پـارەکە وەرگـری ئەمە چـۆن بازرگـانێکە چـۆن سـەرمایەدارێکە لە هەولێـر وا نیـیە لە شوێنەکانی تر وانییە، بەڵام نازانم بۆچی دە ساڵە ئەم رێگایە وایە کابرا دەڵێـت بـۆ نمـونە مـن لە (٥٠٪) تەواو دەکەم (٥٠٪)ی پارەکەم وەرگرتبێت هەموو کەسێك دەتوانێت ئەمە بکات....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکانت بە جێیە بەڵام کاتەکەت تەواو بوو، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دەستخۆشی لە لیژنەی ئامادەکار دەکەم بۆ راپۆڕتەکەیـان و بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدی هاوڕێی دەکەم، ئەو کۆمپانیایانەی کە زەویان پێ دەدرێـت بە دروسـتکردنی یەکەی نیشـتەجێ بـوون کە پێویسـتە لە سـەر حکـومەت کە ئەو کۆمپانیایـانە مولزەم بکات کە لە (٣٠٪) زەویەکەی تەرخان بکات بۆ دروستکردنی شووقە و خـانوو بـۆ خەڵکـی کەمدەرامەد بە تـایبەت بـۆ کرێنشـینان نـاکرێ هەر چـی زەوی نایـابە بە بـێ بەرامـبەر بـدرێت بە وەبەرهێـنەر لە بەرامـبەردا یەك کرێنشـین لێـی سـوودمەند نەبێـت لە پـڕۆژەی زەوی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان تەبـعەن زەوی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتانە پێویسـتە خەڵـکەکەی لـێ سوودمەند بێت بەڕێز جەنابی وەزیر بۆچی تا ئێستا پڕۆژوە وەبەرهێنـان نەبـۆتە کەمکـردنەوەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا شەش سەد هەزار خەڵکی بێکـار کە لە ناویانـدا سـێ سەد و نەوەد و سێ گەنجی شازدە بۆ بیست و چوار ساڵی بێکارن زۆری کرێنشـینی و کرێـی زۆر و نائـارامی دروسـت کـردووە کە بـۆتە هـۆی کێشـەی کـۆمەڵایەتی و هەڵوەشـانەوەی خێـزان بەداخەوە کە چەندین سـاڵە مەعلـومی جەنابتـانە پـڕۆژەی نیشـتەجێ بـوونی کرێنشـینان تەواو کـراوە بەداخەوە بـۆتە وێـرانە کرێنشـینان کە بە پێـی ئەو فـۆڕمەی پڕیـانکردۆتەوە چـاوەڕێی وەرگرتنـی ئەو شـوقانەن ئومێـد دەکەم وەڵامـان بـدەیەوە بـزانین بـۆ ئەو شـووقانە سـەرەڕای ئەوەی بـوونەتە وێـرانە دابەش نـاکرێن و خەڵکـی کرێنشـین لێـی سـوودمەند نـابن شـووقە و سیتییەکان وای کردووە کە چینایەتی دروست بکـات کە تەنها دەوڵەمەنـدەکان لێـی سـوودمەند دەبن پێویستە حکومەت پلانی هەبێت کە کارئاسانی بکات بۆ هاوڵاتیان پێشـەکی و قیسـتەکانی کە دەدرێت بە وەبەرهێن بکـرێتەوە تـاوەکو هاوڵاتیـان سـوودمەند بـن، وە رێـژەی کرێنشـینی لە هەرێمـی کوردسـتان کەم بکـرێتەوە و ئەو کەسـانەی کە توانایـان نیـیە لە شـووقە و سـیتییەکان سوودمەند بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بدریە خان، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە، لە راسـتیدا بـابەتی رێگاوبانەکـان یەکـێکە لەو بابەتـانەی کە زۆرێـك لە هاوڕێکان باسیان کرد یەعنـی ئەم بـابەتە بـۆتە مـاڵوێرانە بە راسـتی بەشـێکی ئەم مـیللەتە ژن و خوشـك و منـداڵ و هەمـووی لەو رێگایـانە تێچـوون لە رێگـای کەلار سـلێمانی لە رێگـای هەولێـر سلێمانی هەر بە راستی شەرم نییە چەند ساڵە نەتـوانن رێگـای سـلێمانی هەولێـر بکرێـت بە دوو ساید رێگای کەلار سلێمانی تەواو بکرێت رۆژانە لەو رێگایانە خەڵـك دەبێـتە قوربـانی بە راسـتی ئەگەر مـن بـم دەسـت لە کـار دەکێشـمەوە پێمـوایە نەك وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە دەبێـت ئەو حکومەتەش لە سەر ئەوەی رۆژانە خەڵك لە ناو دەچێـت دەبێـت دەسـت لە کـار بکێشـنەوە ئەمە یەکەم دووەم کاکە قیتارمان ناوێ بەس تاسە و رێگاوبانەکانمان بۆ چـاك بـکەن، جـا مـن تێنـاگەم دەستەی وەبەرهێنان هەیە وەزارەتی شارەوانی هەیە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چی دەکات هەر لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی فەرمانگە و وەزارەتەکان بە راستی مـن بـم لای دەبەم ئـێ بـۆ ئەو هەمـوو باڵەخـانە و ئەو هەمـوو یەکەی نیشـتەجێ بـوونە بە بیسـت دەفـتەر و سـی دەفـتەر دروسـتکرا ئەو هەمـوو سـاڵە بـۆ بیرێکیـان لەو خەڵـکە فەقیـر و هەژارە نەکـردەوە هەر کە پڕۆژەیەکیان دەدا بەم دەوڵەمەندانە با پڕۆژەیەکیشیان بۆ فەقیر و کەمدەرامەتەکان بکردایەوە، وە بە راستی من گەشبین نیم بەم دانیشتنانە، لەبەر ئەوەی وەکو دانیشتنەکانی دیکە ئەم وەزیرە بەڕێزانە دێنە ئێرە تەنها قسە دەکەین و دواجار دەکرێتە دەنگدان و کۆمەڵێك راسپاردە دەکرێـت هیچ شتێك نە لە ژیانی خەڵك دەگۆڕێت، وە ئـێمە هەر بەو رێگـایە دەڕۆیـن و هەر بە سـەیارەش دێین و دەڕۆین و بەو جادە ناخۆشانە و قیتارەکەش نایەت بمانبـات یەعنـی دەبێـت نەتیجەمـان هەبێت بۆ ئەم دانیشتنانە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بەس بە زۆریـنە و بە قەراردانـی دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەگەر ئێـوەش هەر بە زۆریـنەش یەکلایـی دەکەنەوە تکـایە بـا شـتێك لە ژیانی خەڵك بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی رێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندە خراپن نازانی لە کوێـوە دەست پێ بـکەی نـازانی چ رەخـنەیەك بگری لە هەر چـوار پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان بە هەمان شێوەیە، دوایی سـی سـاڵ حکـومڕانی و نـۆ کـابینەی حکـومەت هەتـا ئێسـتا رێگـای یەك سایدەکان هەر یەك سایدن و نەکراوە بە دوو، وە نازانم ئەو قوربانیانە حکـومەت راناچلەکێنێـت رۆژانە ئەو هەمـوو بریـندار و کەمئەنـدامانە دروسـت دەبێـت بە هەر حـاڵ مـن دوو سـێ نمـونە دەهێنمەوە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە سەبارەت بە پردی تووەقوت دوو کابینەی حکومەت لە سـاڵی (٢٠١٩) کـابینەی هەشـت لەم دوو سـاڵەی کـابینەی نـۆ هەر بڕیـار دەدات و بـوودجەی بـۆ تەخسیس کراوە یەعنی مانای نییە سێ ساڵە پردێـك هەڵەبـجە دەبەسـتێتەوە بە گەرمیـان هەتـا ئێستا تەواو نەکراوە و دراوە بە کۆمپانا و کۆمپانیاکە ئامادە نییە کارەکانی بۆ بکات و دەست پێ

بكات تا ئێستا هیچی نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەم پردی تووەقوتە کەی دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە کاری جدی لە سەر ناکات بۆ خەڵکی هەڵەبجە ببێت بە قوربانی کێشەی تەندەرینی کۆمپانیاکانی ئەوەی کە تایبەتە بەمەوە خاڵێکی تر حەفتا و دوو یەکەی نیشتەجێ بوونمان هەیە لە هەڵەبجە هەتا ئێستا ملیارێك و تەقریبەن سێ سەد تا سێ سەد و پەنجا ملیۆنی دەوێت کە تەواو بێت دوو سەد و پەنجا و یەك ملیۆنی دەوێت بۆ خزمەتگوزاری مانای هەیە تا ئێستا نەتوانرێت ئەو پارەیە تەخسیس بکات ئایا حکومەتێك نەتوانێت کەمتر لە دوو ملیار تەخسیس بکات بۆ تەواو کردنی پڕۆژەیەکی حەفتا و دوو یەکەی نیشتەجێ بوون لە هەڵەبجە کە بیدات بە خەڵکی کەمدەرامەد ئەی چۆن دەتوانێت بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون بکاتەوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان ئایا ئەمانە هەر بەڵێنە و ناچێتە ئەرزی واقیعەوە؟ خاڵێکی تر چل و هەشت یەکەی نیشتەجێ بوونمان هەیە لە خورماڵ کە (٢٠٪)ی پڕۆژەکە تەواو بووە، لەبەر ئەوەی گرفتی تەندەرینی تێدا بووە ئەویش وەستێنراوە ئەوە دە ساڵە لە (٢٠١٢)ەوە هەتا ئێستا ئەویش نزیکەی کەمتر لە دوو ملیاری دەوێت بۆ ئەو پڕۆژەیە ناکرێت؟ بۆ نادرێتەوە بە کۆمپانیایەکی تر؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، لە راستیدا هەموو برادەران باسیان کرد رێگاوبانەکان هێندە خراپن هەتا دانیشین قسەی لە سەر بکەین هەڵدەگرێ کە قسە لە سەر خراپی رێگاوبانەکان بکرێت بەداخەوە رۆژانە و ساڵانە لەگەڵ زیادبوونی رێژەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پلانێك نییە بۆ چارەسەرکردنی رێگاکان بەو خراپییەی کە هەیانە، وە رۆژ بە رۆژیش خراپتر دەبێت وەڵاهی چاڵی وای تێدایە ئەو رێگایانە کە پێیدا دەڕۆی سەیارە یەکسەر وەردەگەڕێت یەعنی رەفیقی خۆم هەیە شەش مانگ بووە هاوسەرگیری کردووە رووداوی هاتووچۆی کردووە یەکسەر ئافرەتەکە لێی جیا بووەتەوە تووشی نەخۆشیەکی قورسی پشت بووە بەڕێزان رێگاکانمان هێندە خراپن کە بە راستی نازنم لە کوێ دەست پێ بکەم رێگای هەولێر بۆ حاجی ئۆمەران رێگای هەولێر بۆ سلێمانی رێگای سلێمانی بۆ کەلار یەعنی بە راستی ئەگەر نەکرێنە دوو سایدیش خۆ دەکرێت چاودێری وەزارەتی لە سەر بێت ساڵانە و مانگانە بەدواداچوون بکات، بۆئەوەی کە لە رێگای شارەوانییەکانەوە بێت لە رێگای وەزارەتەوە بێت تیمێك هەبێت بۆ ئەوەی کە نۆژەن بکرێتەوە چاڵەکان لابرێت تاسەکان چاك بکرێت کە بۆنەیەك دێتە پێشەوە جەژنێکە بۆنەیەکی رەسمییە بڕوا بکە بە هەشت سەعات و بە شەش سەعات لە هەولێر ناگەیتە حاجی ئۆمەران ناگەیتە چۆمان و بە شەش سەعات لێرە ناگەیتە سلێمانی بە راستی پێموایە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و ساڵانە ئێمە ئەو داتایەی خوێندیانەوە مرۆڤ رادەچڵەکێنێت کە بە هەزارەها خێزان شیرازەی خانەوادەکەی تێکدەچێت وە دەیان کوشتار و مردنی لێدەکەوێتەوە، وە من لە سەر رێگاکان یەك دوو پرسیارم هەبوو تونێلی کۆڕێ خەلیفان ماوەرانی پێ دەڵێن کەی کۆتایی پێ دێت بە ئەنجامەکەی؟ یاخود ئەوەی شەقڵاوە کە

ئێستا توونێلێکە کە تەواو نەبووە ئەمە پرسیاری یەکەم لە سەر یەکەکانی نیشتەجێ بوون بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە سلێمانی لە هەولێر لە سۆران یەکەی نیشتەجێ بوون بەشێکیان لە (٢٠١٤)ەوە بوودجەیان بۆ تەخسیس کراوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا تەواو نەکراون...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت کاك مسلم، کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیر و ستافەکەی دەکەم، دیارە لە ڕاسپاردەکانی ڕاپۆڕتەکە خاڵی یەکەم لە و ڕاسپاردەکان لە خاڵی چوارەم هاتووە چاککردنەوەی ڕێگاوبانی نێوان شار و گوندەکان بە ڕاستی پرسیار لە جەنابی وەزیر ئایا وەکو پێویست گرنگی دراوە بە ڕێگای گوندەکان؟ من پێموایە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، چونکە دەلیل لە سەر ئەوەی کە لە ناحیەی باسورمە لە ڕێگای قەندیل تا نزیك شەقڵاوە نزیکەی بیست گوند لە سەر ئەو ڕێگایەن ماوەی چەندین ساڵە کە بە ڕێگای گڕاو بابەجیجك ناسراوە نزیکەی چەندین ساڵە محاوەلە دەکەن نوسراو دەکەن تا ئێستا ئەم ڕێگایە چاك نەکراوە و خەڵکەکە زۆر بێزارن لە خراپی ئەم ڕێگایە خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە خاڵی پێنجەمی ڕاسپاردەکان ڕاپۆڕتەکە باسی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر دەکرێت ئایا قۆناغەکانی دەستپێکردنی هێڵی شەمەندەفەر کەی دەست پێدەکات؟ خاڵێکی تر لە سەرەتای کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە هەڵمەتێکی باشکرا بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەرێم بە گشتی واتا سیانە کردنیان کە بڕی چل ملیار تەرخانکرا، بەڵام ئەم هەڵمەتە لە مانگی (٢٠١٩/١٠) کۆتایی هات و پرسیار لە جەنابی وەزیر ئایا بۆ هەڵمەتی دووەم و سێیەم بەردەوام نەبوو لە کاتێکدا ڕێگاکان پێویستییان بە چاککردنی بەردەوام هەیە، خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە پێی بەدواداچوونی ئێمە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕێگاوبانەکانی هەرێم سەرەڕای کەمی ئامێرە قورسەکان بۆ چاککردنی ڕێگاکان کەمی شوفێرانی ئەو ئامێرانەش هەیە کە ساڵانە ژمارەیەکیان خانەنشین دەبن، وە کەسی تر دانامەزرێت پرسیار لە جەنابی وەزیر ئایا چ کراوە بۆ ئەوەی ئەوانە دابمەزرێن لە کاتێکدا ئەوانە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزایان دەوێت هەموو کەسێك ناتوانێت ئەو ئامێرانە بەکار بێنێت، خاڵی پێنجەم کەمی سولفەی دەوائیرەکان یەعنی ئەو دائیرانەی هەڵدەستن بە کاری سیانە و چاککردن ئەوەش وای کردووە کە سیانە کردنی ڕێگاکان بە شێوەیەکی بەردەوام دوابکەوێت چ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەو سولفەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کلارە خان فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا جەنابێ وەزیر و شاندێ دگەلدا دکەین، خەلکێ مە گەلێ کلدانی سریانی ئاشووری بارا پتر ل گوندا دژین بۆ نمونە ل پارێزگەها دهۆکێ و ئەوێن ل گوندا دژین دەستخۆشیێ لێ دکەین، چونکە قارەمانن سەرەڕای هەبوونا کەم و کوڕییا لێ سەر عەردێت خۆ ییێت مێژووی دژین و

گرنگیێ پێ ددەن کارێ کشتوکاڵی دکەن وە گونـدێت مە گەشـە کـرینە ژ لایـێ گەشـتیاری و حەز دکەن پرۆژێت خودان کرنا ئاژەڵان ژی بکەن پلانا کابینا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ یـا ئاشـکرایە کـو بەردەوام دەعمـا خەلکـێ گونـدا بـکەت وە ل جهێن خـۆ یـێن مێـژووی بـژین، لـێ ژمارەیەك ژ وان گوندێن مە رێکێن وان خرابن یێت سەرەکی ژی هەروەسا یێت ناڤخۆیی ژی، ئو ئەو گوند ژی ژمارەکا مەزن ژ ئاوارە وەحەواندینە دەمێ هاتنا داعشێ ل سالا (٢٠١٤)، وە بۆ نمونە گوندێ شیوس سێ سەد خێزانێن برایێن ئێزدی ژ (٢٠١٤) هەتـا نـوکە لـێ دژیـن وە ئەو ژمـارە ژی مەسترە ژ ئاکنجیێن گوندی بخۆ خەلکێ گوندێن مە وەکی بێرسڤێ، شیوس، ناڤکەندالا، باخدمێ ئەبزرۆکشــن، پێشــخابوورێ، ئینشــکێ، ئەرادن، قەرەولا، دێرەبــوون، مێرگەســۆر، شــکەڤدەلێ، هێزەڤ و باجدا، لەومـا دخـازین ژ وەزارەتـا ئـاڤەدانکرنێ گـوژمەکێ تـایبەت ژ بـۆ رێـك و بانێـت پێکهاتا تەرخان بکەت دا ژیانا وان گەشەتر لێ بهێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە و شـاندی یـاوەری دەکەیـن وە پێویسـتی دەزانم لە دەستپێکدا دەستخۆشیان لێ بکەین لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە بواری رێگاوبـان کاری باشیان کردووە هیوادارین لە و شوێنانەی کەوا پێویست دەکات زیاتر رۆڵی خۆیان ببینن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە کورتی دەمەوێ لە سەر رەوشـی رێگاوبـان لە سـنووری ئیـدارەی سەربەخۆی سۆران کە سنوورێکی بەرفـراوانە چـوار قەزا و سـێزدە نـاحیە و هەشـت سـەد و نـۆ گوند لە خۆ دەگرێـت چەنـد تێبینیـیەك بخەیـنەڕوو کە لەگەڵ ئەنـدامانی پەرلەمـانی سـنوورەکە بەدواداچوونمان بۆ کردووە یەکەم داوا دەکەین هەوڵی پێویسـت بـدرێ بـۆ دابینکردنـی ئـامێری پێویست بۆ رێگاوبانەکان، چونکە کەمترین ئامێر لە بەڕێـوەبەرایەتی رێگاوبـان و چـاککردنەوەی رێگاوبانی سۆران هەیە، دووەم بۆ راپەڕاندی کارەکانیان هەروەکو مامۆستا خەدیجەش ئاماژەی پێدا پێویستی بە بوودجەیەکی مانگانە هەیە بە تایبەت بۆ کاتی روودانـی رووداوی سروشـتی و بەستەڵەکی زستان و لافاو و رووچونی زەوی و داڕمانی شاخەکان بۆ سـەر رێگـا سـەرەکییەکان، سـێیەم پێویسـتیمان بە دابینکردنـی کـارگەیەکی قیـڕ هەیە تـا بە هـۆیەوە بتـوانین لە نزیکتـرین دەرفەتـدا کێشـە و گرفتەکـانی رێگاوبـانی خۆیـان چارەسـەر بـکەن، چـوارەم تـایبەتە بە جـووت سایدی حاجی ئۆمەران چۆمان کە لە لایەن وەزارەتتان بە شێوەی بەڵێندەرایەتی کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سسـت کارەکـان بەڕێـوە دەبەن تەنهـا تـا ئێسـتا (٤٠٪)ی کارەکـان ئەنجامـدراوە، بـۆیە گـرنگە پەلە لە تەواوکردنـی پـرۆژەکە بکرێـت، چـونکە رێگـایەکی نێـودەوڵەتییە و هـاتووچۆیەکی زۆری هاووڵاتیـانی لە سـەرە وە کـارکردنیش تەنهـا لەم وەرزە دەکرێت لەبەر هاتنی بەفر و باران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێڕای بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و كاك ئاگرین و شاندی یاوەریان بەخێر بێن، لە دوای بڵاوكردنەوەی بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆ هاوڵاتیان و بەرپرسە ئیدارییەكان زانیارییان هەبوو كەوا بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە ئەمڕۆ میوانی پەرلەمان دەبێت، بۆیە ئەوەی من باسی دەكەم زیاتر داواكاری دوو قەزایە قەزای ئاكرێ و قەزای شەقڵاوەیە لە سەر ئاستی سێ سەد تا سێ سەد و پەنجا گوندی دەڤەری سورچیاتی و دەڤەری خۆشناوەتی زائیدەن ئەو گوندانەی ناحیەی خەلیفان سەرچیا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو جادە لاوەكییانەی كە دروستكرابوون لە پێشتر لە ئیستادا هیچ مەجالی هاتووچۆیان تێدا نەماوە بە تایبەتی رێگای شێخ توراب قەندیل كە لە ئیستادا سەیارە بارهەڵگرەكان بەوێدا هاتووچۆ دەكەن یاخود رێگای فریز هیران مەنتیقەی خۆشناوەتی گوندەكانی دەشتی هەریر ئەمانە هەمووی پێویستیان بە ئاوەدانكردنەوە و رێگاوبان و جادەی نوێ هەیە، بۆیە لێرەوە داواكارین لە جەنابی وەزیر كەوا پاڵپشتمان بێت سەبارەت بەو یادداشت و داواكارییەی یەكە ئیدارییانەی مەنتیقەی بجیل سورچی و دەشتی هەریر و قەزای شەقڵاوە و مەنتیقەی فریز و هیران، وە دەستخۆشیشیان لێ دەكەین سەبارەت بە رەزامەندی دانیان بۆ رێگای زینەتی بالیسان پێموایە ئەم بڕیارە دەرچووە سەبارەت بە نۆژەنكردنەوەی رێگای زینەتی بالیسان لە ئێستادا قائیمەقامی شەقڵاوە پەیوەندی كرد كەوا بڕیارەكە كەوتۆتە بواری جێبەجێكردنەوە، بۆیە پێویستیمان بە هاوكاری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە هەیە لەو سنوورە هیواداریین ئەو یادداشتانەی كە ئاڕاستەیان دەكەین پاڵپشتمان بن، بۆئەوەی لە نزیكترین كاتدا كارەكانمان بكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە و شاندی یاوەری دەكەم، لە راستیدا جەنابی وەزیر هەرچەندە هەڤاڵانم زۆریان باسیان كرد بەس بە راستی تا گەرمیانی نەبی نازانی رێگای كەلار سلێمانی یەعنی چی وای لێهاتووە هیچ گەرمیانیەك نەماوە تەسەوڕ ناكەم مابێت كە ئەگەر كەسێكی دەرەجە یەكی لەو رێگایە لە دەست نەدابێت خزمێكی زۆر نزیكی لەو رێگایە لە دەستداوە چ بە هۆی دەعمی سەیارەوە بێت چ بە هۆی ئەوەی كە وەزعی تەندروستی خراپ بووە و بۆ ئەوەی لە تەوارییەوە بیگەیەننە سلێمانی لەو رێگایە نەگەیشتووە و گیانی لەدەستداوە ئێستا دوو سایدییەكە كە هەر تەواو نەبووە یەك سایدییەكەش بە تەواوی خراپ بووە بە راستی ئەو رێگایە جگە لەوەی پێنج قەزای لە سەرە رێگایەكە لە رووی ئابووریشەوە بۆ هەرێمی كوردستان گرنگە، چونكە جنوبی عێراق و بەغدا و سلێمانی پێكەوە دەبەستێتەوە، وە رێگایەكی ستراتیجییە بە راستی، دواتر هەم گەرمیان ناوچەیەكە كە داهاتی باشی هەیە و هەم مەرزی پەروێزخانی لە سەرە و هەم باشترین نەوتی كوردستان لە گەرمیانە خەڵك ئەم پرسیارانەی هەیە خەڵكی گەرمیان لەمە گلەییان هەیە لێرە وەزیری نەوتمان دەعوەت كردبوو

وتی نەوتێك لە گەرمیان هەیە وەکو شەربەتە بیخۆیتەوە باشترین جۆری نەوتی تێدایە غازی تێدایە، دواتر مەرزی پەروێزخانی تێدایە و کەلاریش یەکێکە لە گرانترین شارەکانە لە رووی زەوی و زارەوە و داهاتیشی زۆرە بۆچی ئەم رێگایە تەواو ناکرێت بودجەکەی زۆر کەم ماوە پرسیارێکی تریش جەنابی وەزیر هەمان رێگای رۆڤیا هەولێر وابزانم سەد و چل ملیارە ئەگەر هەڵە نەبم ئەوەی کەلار دەربەندیخان سەد و سی و حەوت ملیارە ئەمەی رۆڤیا هەولێر تەواو بووە هێشتا (٥٠٪)ی پارەکەی وەرنەگرتووە، وە ئەوە سێ ساڵە خەڵك بە سەریدا هاتووچۆ دەکەن ئەوەی کەلار سلێمانی نیوە زائید یەکی وەرگرتووە تا ئێستا نەگەیشتۆتە باوەنور یەعنی ئەوەی هاوڕێم لیزا خان وتی قۆناغی یەکەمی بۆ باوەنور هێشتا نەگەیشتۆتە باوەنور هێشتا هەر لە قولەبەرزە یەعنی ئەم رێگایە بە راستی بۆتە سرێکی گەورە ئەوە لە سی ساڵە ئەم رێگایە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی نەکراوەتە دووسایدی رێگای دوکان چوارقورنە کە رێگایەکی ستراتیجییە لەگەڵ رێگای هەولێر کۆیە لە راستیدا ئەم سێ رێگایە دەتوانم بڵێم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کابینەیە ئەم سێ رێگایە تەواو بکات بەسە بۆ ئەوەی بڵێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە گەورەترین دەسکەوتی بەدەستهێناوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك بهمن، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان، دەستخۆشی هەڤاڵانمان لە لیژنەی تایبەتمەند و بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، پرسیارەکانی من چەند تەوەرێکن بە پێی نوسراوێکی وەزارەتی پلانـدانان بە ژمارە (١٩٢٤) لە بەرواری (٢٠١٩/٧/١٠) کە ئاڕاستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی کردووە ئاماژە بە دەستپێکردنەوەی پرۆژەی رێگای گشتی هاملتۆن لە نێوان چۆمان حاجی ئۆمەران کراوە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٦) بە هۆی قەیرانی داراییەوە رێژەی (٤٥٪)ی کارەکانیان تەواو کردبوو سەرەڕای ئەوەی کە رێگایەکی گرنگە لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین دەروازەیەکی گرنگی بازرگانیشە پرسیارم لێرەدا ئەوەیە قۆناغەکان بە کوێ گەیشتوون و بە نیازن کەی کۆتایی بەم پرۆژە ستراتیجییە بهێنن، وە پریارەکەی ترم بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر وێڕای پشتیوانیم بۆ ئاخافتنەکانی خاتوو لیزا سەبارەت بە جووتسایدی سلێمانی کەلار جەنابتان لە دیدارێکی رۆژنامەوانی لە مانگی (٨)ی ساڵی رابردوو باستان لەوە کرد کە بەڕێوەبەرایەتی بانکی سلێمانی ئاستەنگ بۆ بەلێندەران دروست دەکات، بۆ ئەوەی نەتوانن پێشینەی خۆیان وەربگرن کە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و داراییشیان هەیە داوای روونکردنەوەش لەو بابەتە دەکەم بۆ هەڤاڵانی پەرلەمانتار، وە پرسیارەکەی ترم سەبارەت بە توونێلی بنی هەریر و توونێلی ماوەران شەقڵاوەیە کە (٩٣٥) مەترە و (٨٦٪)ی کارەکانی تەواو کراوە بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە توونێلی ماوەران شەقڵاوە تەنها سایدێکی تونێلەك کراوەتەوە بە هۆی داڕمانی شەقام لە دەرەوە ئاستەنگیکی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە دروست کردووە و پشتیوانی قسەکانی مەلا ویسی و خاتوو خەدیجەش دەکەم، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس حسیبە خان، کاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسێن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوا، وێڕای بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و کاك ئاگرین و ستافی یاوەریان، ڕاستی من لە سەر سێ ڕێگا قسە دەکەم یەکێك لەوانە ڕێگای هەولێر خەباتە بە ڕاستی ئەو ڕێگایە وێرانە و ئیستا هەر بە تەواوی وێران بووە دوێنێ پێیدا چووم تەواو تەواو وێران بووە یەعنی کەلکی پێدا ڕۆیشتنی نییە تکایە ئاوڕێکی جدی بدەنەوە لە ڕێگای هەولێر خەبات دووەم مەنتیقەی سیدەکان کە ناحیەی سیدەکانە دوو پڕۆژەی هەبوو یەك پڕۆژەی جادەی دۆڵی زەرد زێوە هەروەها گەلیلێتان ئەمانە وێڕای ئەوەی کە بەرهەمەکانیان ناگاتە مەرکەزی سۆران لەبەر خراپی جادە و ئەوانە، وە هەروەها ئێستا ڕەوەندێکی زۆریش لە مەنتیقەکان هەیە، وە هەروەها ئەگەر تەوزیحێك بدەن لە سەر ئەو تەندەرانەی کە پێشتر کراوەتە دوو پڕۆژە ئەو تەندەرانە دراوە و چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە ڕێگای هەولێر کۆیە ئەگەر تەوزیح بدەن هەتا سماقە شیرینە و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە من لە وەزارەکەی خۆتان کۆمکردوونەتەوە تا ئێستا (٥٦٠٣)کم ڕێگامان هەیە کە (٢١٠٦٠٠٠ دوو ملیۆن و سەد و شەش هەزار) ئۆتۆمبیل لەم ڕێگایانە هاتووچۆ دەکا و تۆمارکراوی خۆتانە (٣٠٧٢)ی پێویستی بە چاککردنەوەی خێرا هەیە کە ئەمانە پێویستی بە دە ملیار دۆلارە هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ ەوە ئەم ڕێگایانە پشتگوێ خراون و تا ئێستا تاخیر کراوە، ٤٥٠٠کم ڕێگا پێویستی بە لێدانی خێرا هەیە لەگەل تەقریبەن (٩٣٨) پرد کە (٢٦٠) تا ئێستا وجودی هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەمە پێویستی بە ٩ ملیار دۆلارە، ئەم پارەیە ساڵانە ئیزافە دەبێ ساڵ بە ساڵ کە تۆ نەیکەی ئەم کێشانە گەورە تر دەبێت، جەنابی وەزیر بە داخەوە کە دەیڵێم و هاوڕێکانیشمان ئاماژەیان پێی کرد ڕێگاکانی کوردستان بووە بە ڕیگای مەرگ بەداخەوە بەشێکیان، لە ساڵی ٢٠٢١ بە ئاماری مروری هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ (٧١٢٢) قوربانیمان هەبووە لە کۆی ٥ ملیۆن کەس، لە کاتێك دا لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا لە کۆی (٦٣) ملیۆن کەس (١٥٠٦) کەس قوربانی ڕێگاوبان بووە کە ئەمەش قوربانی نەبوون لە ڕاستی دا ئەمە هۆکارەکەی ڕێگاوبان نەبووە و هۆکارەکەی کەسەکان خۆیان بوون و شوفێرەکان بوون، ئێمە هاوڕێی زیمبابۆ و ئەریتیریاین لەوەی کە موقارەنە بکەین بەرێژەی مردنی ڕیگاوبانەکانمان ئەمەیان ئینتاجی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەداخەوە، حکومەتێکی وەکو بەریتانیا ساڵانە ١١ ملیار دۆلار تەرخان دەکات بۆ ڕێگاوبانەکان، حکومەتی ئێمە چی تەرخان کردووە بۆ ڕێگاوبانەکان بۆ چاککردنی؟ هیچ، هیچ پارەیەك تەرخان نەکراوە لە کاتێك دا

كە ئێمە وڵاتێکین فەقیر نین، بەس داهاتی نەوتمان ملیارێك و دوو سەد و بیست و چوار ملیۆن دۆلار بووە، داهاتی خاڵە سنووریەکان داهاتی ابراهیم خلیل داهاتی نیوەی هەرێمی کوردستانە، دەتوانین تەواوی ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستانی پێ چارەسەر بکەین، بۆچی چارەسەر ناکرێت، عقوبەدانی پارێزگای سلێمانی بەڕێگاوبانەکانیەوە خستنە سەر شانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی ڕێگاوبانەکانی چاك بکات بە کام مەنتق بە کام لۆژیك و بە کام پێوەر؟ ئێمە دێین لە پارێزگای سلیمانی بە سەد ملیاری داهات داوا دەکەین پانزەی سیادی ببڕێ چل ملیاری خەدەمی عامی ببڕێت، سێ سەد و شەت و دوو ملیاری کەمی مووچەی پێ پڕ بکرێتەوە، ئەی زەحمەت نەبێ بۆ لە مووچە دابینی ناکەن؟ بۆ ڕێگاوبانەکان ئەم پرۆژانەی کە هاوڕێکانم باسیان کرد کە لە پارێزگای سلێمانی وەستاون، لە هەڵەبجە وەستاون، لە گەرمیان وەستاون.... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر مەبەستمە جەخت لەسەر ڕێگای کۆیە ـ هەولێر بکەمەوە، تەقریبەن نۆ ساڵە ئەو ڕێگایە هەر تەواو نەکراوە ئایا ئەوە پەیوەستە بە دوو ئیدارەییەوە، ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێ دەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان تەواوی بکات و پارتی دیموکراتیش دەڵێ دەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواوی بکات، هەروەها پرسیارەکەی ترم سەبارەت بە تونێلی هەیبەت سوڵتانە هیوادارم بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامێکی وردمان لەسەر ئەو دوو پرسیارە بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شەمۆل فەرمووو.

**بەڕێز شمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و شاندی یاوەریان دەکەین، سەبارەت بە ڕێگاوبان چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیر و بریکار و شاندی یاوەریان دەکەین سەبارەت بە ڕێگای کۆیە هەولێر کە زۆربەی زۆری برادەران باسیان کرد قەرار بوو لەسەرەتا ئەم ساڵ ئەو ڕێگایە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام ئەوە داخلی مانگی حەوتیش دەبین ئەو ڕێگایە تەنها یەك شۆفلیش کاری تێدا ناکات، بۆیە بەڕاستی پێویستمان بەوەیە یەعنی وەڵامەکی جدی وەربگرینەوە لەسەر ئەو ڕێگایە ئایا دەست پێ دەکاتەوە یان دەست پێ ناکاتەوە، هۆکاری دەست پێ نەکردنەوەکەی چییە؟ ئەگەر دەست پێ ناکاتەوە هۆکارەکەی پارەیە، بۆ پارە بۆ ڕێگای هەولێر ـ پیرمام هەیە، پارە بۆ ڕێگای هەولێر ـ دهۆك هەیە، بۆ پارە بۆ ڕێگای کۆیە ـ هەولێر نییە؟ پرسیاری دووەم/ سەبارەت بە تونێلی هەیبەت سولتان ئەو تونێلەشی وەك تونێل زۆربەی زۆری تونێلەکانی تر دوو جاریش شوێنەکەی گۆڕا، بەڵام لە ئێستادا کاری تێدا ناکرێ پێویستیمان بەوە هەیە بەڕاستی وەڵامێکی جدی بدرێتەوە لەسەر ئەو تونێلە، چونکە ئەوە تەنها بۆ خەڵکی کۆیە نییە، ئەو تونێلە ئەگەر بکرێ هەموو دانیشتوان یاخود هاووڵاتیان ئەو شوفێرانەی کە لە سلێمانییەوە دێن دەتوانن بەو تونێلە

بێن بۆ هەولێر، ڕێگای نـاحیەی ئاشـتی ـ تەق تەق کە ئەمەش پێویسـتی بە نـۆژەنکردنەوە هەیە، ڕێگای سماقوڵی ـ هەولێر کە لە ئێستادا لەبارودۆخێکی زۆر زۆر خراپ دایە، ڕۆژانە بارهەڵگرەکان بەو ڕێگـــایەدا دەڕۆن، ڕۆژانە خەڵکـــی نـــاوچەکە کە حەقێکـــی خۆیـــانە ڕێگـــا لە ئۆتـــۆمبیلە بارهەڵگرەکان بگرن، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر زۆر خراپ دانە، ڕۆژانە یـاخود هەفتـانە زۆربەی زۆری سـەیارەکان یـاخود ئۆتۆمبیلەکـان تووشـی ڕووداوی هـاتووچۆ دەبـن، بەداخەوە یەعنـی مانگانە و هەفتانە ئێمە دەبێ بەشداری پرسە بکەین و لە پرسەکانیش ئەو پرسیارانە ئاراستەمان دەکرێتەوە..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیـژنەی تایبەتمەنـد و بەخێرهـاتنی بەڕێـزان جەنـابی وەزیـر و شـاندی یـاوەری دەکەم. من سەبارەت بە پارێزگای دهۆك قسە ئەکەم، ئەپرسم گەر بڕیـار وایە لە داهـاتی نـاوخۆی هەر پارێزگایەك تەمویلی پڕۆژەکانی بکرێت پارێزگای دهۆك دەوڵەمەنـد تـرین پارێزگـایە لە سـەر ئاسـتی هەمـوو پارێزگاکـانی هەرێـم بە حـوکمی ئەوەی کە هاوسـنوورە لەگەڵ ولاتـی تورکیـا گەورەترین مەرزی نێودەوڵەتی ابراهیم خلیل و دەیان مەرزی تریشی لێیە کە نایاسـاییـنە، (٥٠٪)ی پاڵاوگەکانی نەوت لە پارێزگایەیە، بەڵام بەداخەوە بەگـوێرەی بەدواداچـوونی مـن کە سـاڵی پـار ئەو بەدواداچوونەم کردووە لە کۆی چل پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێ بوون تا ساڵی پار یەکە پڕۆژە کاری لەسەر کرابوو، تەواوی پرۆژەکانی تر ببونە مایەی گرفـت و زەرەروزیـان بـۆ هاووڵاتیـان، لە ئیدارەی زاخۆ شەش پرۆژەی لێیە یەك پڕۆژە کاری لەسـەر کـرا، لەقەزای ئـاکرێ لە سـاڵی (٢٠٠٦ - ٢٠٠٧) سێ سەد بۆ چوار سەد خانوو دروست کـرا بە نایاسـایی بە ئیجرائـاتی یاسـایی، حکومەت کردی بە بێ ئیجرائاتی یاسایی ئێستاش بووەتە گرفت بۆ ئەو هاووڵاتیـانەی کە مامەڵەیـان پێـوە کردووە، لە ساڵی (٢٠١٤) بەردی بناغەی پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێ بوون بـۆ کەم دەرامەتـان دانـرا تـاوەکو ئێسـتا ئەمەش هـیچ هەنگـاوێکی تـری بـۆ دانەنـراوە، بەڕێـز جەنـابی وەزیـر ئەو پـڕۆژە خزمەتگوزاریانەی لەسنووری پارێزگـای دهـۆکن تەنهـا بـوونەتە مـایەی زەرەروزیـان لەبەرئەوەی هاووڵاتیەك کاتێك موڵکێك ئەکڕێ، شوقەیەك ئەکڕێ، سەیارە ئەفرۆشێ، ئاڵتون ئەفرۆشێ ئەوەی هەیەتـی ئەیـداتە خـاوەنی پـرۆژە، نە ئەبێـتە خـاوەنی موڵـك و ئەوەشـی کە هەیەتـی لە کیسـی ئەچێ، سەبارەت بە ڕێگاوبان بەڕێز جەنابی وەزیر ئەمەوێ لەسەر شارۆچکەی ئـاکرێ لە دەڤەری سورچیایەتی قسە بـکەم کە دەڤەرێکـی زۆر زۆر فـراوانە، گرفتێکـی زۆری ڕێگاوبـانی هەیە، نیـو سەدەیە هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە بەدەسـت خراپـی ڕێگەوبـانەوە ئەنـاڵێنن ئەو داهـاتەی هەیـانە هەموویان مانگانە خەرجی ئەکەنەوە لە شـکاوی سـەیارەکانیان و ئێسـتاش نەوەکانیـان بەهـۆی خراپی ڕێگاوبان ناتوانن لە خوێندن بەردەوام بن........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەژان خان فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەین، چاککردنی ڕێگاوبان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چۆن پۆلێن کراوە بەپێی پارێزگاکانە یاخو بەپێی زەروریەتی ناوچەکەیە؟ لەڕاپۆرتی لیژنەکە ئاماژە بە (١٤١) پڕۆژە کراوە لە ڕێگاوبان کە تەواو نەبووە، ئەی چۆن بڕیار دەدرێ (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکرێت، جگە لەوە ئەو ڕێگایانەی ئێستا دروست دەکرێن من هیچ جێگەیەك نابینم بۆ ماتۆر و بۆ پایسکلسواری کە ئێستاش کێشە دروست نەکات لە داهاتوودا کێشە دروست دەکات، هەروەها چاککردنی ڕێگەی بالیسان کەی دەست پێ دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری ئەکەم، بەڕاستی وەکو ئەو هاوڕێیانەی باسیان کرد ئەو ڕێگاوبانانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەتایبەتی ڕێگای کەلار ـ سلێمانی ـ ڕانیە، جەنابی وەزیر و ئەنجومەنی وەزیران هەموویان ئەم ڕێگایانە ئەبینن، تەنها ئەوە نییە ئەمانە لە شوێنێك بن کە ئێستا ئێمە بڵێین ئەوە وەزعی ڕێگاوبانەکانە، ڕێگای کەلار ـ سلێمانی کە ئێستا بڕیار دراوە شەست ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام (٥٣٪)ی با بڵێین ئینجازی کاری هەیە، ئەگەر بێی حسابی بکەی ملیار و نیوێکی بۆ سەرف کراوە، یەعنی ئەم ملیار و نیوە لە (٣٪)ی با بڵێین پارەکە نییە، من ئەمەوێ لەسەر ئەوە قسە بکەم، ئەم پرسیارەم بۆ جەنابی وەزیرە یەعنی ئەو پڕۆژانەی کە پترۆ دۆلارن تاوەکو ئێستا بە نیوەچڵی ماونەتەوە، مەسەلە هەندێ ڕێگەی گوندەکانە کە کاتی خۆی لەسەر پترۆ دۆلار کراوە، هەتاوەکو ئێستا بە نیوەچڵی ماونەتەوە چی ئەکرێ بۆ ئەوانە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە بۆئەوەی لۆد لەسەر ڕێگای کەلار ـ سلێمانی نەمێنی و ڕێگایەك هەیە کە ڕێگای سەنگاو ـ دێلێژەیە تێکەڵە کراوە، چوار کیلۆ مەترە، ئەگەر بکرێت یەعنی ئەو ڕێگایە تەواو بکرێ بۆ ئەوەی لۆد لەسەر ڕێگای کەلار ـ سلێمانی کەم بکاتەوە، من پرسیارەکەم ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ئەم داهاتانەی کە هەیە من تکا ئەکەم یەعنی ئەم داهاتە ئەگەر باسی ڕێگەی کەلار سلێمانی بکرێت، چونکە ئەمە ئەم ڕێگایە سلێمانی شاری دووەمی کەلاریەکانە کە بەردەوامی لەو ڕێگایەن باشە ئەو داهاتەی کە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان هەیە، مەرزی نێودەوڵەتی، مەرزی لاوەکی، بلۆکی نەوتی، عەرزی بابڵێین ئەو زەویە گرانبەهایانەی ..... بۆ خۆم سەیری..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەوەی کە لەم ماوەیە گوێمان لە هاوڕێیانمان گرت ئەوەی کە گوێ بیستی بووین زیاتر ئەوە بوو کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و ڕێگەوبان وەزارەتێکە کە ناوەکەی بکرێ بە وەزارەتی

کاولکاری، یەعنی مەعقول نییە تۆ (٩) هەزار پڕۆژەت هەبێ و ئەم پرۆژە جێ بەجێ نەکرێ، یان ڕێگاوبانەکان، ڕێگەی مەرگمان هەیە، ئەم ڕێگایانە بووەتە ڕێگەیەکی ترسناك و یەعنی جەنابت سەیری بکە لە چوار سەعات دا هەواڵەکان بخوێنەرەوە لە چوار سەعات دا دوو خەبەری حادیسەی سەیارە هەیە، هەمووشی چییە، هەمووی پەیوەستە بەوەی کە ڕێگەوبانەکان خراپن، خۆ مەعقول نییە ئەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەم کابینە و کابینەکانی پێشووتر لە (٢٠١٣) ەوە پڕۆژە لە پڕۆژەی دووساید کردنی ئەم شارەکان کە ئەبەسترێتەوە بەیەکەوە، یەعنی ئیدارە سەربەخۆکان دەبەسترێتەوە بە یەکەوە، یەعنی پارەی بۆ تەرخان ئەکرێ، چۆن ئەڵێ نووسینێك لەسەر سەهۆڵ، یەعنی ئەتوێتەوە، هیچی ناچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، یەعنی هەمانە ئێستا جەنابت سەیری بکەی لە جادەی کەلار ـ سلێمانی یان کەلار ـ دەربەندیخان، دەربەندیخان ـ زەرایەن جەنابت خەڵکی ئەو مەنتیقەیەی ئەزانیت کە ڕۆژانە چەند خەڵك تیایدا یەعنی وەفات ئەکەن و ئەمرن، من بۆ خۆم لەبەر ئەوەی زۆرترین ئازیز و کەسی خۆم، خزمی خۆم لەو ڕێگایانە تیا چوون، جەنابت دەزانی لە دەربەندیخان بۆ زەراپەن هەر مەلایەك هەیە پێی ئەڵێن مەلەی گلاڵی کوژە، یەعنی ئەمە کە بەڕاستی ئەمە شتێکە ئازاربەخشە بۆ هەموومان، جەنابت سەیری بکەی ئێمە واللە وباللە جەنابی وەزیر خوا شاهیدە نە تونێل بانەمان ئەموێ نە میترۆمان ئەوێ، نە خەتی قیتاری بەستنەوەمان بە هەموو شارەکانەوە ئەوێ، بەس ئەو دوو سایدانەی سلێمانی ـ هەولێر، سلێمانی ـ ئیدارەی گەرمیان، ڕانیە تەواو بکەن.. .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ لیژنا تایبەتمەند، من یەك، دوو پرسیار ژ جەنابێ وەزیری هەبوون، پرسیارا من یەکێ لسەر هێلا شەمەندەفەرێیە، ئەڤ هێلە گەیشتە کێرێ؟ من حەز کر جەنابی وەزیر بۆمە ڕوون بکات کە ئەڤ پلانە چەوایە؟ ژ کێرێ دەست پێ کەت و دی چەند بازێرا بخۆڤە گرێ دەدەتن؟ بەڕێز جەنابێ وەزیری تێتە بەحس کرنێ کو کۆمپانیەکا ئیسپانی دەست بە دیزانێ کریە و دێ جێ بەجێ کەتن، بۆچی ئیسپانیا، ئیسپانیا ئێك ژ وان دەولەتە بوویە کو دە ساڵێن (٩١) دا دژی قەوارەی هەرێما کوردستانێ بوویە و د شەڕێ داعش دا و د ڕێفراندۆمێ دا هەڵویستا نە باش بوویە، بۆچی کۆمپانیاکا ئیسپانی؟ بۆچی کۆمپانیایەکا فەرەنسی یان ئیتالی یان هۆڵەندی کو ئەڤ دەوڵەتە گەلەك پسپۆر و شارەزانە د بوارێ شەمەندەفەرێ دا، پرسیار ل ڤێرێیە، یەعنی بەڕاستی جهی شەرمەزاریە کو ئەم کۆمپانیایەکی ئیسپانی کو دژی قەوارا هەرێما کوردستانێ بت عەقدی گرێ بەستێ گرێ دەن، پرسیارا من یا دووهێ ئەوە کو جوت سایدا ئەلقوش ـ ئالوکا کو دکەویتە ڕێگا دهۆکێ گەهیشتە کێرێ دی چەوا برێڤە دچیتن، بابەتی سیێ ئەوە کە گەلەك برادەر بەحسێ سی ساڵ حوکمڕانییا هەرێما کوردستانێ دکەن، ئەگەر وە ببیت بزانین کە سی ساڵ حوکمڕانی چ شمایە ڕێکەوبانا هاتیە کرنێ بلا کەرەمکەن تونێلا زانخۆ ببینن، بلا کەرەمکەن هەر سی ئۆندەر پاسێ دهۆکێ ببینن، بلا کەرەمکەن جوت سایدا هەولێر ـ دهۆك ببینن، بلا کەرەمکەن (١٢٠)م ببینن، بلا کەرەمکەن (١٥٠)م ی هەولێرێ ببینن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خرابیا ڕێگاوبانا ل سنوورێ پارێزگەها ڕۆژانە قوربانی لێ دکەڤن، نزانم ل ڤێری ژ چ دەست پێ بکەم چیش ڕێکا مردنێ دەست پێ بکەم، نزانم وەزیرێ ئاوەدان کرنێ ئاگەه ژ ڕەوشا ڕێگەوبانێ ل سنوورێ پارێزگەها دهۆکی هەی یان نا؟ ڕێکا بەردەرەش ـ کەلەك ئێك ژ وان ڕێکێن سەرەکیەن بازرگانیە و بەردەوام ئۆتۆمبیلێن بارهەڵگر ژ دەروازا ابراهیم خلیل بەرڤ هەولێر و بەرەڤ سلێمانی د ناڤا ڤی ڕێکی دا هاتووچۆ دکەن و ڕۆژانە ژی ڕوودانێ هاتن وچوونێ ڤێ ڕێکێ پەیدا دبن و هاووڵاتی دبنە قوربانی، ڕێکەکا دیا هەرە سەرەکی و کو ڕێکەکا گەشتیارییە، ڕێکا پارێزگەها دهۆك ژ بۆ ناحیا دێرەلۆکی کو پتر ژ (١٠٥) جهێن گەشتیاری دڤێ ڕێکێ بخۆڤو دگریتن پتر ژ (٤٠) جهێن شینواری بخۆڤە دگریتن، لێ هەتاکو نوکە ژی ئەڤ ڕێکا نەبوویە دوو ساید و بەردەوان قوربانی دڤێ ڕێکێ دا هەیت، تەوەرێ دیی کو من دڤێت ئامێژێ پێ بدەم (١١) ساڵ درباز دبن بسەر دانانا بەرێ بنیاتێ تونێلا چیایێ مەتینێ، کو تونێلەکا ستراتیجیا گرنگە ژ بۆ ڤێ دەڤەرێ، ئەگەر حکومەت نەشێت خزمەتگوزاریا جێ بەجێ بکات حکومەت نەشێن دەلیڤێن کاری پەیدا بکات، لێ ب ئەنجامدانا ڤان پرۆژەیەت ستراتیجی دشێت ئاڤەدانی ژ بۆ وان دەڤەرا ڤیەگەریت و هەزارەها دەلیڤێن کاری ژ بۆ هاووڵاتیان پەیدا کات ب تایبەت دروست کرنا تونێلا چیایێ مەتینی کو سێ کیلۆمەتر و نیڤە و بکوژمێ پتر ژ دوو ملیار و سێ سەد ملیۆن دینار ژ بۆ هاتنە تەرخان کرن و حەفت سەد ملیۆن ژ بۆ دیزاینا وێ، چونکی ئەڤ دەڤەرە دەڤەری کانی ماسی دگەل دەروازێ سەر زەری پێکڤە دات کو هاڤسنووره دگەل وڵاتێ تورکیا، ئەڤە ژی دبێتە هۆکارێ وێ چەندێ کو ئاڤەدانیەکا باشتر ل ڤێ دەڤەرێ بهێتە کرن و خەلك ڤەگریتە سەر گوندێن خۆ، لێ هەتاکو نوکە د پلانا وەزارەتا ئاڤەدانکرنێ دا هیچ تشتەکی نابینم بناڤێ تونێلا چیایی مەتینێ، لەورا داخا ڕوونکرنێ ژ جەنابێ تە دکەم ل سەر ڤێ پرسێ، هەروەسا پرسا ڕێگاوبانێن سنوورێ پارێزگەها دهۆکی، تەوەری دوماهی من دڤێت کو ئاماژێ پێ بدەم شوڤەیەن کەم دەرامەتانە، حکومەتێ شوڤەیەن کەم دەرامەتا ل سنوورێ ڤەزا ئامیدیێ بتەنێ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەخێرهاتنی جەنابت و وەفدی یاوەرت دەکەم، جەنابت لەو کاربەدەستانەی باز و شتی وات بەسەر نەنیشتووەتەوە، دەساڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەرپرسی بەشی پرۆژەکان و ئەندازیار بووی، بۆیە وەڵامی ڕوونم لە جەنابت دەوێ، هەزاروپێنج سەد یەکەی نیشتەجێ بوون هی سیتەك و زرگوێز و چوار هەزار نۆسەدو بیست شوقەی هەڵبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان بۆ تەواو ناکرێ؟ ئەوەی سیتەك و زرگوێز بۆ

خۆت دەزانـی (١٧) ملیـۆن دۆلار کۆمپانیـایەکی بیـانی خـواردی و دیـار نەما، چـی ئیجرائـاتێکی لەگەڵ کـرا؟ دووەم/ ڕیگاوبانەکـان خراپـی تـابلۆ و هێماکـان لە هەنـدێ شـوێن لادانە کاتیەکـان بوونەتە لادانی هەمیشەیی، بۆ تابلۆکان لەسەر ڕێگاکان نییە؟ بۆ هێماکان دانانرێ؟ بە تایبەتی بە شەو کە زۆر ترسناکە، بەڕێوبەرایەتی چاك کـردن و پاراسـتنی ڕێگاوبـانی سـلێمانی لە پـارەوە لە (١٠٥) ملیۆن دینارەوە ئێستا نەسریەکەیان بووە بە (١٣٥) ئایـا ئەمە بەسـی پارێزگـایەکی گەورەی وەکـو سـلێمانی و چەمچەمـاڵ و قەزاکـانی دەوروبەری ئەکـات؟ ئـامێری تـازە بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە لە ٢٠١٤ ەوە ئـیش بە ئـامێری تـازە ئەکـرێ، لە ٢٠١٤ ەوە ئـامێری تـازە نیـیە لەبەردەسـتی بەڕێوبەرایەتیەکـانی ئـاوەدانکردنەوە و ئەوەی هەیە لە نێـوان پارێزگاکـانیش بە نـاعەدالەتی بەڕاسـتی بـۆ هەنـدێ شـوێن دابـین کـراوە، گونـدەکان لە نێـوان وەزارەتـی ئێـوە و وەزارەتی شارەوانی بوونەتە قوربانی، هیچ کامێکیان خۆیـان لـێ نـاکەن بە سـاحیب، لە هەمـوو دنیادا لە نێوان هاتوچۆ و ڕێگاوبان هەماهەنگی هەیە، تـۆ کە ڕێگاوبانەکانـت خـراپە ئەم هەمـوو مۆڵەتە شۆفێرییە، هەموو ئەم هەموو سـەیارەیە چیـیە داخـڵ دەکـرێ بـۆ هەرێمێکـی بچکـۆڵەی وەکــو کوردســتان بەم جــادە ســەقەتانەوە کە لەم ســاڵانەیا ئامارێــك بڵاوکــرایەوە ئامــاری قوربانیەکانی هەرێم بەم پێنج شەش ملیۆنەوە لە صـین زیـاترە، یەعنـی لەچـاو حەجمـی خۆیـا، ئەوە ئامارێکی ڕۆژنامەوانییە و بڵاوکرایەوە، ڕوسەکان لە پەنجاکانەوە تـونێلی دەربەنـدیخانیان دروست کردووە، کاك ئێمە تونێلی دیکەمان ناوێت، بۆ ڕووناکی ناو ئەو تونێلە دابـین نـاکرێ؟ کە ئەوە یەکێکە لە زەحمەتیەکان، (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون ئێستا دروست دەکرێ......... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان (١٩) ئەندامی بەڕێـزی پەرلەمـان مـاون بـۆ ئەوەی بەشداری گفتوگۆکـان و پرسیارەکانیان بکەن، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەفدی بەڕێز ئەکەم لەگەڵ کاك دانـا وەزیـر، مەسـەلەیەك لە کـوردی دا هەیە ئەڵێـت (بە حوشـتریان وت قاچـت خـوارە، وتـی جـا مـاڵ ئـاوابێ کـوێم ڕاسـتە)، ئـێمەش ئەگەر بلێـین ڕێگاکانی کوردستان بە تایبەتی سنووری سلێمانی کوێی باشە؟ کە هەر کارەساتێك ئەخوێنینەوە سلێمانیەکی لە پاڵ پشتایە، ئەگەر مەسەلەن هەموو ڕێگایەك کە بڵێـین خـراپە، ئەڵێـی هەولێـر و سلێمانی، کەلار و سـلێمانی، ڕانـیە و سـلێمانی، هەمـووی سـلێمانی تیـایە، کـاك چیـا لێـرە نەمـاوە شتێکی زۆر جوانی وت بەڵێ ڕاست ئەکا ئەو ڕێـیەی کە ئـاوایە ئیـدارەی بە داخەوە هەولێـری بە دەسـتە ڕێگەیـان هەیە زۆر باشـە و ئەوەش کە سـکاڵای لەسـەر هەیە و بەڵام ڕێگاکـانی ئـێمە هەمووی خراپە، ئێمە بە وەفدێکی پەرلەمـانی لەگەڵ هاوڕێکانمـان دا چـووین بەرەو گەرمیـان و خانەقین، سێ چوار جار لە مردن گەڕاینەوە، مەلا ناصر کە بە دڵ گەرمی قسـەی ئەکـرد لە مـردن گەڕاینەوە، هەر نموونەی ناوێ کاك دیاری خۆمان وەرگەڕا لەو ڕێگایە، ئیتـر چـی پێویسـت دەکـا ئێمە باس بکەین، جەنابتان خۆتان هەمـوو وەفـدەکانی بەیـانی و ئەوانەی کە بەو ڕێگـایە ئەڕۆن ئەزانن ئەو ڕێگایە خراپە، هیچ بیانویەك نییە جەنابی وەزیر پارە نییە، ئەڵمانیا ئۆتۆبانی لە ساڵی ٣٨ دروست کردووە لە کاتی جەنگ دا جەنگـی جیهـانی، ئەو ئۆتۆبـانە سـەدان کیلـۆمەتری هەیە،

ئەمە لەسەر ڕێگاوبان ئەبێ چاك بكرێ ناكرێت ئێمە ئەم هەمـوو قوربـانییە بـدەین و ئەو هەمـوو جوانەمەرگەمان هەبێ، پرسـیاری دووەمیشـم یەكەی نیشـتەجێ بووەكـان هاوڕێیانمـان زۆر زۆر باسیان كرد، ئەو یەكە نیشتەجێ بووانەی كە هێشتا تەواو نەكراوە لە خورمـاڵ و لە هەڵەبـجە و لە سیتەك لە زرگـوێز و جـا نـازانم لەكـوێ، مـن جارێكیـان پرسـیارم لە سـەرۆكی یەكـی ئیـدارەی سلێمانی كرد گوتم باشە بۆ تەوزیع ناكرێ، گوتی كاك سیروان تەوزیع ناكرێی چی هەموو پـلاك و شتەكانیان دزیوە و ناتوانین یەك شورتەی بۆ دابنێین، یەعنی پارێزگاری لەو یەكـانە كە ملیـارات دۆلاری تیا سەرف كراوە، بۆ ئەو پارانەی كە ئێستا تەرخان ئەكرێ لە بیست هەزار من حەز دەكەم بیست هەزار نەبێ سەد هەزار یەكەی نیشتەجێ بوون بێ، ئەمانە بۆتە............ .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانكردنەوە و سـتافەكەی ئەكەم، بە نیسـبەت جـادەی زەرایەن دەربەندیخان بەشـێكی تەواو بـووە، زەرایەن ـ میـرەدێ تەواو كـراوە، بەشـی دووەمـی پـرۆژەكە گرنگە دەستوبردی لێ بكرێـت، لێـدانی تـونێلی نـوێی دەربەنـدیخان گـرنگە تەواو بكـرێ، دەسـت خۆشیتان لێ ئەكەین بۆ بڕیاردان و بۆ ئەو بڕیارەی كە بە نیسبەت بەستنی پردی تۆقود و پاشان گەیاندنی ڕێگـای هەڵەبـجە ـ قلـیجە، بـۆ دانیشـتوانی ناوچەكـان ئەم بـابەتە زۆر گـرنگە، گـۆڕینی مەساری ڕێگای سەرەكی و بارهەڵگرەكان بۆ ناوتاق ـ زەڕایەن ئەبێـتە هـۆی ئـاوەدانیەكی بـاش و دەرفەتی كاركردنی هاووڵاتیـان، تەواو كردنـی ڕێگـای ئـاوەكەڵە ـ زەلەڕەش ئەوە گـرنگە، دەسـت خۆشیتان لێ ئەكەین لە هەفتەی ڕابردوو بڕیاری تەواو كردنی بەڵخە ـ بیارە تـان داوە، دەسـتتان خۆش بێ، بەستنی پردی سەیدمحمد ئەمە بـابەتێكی گـرنگە لەڕاسـتی، دەسـتتان خـۆش بـێ بـۆ بردنی جادەی شەمیران، بەڵام لە ئەخیر نوقتە و ئەخیر خاڵ ئەوەی كە ماوە با بڵێین گوندی دڵفە ئەوەش تەواو بكـرێ و ئەوەش كـارێكی باشـە، تەواوكردنـی پـردی سـازان لەم قۆنـاغەی ئێسـتا یەعنی شتێكی گرنگ و مەوزوعیە، بە سوپاسەوە لە دووساڵی ڕابردوو كاری زۆر باشتان كردووە و شوێن دەستتان دیارە، من یەعنی ئەوەی كە گرنگە لە شـارەزوور كـۆمەڵێ شـوقەی تەواوكـراو هەیە وەكو چۆن بەشێك لە هاوڕێكان باسیان كرد ئەم شـوقانە تـاوەكو ئێسـتا دابەش نەكـراوە و پێشنیار ئەكەین دابەش بكرێ بەسەر خەڵكی كەم دەرامەت و خەڵكی فەقیردا، مـن شـتێك بـاس دەكەم جەنابتان ئەندازیاری دانان و بڕیاردانی هێڵی شەمەندەفەرن لە هەرێمی كوردستان ئەگەر دە ساڵی دیـكەش هێڵـی شـەمەندەفەر لە هەرێمـی كوردسـتان بچێـتە بـواری جـێ بەجـێ كـردن خاوەنـداریەكەی جەنابتـانن، دڵنیـابە تەمەنـی جەنابتـان سـەد سـاڵ بـێ ئەگەر ئێـوەش لە ژیـان نەمێنن خاوەنداریەتەكەی هی ئێوەیە، ئێوە بوون بەوەی كە ئەساسی دانانی هێڵی شەمەندەفەر ئێوە بوون و ئێوە بڕیارتان داوە، هەندێك لە هاوڕێكان باسی ئەوەیان كرد وایان ئەزانن دنیـا هەر ئەمڕۆیە، دنیا ئەمڕۆ نیـیە و دنیـا ئەم دوو مـانگە نیـیە، باشـە لە داهـاتوو هەمـوو شـتەكان بـاش ئەكرێ و هەموو شـتەكان بـاش ئەبـێ و ئەوەی كە گـرنگە لەڕاسـتی دا بـۆ ئەم قۆنـاغە ئەوەی كە موهیمی تەواوكردنی ڕێگای..... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ڕێگای کەلار ـ سلێمانی یەکێکە لەو ڕێگا ستراتیجیانە، بەڵام شوفێری کردن لەو ڕێگایە وەکو جەنگێکی دەستەویەخەیە و دەبێ چاوەڕێ پەرچەکردار بێ، لە کاتێك دا ڕۆژنییە بەدرێژایی ئەو ڕێگایە شانۆی مەرگ نمایش نەکرێ، ماوەی نۆ ساڵی لەو ڕێگایە یاخود بەدرێژایی ئەو ڕێگایە نووسراوە لادانی کاتی، دەپرسیم چەند نۆ ساڵی تری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو لادانی کاتییە بکرێت بە لادانی هەمیشەیی، لە کاتێك دا گەرمیان بەداخەوە پڕ لە شۆرش و پڕ لە قوربانی و سیمبولی ئەنفال و سیمبولی قوربانی دانە و داهاتی سنووری گەرمیان ڕۆژانە چل هەزار بەرمیل داهاتی نەوتی هەیە نزیکەی، بەس تەنها داهاتی سنووری مەرزی پەرویز خان لە مانگێك دا لە ئێستایا نزیکەی (٢٦) ملیارە، ئەمە جگە لە داهاتەکانی تری شارەوانی و باج و رسومات، بۆچی داهاتی گەرمیان بەدیاری کراوی لە ماوەی ئەم نۆ ساڵەدا لایەنی کەم بۆ تەواوکردنی ڕێگایەکی پڕ لە مەرگ و پڕ لە قوربانی دەر خەرج نەکراوە؟ ئەگەر دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و بۆ خەرج کردنی هەرێمی کوردستان بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەخاوەنی ئەم ڕێگایە نازانێ و بۆچی ئەم ڕێگایە بە نیوەچڵ هەمیشە جێ ئەهێڵدرێ؟ لە کاتێك دا دەبوو ئەم ڕێگایە لە ماوەی نەك ئەم نۆ ساڵەدا بگرە زۆر لە پێشتر تەواو بکرایە، بەداخەوە گەرمیان هاوشێوەی فۆرمی بایەعی لێ هاتووە، یەعنی ماڵێك نییە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان نەدۆزیتەوە قوربانی لەو ڕێگایەدا نەدابێت، لەم ڕۆژانەدا بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری خەرج کردنی شەست ملیار دینار درا، لە کاتێك دا پار ساڵ بڕیاری خەرج کردنی دە ملیارتان داوە، بەڵام لەو دە ملیارەش دا بە ئێستاوە ملیارێك و شەش سەد ملیۆنی خەرج نەکراوە، ئایا لە ئێستادا چۆن لەسەر داهاتی سلێمانی دەتوانرێت بڕی شەست ملیار دینار خەرج بکرێت بۆ تەواوکردنی ئەو ڕێگایە، سەبارەت بەڕێگای پەرویز خان.... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری ئەکەین، دیارە من قسەکەم لەسەر تێکڕای ڕێگاوبانەکانی کوردستانە، بەڵام نموونەیەکی بچووك دێنمەوە کە ئەویش سنووری قەزای دوکانە کە گەورەترین شاری گەشتیارییە لە هەموو کوردستان دا، دیارە ناحیەی خەلەکان بۆ بێستانە کە مەساحەکەی (٣٥) کم لەماوەی (٢٠١٨) بۆ ئێستا کەچەند ساڵێکی کەمە، سێ ساڵ دەکات تەقریبەن، (١١١) ڕووداو لەو ناوچەیەدا ڕووی داوە، ڕووداوی هاتوچۆ (٣٠) کەس بوونەتە قوربانی (٩٧) کەس بریندار بوون، هەروەها ناحیەی خدران بۆ دوکان ناحیەیەکە تا ئێستا لە لای دوکانەوە تا ئێستا جادەکە خۆڵە و بگرەوەرەگڵەیەکی زۆری هەیە و هاتووچۆی زۆر بە خراپی پیادا دەکرێ، هەروەها پێشنیاری من بۆ ڕێگاوبانەکان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان

دیارە کە جەنابی وەزیر دڵنیـام لەوەی حەز ئەکا لەسـەردەما ئەو مـاوەی ئەوا هەمـوو جادەکـانی کوردسـتان حەل بکرێـت، بەڵام ئەبـێ ئەو ڕاسـتیە بـزانین دەسـەڵاتی کۆتـایی لەلای سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە، بەڵام داواکـاری و پێشنیارەکانی ئێمە داواکارین بگوازرێتەوە بۆ ئەویێ، بۆ ئەمە مەبەسـتە پێویسـتە بـوودجەیەکی پێویســت حکــومەتی هەرێــم دابــین بکــات بــۆ کرینــی کۆمەڵێــك مەکــائین بــۆ هەمــوو شاروشارۆچکەکان بەبێ جیاوازی کە یەعنی واتا کەرتی گشتی بەهێز بکرێتەوە جارێکی تر، ئێمە کە ببینـین بەڕێـوەبەری چـاککردن و ڕێگەوبـانی کـۆی شـارەکان خزمەتێکـی زۆر گەورە بە کـۆی شـارەکانی کوردسـتان دەگەیەنـن، بەڵام بە داخەوە مەکائینەکانیـان زۆر کـۆنن و زۆر بـێ کەڵـك بـوون، بـۆ مەسـەلەی شـوقەکان کە (٩) هەزاری پێشـووتر و (٢٠) هەزاری ئێسـتا مـن پێمـوایە بـۆ مـاوەیەك حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتە واز لە تـاوەرە بەرزەکـانی نـاو شـارەکانی کوردستان و ناو پارێزگاکان بهێنێت و بووجەی... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەڕێـزان لە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بەخێـر بـێن، پـرۆژەی سەندوقی نیشەجێ بوون کە لە ماوەی ڕابردوو زۆرێك لە خەڵکی لە چینـی مامناوەنـد و چینـی هەژار کە لێـی سـوودمەند بـوون، بەڵام بەهۆکـاری بـاری دارایـی قـورس و قەیرانـی دارایـی نەیانتوانیوە قستەکان وەکو پێویست بدەنەوە، بۆیە داواکـارین کە ئەگەر مەقاسـەیان بـۆ بـکەن کارێکی باش ئەبێ، ئەو قستانەی کە ماوە بەراوردی بکەن بەو پاشەکەوتی مـووچەی کە هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ ئەوەی ئەو قسـتەیان لایـان نەمێنـی، بەڕێـزان خاڵێـك کە زۆر گرنگە و دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاستی دا لەو کابینە هەندێ ئاوەدانی کـردووەتە کوردسـتان ڕەنـگە بە دەسـت کەوتـی شارسـتانی زۆر گەورە هەژمـار بکـرێ، ڕەنگە بەراورد بکرێ بە تەنها بە شارەکانی وەکو پـاریس و لەنـدەن و وەکـو ئەو شـەقامی (١٢٠) و شەقامی (١٥٠)ی وەکو جادەی نێـوان هەولێـر و دهـۆك، ئەو تـونێلانەی کە هەیە ئەو ئـۆفەر پـاس وئەندەرپاسـانە کە بەڕاسـتی جـێگەی دەسـت خۆشـییەکی زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ شەقام هەیە یان هەندێ ڕێگاوبان هەیە لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستە ڕاسـت بچـێ هەسـت دەکەی بەشێوەیەکی زکزاك ئەڕۆی لەبەرئەوەی هەندێ چاڵی تیایە، هەندێ قـۆرتی تیـایە وا ئەکـا کە تۆ بەشێوەیەکی ڕاستە ڕاست نەڕۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوە و بۆ سیانە کردنی ئەو شـەقامانە بەردەوامە، خـاڵیکی تـر بەڕێـزان مەسەلەی ٤٠ هەزار یەکەی نیشـتەجێ بـوون بـۆ خەڵکـی کەم دەرامەت، کە ئەمە دەسـتکەوتێکی فوق العادە گرنگ ئەبێ، بەڵام هیوادارم ئێوە چـاودێریەکی چـڕی بـکەن بـۆ ئەوەی کە خەڵکـی بە فعلی کەم دەرامەت سوودی لێ ببینێ، بەڕێزان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هیوادارم ئێـوە ڕوو لە گوند و دێهاتەکان بکەن، گوند و دێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە، چونکە گوند و دێهاتەکان ئەبێـتە سـەرچاوەی ئـاوەدانکردنی شـارەکانە، گونـدو دێهاتەکـان سـەرچاوەی دابـین کردنـی ئاسایشـی

خۆراکن یەکێکن لە داهاتە هەرە گرنگەکان بۆ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە یەکەی نیشتەجێ بوون کە لە هەرێمی کوردستان دا دەکرێ، حەز ئەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی با بڵێین ئوفوقی بکرێ، بەشێوەیەکی عەمودی کراوە کە ئەمە بە گوێرەی ستانداردی جیهاتی پەسەند نییە و خاڵێکی تر ئەوەیە ........

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ئەوەی کە یەك، دوو جارە بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند پێمان دەڵێن ئەم دانیشتنە بە تایبەت لەسەر ڕێگاوبانەکانە بەشێك لە گفتوگۆکانی ئێوە پەیوەندی بە وەبەرهێنانەوە هەیە، بۆیە دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەگەر برادەران پێویست بکات، ئەیخەینەڕوو، با ئەوان تەواو بن، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفين اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و کاك ئاگرین و شاندەکە دەکەم، من دەربارەی ناحیەی بەحرکە هەندێك باسی ڕێگاوبانەکان دەکەم، شارۆچکەی بەحرکە لە ساڵی (٢٠٠٧) کراوەتە ناحیە، ژمارەی دانیشتوانی زۆر زیادی کردووە، تاوەکو ئێستا (٥٠٪)ی کۆڵانەکانی قیرتاو نەکراوە، سەنتەری بەحرکەش زەختێکی زۆری لەسەرە داوا دەکەین ڕێگایەکی یەدەگ بەدیل دروست بکرێ بۆ کەم کردنەوەی قەرەباڵغی لەسەر سەنتەری بەحرکە، ئەوەی من ئاگاداربووم ڕێگایەك تەسویەش کراوە و قەتعیش کراوە، بەڵام پێویستی بە تێکەڵە و قیرتاو کردنە کە زەختەکە لەسەر شارۆچکەی بەحرکە هەڵبستێت، هەروەها لە مابەینی شارۆچکەی بەحرکە و تا دەگاتە مەفرەقی زرارەتی ڕیگایەکە زۆر تێك چووە، یەعنی کەڵکی براوە و کەڵکی هاتووچۆی نەماوە، هەندێکی جوت سایدە، هەندێکیشی یەك سایدە، داوا دەکەین هەتا دەگاتە مەفرەقی زرارەتی بۆمان بکرێتە دوو ساید و جادەکەش نۆژەن بکرێتەوە، هەروەها هەندێك گوندمان هەیە وەکو گوندی گردەچاڵ کە تا ئێستا هیچ خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، ڕێگای ناو گوندەکە قیرتاو نەکراوە و مەجاری نییە، لەناو گوندی شێخ رشید کەندێکی زۆر پیس هەیە و خەڵکەکەی زۆر ئیزعاج کردووە، خەڵك ناوێرێ موبەریدەو شتیش بەکاربێنی، لەبەرئەوەی بۆنەکەی ڕادەکێشی و ئەوانەی لە نزیك ئەو کەندەینە، کەندەکە بە درێژایی لەوانەیە کیلۆمەتر و نیوەك، دوو کیلۆ مەتر داوا دەکەین مەجاریەکی سندوقی بۆ دروست بکرێت، هەروەها لەناو چەند گوندی تر هەیە پێویستیان بە قیرتاو هەیە وەکو بەرحوشتر وەکو گوندی گەزنە، گوندی گردجوتیار ناو کۆڵانەکانیان ماوە قیرتاو بکرێ....

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژيان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی قسەکانم بکەم، پێشتریش گوتوومە و ئێستا دەسڵێم ئێمە وەکو چاودێر لەسەر ئەدائی کاری لایەنی تەنفیزی دەبی هەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنی کارەکانی لایەنی تەنفیزی ببینین، کاك چیا ئاماژەی پێدا و دووبارەی ناکەمەوە، سەرەڕای هەبوونی قەیران لە ٢٠١٤ ەوە تا

ئێستا کارێکی زۆر جوانی کردووە دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم، بەڵام جەنابی وەزیر بابەتێك هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، گلەییەکی زۆرمان لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە بۆ دێت لەبارەی ئەو جادە و ڕێگایانەی تازە دروست کراون بە تایبەتی سنووری قەزای ئامێدی، قیرِی زۆربەی ئەو ڕێگاو جادەیانە تەنها چەند رۆژێك دوای تەواو کردنیان لێ بووەتەوە و جادەکان چاڵ و درزی زۆریان تێ کەوتووە، ئەمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەم/ لەوانەیە وەك کاك محی الدین ئاماژەی پێیدا کەرەستەکانی دروست کردنی ڕێگاکان وەکو مکەسەرە، زفتە، قیرە، رِملە، پێش بەکارهێنان تاقی کردنەوەیان بۆ نەکرابێتن، وە کواڵتی و ستانداردی دروست کردنی ڕێگاوبانەکانیان تێدا نەبێ، لەوانەشە کەرەستەکان بەگوێرەی پێویست بە کارناهێنن، یان خاوەن کار کارەکە هەر لە کۆڵی خۆی دە کاتەوەو چۆنیەتی کارەکە لای وی گرنگ نەبێ، هۆکارەکە هەرچی بێت بەڕێز جەنابی وەزیر ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی خاوەن کارەکە و حکومەت پێویستە ئەو خاوەن کارە سزا بدات و ناچاریان بکات کە هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە، بۆ ئەوەی چی دیکە خەم ساردی لە جێ بەجێ کردنی ئەم جۆرە پرۆژانە نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دەست خۆشی لە هاوڕێیانم دەکەم لە لیژنەکان بۆ ئەم ڕاپۆرتە، گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڕێزان لە وەزارەت بەخێر بێن، لە مەسەلەی ڕێگاوبان دا کاری باش کراوە، ئێمە بەو ڕادەیە ڕەشبین نین کە بلێین هیچ شتێك نەکراوە، بەڵام چونکە کەموکورتییەکان زۆرن و زیادن، لەپاڵ دەست خۆشییەکان، لەپاڵ ئەو کارە باشانەی کە کراون کاك شاخەوان ئاماژەی بە بەشێکییان کرد، کاك ڕێبوار ئاماژەی بە بەشێکیان کرد، ئێمە زیاتر پەنجە دەخەینە سەر کەموکورتییەکان، چونکە کاری ئێمە ئەوەیە، مەسەلەی ڕێگاوبان بابەتێکە ستراتیجیە، لەوانەیە یەك کیلۆمەتر شەقام لە دهۆك دا پەیوەندی بە ژیانی خەڵکی هەولێرەوە هەبێ، لەبەرئەوە ڕێگای نێوان کەڵەك ـ بەردەڕەش، ڕیگەیەکی خراپە و زۆرترین فشارو زۆرترین هاتووچۆی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لێیە کە لە ابراهیم خلیلەوە دێن، ئینجا بۆیە ڕێگاکان زۆربەیان بە یەکەوە گرێدراون، یەعنی ئەم بابەتە لەوە گەورەترە بەشێوەیەکی ناوچەیی قسەی لەسەر بکەین، چونکە لە هەر شوێنێك شەقامێك قیرتاو بکرێ و کاری تیا بکرێت، یەعنی ڕەبتی بە هەموو کوردستانەوە هەیە، ئەو ڕێگایانەی کە پێیان دەوترێ ڕێگای مەرگ، یەعنی من پێموایە دەست لە هەموو شتێك هەڵبگیرێ، واز لە هەموو شتێك بهێندرێ ئەوەی کە هاوڕێیانی بەڕێز ئاماژەیان پێ کردوو ئەوانەی کە ڕێگەی مەرگن ئەمانە کاریان لەسەر بکرێ، بەڕێز جەنابی وەزیر کۆتا پرسیارم ئەوە دەبێ کە بابەتی شەمەندەفەر زۆر زۆرقسەی لەسەر دەکرێت، کەی ئەم پرسە ئەگاتە ئەو قۆناغەی کە باستان کرد خەڵك ئیمۆجی پێ کەنین دانەنێ لەسەر هەواڵەکەی لەسەر پۆستەکەی لەناو تۆرە کۆمەڵاتیەکان دا کەی ئەم متمانەیە دروست دەکەن بۆ خەڵك کە ئەمە بابەتێکە ڕاستیەو ئیشی لەسەر ئەکرێت و دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و شاندی یاوەری ئەکەم، من تیشك دەخەمە سەر بابەتێکی نوێ و سەردەمیانە لەبواری دیزاین و بیناسازی، لەڕووی زانستیەوە، ئایا لەڕووی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و زانستەوە چی کراوە بۆ دیزاین کردن و ڕێگاکان، بۆ نموونە من ئاماژە بە زاراوەیەك دەدەم کە پێی دەڵێن (سالۆتۆجینیك) کە لەڕووی تەندروستیەوە زۆر زۆر گرنگی هەیە و کۆمەڵگا بەرەو تەندروستی باش دەبات ئەگەر بکری بریتییە کە دیزاین کردنی پرۆژەکان و باڵەخانەکان لەڕووی تەندروستییەوە، بۆیە پێویستە هەماهەنگییەك هەبێ لە نێوان وەزارەتی پلاندانان وە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە پلانێك دابنێنن کاتێك بیناو باڵەخانەکان دروست دەکرێن، ئەم دیزاینە لەڕووی پێوەری زانستییەوە جێگای بکرێتەوە، پرسیارێکی ترم هەیە ئایا پێویستە ئێوە کار لەسەر بوژانەوەی زیاتری گوند و دێهاتەکان بکەن و ئەو نووسراوانەی کە ئێوە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی دەکەن، وەزارەتی دارایی بەبێ هۆکار ڕەتی دەکاتەوە چ وەڵامێکتان هەیە بۆی؟ بۆ نموونە پرۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگای گوندێکە سەر بە قەزای شەقڵاوە کە گوژمەکەی زۆریش نییە (١٥٢) ملیۆن و (٣٣٧) هەزار دیناری عێراقیە، کە وەزارەتی دارایی بەبێ هۆکار نووسیویەتی ڕەت کراوەتەوە، یەعنی چ بەدواداچوونێك دەکەن؟ چ وەڵامێکتان هەیە بۆ ئەمە پرۆژانە؟ هەروەها سەبارەت بە پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەر زۆر باسکرا کە لە گەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی واژووتان کردووە (دۆجەبانی) ئەڵمانی کە کۆمپانیایەکی باشە، ئایا چی کەوتووەتە ئەرزی واقع؟ لەسەر ئەرزی واقع چ خەتوەك و هەنگاوێك نراوە بۆ ئەوەی باسی بکەی بۆ ئێمە تایبەت بە ناوچەکانی نزیك لە سنووری ماددەی/ ١٤٠ کە دەبینین خاسەتەن ڕێگای....... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیێ لە لیژنا تایبەتمەند دکەم، بۆ نڤیسینا و ئامادەکرنێ ڤێ ڕاپۆرتێ، بەخێرهاتنا وەزیرێ و ڤێ ستافی دکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ سەرەرای ڤێ قەیرانا بسەر داهاتی بەشەکی باش ژ پرۆژێت خزمەتگوزاریی چارەسەر کرینە، لێ هەمی دەڤەرێن کوردستانێ پتر پێتڤی ڤان پرۆژانە کو خزمەتا هاوولاتیا پێ بهێتە کرن و، چونکی مافی دەستپێکیا وانن، برادەرا ژی گەلەك ئاماژە ڤێ چەندێ دا تشتێت باشی هاتیە کردن، لێ ئەو تشتێ نەهاتیە کرن ڤێ دەستێ خۆ داینە وان کەموکوریا و پشتەڤان بۆ هەندێ بهێنە چارەسەر کرن، هەمی دەڤەرێن کوردستانێ بۆ مە وەکی ئێکن هیچ جوداهییەکی نابینین و پشتەڤانین و داکۆکیێ دکەین کو پتر خزمەتا وان بێتە کرن، لێ لە هەر جها مرۆڤ لێ دژیتن ئەو دەڤەرە لی پتر کەموکوریا دبینیتن ژ جهەکی دی، لەوما دێ بەحسێ دەڤەرا ئامێدیی بەگشتی دکەم کو

هەمی بی ئـاگەهن ژ ئەگەرێ شـەڕێ دنـاڤ بەرا پەکەکـێ و تورکیـا پـرۆژێن نیشـتەجێ بـوونێ ژ لایەن وەبەرهێنانێ کەرتێ تایبەت ڤە ناهێنە دەڤەرێ، ئێك ژ پێتڤیاتێن خەڵکـێ ڤـێ دەڤەرێ زۆر جارا خەڵکی بخۆ داخاز کریە، ئەڤ پرۆژە بهێنە دەڤەرێ چونکی نابیت وەبەرهێن خـۆ ژ دەڤەرێ قەتینیـتن ببیانویـا هەنـدێ کـو دەڤەرێ ئـارام نیـنە، چـونکی خەڵـك تێـدا دژیـت و ژیـان لـوێ بەردەوامە، خەڵك بخۆ قەهرەمانە دشـێتن خـۆڕاگریتن لسـەر هەمـی ناخۆشـیا، لـێ ئەگەر بەڤـێ ڕەنگی بیتن و ئەڤ پرۆژێت نیشتەجێ بوونێ نەهێنە دەڤەرێ، ئەگەرێ بەجێ هێنانە خەڵکی ڤێ دەڤەرێ و گەلێن دەڤەرێن دی ژی هەی ب تمامی دەڤەریا دبیتە دەڤەرەکا ئەمنـی، لەومـا خەڵـك دێ پتر قەستا ڤـان بـاژێرا کەن و ناڤەنـدا بـاژێراو دێ بـارگرانی بهێـتە سـەر بـاژێرا ژی، ژ بـۆ ڤـێ چەندێ داخازێ جەنابێ وەزیری دکەین، پتر وەبەرهێنانا هـان بـداتن پرۆژێـێ نیشـتەجێ بـوونێ بهێنە ڤان دەڤەرێ، هەروەسا من پرسیارەکا ژ جەنابێ وەزیـری هەیە، ئەرێ پـلان و سـتراتیجا کە هەوا حکـومەت کـو هـین وەکـو حکـومەت بیـنە جهـێ گرەکـی کەرتـی تـایبەت ل دەڤەرێ و ب جێهینانا پرۆژێن خزمەتگوزایی، چونکی هون بێ ئاگەهن کو گەلەك جهێ جوان و گەشتیاری لڤێ دەڤەرێ هەنە ئەگەر...

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەدیە خان فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب خێرهاتنا جەنابێ وەزیری و شاندێ دگەل دادکەم، سـەبارەت بە ڕێکـا نـاڤخۆیی و دەرەکیـیەن گوند و کۆمەڵگەهـو دەڤەرێـن ئێزیـدیا ب شـیوەیەکی گشـتی گەلەك کێشـە و گرفـت لـێ هەیـنە، تایبەت شێخان باعەدلێ، شـاریا، خـانکێ و دێرەبـوونێ، ڕێکێـت وانێـت نـاڤخۆیی گەلەك خـرابن پێتڤی نۆژەنکردن و دروست کرنێنە، هەر دیسا ڕێکێن چنە مەزارگەهـو جهـێن ئـایینیەن ئێزیـدیا کو بەردەوام خەڵك سەرەدانا وان جهان دکەن گەلەك پێتڤـی نـۆژەن کـردنێنە و هەنـدەك ژی هەر نەهاتینە چێ کرن، گەلەکی خرابن، جەنابێ وەزیری بەریا چەندین ڕۆژا بریارا جەنـابێ سـەرۆکێ حکومەتێ کۆمەڵگەها خانکێ بـووە نـاحیە، ئەڤ جـا داخـازێ ژ جەنـابێ وە دکەیـن کـو د پلانـێن وەزارەتا وە دا پتـر گرنگـی پـی بهێـتە دان ڕێکـێن نـاڤخۆیی و هەردیسـا ڕێکـا وێیـا ژ دەرڤە پتـر خزمەتا وێ دەڤەرێ بهێتە کرن، داکو خەڵکێ مە پتر مەفایی ژی ببینیت و خزمەتا خەڵکـی بهێـتە کرن، هەر دیسا پرسـیارەك هەیە بـۆ جەنـابێ وەزیـری سـەبارەت بە تـونێلا چیـایی زاوا، ئەوا کـو باژێرێ دهۆکی کو دگەل کۆمەڵگەها شاریا و دمزی و فایدە پێکڤە گـرێ دات، ئەرێ ئەڤ پرۆژەیـا گەهەشتیە کی دەرێ و کەنگی دکەفتە وارێ جـێ بەجـێ کرنـێ دا، داخـوازی ژ جەنـابێ وەزیـری دکەین کو ئەڤ ڕێك و بانێن ڤان دەڤەرێن ئێزیدیا کەفتـنە پلانـێن وەزارەتـێ دا و پتـر گرنگـی ب ڤان دەڤەران بهێتە کرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، دەستپێكێ ئەم بخێرهاتنەكا گەرم جەنابێ وەزيری دكەين و شاندێ دگەل، هەرچەندە زارەڤێم بادينی ئەز حەز دكەم باش گۆ خۆ بداتە من دا بەرسڤا من بداتن ان شاءالله، من چەند پرسيارەكيت هەی، ئێك/ ل دهۆكی ڕاستی وەكی منافەسەك و وەكو كێبركێيەكا گەلەكا مەزن تێدا كرن بۆ ئاڤا كرنا تاوەرێت عملاق، يەعنی هەتا ٤٠ طابقا و ٥٠ طابقا ژ يا بوری، ئەرێ پرسيارا من ئەڤەيە ئەرێ ل زمنی ختەكا ستراتيجی دايە؟ ئەڤە يەعنی ديراسا يا ئيزدحامێ تێتە كرن، ديراسا شارعا و جادا تێتە كرن؟ كارەبايەت تێتە كرن، ئاڤێ، سەرفا مياهێ صحی، ئەڤە هەمی مەشاكلا پەيدا ناكەت؟ نە ما ڤی شكلی ئەم هەر جێيەكی هەبيت ئەو ڤی تاوەری عيملاقێت مەزن بێنە ئاڤا كرن و مونافەسا خەڵكی بكەن خەدەماتادا، ئەڤە پرسيارەك، پرسيارا دوويی/ پڕۆژەكی گرنگی ستراتيجی ل دهۆكی سالا (٢٠١١) دەست پێ كر و هەتا ڤێ گاڤێ ناراستە كوناڤێ وێ بيژنێ هيشكەڕوو، هيشكەڕوو ناوی پڕۆژەيە، ل (٢٠١١) يەعنی دەست پێ كری هەتاڤێ گاڤێ تەبعەن ڕاستيا پڕۆژە يەكە نەهالەكە، نازانم ب سۆرانيچ دبێژنە نەهاڵێ؟ دۆڵەكە لە بيدايەتا دهۆكی چيتە ئەخيرا دهۆكی دەربچيت، موعالەجا سەرفی مياهی سەحی بكات، معالەجا فەيەزاناتا بكات، ببيتە مەعلەمەكی سياحی ژی ئەخيرێ، حەتا ڤێ گاڤێ نەهاتيە دروست كرن كانێ بۆچی؟ پرسيارا من يا سێی جەنابێ وەزيری كواڵيتا يا ڤيڕی ئەڤە ڕێكا مابەينا زاخۆ و دهۆكی ئەڤە ئەز دبێژم چار پێنج جارا هاتە سيانە كرن، يەعنی هەر پشتی هەيڤەكی دوو هەيڤا رێك تێتە گرتن و تێتە سيانە كرن، ئەرێ جارەكی........ .

**بەڕێز هيمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی ميهرەبان، بەشێكی زۆر لە گفتوگۆكان دەچنەوە سەر ئەوەی كە ناعەدالەتيەكی گەورە لە كۆكردنەوەی داهات و دابەشكردنەوەی خەرجيەكان دا هەيە، داهات و خەرجی لە هەرێمی كوردستان ديار نييە، نەبوونی ياسای بودجە و ناديارى خەرجی، ناعەدالەتی و ناهاوسەنگی لە پڕۆژەكان و پڕۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە دروست كردووە، لەناويانا وەزارەتەكان بوودجەی خۆيان نازانن، ناعەدالەتی بەوەی كە لە هەولێر شەقامی (١٥٠)م دروست دەكرێت، لە كاتێك دا كەلار و دەربەنديخان (١١) ساڵە پرۆژەكەی تەواو ناكرێت، ناهاوسەنگی لە كاتێك دا لە ناو شاری هەولێر خەڵك ئاوی خواردنەوەی نييە، بەڵام شەقامی (١٥٠)م بۆ دروست دەكرێت، شەقامی (١٥٠)م سەر بە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە نييە، بەس من پرسيارم كردووە ئەلی بە قەرز دروست دەكرێ، بەڕاستی من پێم سەيرە، ئەی بۆ كەس نييە بە قەرز پڕۆژەيەكی ئاوی ستراتيجی بۆ هەولێر دروست بكات تا لە بێ ئاوی رزگاری بكات، ئاوی گۆپتەپە ـ چەمچەماڵ ڕاكێشێ، ڕێگای ڕانيە ـ دوكان تەواو بكات، بۆيە هۆكارەكە ئەمەيە شەقامی (١٥٠)م زەوی باشتر و ناياب ئەكاتە بەشێك لە شار دواييش بەو جۆرە تەخشان و پەخشانی ئەكرێ كە زەويەكانی ڕابردوو لە هەولێر و سلێمانی پێيان كرا، بەڕێز وەزيری ئاوەدانكردنەوە ئەگەر

جەنابت و وەزارەتەکەت نەتوانن دە هەزار پرۆژە بۆ کەم ئەندام و هەژارەکان تەواو بکەن، ئەگەر جەنابت و وەزارەتەکەت نەتوانن ڕێگەی هەولێر تا دوکان هەم بە کۆیە هەم بە سماقولییا تەواو بکەن و بیکەنە دوو ساید، ئەگەر نەتوانن ڕیگەی کەلار تا زەڕایەن تەواو بکەن، ئەگەر نەتوانن ڕێگەی سۆران تا حاجی ئۆمەران تەواو بکەن، ئەگەر نەتوانن ڕێگەی ڕانیە و قەڵادزێ، ڕانیە و تا دوکان تەواو بکەن، ئەگەر نەتوانن ڕێگەکانی دەوروبەری ئاکرێ، دەوروبەری خەلیفان، بەردەڕەش، کەڵەك ئەمانە تەواو بکەن، ڕیگەی سەیدصادق تا خورماڵ، خورماڵ تا تەوێڵە بکەنە دوو ساید، ئەگەر ڕێگەی سەیدصادق تا پێنجوێن نەتوانن بکەنە دوو ساید،؟ بەڕاستی ئێوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیشی چییە؟ ئایا بۆ جەنابت و بۆ خەڵکی کوردستانیش باشتر نییە دەست لەکاربکێشیتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرمو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە هەموومان هیچ شاروشارۆچکەیەکی کوردستان نییە کە گرفتی ڕێگەوبانەکانی نەبێ، بەینی سلێمانی و کەلار و دەربەندیخان، هەولێر و سلێمانی، دوکان ـ چوارقوڕنە، ئەوانە گرفتی گەورەن، کە لە دوای سی ساڵ حوکمڕانی نەتوانراوە نەك بکرێتەدوو ساید بەڵکو نەتوانراوە بکرێتە یەك جادەی باشی ڕێك وپێك کە شایەنی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێ، ئەوەندەی ڕۆژانە بە ڕووداوی هاتووچۆ خەڵك دەمرێت بە هیچ کارەساتێکی دیکە ئەوەندە خەڵك نامرێ بەداخەوە جادەوبانەکان و ڕیگاکانی هەرێمی کوردستان بەینی شارەکان بۆتە ڕۆژانە کە خەلکی کەم ئەندام بەداخەوە خەڵکی کەم ئەندام و قوربانی ئینتاج دەکەن ئەوە جێگەی داخە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، ئێوە وێژدانتان عەزابتان نادات، ڕۆژانە ئەو هەموو هەواڵە دەبیستین، یەعنی چۆن لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە وەزارەتەکان بۆ ئەفزەلیەت نادرێ بەو ڕێگایانەی کەڕۆژانە قوربانیەکی زۆر زۆری هەیە، بە نموونە ڕێگەی گەرمیان سلێمانی ئەوە هیچ ڕۆژێك هەیە کارەسات لەو ڕێگایە ڕوونەدات؟ زۆرێك لە شاروشارۆچکەکان ئەو گرفتانەیان هەیە، بە نموونە ئامێدی، خەلەکان هەر وێرانترین شوێنە، بە قورئان ئەگەر بە خەلەکان دا دەڕۆم بەلامەوە سەیرە، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت زۆرێك لە وەزیرەکان کە دەچنەوە بۆ سلێمانی بە خەلەکان دا دەڕۆن، بەس ببینە خەڵکی خەلەکان چی دەچێژێ بەدەست ئەو هەموو بار هەڵگر و ئەو سەیارانەی کە بەوێ دا دەڕۆن سەرباری ئەو جادە وێرانە، ئەو شوێنە بێ خزمەتگوزاریە، ئەوە دۆڵی خۆشناوەتییە ئەوە هەر باس ناکرێ، ساڵی پار خۆپیشاندانیان کرد، بێ زەحمەت ئەو جادەی دۆڵی خۆشناوەتی بە کوێ گەیشتووە؟ پرسیارێکی دیکە پردی دەربەندی ڕانیە بۆچی ڕاوەستاوە؟ بۆچی تەواو ناکرێ؟ سەبارەت بە پردی قەڵادزێ کە بە داخەوە چەندین ساڵە خەڵکی قەڵادزێ هاواری لێ هەستاوە بۆ ئەو پردە کە ماوەیەکی زۆرە وەستاوە و هیچ پلانێك نییە بۆ ئەوە کە دروست بکرێ و چاك بکرێتەوە، ئەو ژێرەکەی ئێستا حکومەت ڕێگە دەدا خەڵك یەعنی پاشەڕۆی خانووی رووخاو بەرێ لەوێ ڕۆی بکات، ئەوە دەبێتە هۆی دادتەپینی ئەو پردە سبەی یەعنی زیان بە پردەکە دەگەیەنێ....... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرمووو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبڕوای من ئەگەر شەفافیەت هەبێ لە داهات و چاکسازی ڕاستەقینە بکرێ و گەندەڵی ڕیشەکێش بکرێ و پەرلەمان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە چاودێری کردن هەبێ و دەست وەردان نەکرێ لە دادگاکان دا پێموایە ئەتوانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیشی خۆی بکات و شارەوانی بیکا و ڕۆشنبیری بیکا، کۆی دامەزراوەکان بیکەن، کێشەی داهاتی ئەم وڵاتە بە هەم بە عەدالەتی دابەش ناکرێ، هەم ئەم شەفافیتە و چاکسازییە ڕاستەقینە من نایبینین، جاران جادەکان پڕۆژە بوو ئێستا وەکو پێویست جادەکان پینە ناکرێنەوە، یەعنی جادەکان ئێستا ئەیبینی پڕە لە تاسە و چاڵ و ئەمانە، ئەمانەش وەکو پێویست پینە ناکرێنەوە، جادە، ڕێگەوبان من تێبینی ئەکەم نەبووە بە پڕۆژەیەکی ستراتیجی لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان و لای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەمە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگەو داهاتێکی بێ شومار دواتر ئەگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت ئەگەر جادە و بانی باشمان هەبێت، ئەگەر ئەو پڕۆژەی کە ناوی شەمەندەفەرە جی بەجێ بکرێ کە نازانین کەی جێ بەجێ دەکرێ، وەزیر پێمان بڵێ زەحمەت نەبێ جەنابی وەزارەتی پلاندانان چی کردووە بۆ مەسەلەی ڕێگاوبان و ئەوەی کە پێویست دەکات لەڕێگاوبانا جێ بەجێ بکرێ، ڕێگاوبانی پێموانییە هیچ وڵا تێك بەقەدەر ڕێگاوبانی نێوان هەولێر و سلێمانی ئەوەندە تەنکەر و سلێمانی و حدودەکان و هەولێر و دهۆك و ئەمانە بۆ خاڵە سنووریەکان ئەوەندە تانکەر و لۆری پیا بڕوات، کەڵکیان نەماوە جادەو بانەکان لە وڵاتانی دیکە پێویست دەکات لە هەرێمی کوردستان ئەگەر پڕۆژەیەکی ستراتیجی هەبێت بۆ ڕێگاوبان ئەبێت تانکەر و لۆری جیا بکرێنەوە، کەلەلای ئێمە نەکراوە، من بە کورتی یەك شت باس ئەکەم زۆر لە ئەندامانی بەڕێز باسیان کرد، قسەکەم بەوە کۆتایی پێ ئەهێنم ئەندامانی بەڕێز زۆر خاڵی گرنگیان باس کرد، حەز دەکەم وەزیر وەڵامی ئەوانە بداتەوە، نموونەیەکی زۆر سادە و بەسیت نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر دانیشتوانی چەند گوندێك لە پێنجوین بە منیان وت لە نێوان دوو گوند دا تێکەڵەڕێژ کراوە تەقریبەن کەمتر لە دوو کیلۆ مەترە..... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نمونەکەی بۆ بنووسە کاکە، کاك لوقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هامڵتۆن ئەندازیارێك بوو بە کەرەستەی سەرەتایی لە ماوەی ١٠ ساڵ دا لە سەختترین شوێنی کوردستان دا کە ناوچەی شاخاوییە ڕێگایەکی (١٢٠)کم ی تەواو کرد، بەڵام حکومەتی خۆمان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی ٢٠١٠ بڕیاری دا کە جوت سایدی چۆمان ـ حاجی ئۆمەران بکات، بڕی (٣٩) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرد جاری یەکەم، جاری دووەم (٥١) ملیار کەچی لە ماوە (١٢) ساڵ دا نەتوانراوە تەنها یەك کیلۆمەتر لەم ناوچەیە تەواو بکرێ، ئەوە وێڕای ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیر هەر لەم ناوچە سەختە شاخاوییە ڕێگای نێوان خەلیفان ـ بالیسان، ڕەواندوز ـ

دۆڵی ئاکۆ، دیانا ـ سیدەکان، سۆران ـ خانەقا وەرتێ، ڕەشدور ـ قەسرێ ـ باڵەییان، سمێلان و دۆڵی روست وێران وێرانن، ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە، ڕۆژانە لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان خەڵك ڕووی تێ دەکان، ناوچەی پرژێمان هەیە ٤ کیلۆمەترە، چوار فەسڵە بەفری لێ نابڕێ، هەزاران گەشتیار ڕووی تێ ئەکا کەچی جادەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نەیتوانیوە چوار کیلۆمەتر قیر بکات، ناوچەی سەکران ناوچەیەکە بەهەشتێکە بۆ خۆی شەش کیلۆمەترە، کەچی ڕێگاکەی وێران وێرانە، ڕۆژانە نییە لە ڕێگای نێوان گەلی عەلی بەگ تا ئەگاتە حاجی ئۆمەران سەیارە و ئۆتۆمبیلی هاووڵاتیان و گەشتیاران نەکەوێتە ڕووبارو قوربانی دانی گەورەی لێ نەکەوێتەوە، بۆیە بەڕاستی هیچ موبەررێك نییە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچەیە بەم شێوازە پشتگوێ خراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا بەڕێز وەزیرێ ئاڤەدانکرنێ و شاندێت دگەل دا دکەین، بەڕێز وەزیرێ ئاڤەدانکرنی ناحیا دینارتێ، ناحیەکا کەڤنە چەندین بنگەوبارەگایەت شۆرشێت کوردستانێ ل سنوورێ ناحیا دینارتێ بی، نزیکی (٤٠) هەزار نفوسا هەی ئەڤێ ناحیێ دینارتێ دا دژین جادا گەلیا زەنتا ئەوا تێت بۆ قەزا ئاکرێ ساڵا (٥٢) یا درست کری، هەنگی دوو سەیار تێدا بی، هەنکە دوو هەزار سەیارا تێدا هەمان جادەیە، بەڕێز وەزیرێ ئاڤەنداکرنێ ل هەمی هەرێما کوردستانێ یەك جادە مایە ساڵا (٥٢) هەتا نوکە دڵنیام یەك جادە نەمایە تەنها ناحیا دینارتێ نەبیت، فەرموون تەماشایێ ئەوێ جادێ بکەن، ئەڤە جەنابێ وەزیر کەرەمکەن ئەگەر دوو سەیارایت مەزن بارهەڵگر نیڤ سەعاتێ هەمی خەڵك پشتێ ڕابوەستی، جەنابێ وەزیر ئەڤ جادا جادەیەکا گەشتیارییە، چەندین خەڵك تێدا تێتە سەیرانێ، کەرەمکەن ڕۆژێ جمعە ئەڤ خەڵکێ تێتە سەیرانێ هەر ڕێك نییە ئەگەر نەخۆشەك هەبی دڵنیام لوێرێ وێ ڕێگێ دەمینی، پێویستە ئەڤ جادا ب زیرین وەخت نەفەقەکی لێ دروست بکەن، ب ڕاستی مەخابن ئەڤە نزیکی ساڵەکە چەندین جارا مەی داوا کرینە نەفەقەکی لێ درست بکەن تەنها سێ جسرا لێ فرە کەن، بەڕێز وەزیرێ ئاڤەنداکرنێ قەزایا بەردەرەش، جادا قەزا بەردەڕەشیا بیا جادا مەرگ براستی ڕۆژانە چەندین بنەماڵ تێدا، چار پێنج کەس تێدا دبنە قوربانی، هەتا نوکە بەڕێوبەرایەتیا یا ئاڤەدانکرنێ دگەل قەزا بەردەڕەش پێویستە بزیترین وەخت بەڕێوبەرایەتی لی بێتە....... .

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و بریکاری وەزیر و ستافەکەی ئەکەم وێڕای پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو بەدریە و سەرجەم ئەو

هاورێیـانەی کەباسـیان لە گیروگرفتەکـانی شـاری چەمچەمـاڵ کـرد، دەمەوێ لە بەڕێـز وەزیـری ئاوەدانکردنەوە ڕابگەیەنـم کە بەشـێك لە گرفتەکـانی ئـاوەدانکردنەوە و ڕیگەکـانی چەمچەمـاڵ تەنکەرەکانی (ئێـڵ پـی جـی) و نەفتـایە کە لە کـێڵگەی غـازی کۆرۆمـۆرەوە بەسـەر هاوولاتیـانی چەمچەماڵ دا تێ ئەپەڕن و داهاتەکەشیان بەداخەوە کەمترین سوودی بـۆ خەڵکـی چەمچەمـاڵ هەیە و بۆتە مایەی کێشە و گیروگرفت بۆ هاونیشتمانیان، ئایـا کە دەبـوو سـەندوقی پتـرۆ دۆلار هەبووایە بۆ ئاوەدانی شاری چەمچەماڵ بەداخەوە تا ئێستا هیچ ڕێگەیەك نەگیـراوەتە بەر ئێـوە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی بەشێك لە داهاتەکەی وەکو پترۆ دۆلار بـۆ ئـاوەدانی شـاری چەمچەمـاڵ دابـین بکرێـت، وەکـو بەشـێك زۆر لە هاوڕێیـان باسـیان کـرد بەڕاستی نەك ئـاوەدانی شـاری چەمچەمـاڵ، شـاری چەمچەمـاڵ کێشـەی کەمـی ئـاو و هەروەهـا پرۆژەی ئـاوی گـۆپتەپە ـ چەمچەمـاڵ کە ئەوە چەنـدین جـار پـارەی بـۆ سـەرف بکـرێ و دواجـار نەمان بینی، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان هەم بە حوکمی ئەوەی ئەنـدامی ئەنجـومەنی وەزیـرانن کە ئەو گـرفتە چارەسـەر بکـرێ و هەروەهـا یەکێـك لە گرفتەکـانی تـری ئەو شـارە خۆشەویسـتە نەبوونی هەلی کار، ئێمە ئێستا کێشەیەکی تریشمان تـووش بـووە بەهـۆی نەهـامەتی ئەو کـێڵگە غازیەوە کە ئەویش ئەوەیە کە کادۆشا ئەنێردرێتە ناو کێڵگەوە و دواجار مـن دڵنیـام ئەگەر ئەمە بەرفراوان بێ ڕەنگە مەترسیەکی ئەمنی قوڵتر لەم ناوچەی چەمچەماڵ دروست کرا، یەعنی ئەم کـێڵگەی غـازی کۆرۆمـۆرە وەکـو وتـم لەبـری ئەوەی ببێـتە شـتێکی بـاش بـۆ نـاوچەکە بـۆتە نەهـامەتیەکی گەورە کە دەیـان نەخۆشـی بەهـۆی گـازە زیـان بەخشـەکانیەوە بڵاوبـۆتەوەو ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی چەمچەماڵ تووشی نەخۆشی سەرەتان و ئەو.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو هاوکارانی ئەکەم، ڕاستیەکەی بەشێکی ئەو قسانەی کە وا قەرار بوو بیکەم هاوورێیانم دەستیان خۆش بێ ئاماژەیان پێیا، من هەوڵ نـایەم زۆر دووبـارەی بکەمەوە، ئێمە کێشەی گەورەمان هەیە لە شا ڕێگەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەڕاسـتی چـۆن ئاماژەیان پێدا وەکو ئەوە وایە کە تۆ لەنـاو جەنگێکـی دەسـتەویەخە دابـی و ئەبـێ هەر بـیکەی، یەعنی دەستت لەسەر دڵتە تا ئەچینە ئەو شوێنەی کە قەرارە بۆی بـڕۆی و تـا کەسـێکی ئەزیـزت ئەچێتە ئەو شوێنە چەند جار ئەبێ پەیوەنـدی بـکەی بەوەی کە گەیشـتووە یـان نـا؟ ئەمە بـاوەڕ نـاکەم لەم هۆڵەیـا کەم کەس هەیە کەسـێکی ئەزیـز و خۆشەویسـتی بە کارەسـاتی هـاتووچۆ لەدەست نەدابێ، بەداخەوە، قسەکانم زۆر کورت دەکەمەوە لە پرسیارێك دا کاك دانا بۆ بەڕێزتان وەك وەزیری ئاوەدانکردنەوەو پێشنیارێکیش، پرسـیارەکە لەو پـلانەی کە بەڕێزتـان داتـان نـا لەو کاتەوەی کە هاتنە پەرلەمانی کوردستان و دەست بەکاربوون وەکو وەزیر، لەو پـلانەی کە هەتـان بوو لە وەزارەتەکەتان تاوەکو ئێستا لەسەدا چەندی پلانەکەتان توانیوە جـێ بەجـێ بـکەن؟ ئەوە پرسـیارێك. پێشـنیارێکیش تەبـعەن ئـێمە پەیوەنـدیمان لەگەڵ هاوولاتیانـدا هەیە و زۆر باسـی ڕێگەی کەلار ـ سلێمانی کرالە ئێستایا ڕێگەیەك هەیە کە تەنها چوار کیلۆمەترە، ئەو ڕێگـای کفـری

بۆ سەرقەڵا و سەنگاو وابزانم پار ساڵ کەمێك دەستکاریش کراوە، داوای ئەوە ئەکەین ئەو چوار کیلۆمەترە قیرتاو بکرێ، زەخت و فشار لەسەر ڕێگەی کەلار ـ سلێمانی کەم ئەکاتەوە تاوەکو ڕێگە سەرەکیەکە بە تەواوەتی چارەسەر ئەکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل (٢٠٠٦) دیزاینا مرور سریع ل زاخۆ ـ ابراهیم خلیل تا هەولێرێ هاتیە دانان کو (١٨٠)کم ئایا د پلانا وەزارەتا وە دا هەیە هین ڤی دیزاینێ بیخنە بواری جێ بەجێ کرنێ دا، چونکی ئەم دزانین خاڵا ابراهیم خلیل خاڵەکا هەرە گرنگە بۆ داهاتێ هەرێما کوردستانێ، تونێلا مەتین جەماعەتێ بەحسێ کر (٢٠١٠) دیزاینا بۆ تمام بوی فحوساتێت ئاخر هاتینە کرن، تەندەریا هاتیە دەست نیشان کرن، دوو ملیار و (٣٠٠) ملیۆن دینارێت دڤێتن، ئەڤ تونێلا مەتین ڕێگاکە بۆ دەروازا سەر زێڕێ، ئەم زانین دەروازا سەر زێڕی دا داهاتیەکا هەرە باش بۆ هەرێما کوردستانێ دینیت هەروەسا دەڤەرا بەرواری باڵا کو نوکە باشترین دەڤەرە بۆ کشتوکاڵێ و گەشتوگوزارێ، ئایا بۆچی ئەڤ تونێلە تا نوکە (١٢) ساڵ تێ پەڕین هیچ نەکەتیە بوارێت جێ بەجێ کرنێ، سەبارەت یەکەیەت نیشتەجێ بوونێ و کەم دەرامەتا حصا دهۆکێ پارێزگەها دهۆکێ (٢٠٠٤) سەد یەکەیەت نیشتەجێ بوونێ بوون (٢٠١٤) حەتا نوکە هاتینە ڕاوەستاندن، (٢٠١٢-٢٠١٣) هندەکا (٣٠٪) هەندەکا (٤٠٪)ی کارێ تێدا هاتیە کرنێ ئایا گرنگ نەبوو هین ڤانا جێ بەجێ بکەن کو بەرامبەری وی (٢٠) هەزار یەکەیەت نیشتەجێ بوونێ کو ئەڤرۆکە بەرنامێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا بکاتن، مادام (٤٠٪)ی هاتینە جێ بەجێ کرنێ ئایا بۆچی ئەڤ پرۆژێت هەنێ ناهێنە تەمام کرنێ؟ نزانم مرۆڤ تێ تینتە دەرێ کو ستۆپەك ڤەقەتیانەکا هەی دناڤ بەینا کارێ حکومەتا کابینا چووی و کارێ حکومەتا کابینا نهێ، ئایا بۆچی ئەڤ پرۆژەیەت هەنێ ناهێنە جێ بەجێ کرنێ؟ مفرەقا باعەدرێ تا بەردەڕەش تا ڕۆڤیا ئێك سایدا، سایدی تر هەر ئی کەڤنێ مای، ئایا هەوە پلان هەیە ڤی سایدی ژی بکەنە نی کەنەڤە یان نۆژەن بکەن؟.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان سوپاس بۆ بەشداری چڕوپڕی هەر هەمووتان، نزیکەی (٧٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بە (٣٥٠) پرسیارەوە لە ماوەی دوو سەعات و نیوی ڕابردوودا بابەتەکەیان دەوڵەمەند تر کردووە، ئێستا روخسەتێك دەدەینە جەنابی وەزیر ئەگەر پێنج دەقەیەك ئیسراحەتەکی خۆی وەرگرێ و بێتەوە لامان، بەڵام ئیستفادە لەو پێنج دەقەیە دەکەین لیژنەی تایبەتمەند هەندێك ڕوونکردنەوەیان هەیە بەڕێزان، وەکو ئیزافەیەك کاك هاوڕێ، کاك بەهجەت، جا پابەندی ئەوە بن ڕوونکردنەوە و ئیزافەکانتان بخەنەڕوو وەکو لیژنەی تایبەتمەند، سەعات دوو ڕێستەکە وەردەگرین بەڕێزان تەحەمولتان هەبێ، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی زۆر باس لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ کرا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی رووداوی هاتوچۆ ڕێگاوبانەکانن، بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی کە یەك سایدن و جوت ساید نەکراون، پێم خۆشە ئامارێك بخەمەڕوو لەسەر مردن و بریندار بوون و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی دەست بەکاربوونی ئەم کابینەیە، مردن (١٧٧٥) کەس بەڕووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەست داوە، ٢٠١٥٢ کەس بریندار بوون، (١٢٥٤٧) ڕووداو ڕوی داوە لە هەرێمی کوردستان، خەمڵاندنێکی سەرەتایی کە ئەو بەدواداچوونەی کە ئێمە کە کردوومانە بە تایبەت کردوومە ببورە ئەمە وەکو لیژنە نەمان خستۆتە ڕاپۆرتەکەوە، ئەو زیانانەی بەر هاووڵاتیان کەوتووە لەم کابینەیە بەڕووداوی هاتووچۆ سەرووی ٥٢ ملیۆن دۆلارە، ئەوەی کە لەم کابینەیە و لەم سەردەمی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لەگەڵ ئەوە هەندێ بابەت لەسەر یەکەکانی نیشتەجێ بوون باسکرا، ئێستا کاك بهجت ڕەنگە ڕوون کردنەوە لەسەری بدات، دوو بابەت ی جیاوازن ئەو بڕیارەی کە حکومەتی هەرێم و دەستەی وەبەرهێنان داویەتی لە سەر دروست کردنی بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون کە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دوو بابەتی لەیەك جیان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت لیژنا مە لیژنا ئاڤەدانکرنێ و وەبەرهێنانێ یە، یەعنی دوو بابەتێ تێدا هەی، وەزارەتێ ئاڤەدانکرنێ پرۆژێت وێ جودانە، وە وەبەرهێنان و دەستەی وەبەرهێنانێ پرۆژێت وی جودانە، سەبارەت ئەو یەکێت نیشتەجێ بوونێ دیڤ یاسایی ژمارە (١٦) ساڵ (٢٠١١) هاتیە دان و ڤی پەرلەمانێ بەڕێز کە ١٠ هەزار وەحدەی سەکەنی ل هەمی هەرێما کوردستانێ و ل هەمی شار وشارۆچکێت هەرێما کوردستانێ بێنە چێ کرن، ئەڤ یاسایا ژمارە (١٦) ساڵا/٢٠١١ ی (٧٢) پرۆژەنە، هەمی بۆ خەڵکێکی کەم دەرامەت و کرێچینە، د ناڤ یاسایێ دا ب وازحی ئیشارەتا پێدای کە ئەڤ یەکە دەمێت دێنە چێ کرن بێ پێشەکینە، یەعنی هیچ موقەدیمەیەك نینە بۆ ڤان پرۆژان، یەعنی تو دێ کرێیەکی دەیی مقابل ٢٥ ساڵا یان ٢٠ ساڵا پشتی هەنگی دیڤیە خودانێ خۆ یەکەکا نیشتەجێ بوونێ کە حکومەتا هەرێما کوردستانێ پارەیی ڤان پرۆژا ڤان یەکا ب شێوێ قست دداتە بەلێندەر و بەڵێندەر ڤی کاری رابی بەرامبەر وەرگرتنا کرێ، ئەمما وەبەرهێنان و دەستەی وەبەرهێنانێ لدیڤ یاسایا ژمارە/٤ ساڵا/٢٠٠٦ شول کەتن بەڕێزان ژ یەك جودانە، ئەڤە وەربەرهێنەر دکەتن، نەکو حکومەت دکەتن، حکومەت دیڤ یاسایێ کارئاسانیا بۆ وەبەرهێنەری دکەتن، دەمێ کار ئاسانیا بۆ وەبەرهێنەری دکاتن، وەبەرهێنەر ژی عەقدەکی گرێبەستەکی بکرا دگەل هاووڵاتیا گرێ داتن وان پرۆژا جێ بەجێ دکاتن، سەبارەت وان دروست کرنێ وان یەکێت ئارکەنجی بوونێ بۆ خەلکی هەژار، ئەڤە د ڕێکا دەستێ وەبەرهێنانە مە دیڤ ماددەیی/٤٢ پەیڕەوێ ناڤخۆیا پەرلەمانێ کوردستانێ داخازا کری کە بەڕێز سەرۆکێ دەستێ وەبەرهێنانێ بانگهێشتی لیژنا تایبەتمەند بکەین و وا ڕوونکردنێت پێتڤی ل سەر ڤی ڤان ٢٠ هەزار وەحدێت

سەکەنی ژ وەربگرین، گەل هەندێ ژی دا هەردوو پـڕۆژە ئەم ژ دل سوپاسـیا سـەرۆك وەزیـران و کابینا نۆیا حکومەتا هەرێما کوردسـتانێ دکەیـن کە شـاینا خـۆ بـکەنە خـودان بـۆ کێمکرنـا ئەزمـا سەکەنی ل هەرێما کوردستانێ، خاڵەکا دی کە من دیڤیت ئەز ئیشارەتی پێ بـدەم هنـدەك بەڕێـزا هەنـدەك مـولاحەزە و تـێ بینـی هەبـوون، ئەز نـزانم ئەوە عـام فێـر بـووین، ئەوە مە دەسـت ب ڕاپۆرتی کری و نڤیسینا ڕاپۆرتێ کری، مە ب شێوەیەکی ئەکادیمییا دەست پـێ کـری، ل دەڤ مە بـریتیە ڕاپـۆرت نڤیسـین ئێـك ل پێشـەکیی، پشـتی هەنگـی گرفتـا و هۆکارێـت وان پاشـی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و پاشی چارەسەر و پێشنیارا بخەینە تێدا ئەڤە ب شـێوەیەکی فەرمـی ل دەڤ مە و وەکو بنەمایەت نڤیسینێ ڕاپۆرتەکە یا نـزانم ل دەڤ هەنـدەك کەسـی دی تشـتەکی دی بیتن.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پوختی بـکەنەوە و تەواو دەسـتتان خـۆش بـی، وابـزانم ڕەئیـیەکە گەیشـت، بەڵـێ بەڕێزان ئێستا دوای بەشداریەکی زۆری بەڕێزانتان لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و ئەو پرسـیار و سەرنج و تێبینیانەی کە هەتان بووە، ئەگەر جەنابی وەزیر هاتۆتەوە من پێمان باشە جەلسـەکە هەڵگرین تا سەعات (٢:٣٠)، سەعاتێك ئیسراحەت وەرگرن و دوو و نیو دێینەوە بـۆ ئەوەی، ئـاخر داوا دەکەن و دوو و نیو وەزیری بەڕێز دێتەوە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی وەڵامەکان باتەوەو بەم شێوەیە جەلسەکە تا دوو و نیو هەڵئەگرین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان فەرموون دانیشن (٢:٣٠) مەوعیدی دانیشتنەکەمانە، بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەتوانن دەست بە قسەکردن بکەن، بەڕێزتان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان مەبەستێتی گوێی لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە بێت، سەبارەت بە پرسیارو ڕوونکردنەوەکانی بابێتە ژوورەوە دەست پێکەن، بەڕێزتان فەرموو، نانا نیصابی ناوێت فەرموون بەڕێزتان دەست بە جوابەکانتان بکەن.

**بەڕێز دانا عبدالكریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و جێگرانی سەرۆکی پەرلەمان و هەروەها ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان بۆ میوانداری کردنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ گوێ گرتن لە پرسیارو سەرەنج وتێبینییەکانی بەڕێزان نوێنەرانی گەل کە ئێوەی خۆشەویستن، من سەرەتای قسەکانم حەزدەکەم بە وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان دەست پێبکەم، من سوپاسیان دەکەم، بەڕاستی ڕاپۆرتێکی هاوسەنگیان ئامادە کردبوو، ڕاپۆرتەکە ئەتوانم بڵێم ڕەنگدانەوەی واقعی ئێستای کارەکانە لە چوارچێوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، من ئەوەی کە گرینگ بێت بەلامەوە بۆ ئێوەی خۆشەویستی باس بکەم سەبارەت بە پرسیارو سەرەنجەکانتان بەشی زۆری پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست لە چوارچێوەی تەواوکردنی ڕێگا دووسایدەکان بوو، بەتایبەتی هەندێ ڕێگا زۆربەی زۆری ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئاماژەیان پێدا، پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکان بەڕێزتان، پێم خۆشە ڕاو سەرەنجی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان بخەمە ڕوو کە بەم شێوەی خوارەوەیە.

ئاماژە بە ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١٩) لە (٢٠٢٢/٦/٢) دەرچووە، دوای دیراسە کردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بفەرموون لەگەڵ هەڵسەنگاندنی وەڵام و سەرەنجەکانی خۆمان سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە.

یەکەم/ کە تایبەت بوو بەگرفتەکان کە ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێز ئاماژەی پێداوە لە خاڵی یەکەم، ئێمە پاڵپشتی خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتەکە دەکەین کە تایبەتە بە نەبوونی یاسای بوودجە لە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی کارکردنی دامەزراوەی لە حکومەت پێویستە یاسای بوودجە هەبێت، بەڕاستی بەداخەوە لەدوای ساڵی ( ٢٠١٣ ) کە دواهەمین یاسای بوودجە بووە لە هەرێمی کوردستان تا ئەم ساتە هەرێمی کوردستان لە کابینەکانی پێشووتریشەوە، یانی بە دوو کابینە پێش ئێستاکە نەتوانراوە بە هۆی قەیرانی داراییەوە یاسای بوودجە لە هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت ئەمە گرفتێکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەشێوەیەکی سەرەکی وە هەموو وەزارەتەکانیشە، چونکە ئەگەر یاسای بوودجە

هەبێت ئەوکاتە هەموو وەزارەتێك ئەرکەکانی خۆی بۆ ئەو ساڵە زۆر بەباشی ئەزانێت چییەو چی لەسەر شانە و ئەبێت چی بکات بۆ ئەوەی کە ئەو پلانەی کە بۆماوەی چوار ساڵی خۆی داینـاوە جێبەجێـی بکـات، لەبەر ئەوە مـن ١٠٠٪ هـاوڕای خـاڵی یەکەمـی ڕاپـۆرتی لیـژنەی ئـاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنـانم کە نەبـوونی یاسـای بـوودجە گرفتێکـی گەورەیەو ئەمە ئەبێـت بەڕاستی وابکەیـن بـۆ سـاڵانی داهـاتوو کە بەداخەوە ئەم سـاڵیش وەکـو سـاڵی (٢٠٢٢) نـاتوانین یاسای بوودجە بۆ هەرێمی کوردستان دابنێین، خۆتان ئەزانن ئەوە نیـوەی سـاڵەکە ڕۆشـتووە نیوەی مـاوە، هەروەهـا لە ئەنجـوومەنی وەزیـران لەسـەر ئەوە ڕێککەوتـووین لە جیـاتی یاسـای بوودجە پلانێکمان هەبێت بۆ ساڵی ( ٢٠٢٢ ) وە ئەم پلانە کە زۆربەی وەزارەتەکان پلانـی خۆیـان ناردووەتەوە بۆ وەزارەتی پلان دانان، وەزارەتی پـلان دانـان ئاراسـتەی ئەنجـوومەنی وەزیرانـی کـردووە ئومێـدەوارین لە نزیکتـرین دەرفەتـدا بتـوانین پلانـی سـاڵی(٢٠٢٢) پەسـەند بکەیـن، هەرچەندە ئەوە نیـوەی ساڵەکە ڕۆشـتووە نیـوەی ئەمێنێـت تاچەنـدی فریـائەکەوین لە پـلانەکە بتوانین جێبەجێی کەین هەموو هەوڵێکی خۆمـان ئەخەیـنە گەڕ، لەبەر ئەوە ١٠٠٪ هـاوڕای خـاڵی یەکەمی ڕاپۆرتی لیژنەکەم.

بەنسـبەت خـاڵی دووەم بەهەمـان شـێوە پاڵپشـتی تەواوی ئەو خـاڵە دەکەیـن زۆربەی پـڕۆژەو چالاکییەکانی وەزارەتمان کێشەی هەیە لە جێبەجێ کردن بەهـۆی کەمـی و هەنـدێجار نەبـوونی نەختینە لە بانقەکان، یەکێکی تر لە گرفتە سەرەکییەمان بەڕاستی گرفتی نەختینەیە لە بانقەکانا زۆرجـار کە بەڵێنـدەرەکان پڕۆژەکـانی خۆیـان جێبەجـێ دەکەن، ئەگەنە ئەوەی کە شایسـتە داراییەکـانی خۆیـان وەرگـرن، هەروەهـا سـولفەکانیان لە وەزارەتەوە بـۆ ئەکرێـت کە ئەچـنە بانقەکان بۆ ئەوەی پارەکان و شایستە داراییەکـانی خۆیـان وەرگـرن لە بانقەکانا نەختینـە نییـە، تەبـعەن هەر بەڵێنـدەرێك کە پـڕۆژەیەك جێبەجـێ دەکـات بەڕاسـتی بەپێـی گرێبەسـتێکە ئەم گرێبەستە لەنێوان خاوەنکار کە حکومەتە بەپێـی وەزارەتە پەیوەندیـدارەکە لەگەڵ بەڵێنـدەرەکە تەبـعەن خاڵەکـانی گرێبەسـتەکە چـۆن پابەنـدە بـۆ بەڵێنـدەرەکە، حکـومەتیش بەهەمـان شـێوە پابەنـدی خاڵەکـانی خـۆی بێـت کە لە گرێبەسـتەکە ئامـاژەی پێـداوەو جێبەجێـی کـردووە، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەکو حکومەت نەمان توانی وەکو خۆی پابەندی گرێبەستەکانمان بین کە لەگەڵ بەڵێندەران کردوومانە بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیاندا شایستە دارییەکانیان پێدەین، بۆ نموونە ئەگەر پڕۆژەیەك بایی ملیارێـك دینـار بێـت بەڵێنـدەرێك ئەگەر خـاوەنی پێـنج سـەد ملیـۆن دینـار بێـت ئەتوانێ پڕۆژەیەکی ئاوا جێبەجێ بکات بایی دووسەد ملیۆن دینار ئیش ئەکات بـایی سـێ سـەد ملیۆن دینار ئیش ئەکاو پێشینەی خۆی پێشکەش ئەکـا وە پێشـینەکەی ئەگەر حکـومەت لەکـاتی خۆی بیداتێ ئەتوانێ پڕۆژەکە تەواو بکات، بەڵام لەکاتێکـا کە بـایی ملیارێـك و پێـنج سـەدەکەی خـۆی خەرج کـردوو دواتـر پـارەی پێنەمـا وە ئـێمەش نەمـان تـوانی پێشـینەکەی پێـدەین وەکـو حکومەت ئەوکاتە بەڵێندەرەکە ئەوەستێ و ئەبێتە هۆی وەستانی پـڕۆژەکە، واتە یەکێکـی تـر لە گرفتە سەرەکییەکان نەبوونی نەختینەیە.

خــاڵی ســێیەم/ پاڵپشــتی تەواوی ئەم خــاڵەش دەکەیــن ســولفەی بەڕێوەبەرایەتییەکــانی چـاککردنەوەو ڕێگاوبانەکـان و کاروبـاری سـیانەی ڕێگاوبانەکـان زۆر کەمـن بەشـی لە ٣٠٪ کـارو پلانەکانیان ناکەن، لەمەشدا هاوڕاین وە زۆربەی زۆریش باسی ئەوەتان کرد کە ڕێگاوبانەکانمـان

ئەو بوودجەیەی کە پێویستە بۆ سیانە کردنەوەی لەبەر دەست نییە، ئێمە بە سوپاسەوە بۆ بەڕێز سـەرۆکی حکـومەت لەگەڵ دەسـت بەکاربوونمـان لە سـاڵی (٢٠١٩) ئـێمە پلانێکمـان پێشکەشـی بەڕێزیان کرد بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەرێمـی کوردسـتان کە پلانەکەمـان پێویسـتی بە چل ملیار دینار زیاتر بوو، هەروەها پلانەکەش ئەوە بوو لە مـاوەی (٧٠) حەفتـا ڕۆژ زیـاتر لە (٧٢) پرۆژەمـان لە هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان لە زاخـۆ تـا ئەچیـنەوە گەرمیـان پـێ چـاککردەوە کە ئەتـوانم بڵـێم بە مـاوەیەکی قیاسـی زۆرکەم توانیمـان بەو چـل ملیـار دینـارە زۆربەی زۆری ئەو ڕێگایانەی کە ڕێگای نێوان شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون نۆژەنکرانەوە، بەڵام بۆ بەردەوامیدان بەمە پێویستمان بەوە بـوو کە پلانەکەمـان وابـوو هەر چـوار ساڵەکە هەر سـاڵێك حەملەیەکمـان هەبێـت مەسـەلەن چـۆن لە هەڵمەتـی یەکەم ئەو چـل ملیـار دینـارە کـرا لە سـاڵی دووەمیش ئەو چل ملیار دینارە تەرخان بکرێت، لە ساڵی سـێیەمیش تەرخـان بکرێـت، هەروەهـا ساڵی چوارەمیش چل ملیار دینار تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی لە ماوەی چوار ساڵا بتوانین هەموو ڕێگاوبانەکانمان بەشێوەیەك چاك بکەینەوە کە لەدوای ئەو چوار ساڵە پێویسـتی بەپـارەیەکی وا ئێجگار زیاد نەدەبوو بۆ بەردەوامیـدان بە چـاککردنەوەی ڕێگاوبانەکـان، بەڵام بەداخەوە خۆتـان ئەزانن کە ئێمە حەملەی یەکەممان تەواو کـردووە ئەو چـل ملیـار دینـارە هەمـوو ڕێگاوبانەکـانی کوردسـتان کە لەچوارچێـوەی (٧٢) پـڕۆژە خـۆی بینیـوە تەواومـان کـرد، لەمـاوەی (٧٠) ڕۆژ لەسەرەتای سـاڵی (٢٠٢٠) پەتـای کۆڕۆنـا هـات کە بـووە هـۆی ئەوەی کە بەڕاسـتی کـاریگەری زۆر نەرێنـی بکـاتە سـەر پـارەی حکـومەت کە بەشـێوەیەك بـوو نەتـوانرا مـووچەش وەکـو خـۆی بەتەواوەتـی دابەش بکرێـت، لەبەر ئەوە نەمـان تـوانی هەڵمەتـی دووەم لەسـاڵی (٢٠٢٠) بـۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەست پێبکەین، ئەم کاریگەریەش بۆ ساڵی (٢٠٢١) گـوازرایەوەو بـۆ سـاڵی (٢٠٢٢)ش، گـوازراوەتەوە، واتە مـن تەواو پاڵپشـتی ئەوەیـن کە پێویسـتە سـیانەکان چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان بەردەوام بێت، بەڕێزان ڕێگاوبانەکان بەردەوام بەکاردێن وەکـو هەر شـتێکی تـر کە بەکارهێنـانی لەسـەر بێـت پێویسـتی بە چـاککردنەوە هەیە، بەداخەوە بەهـۆی قەیرانە یەك لەدوای یەکەکان کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە نەتوانرا وەکو پێویست ئەم کـارە ئەنجـام بـدرێت، بەڵام ئێسـتا ئـێمە پلانێکمـان پێشـکەش کـردووە وەکـو وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە لە ئاخر کۆبوونەوەمـان بەڕێـزان لە ئەنجـوومەنی وەزیـران، وە بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەردانی وەزارەتیان کردین ئەمە یەکێك بوو لەو خـاڵە سـەرەکییانەی کە ئێمە لەگەڵ بەڕێزیان باسمان کردووە پلانێکمان پێشـکەش بە بەڕێزیـان کـردووە کە لایەنـی کەم بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانەکان ئەوانەی سنووری پارێزگاکانن بەتـایبەتی کە سنوورێکی فراوانیان لەبەردەستدایە، مانگانە پێنج سەد ملیۆن دینار یان بۆ تەرخـان بکرێـت بـۆ ئەوەی بەردەوامبن لە چـاککردنەوەی ڕێگاوبانەکـان هەروەهـا ئەوانەی ئیـدارە سـەربەخۆکانیش لەنێوان دووسەد بۆ دووسـەد و پەنجـا ملیـۆن دینـار بـۆ تەرخـان بکرێـت بـۆ ئەوەی لایەنـی کەم بتـوانین کە ئەو ڕێگایـانەی کەئێسـتا هاووڵاتیـان بەکـاری ئەهێـنن کە تووشـی خـراپ بـوون و تێکچوون ئەبێت بەزووترین کات بتوانرێ چاك بکرێتەوە، پرۆژەکانی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بەتایبەتی ڕێگاوبانەکان پێویستی بە تێچوونێکی زۆر هەیە بـۆ ئەوەی بتـوانین هەم بەردەوامـی پێدەین و هەم ڕێگاوبانی نوێش دروست بکەین، وە لەکاتی دابین نەکردنـی بەڕاسـتی بـوودجەی

پێویست بۆ ئەم پرۆژانە ناتوانرێت ئەم کارانە ئەنجام بدرێت، واتە گرفتی سەرەکی هەر ئەگەڕێتەوە بۆ بوودجە، وە خاڵی سێیەمیش ئێمە تەواو پاڵپشتی ڕەئی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستانین.

خاڵی چوارەم/ پاڵپشتی ئەو خاڵەش دەکەین کە وەزارەتمان لەشەڕی بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە تیرۆرستانی داعش (٣٧) سی و حەوت پارچە ئامێری جۆراوجۆری فەوتاوە کە لە ئێستادا نەمانی ئەو ئامێرانە بۆتە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی ئامێرەکانمان و بۆ ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بەجێگەیاندنی خزمەتگوزاری سیانەی ڕێگاوبانەکان هەیە بۆیە پێویستە ئامێری تر بۆ وەزارەت دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین جێی ئەو ئامێرانەو ئامێری تریشمان لەوە زیاتر پێویستە.

بەڕێز کاك باڵانبۆ وابزانم لە پرسیارەکانا ئاماژەی بەوەدا کە ئەم ئامارە چۆنە؟

ئێمە هەموو داتاکانمان لەبەردەستدایە ئەگەر بەڕێزتان مەبەستتان بێت من هەموو ئامارەکانتان بۆ ئەنێرم بۆ پەرلەمانی بەڕێزیش ئەنێرین کە چەند پارچە مەکینە لە شەڕی داعش فەوتاوە ڕەقەمی شانسییەکانیان چەندەو بە داتاو بە تەفاسیلی وردەوە هەمووی لە وەزارەت مەوجوودەو ئەتوانین پێشکەشی پەرلەمانی بەڕێزو بەڕێزتان بکەین.

بەنسبەت خاڵی پێنجەم/ پرۆژەکانی یەکەکانی نیشتەجێ کردن کە لەساڵی (٢٠١٤) وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارەی کاش و بوودجە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، تەبعەن ئێمە لە پلانی چوار ساڵەی وەزارەت کە بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون کە دامان نابوون خۆتان ئەزانن بەپێی یاسای نیشتەجێ بوون کە لە ساڵی (٢٠١٢) هەموار کراوەتەوە ئەو یەکانە دروستکراوە یەکەکانی نیشتەجێ بوون بەشێوەیەکە کە هەر یەکەیەك چەند لەسەر حکومەت ئەکەوێت ئەدرێتەوە بە هاووڵاتی، شایستە ئەوەی کە کەم دەرامەتن یان بەپێی ئەو خاڵبەندییەی کە یاساکە دیاریکردووە چۆنیەتی دروست کردنی لیژنە ئەو لیژنانەی کە سەرپەرشتی دابەش کردنی یەکەکان دەکەن، هەر یەکەیەك چەند کەوتبێت لەسەر حکومەت، حکومەت بۆ ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ بە قیستی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ ئەیداتەوە بە هاووڵاتی ئەمە کورتکراوەی یاساکەیە بەڕاستی وە لەسەر ئەساسی ئەو یاسایە یەکەکانی نیشتەجێ بوون دروست کراوە، بەداخەوە لەدوای (٢٠١٤) تا ئێستا ئێمە (٩٠٠٤) نۆ هەزارو چوار یەکەمان هەیە تەواو نەبووە، هەریەکە لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە (٩٤٠٠) نۆ هەزارو چوارسەد یەکەیە، (٩٤٠٠) نۆ هەزارو چوارسەد یەکەیە نییە، بەڵکو (٩٠٠٤) نۆ هەزارو چوار یەکەمان هەیە کە تەواو نەبووە بەهۆی دابین نەکردنی بوودجە بۆیانەوە، تەبعەن ئەو خاڵە خۆشبەختانە چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داوامان لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە هاوتەریبی ئەوەی کە بەڕێزیان ئیعلانی ئەوەیان کرد کە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت دروست ئەکرێت لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە لەڕووی دەستەی بەرهەمهێنانەوە ئێمە داوای ئەوەمان کرد هاوشانی ئەوە ئەو یەکانەی حکومەتیش کە پێویستە دەستکراوە بە کارکردن لەسەریان لە ساڵی (٢٠١٢)وە، وەستێنراون، پێویستە ئەوانەش تەواو بکرێن، سوپاسی بەڕێزیان دەکەم بەدەم داواکارییەکەی ئێمەوە هات، وە ئێمە لە نوسینگەی بەڕێزیان لە ڕۆژی (٣١/ ٥)ی ئەم ساڵ

کۆبوونەوەیەکمان تایبەت بەو بوارە کرد بەئامادەبوونی وەزیری شارەوانی، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، سەرۆکی دیوان، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێویست درا، هەروەها بەڕێزیشیان پاڵپشتی ئەوەی کرد کە بڕیارەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە کە سندووقی نیشتەجێ بوون پێویستە کارا بکرێت، تەبعەن بەپێی یاسای نیشتەجێ بوون سندووقی نیشتەجێ بوونمان هەیە ئەبێت سندووقی نیشتەجێ بوون کە لەم یاسایە ئاماژە پێدرایە، پرۆسەی نیشتەجێ بوون ئەبێت کارا بکرێتەوە، ئەبێت پارەی پێویست بۆ سندووقەکە دابین بکرێت لەلایەن حکومەتەوە، وە ئەم پارەیە خرایە سندووقەکەوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەکاری دێنێت بۆ کارەکانی یەکەکانی نیشتەجێ بوون، واتە پلانی وەزارەت بریتییە لە تەواو کردنی هەر (٩٠٠٤) نۆ هەزارو چوار یەکەکە، وە بڕیارەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە لە داهاتوویەکی نزیکا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەم بڕیاری پێ دەرئەکات هەم ڕێنمای پێویستیشی پێدەرئەکات کە ئێمە چۆن ئەو پارەیە دابین بکرێت بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون، ئەوە لە ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی پێویست لە داهاتوویەکی نزیکا کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری پێدەرئەکات، واتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەری بابەتی تەواو کردنی (٩٠٠٤) یەکەی نیشتەجێ بوونمان کردووە، وە لە ئایندەیەکی نزیکا ئەو بابەتە ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە هیوادارم بڕیارەکە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکا دەرچێت، چونکە ئێمە تەقریبەن دوو حەفتە سێ حەفتە پێش ئێستا ئەو کۆبوونەوەیەمان کردووە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوە بڕیارە، هەروەها تەفاصیلی بڕیارەکەش بۆ ئێوەی بەڕێزو بۆ بەڕێزانی تریش هەمووی ئەخرێتەڕوو، بەڵام ئەوەی کە گرینگە لە چوارچێوەی بڕیارەکە ئەوەیە کە سندووقی نیشتەجێ بوون کارا ئەکرێت و پارەکەش ئەخرێتە سندووقی نیشتەجێ بوون، واتە ئەمە زەمانەتی ئەوە ئەکات کە ئێمە یەکەکانمان پێ تەواو بکرێت، وە ئەمە بەشێکی زۆری پرسیارەکانیشتان بوو من دوای ئەوە یەك بە یەك پرسیارەکانی بەڕێزیشتان جواب ئەیەینەوە، بەس بەشێوەیەکی گشتی کە ئەمە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان ئاماژەی پێدراوە ئەبێت جوابی دەمەوە، سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان کە بەڕێزیان باسیان کردووە گرینگە بۆ پاڵپشتی کردنی کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون، ئێمە سوپاسیان ئەکەین ئەمە پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، تەبعەن ئێمە ماوەی ساڵێك زیاترە لە گفتوگۆی بەردەوامایین لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر وەکو وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی شارەوانی، بۆ ئەوەی کە سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان دروست بکەین، چەند بیرو بۆچونێکی جیاواز هەبووە لەسەر سندووقەکە، بۆیە تا ئێستا پەسەند نەکراوە هەرچەندە ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پار لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بابەتەمان تەرح کردووە، بەڵام بەداخەوە لەو کۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوکات داواکارییەکەی ئێمە پەسەند نەکرا، بەڵکو داوا کرا کە پێداچوونەوەی زیاتر بە پەیڕەوەکە بکرێت و لەسەر بنەمای ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو جارێکی تر وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر کە ناوم هێناوە کۆبوونەوەی خۆمانمان کردووە، هەروەها ئێستا پەیڕەوەکە ئێمە هەموو وەزارەتەکان لەسەری

ڕێککەوتووین ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووە بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی بکەین، یەك خاڵی زۆر بەسیتی ماوە کە لەوانەیە جۆرێك لە ناکۆکی هەبێت ئەویش لەنێوان وەزارەتی ئێمەو وەزارەتی شارەوانییایە، ئەویش پەیوەندیە بەو ڕێژەیەی کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەیبێت لە سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان و ئەو ڕێژەیەی کە وەزارەتی شارەوانی ئەیبێت لە سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان، ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەموو وەزارەتەکانی حکومەت بە ئۆرگانێکی تەواوکەری یەکتری ئەبینین حکومەت وەکو لاشەی یەك مرۆڤ وایە چۆن دەستەکان و قاچەکان و چاوەکان یەکتری تەواو ئەکەن، وەزارەتەکانیش ئەبێت ئاوا یەکتری تەواوکەن و یەکەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن، واتە ئەگەر ئەم داهاتە لای وەزارەتێك یان وەزارەتێکی تربێت هیچ گرفتێك نییە، گرینگ ئەوەیە داهاتەکە بۆ شوێنی خۆی بەکاربێت، کە هاووڵاتییەك ساڵانە ئەچێت ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکەی تازە ئەکاتەوە پارەی ڕێگاوبانەکەی لێوەرئەگیرێت، ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بتوانین ئەو پارەیەی کە لە هاووڵاتییەکەمان وەرگرتووە بۆ سیانەی ڕێگاوبانەکە بەکاری بێنین و ڕێگاوبانێکی چاك هاتووچۆی پیابکات کە سەلامەت بێت و ژیانی بپارێزێت، خیلافەکە لەسەر ئەوەیە کە ئێمە چەند ئەو ڕێژەیە لە بەینی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی نیشتەجێ کردنا دابەش بکرێت، ئێمە پێمانوایە لەبەر ئەوەی وەزارەتی شارەوانی چەندین سەرچاوەی تری داهاتی هەیە و ئەتوانێت بەشێکی تر لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەو سەرچاوانە جێبەجێ بکات گرینگترە، لەبەر ئەوەی پێویستی هاتووچۆی ڕێگای نێوان پارێزگاکان و شارەکانیش بەشی زۆری پاڵپشتی ئەم سندووقە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئەرکەکانی خۆمان چ لە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان بێت، چ لە دروست کردنی ڕێگای نوێ بەکاری بێنین، واتە ئەمەش خیلافێکی کەمی لەسەر ماوە ئومێدەوارین لە داهاتوویەکی نزیکا بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و لە ئەنجوومەنی وەزیران سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان پەسەندکەین، بە پەسەندکردنی سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان ئەتوانم بڵێم ئێمە ئەوکاتە ئەگەر هەر ڕێگایەك هەبێت پێویستی بە سیانە کردن بێت، پێویستی بە چاککردن بێت وەزارەت نەیکات بەڕاستی کەم تەرخەمی لە وەزارەت ئەبێت، ئەوکات یەعنی ئەوکاتە ئەگەر سندووقی پاڵپشتی ڕێگاوبان دروستکاو ئەو بوودجەیەی کە پێویستە بۆ سندووقەکە دابین بکرێت، ئەوکاتە ئەگەر وەزارەتمان نەیتوانی بەو ئەرکە هەڵسێ ئەوە ئێمە بەڕاستی کەم تەرخەم ئەبین.

بەنسبەت خاڵی حەوتەم/ مسوودەی یاسایەکی نوێی نیشتەجێ کردن بۆ جێکردنەوەی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١١) تایبەت بەدروست کردنی یەکەی نیشتەجێ کردن بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە وەزارەت ئامادەکراوەو کاری لەسەر ئەکرێت ئەمە بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە وە یەکێك بووە لەو خاڵانەی کە لیژنەی بەڕێز داوای کردووە کە یاساکە هەموار بکرێتەوە.

بەنسبەت خاڵی هەشتەم/ کە ئاماژەیان پێداوە کە کێشەی سەرەکی پڕۆژەکانی ڕیگاوبان کە وەستاون یان ناتوانرێت تەواو بکرێن، نەبوونی نەختینەو بوودجەی پێویستە بۆ تەواو کردنیان،

بۆ پرۆژەکانی ڕێگاوبانیش، وەکو (دروستکردنی ڕێگا، پرد، تونێل) کە ئەمانە ئەگرێتەوە هەروەها دروستکردنی ئەوانەش کە لەپلانی وەزارەتمان دان و پەیوەستن بەبوونی بوودجەوە یەعنی یەکێ لە کێشە سەرەکییەکان کە لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو پەرلەمانیش ئاماژەی پێداوە نەبوونی نەختینەیە کە ئەوە کێشەی سەرەکییە کە ئێمە نەمان توانیووە بەشی زۆری ئەو پرۆژانە تەواو بکەین، تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە پاڵپشتی ناوەڕۆکی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە دەکەین وە ئەم بەشەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتمانەوە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەنجامدانی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و بیناسازی و نیشتەجێ کردنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە بەهێزکردنی ژێرخانی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان و دواجاریش دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان من حەزدەکەم ئێوەی بەڕێزو هاووڵاتیانی خۆشەویست لە یەکشت دڵنیابن ئێمە لە (١٠/ ٧/ ٢٠١٩) لەبەردەم ئێوەی بەڕێز سوێندمان خوارد کە ئەو ئەرکەی لەیەر شانمانە جێبەجێی کەین، هەروەها دڵسۆزبین بەرامبەر بە گەل و نیشتمانی خۆمان، من دڵنیاتان دەکەم ئەوەی کە لەتوانامان بێت پارێزگاری لەو سوێندەی خۆمان دەکەین وە هەموو دەقەیەك من خۆم وامداناوە کە ئەو ڕۆژەی سوێندم خوارد ئەو دەقەی کە دەستم لەسەر قورعانی پیرۆز بوو ئەو دەقەیەم لەبەرچاو بوو کە چوار ساڵی تر ئەبێت بچینەوە بەردەم هاووڵاتیان و داوا لە هاووڵاتیانکەن کە بەشداری دەنگدان کەن و بێنەوە بۆ دەنگدان، من ئەو دەقەیەم لەبەرچاو بوو لەبەر ئەوە تەواوکردنی ڕێگاوبانەکان بەتایبەتی ڕێگا دووسایدەکان بۆ ساتێکیش نە لەبەرنامەی ئێمە نە لە پلانی ئێمە دوورناکەوێتەوەو کاری سەرەکی ئێمە دەبێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی نەختینە بەهۆی نەبوونی بوودجە نەمان توانیوە ئەو کارانە تەواو بکەین، من ئەتوانم باسی ئەوە بکەم کە ئێستا بە داتاش هەمووی باس ئەکەین کە ئێمە چیمان کردووە لەماوەی ئەو سێ ساڵە لەبواری ڕێگاوبانەکان، بەڵام هەڵسەنگاندن لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەکرێت بەڕاستی، بنەمایەکەیان ئەوەیە تۆ ئەو پێداویستیانەی کە پێویستتە بۆ وەزارەتێکی دیاریکراو دیاری بکرێت لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە پێویستە لەسەر شانی بێت، تۆ ئەگەر پێداویستییەکانت لەبەردەست نەبێت ناتوانی هەڵسەنگاندنەکەش بۆ ئاستی وەزارەتەکە بکەی وەکو دروست وەکو پێویست کاتێك کە پێداویستییەکان چ لەڕووی پاڵپشتی کارگێڕییەوە چ لەڕووی داراییەوە بۆ وەزارەتەکە ئامادەبێت، ئەوکاتە ئەگەر وەزارەتەکە کەمتەرخەمی هەبێت تەقصیری هەبێت پلانەکانی خۆی جێبەجێ نەکات بەڕاستی ئەبێت لێی بپرسرێتەوە لە هەردوو حاڵەتەکە ئەبێت لێی بپرسرێتەوە یان بەباشە یان بەخراپە، بەڵام ئەگەر تۆ پێداویستییەکانت بۆ دابین نەکرێت وەکو خۆی چۆن ئەتوانیت کارەکانی سەرشانی خۆت وەکو خۆی جێبەجێ بکەی لەبەر ئەوە ئەبێت هەڵسەنگاندن بۆ کاری وەزارەتەکان بەڕاستی لەسەر ئەو ئەساسە بکرێت لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت بەڕاستی کە چەند پێداویستییەکان و مەرجەکانی بۆ دابینکراوە بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە بتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات، من جارێکی تر سوپاسی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان ئەکەم سەبارەت بە پێشنیارو ڕاسپاردەکانیان ئەمەش خاڵ و سەرەنجەکانی ئێمەیە پاڵپشتی تەواوی ئەو خاڵە دەکەین و داواکارین کە سندووقە پاڵپشتی ڕێگاوبانەکان بخرێتەکار، بەڵام بەگونجاوی ئەزانین بەڕێنمای

لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دروست بکرێت بەدروست کردنی سندووقەکە هەرچی ئەو داهات و باج و ڕسوماتەی لە هاووڵاتیان وەرئەگیرێت لە بڕی بەکارهێنانی ڕێگاوبان بخرێتە ئەو سندووقەو لەخزمەتی ڕێگاوبانەکان بەکاربێنێت شایەنی ئاماژە پێدانە لە پەیڕەوی سندووقەکە ڕووەکانی خەرج کردن دیاریکراوەو ئەولەویەت بەچاککردنەوەی ڕێگاوبانە سەرەکییەکان و پردەکان و تونێلەکان دراوە، ئینجا ڕێگاوبانی لاوەکی و ڕێگاوبانی گوندەکان.

خاڵی دوو لەسەر پێشنیارەکان/ هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە مسوودەی یاسای نیشتەجێ کردن کە جێگرەوەی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمواركراوی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١١) دەبێت تایبەت بە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێ کردن بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە وەزارەت ئامادەکراوەو کاری لەسەر ئەکەین کە تیایدا پێشنیاری کەم کردنەوەی بڕی مانگانەی پارەی وەرگیراو لە هاووڵاتیان کراوە کە سوودمەند ئەبن لە وەرگرتنی ئەو یەکانەو تێبینییەکانی بەڕێزیشیان لەناو ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەیان پێداوەو ڕەچاوی ئەکەین یەعنی ئەو تێبینییەی کە بەڕێزان لیژنەکە وایان کرد کە لە (٢٥) ساڵەوە بکرێت بە (٣٠) ساڵ ئێمە تێبینی ئەو خاڵەش دەکەین.

خاڵی سێیەم/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەردەوام لە هەوڵدایە لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دابین کردنی بوودجەی پێویست و نەختینە بۆ تەواو کردنی تۆڕی شادەماری ڕێگاوبان لەهەرێمی کوردستان واتە لەڕێگای بوودجەی حکوومەتەوە، بەڵام سیستەمی (٢٨:٣٦) کە (PPP) پێدەوترێت کاتێك دەتوانین کاری لەسەر بکەین، ئەگە بۆ نێوان شارو شارۆچکەکان و سنوورەکان ڕێگایەکی دووسایدی گونجاو لەجۆری (مەڵتین لەین هایوەی) هەبێت، وە کاتێك دەتوانین ڕێگای دوو ساید لەجۆری (ئێکسپریس وەی) دروست بکرێت کە بە پارە بێت، من ئەگەر زیاتر بۆ بەڕێزتانی ڕوون بکەمەوە، ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت لەسەر ستاندارتە نێو دەوڵەتییەکان بڕۆین هەندێك لە پێشنیارەکانمان بۆ هاتووە کە ئەکرێت ئێمە هەندێك لەو ڕێگایانە لەڕێی کەرتی تایبەتەوە تەواو بکەین، واتە بەهاوبەشی کردنی کەرتی تایبەت لە تەواو کردنی پڕۆژەکانا ئەمە دەرئەنجامێکی ئەبێت کە دواجار ئەو هاوڵاتیانەی ئەو ڕێگەیە بەکار ئەهێنن بەشێك لە پارە بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕێگەیە بەکاربێنن، بەڵام بەپێی ستاندارتە نێودەوڵەتییەکان تۆ کاتێك ئەتوانی پەنا بۆ ئەم بابەتە بەری واتە ڕێگا دروست کەیت لەڕێگای کەرتی تایبەتەوەو پارە لە هاووڵاتیان وەربگیرێت ئەبێت حکوومەت ڕێگایەکی دروستکراوی سەلامەتی هەبێت کە هاووڵاتیان بەخۆڕایی هاتووچۆی بەسەرا بکەن، یەعنی ئەبێت هاوشانی ئەو ڕێگایەی کە تۆ بە پارە دروستی ئەکەیت ئەبێت هاوشانی ئەوە ڕێگەیەك هەبێت کە هاووڵاتیان بەخۆڕایی بەکاری بهێنن، ئێمە تا ئەو ڕێگایانەی خۆمان تەواو نەکەین کە هاووڵاتیان بەخۆڕایی بەکاری بێنن زەحمەتە بتوانین دەست بەرین بۆ ئەوەی کە ڕێگا دروست کەین بەتایبەتی پرۆژەی دروست کردنی تۆڕی ڕێگاوبانی خێرا کە (ئێکسپریس وەی) پێدەوترێت بە پارە بێت، چونکە ئەبێت هاووڵاتییەکە ئەوکاتە سەرپشك بێت ڕێگا خۆڕاییەکە بەکار ئەهێنێت، یان ئەو ڕێگایە بەکار ئەهێنێت کە بە پارە دروستکراوە ئەو کاتە کە خۆی ئەو ڕێگایەی بەکارهێنا کە بەپارە دروست کراوە خۆی کاتی بۆ ئەگەڕێنێتەوە لەوانەیە بەنزین کەمتر سەرف بکات لەوانەیە سەیارەکەی

کەمتر هیلاك بێت و لەوانەیە لە هەندێ ڕووەوە قازانجی بێت بەسەر کاتەکەی کە لەوانەیە سەعاتێکی بۆ بگەڕێتەوە بۆ نموونە ڕێگای نێوان سلێمانی هەولێر کە ئێستا دوو سەعات و نیو بۆ سێ سەعاتە، ئەگەر بە (ئێکسپریس وەی) بیکەین ئەبێتە بە سەعاتێك و نیو کەمتریش یەعنی سەعاتێك لە کاتت ئەگەڕێتەوە، لەوانەیە هەندێك کە ئەوەی لا مەبەست بێت کە ئەو سەعاتە زووتر بگاتە شوێنی مەبەستی خۆی لەوانەیە ئەو بڕە پارەیەی کە ئەیدات بە حەقی ڕێگاکە زۆر لەوە جێی بۆ بگرێتەوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگا خێراکان لەڕووی بەکارهێنانەوە سەلامەت ترە بە تەئکید، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕێگا خێراکان نابێت تەنها بژاردەیەك بێت کە لەبەر دەستمان بێت کە تەنها هاووڵاتی ئەو پارەیە بدەن و ئێنجا ئەتوانن بەکاری بێنن، تەبعەن هەندێك سوودی تریشی ئەبێت بەکارهێنانی یان دروست کردنی ڕێگای خێرا، ئەوکاتە ئەتوانین هەموو بار هەڵگرەکان کە هاتووچۆ بەسەر ڕێگاکانی تر ئەکەن هەمووی بخرێتە سەر ڕێگا خێراکان، ئەوکاتە ئەوان ئیجباری ئەبێت بار هەڵگرەکان بخەینە سەر ڕێگا خێراکان بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایانەی کە ئەمێنێتەوە بۆ هاووڵاتیان و بەخۆڕایی هاتووچۆی بەسەر ئەکەن ئەو ڕێگایانەبن کە سەلامەت ئەبن، بەهەر حاڵ مەسەلەی بەژداری پێکردنی کەرتی تایبەت لە دروست کردنی ڕێگاوبانەکان ئەگەرێکی دوورخراوە نییە، لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بەڵکو کاری لەسەر ئەکەین، بەڵام ئێمە ئەولەوییەتمان ئەوەیە کە ئەبێتە ڕێگاوبانە خۆڕاییەکان کە هاووڵاتییان بەخۆڕایی بەکاری ئەهێنن ئەوە بەردەوامی پێبەین و ئەوانە تەواو بکەین و چاککردنەوەی پێویستیان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە کاتێکا کە پەنامان برد بۆ دروست کردنی ڕێگا بەهاوبەشی کەرتی تایبەت لەلایەن هاووڵاتیانەوە ڕەخنەمان لێنەگیرێت و لەئاستی ستاندارتا لە نێودەوڵەتییەکانا بین، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ دروست کردنی ڕێگای نێوان شارەکان و بە دوو ساید کردنیان ڕێگای لاوەکی و ڕێگای گوندەکان، بەڵام کەمی دابینکردنی بوودجە ڕێگری گەورەیە لەبەردەم گەیشتن بەو ئامانجە هەروەها وەزارەت لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان بەشێوەی ڕۆژانەو هەفتانە و مانگانە بەدرێژای ساڵ، بەڵام پێشینەی مانگانە زۆر کەمە کە بڕەکەی پێنج سەد و سێ ملیۆن دینارە، لە کاتێکدا بەپێی هەڵسەنگاندنی پێویستە زیاتر لە دوو ملیارو سێ سەد ملیۆن هەیە، بۆ ئەوەی وەکو سولفە بچێتە بەردەم بەڕێوەبەراییەتیەکانی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانەکان بۆ ئەوەی ڕێگاوبانەکان بەردەوام چاککردنەوەیان لەسەر بێت.

سەبارەت بەهێڵی شەمەندەفەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن زۆر بە گرینگی ئەڕوانێتە ئەم بابەتەو هەنگاوی گرینگی بۆ ناوەو لە ئێستادا گرێبەستێکی ئەنجامداوە بۆ لێکۆڵینەوە بەها لەگەڵ (٣٢:٤٣) لەگەڵ کۆمپانیای پسپۆڕو بەناوبانگ لەو بوارەدا کە کۆمپانیایی (کۆسەن ترانسی) ئیسپانیە، هەروەها یاداشتی لێك تێگەیشتنیش لەگەڵ کۆمپانیای (دۆیچەبانی) ئەڵمانی ئەنجامداوە بۆ هاوکاری وەزارەت لە قۆناغەکانی دیزاین و ڕاوێژکاری و شێوازی دامەزراندنی تۆڕەکە، بەڕێزان مەسەلەی هێڵی ئاسنین یەکێك بوو لە پرسیارە زۆر دووبارە بووەکان کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردیان من حەزئەکەم لێرە تۆزێ زیاتر ڕوون کردنەوەی لەسەردەم، تەبعەن وەکو باسیشم کرد من کە لەبەردەم ئێوەی بەڕێز لێرە سوێندم خواردووە سوێندم لەسەر ئەوە خواردووە کە یاسای وەزارەت پابەندبم پێی، هەروەها

ئەركەكانی خۆم بەپێی یاسای وەزارەت كە ئاماژەی پێدراوە كاری بۆ بكەم یەكێك لە برگەكان یان یەكێك لە ئەركەكان كە لەیاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە خراوەتە سەرشانی وەزیری ئاوەدانكردنەوە، دارشتنی سیاسەتی ئاوەدانكردنەوەیە بۆ پرۆژەكانی رێگاوبانەكان و پردەكان و هێڵی ئاسنین و فرۆكەخانە، ئەمانە هەمووی لەو ئەركانەن كە خراونە سەر وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو ئەركی سەرشانی وەزیری ئاوەدانكردنەوە لەبەر ئەوە كە من یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنم خوێندەوە هەموو ئەركەكانی خۆم سەیر كرد یەكێ لەوشتانەی كە دامنا بەهاوكاری بەرێزان لە بریكاران و بەرێوەبەرە گشتییەكان كە لەگەڵما بوون بۆ دانانی پلانی چوار ساڵی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن دروست كردنی هێڵی ئاسنین بووە لە هەرێمی كوردستان، وە ئەمە یاسای وەزارەت منی ئیجبار كردووە كە كار بۆ ئەم بابەتە بكەم، واتە ئەگەر من كارم لەسەر ئەو بابەتە نەكردبایە ئەبوایە ئێوەی بەرێز لێپرسینەوەتان بكردبایە یەكێكە لە ئەركەكانی سەرشانی تۆ چ كارێكت بۆ كردووی نەك لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ ئێوەی خۆشەویست كە حەقی خۆشتانە هەروەها قسەی هاووڵاتیانیشە پێمان بڵێن هێڵی ئاسنینمان پێویست نییە، من حەزدەكەم لەوە دڵنیابن هێڵی ئاسنین پێویستە زۆر زۆریش پێویستمانە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەگەر ئێمە دەست پێنەكەین خۆ دوای ئێمە هەر ئەبێت دەست پێبكەن ئەبێت لە خاڵێك دەست پێبكەن ئەبێت لە سفرەوە دەست پێبكەین بۆ ئەم پرۆژەیە من هیوادارم ئێوە هەمووتان پاڵپشتی ئەم پرۆژەیەبن، چونكە ئەمە پرۆژەیەكی ستراتیجیە بۆ هەرێمی كوردستان ئاستی ئابووری هەرێمی كوردستان ئەباتە قۆناغێكی ترەوە سەلامەتی رێگاوبانەكانە بۆ نموونە ئەم بارهەڵگرانەی كە بەسەر ئەو رێگاوبانانەوە ئەرۆن رۆژانە مەترسی بۆ ژیانی هاووڵاتی دروست ئەكەن، ئەگەر ئێمە هێڵی ئاسنین تەواو بكەین یان دروست بكەین بەشی هەرە زۆری ئەم بارهەڵگرانە لەسەر جادەكان و شەقامەكان و رێگا سەرەكییەكان نامێنن هەمووی ئەچێتە سەر هێڵی ئاسنین بەراستی، ئەمە پرۆژەیەكی ستراتیجیە بەنسبەت هەرێمی كوردستان، من بە سوپاسەوە بۆ بەرێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، لە یەكەم دیدارم بۆ حكومەت كە باسی ئەو پلانەم كردووە بۆ بەرێزیان پشتیوانی وەزارەتیان كردووە هەروەها ئێمە لەم بوارەیا من لە یەكەم دیدارم كە چوومەتە ئەڵمانیا لە ساڵی (٢٠٢٠) لە مانگی ١ی ٢٠٢٠ كارم لەسەر ئەم بابەتە كردووە، بەڵام بەداخەوە پەتای كۆرۆنای بەسەرەوە هات خۆشبەختانە ئێمە لە (٢٠٢٠/٢/١٠) لەگەڵ كۆمپانیای (دۆیچەبان) ئەڵمانی شەریكەیەكی حكومی ١٠٠٪ی پشكەكانی كۆمپانیای (دۆیچەبان)ی حكومەتی ئەڵمانیایە یاداشتێكی لێك تێگەیشتنمان ئیمزا كردووە بۆ چوار برگە كە كۆمپانیای (دۆیچەبان) هاوبەش ئەبێت لەگەڵمانا یەكێكیان بۆ دیزاین كردنی پرۆژەكەیە خاڵێكی تریان بۆ سەرپەرشتی كردنی پرۆژەكەیە خاڵێكی تریان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی پرۆژەكەیە واتە ئەوان كۆمپانیای (دۆیچەبان) هاوكاری حكومەتی هەرێم و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی كردنی پرۆژەكە، هەروەها خاڵی چوارەمیش دوای تەواو بوونی پرۆژەكە بەردەوامیدان ئەبێت لەگەڵ وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەكە، واتە بۆ (ئۆپەرەیشن) بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵمانا ئەبن، ئەمە ئەم یاداشتی لێك تێگەشتنە سەرەتای یەكەم هەنگاوە بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەكە بەراستی هەروەها ئەمە ئەتوانم بڵێم هەنگاوێكی سەرەكیشە

خۆشـــبەختانە ئـــێمە بەردەوامـــین لە پەیوەنـــدییەکانمان لەگەڵ کۆمپانیـــای (دۆیچەبـــان) زانیارییەکانمـان ئـاڵوگۆڕ ئەکەیـن و لە داهـاتوویەکی نزیکیشـا کارمـان لەسـەر ئەوە کـردووە کە ژوورێکی هاوبەشی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە دروست بکەین لە نێوان وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوەو کۆمپانیای (دۆیچەبان) بۆ بڕگە یەك لەدوای یەکەکـانی کە لە یاداشـتی لێـك تێگەشـتنا ئیمزامـان کردووە، بەڵام بەشێکی ئەم پڕۆژەیە پێوستـی بە چیـیە؟ پێویستـی بەتەواو کردنـی (ڤیزیبلێتـی سـتەدی) پـڕۆژەکەیە واتە بەهـای پـڕۆژەکە ئایـا ئەم پـڕۆژەیەی ئـێمە دەیکەیـن بەهـادارە بـۆ کوردستان یان بەهادار نییە، ئەمە ئەبوایە کۆمپانیایەکی تایبەتمەند لەو بـوارە بیکـات ئـێمە سێ کۆمپانیای نێودەوڵەتیمان دەعوەت کردبـوو بـۆ ئەم مەبەسـتە، ئەمە وەڵامـی بەڕێـز کـاك چیـایە، ئێمە بەتایبەتی نەمانـداوە بە کۆمپانیـایەکی ئیسـپانی، سێ کۆمپانیـای نێـودەوڵەتی بانگهێشـت کراون وە بەپێی ڕێنماییەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) کارمان کردووە، چونکە ئەمە پـڕۆژەیەکە تایبەتمەنـدە هەروەهـا هـیچ جـۆری پڕۆژەیەکـی هاوشـێوەی ئەمە لە کوردسـتان نەکـراوە لە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەو داوایانەی کە پێشکەشی ئەو سێ کۆمپانیایەمان کـردووە دوای ئەوەی کە پڕۆپۆزڵەکانیان پێشکەش کردووە، پڕۆپۆزڵی کۆمپانیـای (کۆسـەن تڕانسـی) ئیسـپانی لەلایەن تیمی تایبەتی وەزارەتمانەوە پەسەند کراوە، وەکو باسم کرد بەپێی ڕێنمـایی ژمـارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) هەموو پڕۆسەکە ئەنجامـدراوە، مـن نەم ویسـتووە یەعنـی ئەوانە کەسـانێکبن دژی هەرێمی کوردستانبن بە عەکسەوە سەفیری ئیسپانی دوای ئەوەی کە ئەو بابەتە کراوە پەیوەندی کـردووەو لە ئاینـدەیەکی نزیکیشـا دێـتە هەرێمـی کوردسـتان، لەوانەیە بەڕێـزان سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران و سـەردانی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوەش بکـات ئەوەی کە مـن لەوانـم بیسـتووە ئەوان ئەیانەوێـت هاوکـاری هەرێمـی کوردسـتان بـکەن لەم بوارەیـا، ئـێمە گرێبەسـتی بەهای ئابوورییەکە بابڵێین گرێبەستی بەهـاکە دیراسـەی ئیقتسـادی پـڕۆژەکە لەگەڵ کۆمپانیـای (کۆسەن تڕانس)ی ئیسپانی بە بڕی دوو ملیۆن و شەش سەد و بیست هەزار دۆلار ئیمزا کـردووە هەروەهـا هەمـوو ئیجرائاتەکـان تەواو بـووە ئومێـدەوارین بەپێـی ئەو بەرنـامەی کە دانـراوە لە هەفتەی داهاتوو لەوانەیە بتوانن دەست بەکاربن، وە ماوەی ئامادە کردنـی ڕاپـۆرتی (ڤیزیبلێتـی ستەدی) ماوەی شەش مانگ بۆ نۆ مانگە، واتە نابێت لە هیچ کاتێکا لە نۆ مانگی پێ بچێـت ئـێمە داوامانکردلە شەش مانگ تەواوی بکەن بەپێی گرێبەستەکە وەعدیشـیان داوە کە لەو مـاوەیەی پێمانیان داوە کەمتر تەواو بـکەن واتە لەگەڵ تەواو بـوونی (ڤیزیبلێتـی سـتەدی) پـڕۆژەکە ئـێمە لەگەڵ کۆمپانیایی (دۆیچەبان) دەچینە قۆناغی ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆمپانیـاو لایەنـانە گفتووگـۆ بکەیـن کە ئەبـنە هـۆی دابـین کردنـی سـەرچاوەی داریـی پـڕۆژەکە، ئـێمە نـاتوانین لەگەڵ هـیچ لایەنێکا گفتوگۆ بکەین بۆ دابین کردنـی سـەرچاوەی نەختیـنە بـۆ پـڕۆژەکە تـاوەکو (ڤیزیبلێتـی ستەدی) تەواو نەبێت، کە (ڤیزیبلێتی ستەدی) تەواو بـوو بەرچاومـان ڕوون دەکـاتەوە ئەڵێ تـۆ ئەبێت مفاوەزاتەکەت لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پارە دابین ئەکەن بۆ پڕۆژەیەك بەم شێوەیە بێـت ئەم پـڕۆژەیە ئەبێـت دیـزاینەکەی بەم ئاراسـتەیە بـڕوا ئەم پـڕۆژەی (ئیسـتیمەیتیت کۆسـتی) بابڵێین نرخـی تەخمینـی و تێچـووەکەی ئەوەنە ئەبێـت ئیحتیمـال کـاتە سـەر فـڵان جـۆری وزە، چونکە چەندین جۆری وزە هەیە کە جۆری شەمەندەفەرەکان کاری لەسەر دەکەن وە زۆر بـڕگەی تـر هەیە کە پەیوەندیـدارە بە بـڕگەی بەهـایی ئـابوورییەکەوە دوای تەواو بـوونی (ڤیزیبلێتـی

ستەدی) ئێمە ئەچینە قۆناغێکی گرینگتر کە گفتووگۆ کردن دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە ئەبنە هۆی دابین کردنی سەرچاوەی دارایی کردنی پڕۆژەکە، واتە ئێمە بە کردەیی چوینەتە ناو قۆناغێکەوە کە لەسەرتای ڕێگای دروست کردنی هێڵی شەمەندەفەرە لە هەرێمی کوردستان هەروەها ئەم پڕۆسەیە من دڵنیاتان دەکەم هێڵی ئاسنین لە هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی ڕاستەقینەیە پڕۆژەیەك نییە تەنها بۆ قسە کردن بێت یان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێت ئەمە پڕۆژەیەکی ژێرخانی ئابوورییە کە من داواکارم هەم ئێوەی خۆشەویست و هەم هاووڵاتیان پشتیوانی حکومەتبن بۆ ئەوەی لەم پڕۆسەیا سەرکەوتوو بێت تەبعەن ڕاستە هەندێك لە برایان لە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان لەوانەیە گومانیان هەبێت لەوەی کە ئەم پڕۆژەیە دروست دەکرێت لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گەورەیە لایەنی کەم پڕۆژەیەکی ئاوا هەرچەندە (ڤیزیبلێتی ستەدی) تەواو نەبێت لەوانەیە نەتوانین تەخمینەکەشی بکەین، بەڵام بە نزیکی لە نێوان دوو ملیارو نیو بۆ سێ ملیار دۆلاری پێویست بێت وە مەبلەغێکی وا گەورە ئەگەر ئێمە پاڵپشتییەکی سەرچاوەی داریی گەورەمان نەبێت زەحمەتە بتوانین دروستی بکەین، بەڵام ئێمە خۆشبەختانە لایەنێکمان کردووە بە شەریکی خۆمان کە هاوبەشە لەم پڕۆژەیە لەگەڵمانا کە ئەویش کۆمپانیای (دۆیچەبان)ە، کە ئەو یاداشتی لێك تێگەشتنەمان لەگەڵیانا ئیمزا کردوو وەکو باسم کرد (دۆیچەبان) کۆمپانیایەکی حکومییە، کۆمپانیایەکی ئەهلی کەرتی تایبەت نییە، تا بێت فێڵ لە ئێمە بکات یان قسەی ناڕاست لەگەڵ ئێمە بکات کۆمپانیایەکە ١٠٠٪ی حکومەتی ئەڵمانیایە هەروەها لە ڕۆژی ئیمزاکردنی یاداشتی لێك تێگەشتنی نێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو کۆمپانیای (دۆیچەبان) قونسوڵی ئەڵمانی لە هەرێمی کوردستان ئامادەبووە شایەتی ئیمزاکردنی ئەو لێك تێگەشتنەیەو هەتا لەزاری بەڕێزیشیانەوە وتی حکومەتی ئەڵمانیا بەتایبەتی پشتیوانی ئەم پڕۆژەیە ئەکات و لەسەر خەت ئەبین لەگەڵتان واتە، ئەمە پڕۆژەیەکە ئەبێت هەموومان پشتیوانی لێبکەین نەك ڕەخنەی لێبگرین، ویستم قسەیەکی تر بکەم، بەڵام نایکەم ئەوە تەقریبەن ئەوەی کە لەسەر هێڵی شەمەندەفەرە هیوادارم ڕوونی بکەومەوە بۆ ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست، ئەمە پڕۆژەیەکی ستراتیجییە دووبارەی ئەکەمەوە، بەڵام یەك شت هەیە ئابووری هەرێمی کوردستان بەرز ئەکاتەوە گرینگە هەموومان پشتیوانی بکەین، من دڵنیام سەردەمی من وەکو وەزیری ئاوەدانکردنەوە تەواو نابێت، چونکە من لایەنی کەم نۆ (٩) مانگمان پێویستە بۆ ئەوەی بەهایی ئابوورییەکەی تەواو بکەین بابڵێین (ڤیزیبلێتی ستەدی)ەکەی، دوای ئەوە ئەچینە مەرحەلەی دیزاین کردنەوە دوای ئەوە گفتووگۆ کردن و مفاوەزات ئەبێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرچاوەی دارایی بۆ ئەم پڕۆژەیە دابین ئەکەن ئەو کاتە ئەچینە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام هەموو پلانەکە هەموو ئومێدەکە ئەوەیە پێش ئەوەی تەمەنی کابینەکە تەواوبێت بتوانین بەردی بناغەکەی دابنێین هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە، بەڵام بە تەئکید لە سەردەمی ئێمە تەواو نابێت ئەچێتە دوای تەمەنی ئەو کابینەیە، چونکە ئەوە پڕۆژەیەکی ستراتیجی گەورەیەو لایەنی کەم ئەگەر هەموو پارەکەی دابین بکرێ و دیزاینەکەی هەموو تەواو کرابێت لایەنی کەم سێ ساڵی پێویستە، بۆ ئەوەی پڕۆژەکە تەواو بکرێت.

بەنسبەت خاڵی شەشەم/ لەسەر داوای وەزارەتمان ئاماژەشم پێدا لەسەر بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئەخوێنمەوە، لەسەر داوای وەزارەتمان لە ڕۆژی (٣١ی/٥) بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەك سازکرا، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ تەواو کردنی (٩٠٠٤) یەکەی نیشتەجێ بوون، کە لە ساڵی (٢٠١٢) خراوەتە بواری جێبەجێ کردن و بەهۆی بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق، لە ساڵی (٢٠١٤) وەستاوە، پاش پێشکەش کردنی چوار پێشنیار لەلایەن وەزارەتمانەوە دواجار پاش گفتووگۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا بە دابین کردن دوو سەد و حەفتا ملیار دینار، بۆ تەواو کردنی یەکەکانی نیشتەجێ کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و نەختینە کردنی سندووقی نیشتەجێ بوون بەبڕی دوو سەد و حەفتا ملیار دینار، قەرەبوو کردنەوەی وەبەرهێنەران بەپرۆژەی وەبەرهێنان لە پای ئەو بڕە پارەیەی کە دەبەخشرێتە سندووقی نیشتەجێ بوون بەشێوازێك کە دەتوانرێ هەر (٩٠٠٤) یەکەکە تەواو بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر هاووڵاتیانی شایستەدا.
خاڵی حەوتەم/ کە داوای نیشتەجێ بوونتان کردووە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان ئەوەش یەکێك بووە لەو بڕیارانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری لەسەر دراوەو سندووقی نیشتەجێ کردن کارا ئەکرێتەوەو بەمزوانە ئەو بڕە پێویستەی کە پێویستە بۆ دابین کردنی تەواو کردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون دەخرێتە سندووقەکەوە، سوپاس بەڕێزان ئەندامانی خۆشەویست من پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکانتان ناچاربووم وەڵامەکە بەڕاستی هەندێ بابەت ڕوون کردنەوەی زیاتری پێبەم، چونکە لای ئێوە مەبەست بوو بۆیە ڕوونکردنەوەکانم کەمێ زیاتر بوو، من بەشێوەیەکی گشتی تەبعەن ئەو ئامارانەی کە بۆ ئێوەی دەخوێنمەوە کارو چالاکییەکانی ئێمەیە ئی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو تەقریبەن یەعنی سێ ساڵی تەواونییە، چونکە ئێمە لە (١٠ی/٧) سوێندمان خوارد هێشتا ماومانە بۆ (١٠ی/٧) ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لە سێ خاڵا بەکورتی بۆتان باس ئەکەم زائیدەن هەندێ ڕوون کردنەوەشتان پێشکەش ئەکەم، تەبعەن ئێمە لەماوەی ئەو سێ ساڵە شەست (٦٠) پرۆژەی ڕێگاوبانمان تەواو کردووە کە بوودجەی گشتی هەر شەست (٦٠) پرۆژەکە هەشت سەد و پەنجاو چوار ملیار دینار بووە، تەبعەن ئەو هەشت سەد و پەنجاو چوار ملیار دینارە هەمووی نەدراوە بە بەڵێندەران، بەڵام ئەمە کولفەی تەواو کردنیانەو لە داهاتووا بەڵێندەران ئەبێت شایستەی خۆیان وەرگرن، بەڵام ئەو شەست (٦٠) پرۆژەی کە تەواومان کردووە ئیفتیتاح کراون هەشت سەد و پەنجاو چوار ملیار دینار کۆی تێچوونەکەیانە کە کۆی درێژی هەر هەموویان هەزارو دوو سەد و دوانزە کیلۆمەتر ڕێگا بووە، لەم هەزارو دوو سەد و دوانزە کیلۆمەتر ڕێگایانە نەوەد و دوو کیلۆمەتریان دوو ساید بووە لەگەڵ ئەوانی تر ڕێگای یەك ساید بووە زائیدەن تونێل و پردی گەورەی لەخۆ گۆتووە کە بەگشتی لە چوارچێوەی ئەم هەموو پرۆژانە، ئێمە لەماوەی ئەم سێ ساڵە دوانزە ملیۆن مەتر چوارگۆشە قیرتاومان کردووە، ئەم ئامارانە هەمووی بە وردەکاری هێناومە، ئێوەی خۆشەویست ئەتوانن پرۆژە بە پرۆژە ئامار بە ئامار سەیری بکەن و بەراوردی بکەن.
خاڵێکی تر کە ئێمە لە ماوەی ئەم سێ ساڵە کە کارمان لەسەر کردووە بە بەردەوامی دان لە پاراستنی کوالێتی پرۆژەکان بەتایبەتی لە ڕێی ئەو پشکنینانەی لە تاقیگەکانی بیناسازی سەر بە

وەزارەتمان ئەیکەین، لەماوەی ئەم سێ ساڵە ملیۆنێك و پێنج سەد و شەست هەزار پشكنین ئەنجامدراوە.
هەروەها خاڵێكی تر كە گرینگە لێرەش ئاماژەی پێبەمەوە كە مەسەلەی كاركردن بووە لە چوارچێوەی دامەزراندنی هێڵی ئاسنینی هەرێمی كوردستان كە من بەش بە حاڵی خۆم شانازی بەوە ئەكەم كە توانیومانە بیخەینە پلانی كاركردنەوە كە ئەویش بە ئیمزاكردنی گرێبەستی ئامادەكردنی (ڤیزیبلێتی ستەدی) پرۆژەكە، بەڕێزان ئێمە لەوەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن لەسەر چەند بوودجەیەك كار ئەكەین، پرۆژەكانمان جێبەجێ ئەكەین ئێمە بوودجەی وەبەرهێنانمان هەیە بوودجەی ئاساییمان هەیە، هەروەها داهاتی وەزارەتمان هەیە كە خۆی لە داهاتی قەپانەكان و تاقیگەكانا ئەبینێتەوە، هەروەها بوودجەی ئاساییمان هەیە بەم شێوەیە بە كورتكراوەی بۆ ئێوەی بەڕێزم كورت كردۆتەوە بۆ ئەوەی زۆر كات لە ئێوە نەگرم، ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژانەی كە تەواو بووە، نەخێر ئەوە لای ئێمە نییە، كاك دكتۆر شێركۆ ئێمە لەسەر ئەو گرێبەستانە كە پێشتر كراوە كارمان كردووە زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانە كە كراوە تەواو كردنی پڕۆژەكانی ڕابردوو بووە بەڕاستی وە پێشتر گرێبەستەكانیان واژوو كراوەو چۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەڵام لەكار وەستا بوون ئێمە توانیومانە بیانخەینەوە كارو تەواویان بكەین، هەروەها ئەو شەست (٦٠) پڕۆژەیە بەشی زۆری لەوەو پڕۆژەی تازەشی تیایە، بەڵام بەشی زۆری پڕۆژە بەردەوامەكانی وەزارەت بووە كە لە كابینەكانی پێشوو تەواو نەكراون ئێمە ئەوانەی كە تەواو بووە لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە بواری ڕێگاوبان، لە پارێزگای هەولێر بیست و چوار (٢٤) پڕۆژە بووە كە كۆی گشتی شەش سەد و شەست و یەك كیلۆمەتر بووە، بایی چوار سەد و شەست و چوار ملیار دینار بووە، لە پارێزگای سلێمانی بیست و شەش(٢٦) پڕۆژە بووە كە سێ سەد و پانزە كیلۆمەترە كە گوژمەی گشتی سەد و بیست ملیار بووە، لە پارێزگای دهۆك دە (١٠) پڕۆژە بووە كە دوو سەد و سی و شەش كیلۆمەتر بووە بە گوژمەی گشتی دوو سەد و شەست و نۆ ملیار بووە، ئەمە وەڵامە بۆ برای بەڕێزم كاك هێڤیدار كە باسی كرد غەدر لە پارێزگای دهۆك كراوە، بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی لای منە هیچ غەدرێك لە پارێزگای دهۆك نەكراوەو دوو سەد و شەست و نۆ ملیار لە پڕۆژەكانی پارێزگای دهۆك تەواو بووە بەڕاستی، هەروەها كۆی گشتی ئەو پڕۆژانەی كە تەواومان كردووە لەو شەست (٦٠) پڕۆژەیەی كە ئاماژەم پێدان هەزارو دوو سەد و دوانزە كیلۆمەترە بەهای هەر شەست پڕۆژەكە (٦٠) بایی هەشت سەد و پەنجاو چوار ملیار دینارە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**
ئێستا كاك هێڤیدار موناقەشات مەكەن ئەوەی كە كاك هێڤیدار وتوویەتی بەنووسراوە، ئەوەی ئێستا دەیڵی لەسەر وەزارەت حسێبە، ئێستا تەواو ئیحتیمال لەسەر ئەو قسەیە بكە كە لێرە هەیە، بەڵی فەرموو.
**بەڕێز دانا عبدالكریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن:**
خەرجی فیعلی لەماوەی سێ ساڵی كابینە بۆ پڕۆژە بەردەوامەكان و ئەوانەی كە تەواو بوون تەبعەن لەسەر بوودجەی وەبەرهێنانا لەبواری ڕێگاوبان لە هەولێر كە بە فیعلی لەم كابینەیە كراوە هەشتاو چوار ملیار دینار بووە لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان، بۆ ڕێگاوبان لە سلێمانی سەد

و نەود و هەشت ملیار دینار بووە، بۆ وەبەرهێنان لە ڕێگاوبان لە دهۆك هەشتاو نۆ ملیار بووە، کۆی گشتی سێ سەد و حەفتاو یەك ملیارە لە بواری بیناسازی دوو (٢) پڕۆژەمان هەبووە لە پارێزگای هەولێر شەش سەد و شانزە ملیۆنە، لە پارێزگای سلێمانی حەوت (٧) پڕۆژەمان هەبووە کە بایی نەوەد و حەوت ملیارە، لەسەر بوودجەی ئاسایی لە ڕێگاوبانەکان کە کارمان کردووە لە پارێزگای هەولێر سێ (٣) پڕۆژە بووە کە تەقریبەن بایی سەد ملیۆنە، پارێزگای سلێمانی حەفتاو هەشت (٧٨) پڕۆژە بووە کە دوو ملیارو سێ سەد و دە ملیۆنە، لە دهۆك یەك (١) پڕۆژە بووە کە سێ سەد و هەشتاو چوار ملیۆنە، کۆی گشتی هەمووی ئەکاتە دوو ملیارو حەوت سەد و نەوەد و چوار ملیۆن دینار کە لەسەر بوودجەی ئاسایی کراوە، ئەو پڕۆژانەی کە لەسەر داهات کراون داهاتی وەزارەت بۆ ڕێگاوبان پەنجاو یەك (٥١) پڕۆژە بووە، لە هەولێر کە بایی دوو ملیارو دوو سەد و شەست و پێنج ملیۆنە، بۆ پارێزگای سلێمانی سی و هەشت (٣٨) پڕۆژە بووە کە بایی دوو ملیارو پێنج سەد و دە ملیۆنە، بۆ پارێزگای دهۆك سی و یەك (٣١) پڕۆژە بووە کە بای دوو ملیارو شەش سەد و هەشتاو هەشت ملیۆنە ئەم پڕۆژانە هەمووشیان تەواو بوونە، من حەزدەکەم یەك ئامـاژەبەم لەوانەیە هەنـدێك لە نـوێنەرانی خۆشەویسـت گلەیـی ئەوە بـکەن بڵـێن پارێزگـای هەڵەبـجەی تیـانییە، داتاکـان و ئامارەکـانی پارێزگـای هەڵەبـجە لە زمنـی پارێزگـای سـلێمانیایە بەڕاستی لێرە کە ئامارەکان داخڵ کراون لە زمنە پارێزگای سلێمانیایە، بەڵـێ بەڵـی بە ئیـدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و هەموویەوە کە ئەڵێین سلێمانی پارێزگای سـلێمانی هەمـووی ئەگرێتەوە، لەسەر بوودجەی ئاسایی ڕێگاوبان ئـێمە لە سـلێمانی تەبعەن ئەوە پـڕۆژە تەواو بووەکـان بـوون ئەوەی کە بـۆم بـاس کـردن پـڕۆژە تەواو بووەکـان بـوون، ئەو پـڕۆژانەی کە ئێسـتا باسـی ئەکەم ئەوانەن کە لای ئێستا پڕۆژەی بەردەوامە کە پێویسـتە کاریـان لەسـەر بکەیـن لەسـەر بـوودجەی ئاسایی ئێستا لە سلێمانی حەڤدە (١٧) پڕۆژەمـان هەیە کە بـایی ملیارێـك و دوو سـەد و پەنجـاو چوار ملیۆنە، لە پارێزگای هەولێر یەك (١) پڕۆژەمان هەیە کە بایی شـانزە ملیـۆنە، هەروەهـا هەر بۆ ڕێگاوبان لە سلێمانی سێنزە(١٣) پڕۆژەی ترمان هەیە کە بـایی دوو ملیـارو دوو سـەد و چـل و پێـنج ملیـۆنە کە کـۆی گشـتی ئەکـاتە دوو ملیـارو دوو سـەد و شەسـت و یەك ملیـۆن، لەسـەر بوودجەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی هەرێـم ئـێمە چـوار (٤) پڕۆژەمـان هەیە کە لەسـەر ئاسـتی هەرێم حیساب ئەکرێـت لەسـەر هـیچ پارێزگـایەك حیسـاب ناکرێـت کە بـایی شـەش ملیـارە ئەو پڕۆژانەی کە چوار (٤) پڕۆژەن لە ڕێگاوبانەکان، سی (٣٠) پڕۆژەمان هەیە لە پارێزگای هەولێر کە بایی یەك ترلیۆن و چل و حەوت ملیارە، لە پارێزگـای سـلێمانی شەسـت (٦٠) پڕۆژەمـان هەیە کە بایی حەوت سەد و حەفتاو هەشت ملیـارە، لە پارێزگـای دهـۆك بیسـت و حەوت (٢٧) پڕۆژەمـان هەیە کە بایی پێنج سەد و دوو ملیارە کۆی گشتی ئەم پڕۆژانە کە تەواو دەکـرێن تێچووەکانیـان ئەکاتە دوو ترلیۆن و سێ سەد و سی و چوار ملیار دینار، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئامارەکـان و کارکردنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنە کە بۆ ئێوەی بەڕێـزو خۆشەویسـتم بـاس کرد، ئێستا دێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێزتان هیوادارم پشوو درێژبن لەگەڵمانا.

برای بەڕێزم کاك (ڕۆمیۆ) باسی ئەوەی کرد کە یەکە بازرگانییەکان دەبێتە هۆی دابەزینـی نرخـی یەکەکان؟

تەبعەن ئەو پرسیارە بەچەندین شێوازی تر بەشێك لە پەرلەمانتارانیش کردیـان بەداخەوە حەقە جیاکردنەوەی بکەیـن ئـێمە بـۆ ئێـوەی بەڕێـزو خۆشەویسـت، بەشـی زۆری ئەو یەکە نیشـتەجێ بوونانە یان ئەو تەلارە بەرزانەی کە ئێوە ئەیبینن بیست و قـات و سـی قـات و چـل قـاتە ئەمـانە هیچی لە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێ کردن نییە، ئەوانە هەمـوو ئەو یەکـانەن کە لەڕێـی دەسـتەی وەبەرهێنـانەوە ئەنجـام ئەدرێـن واتە ئـێمە وەکـو وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە نە بەرپرسیارین، نە ئاگامان لێیە لە چۆنییەتی کارکردن لەم یەکـانە، ئەم بابەتـانە هەمووی پەیوەندیدارە بەدەستەی وەبەرهێنـان، وە ئەکرێـت بەڕێزتـان هەرچ کاتێـك بەڕێـزان لە دەسـتەی وەبەرهێنـان بانگهێشـت کـران بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتان وەڵامـی ئەم پرسـیارانە لە بەڕێزیان وەربگرنەوە، ئەوەی کە تـایبەتە بە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە لە یەکەکـانی نیشـتەجێ بـوون تەنهـا ئەو یەکـانەن کە لە چوارچێـوەی یاسـای نیشـتەجێ کردنـا دروسـت کـراون، ئەو یەکـانەش بـۆ خەڵکـی کەم دەرامەتە بەڕاسـتی، وە ئـێمە لە کۆبـوونەوەی کە ئامـاژەم پێـدا لە نووسـینگەی بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت ئەنجامانـدا بڕیارمانـدا کە هەمـوو هاووڵاتیـان تەبـعەن بەشێوەی ئۆنلاین فۆڕمەکە ئامادە دەکرێت بۆ ئەم نـۆ هەزارو چـوار یەکەیە (٩٠٠٤) ئەمە هەمـوو هاوولاتیـان ئەوەی کە خۆیـان بەشایسـتە ئەزانـن ئەو یەکـانە وەرگـرن مـافی ئەوەیـان بێـت ئەو فۆڕمە وەرگرن ئەوکاتە لەسەر ئەساسی پۆڵێنکردنی فۆڕمەکان، تەبعەن یاسای نیشـتەجێ کـردن میکانیزمێکی داناوە بۆ چـۆنییەتی دابەش کردنـی ئەم یەکـانە کە ئەبێـت لەسـەر لەچوارچێـوەی سـنووری هەریەکەیەکـی ئیـداریا لیـژنەیەك دروسـت ئەکـرێ بە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی یەکە ئیدارییەکە، وە بە ئەندامییەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو لیژنەیە هەروەهـا ئەو لیـژنەیە دوای خاڵبەندی کردنی فۆڕمەکـان یەکەکـانی نیشـتەجێ بـوون بەسـەر هاوڵاتیـان دابەش ئەکەن، واتە ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تا ئەم سـاتە تەنهـا بەرپرسـین لەو نـۆ هەزارو چـوار یەکەیە (٩٠٠٤) کە بوودجەی بـۆ دابـین کـرا تەواوی کەیـن و بەسـەر هاووڵاتیانـا دابەشـی بکەیـن، کەواتە ئەوەیە بازرگانیانە بەڕێز کاك ڕۆمیۆ پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە نییە.
(نجـاة خـان) باسـی مـاوەی سـیانەکردنی کـرد کە زۆر کەمە پێویسـتە زیـاد بکرێـت، تەبـعەن زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەم خاڵێکی زۆر گرینگە ئێمە خۆشبەختانە لەگەڵ دەست بەکاربوونمان لە کـابینەی نـوێیەم وەکـو وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە هەر گرێبەسـتێکی پـڕۆژە سـتراتیجیە گرینگەکانمان کردبێت ماوەی سیانە کردنـی ئەوانـی پێشـتر یەك سـاڵ بـووە کردوومـانە بە سـێ سـاڵ، واتە ئێسـتا هـیچ پـڕۆژەیەك گرێبەسـتی بـۆ ناکرێـت لە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە، ئەگەر ماوەی سیانەی لە سێ ساڵ کەمتر بێت، واتە ئەو داخوازییەی بەڕێز نەجاة خان ئێمە ڕەچاومـان کـردووە و جێبەجێشـمان کـردووە هەروەهـا هەمـوو ئەو پـڕۆژانەی کە ئێسـتا گرێبەسـتیان بـۆ ئەکرێت ماوەی چاککردنەوەی یان ماوەی سیانەی پڕۆژەکە لە یەك ساڵەوە کراوە بە سێ ساڵ.
(لیزا خان) باسی دووسایدی (سلێمانی - کەلار) کرد، تەبعەن بەس لیـزا خـان نەبـوو بەشـی زۆری پەرلەمانتاران ئاماژەیـان بە ڕێگـای دووسـایدی (دەربەنـدیخان - کەلار) دا، جـا مـن حەزدەکەم بە تەفسیلی باسێکی ئەو پڕۆژەیەتـان بـۆ بـکەم کە وەڵامێـك بێـت بـۆ هەمووتـان، بەڵام دواتـر هەر ئامـاژە بە ناوەکـانی بەڕێزتـان دەکەم کـێ باسـی کـردووە لەگەڵ ڕێـزو خۆشەویسـتیم بـۆ ئێـوە، تەبعەن ئەو پـڕۆژەیە چەنـد جارێـك گرێبەسـتی بـۆ کـراوەو هەڵوەشـێندراوەتەوە لە سـاڵ (٢٠١٠)

بەولاوە، ئاخیرجــار لە ســاڵێ (٢٠١٧) ئەو کۆمپانیــایەی کە ئێســتا کاردەکــات لە ســاڵی (٢٠١٧) گرێبەستی کردووە، هەروەها دەستی کـردووە بەکـارکردن لەو پـڕۆژەیە، بەڵام بەداخەوە بەهـۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن تیایدا وەستابوو، لەگەڵ دەسـت پێکـردنەوەی کـابینەی نـۆیەم ئـێمە ئەو پڕۆژەیەمان خستەوەگەڕ وە ئەو کاتەی کە ئێمە دەست بەکار بووین ڕێژەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە لە (١٥٪) کەمتر بووە، ئێستا ڕێژەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە لە (٥٥٪)، واتە لەماوەی ئەم سێ ساڵە ڕێژەی جێبەجێ کردن لە (٤٠٪) زیادی کردووە، هەروەها لەماوەی ئەم سـێ سـاڵە وەکـو وەزارەتی ئـاوەدانکردنەوە حەفتـاو دوو ملیـار دینارمـان بـۆ ئەو پـڕۆژەیە وەکـو پێشـینە داوە بە بەڵێندەر حەفتـاو دوو ملیـاری بـۆ خەرج کـراوە هەرچەنـدە ئەو حەفتـاو دوو ملیـارە ملیارێـك و شەش سەد و سی ملیۆنی لێدەرکەن، چونکە لە ساڵی پارەوە ئێمە سـولفەیەکی دە ملیاریمـان بـۆ کۆمپانیای ناوبراو خەرج کردووە تا ئێسـتا بەهـۆی سـیولە لە بانقەکانـا لەو دە ملیـارە ملیارێـك و شەش سەد ملیۆنی زیاتر وەرنەگرتووە لەبەر ئەوە کە مـن ئەڵـێم حەفتـاو دوو ملیـار بەو ملیـارو شەشە سەدەوە، حەفتاو دوو ملیـار بـۆ کۆمپانیـا خەرج کـراوە، کۆمپانیـاکە یەکـێکە لە کۆمپانیـا باشەکان بەڕاستی، من وەکو تەقیمی خـۆم وەکـو وەزیـر لەسـەر کۆمپانیـاکە ئەوا کۆمپانیـایەکی زۆر زۆر باشــە و ئەرکــی خــۆی جێبەجــێ کــردووە لەم ســاتەی مــن قســە بــۆ ئێــوەی بەڕێــزو خۆشەویست دەکەم، کۆمپانیاکە ئێستا بایی دە ملیـار دینـار زیـاتر ئیشـی کـردووە کە حکـومەت پێویستە پێشینەی باتێ نەیداوەتێ، وەهەر کۆمپانیایەکیش کە کارێك دەکا تا حەدێك ئەتوانێـت بەڕاسـتی بەردەوام بێـت لە کـارکردن بەبـێ ئەوەی پێشـینەکانی خـۆی وەرگرێـت، ئەو ئێسـتا سولفەی بۆ بکرێت زیاتر لە دە ملیاری لای حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پێی بدرێت ئەویش گەیشتۆتە مەرحەلەیەك ئەڵی پارەم پێنەماوە، ئەگەر پێشینەکانم پێنەدەن ناتوانم بەردەوامبم لە کـارەکەم، تەبـعەن بەخۆشـحاڵیەوە بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران ڕەزامەنـدی لەسـەر بەدابین کردنی شەست ملیار داوە بۆ تەواو کردنی پـڕۆژەی (دەربەنـدیخان - کەلار) تەبـعەن مـن ئەمە بە فرسەت ئەبیـنم کە پێشـنیارێك بـۆ ئێـوەی بەڕێـزو خۆشەویسـت بـکەم کە هەمووشـتان وەکـو ئەنـدامانی پەرلەمـان پشـتگیری وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بـکەن، وە نووسراوێکیشـم ئاراسـتەی بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران کـردووە بـۆ ئەم مەبەسـتە، ئـێمە بـۆ ئەوەی بتــوانین ئەم پــڕۆژە دووســایدانە تەواو بکەیــن، هەروەهــا ئەو پــڕۆژانەی کە ئێســتا پــڕۆژەی بەردەوامیـان نـاوە تەواویـان بکەیـن و لەم دۆخەی ئێسـتا نەمێـنن داوامـان کـردووە مانگـانە دە ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت تەرخانکرێت بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبـان، مـن یەك ئامـاری بچـووك بـۆ ئێوەی خۆشەویسـت بـاس دەکەم ئەمە پێشـنیاری مـنە پێشـم خۆشـە لیـژنەی ئـاوەدانکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان پشـتیوانی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بکەن، من دڵنیام بە هەمووومان ئەتوانین کە کار لەسـەر ئەو بـابەتە بکەیـن کە ئـێمە بـۆ مـووچەی مانگی پێنج وەکو ئەنجوومەنی وەزیران ڕەقەمەکە زۆر دەقیق نییە، بەس نزیکە شـەش سـەد و بیست ملیۆن دۆلارمان پێویسـتە بـۆ دابینکردنـی مـووچە، پێـنج سـەد ملیـۆن دۆلاری لە داهـاتی نەوتە، سـەدو بیسـت ملیـۆن دۆلاری لەسـەر داهـاتی نـاوەخۆ بێـت، مـن داوام کـردووە لەجیـاتی ئەوەی پێنج سەد ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ مووچە بێت، چونکە ڕێگاوبانەکانیش بەقەدەر مووچە گرینگن بەڕاستی یەعنـی ڕێگاوبانەکـان هـیچ ئەهمینیەتێکیـان نـیـە، قسـەکان بە ئێـوەی

بەڕێزان دیارە بەڕاستی یەعنی ئێوە ئەگەر هاووڵاتیان گوێیان لە قسەكانی ئێوەی بەڕێز بووبێت ئەزانن تەواو كردنی ڕێگاوبانەكانیش بەقەدەر دەبین كردنی مووچە گرینگە بەڕاستی ئەوانە دەبێت، وەكو پرۆژەی سیادی مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، من داوای ئەوەم كردووە كە دە ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت مانگانە بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە تەرخان بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایانەی پێ تەواوكەین تەبعەن بەپێی شایستەی بەڵێندەرەكە خەرج بكرێت لەجیاتی ئەوەی پێنج سەد ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت بڕوا، با چوار سەدو نەوەد لە داهاتی نەوت بڕوا بۆ مووچە، لەجیاتی ئەوەی كە سەد و بیست ملیۆن لە داهاتی ناوەخۆ بچێت بۆ مووچە با سەدو سی ملیۆن لە داهاتی ناوەخۆ بۆ مووچە دابین بكرێت، بەمشێوەیە ئێمە ئەتوانین نەهێڵین پرۆژەكانمان بوەستێ، ئەمە پێشنیارێكە كە داواكارم ئێوەی بەڕێز پشتیوانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بكەن، ئەوكاتە هەموو ئەو بەڕێزانەی گومانیان هەیە ئەمە تەنها ئیمزا كردنێكە لەسەر وەرەقەیەك و ناچێتە بواری جێبەجێكردنەوە، وە ئەم شەست ملیار بۆ ئەم تەرخانكرێ و دە ملیار بۆ ئەو تەرخان كرێ تەنها ئیمزا كردنەو قسە كردنە لەو دۆخە لەو گومانە ئەمانپارێزێ و ئەمانخاتە دۆخێكی ترەوە كە پرۆژەكانمان پێ تەواو كرێت، وە ئەم كاتە هەر بڕیارێك لەلایەن سەرۆكی حكومەت جێگری سەرۆكی حكومەت وەزیرەكان دەربچێت دڵنیابین كە ئەتوانین بیخەینە بواری جێبەجێ كردنەوە لەبەر ئەوە من سوپاستان ئەكەم ئەگەر پشتیوانی ئەو پێشنیارە بكەن كە ئێمە مانگانە دە ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت تەرخان بكرێت بۆ تەواو كردنی بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی كە ستراتیجین بۆ پرۆژەی تر نا بۆ تەواو كردنی ڕێگای دووسایدەكانی نێوان پارێزگاكان كە هەمووی ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست ئاماژەتان پێدا، تەبعەن وەكو ئاماژەم پێدا ئێمە حەفتاو دوو ملیارمان لەماوەی ئەم سێ ساڵەیا بۆ كۆمپانیا ناوبەناو خەرج كردووە، بەڵام ئێستاش پێویستی بە شەست ملیاری ترە بۆ ئەوەی پرۆژەكە (١٠٠٪) تەواو بێت، من دڵنیاتان ئەكەم ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو پێشنیارەی ئێمە سەربگرێت ئەتوانین بڵێین لەماوەی ساڵێكا دوانزە بۆ چواردە مانگی تر ئێمە (١٠٠٪) پرۆژەی ڕێگای دووسایدی (دەربەندیخان - كەلار) ئەتوانین تەواو بكەین، هیوادارم ئەو ئەنجامەی كە ئێمە داومانە ئەو بەرهەمەی كە ئێمە هەمان بووە لەماوەی سێ ساڵ ڕاستە پرۆژەكەی پێ تەواو نەبووە، بەڵام (٤٠٪) پرۆگرێسی پرۆژەكە ڕێژەی جێبەجێ كردنی پرۆژەكە چۆتە پێشەوەو حەفتاو دوو ملیاریش لەماوەی ئەم سێ ساڵە بۆ كۆمپانیاكە خەرج كراوە سەرەڕای گلەییەكان ئەبێت ئەو ئینجازەش بەهەند وەربگیرێت بەڕاستی.

(لیزا خان) باسی دروست كردنی دوو تونێلی نوێی كرد بۆ دەربەندیخان، بەڵی لیزا خان كارمان لەسەر كردووە ئێمە پێشنیارمان بۆ نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی حكومەت و ئەنجوومەنی وەزیران كردووە، كە ئێمە لە چوارچێوەی تەواوكردنی دووسایدی ڕێگای نێوان (سلێمانی - كەلار) بێت و دوو تونێلی تر دروست كەین، چونكە ڕێگاكە دووسایدە بۆ هار سایدێك ئەبێت تونێلێكی خۆی هەبێت دوو تونێلی تر دروست كرێت بۆ ئەم مەبەستە كۆمپانیایەك ئامادەبووە بە قیستی درێژخایەن ئەو تونێلە ئەنجامبات، ئێمەش ئەو پێشنیارەمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزكردۆتەوە دواجار بەڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر كراوە كە لیژنەیەكی هاوبەش پێك ئەهێنرێت لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پلان دانان و

وەزارەتــی ئــاوەدانکردنەوە، کە حەفــتەی پێشــوو ڕەزامەنــدی ئەنجــوومەنی وەزیرانــی پێگەیشتووەتەوە ان شاءالله لە حەفتەی داهاتوو کار ئەکەیـن بـۆ دانـانی جەدوەلێکـی گفتووگـۆ کردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کە لە ماوەی شەش ساڵ قیستەکانی پێ بدرێت و تـونێلەکە تەواو بکـات واتە گفتووگـۆ کـردن بـۆ تەواو کردنـی دوو تـونێلی تـازە لە دەربەنـدیخان لە حەفـتەی داهاتووەوە ان شـاءالله ئەچێـتە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە، باسـی ئەوەت کـرد کە ئەو پـڕۆژەیە تەواو نەبووە، ڕاستە ئەوە کێشەکان و گرفتەکان هەمووی باسکرا باسـی ئەوەت کـرد ئەگەر هەر مانگێك هەشت ملیار دینار تەرخان بکرێت لە داهاتی مەرزەکان بۆ ئەوە نە هەشـت ملیـار، ئەگەر مانگانە ئێمە لەوە کەمتریش نیـوەی ئەوەشـمان بـۆ دابـین کەن ئەتـوانین پـڕۆژەکە تەواو بکەیـن بەڕاسـتی هەشـت ملیارنـا چـوار ملیـار، بەڵام تەبـعەن مـن ئەنـدامی ئەنجـوومەنی وەزیـرانم لە ئەنجوومەنی وەزیران مەسئولیەتەکان ئەبێت بەهاوبەشی ئەرکەکان جێبەجێ بکەین، وەزارەتی دارایــی ئەرکــی سەرشــانیەتی یەکــێ لە ئەرکە ســەرەکییەکان لە ئەنجــوومەنی وەزیــرانیش کردوومانە بە بڕیار کە ئەولەویەت بۆ دابینکردنی مووچەیە، واتە وەزارەتی داراییش پێویستی بە ســەرچاوەکانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەبێـت بـۆ ئەوەی پـارەی مـووچە کۆبکـاتەوە بەڕاستی یەعنـی ئـێمە نابێـت ئەوەش لەبەرچـاو بگـرین، کەواتە ئەو داهاتـانەی کە لەمەرزەکـان کـۆدەکرێتەوە بەشـی زۆری ئەخـرێتە چوارچێـوەی دابـین کردنـی مـووچەی مـووچە خـۆرانی هەرێمـی کوردسـتان لەبەر ئەوەی مەسـئولیەتەکە تەزانمیـیە منـیش نـاتوانم حەقـی وەزارەتـی دارایی بەهەند وەرنەگرم کە ئەرکی سەرشانییەتی کە مووچەی مووچە خۆرانی دابین بکات.

کاك (باپیر) باسی هێڵی شـەمەندەفەری کـرد، وابـزانم ڕوونـم کـردەوە چـۆن ئەکرێـت هیـوادارم وەڵامەکەم وازح بێت بۆ بەڕێزتان.

کاك ( شوان ) باسی مەفرەقی (خاڵوان - گۆمەسـپان)ی کـرد، ئـێمە لە پلانمـان دایە لە ڕێـی تـۆڕی خێـرای ڕێگاوبانەکـانەوە دروسـت بکەیـن ئەوەش لە پـلان دایە، بەڵام وەکـو باسـم کـرد ئەمە لەوانەیە بچێـتە چوارچێـوەی ئەو بەرنـامەیەی کە بەهاوبەشـی لەگەڵ کەرتـی تایبەتـا بـیکەین دواجار لەو چوارچێوەیە ئەم بەرنامەیە جێبەجێ ئەبێت.

(سەوسەن) خان، باسی ئەوەی کرد ئایـا ئەو هەمـوو یەکەیەی دروسـت ئەکرێـت پێویسـتە؟ ئایـا بیرتان لەوە کـردۆتەوە کە تووشـی کەم ئـاوی و دابـین نەکردنـی خزمەتگوزاریەکـانی تـر ئەبـین؟ پرسیارەکەی لەجێی خۆیەتی، بەڵام ئەو یەکانە بەڕاسـتی سەوسـەن خـان پەیوەنـدی بە ئـێمەوە نـیە وەزارەتــی ئــاوەدانکردنەوە لەچوارچێـوەی سیاســەتی وەزارەتــی ئــاوەدانکردنەوە نــیە پەیوەندیـدارە زیـاتر بە دەسـتەی وەبەرهێنـان و وەزارەتـی شـارەوانییەوە، باسـی ئەوەتکـرد بـۆ پـڕۆژەی خزمەتگـوزاری بـۆ کەسـوکاری شـەهیدان، ئەوانەی کە پەیوەندیـدارە بەو کەسـانەی کە کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانی تیـا نیشـتەجێ نـیە لەنـاو کۆمەڵگاکانـا ئەوانە بەڕاسـتی هەمووی لەچوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی شارەوانییە نەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەو.

دکتۆر (زێدان) باسی ڕێگای نێوان (هەولێـر - سـۆران - حـاجی ئـۆمەران) ی کـرد، باسـی دەڤەری برادۆستی کرد، بەنسبەت برادۆست و سیدەکانەوە ئەوە لە پلانی ئەم ساڵمانە کە لە پلانی سـاڵی (٢٠٢٢)وە، ئیحتیماله ئەگەر حەفتەی داهاتوو پەسەند نەکرێت بەدڵنیـایی ئەبێـت حەفـتەی دوای ئەوە پەسەند کرابێت، چوار پڕۆژەی ناوچەی سیدەکانی تیایە ئەچێتە بواری جێبەجێ کـردنەوە،

بەنیسـبەت ڕێگـا دوو سـایدیەکانەوە ئەویـش هەر لە پلانـدایە ئومێـدەوارین بتـوانین ئەمسـاڵ بەشێك لەو ڕێگایە کاری تیا بکەینەوە نالێم هەمووی تەواو ئەبێت، بەڵام کاری تیا بکەیـنەوە واتە ناوچەی سیدەکان ئەمساڵ چوار پرۆژەیان بۆ جێبەجێ دەکرێت.
کاك (باڵانبۆ) باسی ئامێرەکانی کرد؟ جوابی بەڕێزیانم داوە، باسی ئەوەی کـرد ئەو ڕەزامەنـدیانە تەنها ژمارەیە؟ وابزانم ئەو پێشنیارەی کە من کردم بـۆ ئەوەیە کە ئـێمە مانگـانە دە ملیـۆن دۆلار تەرخان کەین لە داهاتی نەوت بۆ ئەو پرۆژانە وا ئەکات کە ئەو ئیمزایانە یان ئەو ڕەزامەندیانەی کە ئەکرێت بۆ تەرخان کردنی پرۆژەکان تەنها ئیمزا نەبن و بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە.
کاك (عبدالستار) باسی ئەوەی کرد ئایا پلان هەیە بۆ ئەوەی کە کرێنشینان لە کرێنشـینی ڕزگـاربن یان نموونەیەکی هێنایەوە کە باسی کرد بەڕێزان، تەبعەن ئـێمە وەکـو وەزارەتـی ئـاوەدانکردەوە تەنها ئەتـوانین لە چوارچێـوەی یاسـای نیشـتەجێ کردنـا کـار بکەیـن کە دروسـت کردنـی یەکەی نیشتەجێ بوونە بۆ کەمدەرامەتان، ئێمە بێجگە لەو (٩٠٠٤) نۆ هەزارو چوار یەکەیەی کە ئەبـوایە تەواوی بکەین بەو شێوازەی کە بۆ بەڕێزتانم باس کرد بڕیاردراوە کە سندووقی نیشتەجێ بوون کارا بکرێتەوە پارەکە بخرێتە سندووقی نیشتەجێ بـوونەوە ئەبـوایە بەپێـی پلانـی وەزارەتمـان (٣٠٠٠) سـێ هەزار یەکەی تـریش دروسـت بکەیـن بەس بەڕاسـتی ئەو سـێ هەزار یەکەیە ئـێمە نەمـان توانیـوە بیخەیـنە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە، چـونکە ئـێمە نـۆ هەزارەکەی ترمـان تەواو نەکردووە تا ئەو نۆ هەزار یەکەیە تەواو نەکەم ناتوانم بچم یەکەی تازە دروست بکەم، بەڕاسـتی لەبەر ئەوە بە دڵنیایی دوای تەواو بـوونی ئەو نـۆ هەزار یەکەیە کە سـندووقی نیشـتەجێ بـوون پارەکەی بـۆ دابـین ئەکـات دەسـت ئەکەیـن بە جێبەجـێ کردنـی پلانـی دووەم ئەگەر لە تەمەنـی کابینەکە ئێمە مابووین کە دروست کردنی سێ هەزار یەکەی نیشتەجێ بوونە ئەوەش هیـوادارم جوابێك بێت بۆ کاك عبدالستار.
کاك (زیـاد) باسـی شەسـت ملیـارەکەی کـرد، ئەوەم بـۆ بەڕێزیـان ڕوون کـردەوە هیـوادارم ئەگەر جـوابەکەم گەیشـتبێت بە بەڕێزتـان ئەگەر وازح بـوو جـوابەکەم، کـاك (زیـاد) ئەزانـی چـی لە فەرمانەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ودیوانی ئەنجوومەنی وەزیـران هـیچ ئامـاژە بەوە نەدراوە لە داهاتی ناوخۆ بێت هیچ ئاماژە بەوە نەدراوە، من پێشـنیارێکم کـردووە ئەو پێشـنیارە پشتیوانی براتانبن هەموومان بتوانین ئەو پێشنیارە بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوکاتە ئەو شەست ملیارەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت تەرخانی بۆ کردووە ١٠٠٪ دەچێتە بواری جێبەجـێ کردنەوە.
( گوڵستان ) خان، باسی یەکەکانی نیشتەجێ بوونی کرد لە زرێوس لە سـیتەك، بەشـی زۆری ئەو یەکـانە وەکـو یەکەکە تەواو بـوونە، بەڵام بەڕاسـتی گوڵسـتان خـان خزمەتگوزارییەکـانی تەواو نەبـووە، ئـێمە بـۆ تەواو کردنـی خزمەتگوزارییەکـانی هەردوو سـیتەك و زرێـوس ئەوەی سـەدو بیستیش باست کرد پێویستمان بە زیاتر لە سەدو چل ملیار دینارە بەڕاسـتی، ئەو چـل ملیـارە لە زمنی ئەو پارانەیە کە ئێمە لە سندووقی نیشـتەجێ بـوون باسـمان کـرد کە ئەخـرێتە سـندووقی نیشـتەجێ بـوونەوە لەگەڵ تەواو کردنـی یەکەکـان بـۆ تەواو کردنـی یەکەکـان، واتە ئەمـیش چارەسەر ئەبێت لەگەڵ دابین کردنی پارەکە بۆ سندووقی نیشتەجێ بوون کە داوای دوو سـەدو

حەفتا مليارمـان بـۆ كـردووە، ئەو چـل مليارەشـی خزمەتگوزاريەكـان ئەچێـتە چوارچێـوەی ئەو لايەنەوە بابڵێن ئەو لايەنەی تايبەتە بە دابەش كردنی يەكەكانی سيتەك و زرپۆس.
خراپی ڕێگاوبانەكان بەدڵنيـايی ڕێگاوبانەكانمـان لە ئاسـتی پێويسـت نيـيە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش كـاری زۆرباشـمان كـردوە مـن نـاڵێم ڕێگاوبانەكانمـان لەئاسـتی پێويسـتن، مـن وەكـو وەزيـری ئاوەدانكردنەوە وەكو مژدە خان ئاماژەی پێدا وتی ئايا ويژدانت ئازارت ئەيا؟ بـا زۆر ئـازارم ئەيـا مـژدە خـان بە تەئكيـد مـن زۆرم پێناخۆشـە هەنـدێجار لێتـان ناشـارمەوە يەعنـی ئەوەنـدە پـێم ناخۆشـە كە لەوانەيە هەنـدێجار هەسـت بە شـەرميش ئەكەم بەسـەر ڕێگاكانـا ئەڕۆم، بەڵام تـۆ واقيعێكت لەبەردەمە چيت پێ ئەكرێت، چيت لە توانـادايە بـيكەی ئەوەی كە لەتوانـای مـن دايە ئەوەيە كە ئەو پرۆژانەمان خستۆتەوە بواری جێبەجێ كردن كاری تيا ئەكەين هەوڵی بۆ ئەيەيـن كەمتەرخەمی تيا ناكەين، وەكو برای بەڕێزم كاك عمر ئاماژەی پێدا گوتی حەقە ئيستيقالە بـكەن، بەدڵنيـايی ئەگەر ئيسـتيقالە كردنـی مـن كـاك عمـر چارەسـەر بێـت نەك جارێـك هەزار جـاريش ئيستيقالە ئەكەين، بەڵام من سوێندم خواردووە لەبەردەم ئێوەی بەڕێزو خـوای گەورە كە ئەوەی لەتواناما بێت درێغی لێنەكەين بۆ تەواو كردنی پرۆژەكان بەدڵنيايی تەواو نەكردنی ئەو پـرۆژانە ڕێگاوبانەكان ئازارێكی زۆرمان ئەيا، چونكە ڕۆژانە وەكو ئێوە باستان كـرد ئامـاری قوربانييەكـان زۆرن لەسـەر ڕێگاوبانەكـان، وە زۆربەی زۆری باسـی هەمـوو ئامارەكانتـان كـرد، مـن حەز ئەكەم دڵنياتـان كەم لەوەی يەكـێ لە هۆكـارە سـەرەكييەكانی ئەو قوربانيـانە ڕێگاوبانەكـانە خراپـی ڕێگاوبانەكـانە، بەڵام ئەوە تەنهـا هۆكـارنيە بەداخەوە بەشـێكی هۆكارەكـانيش پابەنـد نەبـوونی شۆفێرەكانە بە ڕێنمـايی هـاتووچۆوە، چـونكە هەنـدێجار لە ڕێگـا دوو سـايدەكان كە ڕێگـای دوو سـايدن و بەباشـترين شـێوەی هـونەری دروسـت كـراون چەنـدجين ڕووداوی هـاتووچۆ تيايـدا ڕوويداوە كە خەڵكيشی تيادا مردووە يەعنی لە ڕيگا دوو سايدەكان هەندێ ڕووداو ڕوويـداوە لە ڕێگا يەك سايدەكانا ڕووينەداوە قوربانی لێنەكەوتۆتەوە واتە تەنها خراپی ڕێگاوبانەكان نييە، كە هۆكاری ئەو قوربـانييە زۆرەيە، بەڵكـو بەشـێكی پەيوەنديـدارە بە پابەنـد نەبـوونی شـۆفێران بە ڕێنماييەكانی هاتووچۆوە.
(روپاك خان) باسی سندووقی نيشتەجێ بوونی كرد بـۆ كـارا نەكـراوە؟ بەڵـێ بڕيـاريی لێـدراوەو كارا ئەكرێتەوە، باسـی قوربـانييە جۆراوجۆرەكـان و خراپـی ڕێگاوبـانی كـرد؟ هـاوڕاييم، بـۆچی ڕێگاو بانی خێرا دروست نەكراوە (ئێكسپريس وەی) كە باسمان كـرد تەبـعەن ئەمە (ئێكسـپريس وەی) ئەگەر دروستی كەين ئەبێت بە پارە بەهاوبەشی لەگەڵ كەرتی تـايبەت دروسـتی كەيـن لە چوارچێوەی بەرنامەی (PPP) بكەين، بەڵام ئەمە وەكو باسم كرد با ئـێمە ڕێگـا دووسـايدەكانمان تەواوكەين ڕێگای سەلامەت و باشمان هەبێت بۆ هاوڵاتيـان بـۆ ئەوەی بەخـۆڕايی بەكـاری بێـنن، ئەوكاتە كە ڕێگاشمان دروست كرد بە پـارە بـوو ئەو كـاتە هەركەس سەربەسـتە خـۆی كـام ڕێگـا بەكار ئەهێنێت، هەروەها ئێكسپريس وەی بەڕاستی گـرينگە بـۆ هەرێمـی كوردسـتان و ئـابووری هەرێمی كوردسـتان ئەبـاتە قۆنـاغێكی تـر، بەڵام بەڕاسـتی دوو مليـار دۆلاری پێويسـتە ئەگەر بە هاوبەشی لەگەڵ كەرتی تايبەت نەبێ ناتوانرێ دروست بكرێ.
ئايا پرۆژەكانی نيشتەجێ بوون نەبوونەتە هـۆی كەمكـردنەوەی هەلـی كـار؟ يەعنـی پرۆژەكـانی نيشتەجێ بوون كە دروستكراون نەبـوونەتە هـۆی كـەم كـردنەوەی هەلـی كـار لەوانەيە لەوەيانـا

وەکـو باسـم کـرد ئەم پـرۆژە نیشـتەجێ بوونـانە زۆربەی زۆری پەیوەندیـدارن بە دەسـتەی وەبەرهێنانەوە بەڕاستی لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەنین، بەڵام هەندێ لەو کۆمپانیایانەش من لێتان ناشارمەوە کە چەند کرێکاری بیانی ئەهێنن کە هەنـدێك لە کارەکـان تەواو بکـات لەبەر ئەوە پێویستی بە ڕێکخستەنەوەیەك هەیە بەڕاسـتی منـیش هـاوڕای ئەوەم کە ئەبێـت وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان وابکەیـن زۆربەی زۆری هەلـی کـار بـۆ نـاوخۆ بڕەخسێنین، ئەگەر کرێکارێك یان وەستایەك یـان ئەنـدازیارێکی تـایبەت کە لەکوردسـتانا نەبـوو نەیتوانی ئەو کارە بکات ئینجا ڕێگەبەین کە خەڵکی تر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەو کـارانە ئەنجامـدات، بەڵام خۆشـمان ئەوەمـان هەسـت پێکـردووە، یەعنـی خەڵکـی خۆشـمان تـا ئێستاکە بەڕاستی بە کرێکاری و کاری قوڕس زۆر ڕانەهاتووە لەوانەیە کرێکارێکی بیـانی هەنـدێ کـار ئەکـات جـاروایە کرێکـارە خۆمـاڵییەکە نایکـات، ئـێمە کەلتـوری کـارکردن لەنـاو ئـێمە وەکـو بەداخەوە وەکو ڕەخنەیەك نییە یەعنی، بەڵام جۆرێك لە کارکردن لەنـاو ئـێمە نەبـووە بە کەلتـور کە خۆمـان زۆر مانـدوو بکەیـن زۆر هـیلاك بـین، ئەگەرنـا بـۆ کرێکارێـك ئەتـوانێ لە وڵاتێـك کە هەزاران کیلـۆمەتر لە ئـێمەوە دوور بێـت ئەو کـارە بکـات، ئـێمە خۆمـان نەتـوانین بـیکەین، واتە ئەبێـت دووجـا لەسـەر دووئاسـت کـاربکەین یەکێکیـان وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان کە ڕێکارێـك دابنـێین کە هەلیکـار بـۆ نـاوخۆ زیـاتر بڕەخسـێندرێ، هەروەهـا کەلتـوریش هەر لە منـاڵییەوە مناڵەکانمان وا پەروەردە بکەین کە بتوانن ئامادەبن بۆ هەموو کارێکی قوڕس بەڕاستی.
(ڕۆژان خان) باسی پڕۆژەیەکی کرد کە لەلایەن کۆمپاتیای (KNCC ) بوودجەیەکی بۆ دابینکراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.
تەبعەن ئێمە ئەو بابەتەمان بۆ وەزارەتی دارایی ناردووە بەداخەوە، بەڵام تا ئێسـتا وەڵامەکە بەم شێوەیە بوو کە ئەو بوودجەیەی کە لەچوارچێـوەی کە پەیوەندیـدار بـووە بە وەزارەتـی سـامانە سروشتیەکانەوە پەیوەندیدار بووە سێکتەری نەوتەوە لەبەر دەست نەماوە بۆیە نەتـوانراوە ئەو پارەیە دابین بکرێت، بەڕاستی بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە ئێمەش هەمان ئەو پرسیارەمان ناردووە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی کە ئەو بڕە پارەیەی کە کاتی خـۆی کۆمپانیـا تەرخـانی کـردووە بۆ جێبەجێ کردنـی ئەو پـڕۆژەیە بگەڕێـتەوە بـۆ وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بـۆ ئەوەی بتـوانین کارەکەی پێ جێبەجێ کەین تەبعەن ئێمە ئەو نووسـراوە کە کردوومـانە لە ( ١٧/ ٩/ ٢٠١٩ ) بـووە، ژمارەی نووسراوەکەمان (٤٣٢٤).
کاك ( بەڵێن ) پێشنیارێکی کرد تەقریبەن پێشنیارەکەی کاك بەڵـێن هەمـان ئەو پێشـنیارە بـوو کە من کردم تەقریبەن نزیکە لەو پێشنیارەی کە من کردم، سوپاسی ئەکەم بۆ پێشنیارەکەی.
کاك ( کاوە ) باسی ئەوەی کرد کە (٣١) ساڵە ئێمە حکومڕانی خۆمان ئەکەین، بەڵام ڕێگـای نێـوان سلێمانی هەولێر تەواو نەبووە نازانین بەکام ڕێگا هاتووچۆ بکەین؟
خۆشـبەختانە کـاك کـاوە ئـێمە یەکـێ لەو کـارە باشـانەی لە مـاوەی یەکەمـی چـاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان کردمـان لە سـاڵی(٢٠١٩) کە بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت سـەروی چـل مليـار دینـاری تەرخانکرد نۆژەنکردنەوەی ڕێگای نێوان (هەولێر - کـۆیە) (کـۆیە - کەڵکەسـماق) بـوو، ئێسـتا ئەو ڕێگەیە ئەگەر جەنابت پێیا بڕۆی زۆر سەلامەتە زۆرباشە ئەتـوانی لەبەینـی (سـلێمانی - هەولێـر) زۆر بەجوانی هاتووچۆی پیا بکەی، هەروەها بەشـێوەیەکی زۆربـاش کـراوە یەعنـی ئەو ڕێـگەیە

هەیە ئەتوانی هاتووچۆ بکەی، پرسیاری ئەوەت هەیە ئەڵێی کام ڕێگا هاتووچۆی لێبکەین؟ ئەو ڕێگەیە ئەتوانی هاتووچۆی پیا بکەی زۆر بەباشی نۆژەنکراوەتەوە دووساید نیە نەخێر، بەس تۆ ئەڵێی بەکام ڕێگا هاتووچۆ بکەین من پێشنیارت بۆ ئەکەم ڕێگەیەکی زۆر سەلامەتە، ئەوە یەکێکە لە کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕاستە ڕێگای دووسایدی (سلێمانی - هەولێر) لە چەند بەشێك پێکهاتووە من حەزدەکەم بۆ ئێوەی خۆشەویستی ڕوون بکەمەوە بەشێکی بریتیە لە ڕێگا دووسایدی (هەولێر - کۆیە) تونێلی هەیبەت سوڵتان دەچێتە سەر ڕێگای (دوکان - چوارقوڕنە) ئەو خەتە لە (دوکان- چوارقوڕنە) بە سێ قۆناغە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم، لەوێوە ئەچێتەوە سلێمانی کە ئەچێتەوە دوکان واتە ئاراستەی دووسایدی (سلێمانی - هەولێر) بە کۆیە ئەڕوات واتە (کۆیە – هەیبەت سوڵتان) دێینەوە دیوی (دوکان – چوارقوڕنە)، تەبعەن دووسایدی (هەولێر – کۆیە)، بەداخەوە ئەویش پێویستی بە سێ سەدو شەست ملیارە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین بە تونێلەکەوە، تەبعەن پێنج قۆناغە بە تونێلەکەوە قۆناغی ئەو ڕێگاوبانانە ئێستا ئێمە لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرین بۆ ئەوەی کە ئەم ساڵ بۆ ئەوەی فریاکەوین پەنجا ملیار دینار پێشنیارمان کردووە بۆی ئەگەر تەرخان بکرێت، ئەگەر فریا نەکەوین هەوڵدەین بەشێوازێك لە شێوازەکان چارەسەرێك بۆ ئەم بابەتە بدۆزینەوە ڕێگای دووسایدی نێوان (هەولێر- کۆیە) دەست پێبکرێتەوە لەگەڵ تونێلی هەیبەت سوڵتان، بەشی ئەودیویش کە بەشێکی تری ڕێگای نێوان (سلێمانی – هەولێرە)، کە (دوکان – چوارقوڕنە) سێ قۆناغە، قۆناغی یەکەمی خۆشبەختانە لە (٩٥٪)ی تەواو بووە کە لە چوارقوڕنە دەست پێدەکات تاوەکو پردی هیزۆپ، ئەم لە (٩٥٪) قۆناغی یەکەمیش ان شاءلله تەسەور دەکەم پێش مانگی نۆ بتوانین ئیفتتاحی کەین بەفەرمی، قۆناغی دووەم لەنێوان پردی هیزۆپ بۆ خەلەکان، دەست پێدەکات ئەمیش نیسبەی ئینجازی ڕێژەی جێبەجێ کردنی چۆتە (٤٥٪) ئەویش یەکێکە لەو پرۆژانەی ئێستا کارکردن تیایدا وەستاوە، بەڵام پێشنیارمان بۆ کردووە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بەردەوامین لە کارکردن و ئاماژەکان بەرەو ئەوە ئەڕۆن کە لە ئایندەیەکی نزیکا چارەسەرێك بۆ ئەمە بدۆزینەوە، ئەمەش بچێتەوە بواری جێبەجێ کردن و پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکەین بۆ ئەوەی قۆناغی دووەمیش پێ تەواو بکەین، قۆناغی سێیەم کە لە خەلەکان بۆ دوکانە (١٠) کم هێشتا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، پێشنیارمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و چاوەڕێی وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانین بۆ ئەم بابەتە، یەعنی ڕێگای دووسایدی سلێمانی هەولێر بەم قۆناغانە تێپەڕ ئەبێت.

(مژدە خان) ئەزانی چی ئێمە هەموو سیانەی ڕێگاوبانەکانمان کردووە بە سێ ساڵ، عەفووم بکە با قسەکەو بۆ تەواو کەم، لەکاتی جێبەجێ کردنی کارا ئەو ڕێگایانە دەیان کیلۆمەترن لە هەندێ شوێن لەوانەیە کەموکوڕی هەر دروست بێت، بەڵام ئەمە بە مقاولەکە چاك ئەکرێتەوە، مەسەلەن ئەوەی کەتۆ باسی ئەکەی لە نزیك قاتعێکا بێت ئەوە چاك ئەکرێتەوە، بەڵێندەر خۆ ئاوا تەسلیم ناکرێت هێشتا جادەکە نەخراوەتەوە بواری جێبەجێ کردنەوە ئێمە پێش ئەوەی بیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە شتێکمان هەیە پێی ئەوترێ وەرگرتنی سەرەتایی یەعنی پرۆژەیەك کە تەواو ئەبێت وەرگرتنی سەرەتایی بۆ ئەکەین هەر کەمووکوڕییەکی هەبێت، وەرگرتنەکەی بۆ ناکەین تا کەمووکوڕییەکە تەواو نەکات کە کەمووکوڕییەکەی تەواو کرد ئینجا وەرگرتنی سەرەتایی بۆ

ئەکەین، وەرگرتنی کۆتایشمان هەیە ئێستا ئێمە ماوەی سیانەمان کردووە بە سێ ساڵ دوای سێ ساڵ وەرگرتنی کۆتایی بۆ ئەکەین، ئەوکاتە لەماوەی ئەو سێ ساڵە هەر کەموکورییەکی هەبێت لەسەر مقاولەکەیە ئەبێت چاکی کاتەوە، کاك (کاوە) ئێستا باسی ئەکەم ئەوە نووسیومە، هەمان شێوە ئەو ڕێگەیەش وەکو هەموو ڕێگە دووسایدەکانی تر پێویستی بەدابینکردنی بوودجەیە یەعنی ئەبێت بوودجەی، بۆ دابین کەین و تەواو بکرێت ئێمە لە پلانی خۆمان دامانناوە ئومێدەوارین بتوانین کە بەشێکی تری ئەم ساڵ لێ تەواو بکەین ئەگەر بوودجەکە پارەکەی بۆ تەرخان کرابوو بەڕاستی، چونکە ئەگەر پارەو بوودجەی بۆ تەرخان نەکرێت تەواو ناکرێت بەڕاستی.

باسی (بالیسان)ت کرد، خۆشبەختانە ڕێگەی بالیسانتان باس کرد بەشی زۆریشتان لە هاوڕێیانی پەرلەمانتار باستان کرد، من ساڵی پار خۆم چووم سەردانی خەڵکی ئەوێم کرد، خۆشبەختانە ڕەزامەندی بۆ هاتۆتەوە، پارەشی بۆ تەرخان کراوە، ئێستا لە وەزارەت تەندەریشمان بۆ کردووە ئیعلانیشمان بۆ کردووە، ئێستا بەڵێندەران ئەتوانن تەندەری پرۆژەکە وەربگرن و ڕێگای بالیسان، دۆڵی بالیسان، جافایەتی نۆژەن ئەکرێتەوەو چاك ئەکرێتەوە.

دکتۆر (شێرکۆ) باسی ئەوەی کرد چی کراوە بۆ نەهێشتنی دوو ئیدارەیی؟

دوو ئیدارەیی لە بواری دابین کردنی بوودجە مەبەستتە یان لە بواری جێبەجێ کردنی پرۆژەکانە؟ من حەزئەکەم بەسەراحەت وابزانم خۆشتان ئاماژەتان پیایە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا ئەم ساتە لە دوو ئاستا هەرێمی کوردستان یەکگرتوو نییە، لەسەر دوو لایەن، یەکیان بواری داراییە، یەکیان بواری هێزی چەکداری و هێزی پێشمەرگەیە، تاوەکو هەرێمی کوردستان چ لە بواری داراییەوە چ لە بواری هێزەوە یەکگرتوو نەبێت و هێزێکی نیشتیمانی نەبێت ناتوانین هەرێمی کوردستانمان بپارێزین و پێشی بخەین، بەداخەوە مەسەلەی ڕێژەی لە (٤٣٪)، (٥٧٪) تا ئێستا کاری پێ ئەکرێ، ئەمە واقعە ئێستا لەناو هەرێمی کوردستان و هەموو وەزارەتەکان و بە خوودی وەزارەتی پلان دانان کە پلانی هەموو وەزارەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکرێت، ئەم بنەمایە کاتێك ناهێڵدرێت کاك دکتۆر کە ئێمە بەرەو دامەزراوەی ڕاستەقینە بڕۆین، لەسەر ئەساسی نیشتیمانی کارەکانمان بکەین ئەوە یەکێکە لە هۆکارەمان تا نەگەینە ئەوەی کە خۆمان ڕێك بخەینەوە ئاسایشی نیشتیمانی بۆ هەر تاکێکمان وەکو یەك نەبێت ناتوانین ئەوەش یەك بخەینەوە بەداخەوە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و ناتوانین بیشارینەوەو ئەبێت چارەسەری بکەین، ئەگەر ئەم بابەتە چارەسەر نەکەین وەکو هەرێمی کوردستان وەکو خەڵکی کوردستان ئایندەمان نابێت، ئەبێت هەرێمی کوردستان یەك دامەزراوە بێت یەکتری تەواو بکات جیاوازی لە نێوان ناوچەکان نەبێت، ئێمە بە درێژایی دەیان ساڵ کە داگیرکراو بووین، داگیرکەران ویستوویانە ڕۆحیەتی دژایەتی کردنی ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر لە ناومان زیندوو بکەن، خەڵکی فڵان ناوچە ڕقی لە فڵان ناوچە بێت، فڵان شوێن ڕقی لە فڵان شوێن بێت، بەڕاستی ئێمە دەبێت هەوڵدەین ئەم کەلتورە لەناو خۆمان نەهێڵین بەداخەوە بەشێك لە ململانێیە سیاسیەکانیش بەو ئاراستەیە ڕۆشتوون، هەروەها ئەمە هۆکارێکە بۆ مانەوەی مەسەلەی دوو ئیدارەیی لە بواری دارایی و لە بواری هێزە چەکدارەکان کە من ئومێدەوارم خۆشم هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی ئەوەمان بۆ کردووە کە ئێمە

ئەبێت لەم بوارانە کوردستان بکەین بە نیشتمانی، چونکە کوردستان بەرەو کەناری ئارامی ئەبات و هەم هاووڵاتیانی کوردستان ئەپارێزێت و هەم ئەتوانین وڵاتەکەمان باشتر ئاوەدان بکەینەوەو ئەوکاتە جیاوازی لە نێوانیشیان نەکرێت بەڕاستی.

باسی نەبوونی یاسای بوودجەی کرد.

(١٠٠٪) لەگەڵتـام یەکـێ لە گـرفتە سـەرەکییەکان ئەتـوانم بڵـێم گرفتـی هەرە سـەرەکی نەبـوونی یاسـای بـوودجەیە، ئەگەر یاسـای بـوودجە هەبێـت هەمـوو وەزارەتەکـان ئەزانـن ئەرکەکـانی سەرشانیان چییەو چۆن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەروەها لەسەر ئەساسی ئەو یاسـایە هەموو وەزیرێك ئەتوانرێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت بەڕاستی.

یاسای وەبەرهێنان بۆ هەموار ناکرێتەوە؟

ئێمە جارێك بەڕاستی یاسای وەبەرهێنان هێنرایە ئەنجوومەنی وەزیـران، بەڵام لە ئەنجـوومەنی وەزیران ڕای جیاوازمان هەبووە لەسەری وەکـو ئەنجـوومەنی وەزیـران، یەك ڕامـان کە بتـوانین هەمواری کەینەوە لەبەر ئەوەی ئاراستەکان بۆ هەمـوار کـردنەوەی یاسـاکە جیـاوازبوو لەبەر کـۆ دەنـگ نەبـوونی لایەنەکـانی پێکهێـنەری حکـومەت لەسـەر یاسـای وەبەرهێنـان نەمـان تـوانی هەمواری بکەینەوە تا ئێستا ماوە.

خەرج نەکردنی پارەکانی نەوت بۆ نەکراوە؟

مەبەستت ئەو پڕۆژانەیە کە لەسەر پەترۆ دۆلارن وانییە، عەفـووم بـکە ئـێمە هەنـدێ پڕۆژەمـان هەبووە لەسەر ئەو بابەتە کاتی خۆی لە کابینەی پێشوو لەسەر بوودجە ناویان نـاوە پەتـرۆ دۆلار دروست کراوە، لەگەڵ کۆتایی هـاتنی کـابینەی پێشـوو دەسـت بەکـاربوونی کـابینەی نـۆیەم ئەو بوودجەیە نەما، لەبەر ئەوەی ئەو پارەی کە تەرخان کرا بوو بۆ ئەو پڕۆژانە لە بانقێکی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ئەو پارانە لەو بانقە دوای ئەوەی کە وەزارەتی دارایی حیساباتی خۆی لەگەڵ تەسفیە کردووە، ئەو پارانە لەو بانقە نەماون، بەڕاستی هەروەها ئەو پارانەی کە تەرخـان کـراون لەو چوارچێوەیە تـا ئێسـتا تەعـویز نەدراوەتە بـۆ وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان، لایەنـی کەم ئـێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نزیکی حەفتا (٧٠) پڕۆژەمـان هەیە کە لەسـەر بـوودجەی پەتـرۆ دۆلارە، تەنهـا توانیومـانە تـا ئێسـتا یەك پڕۆژەیـان عەفـووەن دوو پڕۆژەیـان لەو پـارەیە بـۆ تەرخانکەین یەکێکیان لە بوودجەی پەترۆ دۆلارە بگۆڕین بۆ بوودجەی ئیستسـماری، کە ئەویـش ڕێگای دووسایدی (باشماغ - پێنجوێن)ە، کە لەسـەر پەتـرۆ دۆلار بـوو خسـتمانە سـەر بـوودجەی ئیستسماری لەگەڵ ئەکەی ڕێگای (شەمێران) بەڕاستی گوندەکانی شەمێران، باقی پڕۆژەکانی تـر کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانە ئێمە لەهەموو ساڵەکان ساڵی (٢٠١٩،٢٠٢٠،٢٠٢١،٢٠٢٢) نووسراومان بۆ ئەنجـوومەنی وەزیـران کـردووە داوامـانکردووە چارەنووسـی ئەو پـڕۆژانە یەکلایـی کـرێتەوە، چونکە لەڕووی ڕێککـاری ئیـدارییەوە ئەو پـڕۆژانە لای ئـێمە نیـیە، ئەو پـڕۆژانە لە ئەنجـوومەنی وەزیـرانە، یەعنـی ئەنجـوومەنی وەزیـران هەم پارەیـان بـۆ خەرج دەکـات هەم سەرپەرشـتیان دەکـات، بەڵام سەرپەرشـتی کـردنەکەی بەشـێکی لە ئەسـتۆی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بـووە ئەگەرنا باقی بەشەکانی تری پڕۆژەکە، ئینجا ئەوان پەیوەندیدار نییە بەوەوە، ئەوەی کە جەنابت باستکرد پەیوەندیدارە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هیچ بەشێك لە ئێمە لە گرێبەستە نەوتییەکان بۆ ئێمە دانەنراوە، نەخێر لای من هـیچ بەشـێك بەوەوە

نییە کاك دکتۆر شێرکۆ، ئێستا من بۆت باس دەکەم بابەتێکی تـرە پەیوەندیـدارە بەوە، پرسـیاری هاوڕێیەکی ترمان هاتووە کە هەموو بارهەڵگرێکی سووتەمەنی حەوت دۆلاری لێوەردەگیرێت بۆ هەر گەنێـك، تـۆ ئەگەر مەبەسـتت ئەوە بێـت، ئەوە نـایەتە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە پێشـتر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی ئەو پـارەیەی وەرگرتـۆتەوە، ئـێمە بە نووسـراوی ڕەسـمی داوامـان کـردووە تـا ئێسـتا ئەو پـارەیە نەگەڕێنـدراوەتەوە بـۆ وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە، بەڵام ئەوەی کە بە ئێمە وتراوەتەوە ئەو حەوت دۆلارەکە بۆ هەر گەنێك وەرئەگیرێـت ئێسـتا شـێوازی وەرگـرتنەکەو ئەو ڕسـوماتەی کە وەرئەگیرێـت، گـۆڕاوە بەنـاوی ڕێگاوبـانییە، بەنـاوی شـتێکی ترەوەیە، ئەوەی کە وەڵامەکەی بەمن گەیشتۆتەوە، بەڵام ئەو حەوت دۆلارەی کە بۆ هەر گەنێـك لە بارهەڵگری سووتەمەنییەکان وەرگیراوە بەهیچ شێوەیەك ڕادەستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نەکراوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چاکسازی لە ڕێگاوبانەکان پێبکەین و سوودی لێببینین، نەخێر.
کاك (محی الدین) باسی ئەوەی کرد وتی باڵەخانەکان کوالێتیان خـراپە، ڕێگاوبانەکـان کوالێتیـان خـراپە، ئەو مەوادانەی کە بەکـار ئەهێنـدرێن خـراپن، ئەو نموونـانەی کە ئەبردرێـت بـۆ پشـکنین ئەوەنیە کە بەکاردێت، بەشێك لە شەقامی(١٢٠)م هەولێر تێکچووە.
واللەی هەموو پڕۆژەیەك ئیحتمالە کە بەکارئەهێنرێـت تێـك ئەچێـت، ئەبێـت بەردەوام صـیانەی لەسەر بێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن ئێمە هیچ پڕۆژەیەکمان نییە پشکنینی بۆ نەکرێت لە تاقیگەکان بەپێی ڕێنماییەکان، هەروەها هەمـوو ئەو پڕۆژانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکان وەزارەتی ئـاوەدانکردنەوەو نیشـتەجێ کردنـان بەبـێ فلـتەری پشـکنین تێـپەڕ نابێـت تـا ئێسـتاکە مـن نـاڵێم کـوالێتی پڕۆژەکـان ١٠٠٪ ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەوەزارەتی ئێمەوە (١٠٠٪) بەدڵـی خۆمـانە، بەڵام لایەنـی کەم ئەبێـت مەرجەکـانی پشـکنینی تێپەڕانـدبێت، ئینجـا ئـێمە پەسـەندی ئەوەمـان کـردووە ئەو پـڕۆژەیە وەربگیرێـت و پاکتاوی کۆتایی بۆ بکرێت سولفەی کۆتایی بـۆ بکرێـت، بەنیسـبەت هەنـدێ لە پـڕۆژانە کە باسـی کرد یەکەکانی نیشتەجێ بوون لەڕووی بازرگـانییەوە ئەوە بازرگانـان کە دروسـتی ئەکەن لەڕێـی بـابڵێین وەکـو بینـای ئەهلـی خۆیـان یـان لەڕێـی دەسـتەی وەبەرهێنـانەوە، بەڕاسـتی ئەوە پەیوەندیدار نییە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە، باسی شەقامی (١٢٠)م کـرد ئەوە پەیوەندیـدار نییە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە ئەوە پەیوەندیدارە بە وەزارەتـی شـارەوانییەوە، چـونکە لە چوارچێوەی سنووری شارەوانی هەولێرە.
کاك (بهجت) باسی تونێلەکانی کرد؟
ئێمە لە چوارچێوەی بەرنامەی وەزارەت زیاتر ە بیست و شەش (٢٦) کم هەیە لە تونێل دروسـتی بکەین لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، تەبعەن تونێل یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە بوودجەیەکی زۆری پێویستە بۆ جێبەجێ کردن، ئێمە بەپێی پلان کە باسم کرد ئـێمە زیـاتر لە بیسـت و شـەش (٢٦)کم تونێلمان دەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوەی کە دروستمان کردووە لە هەرێمی کوردستان حەوت پۆینت بیست و پێنج کیلـۆمەتر ٧,٢٥ تونێلمـان دروسـت کـردووە ئەوانـی تـر هەمـووی لە پلاندایە، هەموو ئەو تونێلانەی کە ئاماژەی پێدرا لەوانەیە کۆی ئەو تونێلانەی کە پێویست بێـت لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیان بەین زیاتر بێت لە بیست تونێل کە کـۆی درێـژی زیـاتر بێـت لە سەد و بیسـت و شـەش کیلـۆمەتر (١٢٦)کم، بەڵام ئەمە بەڕاسـتی کـولفەیەکی زۆری ئەوێـت بـۆ

کاتێك ئەبێت کە حکومەتی هەرێم لە ئاستێکی ئـابووری باشـتر بێـت، بەڵام خۆشـبەختانە وەکـو باسم کرد هەندێك کۆمپانیا هاتوونەتە پێشەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین بە قیستی درێژخایەن یان قەرزی درێژخایەن هەندێك لەو تونێلانە بکەین، بەتایبەتی دەربەندیخان وەکو ئاماژەم پێیـا لە حەفتەکـــانی داهـــاتوو گفتوگۆکانمـــان لە چوارچێـــوەی ئەو لیژنـــانەی کە پێکهێنـــراوە بە ســـەرۆکایەتی ئەنجـــوومەنی وەزیـــران و ئەنـــدامیەتی وەزارەتـــی پـــلان دانـــان و وەزارەتـــی ئـــاوادانکردنەوە دەســـت ئەکەیـــن بە گفتووگۆکانمـــان، ئومێـــدەوارم لەم ســـاڵە (٢٠٢٢) بتـــوانین دەستکەین بە جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیە واتە لە ساڵی (٢٠٢٢) هەموو هەوڵەکان و تواناکانمان بۆی لە ساڵی (٢٠٢٢) بەستووە بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
باسی ( گەلی زاوێتە )ی کرد.
یەعنی ئەوە لە پلانی وەزارەتە هیوادارین لەو پلانە ئەوەش جێبەجێ بکەین.
کاك ( هاوڕێ ) باسی هێڵی شەمەندەفەری کرد.
وابزانم بە وازحی باسی هێڵی شەمەندەفەرم بۆ کردنن.
باسی یەکانی نیشتەجێ بوونی کرد بۆ تەواو نەکراوە؟
بە تەئکیـد هۆکـارەکەی بریتـی بـووە لە دابـین نەکردنـی نەختیـنەی پێویسـت بـۆ تەواو کردنـی پڕۆەکان، بەڵام خۆشبەختانە بڕیاری پێویستمان دا وەکو پێشتریش بۆ بەڕێزتانم ڕوونکردەوە بۆ تەواو کردنی هەموو یەکەکان.
کاك ( هێڤیدار ) باسی پـڕۆژەی کـرد، ئایـا پـڕۆژە بەپێـی پێویسـتی دروسـت ئەکرێـت؟ هەروەهـا پێوەرەکان کامانەن؟
بنەمای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان بەڕاستی پێویسـتە پێداویسـتی بێـت، هەروەهـا نابێت جیاوازی بکرێت لە ناوچەکانـا کـاك هێڤیـدار، بەڵام بەداخەوە تائێسـتا پێـوەری لە (٥٧٪) بە (٤٣٪) هەر بەردەوامە لە هەمـوو سـێکتەرەکانا ئەوەشـی کە باسـت کـرد ئەوە ئامـارە دوای بـۆت ئەنێرم، من خۆم بە وەزیری هەردووکیان ئەزانم کاك هێڤیدار....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار واللە ئەو جانبییە نابێت.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

من خۆم بە وەزیری هەردووکیان ئەزانم، چونکە من ئەگەر وەکو حزبی سەیری کەین نە لە (٥٧٪) نە لە (٤٣٪) یەکەم ئەگەر وەکو حزبی لێکـی بەیـتەوە، بەڵام مـن کوردسـتان بەهـی خـۆم ئەزانـم، کوردستان وڵاتی منە ئەگەر پێویست بە ڕۆحیشمان بکات بۆی ئەبەخشـین، بەڵام گرینـگ ئەمەیە ئەوە واقعێکی تاڵە تیایان، ئەمە لەجیاتی ئەوەی تـانەو تەشـە لە یەکتـری بەیـن بێـین ئەو واقـعە تـاڵەی خۆمـان چارەسـەرکەین زۆر زۆر باشـترە، پلانێـك بـدۆزینەوە چارەسـەرێکمان هەبێـت بـۆ دۆزیـنەوە ئەم واقـعەی ئێسـتا ئەم واقـعەی ئێسـتامان چارەسـەرکەین ئەوە گـرینگە بەنیسـبەت ئـێمەوە، بەنسـبەت ئەوەی کە دهـۆك کەمتـرین پـڕۆژەی بـۆ جێبەجـێ کـراوە ئامارەکـان لاتەو حەزدەکەی دوایش بۆ جەنابتی دەنێرم ئێمە لە دهۆك حسەی خۆی وەکو خۆی جێبەجێ کـراوەو هـیچ کەمـتەر خەمـیەك بەرامـبەر بە دهـۆك نەکـراوە، ئینجـا ئەمـن ئەوە وەڵامـم دایـتەوە دوای ئەتوان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ تەواو کاك هێڤیدار قسەت کرد، ئەویش قسەی کرد ئەڵێ تازەکەت بۆ ئەنێرم ڕەنگە ئەوە ئی سێ مانگ پێش ئێستا بێت، تازەکەمان بۆ ئەنێرێت تەواو، بەڵێ بەڕێزتان بەردەوامبن جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دانا عبدالکریم/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

کاك (محسن) ئایا پلان هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەزاو ناحیە سنوورییەکان؟

بە تەئکید ناوچەکانی کوردستان پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەیە، خۆتان ئەزانن ئێمە دەیان ساڵ داگیرکراو بووین و بەشێکی زۆری گوندەکانمان وێران کران تائێستاش ئێمە نەمان توانیوە گوندەکانمان بەتەواوەتی ئاوەدانکەینەوە، لەوانەیە بەشێك لەئەرکەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بریتی بێت لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیش بەڕاستی، بەڵام بەداخەوە ئایا ئێمە لە توانای داراییمان هەیە کە ئێمە بتوانین کە هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ کەین لەم قۆناغەیا، بەدڵنیایی نەخێر لەم قۆناغەیا توانامان نییە، بەڵام خۆشبەختانە لە ماوەی ئەم سێ ساڵە ئێمە ژمارەکی زۆر لە گوندەکان توانیومانە ڕێگاوبانی بۆ دروست کەین ئامارەکانیشی لە وەزارەت هەیە هەر بەڕێزێك ئەیەوێت ئاماری ئەو گوندانەی پێشکەش کەین کە ڕێگاوبانەکانمان بۆ کردوون پێشکەشتان ئەکەین، بەڵام ڕێگاوبان یەکێکە لە بڕگەکانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، چونکە گوندەکان هەر پێویستیان بە ڕێگاوبان نییە، پێویستیان بە خزمەتگوزاری (تەندروستییە، پەروەردەییە، شارەوانییە) هەموو خزمەتگوزارییەکانی تریان پێویستە، ئێمە لەو چوارچێوەیە لە پلانی چوار ساڵەی وەزارەت پێشنیارمان کردبوو لە هەر پارێزگایەك دوو گوندنی هاوچەرخ دروست بکەین بەڕاستی، هەروەها پلانەکەشمان دانابوو بوودجەی پێویستیشمان بۆ ئەو گوندانە تەرخان کردبوو، واتە لە جیاتی ئەوەی بۆ هەر گوندێك مەکتەب و خەستەخانەو پێداویستییەکانی شارەوانی بۆ بکەینەوە پێنج گوند یان شەش گوند، ژمارەی ماڵەکانیان کەمە لە یەك ناوچە کۆبکرێنەوە، هەموو پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانیان لەو گوندانە بۆ دابین کرێت کە نزیك بێت لە زەوی و زارەکانی کە کشتوکاڵی تیا ئەکەن هەم بەئاسانی بگەنە زەوی و زارەکانیان بۆ کشتوکاڵ، هەم لەو گوندانەش گوندی هاوچەرخبن مەکتەبی تیابێ، خەستەخانەی تیابێ، ڕێگاوبانەکانیان قیرتاوکرابێ و پێداویستییە خزمەتگوزارەییەکانیان لەبەردەست بێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی بوودجەوە نەمانتوانی ئەو گوندە هاوچەرخانە دروست کەین، ئەگینا لە پلانی خۆمانا بەڕاستی دامانابوو کە گوندی هاوچەرخ دروست کەین.

کاك (جەلال) باسی ئەوەی کرد کە ڕێگاوبانەکان پێویستە بدرێت بە کۆمپانیای نیشتیمانی و بەتایبەتی ناوی هەندێك لەو کۆمپانیا بەڕێزانەی هێنا.

بەڕاستی ئێمە ناتوانین بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکان هیچ کارێك بکەین، هەروەها ئێمە ئەو کارانەی کە ئەیکەین لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانە بێت کە لە ئەنجوومەنی وەزیران پێمان ئەگات یان لە چوارچێوەی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی(٢٠١٦)بێت، واتە هیچ کاتێك ئێمە وەکو وەزارەت دەسەڵاتی ئەوەمان نییە پڕۆژەیەکی تایبەت ببەخشین بە کۆمپانیایەکی دیاریکراو ئیلا ئەگەر بە دەسەڵاتێك لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە وەزارەت ڕابسپێرێت، بەدەر لەوە ئێمە ناتوانین هیچ کارێکی وا بکەین، هەروەها گرینگە ئێمە دەست خۆشی و سوپاسمان هەبێت بۆ

ئەو کۆمپانیانەی کە خزمەتی کوردستان ئەکەن، بەڵام ئەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هەلی یەکسان بۆ هەموو کۆمپانیاکان برەخسێنین بۆ ئەوەی دادپەروەری بێتە کایەوە.
باسی ئەوەی کرد چ پێوەرێك هەیە بۆ دابەش کردنی یەکەکان؟
تەبعەن ئەو پێوەرانە من باسم کرد یاسای نیشتەجێ کردنمان هەیە، یاسای نیشتەجێ کردن میکانیزمێکی دیاریکردووە ئەو یەکانە چۆن دابەش ئەکرێت و لەسەر ئەساسی ئەو میکانیزمە لیژنە پێك ئەهێنرێت، لەسەر ئەساسی یەکە ئیدارییەکان و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و لیژنەکان ئەبن و نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەبن و ئەوان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو فۆڕمانە ئەکەن، هەروەها خاڵ بەندی بۆ ئەکەن کە شایستەی ئەوەن کە یەکەکانیان پێبدرێ.
(خدیجە خان) باسی ئەوەی کرد کە سەد و چل و چوار (١٤٤) شوقە لە سۆران تەواو بووە بۆ دابەش نەکراوە؟
ڕاستە یەکان تەواو بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خزمەتگوزارییەکەی تەواو نەبووە، بۆیە دابەش نەکرابێ، خزمەتگوزارییەکەشی تەواو بێت ئێستا کاری تیا ئەکرێت لەگەڵ تەواو بوونی کاری خزمەتگوزارییەکەی ئەو یەکانەش بەڕاستی دابەش ئەکرێت.
باسی دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی سۆرانی کرد؟
یەکێ لەو کارانەی کە ئێمە شانازی پێوە ئەکەین کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانەکانە، لە زاخۆ، لە سۆران، لە گەرمیان، لە چەمچەماڵیش، ئێمە لەماوەی ساڵی ڕابردوو تا ئێستا پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە هەمانە یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن پێی بەخشیووین، چوار بەڕێوەبەرایەتیمان کردۆتەوە لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، لە ئیدارەی گەرمیان، لە قەزای چەمچەماڵیش کە سنوورێکی فراوانی لەبەردەست دایە، خۆشبەختانە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران هاتۆتەوە بۆ ئەوەی کە ئامێری پێویست بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بکڕدرێت، تەنها یەکێکیان نەبێت ئەویش نووسراوی جەخت کردنەوەمان کردووە کە ئەبێت بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەڕاستی ئامێری پێویست بکڕدرێ، ئێمە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانەکان باسم کرد لایەنی کەم لەنێوان دوو ملیارو سێ سەد بۆ دوو ملیارو پێنج سەد ملیۆن مانگانە پێویستمان بە بوودجەی بەردەوام بابڵێین پێشینەی بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانن بە بەردەوامی کارەکانی خۆیان بکەن هەروەها بەفعلی ئەو پێشنینەیەی کە ئێستا لەبەر دەستیان دایە زۆر کەمە بەشی ئەوە ناکات کە کارەکانی خۆیانی پێ ئەنجامدەن.
کاك (جمال) باسی ڕێگای دۆڵی بالیسانی کرد؟
وەکو باسم کرد ئەوە ئیعلان کراوە ئێستا بەڵێندەران ئەتوانن تەندەری پرۆژەکە وەربگرن و لە ئایندەیەکی نزیکا ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
باسی ئەوەی کرد ئایا کاتی ئەوەنیە ئیتر شوقەو باڵەخانەکان بوەسێنین؟
بەڕاستی ئەوە باسم کرد ئەم پرۆژەیە لای من نییە، ئەوانە پەیوەندیدارە بەدەستەی وەبەرهێنان و شوێنەکانی ترەوە، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەر ئەو یەکانەن کە لە چوارچێوەی یاسای نیشتەجێ کردن دروست ئەکرێن بۆ خەڵکی کەم دەرامەت.
باسی ئەوەی کرد بۆ گرینگی بە گوندەکان نادەین؟

بەتەئکید گوندەکانی کوردستان ئەبێت گرینگی زیاتری پێبدرێت، چونکە ئەوە ئەگەر گرینگی پێویستیان پێبدرێت ئەبن بە ژێرخانێکی پتەوی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروست ئەکەن و ئەرکی هەموومانە، چونکە بەردەوام گوندەکان بڕبڕەی پشتی هەموو شۆڕشەکان بوون.
باسی خەستەخانەی دوو سەدو نەوەدو یەك (٢٩١) قەرەوێڵەییەکەی ڕانیەی کرد بۆچی تەواو نەبووە؟
تەبعەن ئەم خەستەخانەیە لە کابینەی پێشووشەوە کارکردن تیایدا وەستاوە چەند گرفتێکی تەکنیکی هەیە کە کێشەکەش لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، بەداخەوە تا ئێستاکە بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە هەرچەندە ڕێگە چارەیەك دانراوە میکانیزمێك هەیە ڕەزامەندی لەسەر کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەبووە بەبڕیار هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕیاری لێبدرێت و بوودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێ و بتوانین ئەو خەستەخانە گرینگە بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ شاری ڕانیە تەواو بکەین کە ڕاگیراوە.
باسی ڕێگای شەست(٦٠) مەتری ڕانیەی کرد؟
ڕێگای شەست(٦٠) مەتری ڕانیە لە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی شارەوانییەوە.
(مەلا ناصر) باسی ڕێگای دەربەندیخان - کەلاری کرد کە ڕۆژانە قوربانی لێئەکەوێتەوە؟
بەڵێ من هاوڕای بەڕێزیانم هیچ ناکۆکییەکم نییە لەگەڵ قسەکانیا، چونکە ئێمە ئەبێت وەکو حکومەت، وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەبێت ئەو ڕێگەیە تەواو بکەین، بەس ڕوونم کردەوە ئێمە چۆن کارمان تیادا کردووەو تا ئێستاش نسبەی ئینجازی گەیشتۆتە چەند، هەروەها چەندیشمان پارە بۆ خەرج کردووەو چەندی تری پێویستە، خۆشبەختانەش سەرۆکی حکومەت موافەقەی لەسەر دابین کردنی شەست ملیار کردووە، بەڵام ئەو شەست ملیارە وەکو برایانم ئاماژەیان پێکرد پێویستە بیکەن بە واقع، هەروەها پێشنیاریشمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین چۆن بیکەن بە واقع و چۆن بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
کاك (علی) باسی هێڵی ئاسنینی کرد ئایا هیچ شەریکەیەك دێت؟
بەڵێ بەپێی ئەو مفاوەزاتانەی ئێمەی تیایان و کاری ئێمەیە ئەگەر ئەو شەڕەی ئۆکرانیا ڕووسیا نەبوایە یەکێ لەو کۆمپانیا سەرەکیانەی کە ئامادەبوون پارەی پرۆژەکە دابینکەن کاك علی شەریکەی قیطاراتی ڕووسیا بوو کە (دۆیچەبان) گفتووگۆی لەگەڵ کرد بوون، بەس بەداخەوە ئەم شەڕەی (ئۆکرانیا و ڕووسیا) بەشێکی ئەو کارەی کەمێك دواخستووە، دیراسەی چی وا ناڵێم عەقدمان ئیمزا کردووە ناڵێم لەگەڵ کۆمپانیایی (کۆسەنرانس) بۆم باس کردن کە لەگەڵ کۆمپانیایی (کۆسەنرانس) دیراسەی ئەوەمان بۆ ئەکەن لەماوەی شەش مانگ بۆ نۆ مانگ تەواو ئەکەن گرێبەستمان کردووە، وەعد وایە حەفتەی داهاتوو بێن دەست بەکاربن خۆشبەختانە ڕاپۆرتی سەرەتایشیان حازر کردووە بۆمان، بەڵام ئێمە ئومێد ئەکەین لە شەش مانگ زیاتری پێنەچێت لە دوای تەواو کردنی ئەوە لەگەڵ کۆمپانیای (دۆیچەبان) کە ژوورێکی هاوبەشمان هەبێت دەست ئەکەین بە گفتووگۆ کردن لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە سەرچاوەی دارایی پرۆژەکە دابین ئەکەن، بەڵام یەکێ لە لایەنە سەرەکییەکان کە ئامادەبوو کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی (ڕووسیا) بوو، بەڵام ئێستا لەوانەیە ئەوە قورس بێت لەو کاتەیا بێتە پێشەوە.

كـاك (هێـرش) باسـی دووسـایدی (ڕانـیە - قەڵادزێ)ی کـرد؟ هەروەهـا باسـە گونـدەکانی بنـاری قەندیلی کر؟

بەنیسـبەت ڕێگـای نێـوان (ڕانـیە - قەڵادزێ) ڕێگـای دووسـاید هەم لە پلانـی وەزارەتـا هەیە هەم دیزاینیشـی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کەنـیە بـوودجەیە، یەعنـی ئـێمە تەنهـا سـەبەبەکە هۆکـارەکەی دابـین نەکردنـی بـوودجەیە، ئەگەر بـوودجەی پێویسـت لەبەردەسـتی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە بێت بەدڵنیایی ئەو ڕێگایەش وەکو ڕێگاکانی تـر ئەتـوانین دەسـت پێبکەیـنەوەو تەواوی بکەیـن، هەروەهـا گونـدەکانی (بنـاری قەنـدیل) پێویسـتیان بە خزمەتگـوزاری هەیە بەتایبەتی ڕێگاوبان، بەڵام بەداخەوە ئێمە دەرخستەمان بۆ ڕێگاوبانەکانی هەندێك لە گوندەکانی بناری قەندیل کرد بوو بەشێکیان مـوافەقەتی هـاتۆتەوە بەشێکیشـیان مـوافەقەتی نەهـاتۆتەوە، ئومێدەوارین جەختمان کردۆتەوە ئەو بەشەی کە ماوەش موافەقەتی بێتەوە ڕەزامەنـدیمان بـۆ بێـتەوە پـارەی بـۆ تەرخـان کرێـت، بەڵام گرفتێـك هەیە لەو گونـدانە بەڕاسـتی پەیوەنـدی بەم شەڕەی ئێستاوە هەیە کە زۆر جار بەهۆی بۆردوومانی سوپای تورکیاوە بۆ ناوچەکـانی هەرێمـی کوردستان گرفت دروست دەبێت لە جێبەجێ کردنی ئەو خزمەتگوزاریانەش لەو ناوچانە.

كاك (عباس) ئەو پارانەی بەناوی سۆنار وەرئەگیرێت دێتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە؟

نەخێر بەهیچ شێوەیەك پارەی سۆنار نایەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

ئایـــا ئەو حەوت دۆلارەی بـــۆ هەر گەنێـــك وەرئەگیرێـــت لە بارهەڵگرەکـــانی ســـووتەمەنی ئەگوێزرێتەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە؟

نەخێر نایەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

ڕێگای (هەولێر - کۆیە) دووساید ئەکرێ؟

بەڵێ ئەوە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیجیەکانی وەزارەت وەکو باسم کرد لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیاین بۆ ئەوەی ئەم ساڵ بتوانین دەست کەینەوە بە جێبەجێ کردنی ڕێگای هەولێر - کـۆیە، هەروەها داوایەکمان پێشکەش کردووە کە پەنجا ملیار تەرخان بکرێت بۆ ڕێگای نێـوان (هەولێـر – کۆیە)، ئەگەر بارودۆخی دارایی هەرێم بەرەو باشی بڕوات تەصەور دەکەم بتوانین کە ئەو بڕە پێویستە دابین کرێت بۆ ڕێگاکە.

كاك (دابان) کە ئامـاری قوربانییەکـانی بـاس کـرد، هەروەهـا باسـی چـل هەزار یەکەی نیشـتەجێ بوونی کرد؟

نازانم چل هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون لە بەرنامەی ئێمە نییە، باسی ئەوانەت کـرد کـاك دابـان، بەهەرحـاڵ ئەوەی کە مـن نووسـیومە لای خـۆم باسـی ئامارەکـانی ڕووداوت کـرد چـوار سـەد و حەفتا و شەش (٤٧٦) کەس مردوون بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

باسی ڕێگای نێوان (کەلار - سلێمانی) کرد؟

ڕێگای نێوان (کەلار - سلێمانی) ئامـاژەت بەوەیـا کە کۆمپانیـاکە نـازانم بەنەزەری جەنابـت وتـت باش نییە، بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندن و لیژنەی بەدواداچوون وەزارەت و لیژنەی بەدواداچـوونی ئەنجـوومەنی وەزیـران کـاری خـۆی بەباشـی کـردووە، هەروەهـا بە عەکسـەوە ئێسـتا ئـێمە موستەحەقی دە ملیار دینار سولفەیەك کە بۆی بکرێت شایەنی ئەوەیە کە ئەو دە ملیار دینـارەی پێبدرێت بەهۆی نەبوونی بوودجەوە ئەو دە ملیـارەی پێـنەدراوە، بەڵام ئەو ڕێگـا چـارانەم بـاس

کرد کە ئێمە ئەتوانین ئەو کێشەی پێ چارەسەرکەین، خۆشبەختانەش ئەو بڕیارەی سەرۆکی حکومەت هەیە بۆ دابین کردنی شەست ملیارەکە ئەتوانین لەو چوارچێوەیە کار بکەین بە هەمووومان کە ئەو پارەیەی پێویستە دابین بکەین و ڕێگاکەی پێ تەواوکەین.
(بدریە خان) ئەو کۆمپانیایانەی کە زەوییان پێدەدرێت بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون پێویستە لە ٣٠٪ بۆ هەژاران بێت؟
بدریە خان ئەو پرۆژانە پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە نییە، ئەوانە پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە هەیە، لەڕێی دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی ئەو پرۆژانە ئەدرێ، بە تەئکید ئەو یەکانەی لە چوارچێوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون دروست ئەکرێت هەموو ئەو یەکانەن کە بۆ خەڵکی کەم دەرامەتە واتە نەك لە٣٠٪ی لە١٠٠٪ی هەمووی ئەبێت بۆ خەڵکی کەم دەرامەت بێت، بەڵام ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا بەدەرە لە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، ئاخر لای ئێمە نییە پەیوەنیدارنییە بە ئێمەوە وەکو باسم کرد، پەیوەنیدارنییە بە ئێمەوە.
باسی ئەوەت کرد کە پرۆژەی وەبەرهێنان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە هەلی کار زیاد بکات و بێکاری کەم بکاتەوە؟
ئەوە ئەبێت دیراسەی بکرێت بەڕاستی وەکو باسم کرد لەوانەیە یەکێ لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە کرێکاری بیانی دێت، وە ئەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەوە ڕێکخستنەوەی تیا بکرێت، من ئەوەنی ئاگاداربم بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیاری خۆی پێشکەش کردووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش موناقەشە کراوە، ئەمەش یەعنی کاری لەسەر کراوە بۆئەوەی ئەمەش ڕێکخرێت کاری لەسەر کراوە، بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کاری لەسەر کردووە.
بۆچی ئەو یەکانەی کە تەواو بوون دابەش ناکرێت؟ بەڕێزتان پرسیاری ئەوەت کرد.
لەبەر ئەوەی ئەو یەکانەی کە تەواو بوون خزمەتگوزارییەکانیان ماوە تەواو کرێت، بۆ؟ مەسەلەن بیناکە تەواو بووە بەس ئاوەڕۆکەی گەیاندنی ئاوەکەی، کارەبا، ڕێگاوبانەکەی مەسەلەن ئەگەر تۆ یەکەك بدەی بە هاووڵاتییەك ئاوی تیا نەبێت و نەتوانێت ئاوەڕۆکەی بەکاربێنێت کارەبای نەبێت و ڕێگاوبانی نەبێت چۆن ئەتوانێ تیای بژی، ئەبێ خزمەتگوزارییەکانیشی تەواو بکەین ئینجا ئەتوانین دابەشی کەین ئەوە هۆکارەکەیەتی، تەبعەن ئێمە پاش هەڵسەنگاندن ئەو فۆڕمانەی کە تەنها لە پارێزگازی سلێمانی هەندێ فۆڕم پڕکراوەتەوە لە چوارچێوەی کرێ نشینانە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ئەگەرنا لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك نەکراوە.
ئایا ئەو فۆڕمانە ئی ساڵی (٢٠١١، ٢٠١٢) کۆنن، ئێستا لەوانەیە هەندێ لەو بەڕێزانەی کە کاتی خۆی فۆڕمیان پڕکردۆتەوە خۆیان خانوویان کرِی بێت یان لەوانەیە هەندێکیان لەم وڵاتە نەمابێتن ڕۆشتبێتن یان ئێستا هەندێ کەسی تر خێزانیان پێکهێناوە موستەحەقن کە یەکە وەرگرن، تۆ ناکرێت لەسەر ئامارێك بڕۆی کە هی دوانزە ساڵ یان دە ساڵ پێش ئێستا بێت، ئەبێت ئەو خەڵکانەی کە پێشتر پڕیان کردۆتەوە بەڕاستی ئەولەویەتیان پێبدرێت، بەڵام ڕێگە بە خەڵکی تریش بەی کە داواکاری تازە پێشکەش کات جا لەبەر ئەوە بڕیارمان داوە فۆڕمەکان نوێ بکەینەوە بەشێوەی ئۆنڵاین بێت ان شاءالله کۆبوونەوەیەکمان داناوە لە حەفتەی داهاتوو لە

دیوانی وەزارەت ئەنجام ئەدرێت بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان و داواشم کردووە نوێنەری کـۆمەڵەی کـریێ نشـینانیش بێـت بـۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان سـیغەیەکی گونجـاو بـۆ فـۆڕمەکە دابرێژینەوە بۆ نۆ هەزارو چوار یەکەکە، ئەوکاتە کە ئەو سیغەی کە دامانرێشت گونجاو بوو بەنیسبەت هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ئیعلانی ئەکەین لە پێگەی وەزارەت بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیەك خۆی بە شایستە ئەزانێت بتوانێ ئەو فۆڕمە پڕکاتەوە.
کـاك (دیـاری) باسـی هەولێـر سـلێمانی کـرد بـۆ تەواو ناکرێـت؟ ڕێگـای هەولێـر سـلێمانی شەمەندەفەرمان ناوێت؟ کە دەستەی وەبەرهێنان و شارەوانی هەبێت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ چییە؟

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بەس ئەوەی کە پرسیارە وەڵام دەرەوە، تەعلیقەکان لێگەڕێ بەس پرسیار.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

ئێ ئاخر پرسیاری کرد، ئەمن ڕوونم کردەوە هێڵی ئاسنین پێویستە ڕوونـم کـردەوە بـۆ بەڕێزتـان جوابەکەیـت وەرگـرت، ئـاخر بـۆ ئەوەی کـاك دیـاری نەڵێـت یەعنـی گـوێی لە پرسـیارەکانی مـن نەگرتووەو جوابی نەبووە، بۆیە حەزم کرد پێی بڵێم هێڵـی ئاسـنین پێویسـتە، چـونکە ژێرخـانی ئابووری هەرێمی کوردستان بەهێز ئەکات بەدڵنیایی.
بۆچی ڕێگاکان تەواو نەبووە؟
ئەوانەم هەموو ڕوونکردەوە، دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی ئەرکی خۆیـان هەیەو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش ئەرکی خۆی هەیە بەڕاستی ئەویان تەقیمی جەنابیانە.
(سەرچنار خـان) باسـی ڕێگـاو (پـردی توقـوت)ی کـرد کە بـۆ تـا ئێسـتا نەچـۆتە بـواری جێبەجـێ کردنەوە؟
تەبعەن من سەرچنار خان حەزدەکەم بزانی هەر لەگەڵ دەستبەکار بوونمـان لە کـابینەکە کارمـان لەسـەر ئەمە کـردووە، بەس بەداخەوە بیـدایەت دیزاینەکـی هەبـوو دیزاینـی ئەم پـردە لەگەڵـی نەئەگونجـا لەگەڵ ئەو شـوێنە ناچـار ئـێمە سـاڵی پـار ئیعـادەی دیزاینەکانمـان کـردەوە لە ڕێـی ئیعلامەوە بانگەشەمان بۆ ئەوکۆمپانیایانە کرد کە کاری دیـزاین ئەکەن بەپێـی ئەو پێویسـتییەی کە بۆ پردەکە هەیە دیزاینێکی نـوێ بکەیـن، دوای تەواو کردنـی دیـزاینەکەو دەرخسـتە نـوێیەکە لەگەڵ ڕێگـاکەی، چـونکە ئەمە تەنهـا واپێشـنیار کرابـوو پـردەکە بکرێـت بەڕاسـتی مـن پـێ ڕازی نەبووم وتم ئەگەر ئێمە پرد بکەین و ئەو ڕێگایانەی کە ئەبەسترێتەوە بە پردەکە نەیکەین کەواتە پرد بۆچی ئەکەین دوای خەڵك تەعلیقمان لێ ئەداو ئەڵـێ پردیشـیان کـردووە بەبـێ ڕێگـا بەچـی ئەگــاتەوە بە ڕێگاکــان لەبەر ئەوە ئــێمە ســوڕبووین لەســەر ئەوە ئەبێــت ڕێگاکەشــی لەگەڵ پردەکەشی جێبەجێ بکرێت کە ڕێگاکە نزیکی بیسـت و حەوت کیلـۆمەترە(٢٧)کم، دوای ئەوەی خۆشبەختانە دەرخستەکانمان تەواو کردو ڕەزامەندیمان وەرگرت ئێمە پـار لە کۆتـایی مـانگە دە (١٠) خراوەتە بواری تەندەرینەوە، تەنـدەر کـراوە پـرۆژەکە دوای بەپێـی ڕێنماییەکـانی ژمـار(٢)ی ساڵی(٢٠١٦) دوای گەڕانەوەی تەندەرەکان ئیحالە کراوە بۆ کۆمپانیایانەی کە شایستەی ئەوەن کە بچنە ناو مونافەسەی ئیحـالەکەوە ئیحالەمـان کـردووە بـۆ کۆمپانیـا کەمتـرین نرخـی پێشـکەش کردووە، چونکە بەڕاستی هیچ جیاوازیەك نەبووە لەبەینی کۆمپانیاکانا کە ئێمە بێین بە نرخێکی

تر خۆشتان ئەزانن ئەگەر بییەی بە کۆمپانیـایەك کە نرخێکـی زیـاتری تەقـدیم کردبێـت لەوانەیە چەندین پرسیاری لێبکەوێتەوە لەبەر ئەوە ئێمە بەپێی ڕێنماییەکـان وامـان بەبـاش زانـی کە ئەو کەمترین نرخەی کە لە ئاستی جێبەجـێ کردنـی پرۆژەکەیـایە بـۆی ئیحـالە بکرێـت تەبعەن دوو کۆمپانیا (جۆین فێچەریان) کردووە بەیەکەوە کە بۆیان ئیحالە کراوە ئەم پرۆژەیە، بەڵام ئێمە لە مانگی یانزە ئەمەمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن لە( ٢٠٢٢/٢/٢٧ ) وەڵام بەمن گەیشتۆتەوە کە بەشێك لە پرۆژەکە لادراوە کە پردی سازانە، چونکە من پردی سازانیشم لەگەڵ داخڵ کردبوو، چونکە چەندجار کە سەردانی پارێزگای هەڵەبـجە کـردووە یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانی بەڕێزان پارێزگاری هەڵەبجەو جێگری پارێزگـاری هەڵەبـجەو کاربەدەستەکانی تری پارێزگای هەڵەبجەم بریتی بـووە لەوەی کە ئەبێـت پـردی سازانیشـمان بـۆ بـکەن، مـن هەر لەو چوارچێـوەیە (پـردی سـازان)م خسـتبووە نـاو پـڕۆژەکەوە بـۆ ئەوەی داخوازییەکـانی پارێزگـای هەڵەبـجە بەیەك پـاکێج بکەیـن، هەروەهـا بتـوانین ئەو داخوازیـانە جێبەجێ کەین بەداخەوە لە وەڵامەکەی ئەنجوومەنی وەزیران پردی سـازانی لێـدەرکراوە، لەبەر ئەوەی پـردی سـازان پێویسـتی بە ڕەزامەنـدی حکـومەتی عێـراق هەیە ئەو دەروازەیە کە لەگەڵ ئێـران ئەکـرێتەوە، ئـێمە تـا ئێسـتا ڕەزامەنـدی حکـومەتی عێراقمـان وەرنەگرتـووە لەبەر ئەوە تاوەکوڕەزامەندی حکومەتی عێراق وەرنەگیرێت ناتوانین ئەو پـردە جێبەجـێ بکەیـن، هەروەهـا بەشێکی پرۆژەکە لە پـڕۆژەکە کـراوەتەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو بەشـەش لە پـڕۆژەکە کـراوەتەوە کۆمپانیـای جێبەجێکـار داوایەکـی پێشـکەش کـردووە ئەڵـێ مـن بەشـێك لەو قـازانجەی خـۆم تەوەقعم هەبووە لەسەر پرۆژەکە خستوومەتە سـەر ئەوێ تکـایە هەڵسـەنگاندنێکم بـۆ بـکەن بـۆ ئەوەی دووبارە بتوانم دەست بەکاربم، ئـێمە ئەو هەڵسـەنگاندنەی ئەو داوای کـردووە ئاراسـتەی ئەنجـوومەنی وەزیـرانم کـردووە خۆشـبەختانە لەگەڵ ئەنجـوومەنی وەزیـران لە کۆنتـاکتی بەردەوامـاین بەم زووانە تەسـەور دەکەم حەفـتەی داهـاتوو وەڵامـی ئەنجـوومەنی وەزیرانمـان پێبگاتەوە، ئەگەر بە ئەرێنی بوو یەکسەر دەست ئەکەین بە جێبەجێ کردنی پـڕۆژەکە، بەڕاسـتی ئەگەر بە ئەرێنی نەبوو ئەوە دووبارە تەندەری پرۆژەی ڕێگاو پردی توقوت دەسـت پێئەکەیـنەوە دووبارە تەندەری ئەکەینەوە،

باسـی ئەوەت کـرد حافتـاو دوو (٧٢) یەکەی نیشـتەجێ بـوون و چـل و هەشـت (٤٨) یەکەی نیشتەجێ بوون لە خورماڵ لە هەڵەبجە ئەچێتە چوارچێوەی هەموو یەکەکانەوە کە باسم کرد.

کاك (مسلم) پلان نییە بۆ چارەسەر کردنی ڕێگاوبانەکان بەتایبەتی هەولێر حاجی ئۆمەران، ڕێگـا دووسایدەکان و تونێلی ماوەران؟

پلان هەیە یەعنی وەکو پلان پلانمان هەیە بەڕاستی، بەڵام بوودجە نییە ئـێمە داوامـان کـردووە کە بوودجەی پێویست تەرخان کرێت، جێگەکەی خۆی گۆڕیووە کاك مسلم من ئـاوا سـەیرم کـرد نەمبینی، ئەگەرنا ئێمە وەکو پلان ئەوانەی بەڕێـز ئامـاژەت پێـداوە هەمـووی پلانمـان بـۆی هەیە هیوادارین ئێمە بتوانین.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەگەر بتوانی بە دە (١٠) دەقەی تر بتوانی تەواوی بکەی.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

من هەوڵ ئەدەم هەموویان جواب دەمەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.....

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر دانە دانە ئەندام بە ئەندام.....

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

دانە بە دانە بەڵێ.....

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموو، چونکە بەشی هەرە زۆری دووبارەن نەك هەرە زۆری بەشێکی زۆری دووبارەن با نەڵێم هەرە زۆر.......

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

ئێ چیبکەم دوای گلەیی ئەکەن......

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نانا گلەیی ناکەن ئێستا، دە (١٠) دەقەی تر بەڕێزتان هەر بەپێی پەیڕەویش لە بەرامبەر هەر دوو دەقە دوو دەقەی بۆ هەیە بەڕێزی......

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

ئێوە بەڕێزتان چۆنتان پێ باش بێت با وابێت، ئەگەر من جوابی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نەیەمەوە دوای گلەیم لێ ئەکەن.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

کاك ( شێخ ظاهر) پرسیاری ئەوەی کرد ئایا گرینگی دراوە بە ڕێگای گوندەکان؟

بەڵێ گرینگیمان داوە بە ڕێگای گوندەکان هەروەها هەندێك لەو گوندانەی کە زۆر زەڕوور بوون ڕێگاکانیان بۆ نۆژەن کراوەتەوەو قیر کراوە لەو چوارچێوەیە کارمان بۆ کردووە.

بۆچی هەڵمەتی دووەم و سێیەمی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان نەکراوە؟

من باسم کرد ئێمە لە هەڵمەتی یەکەم زیاتر لە چل ملیار دینار کە حەفتاو دوو پڕۆژەمان پێکردووە بەسەرکەوتووی ئەنجاممانـدا، بەڵام بەداخەوە هەڵمەتی دووەم و سێیەم، هەڵمەتی دووەم لەبەر پەتای کۆڕۆنا نەمان توانی جێبەجێی کەین، دوای ئەوەش تەبیعەتی بابڵێین خراپ بوونی بارودۆخی ئابوریی بەدوای هات دوانی نەتوانرا ئەو پلانانەی کە لە حەملەی دووەم و لەو حەملەی سێیەم دامانابوو هەمووشمان بە نووسراو ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، بەداخەوە ئێمە نەمان توانیوە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرین، ئەگەرنا دەرخستەکانمان هەبووە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەگەر ڕەزامەندی بهاتایەتەوە ئەمان توانی هەڵمەتی دووەم و سێیەمیش ئەنجام بەین.

چی کراوە لەبارەی ئەو شۆفێرانەی کە خانەنشینن بەتایبەتی ئەو شۆفێرانەی کە ئی ئامێرە گەورەکانن؟

من هاوڕای بەڕێزیانم یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانە کە ئێمە هەمانە خانەنشین بوونی ئەو شۆفێرانەن یان ئەو کارمەندانەن کە سکلێکی تایبەتی یا مەهارەیەکی تایبەتیان هەیە لە کارەکانی خۆیان بەتایبەتی سایەقی شۆفڵ، گرێدەر، حەفارە، ئەمانە کە تەقاعد ئەبن ئێمە

ناتوانین لە بڕی ئەوان خەڵکی تر دامەزرێنین، چونکە تا ئێستا پرۆسەی دامەزراندن نەکراوەتەوە، ئەوە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە بەڕاستی هەرچەندە ئێمە بە چەندین جار نووسراومان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی کە لە شوێنی ئەوان خەڵك دابمەزرێنین بەداخەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نەکردووە.
باسی سولفەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی کرد؟
بەڵێ سولفەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان زۆر کەمن ئێمە لە دواهەمین کۆبوونەوەشمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەمان پێداوە کە ئەبێت زیاد بکرێت.
( کلارا خان ) باسی گوندی ( شیوزی ) کرد هەروەها باسی ڕێگەکەی کرد؟
بەداخەوە تائێستا ئەم داخوازییە نەهاتۆتە بەردەم وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەگەرنا ئەم داخوازییە بهاتایە ئێمە دەرخستەمان بۆ ئەنجام ئەدا ئەلێرەوە داخوازییەکەی بەرێزیان بەهەند وەرئەگرین، هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکارنی ناو وەزارەت ڕائەسپێرم بۆ ئەوەی کە دەرخستەیەکی بۆ بکەین و داوای بوودجەی پێویستی بۆ بکەین و هەرکاتێك بوودجەکەی بۆ دابین کرا بتوانین بیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە.
(مەلا ویسی) باسی کارگەی قیرِی کرد کە دابنرێت بۆ سۆران؟
ئێمە بڕیارمان داوە یەکێ لە کارگە قیرەکانمان، نازانم ناوەکەم ڕاست خوێندەوە داوای لێبووردن دەکەم، لە پلانمانە لە ئایندەیەکی نزیك کارگەیەکی قیر بۆ سۆران دابین ئەکرێت بەدڵنیایی.
باسی دووسایدی (چۆمان - حاجی ئۆمەران)ت کرد؟
بەدڵنیایی ئەبێت بکەوێتەوە گەڕ لە پلانی وەزارەت دایە.
کاك (نزار) باسی قەزای (ئاکرێ و شەقڵاوەی) کرد، هەروەها باسی گوندەکانی ئەوێی کرد کە ئەبێت ڕێگاکانیان چاك بکرێت.
بەدڵنیایی هەرچیەکمان پێبکرێت درێغی لێناکەین بەتایبەتی لەم دوو ساڵی ڕابردوو بۆ هەندێك لە گوندەکانی سنووری ئاکرێ، هەندێ ڕێگامان قیرتاو کردووە لە سنووری ئاکرێ.........
هەندێ رێگامان قیرتاو کردووە لە سنوورەکە لە سنووری ئاکرێ، هەندێ رێگاشمان چەو رێژ کردووە، کاك (بهمن) باسی رێگای دوو سایدی (کەلار-دەربەندیخان)ی کرد بۆ تەواو ناکرێت؟ (دوکان-چوارقورنە)، (هەولێر-کۆیە)، (چۆمان-حاجی ئۆمەران)، ئەوانەم هەموو روونکردەوە بەراستی بۆ ئێوەی بەرێز و خۆشەویست، (حسیبە) خان باسی (سلێمانی-کەلار)ی کرد باسی ئاستەنگەکانی کرد کە من وتوومە بەرێوەبەری بانکی ناوەندی سلێمانی ئاستەنگ دروست دەکات، بەڵێ من پار ئەو قسەیەم کردووە، قسەکەشم بە بەڵگەوە کردووە کاتی خۆی، ئێستاش ئەو ئاستەنگە بەردەوامە، بەڵام ئەمە تەنها لە سلێمانییە، هەندێ لە پرۆژەکانیشمان لە هەولێر و دهۆك هەر ماوە کە مقاول دەچێ کاش وەرگرێ سیوەیلە نییە، کاشەکە نییە لە بانقدا بۆ ئەوەی وەریگرێت، یەعنی هەر تەنها تایبەت نییە بە یەك شت، بەڵام لێرە تۆزێك باشترە یان بڵێین لە هەولێر و لە دهۆك لە سلێمانی تۆزێك قورسترە، باسی تونێلی (بەنی هەریر)، (ماوەرانی) کرد ئەویش هەر لە چوارچێوەی کاری وەزارەتە و کاری لەسەر دەکەین کە ئومێدەوارین ئەو پلانەمان کە ناردووە پەسەند بکرێت بتوانین ئەم ساڵ کارکردن تیایانا دەستپێبکەینەوە، کاك (ئەشرەف) باسی رێگای (هەولێر-خەبات)ی کرد ئێمە لە پلانی (هەولێر-خەبات) لە پلانا دامان ناوە بۆ ئەوەی

چاككردنەوەی بكەین، وابزانم موافەقەتەكەی ئەگەر بێتەوە لە پلانی (٢٠٢٢) دایە و ان شاءالله دەچێتە بواری جێبەجێكردن، هەروەها باسی ناوچەی (سیدەكان)ی كرد بەهەمان شێوە، ئەو چوار پرۆژەكەی ناوچەی (سیدەكان) ئەویش دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە ئەم ساڵ، كاك (كاروان) هەندێك تێبینی خۆی هەبوو، باسی كرد هیچ پرسیارێكی ئاراستەی تیا نەبوو بەرامبەر بە من، (د.شایان) باسی (هەولێر-كۆیە)ی كرد كە نۆ ساڵە تەواو نەكراوە لەگەڵ تونێلی (هەیبەسوڵتان)، (د.شایان) باسی ئەوەشم كرد هیوادارم وەڵامەكەم گەیشتبێ، كاك (شەمۆل) باسی (هەولێر-كۆیە)ی كرد، باسی تونێلی (هەیبەسوڵتان)ی كرد، باسی رێگای ناحیەی (ئاشتی) كرد، باسی دۆڵی (سماقول)ی كرد، ئەوانە هەمووی لەو چوارچێوەی رێگای دوو سایدەكانە هەموویم باسكرد، بەس بە نسبەت ناحیەی (ئاشتی) ئێمە بەراستی لە گوندەكانی سنووری ناحیەی (ئاشتی) چەند گوندێكمان قیرتاو كردووە، دەتوانم بڵێم لەو فەترەیە زۆرترین ئیشیان بۆ كراوە، رێگای (سماقولی) كە ئێستا بارهەڵگرەكانی پیا ئەڕوا بەداخەوە لەبەر ئەوەی كە بارهەڵگرەكان هەمووی خراوەتە سەر ئەو هێڵە بۆیە ئیزدیحامێكی زۆری لەسەر دروست بووە، بەڵام ئێمە لە ئایندەیەكی نزیكدا دەست دەكەین بە پرۆژەی گەیاندنی رێگا بە پردە تازەكەی (سماقولی) كە ئەوە بەشێك لە گرفتەكان چارەسەر دەكات بەراستی، لە ئایندەیەكی نزیكدا دەچێتە بواری جێبەجێكردن، دوێنێ گرێبەستی پرۆژەكە ئیمزاكرا لە دیوانی وەزارەت، دەتوانم بڵێم بەڵێندەر لە چەند هەفتەی داهاتوو دەتوانێ دەست بەكاربێت، (شۆخان) خان باسی ئەوەی كرد كە یەكەكانی نیشتەجێبوون لە (دهۆك) تەواو نەكراوە ئەوانە هەمووی دەچێتە چوارچێوەی پلانی گشتی بابڵێین دەچێتە چوارچێوەی دابین نەكردنی بوودجەی گشتی بۆ هەموو پرۆژەكانی دیكەی نیشتەجێبوون، ئەو چارەسەری كە دۆزیومانەتەوە و بە رەزامەندی بەڕێز سەرۆكی حكومەت كە بڕیاری لەسەر داوە ئەو گرفتانە چارەسەر دەكات بەراستی، خاوەنی پرۆژەكان زەرەرمەند دەبن، یەعنی زیاتر ئەو پرۆژانەی باس كرد مەبەستی ئەو یەكانەن كە لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە دروستكراون بەراستی، پەیوەندیدار نین بە وەزراەتی ئاوەدانكردنەوە، رێگای نێوان (ئاكرێ-ناوچەی سورچایەتی) رێگاكانی خراپە، بەڵێ هاوڕام، ئەوە دەبێت كاری نۆژەنكردنەوەیان بۆ بكەین، (هەژان) خان باسی ئەوەی كرد چاككردنەوەكان چۆن پۆلێن كراوە؟ لەسەر چ بنەمایەك دەكرێت؟ رێگاكان حیساب بۆ پایسكیل و ماتۆرسكیل نەكراوە، هەورەها رێگای دۆڵی (بالیسان)، چاككردنەوەی رێگا و بانەكان هەموو رێگاوبانێك دەبێت ساڵانە تیمێكت هەبێت سیانەی بكات، هەموو رێگایەك، ئیستا رێگایەك ئەم ساڵ چاڵیكی بچووكی تیا دروست دەبێت ئەگەر ئەم چاڵە ئەم ساڵ چاكی بكەی گەورە نابێت، بەڵام ئەگەر چاكی نەكەی بچێت بۆ ساڵێكی تر و ساڵێكی تر ئەو كاتە زۆر زیاد دەكات، تیچوونەكەی نەك دەبیت بە دووقات دەبێت بە چوار قات و بە پێنج قات، لەبەر ئەوە چاككردنەوەكان هیچ پۆلێنیكی نییە دەبێت تۆ بەردەوام، ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیەكانی چاككردن و پاراستنی رێگاوبانەكان بوودجەی پێویستیان لەبەردەمە بەردەوام سیانەی رێگاوبانەكان بكەن، رێگاوبان وەكو هیچ شتێكی تر نییە، دەبێت سیانەكردن لەسەر رێگاوبانەكان بەشێوەیەكی بەردەوام هەبێت، چونكە بەردەوام بەكاردێت، ئەو رێگاو بانانە بەردەوام بەكاردێت، بەردەوام تێك دەچن، بەردەوام دەبێت چاكبكرێتەوە، تا زوو چاكیكەیتەوە تێچووی چاككردنەوەكەی كەمتر دەبێت، ئاسانتر دەبێت بۆ

ئەوەی کە ئـێمە بتـوانین ڕێگاکانمـان کەمتـر تێـك بچێـت، مەسـەلەی پاسـکیل سـواری و ماتۆرسکیلەکان کە باست کرد (هەژان) خان بەراستی ئەوە زیاتر لەناو شارەکانە و پەیوەندیـدارە بە وەزارەتی شارەوانییەوە، ئێمە ڕێگاوبانەکانی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاوبانەکان کە لەنێوان پارێزگاکاندایە ڕێگا دەرەکییەکانە عادەتەن لەو ڕێگـا دەرەکیـانە کەمتـر خەڵکی بە پاسکیل هاتوچۆی پیـا بکـات زیـاتر لەوانەیە لەنـاو شـارەکان بێـت کەمتـر لای ئـێمە لە ڕێگاوبـانە دەرەکییەکـان حیسـابی بـۆ دەکرێـت، بە نسـبەت ڕێگـای (بالیسـان)ەوە ئامـاژەم پێـدا خـراوەتە بـواری تەنـدەرینەوە و بەلێنـدەرەکان دەتـوانن تەنـدەری خۆیـان لە دیـوانی وەزارەت وەرگرن، ان شاءالله لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێـتە بـواری جێبەجێکردنەوە، کـاك (رزگـار) باسـی ڕێگای (سلێمانی-کەلار)ی کـرد ڕوونکـردنەوەی پێویسـتم لەسـەردا هیـوادارم گەیشـتبێت، باسـی ڕێگای (سەناو دەلێژە)ی کرد کە چوار کیلۆمەترە بەڵێ ئەوە لە پلانـدایە، ئـێمە پـار تـێکەڵە ڕێـژی ڕێگاکەشمان کـرد، ئەو چـوار کیلـۆمەترەش لە پلانمانـدابوو قیرتـاوی بـۆ بکەیـن بەڵام وەزارەتـی کشتوکاڵ پلانێکی هەیە کە سەددێك دروست دەکات، بەنـداوێك دروسـت دەکـات لەو نـاوچەیە، ئەگەر ئەو بەنداوە دروست کرێت ڕێگـاکە دەبێـت بە ژێـر بەنـداوەکەوە، جـا ئـێمە نوسـراویکمان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە تا ئێستا وەڵامەکەیمـان وەرنەگرتـۆتەوە، چـونکە وتومـانە ئەگەر بەم زوانە بەنـداوەکە دروسـت دەکەیـن ئـێمە پێویسـت ناکـات ئەو چـوار کیلـۆمەترە قیـر بکەین، بەڵام ئەگەر بەم زوانە ناچێتە بورای جێبەجێکردنەوە ئەگەر بۆ چەند ساڵێکیش بێت ئێمە ئەو چوار کیلۆمەتری قیر دەکەین بۆ ئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی لە (کەلار)، (کفری) ئەگەر بیانەوێـت بەو ڕێگایە بێن بۆ سلێمانی ئاسانترە بە ڕێگایەکی باشدا بڕوات، هەرچەندە پار ئێمە بەشێکی ئەو ڕێگایەمان تێکەڵ ڕێـژ کـردووە بەس قیـرەکەی مـاوە، چـاوەڕێی وەڵامـی وەزارەتـی کشـتوکاڵین ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ وەڵاممان بـداتەوە کە بەنـداوەکە بەم زوانە دروسـت ناکرێـت دەسـت دەکەیـن بە قیرکردنـی ئەو چـوار کیلـۆمەترەش کە بەڕێزتـان ئاماژەتـان پێـدا، کـاك (سـەرکۆ) پێشنیاری ئەوەی کرد ناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکرێت بە وەزارەتی کاولکاری ئینجا نازانم بیخەنە دەنگدانەوە ئەگەر وا بوو دەنگی پێ بدەن..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئی خۆیەتی.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك (چیا) باسـی هێڵـی شـەمەندەفەری کـرد بـۆچی بـدرێت بە کۆمپانیـایەکی ئیسـپانی بـابڵێین بزبلیتیەکەی من بە وردی باسی پڕۆسەی هێڵی شەمەندەفەر و باسی ئەوەشم کـرد بـۆچی دراوە بەو کۆمپانیا ئیسپانییە، .........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (٧٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمـان قسـەی کـردووە، بەڕێزیـان بـۆی هەیە (١٤٨) دەقە قسـە بکـات، (١٢٨) دەقە قسـەی کـردووە (٢٠) دەقەی مـاوە، بەپەیـڕەو (٢٠) دەقەی مـاوە، دوای (٢٠) دەقەکە تەواو، فەرموو.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کـاك (سـیپان) باسـی ڕێگـای (بەردەرەش-کەڵەك)ی کـرد ئەوە لە پلانـی وەزارەتـدایە ئێسـتا لە پلانمانـدایە دەبێـت بکرێـت بە دوو سـاید، بەڵـێ هـاوڕاتم سـەد لە سـەد، دیـزاین و تەصـمیمی لە مەرحەلەی ئەوەین کە دیزاین و تەصمیمی بۆ بکەین ان شاءالله دوای تەواو بـوونی دیـزاینەکەی داوای بوودجەی بۆ دەکەین بەپێـی تەواوبـوونی دیزاینەکەیـی و هەوڵ دەدەیـن بخـرێتە بـواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوە داخـوازییەکی سـەرکییە و هـاوڕای جەنـابتم، باسـی تـونێلی چیـای (مەتین)ت کرد ئەم تونێلە دووسەد و پەنجا ملیار دیناری پێویستە ئێمە لە پلانی خۆماندا دامـان نـابوو تەنهـا جارێـك لە مەرحەلەی یەکەمـدا کـاری دیـزاین و ڕاوێژکـاریەکەی بکەیـن، بەداخەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمانتوانی بیکەین، وابزانتم نزیکی پێـنج ملیارێکیشـمان بـۆ تەرخـان کردبوو لە پلانی (٢٠٢٠)دا، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمان توانی، سـەبەبەکە ئەوەبـوو کە نەمـاتوانی لە تـونێلی چیـای (مەتـین) ئەوە بکەیـن پەیوەنـدی بە قەیرانـی دارایـی و نەبـوونی بودجەوە هەیە، شـوقەی یەکەکـانی کەمـدەرامەت کە جەنابتـان باسـتان کـرد ئەوانەشـم جـواب داوەتەوە بـۆ بەڕێزتـان نـازانم ئەگەر لە چوارچێـوەییە جـواب درابێـتەوە، (بەردەرەش) نـاڵێم لە مەرحەلەی دیزایندایە، کە دیزاینی بۆ دەکەیـن پـڕۆژەکە، هەر لەو چوارچێـوەدایە، کـاك (ابـوبکر) باسی هەزار و پێنج سەد یەکەی نیشتەجێبوونی کرد لە (زرگوێز)، (سیتەك) بۆ بەسـەر هاوڵاتیـان دابەش ناکرێـــت؟ لەبەر ئەوەی خزمەتگوزاریەکانیـــان تەواو نەبـــووە بەڕێـــز کـــاك (ابـــوبکر)، خۆشـبەختانە ئەو بڕیـارەی کە داومـانە بـۆ چارێکسـنی یەکەکـانی نیشـتەجێبوون ئەوێـش دەگـرێتەوە، یەعنـی ئەو کـاتە سـندوقی نیشـتەجێبوون ئەو خزمەتگوزاریـانەی ئەوێـش تەواو دەکات و ئەوەش دابەش دەکرێت بەسەر هاوڵاتیاندا، خراپـی تـابلۆ و هێماکـان بەڵـێ وایە، بەس هەمـــوو ڕێگاکـــان وا نیـــیە بەشـــێك لە ڕێگاکـــان وایە، بەڵام ئەمە زیـــاتر پەیوەندیـــدارە بە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە لە وەزارەتی ناوخۆ، سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە ئەو بـابەتە، بەڕێـوەبەرایەتی چـاککردن و پاراسـتنی ڕێگاوبـانی (سلێمانی) نەسـریەی کەمە، بەڵـێ هـاوڕاتم، ئامێری تازەیان نییە، بەڵێ هاوڕاتم، گوندەکان لەنێـوان وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە و شـارەوانیدا تیا چووە، ئێمە بەپێی یاسای وەزارەت گوندەکان بەشێك لە ئەرکەکانی گەیاندنی خزمەتگـوزاری وەکـو ڕێگاوبـان بەتـایبەتی، هەنـدێك لە خزمەتگوزارییەکـانی تـر ئەرکـی ئـێمەیە، بەپێـی ئەو بوودجەیەی لەبەردەستدا هەبێت توانیومانە ڕێگاوبانی هەندێك لە گوندەکان بکەیـن، هەنـدێکی تریش وەعدمان داوە ان شاءالله ئەوانەش جێبەجێ دەکەین، انشاءالله دەکرێت، بەڵام هەمـووی بەپێی پێوەرێکە دامان ناوە ان شاءالله سرەی دێت و جێبەجێ دەکرێت، تونێلی (دەربەنـدیخان) خۆشـبەختانە مـوافەقەتی وەزارەتـی دارایـی هـاتۆتەوە سـەد و نەود و پێـنج ملیـۆن دینـار لە ئاینـدەیەکی نزیکـا نـۆژەنی دەکەیـنەوە، ئەوەی باسـی کـرد رونـاکی تـونێلەکە و هەنـدێك لە تەعمیراتـی نـاو تـونێلەکە لە ئاینـدەیەکی نزیکـدا دەسـت دەکەیـن بە تەعمیرکـردنەوە بـا بڵێـین نـۆژەنکردنەوەی نـاو تـونێلی (دەربەنـدیخان)، بیسـت هەزاریەکە بـۆ دراوەتە وەبەرهێنـان؟ ئەوە بڕیاری بەڕێز سەرۆکی حکومەتە کە بیست هەزاریەکە لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە دروست بکرێـت، بەڵام خۆشـبەختانە بڕیـاری ئەوەش دراوە کە نـۆ هەزاریەکەی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوەش

جێبەجـێ بکرێـت، کەمـی ئامێرەکـانیش باسـمان کـرد کە داوامـان کـردووە، خۆشـبەختانە بـۆ بەرێــوەبەرایەتی  چــاککردنەوە و پاراســتنی رێگاوبانەکــانی (ســۆران)، (گەرمیــان)، (زاخــۆ) مــوافەقەت هــاتۆتەوە، ئەوانە ئامێریــان بــۆ دەکــڕین، داواشــمان کــردووە ئەوەی (هەولێــر)، (ســلێمانی)، (دهــۆك) کە ئــامێری تازەیــان بــۆ بکــڕین، بەڵام تــا ئێســتاکە لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە تازە کراونەتەوە زیاتر گرینگیمان پێدان بۆ ئەوەی هیچیان لەبەردەستدا نەبـوو ئەوانەی تر پێشترهەن هەندێ ئامێریان لایە، بەڵام ئەمانی تر ئامێرەکانیان زۆر کەم بوو تازەکـان، لەبەر ئەوە گرینگیمان زیاتر بەواندا، ئەوانی تریش داوای ئامێرمان بۆ کردوون، (چەمچەماڵ)یش داوام بۆ کـردووە بەڵـێ، کـاك (سیروان) بەشـێکی رێگاکـان کـوێی باشـە یەکەکـان تەواو نەبـوو؟ رێگای باشیشمان هەیە کـاك (سیروان)، خـۆت هەر رۆژێـك لە رۆژەکـان کە رۆشـتی ڤیـدیۆیەکی گرتبوو ئێستا ئەو رێگایەی پیـا چـووی گـۆڕاوە یـان نەگـۆڕاوە؟ وا نیـیە، یەعنـی خـۆت شـایەتی لەسـەر ئەو بـابەتە، یەکەکـان ئەوە بڕیارمـان داوە بەو میکـانیزمەی کە باسـمان کـرد یەکەکـانی نیشتەجێبوون تەواو دەکرێت، کاك (شـاخوان) رێگـای نێـوان (وارمـاوە-دەربەنـدیخان) بەشـێکی ماوە، بەڵێ بەشێکی ماوە، ئەویش هەر بە هەمان شێوە لە پلانی (٢٠٢٢)دا بوودجەی بـۆ تەرخـان کــراوەتەوە، لەگەڵ پەســەندکردنی بــودجەکە دەســت دەکەیــنەوە بە کــارکردن تیایــا، تــونێلی (دەربەندیخان) بە تەئکید وەکو باسمکرد لیژنەیەکی هاوبەش دروستکراوە لەنێـوان ئەنجـومەنی وەزیــران و وەزارەتــی پــلان دانــان و وەزارەتــی ئــاوەدانکردنەوە لە زوتــرین کاتــدا دەســت بە گفتوگۆیەکان دەکەین، پردی (تۆقوت)ت باسکرد ئەوە روونمکردەوە، باسی رێگای (ناوتاق)ت کرد ئەوە دەرخستەکەی تەواو بووە، لە ئاینـدەیەکی نزیکـدا ئاراسـتەی نووسـینگەی بەڕێـز سـەرۆکی حکومەتی دەکەین بۆ ئەوەی رەزامەندی لەسەر بکا، چونکە ئەو رۆژەی کە رووداوێك روویـدابوو ئــاگر کەوتبــۆوە لەنــاو تــونێلەکە مــن خــۆم چــوومە ئەوی لەگەڵ نووســینگەی بەڕێزیشــیانا لە پەیوەندیا بووم موافەقەتیان کردووە کە بە زووترین کات بتوانین رێگای (ناوتاق)یش ئەو پارەی بۆ تەرخان بکەین بتوانین جێبەجێی بکەیـن، لە ئاینـدەیەکی نزیکـدا دوای ئەوەی کە بـودجەکەی تەرخانکرا دەست دەکەین بە جێبەجێکردنی رێگـای (ناوتـاق)یـش، پـردی (تەنگـی سـەید محمـد) خراوەتە پلانی ساڵەکانی داهاتوو، پردی (سازان) راگیراوە بەو هۆکارەی کە باسم کـرد، (شـیرین) خان باسی ئەوەی کرد چەند نـۆ سـاڵیمان دەوێ تـا لادانـی کـاتی بکرێـت بە لادانـی هەمیشـەیی؟ ئەگەر ئەو پێشنیارەی من پێشنیارم کردووە (شیرین) خان یەك ساڵ و نیوی ترمـان پێویسـتە بـۆ ئەوەی بکرێت بە لادانی هەمیشـەیی، کـاك (عثمـان ) باسـی قەزای (دوکـان)ی کـرد باسـی رێگـای نێوان (خەلەکان-بێستانە)ی کرد، باسی رووداوەکانی کرد، ئەویش دەچێتە هەمان چوارچێـوەوە کاك (عثمان ) لە هەوڵداین بـۆ ئەوەی ئەو رێگایـانە تەواو بکەیـن، کـاك (ریبـوار) باسـی سـندوقی نیشتەجێبوونی کرد وە قیستەکانیان ئەوەی پەیوەندیـدار بێـت بە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوەوە ئـێمە قیسـتەکانیان بەپێـی یاسـای نیشـتەجێبوون لـێ وەردەگـرین، بەڵام سـندووقێکی تـر هەیە پەیوەندیدارە وابزانم بە وەزارەتی داراییەوە ئەوەیان پەیوەندیدار نییە بە ئێمەوە کـاك (ریبـوار) ئەوە بەپێــی ڕێنماییەکــانی وەزارەتــی دارایــی تەعامولیــان لەگەڵ دەکرێــت بەراســتی، بەڵام یەکەکانی نیشتەجێبوون دەتوانم بڵێم بەهۆی قەیرانی داراییەوە تا ئێستا چەند سـاڵێك قەرزارن کە قیستەکانیان نەیاوە، تا ئێستاش ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەکو حکومەتی هەرێم

سەبرمان لەسەر گرتووە، زەختمان لێ نەکردوون لەو هاوڵاتیانەی کە دەزانین بارودۆخی داراییان خراپە، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە پاشەکەوتی مووچە هەبووە، مووچەی پێویست وەکو....منیش هـاوڕای جەنـابتم، ئەگەر لە دەسـەڵاتی منـدا بێـت دەمکـرد، باسـی ئـاوەدانکردنەوەی گونـد و دێهاتەکان کرد سەد لە سەد هاوڕای جەنابتم کاك (ڕێبوار)،
ئـێمە ئەگەر گونـد و دێهاتەکانمـان ئـاوەدانبێتەوە ژێرخـانی ئابووریمـان بەهێـز دەبێـتەوە، بەڵام ئەوەی پەویەندیـدارە بە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە زیـاتر بردنـی ڕێگاوبـان بـۆ گونـدەکان، دروستکردنی پڕۆژەی ئاوە ئەگەر بکرێت، بەداخەوە بەهـۆی قەیرانـی داراییەوە نەمـان توانیـوە ڕێگـای هەمـوو گونـدەکان چارەسـەر بکەیـن، ئـێمە تەخمینێکـی سـەرەکیمان هەیە ئەگەر ڕێگـای هەموو گوندەکانی هەرێمی کوردسـتان چـاك بکەیـن پێویسـتمان بە نزیکـی یەك ترلیـۆن دینـارە، یەعنی ڕێگای هەموو گوندەکانی هەرێمی کوردستان، لە ئێستاشدا زحمەتە بتـوانین، بەڵام ئـێمە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ دەست بەکاربوونماندا لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ناوچەکـانی هەرێمـی کوردسـتان چ لە پارێزگـای دهـۆك، چ لە پارێزگـای هەولێـر، چ لە پارێزگـای سـلێمانی بە ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و پارێزگای هەڵەبجەشەوە ژمارەیەك گوند بەپێـی ئەو ئەولەویەتەی کە هەیە ژمـارەیەك گونـد ڕێگاوبانەکانیـان قیرتـاو کـراوە بەراسـتی، ئیشیشـمان بـۆ کـردوون، ئامارەکانی لە وەزارەت لەبەر دەستە ئەگەر ویستیشتان دەیخەینە بەر دەستی جەنابتان، حـاجی (سفین) باسی ناحیەی (بحرکە)ی کرد کە (٥٠٪)ی کۆڵانەکانی قیرتاو نەکراوە، بەراستی ئەو بابەتە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی شارەوانییەوە، ئێمە ناتوانین کاری تیا بکەیـن، باسـی گونـدی (شـێخە شـەل)ی کـرد کە شـارەوانی کە مەجـاری بـۆ بکرێـت ئەویـش هەر پەیوەنـدارە بە وەزارەتـی شارەوانییەوە بەراستی، دەبێت وەزارەتـی شـارەوانی بەو کـارانە هەڵسێت، (ژیـان) خـان باسـی گلەیی خەڵکەکانی گوندەکانی سنووری ناوچەی (ئامێدی) کرد کە ڕێگاکانیان تێکچووە پێویسـتە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، هەندێك لەو پڕۆژانەی کە دروستکراون کوالێتیان خـراپە پێویسـتە ئەوانەی کە کارەکانیان کـردووە سـزا بـدرێن، ئـێمە لەم دوو سـێ سـاڵە  ڕاستە لەوانەیە وەکـو وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە کاری وا دیارمان نەکردبێـت لە سـنووری قەزای (ئامێـدی) لەوەیـا هـاوڕاتم، بەڵام هیچ پڕۆژەیەکی ئێمە کرابێت تێك نەچۆتەوە دەبێ ئەو پڕۆژانە پەیوەندیدار نەبـن بە وەزارەتـی ئێمەوە، لەوانەیە پەیوەندیداربن بە وەزارەتی ترەوە، چونکە هەندێك لە ڕێگاکـانی گونـدەکان بـۆ زانیـاری بەڕێزتـان لەچوارچێـوەی بـوودجەی گەشـەپێدانی هەرێمەکـان لەلایەن پارێزگاکـانەوە دەکرێت، ئەم پڕۆژانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە جێبەجێکراوە، مـن تەئکیـدم کـردەوە ئێسـتا کە ئەم پـڕۆژانە لە چوارچێـوەی کارەکـانی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە نەبوو، چونکە بەشێك لە ڕێگاوبانی گوندەکانیش لە چوارچێوەی پەرەپێدانی پارێزگاکـان لەڕێـی پارێزگارەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو پڕۆژانەی کە ئاماژەت پێدا هی وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە نییە، کاك (پێشـەوا) باسـی ڕێگـای (بەردەرەش-کەڵەك)ی کـرد ئامـاژەم پێـدا، هـاوڕای بەڕێزیـانم، باسی لەوە کرد واز لە هەموو شتێك بهێنرێت ڕێگاکان تەواو بکرێت، سەد لە سـەد هـاوڕای ئەوم، من ناڵێم واز لە هەموو شتێك بێنن، من دەڵێم ڕێگاکانیش بەقەدەر دابینکردنـی مـووچە گـرینگن، چۆن مووچە ئەولەویەتی هەیە لای حکـومەت، بەراسـتی ڕێگاوبانەکـانیش دەبێـت ئەولەویەتـی هەبێت، باسی هێڵی شەمەندەفەری کرد ئایـا ڕاسـتە؟ بەڵـێ ڕاسـتە ئەوە کـاری لەسـەر دەکرێـت،

روونكـردنەوەی زیاتریشـم لەسـەردا، (د.گەلاویـژ) باسـی ئەوەی كـرد لەڕووی تەكنەلۆژیـاوە چـی كراوە بۆ باشتركردن كوالێتی باڵەخانەكان؟ ئێمە بەراستی ئەو باڵەخانانەی كە دروستی دەكەیـن دكتۆرە لە دەرخستەكانیان هەمووی هی سەردەمی سـاڵانی (٢٠٠٩)، (٢٠١٠)، (٢٠١١)، (٢٠١٢)ە كە ئەو كاتە خراونەتە بواری تەندەرینەوە بەراستی، تەبعەن تا ئەو كاتەش ئێستاش جۆرێك لە جۆرەكان تەكنەلۆژیـا فەرقـی كـردووە، ئەو باڵەخـانـانەی بەڕێزتـان باسـتان كـرد زیـاتر ئەو باڵەخـانـانەی كە لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنـان و پـرۆژە بازرگانییەكـانەوە دروسـت دەكـرێن، ئەگینـا پرۆژەكـانی وەزارەتـی ئـاوەدانكردنەوە ئەو پـڕۆژانەن یـان ئەو یەكـانەن كە لە چوارچێـوەی یاسـای نیشـتەجێكردندا دروسـت دەكرێـت كـوالێتیەكەی بەشـی ئەوەیە كە هـاوڵاتییەك بە شـێوەیەكی شـەرەفمەندانە تیـای بـژی واتە كـوالێتییەكی زۆر بەرز نیـیە بـۆ ئەوەی نـرخەكەی زۆر لەسـەر هاوڵاتی بەرز نەبێتەوە، بەداخەوە ئێمە لە یەكەكانی نیشـتەجێبوونی خۆمانـدا زۆر سـوودمان لە تەكنەلۆژیا نەبینیوە لەبەر ئەوەی كە دەمانەوێت بە كەمترین ئاستی تێچوون یەكەكـان دروسـت بكەین كە ژیانیان تیا پارێزراو بێت، بتوانن ژیانێكی شـەرەف مەنـدانی تیـا بەرنەسـەر بـۆ ئەوەی كەمترین نرخیش لەسەر هـاوڵاتیەكە بكەوێـتەوە، داوای ئەوەی كـرد پێویسـتە هاوكـاری هەبێـت لەنێـوان وەزارەتـی پلانـدانان و تەندروسـتی و ئـاوەدانكردنەوە بەڵـێ هـاوڕای بەڕێزیـانم، ئەو هاوكـارییە گـرینگە ئەو هەمـاهەنگییە، بـۆچی وەزارەتـی دارایـی داواكارییەكـانی وەزارەتـی ئـاوەدانكردنەوەی رەت كـردۆتەوە بـۆ هەنـدێك پـڕۆژە؟ ئەوەش هەر پەیوەنـدی بە قەیرانـی دارایـیەوە هەیە دكتـۆرە، بەڵام ئـێمە هەمـوو جـاری كە داواكاریەكەمـان رەت دەكـرێتەوە كـۆڵی لێنـایەین، جـارێكی تـر دووبـارە جەخـت دەكەیـنەوە، باسـی هێڵـی ئاسـنینت كـرد بەڵـێ ئەوە بە تەفصیلی بۆ بەڕێزتانم باسكرد، (گلستان) خان باسی دەڤەری (ئامێدی) كرد، باسی ئەوەی كرد كە وەبەرهێنەر بێننە دەڤەرەكە، ئایا پلانی ستراتیژی هەیە بـۆ ئەوەی وەبەرهێنـان بـا بلێـین كەرتـی تایبەت بهێنرێتە ناوچەكە؟ بەراستی ئەوە تۆزێك دوورە لە سێكتەری وەزارەتی ئـاوەدانكردنەوە، یەعنی زیاتر پەیوەندیدارە بە وەزارەتی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە، (هدیە) خان باسـی نـاحیەی (خانكێ)ی وابزانم پێویستە گرینگی زیاتری پێبدرێت، باسی رێگای چیـای (زارا)ی كـرد هـاوڕاین، بەراستی ئەم داخوازیانە پێویسـتە بە دەسـتمان بگـات بـۆ ئەوەی ئـێمە لایەنـی كەم ئامادەكـاری بكەین بۆ ئەوەی دیزاین و دەرخستەیان بۆ بكەین، ئەم داخوازیانە تا ئێستا نەهاتۆتە لای ئـێمە لە وەزارەتـی ئـاوەدانكردنەوە، ئەگەر داخوازییەكـان بێـتە بەر دەسـتی ئـێمە ئـێمەش كـاری لەسـەر دەكەیـن و هەوڵ دەدەیـن دیزاینـی بـۆ بكرێـت و لە پلانـی سـاڵانی داهـاتوو بچێـتە بـواری جێبەجێكردنەوە، (د.اسماعیل) باسی كرد ئایا پلانی ستراتیژی هەیە؟ كە باسی تاوەرە بەرزەكانی چل قـاتی و پەنجـا قـاتی كـرد لەو روانـگەیەوە بەراسـتی نـازانم ئەو بـابەتە پەیوەنـدیار نیـیە بە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، زیاتر پەیوەندیدارە بە وەزارەتی شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنانەوە كاك دكتۆر، ئەو یەكانەی جەنابت باست كرد چـل قـات و پەنجـا قـات هەمـووی لەو چوارچێوەیـا دروستی دەكرێت، لە چوارچێوەی یەكەكانی وەزارەتـی ئـاوەدانكردنەوە و نیشـتەجێكردن نیـیە، باسی (هەشكێڕۆت)ی كرد ئەویش هەر تایبەتە بە وەزارەتی شارەوانی، تایبەت نییە بە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، باسی ئەوەت كرد كە كوالێتی قیری رێگای (زاخـۆ-دهـۆك) خـراپە زوو زوو تێـك دەچێت، ئەو رێگایە دەمێكە دروستكراوە بەردەوام پێویستی بە سیانە هەیە كـاك دكتـۆر، لەبەر

ئەوە هەموو ڕێگایەك ڕۆژانە بەکاردێت، بەتایبەتی ئەو ڕێگایەش لەبەر ئەوەی بارهەڵگرێکی زۆر زۆری لەسەرە ئەوە زەختێکی زۆری لەسەرە پێویستە ساڵانە سیانە بکرێت، ئاخر تازە هەر دەبێت سیانە بەردەوام بێت، چونکە دەمێکە دروستکراوە ڕێگای (زاخۆ-دهۆك)، کاك (عمر) باسی ئەوەی کرد یاسای بودجە نییە؟ یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی ئێمەش نەبوونی یاسای بوودجەیە، خۆزگە یاسای بودجەمان هەبوایە، ئێمەش لە وەزارەتەکان باشتر دەمانتوانی کاری خۆمان ڕێك بخەین کارەکانمان جێبەجێ بکەین، بۆ نەتوانراوە ڕێگای (هەولێر-کۆیە) تەواو بکرێت باسم کرد، ڕێگا دوو سایدەکان بە هەمان شێوە، ئایا باشتر نییە دەست لە کار بکێشمەوە؟ وەکو باسم کرد ئەگەر پێویست بکات و بە دەست لەکارکێشانەوە من بێ بەسەرچاو، هەر کاتێك پێویستی کرد دەست لەکار دەکێشمەوە............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(مژدە)خان ماوە با جوابی بدەمەوە.وەڵا ماوە چەند بەڕێزێك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێك سێ دەقەت ماوە، ئیتر خۆت بۆ چی دائەنێی، فەرموو.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(مژدە)خان باسی کرد، وابزانم جوابی بەڕێزتانم دایەوە، بەڕێز کاك (مەم بورهان) باسی...... با باسی (ڕانیە-دەربەدیخان) جوابم داونەتەوە، باسی (قەلادزێ-ڕانیە) جوابم داونەتەوە، هەموویم جواب داوەتەوە، ئەوەی لە چوارچێوەی دوو سایدەکانە هەموویم جواب دایەوە، با با جوابم دایەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش دەڵێ پرسیارە دووبارەکان یەك جار جوابت داوەتەوە، پردی (دەربەند) تەقریبەن ڕێژەی جێبەجێکردنی نزیك بۆتەوە لە (٦٠٪) زیاتر، تەقریبەن دەتوانم بڵێم لە (٢٥)ی مانگەوە وەستاوە، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستبەکار دەبێتەوە، ئەویش سەبەبەکەی هەر پێنەدانی سلفەی مقاولە، چونکە مقاول سلفەی هەیە و سلفەکانی بۆ خەرج نەکراوە، پێشینەکانی بۆ خەرج نەکراوە هۆکارەکەی ئەوەیە، بەڵام کارمان لەسەر کردووە لە ئایندەیەکی نزیکدا ان شاءالله ئەو بابەتە چارەسەر دەبێت، هەموو کارێك دەکەین ئەم ساڵ پێش کۆتایی هاتنی ساڵی (٢٠٢٢) من هەموو هەوڵێك دەدەم، چونکە وەکو تەحەدایەك، چونکە لە بیدایەتەوە ئەو پرۆژەمان دەستپێکرد زۆر کەس هاوکارمان نەبوون لەبەر ئەوە بە زووترین کات ئەمانەوێت پێش کۆتایی هاتنی ساڵی (٢٠٢٢) تەواوی بکەین، هەموو هەوڵێك دەدەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەکەین بۆ وردی بۆ پشوو درێژی بۆ باش وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمان، هیوادارین بەردەوام بێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بداتەوە، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕاسپاردەکانی لیژنەی تایبەتمەند لەدوای دەوڵەمەنکردنی

بەڕاوبۆچـــوونی ئەنـــدامانی پەرلەمـــان دەخەیـــنە دەنگـــدان بـــۆ ئەوەی ئاڕاســـتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، بەڵـێ فەرمـوون، بەڵـێ بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەو بـابەتەیە کە وتمان با دەست بەرز بکاتە، بەپێی ماددەی (٦٧) بڕگەی سـێیەم لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان لیـژنەی تایبەتمەنـد رادەسـپێرین بـۆ ئامـادەکردنی راسـپاردەکانی پەرلەمـان، زۆر زۆر سوپاسـی بەڕێـز وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە دەکەیـن، سوپاسـی سـتافەکەی دەکەیـن کە لەگەڵـت هاتوون، دانیشتنەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی پێدێت، زۆر سوپاس.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی
دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢\٦\٢٧
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٧

كاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٧ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەرنامەی كار، بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەكانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەكانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی (٢٧/ ٦/ ٢٠٢٢) بەو شێوەیە بێت:

١- دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٢- خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازە یاسای سەندیكای خاوەن پیشە تەندروستییەكانی هەرێمی كوردستان.

٢- پێشنیازە یاساكانی پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی كوردستان و پاراستنی مافی ئاژەڵان.

٣- خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١- پێشنیازە یاسای بەركار كردنی یاسای فیدرالی و واژووی ئەلیكترۆنی و مامەڵەی ئەلیكترۆنییەكان ژمارە (٧٨) ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی كوردستان.

٢- پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان .

٣- پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای پاراستن و چاكردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠٨) .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٩) ی وەرزی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ ئەكەین، سەرەتای كۆبوونەوە دەرفەت ئەدەینە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی كۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی بە مۆڵەت و بی مۆڵەت.

**بەڕێز منی نبی قهوەجی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٧) بەو شێوەیە بێت:

١ - دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ - پێشنیازە یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- پێشنیازە یاساکانی پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی ئاژەڵان.

٣- خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ - پێشنیازە یاسای بەرکار کردنی یاسای فیدڕالی و واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨) ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان.

٢- پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان .

٣- پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠٨) .

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی پێنجشەمە ڕێکەوتی (٢٣- ٦- ٢٠٢٢) بەو شێوەی خوارەوە بوو:

١ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو و بی مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٤- خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و وەبەرهێنان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدان کردنەوە و جێبەجێکردن سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و تەواو نەکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون لە وادەی یاسایی دیاری کراوی خۆیاندا.

بەکـۆی دەنگـی ئەنـدامانی پەرلەمـان رەزامەنـدی درا ڕاپـۆرتی لیـژنەی ئـاوەدان کـردنەوە و وەبەرهێنـان دوای دەولەمەنـد کردنـی بە راو بۆچـوونی ئەنـدامانی پەرلەمـان وەك ڕاسـپاردەی پەرلەمان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارەکان بکرێ.

٥- دواخستنی خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکار بۆ بەرکار کردنی یاسای فیدرالی و واژووی ئەلیکترۆنـی و مـامەلەی ئەلیکترۆنییەکـان ژمـارە (٧٨) ی سـاڵی (٢٠١٢) لە هەرێمـی کوردستان.

٦- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

لیسـتی بە مـۆڵەت و بـی مـۆڵەتی ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی ژمـارە (٨) ی ئاسایی (٢٣-٦-٢٠٢٢):

هەموویان مۆڵەت بوون، احسان محمد سلیم، جنان جبار بۆیا، راهی رهبەر ابراهیم، رزگار عیسی سوار، ریڤینـگ محمـد محمـد، صـباح محمـود محمـد، عثمـان علـی سـمایل، فەریـد یعقـوب ایلیـا، هلکوت انور خلیفە، هەورامان حمە شریف، یاسین خضر طە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان دەسـت بە جـێ بەجـێ کردنـی بـڕگەی یەکەمـی بەرنـامەی کـار ئەکەیـن کە دەنگـدانە، سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان.

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشـتوگوزار ڕۆژی یەك شـەمە ڕێکەوتـی (٢٠٢٢/٦/٢٦) کـاتژمێر (١١) ی بەیـانی کۆبـوونەوەی هاوبەشـیان ئەنجامـدا بـۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کـراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسای پێشـنیازە یاسـای گەشـتوگوزار لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا، دوای گفتوگۆ کردن وتاوتوێ کردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی لەگەڵ دایە وەکو خۆی؟ پەسند کرا، فەرموو ماددەی یەکەم.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، (٥) پێشنیار هەیە.

١ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٩) بەو شێوەی لی بکرێ:

٩- گەشتوگوزار: گوزەر کردنی کەسـێك یـان کـۆمەڵە کەسـێك بـۆ مـاوەیەکی کـاتی بە مەبەسـتی حەوانەوە و چێژ وەرگرتنی دەروونی یان جەستەیی بینینی شوێنەوار یان هەواری مێژووی یـان شوێنی ئاینی یان دیمەنی سروشتی و وەرزش کردن و چارەسەری سروشتی یـان هەر بـابەتێکی دیکەی هاوشێوە.

پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی تەنیا بە زیاد کردنی بڕگەی بە زنجیرەی (١٧) بەو شێوەیە:
١٧- شارەزا ئەو کەسەیە کە شارەزاییەتی باشترە لە کەرتی گشتی و گەشتوگوزار دا هەبێت و پێویستە (٢٠) ساڵ لەو بوارە کاری کردبێ بە بەڵگە.
پێشنیاری سێیەم، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٧، ٨، ١٢، ١٦) بەو شێوەیە بێت.
٧- ئەنجومەن، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستەی گەشتوگوزار.
٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەراتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کە ئەبنە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.
١٢- گەشتیار،هەموو کەسێك سروشتی چ هاونیشتیمانی یان بیانی کە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیەوە ئەچیتە شوێنی گەشتیاری بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بۆ مەبەستی گەشتیاری.
١٦- ڕێنوێنی کردنی گەشتیاری ئەو کەسەیە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی مۆڵەت دراوە و ئەرکی ڕێنوێنی کردنی گەشتیاران لە ئەستۆ ئەگرێ.
پێشنیاری چوارەم، وەکو خۆی.
ماددەی یەك: پێشنیار پێنجەم، پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:
بەپێی ئەو دەسەلاتانەی لە ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەو پێشنیارانە ئەخەینە ڕوو داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٨، ٩) بەو شێوەی لێ بکرێ.
٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەراتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
٩-گەشتوگۆزار: گەشتوگوزار کردنی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بۆ ماوەیەکی کاتی بە مەبەستی حەوانەوە و چێژ وەرگرتن و پشوودانی دەروونی یان جەستەیی بینینی شوێنەوار یان هەواری مێژووی یان شوێنی ئاینی یان دیمەنی سروشتی و وەرزش کردن و چارەسەری تەندروستی یان هەر بابەتێکی دیکەی هاوشێوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (٥) پێشنیار هەیە، کی لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ نییە، چوارەم نییە، پێنجەم؟ پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو (٢) پێشنیار هەیە:
یەکەم، ماددەکە لابرێ.
پێشنیار دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، دووەم وەکو خۆی؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ (٥) پێشنیار هەیە:

یەکەم، وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ زیاد کردنی خاڵێك بە زنجیـرەی چـواردە و بـۆ بـڕگەی یەکەم بەو شێوەیە:

١٤- پاراستن و پەرەپێدانی شوێنەکانی ئاسەوار و میژوویەکان و گونجانـدنیان لەگەڵ بنەماکـانی گەشتیاری.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی یەك بڕگەی یەك بەو شـێوەی لـی بکـرێ ( دانـانی پلانـی ستراتیجێ و بەرنامەی ساڵانەی تایبەت بە گەشتوگوزار و گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان و جێ بەجێ کردنی دوای پەسند کردنیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

پێنشیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیـا زیـاد کردنـی خاڵێـك بە زنجێـرەی (١٤) بـۆ بـڕگەی یەکەم بەو شێوەیە:

١٤- دانانی نوێنەرێکی گەشتوگوزار لە نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوەی وڵات بە مەبەسـتی ڕێکلام کردن بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان.

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری پێنجەم: هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: وەکو خـۆی تەنیـا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییـانەی خوارەوە:

١ خاڵی دوو لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ (دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسـازی مۆدێرن و گەرەنتی ڕچاوکردنی لە ڕۆژە گەشتیارییەکاندا ئامادەکردنی سیستەمی پۆلێن کردنـی دامەزراوە و پڕۆژە گەشـتیارییەکان بەپێـی سـتانداردە نیودەوڵەتییەکـان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- خاڵێك بە زنجیرەی چواردە بۆ بڕگەی یەکەم زیاد بکرێ بەو شێوەیە:

١٤- کـارکردن بـۆ گەیانـدنی خزمەتگـوزاری پێویسـت بـۆ شـوێن و نـاوچە گەشـتیارییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سـێیەم؟ کەس نیـیە، چـوارەم؟ کەس نیـیە، پێنجەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار (٣) پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم دەستەواژەی تێکەڵاو بکرێتە (هاوبەش).

دووەم: بەو شێوەی لی بکرێ.

ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێ لەسەر پێشنیاری دەستە کۆمپانیـای گشـتی یـان تـێکەلاو لە بـواری گەشتوگوزاری بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم دابمەزرێنێ.

ئەو كۆمپانیایانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە سەربەخۆیی دارایی و كارگێرییان ئەبێت و پێكهاتە و ئەرك و دەسەڵاتیان بە پەیڕەوێك ڕێكئەخری كە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو مەبەستە دەری ئەكات، پێویستە لە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی دا بیت.

پشنیاری سێیەم، وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ یەكەمە؟ كەس نییە، دووەم؟ كەس نییە، سێیەم؟ پەسند كرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم: وەكو خۆی.

دووەم، پێنشیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:

ئەو ماددەیە كە ماددەی (٥)ە لەگەڵ ماددەی (٦) ڕێكئەخرێت و ڕیزبەندی ماددەكان بەو پێیە ئەگۆڕێت و لە كۆی یاساكە دووبارە ڕێكخستنەوەی ماددەكان ئەكرێ لە هەر بڕگە و ماددەیەك بەو شێوەی خوارەوە.

١- پۆلین كردنی تایبەتمەندی دامەزراوە گەشتیارییەكان و مەرجەكانی مۆڵەتی گەشتیاری و دەستبەردا بوون لە مۆڵەت بە ڕێنماییێك ڕێكئەخرێت كە وەزارەت لەسەر پێنشیاری دەستە بۆ ئەو مەبەستە دەریئەكات.

٢- دامەزراوە گەشتیاری بە مۆڵەتی دەستە پیادەی كار و چالاكیەكانی ئەكات.

٣- داواكاری وەرگرتنی مۆڵەتی كاركردنی دامەزراوە گەشتیاری پێشكەش بە بەڕێوەبەرایەتیە گەشتیاریەكانی گەشتوگوزار لە پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان ئەكرێت.

٢- ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە دوو ساڵە و شیاوی نوێ كردنەوەیە.

٤- دەستبەردار بوون (تنازول) لە مۆڵەتی دامەزراوە گەشتیارییەكان بۆ دامەزراوەیەكی تر دیكە تەنیا بە ڕەزامەندی دەستە ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێنشیار هەیە، یەكەم وەكو خۆی؟ كەس نییە، دووەم؟ پەسند كرا.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) چوار پێشنیار هەیە.

یەكەم، وەكو خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم لابرێ.

پێشنیاری دووەم، وەكو خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم (٢) ساڵ بكرێتە (٤) ساڵ و بڕگەی (٣) لابرێ.

پشنیاری سێیەم، وەكو خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم (٢) ساڵ بكرێتە (٣) و بڕگەی (٣) لابرێ.

پێنشیاری چوارەم، وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، دووەم؟ کەس نیـیە، سـێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) شەش پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٥) بەو شێوەیە بێت:

٥- بەگەڕخستنی دەستەی کاری ناوخۆی و بەڕێژەیەك لە (٧٥٪) کەمتر نەبێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی پێنجەم (٧٥٪ بکرێتە ٨٥٪) و (٨٥) کەمتر نەبێت.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە لە بڕگەی یەکەم و پێنجەم:

١- پیـادە کردنـی چالاکییەکـانی بە گـوێرەی تایبەتمەنـدی دیـاری کـراو لە مـۆڵەتەکەی بە لەبەر چاوگرتنی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان .

٥- بەگەڕخستنی دەستەی کاری ناوخۆیی و بەڕێژەیەك لە ٩٠٪ کەمتر نەبێـت جـگە لەو پـڕۆژانەی پێویستی بە پسپۆری تایبەت و دەستەی کاری شارەزا هەیە بە مەرجێـك لە هەرێمـی کوردسـتان بوونی نەبێت.

پێشنیاری چوارەم: بەو شێوەی لی بکرێ.

دامەزراوی گەشتیاری پابەند ئەبێ بە:

١- پیادە کردنی چالاکییەکانی بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاری کراو لە مۆڵەتەکەی دا.

٢- پێدانی زانیاری لەڕێـگەی بەڕێـوەبەراِیەتی گشـتییەکانەوە بە دەسـتەی دەربـارەی گەشـتیاران وهەر زانیارییەکی دیکە پەیوەندیدار بێت بە گەشت وگوزار و پلان و پرۆگرامە گەشتیارییەکانی پێش جێ بەجێ کردنیان.

٣- ئاسانکاری کردن بە مەبەستی چاودێری و پشکنین.

٤- بەگەڕخستنی دەستەی کاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەك کە ( ٩٠٪ ) کەمتر نەبێت جگە لەو پڕۆژانەی پێویستی بە پسپۆری تایبەت و دەستەی کـاری شـارەزا هەیە بە مەرجـێ لە هەرێمـی کوردسـتان بوونیان نەبێت.

پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە:

لە بڕگەی پێنجەم (٧٥٪ بکرێتە ٩٠٪) و کەمتر نەبێت.

بڕگەی شەشەم لابرێ.

پێشنیاری شەشەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان شەش پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نیـیە، سـێیەم؟ (٨) کەس، چوارەم؟ (١) کەس، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم؟ پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت: شەش پێشنیار هەیە:

یەکەم وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٣) بەو شێوەی لێ بکرێ:
٣- شوێنە گەشتیارییەکان پابەندن بە پێشکەش کردنی ئاسانکاری بۆ مەبەستی چاودێری کردن و پشکنین.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم زیاد بکرێ:
٤- پێویستە دەستەی نەخشەی گەشتیاری پەیڕەو بکات بۆ دیاری کردنی جۆر و شوێنی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٣) بەو شێوەیە بێت:
٣- خاوەنی ناوچە گەشتیارییەکان پابەند ئەبن بە ئاسانکاری بە مەبەستی چاودێری کردن و پشکنین.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەم بەو شێوەیە بێت:
٢- داواکاری و وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی شوێنی گەشتیاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە شارەکانی سەربەخۆکان ئەکرێتن.
پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری شەشەم: هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
١ - ناوچە گەشتیاری دەستکردو بنیاتنراوەکانی سەر ناوچەکانی گەشتیاری سروشتی بە مۆڵەتی دەستە دائەمزرێ، مەرجەکانی مۆڵەتی شوێنی گەشتیاری بە ڕێنمایی دیاری ئەکرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیاری دەستە دەریئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان شەش پێشنیار هەیە، یەکەم کێ لەگەڵە؟ کەس، دووەم؟ (٢) کەس، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم، کەس نییە، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) پێنج پێنشیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵێك بە زنجیرەی چوار بۆ بڕگەی دووەم زیاد بکرێ بەو شێوەیە:
٤- بەشداری کردن لە خولێکی شیاندن دا.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی سێ لە بڕگەی دووەم بەو شێوەیە بێت:
٣- هەر پابەندیەکی دیکە بە ڕێنمایی لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ڕێك ئەخرێت.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- ڕێنوێنی کاری گەشتیاری پابەند ئەبێ بە پیادە کردنی کاری ڕێنوێنی کاری ئاسایی پیشەییەکانی بەو مەرج و ڕێگایانەی لە مۆڵەتەکە هاتووە.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم هەردوو خاڵی یەك و سێ لابرێ و بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- ڕێنوێنی کاری گەشتیاری پابەند ئەبێ بە پێادە کردنی ریسا ئاسایی پیشەییکانی کاری ڕێنوێنی کاری.

پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێنج پێشنیاز هەیە، کی لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ کەس نییە، پێنجەم؟ پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- ماف و ئەرکەکانی گەشتیار بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێکەوتنامە نیودەوڵەتییەکان پەسند کراوەکان پارێزراو ئەبێت.

پێشنیار دووەم: وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەم دەستەواژەی هاریکارن بکرێتە بەرپرسن.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: بەو شێوەیە بێت:

١- ماف و ئەرکەکانی گەشتیار بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێکەوتتنامە نیودەوڵەتییەکان پەسند کراوەکان پارێزراو ئەبێت.

٢- دەستە و ڕێوشوێن بو دەستبەرکردنی مافی گەشتیاری لەبەرامبەر دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکاندا ئەگرێتە بەر.

٣- ئەگەر هەمان جۆری چالاکی گەشتیاری لەلایەن زیاتر یەك دامەزراوەی گەشتیاری ئەنجامدرا ئەوا سەرجەمیان پێکەوە بەرپرسن لە قەرەبوو کردنەوەی بەرامبەر هەر هەڵەیەك یان سەرپێچیەك کە زیان بە گەشتیار بگەیەنێ دەرەنجامی کاری هاوبەشی ئەو دامەزراوانە بیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، یەکەم؟ دووەم کی لەگەڵ؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) سێ پشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١ - بینینی داوای شارستانی مەدەنی لە بواری گەشتوگوزار یەکلایی کردنەوەیان لەلایەن دادگاکانەوە سیفەتی بەپەلە وەرئەگرێت.

٢- لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دائەمەزرێت و ئەرکەکانیان پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان و گەشتیاران ئەبێت.

پێشنیاری دووەم وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێت:

٢- لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دائەمەزرێت و ئەرکەکانیان پاراستنی گەشتیاری و ناوچە گەشتیارییەکان ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوانزە (٤) پێشنیار هەیە:

یەکەم، ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

دامەزراوە گەشتیاری بەداخستنی کاتی و پێبژاردنێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و ماددەی (٥) و ماددەی (٧) ی ئەم یاسایەی کرد، لە حاڵەتی زانیاری و بەڵگەنامەی نا دروست بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت و پێشکەشی دەستەی کرد ئەوا مۆڵەتی پێ نادرێ.

پێشنیاری دووەم، بەو شێوەی لێ بکرێ:

دامەزراوە گەشتیاری بەداخستنی کاتی و پێبژاردنێك کە لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و ماددەی (٥) و ماددەی (٧) ی ئەم یاسایەی کرد، یان زانیاری و بەڵگەنامەی نا دروست بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت و پێشکەشی دەستەی کرد ئەوا مۆڵەتی پێ نادرێ.

پێشنیاری سێیەم، وەکو خۆی.

پێنشیاری چوارەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەو شێوەی لێ بکرێ:

دامەزراوە گەشتیاری بەداخستنی کاتی و پێبژاردنیك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی دووەم و ماددەی (٥) و ماددەی (٦) ی ئەم یاسایەی کرد، یان زانیاری و بەڵگەنامەی نا دروست بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم، لەو ماددەیە و ماددە سزاییەکان پێبژاردنەکان لابرێ و دیاری کردنی بڕی پێبژاردن بە پەیڕەوێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری بکرێ.

پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی بەو شێوەیە بێت:

١- دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێك کە لە (١٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن لە نوی کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن، ئەگەر سەلمێنرا کە خاوەن دامەزراوە گەشتیاری کەمتەرخەم بووە.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی، تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێك كە لە (١٠٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ بۆ هەر ڕۆژێك دواكەوتن لە نوێ كردنەوەی مۆڵەتی كاركردن لە بەرواری پەسند كردنی مۆڵەتی وەبەرهێنانە گەشتیارییەكە.

پێشنیاری چوارەم وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، یەكەم؟ كەس نییە، دووەم؟ كەس نییە، سێیەم؟ كەس نییە، چوارەم؟ پەسند كرا.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم، وەكو خۆی.

پێشنیاری دووەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەو شێوەی لێ بكرێ:

هەر یەك لە دامەزراوەی دەستبەرداربوو كراو بە پێبژاردنێك كە لە یەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ، ئەگەر دەستبەردار بوونەكە بە پێچەوانەی بڕگەی چوارەمی مادده پێنجی ئەو یاسایە ئەنجامدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەكەم؟ كەس نییە، دووەم؟ پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم، بەو شێوەی لی بكرێ ماددەكە:

شوێنی گەشتیاری بە داخستنی كە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت و پێبژاردنیك كە لە (٥٠٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ ئەگەر سەرپێچی حوكمی مادده (٨) ی ئەو یاسایەی كرد یان زانیاری و بەڵگەنامەی نادروستی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشكەشی دەستەكرد و لادانی سەرپێچی لەسەر ئەستۆی سەرپێچیكار ئەبێت.

پێشنیار دووەم وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەكەم؟ كەس نییە، دووەم؟ پەسند كرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم، لەو ماددەیە و مادده سزاییەكاندا پێبژاردنەكان لابرێ و دیاری كردنی بڕی پێبژرادنەكان بە ڕێنماییەك لەلایەن وەزیرەوە دیاری بكرێ.

پێشنیاری دووەم وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دوو بەو شێوەی لی بکرێ:

٢- ئەگەر سەرپێچیکار بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچیەکانی هاتوو لە ماددەکانی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە مۆڵەتەکەی هەلئەوەشیتەوە.

پێشنیار دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم؟ (٢) کەس، دووەم وەك خۆی؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٨) هیچ پێشنیار نییە وکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٩) ؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم، ئەو ماددەیە ببرێتە دوای ماددەی (٢٩) تایبەت بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەمە، بەو شێوەی لێ بکرێ، بری ڕەسمی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی پیادە کردنی کاری دامەزراوە و شوێنی گەشتیارییەکان بەپێی پاشکۆی هاوپێچی ئەو یاسایە ئەبێت ئەو بڕە ڕەسمانە ئەکرێ گۆڕانکاری لەسەر بێت و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

پێشنیار دووەم وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم، هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەو شێوەی لێ بکرێ:

١- بری ڕەسمی پێدان و نوی کردنەوەی مۆڵەتی پیادە کردنی کاری دامەزراوە و شوێنی گەشتیارییەکان بەپێی پەیڕەوێك کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێت.

٢- لە( ٣٠٪) بری داهاتی بەدەستهاتوو بەپێی بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە بۆ مەبەستی پەرەپێدانی گەشتیاری تەرخان ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێنشیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١) پێشنیار نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە؟ پەسند کرا.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٢) چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم، ئەو ماددەیە لابرێ.

پێشنیاری دووەم وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی لابری.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- دوای لاری نەبوونی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان زەوی کشتوکاڵی بۆ پڕۆژەی گەشتیاری لەبەر ڕۆشنیایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پڕۆژە گەشتیارییەکان ئەکوژێنرێتەوە.

پێشنیاری چوارەم وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، یەکەم؟ (٥) کەس، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣) دوو پێشنیار هەیە.

یەکەم، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لابرێ.

پێشنیاری دووەم وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) سێ پێشنیار هەیە.

یەکەم، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەمی خاڵی سێ بەو شێوەیە بیت:

١ دەستە ئەتوانی ئەو زەوییانەی بۆ مەبەستی گەشتیاری تەرخان کراون تەنیا بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بەکرێ بدات بە پێی یاسا بەرکارەکان.

٢- ماوە و بڕی بەرامبەر بە مەرجەکانی درێژکردنەوەی بە پێشنیاری دەستە بە ڕەزامەندی وەزیر ئەبێت.

پێنشیاری دووەم وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم، پشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دوو خاڵی (٣) (ب) بەو شێوەی لی بکرێ:

ب- ماوە و بری بەرامبەر بە مەرجەکانی درێژکردنەوە لەسەر پێشنیاری دەستە و بە رەزامەندی وەزیر دیاری ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم، وەکو خۆی تەنیا خاڵی سێ بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بیت:

٣- وەزیر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچە تازە گەشەسەندنەوەی بڕیاری لێخۆش بوونی (٧٥٪) کرێیەکە کەم بکاتەوە تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێت.

پێشنیار دووەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی سێی بڕگەی یەیەك بەو شێوەی لی بکرێ، لەگەڵ زیاد کردنی بڕگەیەك بە زنجێرەی سێیەم بۆ ماددەکە بەو شێوەیە:

٣- وەزیر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچە تازە گەشەسەندوانەی بڕیاری لێخۆش بوونی ( ٥٠٪ ) تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێت ئەدات ئەگەر دەرکەوت جاڕێکی تر کە زیانی کردووە وەزیر ئەتوانی بۆ ماوەی (٢) ساڵ بڕیاری لی خۆش بوون دەربکات.

٣- وەزیر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دەستە بە بڕیاڕێك ناوچە تازە گەشەسەندووەکان لەگەڵ گوندەکان کە لەگەڵی دا هاتوون دەستنیشان بکەن و دوو ساڵ جاڕێك پێداچوونەوەیان پێدا بکات.

پێشنیاری سێیەم، وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ (١) کەس، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٦) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم وەکو خۆی تەنیا بە زیاد کردنی بڕگەی یەك بە زنجیرەی سێیەم بەو شێوەیە:

٣- دوای تەواو بوونی بەرێژەی ١٠٠٪ و پاش کارکردنیان بە شێوەی کردار بۆ ماوەی (٢) ساڵ.

پشنیاری دووەم: ئەو ماددەیە لابری.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نیە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧) چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: ئەو ماددەیە لابرێ.

دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەمی بەو شێوەیە بێت:

٢- کردنەوەی پەیمانگا بۆ ناوەندەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ بە سوود وەرگرتن لە دەرچووانی بەشی گەشتوگوزار.

پێشنیاری سێیەم، وەزیر ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەمانەی خوارەوە دەرئەخات:

١- چاودێری کردن و پشکنینی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٢- کردنەوەی پەیمانگا و ناوەندەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

٣- مۆڵەتدانی پڕۆژە گەشتیارییەکان بە پێی سیستەمی دابەش کردنی کات بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی داراپی و ئابووری.

٤- ئامادە کردنی ڕێبەری گەشتیارییەکان.

٥- مۆڵەتدانی ئاهەنگ و یاری ئەلیکترۆنییەکان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا.

پێشنیاری چوارەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٥) لابرێ و ئەوەی خوارەوە جێگەی ئەگرێتەوە:

٦-دیاری کردنی کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی کار و چالاکیە گەشتیارییەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) دوو پێشنیار هەیە.

یەکەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەت بەو شێوەی لی بکرێ.

١- ئەو پڕۆژە و دامەزراوە گەشتیارییانەی ئەکەونە ناو پۆلین کراوی بەرهەمهێنانی گەشتیاری ئەوە لێ خۆشبووانە ئەیانگرێتەوە کە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بڕیاری لێ دراوە.

٢- لیخۆش بوونی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە ڕەسمەکانی تایبەت بە پیادە کردنی پیشەیی ناگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٩) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم، ئەو ماددەیە لابرێ.

پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی تەنیا دەستەواژەی وەزارەت بکرێتە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

پێشنیاری سێیەم، وەکو خۆی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ (١) کەس، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٠) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم، ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەرئەکات.

پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەت.

وەزیر خۆی یان لەسەر پێشنیاری دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەرئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ (٢) کەس، سێیەم؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣٢) کێ لەگەڵە؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٣) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ پەسند کرا.

**بەڕێز نزار ملاعبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم، بەو شێوەی لێ بکرێ.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی گرنگی گەشتوگوزار لە هەمە چەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم و وەبەرهێنانی کەرتی گەشتیاری و ئەو ڕەهەندانەی لە ناساندنی شووناسی شارستانی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و ئاینی و دەستکەوتی تەلارسازی و شوێنەوارە مێژووییەکانی گەلی کوردستان دا هەیە، بۆ جەخت کردنەوە لە گرنگی پلاندانان و کارکردن لەسەر پیادە کردنی ستراتیجی کردنی ڕوون بۆ کاراکردنی کەرتی گەشتوگوزار و بەشداری کردن لە گەشەپێدانی ئابووری نیشتیمانیدا ئەم یاسای دەردەچوێنرێ.

پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی.

بەلەبەرچاو گرتنی گرنگی گەشتوگوزار لە فەرەکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم ئەو ڕەهەندانەی لە ناساندنی شووناسی شارستانی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و دەستکەوتی تەلارسازی گەلی کوردستان دا هەیەتی، بۆ جەخت کردنەوە لە گرنگی پلاندانان و کارکردن لەسەر پیادە کردنی ستراتیجێ کردنی ڕوون بۆ کاراکردنی کەرتی گەشتوگوزار و بەشداری کردن لە گەشە پێدانی ئابووری نیشتیمانی دا ئەم یاسای دەردەچووێنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم کێ لەگەڵە وەکو خۆی؟ پەسند کرا، بەڕێزان لەبەر ئەوەی لە خشتەی ڕەسمەکان تەفویزمان دا ئەنجومەنی وەزیران بە پەیڕەو بێت ئەوانەی تر ناخەینە دەنگدان، کۆی یاساکە ئەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە ؟ (٨٢) کەس، پەسند کرا، سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی، لیژنەی یاسایی بمێنەوە، بڕگەی دووەم لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی لێرەن جێ بەجێ ئەکەین و ئەچینە سەر وەرگرتنی نوقتە نیزامییەکان، فەرموو کاك عەباس و روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەو پێشنیازە یاسایە لە (٢٩) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کەو واژوویان کردووە لەسەری: دکتۆر صباح زیباری، زانا خالد، زیاد جبار، لوقمان حامد حاجی، نەجاة شعبان، ریڤینگ

محمد، شيخ ظاهر، شنۆ اشقی، ڕۆژان ابراهیم، شیرین یونس، بەختیار شوکری، عثمان سیدەری، دکتۆرە گەلاویژ، جەلال محمد عبدالله، ادریس اسماعیل، سەروان هرکی، ملا احسان، زکری زیباری، سلما فاتح، هیرش حسن، سەرکۆ ازاد، هاژان حسن، ڕۆژان محمد کریم، ڕۆبینە ئوملیك، چیا حمید شریف، فاهیك کمال، سارا دلشاد، بهجت علی، ملا جیهاد، محسن دۆسکی، هیڤیدار سلیمان، بهمن کاکە عبدالله، جنان جبار، سعید مصطفی ، لیزا فلك الدین، سوسن میرخان، لیلی عبدالجبار، گلستان باقی، دکتۆر زیدان، ژیان طاهر، کلارە عودیشۆ، هدیە مراد، عبدالسلام، حسبیە سعید، حکمت محمد، جوان یونس، دکتۆر ڕێبوار، لنجە ابراهیم، نزار ملا غفار، وەیسی سعید، هەلکەوت انور، بژار کۆچەر، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای پاراستنی مافی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردسانی عیراق لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەو پێشنیازە یاسایە لە (١٣) مادده پێهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان واژوویان کردووە ئەمانەن: دکتۆر شێرکۆ ئەبوبەکر، سەرچنار، دکتۆر اسماعیل، هلز احمد، دکتۆر هەورامان، روپاك احمد، گۆران عمر، بدریە اسماعیل، مسلم عبدالله، عمر عبدالله، گولستان سعید، بلند اسماعیل، شایان کاکە صالح، علی حمە صالح، دابان محمد، گۆران عمر، یاسین خضر، ئاشنا عبدالله، جلال محمد، رزگار محمود، شاخەوان رؤوف، شیرین امین، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیازە یاسایە، ئاراستەی لیژنەکانی کشتوکاڵ و شارەوانی لە هەمان کات، لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەدواداچوونمان بۆ دابین بوونی تەواوی پارەی مووچەخۆران و بە یادداشتیك ئەو داوایە کراوە مووچە تا سەری مانگ سەرف بکرێ، مووچەخۆران پێش جەژن مووچەی خۆیان وەرگرن، داواکارین بەڕێزیشتان ڕۆڵی خۆتان ببینن کە ئاراستەی ئەو یاداشتە بۆ حکومەت و وەزارەتی دارایی بکرێ، سەبارەت بەو پێشیلکارییانەی لە یاسای چاکسازی هاتووە ئەوەی مەبەستمە سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە لە (٦٢٠) دۆسیەی موخالەفە (٥٣) دۆسیەی پلە بەرزکردنەوەی زیادە و (٣٦) حاڵەتی زیادە مووچە هەیە، دەستەی نەزاهەش حاڵەتی هەیە، دیوانی چاودێری داراِیش ئەو حاڵەتەی هەیە، پێشیلکاری یاسایی پەرلەمان خۆیەتی، بەڵام لە

پەرلەمان کراوە، داواکارین بەڕێزتان لیژنەی تەحقیقی دروست بکەن، ئەوەی بەرپرسە بەرامبەر ئەو پێشلیکارییە ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لای کەم ئەزانین ئێمە نین، بەڵام ئەیکەین، کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەدواداچوونیکی کاری پەرلەمانی بەپێی پەیڕەو پرسیارم ناردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە لەسەر خوێندنی ناحکومی، کە چەند قوتابخانە و قوتابیمان هەیە لە کەرتی ناحکومی لە هەرێم، (٦,٩٪) لە قوتابخانەکانی هەرێم لە ناحکومین، (١٢١ هەزار و ١٠١) کەس، کەمترین قوتابییەکان و قوتابخانەکانی لە پارێزگای دهۆکە، ئەوەی جێگەی سەرنجە بە گوێرەی ڕۆژنامەی فەرمی هەرێم لە (٢٠٢١/٨/٢٩ ژمارە ٢٧٠) وەزارەتی پەروەردە بەپێی چەند ڕێنماییەك نرخی داناوە بۆ خوێندن لە قوتابخانە ئەهلییەکان، (ملیۆنیك و هەشت سەد یان دوو ملیۆن)، (دوو ملیۆن و ٥٠٠ )، چوار ملیۆن و سەرووی چوار ملیۆن، زەحمەت نەبێت ئەو پارەیە بەپێی لیژنەیەك پێك بێت ئەو پارەیە دروستە یان نا؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە هەردوو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەکەین بەدواداچوون بۆ داوای کاك هێڤیدار بکەن، بە نووسراو ئاراستەمان ئەکات، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانین مانگی شەش بەرەو کۆتایی ئەچی بەداخەوە حکومەت خشتەی دابەش کردنی مووچەی ڕانەگەیاندووە، پێویستە حکومەتی هەرێم بەر لە هاتنی جەژنی قوربان مووچەی سەرجەم فەرمانبەران و مووچەخۆران دابەش بکات، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرجەم........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بایەندیەکی قانوونی و سیاسی و ئەخلاقی حکومەتی هەرێمە ئەبێ جێ بەجێی بکات، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوای بکەن یا نا، دکتۆر شێرکۆ ئەو داواکارییەی کرد، بەپێی پەیڕەو ئەندامی پەرلەمان نابێ قسەی ئەندامێکی تر دووبارە بکاتەوە، مووچەخۆران مافیان هەیە، ئەوە داواکاری (١١١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە کە ئەو واجبە سیاسیە قانوونییە ئەخلاقییە جێ بەجێ بکات، فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢) ی پەیڕەو قسە ئەکەم کە نووسراوە پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری و مەرجەعی سیاسی هەرێمە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕۆڵەی نییە، سەیر ئەکەین تورکیا سنوور ئەبەزێنێ و خەڵك ئەکوژێ و چی بۆی ئەکات پەرلەمان قسە ناکات، ئێران تۆپباران ئەکات پەرلەمان قسەی نییە، عێراق هەرەشە ئەکات بەهەمان شێوە، هیچ کەسیش لە دەسەڵات و بێ دەسەڵات لە درۆن پارێزراو نییە، ئەو پەرلەمانە کوا ڕۆڵی؟ پێم

وایە ئەبێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێتەوە، پێشنیاری کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ئەکەم بە ئامادە بوونی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتیش، ئەو وڵاتە بەرەو کوێ ئەبەن، ئەو بڕیارانەی حیزبی و شەخسین ئەو کوردستانە بەرەو وێران بوون ئەبەن و باجیش هەمووان ئەیدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دانیشتنەمان کردووە بە ئامادە بوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە و بە داخراویش، فەرموو کاك موحسین.

**بەڕێز محسن حسین مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر هەست کرن بۆشاییا یاسایی هەرێما کوردستانی پێشتر مە پڕۆژە یاسایی ڕێکخستنا میدیا ئەلیکترۆنی حازر کر پەرلەمانی کوردستانی و خوندنا ئیکێش بۆ هاتە کرن، بەلام موخابن دەرفەت نەهاتە گونجان ببیتە یاسا ل هەرێمی، موخابن ئەڤرۆکە کۆمەڵەك پەیجا و کەنالا هەندەك زانیاری ناراست بلاڤ کردن و دلەراوکی بۆ خەڵکی پەیدا دکەن، ئەڤە کارێگەریەکا زۆر هەی ل سەر خەڵکی، داخازا بەڕێزتان دکەین لیژنا ڕۆشنبیری ڕاسپێری بۆ هندی کو پێشنیازە یاسایی ئەلیکترۆنی جارەکا دی بینە پەرلەمانی و ببیتە یاسا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتە لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری خۆیەوە ڕاگیراوە، هەرکات هێناتانەوە ئەخەینە بەرنامەی کار، فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوی قسە لەسەر گرانی نرخی بازار بکەم، ڕۆژانە لەسەر پرسی تابلۆی ناونیشانی دوکاندار ڕووبەڕووی سکالای هاووڵاتی و خاوەن کار و کاسبکاری شارەکان ئەبێینەوە، حکومەت جگە لە وەرگرتنی باجی سەر شوێنە بازرگانی و دووکانداران باجێکی تریش لە دوکاندار وەرئەگری بە ناوی وەرگرتنی رسووماتی تابلۆ، لەو حاڵەتە دوکاندار ناچارە نرخی ئەو هەموو باجە بخاتە سەر کڕیار، وائەکات بێ بازاڕی و شتوومەکیش گران بێت، هاووڵاتی باجی ئەدات، لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە ئەو باجە تابلۆیە دراوە بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا، بۆچی قازانجی ئەو داهاتە بدرێ بە کۆمپانیا؟ ئەگەر هەر هەیە با ڕەمزی بێت و حکومەت خۆی وەری بگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای خانەنیشنی هیزەکانی ئاسایش و ناوخۆ داواکاری زۆرێك لەوانە کە ڕۆژانە بەرکەوتەمان ئەبێ لەگەڵیان، داوای ئەو پڕۆژەیە ئەکەن کە لە ئەنجومەنی وەزیران گڵدراوەتەوە، داوا کارم لە بەڕێزتان بە نووسراوی فەرمی داوا بکەن ئەو پڕۆژەیە بنێرن، پشتگیری قسەکانی دکتۆر شێرکۆ ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ دەستپێكی یەكەم تاقی كردنەوەی پۆلی (١٢) ی ئامادەییە، هیوای سەركەوتن، بەڵام خەڵك پەیوەنـدی ئەكـات كە دزە بە پرسـیار كـراوە و ئەفرۆشـرێ، ئەوەش جۆرێـك لە بازرگـانی نـا مەشروعە، داوا لە بەڕێزتان ئەكەین لیژنەی تایبەت ڕاسپێرین لەسەر ئەو پرسە، بە پێـی مـاددەی (٣٣١ و ٣٣٣) ی قانوونی ئوسول مەحاكەمات جەزائی قسە ئەكەم كە تـایبەتە بە ئـازاد كردنـی بە مەرج، لەو ماددەیە هەندێ ئیستیسنائاتی تێدایە بـۆ هەنـدێ تاوانبـار، بەڵام بە داخەوە بەدەر لەو مـاددەیە ئیستیسـنا بـۆ هەنـدێ لە سـزادراوان كـراوە، داوا ئەكەیـن بە بڕیـارێكی ئەنجـومەنی دادوەری كراوە، داوا ئەكەین هەڵوەشێتەوە و ماددەكە وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا هەمـوو سـاڵێك بەدواداچـوون ئەكەن، ئێسـتاش داوا ئەكەیـن وەكو ساڵانی پێشوو بەردەوام بن و بەڕێزتان ئەگەر بەڵگەتان لایە ئەتوانن بـیخەنە بەردەسـتیان، چونكە ئەوە ئەچێتە بابەتی دروست كردنی ئەو خوێندكارانە و نابێ بێ بەڵگە هـیچ قسـە بكـرێ، لە ناو هۆڵی پەرلەمانیش بە دیاری كراوی، پێمان باش نییە بڵاو بێتەوە، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەسەر پێشیل كردنی هەردوو ماددەی (٩، ١٢١) ی دەستووری عێراق قسە ئەكەم، لە چەند ڕۆژی ڕابـردوو كـۆمەڵی هێریشـی تیرۆریسـتی كـرایە سـەر دامەزراوە نەوتـی و گازییەكـان لە گەرمیـان و نـاوچەی تـری كوردسـتان، بەشـێك ئەو گرووپـانەی بەرپرسـیارییەتی خۆیـان ڕاگەیانـدووە ڕاسـتەوخۆ لە عێـراقەوە تەمویـل ئەكـرێن، ئەوەش سەرپێچی ئاشكرای دەستوورە بە تایبەت ماددەی (٩)، هەروەها ئەو كارئاسانی و بوونی ئەو بۆشاییە ئەمنیـیەی لە نـاوچە كوردسـتانییەكان هەیە دەرفەت زیـاتری ڕەخسـاندووە بـۆ ئەو گرووپـانە ئەو دەرفەتـانە لەبـار بـبەن كە هـاتۆتە ئـاراوە لەسـەر هەوڵـی حكـومەتی هەرێـم بـۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی بەنزین و كارەبا، پێمان وایە هەرچـی زووە ئەو ڕێكەوتـنەی لەنێـوان هێزە هاوبەشەكان كراوە جێ بەجێ بكرێ، پرسیارێكێشم لە بەڕێزتان هەیە، بە پێی بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) لە پەرلەمانی كوردستان ..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالا ئیكی بڕیارا ژمارە (١٢٤) ی (٢٠١٨) ئەنجومەنی وەزیران بیـژیتن پاشـەكەوت بیـتە چارەسـەر كـرن، حەتـا ڤـی گـاڤی نەهـاتیە چارەسـەر كـرن، مە دوو پێشـنیاری پێشـكەش كـر و پێشـنیازەكا

یاسایش ڤی بۆ چارەسەری، ئەز داخاز کەم لیژنیت پەیوەندیدار بینە ڕاسپاردە کرن دیڤ چوونەك بێنە کرن، پێشتگێریا دکتۆر شیرکۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە پەرلەمانی بەڕێز ئەکەم ئەو یاسا و بڕیارانەی دەری ئەکات هەم بەدواداچوونی بۆ بکات، هەم چاودێری جێ بەجێ کردنیان بکات، یاسای ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) ی پەیوەست بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان ئەگەر تا ئستا جێ بەجێ کرابوایە ئێمە تووشی ئەوەندە کێشە نەدەبووین، کێشە بۆ خەڵکی ئێمە دروست ئەکرێ بێ مانان، دوا ئەکەین ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێ،

دوو، هەندێ ماددەکانی یاسای گەشتوگوزار لە هەندێ شوێن نووسراوە لیژنەی تایبەت لە هەندێ نووسراوە لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هیچ شوێنیکی دونیا لە خراپترین وڵاتی دیموکراسی تا باشترین ڕوویەنەداوە کە هەندێ پێگەی بێ مۆراڵ و کەناڵی میدیا ببنە هۆکاری پرووپاگەندەی خراپ دژ بە خاکی خۆیان، هەواڵی خراپ کە هیچ ڕەچاو کردنیکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نیشتیمانیان تێدا نەبێت، هەموو پێگە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا پڕ بکەن لە بابەتی ترس و تۆقاندن و کاریگەری خراپی لەسەر بازاڕی هەرێم ئەبێت، پاڵپشتی قسەکانی کاك موحسن ئەکەم لەوەی پەلە بکرێ لە مەسەلەی خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای میدیای ئەلیکترۆنی، دووەم، ئێوەی بەڕێز وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پێویستە هەوڵەکانتان چڕ بکەنەوە لە بابەتی ئەو دەستدرێژییانەی ئەکرێتە سەر خاکی هەرێم، ئەتوانن ڕۆڵ ببینن لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرایەتییەکان و دانیشتن لەگەڵیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز عەلی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو هەفتە خولی گرێدانی پەرلەمان وادەی تەواو ئەبێت، بەو پێیەی دۆخی هەرێم لە ناوخۆ و لەگەڵ عێراق و ژیانی خەڵك پێم وایە درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی مانگێك، لە چوارچێوەی ئەوە زۆربەی ئەو بابەتانەی موناقەشەی ئەکەین چ زەوی و چ نەوت و چ دۆسیەی غازە ڕەبتی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، گرنگە لەو ماوە سەرۆکایەتی حکومەت بۆ هەموو ئەو پرسانە بێتە پەرلەمان، خاڵێکی تر بەدواداچوونم کردووە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕۆژانە سەدان تانکەری گازوایل بە نایاسایی ئەچێتە تورکیا و ئێران، وەزارەتی

سامانه سروشتییەکان بە ئێمەیان وت ڕێگە پێدراو نییە، ئەبێ ڕێی لێ بگرین، داواکارین لیژنەی ناوخۆ ڕاسپێری ئەوەی لە کوردستان ئێستا ئەفرۆشرێ گازوایل نییە، پاڵاوگە باشەکان گازوایل ئەبەنە دەرەوە، ڕۆنی سەیارەی خراپ مەواد تێکەڵ ئەکرێ، بۆتە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ترسناك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەرزی یاسادانانە بەرەو کۆتایی ئەڕوات، بەر لە دەست پێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا وادەیەك بدرێ بە لایەنەکان بۆ ئەوەی سازانێك بکن لەسەر هەموار کردنەوەی یاسای هەلبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو بابەتە گرنگە و هیچ بیانوێك نییە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، داوا ئەکەین لە کاتی خۆی بکرێ، ئەو بابەتە ڕەهەندێ نیشتیمانی هەیە، ناکرێ زەرەر لە هاووڵاتی بدرێ، هاووڵاتی بۆ (٤) ساڵ ئەو حەقەی داوە، ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ناتوانن ڕێك بکەون ئەو پەرلەمانی کوردستانە نوێنەری هەڵبژێراوی حەقی خەڵکە، ئەکرێ لێرە بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەوەندەی نەماوە، ئەگەر قەرارە هەڵبژاردن بکرێ کەی ئەو یاسایە هەموار ئەکرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەردوو کێشەی بێ ئاویی و گرانی نرخی بەنزین کێشەی گەورەن، سەرباری قەیرانی دیکە، لە بڕی چارەسەر کردنی ئەوانە بەرپرسانی دەسەڵات کۆمەڵێك قسەی بێ بنەما ئەکەن، بە نموونە لە سلێمانی ئەڵێن پێویستە جل نەشۆر و غەساڵە کارەبای زۆر ئەوێ، لە هەولێریش ئەڵێن موبەریدە کەم هەڵ بکرێ لەبەر ئەوەی ئاوی زۆر دەوێ، پێم باشە بۆ هەردوو بابەتی پێشنیازکراو دانیشتنی تایبەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووانگەی ماددەی (٦٥) ی یاسای ژمارە (١) ی (٩٢) ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەکەم کە ئەڵێ بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتنەکان و یەکلایی کردنەوەی کێشە چارەنووسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و دیاری کردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، بۆ خۆتان ئەزانن ڕۆژ بە ڕۆژ ئابلۆقەدانی هەرێم و دوایی بڕیارەکانی مەحکەمەی ئیتیحادی و هێرشی گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی یاسای لەسەر هەرێم توونـدتر ئەبێتەوە، قەوارەی هەرێم

جیاوازە لەوەی ئێمە رەخنە لە دەسەڵات ئەگرین و دژایەتی گەندەڵی ئەکەین، لە روانگەی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕگەیە داوای دانیشتنی پەرلەمان ئەکەم و پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر ئەو بابەتە بێتە سەر خەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، بایەتی پڕۆتۆکۆلی پەرلەمانی کوردستانی جارەکادی ب زاراڤا کرمانجێ دیتە نقیسینی کو ئەو ئاخافتنی ئەم دبیژین ل پڕۆتۆکۆلی نایەتە نقیسین، داخاز ژ جەنابیتە دکەم بۆ جارا دووی کەسەك بۆ زراڤا بیتە نقیسین، سوپاسدار بم، بابەتی دووی، ئەو دوو پڕۆژی یاسایی کە نەهاتن بەحس کرن هەردوو پڕۆژە یاسایی یەکن، پڕۆژە یاسا پاراستنی ئاژەڵ و مافی ئاژەڵی، پێ باشە ئەگەر هەردوو پڕۆژە یاسای لیژنا تایبەتمەند بکاتە یەك پڕۆژە یاسا و بەحس بیتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان ئەکرێتە یەك ڕاپۆرت، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی (٧٢) سەعاتی ڕابردوو بەداخەوە سێ جار هێرش کرایە سەر کێڵگەی غازی کۆرمۆرد، پێشتریش هێرشێکی ناڕەوا و دوژمنکارانە و تیرۆریستیانە کرابووە سەر شوێنی تر بە تایبەتی پایتەختی سیاسی هەرێم هەولێر، لەو روانگەیەوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەم بە هیچ شێوەیەك نابێ لە دەرەوەی ئەحداسەکان بێت، بەڵکو بگرە پەرلەمانی کوردستان پێویستە بەسەمەی خۆی هەبێت و ڕای خۆی هەبێت لەسەر ئەو پێشهاتە مەترسیدارانە کە هەم جومگەکانی ئابووری هەرێم ئەخاتە مەترسییەوە هەم خزمەت بە بەرژەوەندی وڵاتانێك ئەکات کە نایانەوێ هەرێم خاوەنی ئابووری بەهێزی خۆی بێت، پشتیوانی قسەکانی مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم پێویستە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی بەپەلە لەسەر ئەو بابەتە بکات و پێویستی بە یادداشت نییە، پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرمەبنای داواکاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوا لە لیژنەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و ناوچە کوردستانییەکان و وزە ئەکەین کە پێکەوە ڕاپۆرتێك لەسەر پەلامارەکانی ئەو دواییەی دامەزراوەکانی ژێرخانی وزە و بۆشایی ئەمنی و دزە کردنی تیرۆریستان و چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان ئامادە بکەن، دانیشتنێکی پەرلەمانی بۆ ئەکەین، وەرزی یاسادانان درێژ بکرێتەوە و نەکرێتەوە کە ڕاپۆرتەکە ئامادە بوو، ئێمە بە ئامادە بوونی حکومەتی هەرێم دانیشتنێك ئەکەین، داوا ئەکەین ڕاپۆرتێکی دەوڵەمەند بەرمەبنای سەردانی کردن و بەدواداچوون ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دانیشتنیکی باشی بەرهەمداری پەرلەمانی کوردستان لەو بارەوە ئەنجام بدرێ، فەرموو کا سەروان، با لیژنەی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ بێت.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو خاڵم هەیە، هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم لە خاڵی پەیڕەوی ئەو دەقەی پەرلەمانتار هەر لایەنێكی سیاسی هەیبێت مایكەكەی لەسەر ببڕن، حەقی خۆیەتی هەرچی ئەیڵێت، ناوی من سەروانە و ناوی تۆ دكتۆرە ڕێواز، بیر كردنەوەی من جیاوازە هی تۆ جیاواز، ناكرێ هەموومان بە یەك زار و یەك جۆر قسە بكەین، لەگەڵ بڕینی مایكی هیچ ئەندامێك نیم، دوو، پڕۆژە یاسای وا تەقدیم كرا بۆ لیژنەكانی موختەس بە مافی ئاژەڵ، دەباشە سێ ساڵە داوای دانیشتنێك ئەكەین لەسەر ئەرك و واجباتی پێشمەرگە كە شەرەفی میللەتی كوردیان پاراست، ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە خێزانەكانمان كەنیزەی ئەمیری داعش ئەبوون، كەچی تا ئێستا ئەو بڕیارە نەدراوە لیژنە ڕاسپێرن وەكو سەرۆكایەتی دانیشتنێكی تایبەت بكرێ بە ئەرك و واجباتی پێشمەرگە و لێرە چەندین جارە ئەڵێم پێشمەرگە خیزانی داوای جیابوونەوەی كردووە لەسەر ئەوەی ئەرك و واجباتی زۆرە، هەموومان با یەك دەنگ بین و یەكجار دیفاع لە پێشمەرگە بكەین، بۆ ئەوەی جارێكی تر مەترسی لەسەر هەرێم بوو پێشمەرگە ئەو ڕۆحیەتەی هەبێت دیسان خۆی قوربانی كوردستان بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا بەدریە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی خاتوو ڕوپاك ئەكەم سەبارەت بە مادده (٣٣١، ٣٣٣) بۆ ئوسولی مەحاكەماتی جەزائی سەبارەت بە ئازاد بوونی بە مەرج، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مادده (٥٦) بڕگە دوو كە ئەڵێ پێشیل كردنی یەكێك لە مادده و بڕگەكانی دەستوور و یاسا بەركارەكان یان یەكێ لە مادده و بڕگەكانی ئەو پەیڕەوە، مەفروزە سەرۆكایەتی پەرلەمان جەخت بكاتەوە لەسەر ئەو مافە یاساییەی سزادراوەن كە زۆرێك لە (٧٥) ی سزاكەیان تەواو كردووە، مافێكی یاسایی خۆیانە بۆیان دەستەبەر بكرێ، ئەوە زۆرترین سزادراو پێی سوودمەند ئەبێ لە لێبوردنی گشتی زیاتر سوود بە ئەو لۆدە زۆرە ئەگەیەنێ لەسەر چاكسازییەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گوتنێت مە گۆری ماددی (٤٧) ژ پەیڕەوی ناڤخۆیی پەرلەمانییە، دانانا بەرنامی كاری دەسەلاتا سەرۆكاتیا پەرلەمانی كوردستانیە، ڤیری زۆر پێ سەیرە پەرلەمانی كوردستانی تا ژ رادیی شیا مافین هاوولاتیان ژ مووچە و ئیمتیازات و پلە بەرز كردن و داواكارییێت وان جێ بەجێ بكات، هەتا ل بەرنامی كار پاراستنی مافین ئاژەلا خوێندنی یەكەمی بۆ بكات، گرنگە ئەم دەستپێكی مافین مرۆڤین پارێزین و ئمیتازاتیت وان بپارێزین، لەورا بە گرنگ دەبینین ئەو بابەتێن

پێویستی ژیانا هاووڵاتی بخرێته بەرنامی کاری نەك پاراستنا مافین ئاژەڵ، پشتگێری گوتنی سەروان هەرکی دکەم، پشتگێریا دانا بەرنامەیەکی کاری تایبەت بۆ پرسی پێشمەرگێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵم هەیە، یەك، سەبارەت بە یاسای ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) مافی پێکهاتەکان، پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم. دوو، لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانیم وەکو ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ ڕۆژانە تەلەفۆن دێت لە چاکسازییەکان، سەبارەت بە لێبوردنی گشتی داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو دانیشتنە ئەنجام بدات لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی (٨٠) جەختمان لە پێشنیازە بڕیارێك کردەوە کە یەکێ لە ماددەکانی دەست پێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەرانە، تکایە ئەو یادداشتە کەی دێتە پەرلەمان، بەپێی ماددەی (٦٦) لەسەر کێشەی بێکاری گەنجان یادداشتمان پێشکەش کردووە بە واژووی (٣١) ئەندامی پەرلەمان، لەسەر نادیاری داهات و یاسای بوودجە و قاچاخچیەتی خاڵە سنوورییەکان پێشکەشمان کردووە ئەوە (٢١) ڕۆژە، لەسەر کێشەی سووتەمەنی و بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و کێشەی کارەبای نیشتیمانی و گرانی نرخی یادداشتمان پێشکەش کردووە (٢١) ڕۆژە، لەسەر کێشەی خواردنەوەی ئاوی ماڵان کە نزیکەی یەك ملیۆن هاووڵاتی لە هەرێم ئاوی خواردنەوەی دەست ناکەوێت، ئەوانە کێشەی خەڵکە دانیشتنی تایبەت بکرێ، تکایە پشووی پەرلەمان یەك مانگ درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی کێشەی خەڵك بکەین بە ئامادە بوونی سەرۆکایەتی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە لە حاڵەت ئەبێ بە دیاردە لەسەر دەستی بەرپرسی نابەرپرس و بازرگانی چاوچنۆك لە جیاتی دروست کردنی زانکۆ و خوێندنگاو و ناوەندی ئەکادیمی تا ئەخیر ئێستا لە سلێمانی بەداخەوە قومارخانەکان هێندە زۆر بوون بە ئەندازەی هەموو ئەو ناوانەی هێنام زیادی کردووە، بە پێچەوانەشەوە لە هەولێر لەسەر دەستی ئەو ناوانەی هەم بازرگان و نا بەرپرسن یانە شەوانەکان و دیسکۆ زۆر بوون، داوا لە بەڕێزتان ئەکەم لیژنەیەکی تایبەتمەند دوروست بکەن بە پێی ماددەی (٤٣) بڕگەی دوو ئەوە هیچی کەمتر نییە لەو دزی و تاڵان کردنەی بە سەروەت و

سامانی ئەو وڵاتە، کەمتر نییە لە نەدانی مووچە، خوا ئەزانێ گەنج هەیە بە قەرز سەیارەی کڕیوە بە فێڵێك ئەخەڵەتێنرێ بە دەستی بەتاڵ ئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆمان بنووسە، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە هەر پڕۆژەیەك کە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ ئەنجامدا بۆ خوێندنەوەی دووەم لە کاتی خۆی بکرێ، پڕۆژەیەك پێشکەش کرابوو کە ڕای حکومەتیشی لەسەر وەرگیرابوو لەسەر گرێبەستەکان و بە هەمیشەیی کردنیان، ئەو پڕۆژەیە حکومەت داوای کرد ماوەیەك مۆڵەتی پێ بدەین، بەداخەوە تا ئێستا نەهاتۆتەوە هۆلی پەرلەمان، پێویستە پەرلەمان نووسراوی ڕەسمی هەبێ بۆ گەڕانەوەی ئەو پڕۆژەیە، هەروەها ئەنجامی پڕکردنەوەی ئەو فۆرمانەی بۆ ئامار کردن ئەنجامیان دابوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پشووی پەرلەمان نییە، پشووی وەرزی یاسادانان هەیە، هەموو لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەبێ دەوام بکەن، ئەبێ ئەندامان داوام بکەن، ئەو یاسایانەی ئێستا دەرئەچن بەرهەمی ئەو دوو مانگەی ساڵی ڕابردووە کە کاری تێدا کراوە یان پشووی ڕابردووە کە کاری تێدا کراوە، هەرکات ڕاپۆرتی هەر لیژنەیەکی پەرلەمانی سەبارەت بەو یادداشتانەی کراون ئامادە بوو لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار قسەمان کرد هیچ کێشە نییە کۆببوونەوە بکەین، لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان رائەسپێرین بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەتی ئەو پڕۆژە یاسا و پێشنیازە یاسایانەی کە تا ئێستا خوێندنەوەمان بۆ کردوون، بۆ ئەوەی لە (٩/١) بتوانین لە بەرنامەی کار، هەروا پڕۆژە یاسای گرنگمان هەیە کە یاسای پەروەردەیە لە کوردستان، پێش (٩/١) ئەو بابەتەمان یەکلایی کردبێتەوە دەنگمان لەسەر دابێت، لەبەر ئەوەی لە ناوەراستی ساڵ نەبێت و جۆرێك لە ئیرتیباك بۆ خوێندن دروست بکات، ئەو یاداشتەی ئێستا پێتان ئەڵێین یان ئەو ڕاپۆرتەی پێتان ئەڵێین سەبارەت بەو بابەتەی ئێستا بەڕێزان خیستیانە ڕوو بەو هێرشانەی ئەکرێتە سەر دامەزراوە نەوتییەکان لە هەرێم، ئەمن و ئاسایشی هەرێم، ڕاپۆرت ئامادە بکەن ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ ئەگەیەنین، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەردوو ئیختیارمان لەبەردەمە، درێژ کردنەوەی ماوەکە، بەڵام ئەگەر ڕاپۆرت حازر نەبوو مانگەکە لەسەرمان حسێب ئەبێت، مانگێکێشمان درێژ کردۆتەوە و ئامادەکاریمان نەکردووە، ئیختیاری دووەم، هەرکاتێ ئامادەکاری ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێی لیژنەکانی پەرلەمانەوە تەواو بوو ئەو بابەتانەی گرنگی وەختیان هەیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنی نائاسایی بۆ ئەکەین، لەبەر ئەوە با ئەوە نەچێتە ناو ڕای گشتی کە پشوو هەیە، ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و فەرمانبەرانیش ڕۆژانە دەوام ئەکەن، تەنیا ئەوەیە کە پابەند نین هەفتانە دانیشتن بکرێ، بەڵام ئەگەر گرنگ بی و پەیوەندیدار بێ بە قەوارە و ژێرخانی ئابووری کوردستان لە سەرۆکایەتی هەموو ڕۆژ لێرەین ئێوەش ئەزانن، ئەوکات دانیشتنی نائاسایی ئەکەین، بەلام درێژکردنەوەی مانگێك بی ئەوەی هیچ ڕاپۆرتیك حازر بی حیساب کردنی مانگێکە لەسەر پەرلەمان بێ بەرهەم، ئەوەی دووەم

بكەین باشترە، حازربوو پێمان بڵێن حازرە و ئیعلانی جەلسە ئەکەین، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار ئەکەین، بـریتییە لە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ ئەو پێشـنیاز و پـڕۆژە یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان ئەکەیـن دەنـگ بـدەین لەسـەر ئەوەی خـاڵی دووەم دوای بخەیـن لەبەر ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان لە حکـومەتی هەرێـم لەبەر گرنگـی ئەو پـڕۆژە یاسایە داوایان کردووە دەرفەتیان پـێ بـدەین هەنـدێ لە تێبینـی خۆیـان بنێـرن، ئەو بەڕێـزانەی لەگەڵ ئەوەن خاڵی یەکەم دوا بخـرێ؟ پەسـند کـرا، ئێسـتا دەسـت بە جـێ بەجـێ کردنـی خـاڵی دووەم ئەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی و ووزە ئەکەین بفەرموون.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرجاری دەستی خۆ بلند کەم تەئکید ناڤی مـن ژی تێـدایە نـیکە ئەز دەسـتی خـۆ بلنـد کەمەڤە، بڕیارا ژمارە ( ١٤) یا وەزارەتی داڕایی دەرچـووی دەربـارەی شایسـتیت دارایـی وانەبێـژان، حەتـا نوکە وەکو دروستاهی نەکەتیە بواریـت جـێ بەجـێ کـردن، تـا نـوکە شایسـتەیت مانگـا چـار ژی مامۆستایت وانەبیژ نەهاتیە دابەش کرنی، بەر هندی داخازی دکەین لیژنە داڕایی بیتە ڕاسپاردن کو بەدواداچوونی بۆ ڤی بڕیاری بکات، نەوەك حەزا وەزارەتەکی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خاڵی یەکەم، فەرموو ڕاپۆرتی لیژنەی وزە، ڕاپۆرتی راستێندراو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی.

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی چوار شەمە ڕێکەوتی (٢٢-٦-٢٠٢٢) کاتژمێر (٤) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەسـتی پێـداچوونەوە و داڕشـتنی یاسـای و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەکـان لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا کارپێکراوەکـان بە پێـی حوکمەکـانی مـاددەی (٨٥) بڕگەکـانی یەکەم و سێیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سروشـتییەکان و پیشەسازی و بازرگـانی بـۆ خوێنـدنەوەی دووەم سـەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عیـراق، لیـژنەی یاسـایی ئەو داڕشـتنانەی خـوارەوەی پێ پەسندە:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاپۆرتەکە بکرێ بە بنەمای موناقەشە؟ فەرموو عینوان.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢٢) (٢٠٠٧):

ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار ئەکرێت و بەو شێوەیە:

ماددەی چوارەم:

١- ئەنجومەنی هەرێمی بەو شێوەیە پێك دێت:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ناونیشان قسەی هەیە؟ (دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابو بەکر، مامۆستا عمر، مەلا ناصر، نەجات خان، کاك بەڵێن، کاك محسن)، فەرموو کاك محسن.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڤیری پەیڤا یاسای هەمواری یەکەمی یاسای، هەموار تنی بەس نینە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

وەختی نەبوونی شوێنێت یاسایی خیندی بەس تەنیا وتی نەوت نەوتی گاز، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەلین.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر کۆی گشتی یاساکەیە، ئەو پڕۆژە یاسایە هیچ ئەجوائێکی دیار نییە، ئامانجێکی نییە، زیاد کردنی ئەندامێکی بەڕێز بۆ لیژنەیەك کە لە ماوەکانی ئەو (٣) ساڵەی ڕابردوو لە کابینەی نۆ تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە کۆنەبۆتەوە، ئەگەر قسە لەسەر هەمواری یاسای (٢٢) (٢٠٠٧) بی کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی زۆر گرنگتر هەن کە پێویستیان بە هەمواری یاساکەیە بە تایبەت ئەوەی کە لە خاڵی شەش لە بڕگەی (١) لە ماددەی (٣٧) هاتووە تایبەت بە خەرجی گەڕاوە، ئەوەی تا ئێستا تێبینی زۆری لەسەرە لە مەسەلەی زۆری ئەو داهاتەی نەوت کە بۆ خەرجێ ئەڕوات کە (٤٥٪) بۆ نەوتی خاو و (٦٠٪) بۆ غازی سروشتی، حکومەتی هەرێم بە پێی ئەو یاسایەی بەرکارە نەیتوانیوە کۆمپانیای کوردستانی و نیشتیمانی نەوت هیچی دروست بکات، ئەوە گرنگتر بوو، ئێستاش پێنشیاز ئەکەم ئەگەر گرنگە هەر هەموارەکە هەر بکەین کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی تر هەیە پێوستی بە دەستکاریە لە پێناو بەرژەوەندی کەرتی نەوت و دۆسیەی نەوت لە هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت، پێویستە بکرێتە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شیرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو هەموارە ئەنجومەنەکە چوار ساڵە کۆ نەبۆتەوە لەبەر کێشەی حیزبی بۆ ئەوەی دوو پارتی بەرامبەر بە دوو یەکێتی و گۆڕانێك نەمێنی و ببێ بە سێ پارتی و دوو یەکێتی و گۆڕانێك لە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز، ئەو هەموارە تەنیا باس لە موحارەسەی حیزبیە، لە بڕی ئەوە ئەمانەوی هەر لەو هەموارە تەعدیلی بڕگەی گرێبەستە نەوتییەکان بکرێ، پرۆژەمان بۆ ئامادە کردووە، لەو هەموارە ئەمانەوێ داخلی بکەین، دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتیمانییەکان تەفعیل بکرێ، لە (٢٠١٥/٥/١٠) بەڕێزت پەرلەمانتار بووی یاسای سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان و گازییەکان سەرۆکایەتی هەرێمیش ئیقراری کرد، تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، یەعنی چی بێین موحاسەسەی حیزبی بکەین بە هەموار لە کاتێکدا یاسای سەندووقی کوردستان و دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتیمانییەکان پەیوەندی بە شەفافییەت و کەرتی نەوت و گاز ئەو گەندەڵیانەی هەیە هەر لە گرانی بەنزین و موشتەقاتی نەوتی ولا بخەین و موحاسەسەی حیزبی بکەینە هەموار، بۆیە ئەمانەوێ لەو هەموارە تەعدیلی ئەو ماددانەی پەیوەندی بە گرێبەستە نەوتییەکان و شەفافییەت و دامەزراندنی چوار کۆمپانیای نیشتیمانی بۆ نەوت و گاز ئەنجام بدرێ و لێرە جێی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠ تا ١٩) ی ئەو یاسایە تەعدیل کراوە لەلایەن حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز، فەلسەفەی هەموارێك چییە کە یەك کەس بۆ ئەنجومەنەکە زیاد بکات؟ ئەو ئەنجومەنە لە ماوەی ڕابردوو چەندین پرسیارم بۆ ناردوون هەر جواب نادەنەوە تا وەڵامی خەڵکی کوردستان بداتەوە لە ڕێگەی نوێنەرەکان، پاشان کوا کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت؟ (١٥) ساڵە ئەو یاسایە دەرچووە، کوا کۆمپانیا نیشتیمانی بۆ نەوت و بەبازاڕ کردنی، بۆ پرۆسەی پاڵاوتن، ئەو هەموو پاڵاوگە نایاساییە هەیە کە ژەهر ئەکەن بە قورگی خەڵك، سەرۆك و جێگیر یەکێ بێتە ئێرە پێمان بڵێ حیکمەتی ئەو یاسایە چییە؟ ئێستا دادگای فیدراڵی بەغدا هەڵوەشاندۆتەوە، ئایا پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەمانەوێ دژایەتی فیدراڵی بکەین؟ مەحکومین بەو دادگاییەی هەیە، دوو نوینەری هەرێمی تێدایە ئەگەر ئیعترافی پێ ناکەین، ئەو تەحەدا کردنەی فیدرالی خراپ بوو، نەدەبوو بێتە پەرلەمانی کوردستان، ئەبوایە ڕێك بکەوین لەسەر دۆسیەی نەوت، خەڵك نە بەرمیلێك نەوتی دەست ئەکەوێ، لای کەم ( ٥٠٪ ) بێتە داهات بۆ خەڵکی هەرێم، گازی پاك نەنێرێتە دەرەوە و گازی ژەهراوی بدەیتە خەڵك، بریا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نووسراوێك بۆ حکومەتی ناردبایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو سەلاحیەتەمان نییە بە پێی پەیڕەو، فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر جەدوای ئەو هەموارەیە، یاسای ژمارە (٢٢) (٢٠٠٧) چوار ماددەی (١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٥) بە هیچ شێوەیەك جێ بەجێ نەکراوە، یاسای سەندووقی نەوت و گاز کە (٧) ساڵە دەرچووێنراوە بڕگەیەکی جێ بەجێ نەکراوە، مەحکەمەی ئیتیحادی هەڵوەشاندۆتەوە و خۆشمان جێ بەجێی ناکەین، ئەبوایە لە جیاتی ئەوەی هەمواری بکەینەوە وەکو تەحادایەك بڕۆیشتاین لەگەڵ بەغدا گفتوگۆمان کردبووایە و نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا وەکو مەرجێکی گفتوگۆ زەختیان لە هێزە سیاسییەکان کردبوایە کە یاسای نەوت و گازی عێراقیش دەرکەن، بۆ ئەوەی ئەو کێشانە لە ڕێگەی یاسا و دەستوورەوە یەکلایی بێتەوە، تەنیا بڕگەیەك لەو یاسای بگرین و کۆی ئەوانەی تر فەرامۆش بکەین سوودی چییە جگە لە ئالۆز کردنی کێشەکان کە باجەکەی خەڵکی کوردستان ئەیدات، پێم بڵێن سوودی چییە بۆ خەڵکی کوردستان لە کاتێکدا کە سێ ساڵە ئەنجومەنەکە کۆ نەبۆتەوە، بڕگەی دووەمی خودی ماددەکەی جێ بەجێ نەکردووە، ئەوەی لە ماددەی چوارەم سێ خاڵی دەستنیشان کردووە بۆ ئەنجومەنی نەوت و غاز، بەو ئەرکانە هەڵنەستاوە لە ڕابردوو، کەی کێشەی ئێمە نیساب و بڕیاردانمان هەیە؟ ئەو شتانە لە کوردستان لە ڕابردوو بە تەوافوق بووە، زۆرینە کێ بێ و نەبێ گرفت نەبووە لە خولەکانی پێشووش لە وەتی ئەو ئەنجومەنە دروست کرایە، ئەبوایە ئەو بابەتە ڕاگیرایە، تاکو کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا یەکلا ئەکردەوە، نەك بە و زمانی تەحەدا قسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگێری وان ئاخافتنی دکتۆر شیرکۆ و مامۆستا عمر و مامۆستا دابان و مامۆستا ئەبو بەکر دەکەم، ڤی یاسا ئاشکرایە فەلسەفا دەرکەفتنا ڤی هەمواری بیژیتن لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوە، یەعنی چ دووبارە ڕێکخستنەوە؟ ڕێکخستی بوو؟ چەند ساڵە نەرۆیشتیە خارێ، موحاسەسە حیزبیە، ژ بەر هندێ ئەز گەل هەموار کرنا ڤی یاسا نیم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی یەك فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە:

ماددەی چوار:
١- ئەنجومەنی هەرێمی بەو شێوەی خوارەوە پێك ئەهێنرێ:
١- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران – سەرۆك
٢- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران- جێگری سەرۆك
٣- وەزیری سامانە سروشتییەکان- ئەندام.
٤- وەزیری دارایی و ئابووری- ئەندام.
٥- وەزیری پلاندانان- ئەندام.
٦- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران- ئەندام.
دووەم: ئەنجوومەنی هەرێمی بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆ ئەبێتەوە و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەرئەکات، لە کاتی یەکسانی نەبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێش ئەخرێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك مەم، کاك عباس، کاك عەلی)، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕای من بەشێکی ئەو قسانەی لەسەر ناونیشانەکە کرا لێرە زەڕووره بکرێ، ئەمەوێ زیاتر ڕۆشنایی بخەمە سەر ئەوەی ئایا لە ڕێی ئەو هەمواری هەموار ئەکرێتەوە لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان داوایان لێ ئەکەم ڕوونی بکەنەوە ئایا کێشەی چارەسەر بەنزین و بەرز بوونەوەی نەوتی سپێ مالان کە سەڕووی ( ٢٠٠ ) هەزار بەرمیلێك، ئەو کێشانەی لە کوردستان هەیە و پەیوەندی بە ناکۆکی نێوانی هەرێم و بەغدا هەیە لەسەر مەسەلەی ئەو یاسایە، چارەسەری ئەکات؟ پەرلەمان مولزەم بێت، کۆی ئەو هەموار کردنەوە دوو شتە، کابینەیەکی حکومەتمان هەیە لە هاوپەیمانییەتی سەرەکی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکانە، لەو ئەنجومەنە پێشتر تا ئەو ساتە (٣) ئەندامی لە دەرەوەی پارتییە و (٢) ئەندامی پارتییە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان، لە بڕگەی دوای ئەوە ئەگەر یەکسان بوون، بەڕێز سەرۆکی دیوان کە ئەبێتە دیوان ئەو بڕیارە تەواو بۆ ڕێکەوتنی حیزبی کراوە، پێم وایە هەموو ئەوانەی بەڕێزان باسیان کرد داعی نییە لە هەموار کردنەوەیەکی لەو جۆرە سەرەڕای ئەوەی ئیشکال لەسەر ئەو یاسایە دروست بووە هەم لە دادگای فیدرالی و هەم بەغدا، بۆیە ئەو ماددەیە کێشەی کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە (٣) ساڵی ڕابردوو ئێستا ئەکرێ، ئایا ئیتر ئەنجومەنی نەوت و گاز کۆئەبێتەوە و بڕیارەکان یەکلائەکرێتەوە، هێزێکی سیاسی ئەیەوێ یان بە ڕێکەوتن بڕیار ئەدرێ، بە ڕای من ئەو هەموار کردنەوە هیچ خزمەتێکی کۆی ئەو پرۆسەیە ناکات، ئەرکێکە ڕووبەڕووی پەرلەمان ئەکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ پەرلەمان وەکو ئەوەیە........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە هەموار کردنی ئەو ماددەیە هەم لە ڕووی عورفی قانوونیەوە عادەتەن ئەو لیژنەی پێکهاتووە تاك بووە، هۆکاری زیاد کردنی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو لیژنەیە ئەگەر سیاسی نەبێت قانوونی نییە، ئەوە کاروباری کارگێری ئەنجومەنی وەزیران ئەکات، دوو، هۆکارەکەی ئەبوو کاتێکی گونجاو نییە، هەم لە کابینەی نۆ هیچ کات ئەو ئەنجومەنە کۆنەبۆتەوە بۆ ئەوەی گرفتەکانی نەوت لە نێوانی هەرێم و عێراق، ئەگەر سەیری هۆکارەکانی دەرچوواندن بکەین هیچ گرنگییەك نابینین بۆ دەرچوواندنی ئەو یاسایە، ئەکید کردنەوە لەوەی سەرۆك لەو یاسایە ئەبێ بە دوو دەنگ لە کاتی یەکسان بوون ئەوە هۆکاری هەموارکردنی ئەو یاسایە زۆر زەق کردنەوە ئەکاتەوە کە سیاسیە و یاسایی نییە، پێم وایە بە بێ ئەو هەموار کردنە کۆبوونەوەکانی خۆی بەردەوام بکات و کاروباری بڕوێندرێ، کێشەی دەنگ و ململانێی سیاسی دروست نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی کاك مەم، ئەو پڕۆژە هاتووە لەگەڵ هیچ لایەنێکی فەرمی کۆبوونەوەمان نەکردووە، هی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش لیژنە ئەبێ ڕاپۆرتی لەسەر بکات، جا هەیە تێبینی هەیە لەسەری، من تێبینی یاسایی و پرسیارم هەیە، کەس نەبووە بیکەم لێی، بەردەوام موتابەعەی دۆسیەی نەوتم ئەکرد، تەنانەت یەکەم گرفت هات ئەو کاتە پێشنیاری ئەوە بوو وەزیری کارەبا ئەندام بێ تێیدا، چونکە لە ٩٠٪ کارەبای کوردستان پشت بە نەوت و غاز ئەبەستێ، بۆ وەزیری کارەبا نەبووە، لە ڕووی یاسایشەوە پرسیارم هەبووە، بریا بەرپرسێکی حکومەت لێرە بووایە جوابمان بداتەوە، ئەوەی کردوومانە ئەوە چییە ئەڵێن ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز کۆنەبۆتەوە، قەرارە دوای ئەو هەموارە کۆببێتەوە، ئەگەر کۆببیتەوە وەڵامی ئەداتەوە، لیژنە زیاتر لە (١٠) جار داوای کۆبوونەوەمان لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز کردووە نەکراوە، لەبەر ئەوەی خۆی کۆنەبۆتەوە، بۆ پرسی بەنزین و گازوایل و غاز و ئەو دۆخەی ئێستاش هەیە، قەرارە لە هەفتەی ئایندە دوای ئەو هەموارە کۆببێتەوە، وەکو خۆم ئێستاش پرسیاری یاسایی و ئیداریم هەیە، بەڵام وەکو لیژنە ئەبێ ڕاپۆرت حازر بکەی، هەیە تێبینی هەیە لەسەری، لە کاتی ئیمزا کردنیش ئەوەشمان تۆمار کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی دوو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی ئەگەر لەو شەش کەسە چواریان ئامادە بوو، ئەوە بوو بە زۆرینە و ئەتوانن کۆببنەوە، ئەی چوار ساڵە مەبەستم لە ئاخیر کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەیە، کە چوار ساڵە کۆ نەبۆتەوە چی؟ ناکرێ لەو هەموارە ئەوەش ئیزافە بکرێ لە حاڵەتی کۆنەبوونەوەیان، ئەوە تەعتیلی هەیئەیەکی بە ناو قانوونییە، بۆیە ئەبێ شتی دیاری بکرێ کە لە حاڵەتی کۆنەبوونەوە لەگەڵ بوونی زۆرینەکە ئەبێ ئیجرائاتێك دیاری بکرێ، چونکە ئەنجومەنێك چوار ساڵ بەو هەموو کارەساتانەوە کۆ نەبێتەوە مەعنای تەعتیلی یاساکەی کردووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان نابی مەوقفی هەبێ؟ مەفروزە سکالایان بەرامبەر بکرێ، بدرێن بە دادگا، بۆیە ئیزافەی بڕگەیەکی سزایی بۆ کۆنەبوونەوە واتە تەعتیل کردنی جێ بەجێ کردنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش مولاحەزەم هەبووە، ئەکرێ بە پێشنیارێك بێ، ئەو ئەنجومەنە بەرزترین دەسەڵاتی نەوتی و غازییە لە هەرێم، بە پێی ماددەی (٢٥) هیچ گرێبەستێکی نەوت بەبێ پەسند کردنی ئەو ئەنجومەنە تێناپەڕێ، ئایا کارەکانی ئەو ئەنجومەنە گرنگتر نییە لە کارەکانی شەریکاتی نەوت ئەوەی قەرارە دروست بکرێ، ئەو ئەنجومەنە هەر بدرێ بە پەیڕەوێك خۆی دروستی بکات یان ئەکرێ بە ماددەیەك جێ بەجێ بکرێ کە قانوونێکی تایبەت بە کاری ئەو ئەنجومەنە دروست بکرێ، پەیڕەویشی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتیگی ئیجرائییە، ئەگەر یەکێ لە برادەران و خۆشم تێبینیم لە هەندێ مادده هەبێ بە پێشنیارە یاسا ئەتوانن بەرزی بکەنەوە، بە کۆی ئەنجومەنی وەزیران دەنگی پێدراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کێ قسەی هەیە؟ (مامۆستا عمر، کاك مەم، موژدە خان، دکتۆر شێرکۆ)، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانین دادگای باڵای فیدرالی بڕیارێکی دەرکرد بە هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایە، حکومەتی هەرێم نەچووە ژێرباری ئەو بڕیارە، ئەوە پرسێکی سیاسیە بەجێدێڵین بۆ ئەولا، ئێستا کاتی لەو بڕگەیە ئەڵێ کار بە دەقی هیچ بڕیارێك و یاسایەك ناکرێ، بەپێی دەستووری عیراق بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرال بڕیاری ئیلزامین، ناتوانی تانەی لێ بدەی، ئەو بڕیارە تۆماتیك ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لێرە کە کار بە هیچ دەقێك ناکرێ یەعنی کار بە دەقی دادگای فیدرالی ناکرێ، پێو وایە دادگای فیدراڵی دیسانەوە کاردانەوەیەکی بەرامبەر ئەو ئەزموونە هەبێ کە ناوی پەرلەمانی کوردستانە کە بڕیارێکی ئەو لە زمنەن ڕەت ئەکاتەوە، پێم وایە کار بە دەقی هیچ یاسایەك ناکرێ ئەکرێ دەرچەی تری بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەست بڕیاری تەشریعیيە، موژدە خان.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی منیش سەبارەت بە دادگای فیدراڵی دوو ئەندامی کوردی تێدایە کە ئەو بڕیارە دراوە و واژووشیان هەیە، ئەوە چۆن ئەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای مولاحەزەکەی پێشووم، پێم باشە ماددەیەك زیاد بکرێ، یان پێش ماددەی دوو یان دوای ئەو، ئەویش ئەوەیە ( ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز لە ماوەیەك لە (٣) مانگ تێپەر نەکات) ئەو کۆمپانیا نیشتیمانییانەی لە ماددەی (١٠تا ١٩) هاتوون لە ئەسڵی یاساکە دروست بکات، بۆ

ئەوەی کۆمپانیا نیشتیمانییەکان جێگەی کۆمپانیا بیانییەکان بگرنەوە کە بەشێکی زۆری داهاتی نەوت بۆ خەرجی ئەو کۆمپانیایانە ئەڕوات، لای کەم پارەکە بێتەوە بۆ گیرفانی خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامییە، پەیوەندی بە بڕگەی پێشوو هەیە، من و کاك عەلی موداخەلەمان کرد، پێشنیارەکانمان ئەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە لە ڕۆژی دەنگدان، سەبارەت بەو بڕگەیە ڕاستە باس لە تەشریعە، بەڵام ئەزانی دەستوور ئەولاترە لە قانوون، بەپێی دەستووری مەحکەمەی ئیتیحادی کە خۆمان تێبینیمان هەیە لەسەر بڕیارەکەی، بەڵام لە کۆتایی بڕیارەکەی باتە، ئەو یاسای نەوت و گازە ڕەفز کراوەتەوە لە مەحکەمەی ئیتیحادی، کاتی دێین ماددەیەك دائەنێین موخالەفەی تەفسیری مەحکەمەی ئیتیحادی بۆ ماددەیەك (١١٢) ی دەستوور ئەکەین ئێمە پێشێلکاری دەستوور ئەکەین، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی، بۆیە ئەم ماددەیە زیادە، ئاسەواری قانوونی و دەستووری سلبی ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باسی دادگای فیدراڵی ئەکرێ، باسی دەستوور ئەکرێ، کاتی (٥٥) ماددەی دەستووری بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم و خەڵکی هەرێم پێشێل کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەو دادگا فیدراڵییە لە کوێ بوو بەرگری لە حەقی کوردستان بکات، کاتی لە ناوچە کوردستانییەکان گوندی کوردییەکان داگیر ئەکرێن و خەڵکی کورد شەهید ئەکرێ ئەو دادگایە لە کوێیە؟ کاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقییەوە هێرشی ئەکرێتە سەر، کاتی پایتەختی کوردستان لەلایەن هەندێ هێزی لە یاسا دەرچوو ئەکرێتە سەری لەکوێیە؟ کاتی بەنزین و مووچەی خەڵکی کوردستان ئەبرێ لە کوێیە ئێستا لە نێو پەرلەمانی کوردستان خەریکە وەکو لۆبیەك پاڵپشتی لە بڕیاری دادگای فیدراڵی قسەی لەسەر ئەکرێ، ئەو هەموو مافەی هەرێم پێشێل کراوە دادگای فیدراڵی لەکوێ بوو لە یەك حەقی خەڵکی کوردستان تا من دادگای فیدراڵی بە هی خۆم بزانم، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە و لێرە لەسەرمانە بەرگری لە حەقی خەڵکی کوردستان بکەین، نەك ببینە مودافیعی دادگای فیدراڵی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە ناو هۆڵی پەرلەمان مەبەستیان نییە ڕەواییەتی ئەدەن، مەبەستیان حەزەر و وردەکارییە، لە ڕووی قانوونییەوە، لە ڕووی دەستوورییەوە ئەگەر نادەستووری بێت ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە بۆ تەعن کردن، پڕۆژە یاسا کە باس ئەکرێ مەتعون نابێ بەوەی دەستوورییە

یان نا دەستوورییە، کە بوو بە یاسا ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە ئەوەی تەعن بکات، مەحکەمەی دەستووری بڕیار ئەدات چی دەستوورییە و نادەستوورییە، ئەچینە ماددەی چوار.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار:

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی جێ بەجێ ئەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بڵاوئەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست ئەکەم پەلە پەلی پێوە دیارە لە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، ئەو ئەنجومەنە کۆنەبۆتەوە، هۆکاری ئەو پەلە کردنە چییە پێش بڵاوکردنەوەی کە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانیشە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراو کە ئەو ماددەیە ئیلزام کراوە دایبنێ، بۆیە هەمان تێبینی کاك عەباسم هەیە کە لە ماددەی یەك وتی، پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی هەرێمی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عیراق و دیاری کردنی میکانیزمی گرێدان و دەنگدان تێیدا ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر کۆی یاساکە تێبینیم هەیە کە پێویست نییە لەو کاتە، هۆیەکانی دەرچوواندنیش دیارە ئەو ئەنجومەنە بێ هۆیەکانی دەرچوواندن نەیتوانیوە خۆی ڕێکبخات، یان میکانیزمی دەنگدان یان گرێدانی کۆبوونەوە بێ ئەو هەموارە نەیتوانیوە، ئەی بۆ ئەیکتیڤی نەکەین نەك هەموار، چونکە هۆیەکانی دەرچوواندن خەلەلی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن هیچم نییە، بەڵام وەکو لیژنە خەریکی ڕاپۆرت بووین، قسەیەکم هەبوو لەسەر دادگای بە ناو فیدراڵییەوە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەمان تێپەراند، فەرموو سەرۆکایەتی لیژنەی وزە، فەرموو سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی، خاڵی دووەم جێ بەجێ ئەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٨) ی (٢٠٠٨)، فەرموو، لەگەڵ ئەوەن ڕاپۆرت بکرێتە بنەمای موناقەشە؟ فەرموو ناونیشان.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٢) کاتژمێر (٤) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسا و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسای کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی (١، ٣) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠٨) لیژنەی یاسایی ئەو داڕشتنەی خوارەوەی پێ پەسندە:

ناونیشان: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠٨).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو ماددەی یەك.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك:

دەقی ماددەی (٤٢) ی دووەمی یاساکە هەموار ئەکرێت و بەو شێوەیە:

١ - لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزاییەکی توندتر کە لە یاسایییەکی تر دەقنووس کرابێ، هەرکەسێ سەرپێچی بکات بۆ حوکمەکانی ئەو یاسایە یان ئەو پەیڕەو و یان ئەو ڕێنماییانەی

بەپێی ئەو یاساییەوە دەرئەچن بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت یان پێبژاردنێك لە (١٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردووکیان سزا ئەدرێت.
٢- ئەو سزاییەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەق نووس کراوە لە کاتی دووبارە گەرانەوە بۆ تاوان دوو هیندە ئەکرێت.
٣- سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕایئەسپێری لە بەڕێوەبەڕایەتی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگەکانی و ئیدارە سەربەخۆکان ئەوانەی سەرپێچییەکەی کە ڕوویداوە ئەتوانێ هەر پێبژاردنیکی دەقنووس کراوە لە بەندی یەکەمی ئەو ماددەیە بسەپێنری بەو مەرجەی لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لەگەڵ پێشیل نەکردنی هەر سزایەك توندتر کە لە یاسای دیکە دەقنووس کرابێ، ئایا پێویست ناکات کە ئاماژە بە یاساکە بکرێ، پێم باشە ئاماژە بەو یاسایانە بکرێ، یاسای دیکە کام یاسایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر یاسایەکی پەیوەست بە ژینگە، ئیشارەت پێدانی زەرەری پرۆسەکەیە، ئێستا ناوی قانوونێك نەهێنین، بەڵام لە راستیدا سزایەکی تێدابێت، ئەو عقوباتانە زیاتر ئیدارین، بۆ پێشیل نەکردنی عقوباتی جەزائییە، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

کار بەدەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە دا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دواتر.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر ئەو پێشهاتانەی لە دوای دەرچوونی یاساکە کە لە ساڵی (٢٠٠٨) هاتۆتە ئاراوە و بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو سزایانەی لە یاساکەدا هاتوون بەو شێوەیە ئەبێتە مایەی پابەند بوون بە حوکمەکانی ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ بەو شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئەهێنین، ڕۆژی چوارشەمە سەعاتی (١) کۆبوونەوەیە.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی
چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢\٦\٢٩
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٩

كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٩) پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨)و بڕگەكانی (١ و ٢ و٣ و ٤و ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨،)، بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێككەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٩ بەم شێوەیە بێت:

دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠ و٩١ و ٩٣ و ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١- پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق ژمارە (٨) ی ساڵی/٢٠٠٨.

دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادكردنی بڕگەیەك بەڕێزبەندی دووەم بۆ بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی چوار شەممە ڕێككەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٩ بەم شێوەیەی خوارەوە:

خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەی (٧٩ و٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١- پێشنیازە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی كوردستان.

٢- پێشنیازە یاسای سەندیكای بایۆلۆجی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٠) وەرزی بەهارە، ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ ئەكەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە بەداخەوە دەستێكی نەگریس دەستی چووە خوێنی دوو مامۆستای زانكۆی سەلاحەدین، وێڕای دووبارە بە توندی ئیدانە كردنی ئەم تاوانە قێزەونە، سەرەخۆشی پەرلەمان ئاڕاستەی سەرجەم زانستخوازان و مامۆستایانی زانكۆ و خزم و كەسوكاری خوالێخۆش بووان (د.كاوان اسماعیل/ ڕاگری كۆلیژی یاسای زانكۆی سەلاحەدین و د. ادریس حمەخان/ مامۆستای كۆلیژی ئەندازیاری)

ئەکەین و باپێکەوە دەقیقەیەك بە پێوە بە بێ دەنگی بوەستین بۆ روحی پاکیان، بەڵێ زۆر سوپاس، کۆبوونەوەکەمان بە دەرفەتدان بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەست پێ ئەکەین بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨)و بڕگەکانی (١ و ٢ و٣ و ٤و ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨،)، بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی بەهارەیساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ریککەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٩ بەم شێوەیە بێت:

١- دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و٩١ و ٩٣ و ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٨) ی ساڵی/٢٠٠٨.

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادکردنی بڕگەیەك بەڕێزبەندی دووەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٩ بەم شێوەیەی خوارەوە:

خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەی (٧٩ و٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١- پێشنیازە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان.

٢- پێشنیازە یاسای سەندیکای بایۆلۆجی هەرێمی کوردستان..

پوختەی دانیشتنی ژمارە/٩ ی ئاسایی حوکمی بڕگەی/١ ی ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان،

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی برگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤- دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.
٥- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە.

١- پێشنیازە یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.
٢- پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی ئاژەڵان.

٦- دواخستنی خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی و واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی/٢٠١٢ ی هەرێمی کوردستان.

٧- خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە:

١- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان.
٢- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی/٢٠٠٨.

٨- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، بیانووسە، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی ووزە ئەکەین بێنە شوێنی خۆیان، دوای دەنگدانەکان بەسەرچاو، هەمووتان وەرئەگرین بەسەرچاو، لیژنەی وزە، بەڵێ سەرۆکی لیژنەی یاسایی یەکسەر دەست بە پرۆسەکە بکە، بەڵێ سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی لیژنەی وزە فەرموون، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وزە و سامانە سرووشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی، ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٧ کاتژمێر (٢)ی نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی/٢٠٠٧ لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی/٢٠٠٧ .

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەم شێوەیە لێ بکرێت، پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی/٢٠٠٧.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ یەکەمە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ دووەمە؟ پەسەند کرا، بەڵێ گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) دوو پێشنیار هەیە

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە لابدرێت.

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی ماددەی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١) دوو پێشنیار هەیە، ڕەئییەك هەیە ماددەکە لابدرێت، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە فەرموو؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی فەرموو دەست بەرز بکاتەوە؟ پەسەند کرا، کلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی

مادده (١):

ماددەی (٤) یاسایەکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان خان ماددەی (٢)؟ فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ماددەی (٢ ) وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵ فەرموون دەست بەرز بکەنەوە؟ پەسەند کرا، ماددەی (٣ ) فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٣) هیچ پێشنیارێك نییە و وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی؟ پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە

پێشنیاری یەکەم/ ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێ بەجێ دەبێ.

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیارمان هەیە هەر بەڕێزێـك لەگەڵ یەکەمە؟ یەك ئەندام، هەر بەڕێزێك لەگەل دووەمە بەڕێزان؟ پەسەند کرا، هۆکارەکان؟ فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێنـاو دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی پێکهـاتەی ئەنجـومەنی هەرێمـی نەوت و گـازی هەرێمـی کوردستانی عێراق دیارکردنی میکانیزمی گرێدان و دەنگدان تێیدا ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنە وەکو خۆی؟ بەڵێ پەسەند کرا، فەرموون، سەرۆکی لیـژنەی یاسـایی بۆمـان بخـوێننەوە زیـادەکە، داوای زیـادەیەك کـراوە لە ڕاپۆرتەکەتـان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەك هەبوو بۆ ئیزافەکردنی ماددەیەکی سەربەخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

پێویسـتە لە مـاوەی سـێ مانـگ دا ئەو کۆمپانیـا نیشـتمانییانەی تـایبەتن بە نەوت و گـاز کە لە یاساکەدا هاتوون لەڕێککەوتی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەوە دروست بکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ کـێ لەگەڵ ئەو مـاددەیەیە؟ یەك کەس، کـێ لەگەڵ کـۆی یاسـایەکەیە بەڕێـزان؟ بەڵـێ بە دەنگـی (٧٩) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، ئەوەی تـر سـەرۆکایەتی لیـژنەی وزە فەرمـوون، سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی؟ فەرموون بەڕێزان؟ فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری تەندروستی ژینگە و مافی مرۆڤ ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٧) کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کـردن و داڕشـتنەوەی ئەو پێشـنیازانەی کە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـکەش کـراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای پاراسـتن و چـاککردنی ژیـنگە لە هەرێمـی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨ دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دوای گفتوگـۆ کـردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتن بەم ئەنجامەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان هـیچ پێشـنیارێك نیـیە و وەکـو خـۆی یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیازێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە فەرموون دەست بەرز بکەنەوە؟ بەڵێ پەسەند کرا، ماددەی/١ فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە.

ماددەی (١):

دەقی ماددەی (٤٢)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١/ لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسای دیکە دا دەق نووس کرابێت، هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان ئەو پەیڕەوییە یان ڕێنماییەی بەپێی ئەم یاسایە کە دەردەچن بکات بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت یان بە پێ بژاردنێك لە (١٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.

٢/ ئەو سزایەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقنووس کراوە لە کاتی دووبارە گەڕانەوە بۆ تاوان دەبێتە دوو هێندە.

٣/ سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕای دەسپێرێت لەبەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و ئەوانەی سەرپێچییەکە تیایاندا ڕووی داوە، دەتوانێت هەر پێ بژاردنێکی دەق نووس کراو لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە بسەپێنێت بەو مەرجەی لە ١٠ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێك لەگەڵ ماددەی یەکەمە وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دەنگدانین ئێمە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە؟ پەسەند کرا، چاکی دەکەین، زمانەوانی کێشە نییە، هەندێك هەڵەی زمانەوانی تێدایە، چاکی ئەکین دواتر، بەدروستی خوێندتان، مادده (٢) بەڕێزان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٢):

وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەبارەت بە مادده (٢) هیچ پێشنیارەك نییە وەکو خۆی بەڕێزان هەر کەسێکی لەگەڵە بابفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە؟ لە دەنگدانین، پەسەند کرا، مادده (٣) فەرموون، مادده (٣) وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ فەرموون دەست بەرز بکەنەوە؟ مادده (٤) هیچ پێشنیازێك نییە و وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ پەسەند کرا، هۆکارەکانی دەرچووانـدنمان بۆ بخوێننەوە؟ هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی. هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ پەسەند کرا، هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاسایەکەیە؟ بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا زۆر سوپاس بۆ

سەرۆكايەتی لیژنەی تەندروستی، بڕگەی (٢)مان بۆ جێ بەجێ بكەن، بۆ ئەوەی ئێمە یەكسەر بتوانین نوقتە نیزامییەكان وەربگرین، زۆر زۆر سوپاس بۆ لیژنەی تەندروستی سوپاستان دەكەین، دەستتان خۆش بێت، كاك بژار بڕگەی دووەممان بۆ بخوێننەوە كەرەمكەن، بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (١٧) مادده پێكهاتووە لەگەل هۆیەكانی دەرچوواندن.

ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە واژوویان لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایە كردووە، ئەمانەن: سلما فاتح توفيق، ازاد اكرم، لوقمان وەردی، رۆژان حمەڕەش، شنۆ اشقی، فيصل عباس، شادی نوزاد، سارا دڵشاد، عمر عبدالله عوسمان، بدريه اسماعيل، مسلم عبدالله رسول، روپاك احمد رحمان، هاوڕێ مەلا ستار، سەركۆ ئازاد، عوسمان كانی كوردەیی، هەورامان گەچێنەیی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی تایبەتمەند بكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پێشنیازە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەكانی ڕۆشنبیری و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، خاڵی دووەم؟ فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای سەندیكای بایۆلۆجی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراون و ئەم پێشنیازە یاسایە لە (١٧) مادده پێكهاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان كە واژوویان كردووە لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە:

زانا مەلاخالد، د.صباح زێباری، شێخ ظاهر، نجاة شعبان، چیا حمید شریف، وەیس سعید وەیس، ڕۆژان ابراهيم، بهجت علی، بخیتار شوكور، د.گەلاویژ عبید، د.ڕێبوار بابكەیی، سعيد مصطفی ، نزار مەلا غفار، خديجه عمر طه، لەیلا عبدالجبار، هديه مراد، گلستان باقی، هێڤیدار احمد، هەڵكەوت انور، لەنجە ابراهیم، حكمت محمود، جوان یونس، گلیزار رشید، بهجت كاكەعبدالله، د.زيدان رشيد، ارشد حسين، حسيبه سعيد، ليزا فلك الدين، مم اسكندر، محسين دوسكی، پێشەوا هەورامی، رزگار عيسی، بژار خالد، عبدالسلام عبدالله، شوان كريم، جلال پەرێشان، مەلا احسان ڕێكانی، مەلا جيهاد حسن، سفين اغا عمر، سەروان هەركی، داوا لە بەڕێزتان ئەكەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی تەندروستی و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەكرێ، باسی سەندیكایە، لێژنەی رۆشنبیری و كۆمەڵی مەدەنیش، بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان، نوقتە نیزامی، د.اسماعیل چۆتە دەرەوە، كاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دڤێـت ئامـاژە بە مەترسـیەکا مەزن ل سـنووریَ پارێزگەهـا دهـۆکێ و تـایبەت سـەنتەریَ پارێزگەها دهۆکی بدەم، کو ل هەر دەمەکی لە ناکاو ڕەنگە قەیرانەکا مەزن ل پارێزگەها دهـۆکێ و سەنتەریَ بازێری ڕووبدات ئەوژی قەیرانا ئـاڤە خـارنێیە، چـونکی د نـوکە دا ڕۆژانە سـەنتەریَ دهۆکی پێتڤی ٢١٥ هەزار موکەعەبێن ئاڤێیە، تـا ژێـدەر ژ بـۆ دابـین کرنـا ئـاڤێ ژی بـۆ پارێزگەهـا دهۆکی دگەل قەزا سـمێل پـرۆژەی خـراب دێمیـیە، تێـك چوونـا ڤـی پـرۆژێ دێ یەك سـەعات دا ڕەنگە دهۆك هەی دەمین بهێتە ئاڤ، چونکە (٣٦ و ٢٦٪)ی ژ بۆ قەزار سێمێل دهێتە دابین کرن، یا دی ژی بۆ سەنتەریَ پارێزگەها دهۆکی، کێم بوونا ئاڤا بەنداوا دهۆکێ ژی کـو ١٥ متـرا داکەتـیە و (٨٪)ی ئاڤ ژ بۆ سەنتەریَ پارێزگەها دهۆکی دابین دکەن، ئەو ژی نەشـێت ئـاڤێ دا دابـین بکـات، لەوڕا چاڤدێری نەکرنا ئەڤە پرۆژێ و پێتڤیەن فەرمانگەهێن تایبەت بە ئاڤێ نەهێنە دابین کرن ل سنووریَ پارێزگەها دهۆکی زەختەکا زێدەتر ل پـرۆژێ خـراپ دێمـی دکـات و دبیـتە هۆکـاریَ ویَ چەنـدیَ کـو ئـاڤ وەکـو پێتڤـی وەکـو دهـۆکێ نەهێـتە دابـین کـرن، لەوڕا داخـاز دکەم لیژنەیـا پەیوەندی ڕاسپێری ژ بۆ دیف چوونا ڤێ پرسێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پڕۆژە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بڕیـار بـوو بێـتە پەرلەمـان و ببێـت بە یاسـا، تـا ئێسـتا حکـومەت ئەم پـڕۆژەی نەنـاردووە، چـونکە ئەم بـابەتە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی کرێکاران، بـۆیە داوا دەکەیـن کە ئەم پـڕۆژەیە بە زووتـرین کـات بنێردرێتە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دووجار یاداشتمان داوە بۆ ئەوەی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بێـتە نـاو هـۆڵی پەرلەمان و زیاتر لەچەند جار داوامان کردووە، داوا دەکەم لە زووتـرین کاتـدا بتـوانێ حکـومەت ئەو پڕۆژە یاسایە بنێرێتەوە، لەبەرئەوەی باروگوزەرانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ زۆر خـراپە، خانەنشـینیەکانیان زۆر زۆر کەمە نـاتوانن بچـنەوە مـاڵێ بەو مـووچە کەمە، دەسـت خـۆش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیارە خۆتان دەزانن ماوەی یاسایی بۆ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ هاتووە، پەرلەمانی کوردستان هەمواری یاسایەکەی کردووە، لیژنەی دەستپاکی چەندین جار نووسراومان کردووە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ دەستەی دەستپاکی بگیرێتە بەر، بەڵام لەڕاستی دا تا ئێستا ئەنجامی نییە، بۆیە داوا ئەکەم بە زووترین کات پەرلەمانی کوردستان ڕێکاری یاسایی خۆی بگرێتە بەر ئەگەرنا با بیری بکەینەوە کە دەستەکە بەڕاستی هەر هەڵوەشێتەوە، کە هیچ ئیشێك و کارێکی لەبەردەست نەڕوات، دۆسیەکان زۆربەی بەداخەوە بەو دۆخەدا بڕوات یا وەکو تەفعیلی بکەین یا وەکو هەڵی وەشێنینەوە وە کۆتایی پێ بێنین و زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، کاك عباس فەرموو.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای گەورە، من بەپێی ماددەی (٧٩) بڕگەی (٢) قسە دەکەم، یەکەمیان سەبارەت بەو پڕۆژەیەی کە زیاتر لە دوو ساڵە سەبارەت بە هێزەکانی ناوخۆ و خانەنیشینی پێشکەشی حکومەتمان کردووە، پێویستە ڕەزامەندی وان لەسەر وەربگیردرێت، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامی حکومەتیان نەداوەتەوە، خاڵی دووەمیان/ سەبارەت بە گرێبەستەکانە کە لە (٦/٦) وەزارەتی دارایی هەموو ئامارەکەی پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە پێویست بوو ڕەزامەندی کە بارگرانی دارایی دروست ناکات ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی بکەنەوە، ئەگەر ئەم بابەتانە نەکەین هەموو ئەوانەی کە خۆبەخشن و وانەبێژن بۆ ئەوەی ئومێدێکیان بۆ دروست ببێ، بۆ ئەوەی هەر نا لەلایەنی کەم بکرێن بە گرێبەست بۆ ئەوەی بتوانن گەنجان و نەوەی دواڕۆژ و خاوەن بڕوانامەکان بتوانن ئومێدێکیان بە دواڕۆژی ئەم حکومەت و هەرێمە هەبێ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، کلارە خان فەرموو.
**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێك ژ خالێن کوردستانێ بهێز کریە پێکڤە ژیانا دناڤ بەرا پێکهاتێن کوردستانێ، مافێ پێکهاتێن د ناڤ یاسایی دا هاتیە پاراستن، ژ بیری کو هەبوویە ژ وی کەلتوری دا، مافێ نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کەلتوری و زمانی و ئایینیە، یاسای ژمارە (٥) یاسای زمانێن فەرمی، ژمارە (٦)ی ساڵا ٢٠١٤ هەروەسا مافێن کوتەل پەرلەمانی و شەراکەت د سیاسەتا گشتی ب شێوەیەکی گشتی ل هەرێما کوردستانێ، کوردی ئەڤ یاسایە ناهێنە جێ بەجێ کرن، بۆ نموونە دیڤ یاسایی زمانێن فەرمی دا ڤی تابلۆیەن سەر جادا ب زمانێ پێکهاتی بیتن کو لوی عەردی و وی جهێ جین، ل پارێزگەها دهۆکێ ل قەزایی زاخۆ، ل قەزایا سیمیلی دڤیت بهێتە جێ بەجێ کرن، هەروەکی لە

عەنكاوە ب شانازی ڤەهاتیە جێ بەجێ كرن، بۆ زانین من یاداشتە دایە جهێن پەیوەندیدار ل ٢٢/هەیڤا٢ ل وێ ساڵێ دا و تا نوكە نەهاتیە جێ بەجێ كرن، لەوما دخازین دیڤ چوونا ڤی بابەتی بهێتە كرن و یاداشتەكی بۆ جهێن پەیوەندار بهێتە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مــن دەمەوێ ئامــاژە بە دوو خــاڵی گرنــگ بــكەم كە پێویســتە پەرلەمــانی كوردســتان بە هەستیارییەوە و بە مشورخۆرییەوە كاری لەسەر بكەین، یەكیان ئەوەیە كە ئەرزی كشتوكاڵی تاپۆ لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەهۆی ئەوەی كە بەرەو بیابان بوون دەچێت ئەو برایانە بێن لێرە ئەو ئەرزە دەكرن، ئەوان بە تایبەتی تاپۆ، پێموایە ئەگەر ئەوە بەردەوام بێ دەبێتە مایەی دیموگرافی و هەم لەڕووی ئەمنیشەوە دەبێتە مەزرەعە و چاودێری كەمتر دەكرێ مەترسی هەیە، هەم لەڕووی گۆڕینی دۆمەگرافیشەوە مەترسی هەیە، ئەوە هیچ لەناوچەكانی ماددەی (١٤٠) دا دەكرێت ئێمە سەیتەرە ناكەین، بەڵام من بە پێویستی دەزانم لێرە لایەنە پەیوەندارەكان ڕێگری لێ ئەكەن بە تاپۆ كردنی ئەو زەویانە و مەترسیەكی گەورەی دەبێت بۆ ئایندە، یەك، دووەم/ ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە یادداشت ئاراستەی بكەن، بەڵێ كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە ومهرەبان، بەهۆی خراپی ڕەوشی ئابووری لە هەرێمی كوردستان ڕەوشی وەرزش و وەرزشكاران لە هەرێم بە قۆناغێكی خراپ دا دەگوزەرێ، بۆیە گرنگە پاڵپشتی و مەعنەوی و دارایی بۆ ڕەوشی دارایی وەرزش لە هەرێمی كوردستان تەرخان بكرێ و دەركردنی هەر یاسایەك لەو چوارچێوەیەدا بێت لە خزمەتی وەرزشكارانی هەرێمی كوردستان دا بێت، ئەو پرۆژە یاسایەی ئیمرۆ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا پێویستە ڕەچاوی میساقی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی بكرێت بۆ بەرز ڕاگرتنی بەها وەرزشیەكان لەپێناو كۆمەڵگایەكی تەندروست، خاڵی دووەم هەر وەكو كاك عباس باسی كرد جەخت دەكەینەوە لەوەی فەرمانبەرانی گرێ بەست بكرێتە هەمیشەیی كە ئێستا لە وەزارەتی دارایی ڕێكارەكانی خۆی تەواو كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هێزەكانی جێ بەجێ كردن لەناو چاكسازییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هاوشێوەی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش ئەرك جێ بەجێ ئەكەن، مامەڵەیەكی جیاوازیان لەگەڵ ئەكرێت لەسەر پێدانی پلە بەرزكردنەوەو سەرمووچە داواكارین ئەو خواستەی ئەوانیش هاوشێوەی لە

ئەركا ئەر كێكی قورسیان هەیە بۆ ئەوانیش جێ بەجێ بكرێت، هەروەها ئێمە پێشنیار ئەكەین كە ئەو دامودەزگایانەی پەیوەندارن بە خزمەتگوزارییەكان هیچی تر ئەسپاردەنی كۆمپانیاكان نەكرێ لەڕووی كۆكردنەوەی داهات كە ئەمە بارگرانیەكی دروست كردووە بۆ حكومەت و بەشێكی ئەو داهاتە بۆ ئەو كۆمپانیایانە ئەچێ، هەروەها دەرچووانی خوێندنی دەرونزانی و كۆمەڵناسی كە پێویستیەكی زۆرە بۆ دەزگا كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەكان بیر لە دامەزاندن و دروست كردنی هەلی كار بكرێتەوە، هەروەها چەسپاندنی یاسای چەك كە لەم پەرلەمانەدا پەسەند كراكە ئێستا جەنابتان لەسەرەتای ئەم دانیشتنەدا ئاماژەیەكتان كرد بەوەی كە دوو كەس دوێنێ شەهید بوون مامۆستایانی زانكۆ پێویستە جەخت بكەینەوە لەسەر چەسپاندنی یاسای چەك و سەربەخۆیی دادگاكان ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من لەوەی گولستان خانیەوە دەست پێ ئەكەم كە ئێمە ماوەیەك پێش ئێستا یاسای چەكمان پەسەند كرد، ئەو كاتەش ئێمە تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەوەی كە ئەم یاسایە بەڕاستی دیاردەی چەك و هەڵگرتنی چەكی بێ مۆڵەت و ئەوانە بنەبر ناكات، بۆیە بەشیكی زۆر ئەم تاوانەی كە ئێستا ئەنجام دەدرێن لەم ڕووەوە دێت حەقیقەتەن، ئێمە بەڕاستی قەیرانێكی ئێجگار زۆرمان هەیە، بەڕای من ئەم پەرلەمانە زیاتر لەسەر ئەو قەیران و ئەم كێشانە هەلوەستە بكات كە ئێستا یەخەی ئەم كۆمەڵگایەی گرتووە، بەتایبەتی دیاردەی كوشتن ئەوەی كە ئێستا ڕوودەدات، یەعنی لێرەو لەوێ، ئێمە ڕۆژبەڕۆژ قەیران و بەڕاستی كێشەمان زیاد دەبێت، هەرێمێكی شەش ملیۆنین، بەڵام بڕوا بكەن بە قەدەر شەست ملیۆنی ئێمە كێشە و قەیرانمان هەیە، لەم پەرلەمانە دوو شت بكەین باشە، یەك/ بێین ئەو یاسایانەی كە هەیە جێ بەجێ بكەین و چی دیكە یاسا دەرنەكەین، یاسا بۆچی دەردەكرێ ئەگەر مەسەلەن جێ بەجێ نەكرێت، دوو/ ئێمە بێین بەلایەنی كەم ئەگەر بۆمان بكرێ هەفتەی یەك كێشەی خەڵك چارەسەر بكەین قەناعەتم وایە ئێمە دەبینە وڵاتێكی ڕێك وپێك و ئارام و خۆشگوزارن و ئاسوودە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، خۆزگە دانیشتنەكە ئەورۆ لەسەر ئەو بابەتەی ئەو كارەساتە دڵتەزێنەی دوێنی دەبوو كە بەداخەوە هەمووماني ڕاچڵەكاند، جێگایان بەهەشت بی یاربی، سەبارەت بەوەی كە دەتوانرێ بە ئاسانی چەك دەست بخرێ لە بازاڕەكانی هەرێمی كوردستان بۆ قاچاغچێتی كردن بە چەك كە بەرپرسانی لەپشتە، وە زائیدەن ئەوەی كە لە بانگەشەی هەڵبژاردن

دا به ئاسانی چەك دەبەخشرێتەوە بۆ ئەوەی ویژدانی هاوڵاتی پێ بكرن لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەكانەوە، سێیەمیان/ نەگرتنی بكوژان و سزانەدانی ئەوانەی كە خۆپیشاندەر دەكوژن و ڕۆژنامەنووس دەكوژن ئەوە بەشێكە لەوەی كە ئەو تاوانبارانە پێیان وایە دەستگیر ناكرێن، بۆیە پێویستە بە زووترین كات پەرلەمانی كوردستان دانیشتنێك بكات سەبارەت بەو بابەتە بۆ ئەوەی هیچ ڕۆژێكی دیكە بە كارەساتی دڵتەزێن ڕۆژ نەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو ئەندامی لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەكاربەر لە هەفتەی ڕابردوو بەدواداچوونم كردووە بۆ گرفتی ئاوی سلێمانی ئەم گرفتە لەبەرئەوەی زۆر زۆر فراوان ترە لەوەی كە تەنها پەیوەست بێ بە لیژنەی تەندورستییەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای كۆلێرا و سكچوون ەو ڕشانەوە، پەیوەستە بە لیژنەكانی تریش كە ئەمەوێ چەند خاڵێكی گرنگ ئاماژە پێ بەم، یەكەمیان/ كەم بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئاو بۆ ٥٠٪ لەبەرئەوەی كە فلتەرەكانی وێستگەكانی بەرهەمهێنانی ئاو لە نزمترین دۆخ دان و پێویستی بە سیانەی بنەڕەتی هەیە، بوجەی بۆ تەرخان ناكرێ بۆ ئەوەی چارەسەر بكرێ، دووەم/ كەم كردنەوەی بودجەی بەڕێوبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە (٥٠٠) ملیۆنەوە بۆ (٨٠) ملیۆن، هەمووومان ئەزانین پارێزگاكان بە بەردەوامی لە فراوان بوون دان، لەبەرئەوەی دەبوو ئەم بودجەیە لەبەرئەوەی كەم بكرێتەوە بۆ ئەم ئاستە نزمە زیاتر بكرابا، سێیەمیان ٤١ كۆڵان و گەڕەك و ناوچەی جیاجیا لە سەنتەری شاری سلێمانی تا ئەتراف كە دەكاتە ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ ی پارێزگای سلیمانی یان تۆڕی ئاوی بۆ نەچووە یاوەكو تۆڕەكانی شكاوە و پێویستی بە سیانە هەیە، دەرخستەی (٤١) پرۆژە بۆ ئەو (٤١)ناوچەیەی سلێمانی بەردەستە كە ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەشێكی سەرەكی هۆكارەكانی كوشتن ئەوەیە بكوژ، دز، ڕێگر ئەوە ئەمانە دەستگیر ناكرێن بەپێی ئامارێك نزیكەی (٦) هەزار كەس كە داواكراون لەلایەن دادگاكانەوە داڵدەدراون یاخود دەستگیر ناكرێن، ئەمە هۆكاری سەرەكی كوشتنی دوو مامۆستای زانكۆ و دەیانی تریشە، لەگەڵ جێ بەجێ نەكردنی یاسای چەك، بەداخەوە كە ئەم پەرلەمانە ئەكتیف كراوە قەرار بوو لەسەر كۆمەڵێ بابەتی گرنگ بكرێ، نەوت، زەوی، خاڵی

سنووری، بەرزکردنەوە، دامەزراندنی گرێبەستەکان، وانەبێژ تا ئەخیری، بەڵام ئەوە خەریکە خولی گرێدان تەواو ئەبێ و ئەو دۆسیانە هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە، هیوادارین ڕوونکردنەوەمان بدەنێ ئایا بەردەوام دەبێ ئەم خولە ئیش لەسەر ئەو دۆسیانە ئەکرێ یان چی؟ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕاپۆرتەکانتان ئامادە بکەن کە ئامادەبوون ئێمە ئامادەین، كاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من بەر مەبنای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە خانەنشین و دەرماڵە قسە ئەکەم، ڕاپۆرتی سێ یەمی چاکسازی ئەگەر سەیری بکەین، یەعنی کارەساتێکی زۆر گەورە کە سەیری ئەکەی لەکۆی (٦٩) هەزار شەهیدی سەربەرز لە هەرێمی کوردستان دا دوای دووساڵ نزیکی (١٠) هەزار بۆ (١٥) هەزار دۆسیە یەکلایی کراوەتەوە کە هێشتا حەوتیان (waitingوەیتینگ)ن، ئەمە یەکەم لە کۆی (٦٩) هەزار تا ئێستا (٩٩٩) کەس لابراوە، دووەمیان/ لە زیندانیە سیاسیەکان (٢٣) هەزار زیندانی سیاسیمان هەیە لە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا نزیکی (١٥٠٠) بۆ (٢٠٠٠) دۆسیە یەکلایی کراوەتەوە لەمە ژمارەیەکی زۆر کەم بڕاوە، بەڵام ئەوەی کە کارەساتە بە پێی داتاکان وبەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە کە چووینەتە وەزارەتی شەهیدان و بەڕێوبەرایەتی زیندانییە سیاسەکان ئێمە (٢٣) هەزار زیندانی سیاسیمان هەبووە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێ (٢٥) هەزار زیندانی سیاسیمان هەیە، یەعنی ئێمە لەبری ئەوەی چاکسازی بکەین کەمی بکەینەوە ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من سەبارەت بە کرێکار و مافی کرێکارانی کەرتی تایبەت قسە ئەکەم، ئێمە یاسایەکمان هەیە لە کوردستان بەرکارە کە لە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ ی یاسای عەمەلە، بەداخەوە زۆرینەی بڕگەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ ناکرێ، کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت لە دۆخێکی زۆر سەخت و خراپدا هەن، حکومەت دامەزراوەکانی ئەم بوارەی کە چاودێری خاوەن کارەکان ئەکەن، کارگەکان ئەکەن، شوێنەکانی ئیش ئەکەن، فەرامۆش کردووە، ستافی پێویستیان نییە تا چاودێری بکەن، ژمارەیەکی زۆر کرێکار لە سەعاتی یاسایی زیاتر کار ئەکەن لە هەشت سەعات زیاتر، ئەو مووچەیەی وەری ئەگرن، بەڕاستی بەشی دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژی ژیانی خێزانیکی ئاسایی ناکات، یەعنی کرێکار هەیە بە سەد هەزار ئیش دەکات، بەهۆی

ئەو بێ کارییە زۆر و سەختەی کە هەیە، شوێنی حەوانەوەی پێویستیان نییە، سەعاتی حەوانەوەی پێویستیان نییە، شەفتی کاریان بەپێی یاسا نییە، لە زۆر ڕووەوە مووچەیان دوائەخرێ، سەدان کرێکارمان هەیە لە کۆیە لە سلیمانی ولە ڕانیە و لە شارەکانی دیکە مووچەیان بۆ دوو مانگ و سێ مانگ و شەش مانگ دوا ئەکەوێ و ئەکەوێتە لای........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پلە بەرزکردن و دامەزراندن و گرێبەست قسەیان کردووە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان چەند لیژنەیەکی لاوەکیمان پێکهێناوە من خۆم سەرۆکی یەکێکم لەو لیژنانەی لەسەر پلە بەزرکردن، دامەزراندن، گرێبەستەکان و سێ یەکەمەکان و وانەبێژەکان تا ئێستا تەقریبەن ڕاپۆرتەکە بەرەو تەواو بوون دەچێت بە تایبەت لە مەسەلەی پلە بەرز کردن و گرێبەست شتی زۆر باش هەیە، داوا ئەکەم لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چاوەڕێ بکەن کە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هات بۆ ئێوە یەعنی بەرچاو ڕوونیەکی باش هەبێت، زۆر سوپاس هەر ویستم ئەو موداخەلەیە بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز روژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من بەپێی ماددەی (١٦) بڕگەی (١١) و ماددەی (١٨) بڕگەی (١١) و ماددەی (١٩) بڕگەی (٢) قسە ئەکەم لە (٢٠٢٢/٤/١٩) داوایەکم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، داوای ڕوونکردنەوە ئەکەم سەبارەت بە ڕاسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لەبەرواری ٤/١٤ سەبارەت بە خزمەتگوزاری و پێویستیەکانی دەڤەری گەرمیان و چەمچەماڵ کۆمەڵێك ڕاسپاردە ئاراستەی حکومەتی فیدراڵی عێراقی و پەرلەمانی کوردستان کرا لەم پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو ڕاسپاردانە بەدەست ئەندامانی لیژنە نەگەشتووە، نووسراوەکەشم ئاڕاستەی ئێوە کردووە لە ٤/١٩ ەوە تا ئێستا وەڵامتان نەداوەمەتەوە هیوادارم ڕوونکردنەوە هەبێ، چونکە لەناو کاروباری پەرلەمان گەڕام هیچ نووسراوێ ئاڕاستەی

حکـومەتی عێراقــی نەکــراوە، کە ئەو ڕاســپاردانە بنێرێــت بــۆ حکـومەتی عێراقــی، داوای ڕوونکردنەوە لەبەڕێزتان دەکەم لێرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە ٧/١ ەوە وەرزی یاسادانان ڕادەوەستێ، بەڵام دەوامـی ڕۆژانە لە پەرلەمـانی کوردسـتان هەیە، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان بە سەرۆکایەتییەوە پابەندی دەوامی ئاسایی خۆیان دەبن، لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بە نووسراو ئاگادارتان ئەکەیـنەوە جـارێکی تـر بۆتـان ئەنێـرینەوە کە واجـب و ئیلتزامـاتی خۆمـان هەمووومـــان بەیەکەوە بە هاوئـــاهەنگی لەگەڵ ســـەرۆکایەتی و لایەنە پەویەنـــدارەکان بـــۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بەردەوام دەبێ لەو حاڵەتەی کە ڕاپۆرتێکی گرنـگ پەیوەسـت بە ژیـانی خەڵك یا پەیوەست بە یاسایەك کە گرنگ بێت دەنگی لەسەر بدرێت و موناقەشە بکـرێ لەمـانگی (٧ و ٨) دانیشـتنی نائاسـایی پەرلەمـانی کوردسـتان گـرێ دەدەیـن، بـۆ هەمـوو لایەکـی دوپـات ئەکەیـنەوە، پشـوو نیـیە لە پەرلەمـانی کوردسـتان، دەوامـی ڕۆژانەی سروشـتی ئاسـایی هەیە، هەمووشمان پابەندین بە ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێی یاسـادانان کە زیـاتر لە (١٢) پێشـنیازە یاسـا ئێستا لە پلانی سەرۆکایەتی پەرلەمـان دایە بـۆ وەرزی نـوێ و چاوەڕوانیمـان ئەوەیە لیژنەکـانی پەرلەمــانی کوردســتان راپــۆرتی خۆیــانی لەبــارەوە ئامــادە بــکەن، بەم شــێوەیە کۆتــایی بە دانیشتنەکەمان ئەهێنین.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منی نبی قهوچی |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |